خەونی پێشکەوتن و شەڕی چەمکەکان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

شەماڵ محەمەد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى . عربي . فارسي)

خەونی پێشکەوتن

و

شەڕی چەمکەکان

شەماڵ محمد

٢٠٢١

ناوی کتێب : خەونی پێشکەوتن و شەڕی چەمکەکان

ناوی نوسەر : شەماڵ محمد

بابەت : ڕەخنە

نۆبەتی چاپ : یەکەم

چاپخانە : تاران.

تیراژ : ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن : 752 ساڵی ٢٠٢١

(بەناوی خودای بەخشندە)

(مرۆڤ تەنها هەوڵدانی هەیە ، ئەوەی هەوڵیش بدات دەگاتە ئامانج)

(قورئانی پیرۆز)

(پەیامبەر فەرموی ، خودایە میللەتەکەم وازیان لە قورئانەکەی تۆ هێنا)

(قورئانی پیرۆز)

(ئێمە قورئانمان ئاسان کرد ، ئایا کەستان لێی بەهرەمەند بون ؟)

(قورئانی پیرۆز)

(ئەوەی گومان نەکا وردنابێتەوە ، ئەوەی وردنەبێتەوە نابینێ ،ئەوەی نەشبینێ هەر لە تاریکی و گومڕایی دەمێنێتەوە)

(غەزالی)

پێشەکی

هەر لە منداڵییەوە خولیای پرسیارکردن و گەڕان و پشکنینم هەبو ، دیارە کە هەمو منداڵێکیش کەم تا زۆر وایە چونکە شتی زۆری بەرچاو دەکەوێت و لێیان تێناگات ، بەڵام من زیاد لە پێویست و لە هەمو بابەتەکان پرسیاری زۆرم دەکرد ، بە هەمو وەڵامێکیش رازی نەبوم بۆیە پرسیاری زیاترم دەکرد تا ڕادەی بێزارکردنی گەورەکان .

زۆر جار پرسیارم دەربارەی ئاین و خوا دەکرد لە منداڵانی تر ، وەڵامەکانیان زۆر سەیر و تەمومژاوی بون ، یا ترسێنەر بون . زۆر جار تەنانەت لە گەورەکانیش وەڵامی پرسیارەکانم دەست نەدەکەوت بە بیانوی ئەوەی جارێ منداڵم و تێناگەم.

کاتێک گەیشتمە قۆناغی هەرزەکاری وەڵامی زۆر پرسیارم دەسکەوت ، لە ڕاستیدا زۆرێک لە وەڵامەکان لۆجیکی نەبون بەڵام من هەر هێندە لە دنیا تێگەیشتبوم ، ئەگەرچی زۆرجار پرسیاری زیاترم دەکرد بەڵام هەر نەدەگەیشتمە وەڵامێک کە دڵم ئاوبخواتەوە ، لە ناخەوە هەر لە گەڕان بوم ئەگەرچی لە ڕاستیدا وانەبوم.

بە حوکمی ئەوەی لە خێزانێکی ئاینی گەورەبوم ،باوک و هەردو باپیر و مام و خاڵ و زۆرێک لە دۆست و ئاشناکانیشمان مامۆستای ئاینی بون ، هەربۆیە لە تەمەنێکی زوەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ چەمکەکانی ئاین و زۆرێک لە زانیاریە سەرەتاییەکان و زۆر جار بابەتی ئالۆزیشم لەگەڵ گەورەکان دەوروژاند و جارجارە ناکۆک دەبوین ، هەندێ جاریش بە توڕەیی بێدەنگیان دەکردم ، بەڵام هەر کۆڵم نەدەدا.

باوکی خوالێخۆشبوم باشترین مامۆستا و دەوڵەمەندترین قوتابخانەم بو تا لەژیاندا بو ، تا بوم بە ٣٩ ساڵ هەمیشە پرسی ئاینیی هەمەجۆرم لەگەڵی باس دەکرد و زۆرجاریش بۆچونی جیاوازمان دەبو ، بەڵام ئەو وەک هەندێک لە مامۆستاکانی تر نەبو ، هەرگیز بۆچونی خۆی نەدەسەپاند و توڕە نەدەبو لێم ، ئەو ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان بو.

دوای کۆچی باوکم بەداخەوە مامۆستایەکی باشم دەست نەکەوت ، چونکە لەگەڵ مامۆستایەکی ئاشنای خۆمان لەسەر پرسێکی زۆر بچوک نەگەیشتینە یەک و مامۆستا زۆر تورە بو لێم و پاشان بو بە دوژمنم .

بۆیە بڕیارم دا ئیتر کتێب و رۆژگار بکەم بە مامۆستای خۆم ، ئەم دوانە نە لێم تورە دەبن و نە کافریشم دەکەن .

لە قۆناغی هەرزەکاری و لاوێتی، بە کوێری بروام بە هەمو ئەوشتانە هەبو کە مسوڵمانان بروایان پێی هەیە ، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە لەوانەیە هەمو ئەو شتانە ڕاست نەبن ، یا لانی کەم خوێندنەوەی جیاواز هەبن بۆ شتەکان ، لای من وەک زۆربەی مسوڵمانەکان ئاین بریتی بو لە ئیسلام و ئیسلامیش بریتی بو لەوەی کە خۆم دەیزانم .

وەک زۆرێک لە مسوڵمانان وەڵامی هەمو پرسیارەکانم لابو ، گرنگ نەبو بابەتەکە چییە ، گرنگ ئەوەبو کە ئێمە هەمیشە دەبێ ڕاست بین چونکە ئیسلام هەمیشە ڕاستە ، بێ ئاگا بوم لەوەی کە ئیسلام لە دۆڵێکە و مسوڵمانان لە دۆڵێکی تر.

پێش ئەوەی ببم بە ٢٠ ساڵ هەستم کرد ئیسلام نابێ بەو شێوەیە بێ کە ئێمە پیادەی دەکەین ، چونکە نابێ ئاین ژیانی خەڵکی ناخۆش بکا ، بەڵکو دەبێ باشتری بکا .بەڵام هەنگاوێکی ئەوتۆم نەنا چونکە بە خوێندن خەریک بوم و ژیانیش زۆر سەخت بو ئەوکاتە.

لە تەمەنێکی زوەوە خولیای سەفەرکردن و بینینی وڵاتان لەسەری دام ، زۆریشم هەوڵدا بەڵام ئەوکات زۆر سەخت بو ، چونکە ساڵانی پێش ٢٠٠٠ کێشەی سیاسی و ئابوری زۆر بون . زۆریش حەزم لە زمان و فەرهەنگی نەتەوە جیاوازەکان بو ، بۆیە هەوڵی فێربونی چەند زمانێکم دا وەک (ئینگلیزی ، عەرەبی ، فارسی ، تورکی) سەرەنجام هەمویان فێربوم جگەلە تورکی کە نیوەی فێربوم.

ماوەیەک بۆ ئاشنابون بە فەرهەنگی میللەتان دەستم دایە وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان و چەندین بەرهەمی سینەمایی و فلیم و زنجیرەی جۆراوجۆرم

وەرگێڕا لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزییەوە بۆ کوردی و لە هەندێکیشیان بەشداری دۆبلاژیشم دەکرد .

کە خوێندنم تەواو کرد بوم بە وەرگێڕی زمان و زۆربەی کات لەگەڵ کۆمپانیا و رێکخراوی بیانی کارم دەکرد و هەمیشە بەراوردی کەلتوری خۆمان و نەتەوەکانی ترم دەکرد و پرسیار و وەڵامی بێشومارم لە خەلکی بیانی دەکرد و ئەوانیش بە هەمان شێوە . بەڵام ئەوەی تێبینیم دەکرد هەمیشە بیانییەکانی وێنەیەکی ناشرینیان لەسەر ئیسلام هەبو، سەرەتا لام ئاسایی بو ، چونکە پێموابو ئەوان دوژمنن و نایانەوێ ڕاستی ببینن، بەڵام دوایی دەستم کرد بە گەڕان و خوێندنەوە ، سەرنجم دا لەو شوێنانەی ئێمە کێشەی تێگەیشتنمان هەیە لە ئاین لە هەمان ئەو شوێنانەوە ڕەخنەکان دێن.

دەربارەی ڕەخنەکان و پرسیارە سەختەکان ، هەوڵی زۆرم دا وەڵامەکان بەدەست بێنم بەڵام وەڵامی لۆجیکیم دەست نەکەوت ، جگەلەوەش هەمیشە بەدوای وەڵامی پرسیارێک دەگەڕام ، بۆچی ئێمە پێش ناکەوین وەک وڵاتانی تر ؟

سەرەتا وام دەزانی خەلکی ئەوروپا و دەرەوە زۆر ژیرترن لە ئێمە ، بەڵام وانەبو ، وامزانی ئەوان لەمێژە خاوەن شارستانیەتن ، ئەویش وانەبو چونکە کاتێک شارستانیەتی ئیسلام لە لوتکە بوە ئەوروپیەکان لە ناو ئەشکەوتەکان ژیاون و پێستی ئاژەڵیان لەبەرکردوە.

دوای گەڕان و خوێندنەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک (مێژو ، فەلسەفە ، دەرونناسی ، کۆمەڵناسی ، ئاین ....) سەرەنجام گەیشتمە ئەو بروایەی کە ئێمە کێشە لە ژێرخانی هزریمان هەیە ، هەربۆیەش ناتوانین دروست بیربکەینەوە . کاتێکیش بۆم دەرکەوت تێگەیشتن لە ئاین بەشێکی گەورەی کێشەکانە توشی گێژاوێکی تر بوم ، چونکە دەستوەردان لە ئاین لە وڵاتی ئێمە بقەیە .

هەوڵی زۆرم دا لەسەر دواکەوتن بنوسم بێ ئەوەی باسی ئاین بکەم ، بەڵام بینیم مەحاڵە ، چونکە تاکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی بیرکردنەوەی فیقهی بەسەریدا زاڵە و لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ناتوانێ بیربکاتەوە ، یا ڕونتر بڵێم

کۆمەڵیک بابەت هەیە کە شایەنی باسکردن و دوبارەخوێندنەوە نین چونکە موقەدەسن.

بۆچی (من) ئەو کتێبە بنوسم ؟

ڕەنگە بپرسن بۆچی من ئەو کتێبەم نوسی ، من دەرچوی ئینگلیزیم ، چ پەیوەندیم بە ئاینەوە هەیە ؟ چیی لێ دەزانم ؟

هەندێک شت لە من کۆبونەوە کە ڕەنگە هەندێکیان بەبێ ویستی خۆشم بوبن بەڵام یارمەتیدەر بون ، وەک ، گەورەبون لە کەشێکی ئاینی و ئاشنایەتی لەگەڵ دەیان مامۆستای ئاینی و ئامادەبونی زۆر لە کۆڕو کۆبونەوەی مامۆستایانی ئاینی و پرسیار و وەڵامی زۆر و خوێندنەوەی هەمەجۆر ، هەروەها زانینی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسیش هۆکارێکی تر بون ، چونکە سەرچاوە بە زمانی کوردی زۆر کەم هەن بە داخەوە .

هەستم دەکرد کاتێک قسە دەکەم خەڵکی بە تایبەت برادەران و نزیکەکان دەیانگوت بۆچی ئەم قسانەت نانوسیەوە ؟ دیارە کە باسی هەندێک شتم دەکرد بۆ کۆمەڵگەی خۆمان نوێ بون . هەرچەندە شتی نوێ زۆر جار نامۆیە بە کۆمەڵگە بە تایبەت ئەگەر پەیوەست بێ بە ئاین ئەوا کێشەی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێ ، بەڵام هەستم کرد کە بو بە پێویستییەک لەسەرشانم شتێک بنوسم .

هۆکارێکی زۆر گرنگ هەیە کە پاڵی پێوەنام بۆ نوسینی ئەم کتێبە ، ئەویش دەست نەکەوتنی وەڵامی دروست و لۆجیکی بو بۆ پرسە ئاڵۆز و زانستییەکان ، هەستم دەکرد زۆر پرسیاری وەڵام نەدراوە هەن ، بەتایبەت کە دەمبینی لە دەوروبەری خۆمان منداڵی مامۆستا ئاینیەکان و خێزانە دیندارەکان دەبن بە بێ باوەڕ.

ئەو کتێبەی بەردەستت بەرهەمی هەوڵ و ماندوبونی خۆمە ، قوتابخانەیەکی دیاریکراوم نییە ، سەر بە کەس نیم ، مسوڵمانێکی سادەم و باوەڕی تەواوم بە خودا و پەیامبەر و هەمو پیرۆزییەکان هەیە ، لە ڕاستیدا نوسینی ئەم کتێبە

پیشاندانی خەمخۆری و دڵسۆزیی منە بۆ ئاینەکەم کە بە داخەوە ناشرین کراوە بە دەستی بازرگانانی ئاین.

وتەیەکی زۆر جوان هەیە دەڵێ (پەرتوک بە بەرگەکەی هەڵمەسەنگێنە)

ئەگەر بتەوێ لێم تێبگەی ئەوا دەبێ تەواوی پەرتوکەکە بخوێنیەوە ، خۆ ئەگەر مەبەستی تریشت هەبێ ئەوا ئازادی.

ئەگەر لەو کەسانەی کە بڕیارت داوە نەگۆڕێی کاتی خۆیت بەفیڕۆمەدە بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە چونکە لەجیاتی سودگەیاندن ڕەنگە دڵگرانیشت بکات ، حەزیش ناکەم کەس دڵگران بێ بەهۆی منەوە.

ئەگەر لەو جۆرە کەسانەشی کە بە دوای ڕاستیدا وێڵی و ئامادەی گۆڕانکاری لە خۆتدا بکەی ئەوا بەڵێنت پێدەدەم دوای خوێندنەوەی کتێبەکە بەوردی هەرگیز وەک جاران بیرناکەیەوە.

هەرچی ڕەخنەیەک دەگرم لە تێگەیشتنی هەڵەی ئاینە نەک لە ئاین.

ڕاستم یا هەڵە ، ئەوەیان بابەتێکی ترە ، ڕاستی ڕێژەییە و کەسمان هەڵگری تەواوی ڕاستییەکان نین ، باشترین ڕێگەی گەیشتن بە ڕاستیش خوێندنەوەی جۆراوجۆر و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە.

هیوادارم هاوکارییەن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ڕای جیاواز ، خودای باڵادەست پشت و پەنای هەمومان بێ بۆ خزمەتکردنی دڵسۆزانە.

شەماڵ محمد

تەمموزی ٢٠٢١ هەولێر

بەشی یەکەم

خەونی پێشکەوتن

ئەوانەی ناجوڵێن هەست بە کۆت و زنجیرەکانیان ناکەن

(ڕۆزا لوکسمبێرگ)

پێشکەوتن[١]

پێشکەوتن- التقدم- Progress

لە سادەترین پێناسەیدا بە واتای جوڵانەوە دێت بەرەو پێشەوە ، یاخود باشترکردنی شتەکان و گواستنەوەیان لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی بەرزتر یا باشتر .

پێشکەوتن مانای کامڵبون **(الکمال-Perfection)** نادات ، یا رونتر بڵێین هەمیشە پێشکەوتن هەیە بەڵام کامڵبون رەنگە ئەستەم بێ ، لەوانەیە زۆربەمان بە ئامانجی گەیشتن بە کامڵبون هەوڵی پێشکەوتن بدەین ،مەرجیش نیە پێی بگەین بەڵام پێشکەوتن بەردەوامە.

ئەگەر خەونی کامڵبون نەبوایە هەرگیز پێشکەوتن بەدی نەدەهات،چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەزی لە ئەرک کێشان و ماندوبون نییە و بە دوای ئاسانترین رێگەچارە دەگەڕێ بۆ کێشەکان.ئەقڵی مرۆڤیش وا دروست کراوە هەمیشە وەلامە ئاسانەکان پەسەند دەکات تاوەکو ئەرکی بیرکردنەوەی قول نەکێشێ، لە باسی بیرکردنەوە بە تێرو تەسەلی باسی ئەم بابەتە دەکەین بەلام گرنگ ئەوەیە لەو راستییە بگەین کە سروشتی مرۆڤ وا خولقاوە کە زۆربەی کات لەسەر سیستەمی **(Autopilot)**[٢] کاردەکات و حەز بە ئەرک کێشان ناکات.

مرۆڤە ئازا و ئازادەکان ،ئەوانەی هەمیشە پرسیاریان هەیە و بە دوای وەلامدا دەگەڕێن حەزبە کامڵبون دەکەن،لەم پێناوە هەوڵی زۆر دەدەن،لەئەنجامدا هەولەکانیان دەبنە مایەی پێشکەوتن.

(هێنری فۆرد)[٣] ، وەک خەلک بیری نەدەکردەوە و حەزی بە پاڵدانەوە نەبو، ئەو خەونێکی هەبو کە لای زۆربەی خەلکی شێتانەبو، نەک لەبەرئەوەی کە

[١] مەبەست لە پێشکەوتن (التقدم - Progress)، پێشکەوتنی شارستانیەت و تەکنۆلۆجیایە لە پێناو خۆشبەختیی تاکەکان نەوەک پێشکەوتنی بایۆلۆجی (التطور- Evolution).

[٢] کاتێک فرۆکەوان بشودەدات ، فڕینی فرۆکەکە بە سیستەمێک دەسپێرێ کە پێی دەوترێ (فرۆکەوانی ئۆتۆماتیکی- Autopilot) .

[٣] Henry ford، خاوەن و دامەزرێنەری کۆمپانیای (Ford)لەئەمریکا ، لە ١٨٦٣ تا ١٩٤٧ ژیاوە.

دروستکردنی ئۆتۆمبێل سەخت یا مەحاڵ بێ، پێشی ئەو (کارل بێنز)[1] ئۆتۆمبێلی دروست کردبو،بەڵام تەنها دەولەمەندان دەیانتوانی (مێرسدس)[2] بکڕن.

هێنری فۆرد ویستی ئۆتۆمبێلێک دروست بکات کە هەموکەس بتوانێ بیکڕێ.

ئەگەرچی لە سەردەمی ئەوکارەکە زۆر سەخت بو، بەڵکو شێتانەش بو، چونکە نە ڕێگاوبانی باش هەبو،نە سیستەمی هاتوچۆ ،نە سوتەمەنیش وا بەردەست و هەرزان بو.

بەرای خەلکی بیرۆکەکەی ئەو شێتانە بو،بەلام هێنری بڕیاری دا جێبەجێی بکات.

مرۆڤ پێویستیی بە چەند ساڵ بو تا ئامرازێکی وەک ئۆتۆمبێل دروست بکات؟

لانی کەم چەند ملیۆن سالێك .

خۆ پێش دروستکردنی ئۆتۆمبێلیش گالیسکە هەبو،پێشی گالیسکەش پشتی ئاژەڵ، بەلام گەڕان بەدوای گۆرانکاری و کامڵبون ورده ورده گالیسکەکەی پێشخست و کردی بەو ئۆتۆمبێلەی کە ئەمرۆ قسەدەکات و تێدەگات و خۆی دەروات و دەوەستێ ...هتد

ئەگەر بپرسین ئایا گەیشتین بە قۆناغی کاملبون ؟ بە دلْنیاییەوە شارەزاکانی بواری پیشەسازیی ئۆتۆمبیل پێچەوانەی ئەوەمان پێدەلێن، بە بەلگەی ئەوەی کە چەندین تایبەتمەندی هەیە لە ئۆتۆمبێل هێشتا بەلای ئەوانەوە خەونە.

پێشکەوتن یەکێکە لە یاسا نەگۆڕەکانی سروشت،بۆیە ئەگەر سەرنجی مێژوی مرۆڤایەتی بدەین دەبینین مرۆڤ سەرەتا بونەوەرێکی سادە و نەزان بوە ،لەگەل ئاژەل جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوە، نە قسەی زانیوە ، نە جلوبەرگی لەبەر بوە ، نە ماڵ و نە کشتوکاڵ و نە ئاژەڵی دەستەمۆ کردوە ، بەڵام بە تێپەڕینی کات وردەوردە پیشکەوتوە، چونکە پێشکەوتن یاسای نەگۆڕی سروشتە و ئەوەی پێش نەکەوێ

---

[1] Karl Friedrich Benz، ئەندازیارێکی ئەلمانییە ، خاوەن و دامەزرێنەری کۆمپانیای (Mercedes Benz) ،لە ١٨٤٤ تا ١٩٢٩ ژیاوە ، یەکەم ئۆتۆمبێل لە جیهان ئەو دروستی کرد لە سالی ١٨٨٦.

[2] یەکەم براندی ئۆتۆمبێل لە جیهان کە لە ئەلمانیا لە لایەن کارل بێنز دامەزرا ، کە جوانترین و باشترین ئۆتۆمبێلی جیهان بەرهەم دێنن.

له ناو دەچێ.رەنگە باشترین وەلامیش بۆ لەناوچونی رەگەزەکانی تری مرۆڤ و گیانەوەران ئەوە بوبێ کە توانای پێشکەوتن یا خۆگونجاندنیان نەبوە لەگەڵ دەوروبەر و سروشتی هەمیشە گۆڕاو و پێشکەوتو.

رەنگە هەندێکمان باوەڕمان بەوە نەبێ کە مرۆڤ پێشکەوتوە ، بەڵام بەڵگەی زۆر هەن لەسەر بونی مرۆڤی جیاواز ، لە سەردەمی جیاواز و لە ناوچەی جیاواز ، ئێسک پروسکی زۆر جۆر لە مرۆڤ ، تەنانەت گیانەوەریش دۆزراونەتەوە کە راستیی پێشکەوتنی مرۆڤ دەسەلمێنن.

بێگومان وردبونەوە لە مێژوی مرۆڤ و شارستانیەتەکان زۆر سەختە چونکە نوسین و تۆمار زۆر نوێن بە بەراورد بە تەمەنی مرۆڤ لەسەر زەوی ، بەڵام هەندێک پاشماوە هەن کە یارمەتیمان دەدەن لەسەر تۆمارکردنی هەندێک روداو ، بۆ نمونە تابلۆ دۆزراوەکان کە نوسین یا وێنەیان لەسەرە، نوسینی سەر دیواری ئەشکەوتەکان، گیانەوەرە بەبەردبوەکان ، چیرۆک و ئەفسانە و پەیامە ئاسمانیەکان ...هتد

*   *   *

کاتژمێری مێژو[1]

بەر لە ١٣،٥ ملیار ساڵ:

دەرکەوتنی وزە و مادە ، سەرەتاکانی فیزیک ، دەرکەوتنی گەرد و گەردیلەکان ، سەرەتاکانی کیمیا.

بەر لە ٤،٥ ملیار ساڵ:

دروستبونی گۆی زەوی.

بەر لە ٣،٨ ملیار ساڵ:

دەرکەوتنی زیندەوەران . سەرەتاکانی بایۆلۆجی.

بەر لە ٦ ملیۆن ساڵ:

دوا داپیرەی هاوبەشی نێوان مرۆڤ و شەمپانزی.

بەر لە ٢،٥ ملیۆن ساڵ:

پەرەسەندنی توخمی مرۆڤ لەئەفریقیا . دەرکەوتنی ئامرازە بەردینەکان.

بەر لە ٥٠٠ هەزار ساڵ:

پەرەسەندنی نیاندەرتاڵەکان لەئەوروپا و رۆژهەلاتی ناوەراست.

بەر لە ٣٠٠ هەزار ساڵ:

بەکارهێنانی رۆژانەی ئاگر.

بەر لە ٢٠٠ هەزار ساڵ:

پەرەسەندنی مرۆڤی هۆشمەند (Homo sapiens) لە خۆرهەلاتی ئەفریقیا.

---

[1] Sapiens: A Brief History of Humankind by (By Yuval Noah Harari)

بەر لە ٧٠ هەزار ساڵ:

شۆرشی درک .سەرهەلدانی زمان . سەرەتاکانی مێژو.بلاوبونەوەی مرۆڤی هۆشمەند بۆ دەرەوەی ئەفریقیا.

بەر لە ٤٥ هەزار ساڵ:

نیشتەجێبونی مرۆڤە هۆشمەندەکان لە ئوستورالیا . لەناوچونی**(Megafauna)** گیانەوەرە زەبەلاحەکان لە ئوستورالیا.

بەر لە ٣٠ هەزار ساڵ:

لەناوچونی نیاندەرتاڵەکان.

بەر لە ١٦ هەزار ساڵ:

نیشتەجێبونی مرۆڤە هۆشمەندەکان لە ئەمریکا. لەناوچونی**(Megafauna)** گیانەوەرە زەبەلاحەکان لە ئەمریکا.

بەر لە ١٣ هەزار ساڵ:

لەناوچونی مرۆڤی فلۆریسی **(Homo floresiensis)**. مانەوەی مرۆڤی هۆشمەند وەک تاکە توخمی مرۆڤ لەسەر زەوی.

بەر لە ١٢ هەزار ساڵ:

شۆرشی کشتوکاڵ . ماڵی کردنی روەک و ئاژەل . نیشتەجێبون بە جێگیری.

بەر لە ٥ هەزار ساڵ:

دەرکەوتنی یەکەمین شانشینەکان ، نوسین ،پارە ، ئاینە فرەخواییەکان .

بەر لە ٤٢٥٠ ساڵ:

یەکەم ئیمپراتۆریەت ، سەرجۆنی ئەکەدی .

بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ:

داهێنانی پارە لە شێوەی سکە – دراوێکی جیهانی.

دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی فارس – سیستەمێکی سیاسی جیهانی " بۆ سودی هەمو مرۆڤایەتی"

دەرکەوتنی بودیزم لەهیند – راستیی جیهانی "بۆ ئازادکردنی بونەوەران لە ئازار"

بەر لە ٢٠٠٠ ساڵ:

ئیمپراتۆریەتی هان لە چین .ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە ناوچەی دەریای ناوەراست. پەیدابونی مەسیحیەت .

بەر لە ١٤٠٠ ساڵ:

دەرکەوتنی ئیسلام.

بەر لە ٥٠٠ ساڵ:

شۆرشی زانستی . مرۆڤ دان بە نەزانی خۆی دادەنێت و دەست دەکات بە بەدەستهێنانی توانای زۆر و بێ وێنە.

ئەوروپیەکان دەست دەکەن بە داگیرکردنی ئەمریکا و زەریاکان.

سەرتاپای هەسارەکە دەبێتە روبەرێکی مێژویی.

سەرهەلدانی سەرمایەداری.

بەر لە ٢٠٠ ساڵ:

شۆرشی پیشەسازی . دەوڵەت و بازار بون بە جێگرەوەی خانەوادە و کۆمەڵگە.

لەناوچونی بێ وێنەی روەک و گیانەوەر.

ئێستا :

مرۆڤەکان سنوری هەسارەکان دەبرن .

چەکی ناوکی هەرەشە لە مرۆڤایەتی دەکات.

زیندەوەران لە ڕێگەی هۆشمەندیی دەسکردەوە شێوە وەردەگرن نەک لە ڕێگەی هەڵبژاردنی سروشتی.

*　　　*　　　*

ئەگەر سەرنجی داهێنانەکانی مرۆڤ بدەین ئەم خاڵانە تێبینی دەکەین:

١- مرۆڤ هەمیشە پێش دەکەوێ ، بەڵام بە بەکارهێنانی ژیری و هەوڵدانی زۆر و کارکردنی بەردەوام نەک بە وتار و ئامۆژگاری و دروشمی بریقەدار.

٢- پێشکەوتن یاسای سروشتە و کۆتایی نیە ، هەتا مرۆڤ بمێنێ پێشکەوتن دەمێنێ، ئەگەر پێشکەوتن نەما ئەوا مرۆڤیش نەماوە، واتە ئەگەر نەتەوەیەک پێش نەکەوێ ئەوا مردوە هەرچەندە بە زیندوییش لەسەر زەوی ژیان بکات.

٣- ئەوانەی پێش دەکەون ئەوانەن سود لە ڕابردو وەردەگرن بەڵام خۆیان بە ڕابردو نابەستنەوە ، چونکە ژیان لە ڕابردو ، نە ڕابردو دەگەڕێنێتەوە، نە ئێستا باشتر دەکات ، نە داهاتوش فەراهەم دەکات.

٤- ئەوانەی پێش دەکەون پشت دەبەستن بە شارەزایی (المعرفة) نەک زانست (العلم) ، چونکە مەرج نیە زانست هەموکاتێک کاریگەر بێ. دەتوانین زانست بە کەرەستە و شارەزایی بە ئامێر وێنا بکەین ، بۆ نمونە ئەگەر پەیداکردن و پوختەکردنی ئاسن و شوشە و پلاستیک و سوتەمەنی زانست بن ، دروسکردنی ئۆتۆمبێل شارەزاییە ، واتە ئەگەر شارەزاییمان نەبێ کەرەستەکان کۆبکەینەوە ، با هەمو پێکهاتەکانیشمان هەبێ ، ناتوانین ئۆتۆمبێل دروست بکەین.

٥- پێشکەوتن لەناو ئەو میللەتانە زیاترە کە ڕێزی تاک دەگرن ، بە پێچەوانەشەوە لە ناو ئەو میللەتانەی کە تاک نرخی نیە و هەمیشە خەریکی کۆمەڵ و کۆبونەوە و

قسەی گەورەن پێشکەوتن بەدی ناکرێ،باشترین بەڵگەشمان ، ئەوانەی داهێنانیان کردوە زۆربەی کات تاک بون .

پێشکەوتن تا رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئازادیی تاک، لە ناو کۆمەڵگەی داخراو و دیکتاتۆر پێشکەوتن روونادات، هەمیشە ئازادی تاکی ئازا و ڕاستگۆ بەرهەم دێنێ ، ئازایی و راستگۆییش هاندەری بەهێزن بۆ بیرکردنەوە و کارکردنی دروست و داهێنان، لە بەرامبەریشدا قەبوڵنەکردنی بۆچونی جیاواز و تەسک کردنەوەی ئازادی تاکی ترسنۆک و شەرمن و دوڕو بەرهەم دێنێ ، ئەم جۆرە تاکەش توانای داهێنانی نیە، چونکە ناتوانێ دروست بیربکاتەوە.

* * *

" ئێمە لەناو شەمەندەفەرێکین بە پێچەوانەی ڕەوتی پێشکەوتن ڕێ دەکات،تا زوتر لێی دابەزین کەمتر دوادەکەوین لە کاروانی مرۆڤایەتی "

خەونی پێشکەوتن

تاوەکو سەدەی ١٨،یا رونتر تا سەرهەڵدانی شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپا، زۆربەی خەڵکی باوەریان بە پێشکەوتن نەبو.ئەوان باوەریان بە پێشکەوتن نەبو بۆیە هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاو تا ئەو ساتە لەجیهان روی نەدا.

زۆرینەی خەڵکی پێیان وابو چاخی زێرین ئەوەیە کە رابردوەو ئیتر ناگەرێتەوە ، لای ئەوان جیهان چەقبەستو بو (یا رونتر بڵێین بەرەو دواوە هەنگاوی دەنا) هەرچەندە رەنگە بە پشتبەستن بە ژیری چاخەکۆنەکان لایەنێک لە سەردەمە زێرینەکان بگەرێنینەوە یا چارەسەری هەندێک گرفتی سادە بکەین ،بەلام ئەستەمە بە ژیری چاخەکۆنەکان روبەروی گرفتەکانی ئەمرۆ ببینەوە، چونکە ئێستا جیهان سەدان جار بگرە هەزاران جار ئالۆزترە لە جیهانی جاران .

مرۆڤایەتی ، بەتایبەت ئەوروپا لەگەل هەلگیرسانی شۆرشی پیشەسازی لە خەوی قولی وابەستەبون بە رابردو خەبەری بوەوە، ئەوان دانیان نا بە نەزانی خۆیان و لەوەش تێگەیشتن روکردنە رابردو نە ئێستا باشتر دەکات و نە داهاتوش بنیات دەنێ،ئەوان تێگەیشتن کە شەمەندەفەری جیهان روی بەرەو پێشەوەیە ،ئەگەر زو فریا نەکەون بەجێ دەمێنن،ئەوان دەستیان گرت بە زانست و پێشکەوتنی زۆر سەرسورهێنەریان بەدیهێنا.

لە بەرامبەردا میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراست ئێستاشی لەگەلدابی هەر رویان بەرەو دواوەیە و ئاوات بە سەردەمە زێرینەکان دەخوازن، بە داخەوە لە کەلتوری ئیسلامیش ئەو دیاردەیە زۆر بە زەقی بە دی دەکرێ، کارەسات ئەوەیە ئەم روکردنە رابردوە پیرۆزکراوە و بەرگێکی موقەدەسی بەبەرداکراوە :

"خَيْرُكُمْ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ - قالَ عِمْرانُ: لا أدْرِي: ذَكَرَ ثِنْتَيْنِ أوْ ثَلاثًا بَعْدَ قَرْنِهِ - ثُمَّ يَجِيءُ قَوْمٌ، يَنْذِرُونَ ولا يَفُونَ، ويَخُونُونَ ولا يُؤْتَمَنُونَ، ويَشْهَدُونَ ولا يُسْتَشْهَدُونَ، ويَظْهَرُ فِيهِمُ السِّمَنُ."

الراوي : عمران بن الحصين

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

خلاصة حكم المحدث: صحيح

"ئێوە باشترین خەلکن ،پاشان نەوەی دوای ئێوە، پاشان نەوەی دواتر.... تا کۆتایی .."

ئەگەر سەرنجی مێژو بدەین دەبینین مەسیحیەکانیش بۆچونی هاوشێوەیان هەبوە ، بەلام دوای شۆرشی فەرەنسا و بلاوبونەوەی هۆشیاری و لاوازکردنی دەسەلاتی کەنیسە و دورخستەوەی لە شانۆی ژیان ، تا ڕادەیەک هۆشیار بونەوە، بەلام تێگەیشتنی خەلک بە تایبەت دیندارەکان زۆر نەگۆراوە،ئەوەتا زۆرێک لە پەیرەوانی مەسیح و مسولمانانیش بروایان وایە کە ڕۆژێک (عیسای مەسیح) دەگەڕێتەوە و کۆتایی دێنی بە ناخۆشیەکان و ستەمکاران لەناودەبات.

لەناو مسولمانان رزگارکەری تریش هەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دێن و کۆتایی دێنن بە هەمو مەینەتییەکان ،وەک (محمدی مەهدی) [1]

کاتێک تۆ چاوەروانی رزگارکەرێک بی کە زۆر بەهێزە و خوای لەپشتە ئەوا پێویست ناکات خۆت هیلاک بکەی ، چونکە ئەو دێت و رزگارت دەکات، هەر ئەوەشە زیاتر کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستی کردۆتە کۆمەلگای تەمبەل و چاولەدەستی قەدەری نادیار و خەیال و ئەفسانە.

* * *

" هەندێجار نامانەوێ گوێمان لە ڕاستییەکان بێت ، چونکە حەزناکەین خەیالەکانمان تێک بشکێن " (فرێدریک نیچە)

---

[1] لە بەشی جەمکەکان بە درێژی باسکراوە.

بنەماکانی پێشکەوتن

ئەمڕۆ ١٩٥ وڵات هەن لە جیهان ، تەنها ٢٥لەوان دەوڵەمەندن ، ٢٠ وڵاتیش لەوپەڕی هەژاریدان ،ڕەنگە بڵێی دەوڵەمەندی و پێشکەوتن دو شتی لێک جیان ، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەوڵەمەندی و پێشکەوتن دو ڕوی یەک دراون ، ئەگەر دەوڵەمەند بین پێش دەکەوین ، یا ئەگەر پێش بکەوین دەوڵەمەند دەبین ، هەردوکیان ڕاستن بەڵام بە بونی کۆمەڵێک هۆکار لەوانەش :

١- دەزگا و دامەزراوەکان – المؤسسات - Institutions .

بەشێوەیەکی گشتی وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەزگا و دامەزراوەی زۆر باشیان هەیە ، بەڵام وڵاتە هەژارەکان دەزگا و دامەزراوەی زۆر خراپیان هەیە ، گەندەڵیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دامەزراوەکان ، ئەگەر سەرنجی وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش بدەین دەبینین کەمترین ڕێژەی گەندەڵی لە دامەزراوەکانیاندا بە دی دەکرێ ، وڵاتە هەژارەکانیش گەندەڵترین وڵاتەکانن ، کاتێک گەندەڵێ هەبو ، وڵات ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک داهات و باج کۆبکاتەوە و دامەزراوەی باش دابمەزرێنێ تا لە هەژاری ڕزگاری بێ .

نیوەی داهاتی وڵاتە هەژارەکان دەچێتە ژمارەی بانکیی وڵاتانی تر ، پارەی بەهەدەردراوی ئەم وڵاتانە ساڵانە دەیان ملیار دۆلارە ، لە کاتێکدا بە ڕێژەیەکی کەم لەم سامانە دەتوانرێ دامودەزگای باش دابمەزرێنرێ لە بوارەکانی ئاسایش و تەندروستی و خوێندن و .... هتد.

هۆکاری گەندەڵیش بیرکردنەوەی خێڵەکیانەیە ، واتە لە جیاتی دانانی کەسانی پسپۆر و خاوەن ئەزمون لەسەر بناغەی پسپۆڕی و ئەزمون ، کەسانی دڵسۆز بۆ خێڵ یا پارتی دەسەڵاتدار لە پۆستە گرنگەکانی دەوڵەت دادەنرێن ، لە کاتێکدا لە وڵاتە دەولەمەند و پێشکەوتوەکان وەرگرتنی پۆست پەیوەستە بە پسپۆڕی و ئەزمون و لێوەشاوەیی.

٢- کەلتور – الثقافة - Culture .

کەلتور و بیرکردنەوە و باوەڕی خەڵکی رۆڵی گەورەی هەیە لەسەر دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی ، ئەگەر سەرنج بدەین ئەو وڵاتانەی کە پێشکەوتو و دەوڵەمەندن ئەوانەن کە زۆر گرنگی بە ئاین نادەن ، یاخود گرنگیی پێدەدەن بەڵام ئاین بە هەمو لایەنەکانی ژیان نابەستنەوە ، لە بەرامبەردا هەژارترین و دواکەوتوترین وڵاتانی جیهان وڵاتە باوەڕدارەکانن (هەمو باوەڕداران نەک هەر مسوڵمان).

ئاین لە بنەڕەتدا مایەی خۆشحاڵی و پێشکەوتنە ، بەڵام تێگەیشتنی هەڵەی ئاین وایکردوە زۆرێک لە بڕواداران گرنگی بە ژیانی دونیا نەدەن و هەر خەریکی کۆکردنەوەی پاداشت بن بۆ دوای مردن ، کە ئەمەش هەڵەیە ، هەم دونیا و هەم قیامەت گرنگن و پێویستییان بە رەنج و خۆماندوکردن هەیە.

وڵاتە پێشکەوتوەکان لەگەڵ ئەوەی باوەڕیان بە رۆژی دواییش هەیە ، بەڵام دونیایان لەبیرنەکردوە ، ئەوان پێش چونە بەهەشت هەوڵ دەدەن لە دونیاش خاوەنی کۆشک و تەلار و ژیانی خۆش بن ، خوداش دەفەرموێ :

- وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ ۖ...... ﴿٧٧﴾ القصص

" هەوڵ بدە قیامەت بە دەست بێنی بە کاری چاک ، بەڵام بەشی خۆشت لە دونیا لە بیرمەکە و خۆشی ببینە لە نیعمەتەکانی....... "

٣- جوگرافیا – الجغرافیا – Geography .

وڵاتە هەژارەکان کەوتونەتە جوگرافیایەکی خراپ ، ژیان لەم ناوچانە زۆر سەختە ،کێشەکە لە کشتوکاڵەوە دەست پێ دەکات چونکە روەکەکانی ناوچە گەرمەکان بە گشتی کەمتر کاربۆهایدراتیان تێدایە ، جگەلەوەش خاکی ناوچە گەرمەکان باش نییە ، هەروەها گەرمیی زۆریش بۆ کرداری رۆشنەپێکهاتن باش نییە .جگەلەوەش مێش و مێروی ترسناک لە ناوچەی گەرم و شیدار زۆرن کە دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەنێو ئاژەڵان ،لە ئەنجامدا ژمارەیەکی بەرچاو ئاژەڵ لەناو دەبەن و دەبنەهۆی تەمبەڵی و بێ هێزیی ئاژەڵە زیندوەکانیش.

ئاژەلان تەنها نین، مرۆڤیش لەم ناوچانە دوچاری هەمان ئاستەنگەکان دەبێتەوە.

پلەی گەرمیی لەبار بۆ ژیان ١٦ پلەی سەدییە ، وە نزمبونەوەی پلەی گەرمیش بۆ ١٦ ی ژێر سفر یارمەتیدەرە ، بەڵکو پێویستیشە هەرچەندە سەختە.

خالێکی تریش کە زۆر گرنگە بریتییە لە سەرچاوەکانی ئاو و رێگای ئاوی ، زۆربەی وڵاتە هەژار و دواکەوتوەکان داخراون ، واتە لەسەر وشکانین و چواردەوریان وشکانییە .

٤- سامانە سروشتییەکان - الموارد الطبيعية – Natural resources.

سامانی سروشتی رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێ لە دەوڵەمەندبون و پێشکەوتن، بەڵام بونی سامانی سروشتی پەیوەستە بە دامەزراوەی باش ، ئەگەر دامەزراوەی باش هەبێ ئەوا وڵات پێش دەکەوێت و خەڵکی خۆشحال دەبن ، بەڵام ئەگەر دامەزراوەی باش نەبو ، ئەوا دەوڵەمەندترین وڵات بە سامانی سروشتی دەبێتە هەژارترین و بەدبەخت ترین وڵات ، وەک عێراق ، وڵاتانی ئەفریقیا ... هتد

ڕەنگە زۆر هۆکاری تریش هەبن بۆ پێشکەوتن، بێگومان بنەماکان نەگۆڕ نین ، هەر کۆمەڵگە و سەردەم و کەلتورێکیش دەشێ هۆکاری تایبەت بە خۆی هەبێ، دو لە هۆکارەکانی سەرەوە دەرەکین/ سروشتین (هۆکاری سێیەم و چوارەم) واتە ناتوانین کاریان تێبکەین ، بەڵام دەتوانین کار لەسەر دو هۆکارەکەی تر (هۆکاری یەکەم و دوەم) بکەین بەم خاڵانەی خوارەوە :

١- بیرکردنەوەی دروست

٢- کۆکردنەوەی زانیاری و شیکار و لێکۆلینەوە و هەلسەنگاندن و پوختە کردنی

٣- گۆڕینی زانیاری بۆ کردار

٤- هەوڵدان و کۆڵنەدان تا گەیشتن بە ئەنجام

٥- پەرەپێدان و بەرەوپێش بردن

بۆ ئەوەی وردتر لە بنەماکانی پێشکەوتن بگەین ، بە باشی دەزانم یەک یەک خاڵەکان باس بکەم.

یەکەم: بیرکردنەوە

بیرکردنەوە چییە ؟

بریتیە لە بەکارهێنانی تواناکانی مێشک بۆ دەستکەوتنی ئەنجامێکی دیاریکراو.

رەنگە پێناسەی جۆراوجۆر بکرێ بۆ بیرکردنەوە، بەڵام هیچیان لەوە دەرناچن کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

جۆرەکانی بیرکردنەوە

وەک ئاشکرایە بیرکردنەوەی تاکەکان لێک جیایە ، زاناکان بە درێژایی مێژو لێکۆڵینەوەی زۆریان کردوە لەسەر هۆکاری جیاوازیی بیرکردنەوەی تاک ، هەندێکیان جیاوازیی فیزیایی لە پێکهاتە و قەبارەی مێشک بە هۆکار دەزانن ، لە بەرامبەریشدا هەندێکی تر ، ئەزمونەکانی رابردو و شێوازی پەروەردە بە هۆکاری جیاوازییەکان دەزانن.[1]

شێوازەکانی بیرکردنەوە زۆرن ، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- بیرکردنەوەی بەرجەستە (التفكير الإدراكي أو الملموس)

.(Perceptual or Concrete Thinking)

سادەترین جۆری بیرکردنەوەیە کە پشت دەبەستێ بە درک پێکردنی بابەت یا دیاردەیەکی دیاریکراو لەسەر بناغەی هەست یا ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی سادە.

٢- بیرکردنەوەی تیۆری ، چەمکی (التفكير النظري أو التجريدي)
(Conceptual or Abstract Thinking)

---

[1] Mindset . Dr.Carlos S. Dweck

ئەم جۆرەیان زیاتر پشت دەبەستێ بە تیۆرێک یا چەمکێکی دیاریکراو یا رونتر بڵێین زیاتر بەندە بە خوێندنەوەی تیۆریانە بۆ بابەتێك یا چەمکێکی دیاریکراو وەک پشت بەستن بە هەست یا تاقیکردنەوە.

٣- بیرکردنەوەی ڕەنگدانەوەیی (التفکیر التأملي)(Reflective Thinking)

ئەم جۆرەیان تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان هەربۆیە پێویستی بە دوبارە ڕێکخستنەوەی هەمو زانیاریە پەیوەندیدارەکان هەیە تایبەت بە بابەتەکە و لابردنی بەربەستەکان ، ئەمەیان ڕێگەچارەیەکی کاریگەرەو پەیوەندیی بە هەوڵدان و هەڵەکردنەوە نییە بەڵکو چالاکیەکی مێشکە بۆ دوبارە دارشتنەوەی هەمو زانیاریەکان بە شێوەیەکی ژیرانە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو.

٤- بیرکردنەوی داهێنەرانە (التفکیر الابداعی) (Creative Thinking)

ئەم جۆرەیان پەیوەستە بە تواناکانی تاک لە داهێنانی ڕێگەچارەی نوێ و نائاسایی ، بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ رونکردنەوە و شیکردنەوەی بابەتێکی دیاریکراو ، هەرچەندە ئەمەیان تایبەت نیە بە توێژێکی دیاریکراو، بەڵام زیاتر زانا و هونەرمەندان و داهێنەران ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان هەیە.

ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە چەند تایبەتمەندیەکی هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:

ا- بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە هەمو شێوەکانیەوە بریتیە لە چالاکیەکی تایبەت بە مێشک ، دور لە کاریگەریە دەرەکیەکان، کە ئەمەش بە یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکان دادەنرێ لە پێکهێنانی هەڵسوکەوتی ژیرانە(السلوک المعرفي) .

ب- هەمومان توانامان هەیە بەو جۆرە بیربکەینەوە ، واتە دیاردەیەکی جیهانیە.

ج- دەبێتە هۆی داهێنانی شتێکی نوێ و گرنگ واتە زیادکردنی ڕێگەچارەیەک بۆ ڕێگەچارە کۆنەکان.

د- بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە هەمو لایەنەکانیەوە بریتیە لە بیرکردنەوەیەکی هەمەلایەن و چڕ و تێکچڕژاو نەوەک چونە ژێرباری ڕێگا باو و کۆنەکان ، لێرەشدا مێشک پێویستیی بەوە هەیە تەواو ئازاد بێ لە بیرکردنەوە و رزگار بێ لە هەمو

کۆت و بەربەستەکان و دەربچێ لەو چوارچێوەی کە بۆی دانراوە، هەمیشە بیرکردنەوە لە چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو لە دەرەوەی کێشەکە ئاسانترە وەک لە ناوەوە، بە مانای ئەوەی کاتێک دەمانەوێ کێشەیەک چارەسەربکەین پێویستە لە کێشەکە بێینە دەرەوە و خۆمان خاڵی بکەینەوە لە هەمو رێگەچارەکانی پێشو و هەروەها خۆمان بە دور بگرین لە بڕیاری بێ بیرکردنەوە.

ڕەنگە زۆربەمان چیرۆکی (بیرکردنەوە لە دەرەوەی سندوق) بزانین ،کە بریتیە لە بە یەک گەیاندنی ٩ خاڵ لە ٣ ریزی لەسەر یەکتر لە شێوەی چوارگۆشە، بێگومان شیکارەکەی هەر ئەوەیە کە لە هێڵێ کۆتایی و لە بەیەک گەیاندنی دواخاڵ دەبێ لەو چوارگۆشە بێینە دەرەوە،کە تاکە رێگەی شیکاریی مەسەلەکەیە.

بازرگانێک توشی زیانێکی گەورە بو ، لە ئەنجامدا بڕێکی زۆر پارە قەرزاری دەوڵەمەندێکی سوخۆر بو، سوخۆرەکە داوای پارەکەی کرد و بازرگانەکەش نەیتوانی پارەکە بگەرێنێتەوە،بازرگانەکە کچێکی گەنج و جوانی هەبو ، سوخۆرەکەش کە پیر و ناشرین بو داوای کچەکەی کرد، دواتر مەرجێکی دانا ، ئەگەر مەرجەکە ببەنەوە ئەوا لە قەرزەکە خۆش دەبێ بەڵام ئەگەر بیدۆرێنن ئەوا دەبێ کچەکە شوی پێ بکا.

مەرجەکەش بریتی بو لە هەڵبژاردنی بەردێک لە نێوان ٢ بەردی (ڕەش و سپی) لە ناو تورەکەیەک لە لایەن کچەکەوە، ئەگەر کچەکە بەردە ڕەشەکەی هەڵبژارد ئەوا دەبێتە خێزانی سوخۆرەکە لە بری قەرزەکە، خۆ ئەگەر بەردە سپیەکەی هەڵبژارد ئەوا سوخۆرەکە لە قەرزەکە خۆش دەبێ، ئەگەر هیچیشیان هەڵنەبژێرێ ئەوا باوکی کچەکە دەخرێتە زیندان.

لە میانەی ئەم قسانە و لەسەر ڕێگە بەردینەکەی ناو باخی کۆشک، دەوڵەمەندە سوخۆرەکە ٢ بەردی هەڵگرت و خستنیە ناو تورەکەیەک، بەڵام کچەکە تێبینی کرد کە هەردو بەردەکە ڕەش بون !

ئینجا سوخۆرەکە داوای لە کچەکە کرد کە بەردێک لە ناو تورەکەکە دەربکا.

ئێستا خۆت لە جێی ئەو کچە دابنێ ، چ بڕیارێک دەدەی ؟

ئایا ڕەتی دەکەیەوە ؟

ئایا دەڵێی کە سوخۆرەکە فێڵی کرد؟

یا بەردێک هەلبگریَ، کە بێگومان ڕەش دەردەچیَ چونکە هەردوکیان ڕەشن؟

ئەم چیرۆکەی سەرەوە بۆ ئەوە بەکاردیَ تا بتوانین جیاوازی نێوان بیرکردنەوەی ئاسایی و بیرکردنەوەی لۆجیکی بزانین و کار بە باشترینیان بکەین.

کچەکە دەستی بردە ناو تورەکەکەو بە خێرایی بەردێکی دەرهێنا ، بیَ ئەوەی تەماشای بکا خستیە خوارەوە و کەوتە ناو بەردەکانی سەر ڕێگە بەردینەکە، گوتی داوای لێبوردن دەکەم من زۆر هەڵەشەم ، بەڵام خۆ بەردی دوەم ماوە با بزانین ئەگەر بەردی ناو تورەکەکە ڕەش بو کەواتە سپیەکەم هەڵبژاردوە، ئەگەر سپیش بو واتە ڕەشەکەم هەڵبژاردوە.

بێگومان بەردی دوەمی ناو تورەکەکەش ڕەش بو ، بەم شێوەیە بەسەر سوخۆرەکە زاڵ بون.

بەم شێوەیە باوکی کچەکە لە قەرز و زیندان ڕزگار بو کچەکەش لە شوکردن بە پیرەپیاوێکی ناشرین ڕزگاری بو.

٥- بیرکردنەوەی بیَ ئاڕاستە (التفكير غير الموجه أو الترابطي)

(Non-directed or Associative Thinking)

جاری وا هەیە خۆمان دەبینینەوە لە نێو دنیایەکی سەیر و ناوازە لە بیرکردنەوەیەکی ئاڕاستەنەکراو و بیَ ئامانج کە بە شێوەی خەون و خەیال یا زیندەخەو دەردەکەویَ ، لەروی دەرونناسیەوە ئەم جۆرەی بیرکردنەوە پێی دەوتریَ بیرکردنەوەی بیرخەرەوە، لێرەدا زیندەخەو و خەیاڵ و فەنتازیا جێگایان دەبێتەوە و دەکەونە ژێر خانەی (پاشەکشیَ لە هەلسوکەوت)، ئەمەش یارمەتیی تاک دەدا بۆ هەڵاتن لە داواکاریە قورس و بیَ کۆتاکانی ژیانی ڕاستەقینە، وەک بڵێی خۆلادان یان خۆگێلکردنە لە واقیعێکی تاڵ ، ئەم خەیاڵ و هەڵاتنەش هیچ نەنگییەکی تێدا نیە و ئاساییە تا ئەو سنورەی کە لەلای تاک دەبێتە خو یا

هەڵسوکەوت، ئەگەر بو بە هەلسوکەت ئەوکات نائاساییە، کە بە داخەوە خەلکێکی زۆر هەن لە کۆمەلگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەم فەزایە دەژین بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن.

تاک لەژێر کاریگەریی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەشێ خۆی بە ملیۆنێر ، پاشا، هونەرمەند ، یا کەسێکی زۆر بەهێز بێتە بەرچاو، تەنانەت جاری وا هەیە تواناکانی خوداش بەخۆی دەدات، بەلام لە ڕاستیدا ڕەنگە زۆر جار حالەتەکە تەواو پێچەوانە بێ و تاکە خەیاڵ پڵاوەکان زۆر لاواز و نەویستراو و بێ بایەخ بن لە کۆمەڵگا، هەر ئەوەشە دەبێتە هۆکاری پەیدابونی گرێی خۆ بەکەم زانین و لە ئەنجامدا هەموشت بە ناشرینی دەبینن و کەسایەتیەکی نەخوازراو و شەرانگێزیان لێ پەیدا دەبێ و ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست ئەوا کارەسات و ماڵوێرانی بەسەر خەڵکدا دێنن.

وابزانم نمونەی لەم جۆرەمان زۆرە لە مێژوی مرۆڤایەتی کە پێویست ناکا ناوی کەس ببەین، چونکە ڕەنگە خۆشمان لەم حاڵەتە دور نەبین ، مەسەلەکە تەنها بون یا نەبونی هێزە.

مرۆڤی لاواز یا هەژار یا نەویستراو بە دەگمەن وایە بگاتە ئەم حالەتە ، هەر لەبەر ئەوەشە وتراوە:

"ئەگەر ویستت کەسێک تاقی بکەیتەوە، یا دەسەڵات یا ماڵی پێبدە".

٦- بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (التفکیر النقدی) (Critical thinking)

ئەم جۆرەیان یارمەتیی تاک دەدا بۆ وەلانانی باوەڕ و بڕیارە پێشینەکان و بیروبۆچونی تایبەت لە پێناو گەیشتن بە ڕاستی تەنانەت ئەگەر دژی بنەما سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی خۆیشی بێ.

لێرەدا تاک پێویستی بە برەودانە بە توانا هزریەکانی ، وە دەبێ تاک خاوەن توانای شیکاری و وردبونەوە و وەرگێڕان و خەمڵاندن و هەڵسەنگاندنی بەهێز و ورد بێ ، سەرەنجام دەگەین بەو ڕاستیەی کە دورە لە هەمو لایەنگیری و بەرژەوەندیەک.

بیرمەندی رەخنەگر هەمیشە پرسیار دەکا، زانیاریی زۆرە، دادپەروەرە لە هەلسەنگاندن، دورە لە لایەنگیری ، راستگۆیە لە گەڕان بە دوای راستیەکان، وە توانای بەکارهێنانی دروستی هەمو ئامرازەکانی هەیە وەک رونکردنەوە، شیکاری، هەڵسەنگاندن و دەرهێنانی ئەنجامەکان .

بیرکردنەوەی رەخنەگرانە چالاکیەکی رێکخراو و ژیرانەیە ، بەلکو ژیرانەترین شێوازی بیرکردنەوەیە کە پشت دەبەستێ بە بەکارهێنانی کارامەییەکانی ژیری وەک چەمکەکان و رونکردنەوە، شیکاری، هەڵسەنگاندنی زانیاریەکان لە پێناو گەیشتن بە بڕیارێکی راست و بێلایەنانە و جێگەی باوەڕ .

گەشەپێدانی بیرکردنەوە (تنمية التفكير- Development of Thinking)

بیرکردنەوە یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی فێربون، توانای هەر تاکێک بۆ فێربون و چارەسەریی کێشەکان بەندە بە توانای تاک لە بیرکردنەوەی دروست ، کە ئەمەش توانای خۆگونجاندنمان پێ دەبەخشێ لەگەل دەوروبەر و بەم شێوەیە دەتوانین سەرکەوتوانە بژین، بە پێچەوانەوە ئەوانەی دروست بیرناکەنەوە یا هەوڵ دەدەن خەلک وەک ئەوان بیربکاتەوە توانای خۆگونجاندنیان نابێ و نامۆ دەبن بە کۆمەڵگەو خەلک، لە ئەنجامدا دەکەونە خانەی بیرکردنەوەی ئاراستەنەکراو پاشان گیرۆدەی خەیاڵ و فەنتازیا دەبن و هەمو خەڵك بە نەزان دەبینن تەنها خۆیان بە زانا دێتە بەرچاو.(وەک لە جۆری پێنجەمی بیرکردنەوە باسمان کرد).

هیچ کەس بە بیرمەندی لە دایک نابێ، واتە بیرکردنەوەی دروست پێویستی بە کۆمەلێک تەکنیک و کارکردن هەیە و لە خۆوە بە دەست نایەت.

چەند رێگایەک هەن بۆ برەودان بە بیرکردنەوە لەوانەش:

١- زانست و کارامەیی.

بۆ بە دیهێنانی ئەمەش پێویستە تاکەکان هەر لە منداڵیەوە رابهێنرێن لەسەر وەرگرتنی زانیاری و کارکردن پێیان تا کارامەیی بە دەست بێنن، کە بە ٢ رێگا فەراهەم دەبن :

ا- راهێنانی منداڵ لەسەر بەهێزکردنی توانای درک کردن و بە دەست هێنانی زانیاری و کارامەیی لە پێناو برەودان بە بیرکردنەوەی رەخنەگرانە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست ،بیرکردنەوەی تاک هەر لە مندالیەوە لە قالب دەدرێ ، هەر لە مندالیەوە دەبێ شتەکان وەک توتی لەبەر بکەین تا لە کاتی تاقیکردنەوەکان هەمو زانیاریەکان وەک خۆی بلێینەوە یا بنوسینەوە تا سەرەنجام دەربچین، چونکە وا فێرکراوین کە قوتابخانە واتە دەرچون و نمرەهێنان، نمرەهێنانیش واتە کۆلێژی باش و سەرەنجام کاری باش و پارەی باش و دەولەمەندبون.بەلام بێ ئاگاین لەوەی کە قوتابخانە دەبێ جێگایەک بێ بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و پەرەپێدانی توانای تاک و کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی ژیان بەرووی نەوەکانی دوارۆژ، بە داخەوە پەروەردەکارانی ئێمە کارێکی تەواو پێچەوانە دەکەن، ئەوان هەمو دەرگاکان دادەخەن بەرووی نەوەکانمان تەنها یەک دەرگا دەهێلنەوە ئەویش دەرگای تەلقین ولەبەرکردنی کوێرانەی زانیاریەکانە وەک توتی بێ ئەوەی قوتابی هیچ سود لەم زانیاریانە وەربگرێ، جگەلەوەی مێشکی قوتابی زۆر ماندو دەبێ بە لەبەرکردن و پاشانیش هەر زو لە بیری دەچێتەوە.

بە بیرم دێ پۆلی دوی سەرەتایی بوم ، لە وانەی بیرکاری پرسیارێکم شیکار کرد لای خۆم پێش ئەوەی مامۆستا شیکاری بکا، کاتێک نۆرە گەیشتە لای من و مامۆستا بینی کە شیکارم کردوە لە جیاتی ئافەرین بە دارەکەی دەستی دارکاریی کردم .

ب- هەموتاکێک پێویستە بواری ئەوەی پێ بدرێ کە پەرە بە تواناکانی خۆی بدات و هان بدرێ بۆ خۆ دەولەمەند کردن بە زانست ، هەروەها گفتوگۆ و چالاکییە جۆراوجۆرەکانیش رۆلی گرنگ دەبینن لەم بوارەدا.

لە قوتابخانەکانی ئێمە بە گشتی هەر لە منداڵییەوە مامۆستاکان بیرکردنەوەی مندالان لە قالب دەدەن و چوارچێوەیەکی تەسکیان بۆ دەکێشن و سزای هەر قوتابیەکیش دەدەن کە لەم چوارچێوەیە دەربچێ .کورەکەم تەمەنی یازدە ساڵە، لە وانەیەک لە وانەکان مامۆستا داوای لێ کردبون چەند بابەتێک بخوێنن، کورەکەم داوای یارمەتیی لێکردم و منیش بابەتەم بۆی رونکردەوە بەڵام بە

تێگەیشتنێکی فراوان ، ئەوەی چاوەڕوانم دەکرد هەر ئەوە ڕوویدا، کاتێ کورەکەم ڕۆژی دواتر هاتەوە پێی گوتم مامۆستا دەڵێ من تەواو وەک کتێبەکە دەمەوێ.

پەروەردەکارانی ئێمە بە داخەوە جگە لەوەی خۆیان دەستپێشخەر نین لە پەرەپێدانی توانای نەوەکانمان ، بواری ئەوەش بە قوتابیان نادەن کە پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و لە چوارچێوەی ئەم قالبە تەسکە بێنەدەر کە بۆیان کێشراوە.

٢- هاندانی پێویست و دیاریکردنی ئامانج.

هاندان دەبێتە وزە بۆ بیرکردنەوە ، هاندان وا لە تاک دەکات گرنگی بە شتەکان بدات و بە ڕاستگۆیی مامەلە بکا، لەگەل ئەوەشدا نابێ ئامانج لەیاد بکەین، پێویستە هاندان بەرەو بە دیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکە بێ.

ڕەنگە زۆر جار ئێمە هاندان بەکەم بزانین یا پشت گوێی بخەین، یا لەوانەیە وشەی خۆش و جوان بە هاندان نەزانین ، زۆرێک لە خەلکی تەنها دیاری و بردنەوەی مەدالیا بە هاندان دەزانن، لە کاتێکدا جاری وا هەیە تەنها یەک وشەی جوان ، یەک دەست خۆشی، یەک چەپڵەی گەرموگوڕ ژیانی کەسێک دەگۆڕێ.

هاندان لە خودی سەرکەوتن گرنگترە، چونکە بەبێ هاندان ئەستەمە بە سەرکەوتن بگەین .

هاندان ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لە سەرکەوتن گرنگترین ڕۆلەکانی هاندان ئەمانەن:

ا- هاندان توانای بەردەوام بونمان پێ دەبەخشێ .

جاری وا هەیە خەریکە واز لە کارێک بهێنی بەلام وشەیەک، ئامۆژگاریەک، کورتە ڤیدیۆیەک ، یا هەر هاندەرێکی تر هەرچەندە بچوکیش بێ ، وزەت پێ دەبەخشێت و وات لێ دەکات بەردەوام بی تا دەگەیتە ئەنجام.

ب- هاندان ئومێدمان پێ دەبەخشێ.

کاتێک لە کارێکی دیاریکراو هەمو ڕێگاکان دەگرینەبەر و هیچ ئەنجامێکمان دەست ناوێت، بە دەست خۆمان نیە کە بێ ئومێد دەبین.

بەڵام کاتێک کەسێک دێت و هانمان دەدات وەک تروسکاییەک لە ناخی تاریکی ، ناخمان ڕۆشن دەکاتەوە و تروسکاییەک لەم سەری تونێلەکەوە بە دی دەکەین و هەوڵی زیاتر بەگەر دەخەین تا دەگەینە ئەجام.

ج- هاندان پارمەتیمان دەدات بۆ دەسکەوتنی دیدگا و بۆچونی جیاواز.

زۆر جار خەریکی کارێکین بەڵام دەگەینە خاڵێک ئیتر سەری لێ دەرناکەین، زۆر جار هاندانێکی سادە وامان لێدەکات لە گۆشەنیگایەکی ترەوە لە مەسەلەکە بڕوانین و ڕێگەچارەیەکی گونجاومان دەست بکەوێت.

د- هاندان باوەڕبەخۆبون پتەو دەکات.

زۆر جار خەریکە کۆڵ بدەی لە بابەتێکی دیاریکراو ، بەڵام هاندانێکی بچوک بیرت دەخاتەوە کە تۆش توانات هەیە بەڵام پێویستە باوەرت بە تواناکانی خۆت هەبێت، ئەگەر خەڵکی بتوانن بێگومان تۆش دەتوانی، لێرەشدا هاندان بە هانامانەوە دێت و توانامان پێدەبەخشێ لەسەر بەردەوامبون و گەیشتن بە ئەنجام.

ه- هاندان وامان لێ دەکات بەهێزتر هەوڵ بدەین.

زۆر جار کارێک دەکەین بەڵام قورسە، ڕەنگە لە سەرەتا پلانی باشمان نەبوبێت ، یا کارەکە هەر خۆی قورس بێ و ئێمە بە کەم لێمان ڕوانیبێت، سەرەنجام توشی بێ ئومێدی دەبین و بڕیاردەدەین دەستی لێ هەڵبگرین، بەڵام هاندان وامان لێدەکات هەوڵی زیاتر بدەین و بڕوای زیاترمان پێدەبەخشێ، سەرەنجام دەتوانین بگەین بە ئەنجام.

و- هاندان یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتن.

ئێمە هەمومان خەریکی کارین، رەنگە زۆرێک لە ئێمە هەمان کار بکەین بەڵام بێگومان هەمومان هەمان ئەنجامەمان دەست ناکەوێت.

جاری واش هەیە لە کارەکان توشی بەربەستی گەورە دەبین و رزگار بون لێیان ئاسان نیە، بەڵام هاندان وامان لێدەکات کە زیاتر هەوڵ بدەین و گیانی کێبەرکێ لە ناخمان بەهێزتر دەکات و گورو تینی زیاترمان پێ دەبەخشێ بۆ گەیشتن بە ئەنجام.

٣- ئازادی لە بیرکردنەوە و نەرمی نواندن.

بیرکردنەوە نابێ لە قاڵب بدرێ و چوارچێوەی بۆ دیاری بکرێ.

کاتێک رێگا باوەکان ناتوانن کێشەیەکی دیاریکراو چارەسەربکەن دەبێ رێگە بەخۆمان بدەین لەم فەزایە دەرچین تا چارەسەرێک بدۆزینەوە.

ئەقڵ پێویستە هەمیشە کراوەبێ ئەگینا ناتوانێ هیچ وەربگرێت و شتی نوێ فێرنابێ.

بە داخەوە زۆر بە دەگمەن خەلک دەبینم بتوانن لە چوارچێوە باوەکان دەربچن و ئازادانە بیربکەنەوە، کە بێگومان هۆکار زۆرن لێرەدا بوار نیە باسیان بکەین ، بەشی تایبەت بەم هۆکارانە تەرخان دەکەین .

٤- هەڵهێنان یا تروکان.

کاتێک دەستەوەستان دەبین لە بەرامبەر دۆزینەوەی چارەسەر بۆ مەسەلەیەکی دیاریکراو، پێویستە وازی لێ بهێنین، بیر لە شتێکی تر بکەینەوە بۆ ماوەیەک، لە پڕ دەبینین چارەسەر بەدیار دەکەوێ لە مێشکمان (وەک ئەوەی هێلکە بە جێ بهێلین بۆ تروکان-هەلهاتن ، کە بێگومان کاتی دەوێ)، ئەمەش توانایەکی سەیری مێشکی مرۆڤە .

٥- ژیری و دانایی.

ژیری بریتیە لە توانای تاک بۆ بیرکردنەوەی دروست، بۆیە پەرەپێدانی ژیری و دانایی زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بە بیرکردنەوەی دروست.

پەرەپێدانی ژیری کردارێکی زۆر ئاڵۆزە وە هێندە پەیوەست نیە بە زانست یا ڕادەی ئەو زانستەی تاکێک هەیەتی لە بابەتێکی دیاریکراو هێندەی پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوەی تاک.

ڕەنگە زۆربەمان کۆکردنەوەی زانست بە کلیلی چارەسەری کێشەکان بزانین ، هەربۆیە دەبینین خەڵکی هەوڵدەدەن زۆرترین زانست بەدەست بێنن.

ڕەنگە هەڵەکە لەوێوە سەر هەڵبدات کاتێ زانست بە ئامانج بزانین ، لە کاتێکدا زانست ئامانج نیە بەڵکو ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەتر ئەویش شارەزاییە (المعرفة-knowledge)

بۆ ئەوەی ڕونتر بدوێین ، دەبێ جیاوازیی نێوان زانست و شارەزایی بزانین.

زانست – العلم – Science.

زانست، بریتیە لە درک کردن بە ڕاستیی شتەکان، پێک دێت لە کۆمەڵێک چەمک و یاسای بەیەکەوەبەستراو، ئەم چەمکانەش لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و تێبینی کردن بە دەست دێن.

تایبەتمەندییەکانی زانست

ا- زانست لە پێشوەچونی بەردەوامە.

تا زیاتر پێشبکەوین زانستیش گۆرانکاری و نوێبونەوەی بەسەرردادێت،پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا هەمیشە دەرگای نوێ واڵا دەکات بەسەر هەمو زانستەکان، بۆیە زۆربەی شتەکان لە زانست نەگۆڕ نین و تاکیش هەمیشە پێویستی بە نوێکردنەوەی زانیاریەکانی خۆی هەیە.

ب- زانست پێویستی بە ئامێری تایبەت هەیە.

وەک دەزانین زانست پشت دەبەستێ بە ئامێر، بۆ نمونە بۆ پێوانەکردنی پلەی گەرمی دەبێ گەرمی پێومان هەبێ، هەر لەبەر ئەوەشە شتێک ئەگەر پێوانە نەکرا ئەوا زانست نییە.

ج- زانست جیهانیە و مولکی هەموانە.

کاتێک شتێکی نوێ لە زانست دادەهێنرێ ئەوا دەبێتە مولکی هەمو مرۆڤایەتی و کەس ناتوانێ لە خەلکی بشارێتەوە ، مەگەر لە حالەتی تایبەت کە زانستەکە ترسناک بێ وەک دروستکردنی چەکی ترسناک و شتی مەترسیدار بۆ سەر مرۆڤایەتی.

د- زانست گشتگیرە.

کاتێک لە بابەتێکی دیاریکراو زانست دەگاتە ئەنجامێک ئەوا ئەنجامەکە بۆ هەمو حالەتە هاوشیوەکان راستە و گشتیە، بۆ نمونە یەکەم جار لەسەر ڕوەک تاقیکردنەوە دەکرا بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەسەر بۆماوەزانی ، بەڵام پاشان زانیاریەکان بون بە زانستی گشتی و گشتێران بەسەر هەمو زیندەوەران.

هـ- زانست کەڵەکە دەبێت و دەسکاریی دەکرێت.

زانست وردە وردە پێش دەکەوێ، زانیاریەکانیش کەڵەکە دەبن و زیاد دەکەن، ئەگەر بمانەوێ لە بابەتێک بکۆلینەوە ناچین لە هیچەوە دەست پێ بکەین، بەڵکو لە تاقیکردنەوەی زاناکانی پێشو سود وەردەگرین و لەوێوە بەرەو پێش دەرۆین، هەرکاتێکیش دەرەنجامی نوێمان دەسکەوت ئەوا زانیاریە کۆنەکە چیتر کاری پێناکرێت و نوێیەکە تۆمار دەکرێت، واتە زانست هەمیشە لە گۆڕان و نوێ بونەوەیە.

و- زانست و کۆمەڵگە کاریگەریان بەسەریەکەوە هەیە.

زانست کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەیە ، کاردەکاتە سەر بەرەوپێشچونی ، گوزەرانی ، هەمو لایەنەکانی، هەروەها کۆمەڵگەش کاردەکاتە سەر زانست و پێشکەوتنی بە گوێرەی بار و دۆخی کۆمەڵگە.

شارەزایی – المعرفة – Knowledge .

بریتیە لە بەرهەمی فێربون بە درێژایی مێژو، واتە هەبونی زانیاری لەسەر شتێک ، شارەزایی بەوە دەناسرێتەوە کە لە زانست فراوانترە چونکە بریتیە لە بەرهەمی کۆمەڵێک زانست لە کۆمەڵێک بوار بە درێژایی مێژو. وە شارەزایی دو جۆرە ، شارەزایی ئاسایی کە بریتیە لە زانست ، هەروەها شارەزایی زانستی ، کە پلەیەکی بەرزتری هەیە چونکە لەسەر بەڵگەی زانستی بنیات دەنرێ.

هەروەها دەتوانرێ شارەزایی زانستی پێناسە بکرێ بە، بەرهەمی بیروبۆچون و راستیەکان کە پەیدادەبن لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکانی دەوروبەر ، ئەوەش هەمو شتە پەیوەندیدارەکان دەگرێتەوە کە لەدەوروبەری تاک هەن، وە گرنگیی شارەزایی یارمەتیدانی تاکە بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەرەکەی و زاڵبون بەسەر هەر کێشەیەک کە روبەروی دەبێتەوە ، هەروەها یارمەتیی تاک دەدات بۆ دەرکردنی بڕیاری ڕاست و گرتنەبەری رێکاری دروست، بەمەش دەتوانێ هەڵەکانی خۆی دیاری بکات و چاکیان بکاتەوە.

رێگاکانی دەستکەوتنی شارەزایی

ا- سود وەرگرتن لە زانیاریی بەردەست.

دەتوانین سود لە تاقیکردنەوە و زانیاریەکانی بەردەست وەربگرین کاتێک دەمانەوێ شارەزایی لە بابەتێکی دیاریکراو بەدەست بهێنین، بەمەش هەم کات و هەم ماندوبونمان کەمتر دەبێتەوە.

ب- پرسیارکردن له شارەزاکان.

بۆ ئەوەی شارەزایی لە بابەتێکی دیاریکراو وەربگرین دەتوانین داوای راوێژ بکەین لە کەسانی شارەزا لەو بوارەی کە مەبەستمانە، بەمەش تا رادەیەکی باش رێگەی سەرکەوتن رۆشن دەبێ لەبەرچاومان، جگە لەمەش کات و توانا و خەرجیی کەمترمان پێویست دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو.

ج- تاقیکردنەوە.

یەکێک لە رێگاکانی دەستکەوتنی شارەزایی لە بوارێکی دیاریکراو بریتیە لە تاقیکردنەوە، بە تایبەتی ئەگەر بوارێکی نوێ بو و خەڵکی شارەزا نەبون لە بوارەکە تا سود لە شارەزایی ئەوان وەربگری.

د- بەراوردی لۆجیکی.

زۆر جار بۆ دەستکەوتنی شارەزایی پێویستە لەسەرمان بەراوردی لۆجیکیانە ئەنجام بدەین بە تایبەت ئەگەر بە ٣ خاڵەکەی پێشو نەمانتوانی بگەینە ئەنجام، بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێ بەرزیی باڵاخانەیەک بزانین بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێک، رەنگە ئاسانترین رێگە بۆ ئەم حاڵەتە پێوانەکردنی سێبەری باڵاخانەکە بێ کاتێک سێبەری شتەکان تەواو بەقەد خۆیانن.

زانا کۆنەکان بەم شێوەیە بەرزیی شتەکانیان دۆزیوەتەوە ، وەک دۆزینەوەی بەرزیی هەرەمەکان.

دوای ئەوەی زانست و شارەزاییمان باسکرد، ئێستا لامان ڕونە کە زانست یەکسان نیە بە شارەزایی، رەنگە زۆر جار زانستێکی زۆر کۆبکەینەوە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بەڵام چونکە زانستەکەمان نەبۆتە شارەزایی سودێکی وای نابێ.

قوتابخانەو زانکۆکانی ئێمە زانست بە قوتابی دەدەن ، رەنگە زۆر زیاتر لە پێویستیش زانیاری ببەخشن، بەڵام یارمەتیی تاک نادەن زانست بگۆڕی بۆ شارەزایی ، لە ئەنجامدا تاکێک بەرهەم دێت کە زانیاریی زۆرە بەڵام ناتوانێ سود لەم زانیاریە وەربگرێ کە چەندین ساڵە کۆی کردۆتەوە.

خالێکی دیکەش هەیە کە زۆر گرنگە ئەویش بەکارهێنانی زانیارییە.ئێمە هەمو تەمەنی خۆمان بەسەردەبەین لە کۆکردنەوەی زانیاری بەڵام بەکاریان ناهێنین.

جا یان زانیارییەکان نابنە شارەزایی، یان دەبن بە شارەزایی بەڵام هەر خەریکی کۆکردنەوەی زیاتر و زیاترین و شارەزاییەکە ناخەینە خزمەت خۆمان و کۆمەڵگە.

کێشە لە کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر ئاڕاستەکردن و ڕێکخستنە نەک نەبونی کەرەستە، من دڵنیام خەڵکی زۆر زیرەک و بە توانا هەن ، شارەزاشمان زۆرن بەڵام ئەگەر ئاراستە نەکرێن بەرەو خزمەتکردن و شارەزاییەکانیان نەخرێتە بواری کرداری، ئەوا هەمو ماندوبون و رەنجی چەندین ساڵە بە فیڕۆ دەدەین.

ڕەنگە جیاوازیی ئێمە و ولاتە پێشکەوتوەکان هەر ئەوەبێ کە ئەوان دەزانن کەی و چۆن زانیاریەکان بکەن بە شارەزایی و سودیان لێ وەربگرن،بەلگەشمان ئەوەیە کە چەندین تاکی رۆژهەڵاتی بلیمەت هەبون کە لە ولاتەکانی خۆیاندا هیچ بایەخیان نەبو،بەلام بە گەیشتنیان بە رۆژئاوا بون بە مایەی ئاوەدانی و پێشکەوتن و داهێنانی گرنگ .

ئەم حالەتە بە نزیکەیی لەهەمو قوژبنێکی جیهان هەبوە ئێستاش هەیە بەلام لەسەردەمی جیاواز ،بۆ نمونە ئەنیشتاین- چونکە یەهودی بو- لە ئەلمانیا لەترسی کوشتن لەدەست نازییەکان هەلهات بەرە و ئەمریکا ، لەوێ خزمەتی زۆری بە ولاتەکە و بە مرۆڤایەتی کرد.

٦- برەودان بە چەمک و زمان.

چەمک و زمان دو ئامرازی گرنگن بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە بیرکردنەوەی دروست، ئەگەر تاک شارەزایی دەربارەی چەمک و بیرۆکەکان نەبێ ئەوا بیرکردنەوەشی دروست نابێ چونکە چەمکەکان نوێنەرایەتیی کۆمەڵێکی گەورەی شتەکان دەکەن.

چەمک – مفهوم – Concept.

بریتیە لە وشەیەک یا بیرۆکەیەک کە مانایەکی فروانی هەیە و گوزارشت دەکات لە کۆمەڵیک شت، بیرۆکە یا ڕوداو . بۆ نمونە رۆشنبیری چەمکە ،کۆمەڵێک شت بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی، وەک ، نەریتەکان، یاساکان، ئاین، شێوازی جلوبەرگ...هتد.

ئەگەر سەرنجێک لە دەوروبەری خۆمان بدەین هەست دەکەین کە زۆربەی شتەکان بە مانا سادەکانیان ناویان ناهێنرێ.

ئەگەر سەرنجێکی میدیا و سۆشیال میدیاش بدەین دەبینین زاراوەکان زۆربەیان چەمکن ، نەک وشەی سادە، بێگومان تا شارستانیەت پێشکەوێ چەمکی زیاتر پەیدادەبن مرۆڤیش بۆ ئەوەی لە جیهان دانەبڕێ دەبێ هەمیشە ئاگاداری چەمکەکان بێ بە تایبەتی چەمکە نوێیەکان.

چەمکەکان زۆر گرنگن ، دەتوانم بڵێم هەمو کێشەکانمان لە تێنەگەیشتن یا هەڵە تێگەیشتن یا شێوازی پێناسەکردنی چەمکەکانەوە سەرچاوە دەگرن ، بۆیە بەشی دوەم لەم کتێبە تایبەتە بە چەند چەمکێک کە بە درێژایی مێژو لە ئەنجامی هەڵە تێگەیشتن لێیان توشی کێشەی بێ شومار بوین.

زمان – اللغة – Language.

بریتیە لە سیستەمێکی زۆر پێشکەوتوی نیشانەو هێماکان لە چوارچێوەی چەند یاسایەکی دیاریکراو ، وە بە شێوەی دەنگ یا نوسین دەتوانین دەریان ببڕین.

وەک ئاشکرایە بەشێکی گەورەی بیرکردنەوە بەندە بە زمان، چونکە زمان ئامرازی لەیەک تێگەیشتن و گۆڕینەوەی بیر و بۆچونەکانە .

مرۆڤ تا شارەزایی لە زمان زیاتر بێ و زۆرتر بەکاری بهێنێ ئەوا زیاتر برەو بە توانای بیرکردنەوەی خۆی دەدات.

تا ئێرە مەبەستمان زمانی دایکە ، واتە زانینی زمانی دایک بەسە بۆ بیرکردنەوە، بەڵام بیرکردنەوە و کارکردنی سنوردار ، تا ئەو سنورەی زمانەکەت کاردەکات و

قسەی پێ دەکرێت بیرکردنەوەکانت بردەکەن، لەوخاڵە بەدواوە ئەگەر زمانی تر نەزانی ئەوا بێگانە و نامۆی بە بیرکردنەوەی ئەو شوێنە.

ئەگەر باسی زمان کوردی بکەین دەبینین زمانێکی جیهانی نییە، بە داخەوە تەنها لە بەشێکی بچوکی دنیا چالاکە، بۆیە دەبینین سەرچاوەکانی دەستکەوتنی زانیاری بە زمانی کوردی کەمن ، ئەگەر تۆزێک بازنەکە گەورەتر بکەین زمانی عەرەبی دێت کە زمانی دووەممانە، زمانێکی تا رادەیەک فروانە و سەرچاوەکانی زانست بە زمانی عەرەبی زیاتر دەست دەکەون، بەڵام ئەگەر بمانەوێ دەستمان بگات بە هەمو سەرچاوەکانی زانست ئەوا دەبێ زمانێکی زیندوی جیهانی وەک ئینگلیزی بزانین ، ماوەیەکی زۆرە ئینگلیزی بۆتە زمانی زانست و کاروباری هەمو دنیا ، تا ماوەیەکی زۆریش هەروا دەبێ ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ دەستمان بە زۆرترین زانیاری بگات پێویستە هەوڵ بدەین زمانی زانستیی سەردەم فێربین،ئەمرۆ زمانی زانست ئینگلیزیە و زۆرینەی سەرچاوەکانی زانست سەرەتا بەو زمانە دەنوسرێن ، تەنها بە زانینی کوردی وخوێندنەوەی سەرچاوە کوردیەکان دەستمان ناگات بە رێژەیەکی زۆر لە سەرچاوەی زانستەکان، ئەگەر کوردی و عەرەبیش بزانین دیسان رەنگە دەستمان بگات بە کەمتر لە نیوەی سەرچاوەکانی زانست ، بەلام بەفێربونی ئینگلیزی دەتوانین سود لە ١٠٠% ی زانست وەربگرین.

٧- شێوازی تێڕوانین.

بیرکردنەوە بەندە بە شێواز و چۆنیەتیی تێڕوانینی تاک بۆ شتەکان، هەڵە تێڕوانین بۆ شتەکان زۆر جار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی هەڵە .

لۆجیک(المنطق- Logic) ، ئەو زانستەیە کە تێڕوانینی دروستمان فێردەکا لە پێناو گەیشتن بە بیرکردنەوەی دروست.

هەربۆیە پێویستە هەر لە منداڵیەوە تاکەکان فێری تێڕوانینی دروست بکرێن.

* * *

ئامرازەکانی بیرکردنەوە

١- وێنە.

٢- چەمک یا بیرۆکە.

٣- هێما یا نیشانە.

٤- زمان.

٥- چالاکیە جەستەییەکان.

٦- چالاکیە هزریەکان.

هەمو ئەم ئامرازانەی سەرەوە یارمەتیدەرن بۆ کرداری بیرکردنەوە و رۆڵی گرنگ دەبینن لە دروستکردن و قاڵب گرتن و پەرەو پێشوەچونی بیرکردنەوەی تاک.

شێوازەکانی بیرکردنەوە زۆرن ، بەلام لە کۆتاییدا یەکێک لەم دو شێوازانەی خوارەوە زاڵ دەبێ لە بیرکردنەوەی بەگوێرەی ئەقلیەتی تاک :

جۆرەکانی ئەقلیەت [1]

تاکەکان بەسەر دو شێوە لە ئەقڵیەت دابەش دەبن و بە دو شێوە بیردەکەنەوە:

جۆری یەکەم : بیرکردنەوەی خێرا (Cognitive ease) ، ئەقڵیەتی سەرباز(Soldier Mindset).

بریتیە لە بیرکردنەوە یا بڕیاردانی خێرا لەسەر بابەتەکان بە پشت بەستن بە سۆز، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە ئاسانە هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆرینەی خەلک بەم شێوەیە بیردەکەنەوە.

[1] Thinking fast and slow by Daniel Kahneman , The scout mindset by Julia Galef

وەک ئاشکرایە ، سەرباز لەسەر ئەوە راهێنراوە کە شەربکات ، ئەو شەردەکات لەژێر فەرمانی ئەفسەرانی سەروی خۆی ، پرسیار ناکات ئایا شەرەکە ڕەوایە یان نا ، لەسەرهەقن یا ستەمکار، سەرباز ئامێری جەنگە ، کوێرانە گوێرایەلە بۆ سەروی خۆی ، کاری ئەو تەنها شەرکردنە لەپێناو سەرخستنی سوپاکەی خۆی.

بیرکردنەوەی سەربازانە هەمان تایبەتمەندیی هەیە ، گرنگ ئەوەیە سەربکەوێ ، گرنگ نیبە کێ راستە و کێ هەڵە .

ساڵی ١٨٩٤ کۆمەڵێک ئەفسەر لە سوپای فەرەنسی تێبینی کاغەزێکی دڕاو و فڕێدراویان کرد لە ناو سەبەتەی زبڵ، پارچەکانیان کۆکردەوە و بەیەکیان لکاندەوە ، بینیان کە زانیاریی سەربازیی زۆر هەستیاری تێدایە ، ئەوان وای بۆچون کە ئەمە کاری کەسێکی ناپاکە لەنێو خۆیان و ئەم زانیاریانەی بۆ سوپای ئەلمانی ئامادەکردوە کە دوژمنیان بو ئەوکاتە.

لێکۆلینەوەیەکی فروانیان دەستپێکرد و پەنجەی تاوان درێژکرا بۆ **(ئەلفرێد درێیفوس)**[1]، دلنیابون لەوەی کە بە دەستی ئەلفرێد نوسراوە بە بەراوردکردنی دەست و خەتی ، هەرچەندە دەست و خەتی ئەفسەری تر هەبو کە نزیکتر بو لە هی ئەو بەلام ئەوان دلنیابون کە ئەلفرێدە ، سوپا جێگای ئەلفرێدی پشکنی هیچی نەدۆزیەوە ، ئێستا زیاتر سورن لەسەر بریارەکەیان ، ئێستا ئەلفرێد نەک تاوانبارە ، بەلکو زۆر زیرەکیشە و هەمو بەلگەکانی شاردۆتەوە ، لە تۆماری سەربازیشدا هیچ کارێکی گوماناوی و ناپاکیی نەکردبو ، وردتر لێیان کۆلیەوە و چونە لای مامۆستاکانی ، گوتیان ئەلفرێد کەسێکی باش و زیرەک بوە و توانای لەبەرکردنی زۆر باش بوە ، بەمەش زیاتر سوربون ، ئەلفرێد زۆر زیرەکە و هەر لە سەرەتاوە پلانی داناوە بۆ ئەم ناپاکییە و سیخوری باشیش دەبێ شتەکان لەبەربکات نەک بیان نوسێتەوە نەوەک بەلگەنامەکان ئاشکرابن.

ئەلفرێد دادگایی کرا و تاوانبارکرا بە سیخوری بۆ دوژمن ، بە شێوەیەکی فەرمی داماڵرا لە پلەی سەربازی و بەشێوەیەکی ئابروبەرانە شمشێرەکەی شکێنرا و سزای

---

[1] ئەم چیرۆکە ساڵی ٢٠١٩ کراوەتە فیلم بە ناوی (An Officer and a Spy) لە دەرهێنانی (Roman Polanski) و پالەوانێتی (Louis Garrel).

زیندانیی تاهەتایی بۆ دەرچو لە بەندیخانەی (دورگەی شەیتان) لە ئەمریکای باشور.

دوای سالانێکی زۆر لە زیندان ، ئەفسەرێک بە ناوی (پیکارت) گوتی:

" باشە ئەی ئەگەر ئەلفرێد بێتاوان بو" ؟

چونکە تێبینی کرا دوای بەندکردنی ئەلفرێدیش دزەکردنی زانیاری بۆ دوژمن هەر بەردەوام بو.

پیکارت سەروی خۆی ئاگادارکردەوە لەم بابەتە ، بەلام گوێی لێ نەگیرا ، بە بیانوی جۆراوجۆر:

" ڕەنگە کەسێک بێ خۆی فێری دەست و خەتی ئەلفرێد کردبێ ، یا سیخورێکی ترە کە دەیەوێت کارەکەی ئەلفرێد تەواو بکات ".

تاکە هۆکار وایکرد کە ئەلفرێد تاوانبار بکرێ ئەوە بو کە ئەو تاکە سەربازی یەهودی بو لەناویان ، ئەوکاتەش فەرەنسا دژە یەهودی بون ، بۆیە زۆر بە ئاسانی بڕیاری پێشوەختە و ئەقلیەتی سەربازی وای لێکردن هەمو ڕاستییەکان وەلا بنێن.

کاتێک بیروباوەر یا بڕیاری پێشوەختە پالنەر بن بۆ بیرکردنەوە ، ئەستەمە بتوانین بەڕاستی خۆمان بین ، بۆیە ناتوانین بڕیاری دروست بدەین .

گرنگترین ئەو پالنەرە بەهێزانەی بڕیارەکانی مرۆڤ ئاراستەدەکەن بریتین لە، ئاین ، هەستی نەتەوایەتی ، چوارچێوەی بیرکردنەوە یا کەلتور ، ڕابردو .

خودی ئاین کۆسپ نییە لەبەردەم بڕیاردانی دروست ، بەلکو بە پێچەوانەوە ئاین هەمیشە داوا لە مرۆڤ دەکات بیربکاتەوە و ئەقل بەکاربهێنێ و خۆی دوربگرێ لە بڕیاری پێشوەختە و لایەنگیری . بەلام هەلە تێگەیشتن لە ئاین بە داخەوە شتەکانی شێواندوە و چوارچێوەیەکی زۆر تەسک کێشراوە بۆ ئاین و تیایدا ئاین قەتیس کراوە و کورت کراوەتەوە لە چەند پەرستشێکی بێ گیان و سەر و سیمایەکی خوازراو و تێکەل بە کەلتوری پێشینان .

بۆیە کاتێک وەک مسولمان لەگەل بێ باوەڕان کێشەمان دەبێ ، بە بێ دودڵی و بە بونی لاوازترین بەلگە ، یا زۆر جار بێ بەلگەش پشتیوانی لە مسولمان دەکەین .

خۆزگە کێشەکان هەر لەگەل بێ باوەران بونایە ، ئێمە لە ناوخۆش یەکتر قبول ناکەین ، بۆ نمونە ئەگەر شیعەیەک قسە بکات سونەکان گوێی لێناگرن ، تەنانەت هەمو شیعەکانیش گوێی لێناگرن .

کاتێک سوننەیەکیش قسە دەکات ، نەک شیعە تەنانەت هەمو سوننەکانی سەر بە مەزهەب یا گروپ یا پارتەکانی تر گوێی لێ ناگرن .

بە هەمان شێوەش کاتێک وەک کورد کێشەمان دەبێ لەگەل عەرەب یا فارس یا تورک ، بە بێ دودڵی پشتیوانی لە کورد دەکەین چونکە لە ناخی خۆماندا هەستێک هەیە پێمان دەڵێ کە هەمو نەتەوەکان ستەمیان لێمان کردوە و هەمیشە ئێمە بێ تاوان بوین.کاتێکیش بەم شێوەیە بیربکەینەوە و هەمیشە خەلکی بە تاوانبار بزانین ئەوا بە چاوی دوژمن لێیان دەروانین و لەگەل دوژمنیش ژیان کردن و لێک تێگەیشتن ئاسان نییە ، بۆیە کێشەکان لە کۆمەلگاکانی رۆژهەلاتی ناوەراست هەرگیز کۆتاییان نایێ.

کەلتوریش رۆلێکی گرنگ دەبینێ لە دروستکردنی بڕیارەکان ،بۆیە زۆر جار هەندێک بڕیار هەن راستن بەلام ناوێرین تەنانەت باسیشیان بکەین چونکە نامۆن بە کەلتورمان.

کەلتوری رۆژهەلاتیش زیاتر فیقهیە و تاکی ئێمە هەمو بابەتەکان بە ئاین دەبەستێتەوە ، ئەوەش هێندەی تر بابەتە ئالۆزدەکات و بڕیاردانی دروست ئەستەم دەبێ .

جارێکیان لە خزمەت مامۆستایەکی ئاینی چەند رەخنەیەکم لە تێگەیشتنی هەلەی مسولمانان گرت لە چەند بابەتێکی دیریکراو ، مامۆستاکە گوتی :

" قسەکانت راستن بەلام مەلاکان ناوێرن ئەم قسانە بکەن "

لەوێوە بۆم دەرکەوت کە لەلای هەندێ کەس کەلتور گەورەترە لە خودا ، دەرکەوت خەلکێکی زۆر هەن کەلتور و ناوبانگ و پایەی کۆمەلایەتی دەپەرستن نەک خودا !

د.موستەفا زەلمی دەڵێ :

" لە مامۆستا (عبدالکریمی مدرس)[1] م پرسی بۆچی کاتێک پرسیارت لێ دەکەن بە ئیجتیهادی خۆت وەڵام نادەیەوە ؟ بۆچی بە ناوی (حنفی و شافعی و مالکی) وەڵام دەدەیەوە؟ خۆت دەزانی شافیعی[2] تەنها ٤ زانستی خوێندوە بەلام بەرێزت ١٢ ت خوێندوە و ٧٠ ساڵە مامۆستای !

مامۆستا عبدالکریمی مدرس لە وەلامدا فەرموی :

" راست دەکەی ، بەڵام دەزانی کە مامۆستا ئاینیەکان و ئەوانەی لەگەڵیاندان چەند زمان درێژن و چی دەڵێن " [3]

ڕابردوش رۆلێکی کاریگەر دەبینێ لەسەر دروستکردنی بڕیارەکانمان ، چونکە ئەقلی نائاگای مرۆڤ کۆگایەکی زۆر گەورەی ئەزمونە کەڵەکەبوەکانی رۆژگارە، بێ ئەوەی ئاگاداربین بڕیارەکانمان تا رادەیەکی زۆر کاریگەرن بە ئەزمونی پێشو و زانیاریەکانی ئەقلی نائاگامان.

ئەوەش لەبیرنەکەین کە ٩٠٪ ی بریار و کارەکانی مرۆڤ ئەقلی نائاگا لێیان بەرپرسە و ئەقلی ئاگا تەنها ١٠٪ کاردەکات.

---

[1] مامۆستا عبدالکریم ، زانایەکی بلیمەت و پایەدار بو ، لە ١٩٠١ تا ٢٠٠٥ ژیاوە و سەدان زانای پێگەیاندوە و دەیان کتێبی نوسیوە ،هەروەها تەفسیری قورئانیشی نوسیوە.

[2] أبو عبد الله محمد بن إدريس الشافعي المطّلبي القرشي ، دانەری مەزهەبی شافیعی لە ١٥٠ تا ٢٠٤ ی کۆچی ژیاوە. دیوان الإسلام . شمس الدين ابن الغزي ، ديوان الامام الشافعي . محمد عفيف الزعبي

[3] کاروانی ژیانم . د.موستەفا زەلمی.

بیرکردنەوەی سەربازانە ئەم جیاکەرەوانەی هەیە:

- **خێرایە**
- **ئاسانە**
- **گونجاوە بۆ بابەتی بچوک و سادە.**
- **پێویستی بە ئەرکێکی ئەوتۆ نیە**
- **هەموکات کارایە، تەنانەت لە کاتی نەخۆشی و بێزاریشدا.**
- **ئەگەری هەڵەی زۆرە.**

کۆمەڵێک هۆکار هەن وا لە تاک دەکەن کە بەم شێوە بڕیار بدا، بێگومان لە پشت ئەم هۆکارانە پلانی گەورە هەن و بەرنامەرێژیی پوخت و وردیان بۆ کراوە ، میدیاکان ، کۆمپانیا زەبەلاحەکان ، حکومەت و سیاسەتمەدارانیش پەنا دەبەنە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە تا خەلکی بەم شێوازە بیربکەنەوە:

١- بەلاڕێدابردن.

زۆرجار لە میدیاکان ڕیکلامێکی بازرگانی دەبینین ، بێگومان ڕیکلام خۆی بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی تەواوی مرۆڤایەتی بەلاڕێدا ببا ، چونکە ڕیکلام پڕیەتی لە پەیامی شاراوە کە دەچنە ئەقڵی نائاگای مرۆڤ و و دواتر کاریگەری دروست دەکەن، لێرەدا زیاتر دەمەوێ تیشک بخەمە سەر لایەنێکی تر لە ڕیکلام کە بەلاڕێدابردنە، بۆ نمونە ڕیکلامێک باسی پرۆژەیەکی بازرگانی دەکا ، پشت دەبەستی بە کۆمەڵێک وێنە و ڤیدیۆی جوان ، دەنگی کاریگەر، ئەکتەری جوان و سەرنج ڕاکێش ، لە هەموشی گرنگتر تەنها باسی چەند لایەنێکی پرۆژەکە دەکات ، باسی جوانیی، پڕفرۆشی یا داهاتو دەکا، بە پێشاندانی کۆمەڵێک وێنەو ڤیدیۆ و هەڵبژاردنی چەند دەستەواژەیەکی زیرەکانە پەیامی ئەوەمان پێدەدا کە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە و پێویستە پەلە بکەین لە بەشداریکردن . بەلام هەرگیز پێت نالێ کە نرخەکەی زۆرە یا ئێستا بازار باش نیەو دۆخی ئابوری لە دارمانە یاخود ئەو پارە زۆرەی لەو پرۆژەیە دادەنرێ ڕەنگە لە لایەکی تر بە فرۆشتنی میوە و سەوزە زۆر لەوە زیاتر قازانج بکا .

بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێکلام کۆمەڵێک تەکنیک و فرو فێڵی تێدایە ، تاک زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە داوی ، لە خۆڕاییش نیە کە ڕیکلامی بازرگانی هەیە چەند ملیۆن دۆلاری تێدا خەرج کراوە، بەلام لە بەرامبەردا سەد ئەوەندە قازانج دەهێنێ.

ئەوەی باسمان کرد لەسەر ڕێکلام بۆ سیاسەتیش هەمان شتە ،لە سیاسەتیش زۆر بەڵێن بە خەلک دەدرێ و سەیر ئەوەیە خەلکیش باوەر دەکەن و متمانەیان پێدەکەن، ئەوان نازانن کە بەرنامەیەکی ورد و تۆکمە هەیە وایان لێدەکا زۆر جار بەبێ ویستی خۆیان بڕیار بدەن و متمانە ببەخشنە پارتێکی دیاریکراو کە ڕەنگە لە زیان زیاتر هیچی نەبێ بۆ کۆمەلگە.

ئەوەشمان لەبیر نەچی زۆر جار بازرگانانی ئاینیش ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنن بۆ بانگەشە کردن بۆ بابەتێکی دیاریکراو، کاتێک سۆزی خەلک بەکاردەهێنن و جۆشی دەدەن تا مەرامێکی تایبەت بەدەست بێنن.

ب- سنوردانان.

زۆر جار دەمانەوێ شتێک بکڕین ، بەڵام نرخەکەی گرانە و نایکڕین ، بەڵام کاتێک دەبینین لەسەری نوسراوە داشکاندن ، پێشتر بە ١٠٠ دۆلار بو ئێستا بە ٥٠ دۆلارە ، زۆر بە قەناعەتەوە دەیکڕین و زۆریش دڵمان پێی خۆشە.

بێگومان ئەم تەکنیکە لە هەمو بوارەکانی ژیان و بیرکردنەوەمان بەکاردێ و کاریگەریی زۆر بەهێزی هەیە لەسەر بیرکردنەوەو بڕیارەکانی تاک، بەڵام ئەوانەی بە شیوازی یەکەم بیردەکەنەوە زیاتر دەکەونە داوی ئەم فێڵانە.

ج- لە قاڵبدان یا چوارچێوەگرتن.

نمونەیەکی زیندو کە ئێستا هەمو جیهانی خستۆتە لەرز و دڵەڕاوکێ ، پەتای کۆرۆنا COVID19 ئەو پەتایەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ سەری هەڵدا لە شاری ووهانی چین و زۆر خێرا بڵاوبوەوە و سەرجەم دنیای داگرت ، لێرەدا دەمەوێ تەنها تیشک بخەمە سەر ئەو لایەنەی کە پەیوەندی بە بابەتی بیرکردنەوە هەیە.

خۆی نەخۆشیەکە هەڵامەتە و ڕێژەی مردن تەنها ٢% ە. ڕێژەی مردن لە جیهان بەهۆی ئەم پەتایە بە پلەی ٨ دێت.

واتە ٧ نەخۆشیی تر هەن کە زۆر لەوە زیاتر خەلک دەکوژن بەلام بە دەگمەن باس دەکرێن.

کاریگەریی لە قالبدان یا چوارچیوەگرتن چۆنە؟

بۆ نمونە ئەگەر ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕاپۆرتێک بڵاوبکاتەوە تیایدا هاتبێ:

ڕێژەی %٢ ی توشبوان بەم نەخۆشیە دەمرن.

خەلکێکی زۆر دەترسن و خۆپارێزی دەکەن.

بەڵام ئەگەر هەمان راستی بەم شێوەی خوارەوە بنوسین:

%٩٨ ی توشبوان چاک دەبنەوە.

لێرەدا خەلک کەمتر دەترسن و ڕەنگە کەمتر گرنگی بە خۆپارێزی بدەن.

ئەوەی لێرەدا ویستم بیخەمەڕو تەنها ئەو خاڵە بو کە کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەو بڕیاردانی تاک.

د- بڕیارە خێرا و ئامادەکان.

مێشکی مرۆڤ زۆربەی کات ئاسانترین چارەسەری یا بیرۆکە پێشکەش دەکا، وەک باسیشمان کرد زۆربەی خەلکی بەم شێوەیە مێشکیان بەرنامەرێژکراوە و هەمیشە پەنا دەبەنە بەر ئاسانترین و کورتترین چارەسەر یا وەڵام یا بیرۆکە، بڕیارە خێرا و ئامادەکان پێشینەیان هەیە و لە خۆوە دروست نابن ، زۆر هۆکار هەن بۆ ئەوەی مرۆڤ بەم شێوەیە بڕیار بدا .

وەک باسمان کرد هۆکار زۆرن وا لە مرۆڤ دەکەن بەم شێوەیە بڕیار بدا وەک، زانیاریی تۆمارکراو لە هزری تاک , لایەنگیری و بڕیاری پێشینە و ئارەزوەکانی تاک و کەلتوری کۆمەلگە.

جۆری دووەم : بیرکردنەوەی لەسەرخۆ (Cognitive strain) ، ئەقڵیەتی دیدەوان(Scout Mindset).

ئەم جۆرەیان ئالۆزەو پێویستی بە کۆمەلێک لێکدانەوە و شیکاریی ورد هەیە لەناو مێشک و زیاتر پشت دەبەستێ بە ژیری نەک سۆز.

وەک ئاشکرایە دیدەوان ئەو کەسەیە کە هەلدەستێ بە گەران و پشکنینی ناوچەکەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی دلنیابونەوە لە نەبونی مەترسی بەر لە جولانی سەرباز بۆ ناوچەکە ، دیدەوان هەمو ناوچەکە دەپشکنێ ، هەمو ئەگەرەکانی لەبەرچاودەگرێ ، بریارنادات ، بەلکو زانیاری دەگوازێتەوە و بۆچونی خۆی پێشکەش دەکات.

ئەقلیەتی دیدەوانی شەرناکا لەسەر بۆچونەکانی و کوێرانە پشتگیریان ناکا، بۆچونی خۆی دەردەبرێ و ئەگەری راستی و هەلەی تێدایە . ئەقلیەتی دیدەوانی کراوەیە و زانیاری کۆکەرەوەیە . لای ئەو گرنگ نییە کێ سەردەکەوێ ، گرنگ ئەوەیە راستی سەربکەوێ.

بەشێوەیەکی گشتی جیاکەرەوەکانی ئەمانەن:

- **لەسەرخۆیە.**
- **سەختە.**
- **گونجاوە بۆ بڕیاری گرنگ و چارەنوس ساز.**
- **پێویستیی بە ئەرکە و ماندوت دەکا.**
- **لە کاتی نەخۆشی و بێزاری کارناکا.**
- **ژیریی و لێکدانەوەی تێدایە.**
- **هەلەی تێدا نییە یا زۆر کەمە.**

لەبەر ئەم خالانەی سەرەوە ، دەبینین زۆربەی خەلکی خۆیان لەم جۆرە بیرکردنەوە بە دور دەگرن و هەمیشە پەنا دەبەنە بەر شێوازی یەکەم لە بیرکردنەوە، کە ئەمەش زۆر جار کارەساتی لێ دەکەوێتەوە چونکە بیرۆکەکانمان دەبن بە قسە، قسەکانیش دەبن بە کردار، کردارەکانیش دەبن بە ڕەفتار

(سلوک) دواجار دەبن بە کەسایەتیمان، واتە بیرکردنەوە بەردی بناغەی کەسایەتیمانە، ئەگەر ورد و زانستیانە بنیاتی نەنێین ئەوا کەسایەتیمان هەرگیز دروست دەرناچی چونکە هەرشتێک لەسەر بناغەی لاواز بنیات بنرێ ئەوا بێگومان لاوازە دەبێ .

تا فێرنەبین وەک دێدەوان بیربکەینەوە ، ئەستەمە بتوانین دروست بیرکەینەوە .

ئەگەر سەرنجی شێوازی بیرکردنەوەی ئەوروپیەکان و ولاتە پێشکەوتوەکانی ئاسیا بدەین دەبینین بیرکردنەوەیان تەواو جیاوازە و زیاتر ئەقلیەتی دێدەوانی زاڵە نەک سەربازی .

من ساڵانێکی زۆر وەرگێڕی زمان بوم و دەتوانم بڵێم لەگەل هەمو نەتەوەکانی جیهان کارم کردوە.ئەوەم زۆر بە رونی تێبینی کردوە ، ئەوانەی سەربازانە بیردەکەنەوە خەلکی کۆمەلگە دواکەوتوەکانن ، لە بەرامبەریشدا ئەوانەی دێدەوانانە بیردەکەنەوە خەلکی کۆمەلگە پێشکەوتوەکانن.

ئەوان هەرگیز رای خۆیان ناسەپێنن و خۆیان هەمیشە بە دروست نازانن و بەرامبەریش بە هەڵە ، هەر ئەوەشە وای لێکردون لە گۆشەنیگای زیاتر لە بابەتەکان بروانن ، بەمەش ئاسۆی بینین و بیرکردنەوەیان فراوانتر دەبێ.

* * *

دووەم: کۆکردنەوەی زانیاری و شیکار و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و پوختەکردنی.

یەکێک لە بنەماکانی بیرکردنەوەی دروست بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری، وەک ئاشکرایە ئەمڕۆ دەسکەوتنی زانیاری زۆر ئاسانە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو زۆریی سەرچاوەکان و بەردەست بونی بە ئاسانی و بەخۆڕایی، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا لەبەرچی زۆربەی خەڵک ناتوانن دروست بیربکەنەوە سەرەرای ئاسان دەستکەوتنی زانیاریی پێویست ؟

دیارە وەڵامەکە ئەوەیە کە زانیاری گرنگ نیە ئەگەر مەرجدار نەبێ، زۆرێک لە خەڵکی زانیاریی زۆریان لەلایە بەڵام ناتوانن دروست بیربکەنەوە.

هۆکاری ئەمەش دەکرێ لەم خاڵانە کورت بکرێتەوە:

ا- وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری تەنها بە مەبەستی دەرچون لە تاقیکردنەوە:

ئەم دیاردەیە زۆر بە رونی بە دی دەکرێ لە هزری تاکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، خەڵکێکی زۆر دەناسم زانیاری زۆریان لایە بەڵام زانیاریەکانیان تەنها بارگرانین بۆیان، برادەرێکم هەیە لە ماوەی پشوی یەک ساڵی خوێندن فەرهەنگێکی تەواوی زمانی ئینگلیزی لەبەرکرد، بەڵام زۆر بە داخەوە توانای ئەوەی پەیدا نەکرد کە ١٠ رستەی ئینگلیزی بە بێ هەلە دەربرێ .

مەسەلەکە پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاری، نەوەک زۆریی زانیاری، چونکە زۆری و بۆری گرنگ نییە، بەلکو کەمی و پوختی گرنگە.ئەو برە زانیاریەی کۆی دەکەینەوە رەنگە نیوەیشی بەکارنەهێنین.

ب- تەسکی ئاسۆی بیرکردنەوە و لایەنگیری:

زۆر جار دەبینین نوسەرێک یا بیرمەندێک لە بوارێک زانیاریی زۆری لایە بەڵام لەبەر تەسکیی ئاسۆی بیرکردنەوە و لایەنگیریی بۆ ئاین ، مەزهەب یا گروپێکی دیاریکراو ناتوانێ لە جوغزی بیرکردنەوەیەکی تەسک بێتەدەر و لە ناو بازنەیەکی داخراو دەخولێتەوە، ناتوانێ بیروڕای ئەو کەسانە وەربگرێ کە وەک ئەو

دووەم: کۆکردنەوەی زانیاری و شیکار و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و پوختەکردنی.

یەکێک لە بنەماکانی بیرکردنەوەی دروست بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری، وەک ئاشکرایە ئەمڕۆ دەسکەوتنی زانیاری زۆر ئاسانە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو زۆریی سەرچاوەکان و بەردەست بونی بە ئاسانی و بەخۆڕایی، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا لەبەرچی زۆربەی خەڵک ناتوانن دروست بیربکەنەوە سەرەرای ئاسان دەستکەوتنی زانیاریی پێویست ؟

دیارە وەڵامەکە ئەوەیە کە زانیاری گرنگ نیە ئەگەر مەرجدار نەبێ، زۆرێک لە خەڵکی زانیاریی زۆریان لەلایە بەڵام ناتوانن دروست بیربکەنەوە.

هۆکاری ئەمەش دەکرێ لەم خالانە کورت بکرێتەوە:

ا- وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری تەنها بە مەبەستی دەرچون لە تاقیکردنەوە:

ئەم دیاردەیە زۆر بە رونی بە دی دەکرێ لە هزری تاکەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست، خەلکێکی زۆر دەناسم زانیاری زۆریان لایە بەڵام زانیاریەکانیان تەنها بارگرانین بۆیان، برادەرێکم هەیە لە ماوەی پشوی یەک ساڵی خوێندن فەرهەنگێکی تەواوی زمانی ئینگلیزی لەبەرکرد، بەڵام زۆر بە داخەوە توانای ئەوەی پەیدا نەکرد کە ١٠ رستەی ئینگلیزی بە بێ هەلە دەربڕێ .

مەسەلەکە پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاری، نەوەک زۆریی زانیاری، چونکە زۆری و بۆری گرنگ نیبە، بەلکو کەمی و پوختی گرنگە.ئەو بڕە زانیاریەی کۆی دەکەینەوە رەنگە نیوەیشی بەکارنەهێنین.

ب- تەسکی ئاسۆی بیرکردنەوە و لایەنگیری:

زۆر جار دەبینین نوسەرێک یا بیرمەندێک لە بوارێک زانیاریی زۆری لایە بەڵام لەبەر تەسکیی ئاسۆی بیرکردنەوە و لایەنگیریی بۆ ئاین ، مەزهەب یا گروپێکی دیاریکراو ناتوانێ لە جوغزی بیرکردنەوەیەکی تەسک بێتەدەر و لە ناو بازنەیەکی داخراو دەخولێتەوە، ناتوانێ بیروڕای ئەو کەسانە وەربگرێ کە وەک ئەو

بیرناکەنەوە، یا ئەوانەی لەسەر دینی ئەو یا بیروباوەڕی ئەو نین،   کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبی لە بیرکردنەوە و لە ئەنجامیشدا لاوازی لە گوفتار ، کردار ، پاشان لە کەسایەتیی ڕەنگ دەداتەوە.

بە داخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەم نمونانە زۆرن ، ئەوەی زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێ مامۆستایانی ئاینین کە رۆژانی هەینی وتاریان هەیە، یا ئەو بانگخوازانەی کە لە میدیاکان دەردەکەون، لێرەدا بە مەبەست باسی پیاوانی ئاینی دەکەم چونکە ئەوان خاوەن مینبەرن و خەلکێکی زۆر گوێیان لێ دەگرێ ، وە بیرکردنەوەی تاک تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بەو ڕینمایی و زانیاریانەی کە مامۆستای و بانگخوازەکان بە خەڵکی دەدەن، لە لایەکی دیکەشەوە من خۆم لە ناو خێزانێک پەروەردە بوم کە باو باپیران و زۆر لە دۆست ناسیاو و ئاشناکانمان مامۆستای ئاینین، وە هەر لە منداڵیەوە خولیای لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن و گەڕانم هەیە بە دوای ڕاستیەکان و هەمیشە پرسیار دەکەم و بە دوای زانیاریدا دەگەڕێم، وە کاتێک ڕەخنە دەگرم مەبەستم تەنها و تەنها خزمەتکردنی کۆمەڵگە و ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنە هەڵەکانی نێو ئاینە، ئاینی ئیسلام زۆر پیرۆز و جوانە، بەڵام بە داخەوە ناشرین کراوە(بە مەبەست یا بە نەزانی).

کەسیش نابینم هەوڵ بدا بۆ ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنە هەڵەکان و کەمو کوڕییەکان .

لەوەشدا بەشی زۆری تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی کە چەندین سەدە بەر لە ئێستا سیستەمێکی بیرکردنەوەی وایان داڕشت کە زۆر دورە لە ژیری و زانست.

کارەساتە بەڕاسی کاتێک دەبینی مامۆستای ئاینی لەسەر مینبەر دەڵێ :

" زانست چیە ؟ با بۆخۆیان هەر وابڵێن، تەنها قورئان و فەرمودە زانستن، زەوی ناسوڕێتەوە ، زەوی تەختە ".

ئەمانە بەشێکن لە قسەکانی مامۆستایەکی ئاینی لە سەر مینبەرێک کە سەدان خەلکی ئامادەن و پاشانیش لە میدیاکان ملیۆنان کەس ڤیدیۆکەی دەبینن .

ڕەنگە ئەو مامۆستایە ناهەقیش نەبێ چونکە ئەو لە قوتابخانەیەک دەرچوە کە بەم شێوەیە بیردەکەنەوە،زۆرێک لە بیرمەندانی پێشو کە بە گەورە زاناکانی هەمو سەردەمانێک دانروان زۆر بە توندی دژایەتیی زانستیان کردوە، بۆ نمونە (ئیبن صلاحی شارەزوری)[1] لە یەکێک لە فتواکانی دەڵێ:

" ومن فتاويه أنه سئل عمن يشتغل بالمنطق والفلسفة فأجاب: الفلسفة أس السفه والانحلال، ومادة الحيرة والضلال، ومثار الزيغ والزندقة، ومن تفلسف، عميت بصيرته عن محاسن الشريعة المؤيدة بالبراهين، ومن تلبس بها، قارنه الخذلان والحرمان، واستحوذ عليه الشيطان، وأظلم قلبه عن نبوة محمد ﷺ، إلى أن قال: واستعمال الاصطلاحات المنطقية في مباحث الأحكام الشرعية من المنكرات المستبشعة، والرقاعات المستحدثة، وليس بالأحكام الشرعية - ولله الحمد - افتقار إلى المنطق أصلا، هو قعاقع قد أغنى الله عنها كل صحيح الذهن، فالواجب على السلطان أعزه الله أن يدفع عن المسلمين شر هؤلاء المشائيم، ويخرجهم من المدارس ويبعدهم" [2].

" لە وەلامی لە یەکێک لە پرسیارەکانی وا فتوای داوە " فەلسەفە بناغەی فەسادی و داروخانە، مایەی دلەراوکێ و گومراییە، ریگەی زەندەقەیە، هەرکەسێک فەلسەفە بخوێنێ چاوی کوێردەبێ لە ئاست جوانیەکانی شەریعەت کە بە بەلگە پشتراست کراونەتەوە، هەرکەسێک خەریکی بێ توشی زەلیلی و بەدبەختی دەبێ، شەیتان دەستی بەسەردادەگرێ و دلی تاریک دەبێ و بەیامی ئیسلام نابینێ، تەنانەت بەکارهێنانی چەمکەکانی (منطق-لۆجیک) لە حوکمە شەرعیەکان لە (مونکەراتە قێزەوەنەکان)ە ، سوپاس بۆخوا،نەزانینی مەنتیق بەخششێکی گەورەی خودایە بۆ ئەوانەی ئەقلیان سەلامەتە، وەپێویستە لەسەر دەسەلات - خوا پایەداریان بکات- ئەو شەرە نەگریسە لە مسولمانان دوریخەنەوە ،لە قوتانخانەکان دەریان بهێنن و دوریان بخەنەوە".

[1] زانایەکی فەرمودەیە،کوردە و خەلکی شارەزورە، لە ١١٨١-١٢٤٥ ژیاوە.
[2] سير اعلام النبلاء

دوای ئەو (غەزالی)[1] و (ئیبن تەیمیە)[2]ش لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتون و هەمان ڕایان هەبوە لەسەر فەلسەفە،غەزالی تەنانەت کتێبێکیشی نوسیوە لە دژی فەلسەفە و فەیلەسوفان بە ناوی (تهافت الفلاسفة)، پاشان (ابن رشد) وەلامی داوەتەوە بە کتێبێک بەناوی (تهافت التهافت) کە تیایدا باسی گرنگیی فەلسەفە دەکات ، بەلام وەک چاوەروانکراوە ،ئیبن صلاح و غەزالی کراون بە فریشتە و ئیبن روشدیش بە فەیلەسوفێکی زەندیق و لە دین دەرچو.

ئیمامی شافیعی کە خاوەنی مەزهەبە و گەورەترین و بەناوبانگترین زانای فیقهی ئیسلامیە دەربارەی زانست دەڵێ:

كُلُ العُلومِ سِوى القُرآنِ مَشغَلَةٌ إِلّا الحَديثَ وَعِلمَ الفِقهِ في الدينِ

العِلمُ ما كانَ فيهِ قالَ حَدَّثَنا وَما سِوى ذاكَ وَسواسُ الشَياطينِ[3]

واتە:

هەمو زانستەکان جگەلە قورئان خۆ خەریک کردنە ، تەنها فەرمودە و فیقهی ئیسلامی نەبێ

زانست واتە (وایان گێڕاوە، یا وایان گوت) ، جگە لەمانە هەموی وەسوەسەی شەیتانن .

ئەوەشمان بیرنەچێ کەلە سەردەمی شافیعی تەنها (زانستی قورئان و فەرمودە و بنەماکانی فیقهی ئیسلامی و ڕەوانبێژی) هەبوە ،هەرچەندە فەلسەفە و لۆجیک زۆر لەو زانستانە کۆنترن و لەناو عەرەبیشدا هەبون ،بەلام خەلکی خۆیان لەو زانستانە بەدوردەگرت چونکە زانا و فەقیهەکان ئەم زانستانەیان بە کوفر و گومرایی دەزانی.

---

[1] أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي . جامع الأصول . ابن الاثير

[2] أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله النميرى الحرانى الدمشقى الحنبلى أبو العباسى تقى الدين تيمية لە ٦٦١ تا ٧٢٨ ی کۆچی ژیاوە . موسوعة الأعلام . د.عزيزة فوال بابتي

[3] مجمع الحكم والأمثال في الشعر العربي . احمد قبش / ديوان الامام الشافعي . محمد عفيف الزعبي

لێرەدا مەبەستم تەنها یەک خاڵە، ئەویش ئەوەیە کە نابێ بیرکردنەوەمان سنوردار بێ وە نابێ لایەنگیری بکەین لە زانست.

ئێمە ئەو کاتە توشی کارەسات دەبین کە مرۆڤەکان و دەقەکان بە پیرۆز دەزانین و ناتوانین ڕەخنەیان لێ بگرین.

تۆ بڵێی زاناکانی پێشو لە قورئان تێنەگەیشتبن ؟ چونکە لە قورئان خودا بەڕونی داوامان لێدەکات کە فەلسەفە و لۆجیک بخوێنین :

- ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ۖ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴿١٢٥﴾ النحل

" خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێگەی خودا بە دانایی و ئامۆژگاریی جوان ، ئەگەر توشی دەمەقاڵێ و گفتوگۆش بون ئەوا بە جوانترین شێوە بیکەن ....."

وشەی فەیلەسوف لە بنەڕەتدا یۆنانیە لە وشەی Philo , Sophos پێک دێت

Philo واتە خۆشەویستی ، Sophos واتە دانایی .

فەیلەسوف واتە ئەو کەسەی دانایی خۆش دەوێ (محب للحكمة)

ئایا خوداش داناییمان لێ داوا ناکات ؟

وشەی Logos, Logic یۆنانییە ، واتە ژیری (المنطق)

ئەگەر سەرنجی قورئانی پیرۆزیش بدەین لە سەدان جێگە خودا باسی تێفکرین و بەکارهێنانی ژیری دەکات وەک (تتفكرون ، تعقلون ، تبصرون ،تهتدون) ، هەمو ئەمانەش بە ژیری و دانایی دەکرێن نەک بە وتاردان و لەبەرکردنی دەقەکان و گێڕانەوەی چیرۆک و داستان.

سێیەم: گۆڕینی زانیاری بۆ کردار.

ئینگلیز پەندێکی زۆر جوانیان هەیە دەڵێ :

"Actions speak louder" واتە **"کردارەکان دەنگیان بەرزترە "**

مرۆڤ هەر سروشتی خۆی وایە زۆر قسە دەكات و كەمتر كرداری هەیە، لە ژیانی رۆژانە و گوزەران رەنگە ئەوە ئاسایی بێ كە مرۆڤ قسەكانی زیاتر بن لە كردارەكانی، بەڵام كە دێینە سەر باسی بیركردنەوە و قوڵبونەوە لە شتەكان و بە دوای چارەسەردا دەگەڕێین لە بابەتێكی دیاریكراو، پێویستە زۆر بیربكەینەوە و كەم بڵێین، یا زۆر بیربكەینەوە لە كردار و كەمتر قسە بكەین ، یا ئەوەی دەیزانین بیكەین بە كردار نەوەک هەر زانیاری و بیرۆكە بن و خانەكانی مێشكمان داگیربكەن.

لێس براون دەڵێ :

" كاتێک لەسەرەمەرگین چەند تارماییەک دێن و دەورمان دەدەن، هەمویان تورەن و گلەیی دەكەن، پێمان دەڵێن كە بە درێژایی ژیان ئێمە لەگەڵت بوین و لە خزمەتتدا بوین ، بۆچی ئێمەت بەكارنەهێنا و سودێكت بە خۆت و بە كۆمەڵگەكەت نەگەیاند؟ بۆچی ئێستا بێ سود لەگەڵ خۆت دەمانبەیتە ناو گۆڕ؟ "[1]

دەزانن ئەم تارماییانە چین ؟ ئەم تارماییانە ئەو توانایانەن كە لە هەریەكێک لە ئێمەدا هەن بەڵام ئێمە نازانین یا ناتوانین بیانكەین بە كردار و سودیان لێ ببینین ، ئاخۆ لە سەرەمەرگدا چەند تارمایی یەخەمان پێ بگرن ؟

بیرۆكەكان وەک خواردن و خواردنەوەن ، تەمەنێكی دیاریكراویان هەیە و ئەگەر لە كات و ساتی خۆیدابەكار نەهێنرێن ئەوا ماوەیان بەسەردەچێت و چیتر كەلكیان نابێ .

بە بەتاڵی بمرە، واتە ئەوەی هەتە هەموی بەكار بهێنە ، چونكە ناتوانی هیچ لە بیرۆكەكانت لەگەڵ خۆت ببەیتە ناو گۆڕ.

زۆر گرنگە مرۆڤ زانیاریەكانی بخاتەكار و سودیان لێ ببینێ ، ئەگەرنا تەنها بارگرانی دەبن بەسەر مێشک و دەرونیەوە ، بە داخەوە خەڵكێكی زۆر دەبینم لە دەوروبەری خۆم كە خاوەن بڕوانامەی بەرزن وساڵانێكی دور و درێژیان لە

---

[1] Less Brown. Live your dreams

تەمەنی خۆیان بە خوێندن بەخشی، بەڵام نەمبینی ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆڕانکارییەک دروست بکەن، چونکە ئەوان خوێندن و کۆکردنەوەی زانیاریان تەنها بۆ ئەوە بو بڕوانامە وەربگرن و خەلک بە مامۆستا و دکتۆر و پرۆفیسۆر و بلیمەت و فەیلەسوف بانگیان بکا ، ئەوان نەیان خوێند تا فێربن بەلکو خوێندیان تا پارچە کاغەزێک وەربگرن کە پێی دەوترێ بڕوانامە، پاشانیش کارێکیان دەست بکەوێ تا پێی بژین.

ڕەنگە باشترین ئامۆژگاری ئەمەی خوارەوە بێ دەربارەی خوێندن و قوتابخانە ،

" هەرگیز مەهێڵە خوێندنی قوتابخانە ببێتە ڕێگر لەبەردەم فێربون" [1]

واتە خوێندنی قوتابخانە نەک فێرت ناکا بەلکو ڕێگریشە لەبەردەم فێربون.

چوارەم:هەوڵدان و کۆڵنەدان تا گەیشتن بە ئەنجام.

گرفتێک هەیە لە بەردەم هەمو کار و بیر و بۆچون و پرۆژەیەک، بە دەگمەن ڕێک دەکەوێ کارێک هەر لە هەوڵدانی یەکەمەوە سەربگرێ، هەمومان توشی شکست و بێ ئومێدی دەبین کاتێک دەست دەدەینە کارێک بەڵام تیایدا سەرکەوتو نابین، بەڵام شکست لێرەوە دەست پێدەکا، شکست واتە وازهێنان دوای یەکەم هەوڵدان.

ڕەنگە من یەکێک بم لەوانەی کە زۆرترین کارم تاقی کردبێتەوە لە ژیان، هەر لە مامۆستایی ، وەرگێڕی زمان، بەڕێوەبەر لە کۆمپانیا و کارگە ، کارکردن لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، کاری سەربەخۆ و سەردانی وڵاتان و هاوردەکردنی شتی هەمەجۆر ....هتد.

لە زۆربەی کارەکانم هەستم دەکرد ئەوە کاری من نییە، هەر لەبەر ئەوەش دوای ماوەیەکی کەم وازم لێی دەهێنا و دەستم دەدایە کارێکی تر، ڕەنگە ئەوکات وام لێک دابێتەوە کە ئەمە کاری من نیە یاخود ناتوانم تێیدا سەرکەوتو بم چونکە لە یەکەم هەوڵدان نەمتوانیوە ئەو ئامانجەی هەمە بە دەستی بێنم، بەڵام بێ ئاگا بوم لەوەی کە ئامانجەکان کاتی زۆریان دەوێ، ئێستا دەتوانم بڵێم کە دوای

---

[1] ئەم وتەیە زۆر بلاوە، بە ڕونی نازانرێ هی کێیە ، دەوترێ (Marktwain) یان (Grant Allen) .

گۆڕینی ئەم هەمو وێستگەیە خاوەنی سەرمایەکی گەورەم لە ڕوی مەعنەویەوە، نەبوم بە ملۆنێر بەڵام ئەو شارەزاییەی کە لام کەڵەکە بو لە ئەنجامی هەمو کارەکانم زۆر بە نرختڕن لە ملیۆنان دۆلار.

لای من دەوڵەمەندی واتە هەبونی عەقلێک کە بزانێ دروست بیربکاتەوە ، چونکە هەروەک وتراوە :

" تۆ دەوڵەمەند نیت تا شتێکت نەبێ کە پارە نەتوانێ بیکڕێ"

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم نمونە ئەوەیە کە ئەگەر بەتەمای ئەوە بین لەگەل یەکەم هەوڵدان بگەین بە ئامانج، ئەوا زۆر هەڵەین.

خاڵی گرنگ ئەوەیە ڕێگە بەخۆمان نەدەین بڵێین ڕوخاین یا شکاین، دەکەوین بەڵام هەڵدەستینەوە، کەوتن نەنگی نییە، نەنگی ئەوەیە دوای کەوتن هەڵنەستینەوە.

تۆماس ئەدیسۆن , ئەو زانایەی کە زیاتر لە ۱۰۰۰ داهێنانی هەیە، دەڵێ :

" ناڵێم شکستم خوارد، هەزاران ڕێگەم دۆزیەوە کە نەیانگەیاندم بە ئەنجام"

خالێکی زۆر گرنگ هەیە کە بە داخەوە خەلکی بە گشتی لێی بێ ئاگان ئەویش ئەوەیە کە بە (بۆچی) دەست پێناکەن.

ڕەنگە سەیربێ لات بۆچی چیە و لەبەرچی پێویستە بە بۆچی دەست پێبکەین؟

(سایمۆن سینێک) [1] ، هۆکاری سەرنەکەوتنی پرۆژە و کۆمپانیا و تەنانەت لەسەر ئاستی تاکیش زۆر بە رونی دەخاتە ڕو،هەولدەدەم چەند نمونەیەکی کورتی لێ باس بکەم.

سایمۆن یاسایەکی زێڕینی هەیە دەربارەی کار:

هەمو خەلکی دەزانن چ کارێک دەکەن،زۆربەشیان دەزانن چۆن بیکەن ، بەڵام کەمێکیان دەزانن کە بۆچی ئەم کارە دەکەن.

---

[1] Simon Sinek نوسەرێکی زۆر ناودار و سەرکەوتوی بەریتانی- ئەمریکیە .

لای سایمۆن ، بۆچی لە هەمو شت گرنگترە ، چۆن؟

چیرۆکی یەکەم:[1]

" ئامانجێکی بەرز، پشت ئەستور بە رای جەماوەر، پسپۆران بە پەرۆشن لە بەشداریکردن لەپرۆژەکە،پارەی زۆر بەردەستە،پرچەک بە هەمو پێکهاتەکانی سەرکەوتن.

(ساموێل پێرپۆنت لانگلی) بریاری دا لە سەرەتاکانی ۱۹۰۰ ببێتە یەکەم کەس کە فرۆکە بفرێنێ. ئەو ئەفسەرێکی لێهاتو و پایەبەرز بوو لە (پەیمانگای سمیثسۆنیان)، پرۆفیسۆری میکانیکیش بو لە (زانکۆی هارڤارد).هاورێ کۆمەلێک لە بەهێزترین پیاوانی دەسەلات و بزنس بو لەوانە (ئاندرو کارنیگی،ئەلێکزاندەر گراهام بێل).

لانگلی بری ٥٠ هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرابوو لەلایەن (بەشی جەنگ لە وەزارەتی بەرگری)، ئەو برەپارەیە یەکجار گەورە بو بۆ ئەوکات. لانگلی باشترین تیمی دروست کرد لە بلیمەتەکانی سەردەم تیمێک کە هەم پسپۆرن و هەم خولیایان هەیە.

لانگلی و تیمەکەی باشترین کەرەسەیان بەکارهێنا، لەهەمو شوێنێک میدیاکان بە دوایەوەبون. خەلکی هەموی بە پەرۆش بون و چاوەرێی بینینی ئەنجام بون ، لەگەل تیمێکی وا کارامە و سەرچاوەی وا دەولەمەند،سەرکەوتن مسۆگەر بو.

ئەرێ وابو؟

چەند سەد میلێک لەوان دور (ویلبور و ئۆرڤیل رایت) کاریان لەسەر فرۆکەکەی خۆیان دەکرد.خولیای ئەوان بۆ فرین هێندە بەهێز ئیلهامی بەخشی بە گروپێک لە شارەکەی خۆیان (دایتۆن-ئۆهایۆ) . هیچ بوجەیەکی تەرخانکراویان نەبو .حکومەت هیچ پشتگیری و یارمەتییەکی نەدان.بەرپرسی گەورەیان نەدەناسی .تەنانەت یەک ئەندام لە گروپەکە خاوەنی بروانامەی بەرز نەبو ، هەر دەرچوی زانکۆش نەبون بە (ویلبور و ئۆرڤیل) یشەوە.

---

[1] Simon Sinek-Start with why

تیمەکە پێکەوە کاریان کرد لەسەر پرۆژەکە لە دوکانێکی بچوکی پایسکل بەلام خەونەکەیان کرد بە واقیع. لە ١٧ی مانگی ١٢ ی ١٩٠٣ یەکەم پیاو فری بە ئاسماندا.

(برایانی رایت) چۆن توانییان سەرکەوتن بەدەست بێنن لە کاتێکدا تیمێکی زۆر بەتواناتر لە ڕوی پسپۆری و دارایی و کەرەسەوە نەیتوانی بەدەستی بێنێ؟

مەسەلەکە بەخت نەبو. (براکانی رایت) و (لانگلی) هەردوکیان زۆر بە پەرۆش بون . هەردوک خاوەن ئەتەکێتی بەرزی کارکردن بون. خاوەنی ئەقلی زانستیی بلیمەت بون. هەردولایەنیش هەمان ئامانجیان هەبوو، بەلام تەنها (برایانی رایت) توانیان ئیلهام بەخش بن بۆ دەوروبەری خۆیان و توانیان پێشەوایەتیی تیمەکەیان بکەن و تەکنۆلۆجیایەکی وا بەرهەم بێنن کە جیهانی گۆڕی.تەنها (برایانی رایت) بە (بۆچی) دەستیان پێکرد "

چیرۆکی دوەم:[1]

" کەسێکی کامڵ نەبوو. تەنگژەو ئالۆزیی زۆریشی هەبون. ئەو تاکەکەس نەبو کە بنالێنێ بە دەست ئەمریکای بەر لە مافە مەدەنییەکان،وە زۆر وتاربێژی کاریزمیی تر هەبون . بەلام (مارتن لوثەر کینگ) بەهرەیەکی هەبو.

ئەو دەیزانی ئیلهام بدات بە خەلک.مارتن دەیزانی کە سەرکەوتن و بەدەسهێنانی مافە مەدەنییەکان کاتی زۆری دەوێ ، دەنگی زۆرتری دەوێ لە دەنگی خۆی و پشتیوانانی. دەیزانی کە گۆڕانکاری لە وشەی جوان و وتاری بەهێز زیاتری پێویستە ، پێویستیی بە دەیان هەزار دەنگ هەیە، هەمو یەکگرتو بن لەژێر هەمان خەون، تا بتوانن گۆڕانکاری بکەن و ولات بگۆڕن. لە رۆژی ٢٨ی مانگی ٨ ی ١٩٦٣ کاتژمێر ١١ ی پێش نیوەڕۆ ،ئەوان پەیامێک دەنێرن بۆ واشنتۆن ،ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئەمریکا بەرەو ئاراستەیەکی نوێ هەنگاو بنێت.

---

[1] Simon Sinek-Start with why

ڕێکخەرانی بزوتنەوەکە هەزاران داوەتنامەیان نەناردبو ، پێگەی ئەلیکترۆنیشیان نەبوو تا کاتی کۆبونەوەکە بزانن. بەلام خەلکی هاتن ، چارەکە ملیۆنێک خەلک کۆبونەوە لەکاتی دیاریکراو تا گوێ لەو وتانە بگرن کە مێژو بە نەمری هەلی گرتوون، ئەو وتانەی لەلایەن پیاوێکەوە وتران کە رابەرایەتی بزوتنەوەیەکی کرد کە بۆ هەمیشە ئەمریکا دەگۆڕێ.

" من خەونێکم هەیە" .

توانای ڕاکێشانی ئەو هەمو خەلکە لە سەرتاپای ولات،لە ڕەنگ و نەتەوەی جیاجیا، لە کات و شوێنی دیاریکراو ، شتێکی تایبەتە.هەرچەندە خەلکی تریش دەیانزانی کە ئەمریکا پێویستیی بە گۆڕانکاری هەیە لە مافەکان، بەلام مارتن لوثەر توانای بەخشینی ئیلهامی هەبو بۆ گۆڕینی ولات ، نەک هەر بۆ سودی کەمینەیەک،بەلکو بۆ هەموکەسێک.

مارتن لوثەر کینگ بە (بۆچی) دەستی پێکرد"

چیرۆکی سێیەم:[1]

" تەنها بە ٦%ی بازاری ئەمریکا و ٣% ی بازاری جیهان ،ئەپل مەزنترین کۆمپانیا نییە لە پیشەسازیی کۆمپیوتەری مالان . بەلام ئەپل پێشەنگە لە پیشەسازیی کۆمپیوتەر جگەلەوە پێشرەویی پیشەسازیی تریش دەکات. شارەزاییەکانی مارتن لوثەرکینگ بێهاوتا نەبون، بەلام ئیلهامیان بە میلەتێک بەخشی.برایانی ڕایت بەهێزترین ڕکابەر نەبون لە پێشبرکێی فڕین بە ئاسماندا ، بەلام سەردەمێکی نوێیان داهێنا لە فڕین و فڕۆکەوانی ، بەم شێوەیەش جیهانیان بە تەواوی گۆڕی.

خەونەکانی ئەوان لە خەونی خەلکی تر جیاواز نەبو ، سیستەم و هەنگاوەکانی ئەوانیش بە ئاسانی دوبارەکرانەوە ، بەلام برایانی ڕایت و ئەپل و مارتن لوثەر هەمیشە دیارن. ئەوان جیان لە خەلکی ئاسایی (لە قالبی ئاسایی دەرچون)،وە کاریگەریی ئەوان ناتوانرێ بە ئاسانی کۆپی بکرێ.

ئەوان ئەندامی گروپێکی زۆر تایبەتن لە ڕابەرەکان کە شتێکی زۆر تایبەت دەکەن،ئەویش بریتیە لە ئیلهام بەخشین.

هەمو تاکێک یا ڕێکخراوێک پێویستە هانی خەلک بدات بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. هەندێک هانی کڕین دەدەن.هەندێک بەدوای پالپشتی یا کۆکردنەوەی دەنگدا وێلن.هەندێکی تریش دەوروبەرەکەی خۆیان هان دەدەن تا باشتر کاربکەن و زیرەکتر بن یاخود تەنها پابەندی ڕێساکان بن. هاندانی خەلکی لە بنەرەتدا کارێکی سەخت نیە. بەلکو بەندە بە فاکتەرێکی دەرەکی. دەتوانین بە پێدانی پاداشت یا هەرەشەی سزا هەرکارێک کە بمانەوێ بە کارمەندەکانی خۆمانی بکەین. بۆ نمونە کۆمپانیای (جێنێڕال مۆتۆرز)، زۆر سەرکەوتوبون لە هاندانی خەلکی بۆ کڕینی بەرهەمەکانیان و ماوەی ٧٧ سال زیاتر لەهەمو کۆمپانیاکانی تر ئۆتۆمبێلیان فرۆشت .وایان زانی پێشەنگن لە پیشەسازیەکەیان ، بەلام وانەبو.

سەرکردە مەزنەکان توانای بەخشینی ئیلهامیان هەیە وە دەتوانن وا لە خەلک بکەن کە گوێڕایەلیان بێت. ئەوان دەتوانن هەستێکی جوان و ئامانجدار بە دەوروبەرەکەیان ببەخشن کە پەیوەندیەکی ئەوتۆی نیە بە پالنەری دەرەکی وەک بەخشین یا سودێکی دیاریکراو.

ئەوانەی بەراستی پێشەنگن دەتوانن خەلکی ئاراستە بکەن نەک بە ناچارکردنیان بەلکو بە بەخشینی ئیلهام پێیان. ئەوانەی ئیلهامیان وەرگرتوە بە قولی کارەکەیان بە هی خۆیان دەزانن. ئەوان ناکەونە ژێر باری پاداشت و سزا. ئەوانەی ئیلهامیان وەرگرتوە ئامادەن چاکترین پێشکەش بکەن یا بەرگەی نارەحەتی بگرن.

ئیلهام بەخشەکان خەلکانێک پەروەردە دەکەن کە ڕەنگە بریتی بن لە ،دەنگدەر، کڕیار، کرێکار ، یا هەر چین و توێژێک، کە ئامادەن کاربکەن بۆ بەرژەوەندیی گشتی ، نەک لەبەر ئەوەی ناچارن، بەلکو لەبەر ئەوەی حەزدەکەن خزمەت بکەن.

هەرچەندە بە ژمارە کەمن ،بەلام رێکخراو یا کەسانی پێشەنگ کە توانای بەخشینی ئیلهامیان هەیە لە دەوروبەرمان بە دی دەکرێن، رەنگە لەنێو کەرتی گشتی یا کەرتی تایبەتیشدا هەبن. لە هەمو پیشەسازیەکاندا هەن ،لەهەرکوێ بن ئەوان توانای بەخشینی ئیلهامیان هەیە. ئەوان دلسۆزترین کڕیار و دلسۆزترین کارمەندیان هەیە . بە گشتیش قازانجیان باشترە لە رکابەرەکانیان لە پیشەی خۆیان. ئەوان زیاتر داهێنەرن ، وە لەهەموشی گرنگتر دەتوانن ماوەیەکی زۆر بەرگەبگرن و بمێننەوە لە مەودای دور. زۆر لەوانە پیشەکەی خۆی دەگۆرێ. هەندێکیان تەنانەت جیهان دەگۆرن.

برایانی رایت،ئەپڵ ، مارتن لوثەر ٣ نمونەن. (هارلی دەیڤیدسن ، دیزنی، کۆمپانیای ساوث وێست) ٣ نمونەی ترن.(جۆن کەنەدی و رۆنالد رێگان) یش بە هەمان شێوە ئیلهام بەخش بون. گرنگ نییە لە کوێ بن،هەمویان لە شتێک بەشدارن . هەمو سەرکردە و کۆمپانیا ئیلهام بەخشەکان گرنگ نییە کاریان چییە و لەکوێن ، هەمویان تەواو وەک یەک رەفتار دەکەن.

ئەوەش تەواو پێچەوانەی شێوازی کارکردنی خەلکی ترە.

چی رودەدا ئەگەر هەمومان وەک ئیلهام بەخشەکان بیربکەینەوە و کاربکەین؟ من وێنای جیهانێک دەکەم کە ئیلهام بەخشەکان تیایدا زۆرینە بن نەک کەمینە. لێکۆلینەوەکان پیشانی دەدەن کە ٨٠% ی ئەمریکیەکان ئەو کارە ناکەن کە خەون و خولیای خۆیانە. ئەگەر خەلکیکی زیاتر بیزانیایە چۆن رێکخراوێک بنیات دەنێ کە ئیلهام بەخش بێ،ئەوا دەمانتوانی ئەو ئامارەی سەرەوە پێچەوانە بکەینەوە ، ئەوکاتە ٨٠% ی خەلکی کارەکەی خۆی خۆش دەویست. ئەوانەی کارەکەی خۆیان خۆش دەوێ بەرهەمیان باشترە و داهێنانیشیان زیاترە. ئەوان شادتر دەگەرێنەوە ماڵ و خێزانێکی خۆشبەختتریشیان هەیە.هەلسوکەوتیشیان باشتر دەبێ لەگەل هاوکاران و کریاران و خەلکی. کارمەندێک کە ئیلهامی وەرگرتوە کۆمپانیای بەهێزتر و ئابوریی بەهێزتر بەرهەم دێنن. هیوام وایە ئیلهام ببەخشم بە خەلکی تا ئەو شتە بکەن کە ئیلهامیان پێ دەبەخشێ تاوەکو بە یەکەوە بتوانین کۆمپانیا و

ئابوریەکی وا بنیات بنێین کە تیایدا متمانە و دڵسۆزی شتی ئاسایی بن نەک دەگمەن"[1]

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لەنێو کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی سەرکەوتن بۆ ژیری و سەرنەکەوتنیش بۆ تەمبەڵی یا نەزانی دەگێرنەوە، بەڵام لە راستیدا وا نییە. لە هاوکێشەی سەرکەوتن یا شکست ئازایەتی زیاتر رۆڵ دەبینێ نەک ژیری، ئەمەش زۆر بە رونی لە دەوروبەرمان هەستی پێ دەکرێ، سەرنج بدە دەوروبەری خۆت، چەند دەوڵەمەندی نەزان بەڵام سەرکێش و چەند ژیری هەژارت بەرچاو دەکەوێ؟

ژیرەکان چونکە ورد بیردەکەنەوە دەرنجامەکان دێننەبەرچاوی خۆیان،بێگومان شکستیش یەکێکە لە دەرەنجامەکان،بەمەش ترس لە شکست وایان لێدەکا ت کە هەنگاو نەنێن و زیاتر بیربکەنەوە ، کە زۆر جار بیرکردنەوەی زۆر بە ساردبونەوەو ئەنجام نەدانی کارەکە کۆتایی دێت.

لەکاتێکدا ئەوانەی کەمتر ژیرن بەڵام سەرکێش و ئازان تەنها قازانج دەبینن و ورد بیرناکەنەوە ،ئەمەش زۆرجار بە سەرکەوتن کۆتایی دێت.

ئەوەی زۆربەشمان لێی بێ ئاگاین ئەوەیە کە بیرۆکەکان تەمەنیان هەیە و بەسەردەچن ئەگەر لەکات و ساتی خۆیدا نەیانکەین بە کردار.

من لە دەوروبەری خۆم ،زۆربەی ئەوانەی کارم لەگەڵ کردون لە دەوڵەمەندە گەورەکان نەخوێندەوار بون یا لانی کەم کەسانی بلیمەت نەبون . بەڵام ئەمەشیان رێژەییە چونکە رەنگە زۆر جار ژیری و ئازاییش پێکەوە لەکەسێکدا کۆببنەوە،لێرەدا سەرکەوتنی پرۆژەکە نیمچە مسۆگەردەبێ،هەر لەبەر ئەوەشە خەڵکی دەوڵەمەند و ژیر بەدی دەکرێن بەڵام کەمتر. لە بەرامبەریشدا زۆرێک لە کەسەژیرەکانی دەوروبەری خۆم دەوڵەمەند نین هەرچەندە هەوڵی زۆریشیان داوە و پلانی باشیشیان هەبوە ،بەڵام مەسەلەکە تەنها ژیری نییە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا.

---

[1] Simon Sinek-Start with why

*   *   *

پێنجەم: پەرەپێدان و بەرەوپێش بردن.

ڕەنگە زۆر لە ئێمە وابزانێ داهێنان ئاسانە، یان هەر تەنها داهێنان بەسە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، داهێنان بە شێوەیەکی گشتی سەختە، چونکە چونەدەرەوەیە لە قاڵبی ئاسایی و بیرکردنەوەیە لە دەرەوەی سندوقەکە، یا رونتر بڵێین بیرکردنەوەیە بە پێچەوانەی ئاراستەی بیرکردنەوەی باو، داهێنان وەک مەلەکردنە بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاوی ڕوبار چونکە ماسییە مردوەکانیش لەگەڵ ئاراستەی ئاو ڕێدەکەن ، داهێنان وزە و بیرکردنەوەو هەوڵ و شەونخونیی زۆری دەوێ،هەروەک چۆن مەلەکردن بە پێچەوانەی تەوژمی ڕوبار هێزو بازوی چاکی دەوێ، هەر لەبەر ئەوەشە کەمتر لە ١% ی خەلک داهێنەرن .

خالێک هەیە لە داهێنان گرنگترە ئەویش پەرەپێدان و بەرەوپێش چونە، ئەو داهێنەرانەی دوای داهێنان پاڵ دەدەنەوە و ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن لە دواییدا توشی شکستی گەورە دەبن.

کۆمپانیای نۆکیا لە ساڵی ١٨٦٥ دامەزراوە ، یەکەم کۆمپانیا بو تەلەفۆنی ناو ئۆتۆمبێلی دروست کرد، پاشان تەلەفۆنی بێتەل و پاشان مۆبایل لە سالی ١٩٩٠.

لە سالآنی نەوەدەکانی سەدەی رابردو تا سالی ٢٠٠١ خاوەنی باشترین بازاڕ و زۆرترین فرۆش بون ،بە تەنها خاوەنی ٤٠% ی فرۆش بون لە سەرتاپای جیهان، کاتێک لە ٢٠٠١ کامێرایان لەناو مۆبایلەکانیان دانا شۆرشێکی گەورەیان بەرپاکرد ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیانتوانی وەک پێویست پەرە بە مۆبایلەکانیان بدەن و بەرەوپێشی ببەن لە ٢٠٠٧ لەگەل دەرکەوتی ئایفۆن ، نۆکیا توشی شکست بو، تا لە ٢٠١٠ فرۆشیان زۆر کەمی کرد .

نۆكیا ، ورده ورده هەم فرۆش و هەم پشكیان له بازار له كورتیی دا ، ئێستا نۆكیا تەنانەت یەک بەرهەمیشی نییە لە ١٥ یەکەمەکانی باشترین مۆبایل لە سالی ٢٠٢٠.[1]

بە هەمو پێوانەیەک نۆکیا دەبو لانی کەم دوەم یا سێیەم بێ لە جیهان بەلام دەبینین زۆر لە دواوەیە ، هۆکارەکەش خەم ساردییان بو لە پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی بەرهەمەکانیان.

ئەم بابەتە تایبەت نیە بە کۆمپانیا و کاڵاکان، بیرکردنەوەش بە هەمان شێوە پێویستیی بە هەوڵ و ماندوبونی بەردەوام و نوێبونەوە و بەرەوپێش بردنە، ئەوانەی پێش ناکەون تەنها مردوانن ، ئەگەر زیندوەکانیش خۆیان بەرەوپێش نەبەن جیاوازیەکی ئەوتۆیان نابێ لەگەڵ مردوەکان.

* * *

[1] Yves L. Doz, Keeley Wilson . Ringtone: Exploring the Rise and Fall of Nokia in Mobile Phones

بەشی دووەم

شەڕی چەمکەکان

" ئەگەر پێناسەی دروستی چەمکەکان نەزانین ، تەواوی بڕیارەکانمان لەسەر زەمینەیەکی نادروست بنیات دەنێین ، چونکە چەمکەکان بنەمای بیرکردنەوە و ئاراستەکردنی بڕیارەکانمانن "

الفاتحة : سورەتی فاتیحە ، کلیلی قورئانی پیرۆز.

دەبێ لەبەرچی بە کلیلی قورئان دانرابێ ؟ بۆچی لە هەمو نوێژەکان و بەر لە هەموشت دەبێ بخوێنرێ ؟

دیارە کە گرنگییەکی زۆری هەیە بەڵام دەبێ زۆر ورد لێی تێبگەین .

- الحمد لله رب العالمين . الرحمن الرحيم.مالک يوم الدين.

سوپاسی خودای تێدایە ، چونکە ئەو خاوەنی هەمو جیهانە ، بەخشندە و میهرەبانە و خاوەنی رۆژی دواییشە ، واتە هەر ئەو بە کەڵکت دێت ئەگەر باوەڕت بە رۆژی دوایی هەیە.

بەڵام سوپاسکردنی خودا بە قسە نییە بەڵکو بە کردەوەیە وەک دەفەرموێ :

- **اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ ﴿١٣﴾** سبأ.

" سوپاسی خودا بکەن بە کردار ، تەنها کەمێک لە بەندەکانم سوپاسگوزارن "

زۆر گرنگە بزانین کە سوپاسگوزاری مانای چییە .

سوپاسکردنی خودا لەسەر دەوڵەمەندی بریتییە لە بەخشین ، نەک گوتنی (الحمد لله)

سوپاسکردنی خودا لەسەر زانست ئەوەیە خەڵکی فێربکەی بە جوانترین شێوە.

سوپاسکردنی لەش ساغی ئەوەیە یارمەتیی نەساغ و لاوازەکان بدەی.

- اياک نعبد و اياک نستعين

" تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها پشت بە تۆ دەبەستین "

پەرستن هەر ئەوە نییە کرنۆش ببەین ، هەمانە پارە دەپەرستێ و هەشمانە دەسەڵات ، زۆریش هەن ئارەزو دەپەرستن.

- أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ ۖ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾ يس

" ئەی پێمان نەگوتن شەیتان مەپەرستن ، ئەو دوژمنی ئێوەیە "

وەک ئاشکرایە کەسمان لەو باوەڕە نین کە شەیتان بپەرستین ، بەڵام کاتێک هەوڵدەدەین بۆ ، حەزێک ، خولیایەک ، پۆستێک ، یا هەرشتێکی تر .

ئەوکاتەی سۆز زاڵ دەبێ بەسەر لۆجیک و هەوڵدانمان بۆ کارە ناپێویستەکان زیاترە لە هەوڵدانمان بۆ ئەرکە گرنگەکان ئەوکاتە سۆز ، ئارەزو ، خولیا ، پارە ، یا شتی تر دەپەرستین ، واتە ئارەزوەکانمان دەپەرستین بێ ئەوەی ئاگادارین ، چونکە هەمیشە ئەو شتە گرنگترە کە زیاتر هەوڵی بۆ دەدەین.

بە کردەوەکانمان وا دەڵێین هەرچەندە بە زمان وا ناڵێین ، بەڵام کردەوە گرنگە نەک گوفتار.

لە پشت بەستنیش زۆر جار پشت بە پۆست ، پارە ، بەرپرس ، بەرتیل دەبەستین ، واتە ڕاستمان نەکرد کە گوتمان (ایاک نستعین).

- اهدنا الصراط المستقيم .

" رێگای ڕاستمان پیشان بدە "

ڕێگەی ڕاست کامەیە ؟

وەڵامەکەی لە قورئاندا هەیە :

- قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ۖ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ۖ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ۖ وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُم مِّنْ إِمْلَاقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ۖ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۖوَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُ ۖ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾الانعام

" وەرن با پێتان بڵێم خوا چی حەرام کردوە ، هاوەڵی بۆ پەیدا مەکەن، لەگەل دایک و باوک باش بن ، مندالتان مەکوژن لەبەر هەژاری، ئێمە ئێوە و ئەوانیش دەژێنین، نزیکی بەدرەوشتی مەکەون ئاشکرا و شاراوە، خەلکی

مەکوژن بە ناهەق،دەسکاری ماڵی بێ باوکان مەکەن تا گەورە دەبن مەگەر بە خێر ، فێڵ لە کڕین و تەرازو و نرخەکان مەکەن(ئەوەندە بکەن کە پێتان دەکرێ – مەبەستی تەرازوە) ، قسەی حەق بکەن و پشتگیری خزمتان مەکەن کاتێک لەسەر ناهەقن،پەیمانەکانی خودا بەجێ بێنن ، ئەوە ڕێگەی ڕاستی منە ، لەسەری بڕۆن و ڕێگەی تر مەدۆزنەوە چونکە لە ڕێگەی ڕاست لاتان دەدات ، ئەوانە وەسیەتەکانی خودان بۆ ئەوەی خۆپارێز بن "

(سیرات - الصراط) ئەوەی سەرەوەیە نەک پردێک لەسەر دۆزەخ ، زۆر بەڕونی لە قورئاندا دیارە .

- صراط الذين انعمت عليهم .

" ڕێگەی ئەوانەی نیعمەتت بەسەردا باراندن "

- وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَـٰئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُولَـٰئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾النساء

" هەرکەسێک گوێڕایەڵی خودا و پەیامبەرەکەی بکات لەگەڵ ئەوانە دەبێت کە خوا نیعمەتی بەسەردا باراندون لە پەیامبەران و ڕاستگۆیان و شاهێدەکان و پیاوچاکان، دیارە ئەوانەش باشترین هاوەڵن "

واتە گوێڕایەڵی خودا هەر لەو فەرمانانەی لە (الصراط المستقيم هەن) ، لەگەڵ هەمو فەرمانێکی تری خودا لە قورئان کە پەیامبەر ڕونی کردونەتەوە.

- غير المغضوب عليهم ولا الظالين.

" ڕێگەی ئەوانەمان پیشان مەدە کە لێیان تورەی ، یا ڕێیان ون کردوە "

خوا لە کێ تورە دەبێ ؟

- وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾النساء

" ئەوەی بروادارێک بکوژێ بە مەبەست تاهەتایە لە دۆزەخ دەبێ و خواش لێێ تورە دەبێ ...."

- وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿١٦﴾الانفال

" ئەوەی پشت لە نەتەوەکەی بکات و خۆی لەشەڕکردن بدزێتەوە ، خوا لێی تورە دەبێ ......"

واتە کەسێک ئامادە نەبێ بەرگری لە ماف و وڵات و خەڵکی خۆی بکات ئەوا خوا لێی تورە دەبێ.

- مَن كَفَرَ بِاللَّهِ مِن بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِّنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٦﴾النحل

" کەسێک ئەگەر لە ناچاری و بەزۆر کفر بکات بەلام لە دلەوە ئیماندار بێ ئاساییە ، بەڵام کەسێک هەرخۆی باوەڕی بە خودا نەبێ و دڵی بە بێباوەڕی و بێدینی ئاو بخواتەوە ، ئەوا خوا لێی تورە دەبێ ......"

- وَالَّذِينَ يُحَاجُّونَ فِي اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا اسْتُجِيبَ لَهُ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴿١٦﴾الشورى

" ئەوانەی ڕەخنە دەگرن و دان بە ڕاستیدا نانێن دوای ئەوەی کە وەلامیان درایەوە ، بەلگەکانیان بەتاڵە و خواش لێیان تورە دەبێ ...."

- وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ ۚ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ ۖ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴿٦﴾ الفتح

" دوروەکان و هاوەڵ پەیداکەران سزا دەدرێن و خوداش لێیان تورە دەبێ ...."

له چەند جگەیەکی تریش باسی (غضب - تورەیی) کراوە لە قورئاندا بەڵام تایبەتن بە نەتەوەکانی پێشو لە بۆنەیەکی دیاریکراو ، بەڵام ئەوانەی سەرەوە گشتین و بۆ هەمو کات و ساتێکن.

رەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بێ هەندێک رافەکاری قورئان (المغضوب علیهم) بە (یەهودی) و (الظالین) بە (مەسیحی) لە قەڵەم دەدەن ، کە ڕاست نییە .

چونکە ئەوانەی خراپەیان کرد و رۆیشتن چ پەیوەندییان بە یەهودی و مەسیحیەکانی ئەورۆ هەیە ؟ ئایا کەس گوناهی کەس هەڵدەگرێ ؟

ئایا مەرجە هەمو یەهودی و مەسیحیەکانی جیهان تا رۆژی قیامەت خراپ بن ؟

کاتێک خودا لە قورئاندا دەفەرموێ کە هەندێکیان خراپ بون و هەندێک باش.

مسوڵمانیش هەندێکیان باشن و هەندێکیان خراپ.

* ڕەنگە تێگەیشتن بەم جۆرە لە سورەتی فاتیحە زۆر دەرگامان بەسەردا واڵا بکات و وامان لێبکات وردتر لە کار و کردەوەکانمان بڕوانین و زیاتریش ئاگاداری نوێژەکانمان بین ، ئەگەر هەمو بەم شێوە لە فاتیحە تێبگەین ، گومانم نییە کەسمان تاوان ناکەین ، بەڵام ئێمە بە زار دەیخوێنین و ناچینە بنج و بناوانی ، خوداش بەم شێوەیە لێمانی قبوڵ ناکات ، خودا کردەوەی دەوێ نەک قسە.

التفسیر : تەفسیر ، بریتییە لە ڕافەکردن و ڕونکردنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز. وەک ئاشکرایە ئەمڕۆ قورئان بە هەمو زمانە زیندوەکانی جیهان بەردەستە ، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین زۆربەی رافەکارانی نوێ و کۆن لەسەر هەمان بنچینە و چوارچێوەی هزریی زاناکانی پێشێن رۆیشتون بە تایبەتی یەکەم تا پێنجەم تەفسیر . بەر لە هەموشت دەبێ بزانین قورئان پیرۆزە بەڵام رافەی قورئان بریتییە لە تێگەیشتنی مرۆڤێک بۆ قورئان ، هیچ رافەو رافەکارێک پیرۆز و بێ هەڵە نییە . تەفسیرەکان بەسەر ئەم جۆرانە دابەش دەبن :

١- **التفسیر بالمأثور** : واتە رافەکردنی قورئان بە پشت بەستن بە گێڕانەوە ، کە دەکرێن بە :

ا- ڕاڤەی قورئان بە قورئان

ب- ڕاڤەی قورئان بە فەرمودە

ج- ڕاڤەی قورئان بە وتەی هاوەڵان [١]

٢- **التفسير بالرأی** : واتە ڕاڤەکردنی قورئان بەڕای زاناکان یا ڕاڤەکردن بە ئەقڵ.[٢]

٣- **التفسير اللغوی** : واتە ڕاڤەکردن بە پشت بەستن بە زمان و فەرهەنگ.[٣]

٤- **التفسير الاشاري** : واتە ڕاڤەکردن بە مانای شاراوەی وشەکان ، لەگەل مانا ڕاستەقینەکانی وشەکان هەندێ جار ، واتە مانای مەجازیی وشەکان بە گوێرەی زمان و حوکمی شەرعی و بۆچونی ڕاڤەکارەکە ، لەگەل ئەگەری بەستنەوەی بە مانای ڕاستەقینەکە هەندێک جار.ئەم جۆرەی ڕاڤە لای زۆربەی زانایان باوەڕپێکراو نییە.[٤]

هەرچەندە تەفسیرەکانی قورئان چەند جۆرێکن بەڵام لە ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەین دەبینین زۆربەی تەفسیرە بەناوبانگ وباوەڕپێکراوەکانی زانایانی پێشین لە جۆری یەکەمن ، واتە پشتیان بە گێڕانەوە بەستوە [٥] . ئەگەر سەرنجیش بدەین ڕاڤەکردنی دەقی ئاسمانی بە پشت بەستن بە گێڕانەوە توشی چەند ئاستەنگێکمان دەکەن لەوانە :

١- ڕاڤەکردنی قورئان بە گێڕانەوەی دەقێک کە پیرۆزکراوە ،تێگەیشتن و ڕاڤەیەکی پیرۆز و نەگۆڕ و تاهەتایی بەرهەم دێنێ ، وەک ئاشکراشە قورئان بۆ هەمو سەردەمێکە ، بۆیە لەهەر سەردەمێک بە جۆرێک ڕاڤەی بۆ دەکرێت چونکە زۆر هەواڵی تێدایە مرۆڤ جارێ پێی نەگەیشتوە و زۆر بابەتیشی تێدایە مرۆڤ هێشتا

---

[١] اتجاهات التفسير في القرن الرابع عشر . فهد الرومی

[٢] التفسير بالرأی . د.فهد الوهبی (دراسة علی كتاب مذاهب التفسير للمستشرق Ignác Goldziher)

[٣] التفسير اللغوی للقرآن الكريم . أبو عبد الملك مساعد بن سليمان بن ناصر الطيار

[٤] الواضح في علوم القرآن . مصطفى ديب البغا

[٥] یەکەم تەفسیر و بناغەی زۆربەی تەفسیرەکان (الطبری ٢٢٤-٣١٠ی کۆچی)، (البغوی ٤٣٦- ٥١٠ی کۆچی)،(ابن كثير ٧٠١-٧٧٤ی کۆچی)،(السيوطی ٨٤٩-٩١١ی کۆچی)،(الشوكانی ١١٧٣ -١٢٥٠)، هەمویان قورئانیان بە گێڕانەوە (مأثور) ڕاڤە کردوە.

لێ تێنەگەیشتوە ، بەستنەوەی راڤەی قورئان بە گێرانەوە و بەسەرهات توشی چەقبەستن و سنوردارکردنی دەکات.

بۆ نمونە خودا نمونە بە مێشولە دێنێتەوە :

- إِنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا ۚ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۖ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَيَقُولُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۘ يُضِلُّ بِهِ كَثِيرًا وَيَهْدِي بِهِ كَثِيرًا ۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلَّا الْفَاسِقِينَ ﴿٢٦﴾ البقرة

"لای خودا نەنگی نییە نمونە بە مێشولە بهێنێتەوە .... "

دیارە راڤەکارانی پێشو نەیانتوانیوە وەڵامێکی زانستییانەی بێ باوەڕان بدەنەوە چونکە ئەوکات زانست بەم شێوەی ئێستا پێشکەوتو نەبو تا بزانن مێشولە چەند زیندەوەرێکی ئاڵۆز و سەیر و بەهێزە و چەند دەزگا و کەرەستەی هەیە لەم جەستە بچوکەی . لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەبێ راڤەکردن پشت بە زانست ببەستێ نەک بەسەرهاتێکی دیاریکراو، چونکە بەسەرهات و گێڕانەوە هەرچەند ڕاستیش بن تەنها بۆ کات و سات و بابەتێکی دیاریکراو ڕاستە .

٢- راڤەکاران لەروی زمانەوانییەوە پشتیان بە فەرهەنگ بەستوە ، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە یەکەم فەرهەنگی زمانی عەرەبی لە سەدەی دوەمی کۆچی نوسراوە لەلایەن (الفراهیدی)[1]، واتە راڤەکاران پشتیان بە فەرهەنگێک بەستوە کە لەژێر کاریگەریی قورئان و فەرموده و تێگەیشتنی پێشینەکان دانراوە ، بەمەش راڤەی قورئانی پیرۆز دەکەوێتەژێر کاریگەریی گێڕانەوە ، واتە جۆری دوەمی تەفسیریش (التفسیر اللغوی-راڤەکردن بە زمان) دەکەوێتەژێر خانەی جۆری یەکەم (التفسیر بالمأثور – راڤەکردن بە گێڕانەوە)، بەمەش راڤەکردنەکە زۆر ورد و زانستی نابێ [2].

٣- گێڕانەوە و بەسەرهات مەرج نییە هەمو کاتێک ڕاست بن ، واتە دەشێ بەسەرهاتێک راست نەبێت و بە مەبەست یا بە نەزانی هاتبێتە ناو دەقە

---

[1] الخلیل بن أحمد الفراهیدي البصري لە ١٠٠ تا ١٧٠ ی زاینی ژیاوە، زمانەوان و شاعیر بوە. نوسەری یەکەم فەرهەنگە لە زمانی عەرەبی بەناوی (کتاب العین) / د.اوریل بحرالدین .آفاق المعاجم العربیة

[2] بڕوانە رونکردنەوەی چەمکی (حور العین) بۆ تێگەیشتنی زیاتر لا١٠٨.

پیرۆزەکان وەک چیرۆکەکانی نەتەوەکانی پێش ئیسلام کە بە ئیسرائیلیات ناسراون و زۆرێک لەم چیرۆکانە بە داخەوە هاتونەتە ناو فەرموده و تەفسیرەکان وەک :

- وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِّن قَوْمِهِ سَخِرُوا مِنْهُ .....﴿٣٨﴾ هود

" کاتێک هاوەڵانی عیسای مەسیح داوایان کرد مردویان بۆ زیندوبکاتەوە ، (حام- کوڕی نوح)ی زیندوکردەوە ، حام دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە ، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ، کەشتیەکە پیسایی زۆری تێدابو ، خودا فەرمانی کرد ، فیل کلکی ڕاوەشاند و جوتێک بەرازی لێ کەوتە خوارەوە و پیسایی ناو کەشتیەکەیان خوارد ، هەروەها گوتی ، مشکەکان گوریسەکانیان دەخوارد ، خوداش سروشی نارد ، حەزرەتی نوح لە نێوان هەردوچاوی شێری دا و جوتێک پشیلە لە لوتی دەرچون و مشکەکانیان خوارد ، لەسەر زاری کعب الاحبار دروستکردنی کەشتییەکە ٣٠ ساڵی خایاندوە ... "

چیرۆکی لەم شێوەیە و زۆری سەیرتریش لە تەفسیرەکان و لە زۆر سەرچاوەی تریش بەدی دەکرێن بە داخەوە.

ألإسرائيليات : چیرۆک و ئەفسانەکانی بەنی ئیسرائیلن هاتونەتە ناو کەلتوری ئیسلامی و هەندێکیان بونەتە بەشێک لە بیروباوەڕی مسوڵمانان .

سەرچاوەی چوارەمی تەفسیر دوای قورئان و فەرموده و ڕای زانایان بریتی بوە لە ڕای زانا یەهودییەکان ، هەرچەندە هاوەڵانی پەیامبەر بەشێوەیەکی سنوردار ئەم کارەیان دەکرد و تەنها ئەو چیرۆکانەیان وەردەگرت کە لەگەل قورئان دژیەک نین.[1]

هۆکارەکانی زاڵبونی ئیسرائیلیات لەناو کەلتوری مسوڵمانان بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١- عەرەب بەر لە هاتنی ئیسلام خاوەنی شارستانییەت و ئاین نەبون ، بۆیە ئەم کەلێنەیان بە گوێگرتن بۆ داستانەکانی یەهودیەکان پڕدەکردەوە ، بەتایبەت دوای ئەوەی مژدەی هاتنی پەیامبەری ئیسلام لەسەر زاری زانا یەهودییەکان ڕاست

[1] محمد حسين الذهبي: التفسير والمفسرون

دەرچو[1] ، یەهودییەکان زیاتر بون بە جێگەی باوەڕی خەلک لانیکەم لە روی چیرۆک گێڕانەوە ، ئەوەش لەبیرنەکەین کە زۆرێک لەوان بون بە مسوڵمان و داستان و ئەفسانەکانی خۆیان هێنایە ناو مسوڵمانان.یەهودییەکان لە بنەڕەتدا لەبەر زولمی رۆمەکان و بە هیوای هاتنی کۆتاپەیامبەر رویان دەکردە حیجاز پێش هاتنی ئیسلام چونکە لە تەورات و ئینجیل ئەم موژدەیە هەیە[2].

٢- عەرەب چونکە زۆرینەیان کۆچەر و نەخوێندەوار بون و یەهودییەکانیش قسەزان و خوێندەوار و خاوەن کتێب و شارستانییەت بون ، بە ئاسانی باوەڕیان بە چیرۆک و داستانەکانی یەهودییەکان دەکرد ، بە تایبەت ئەوانەی ببونە مسولمان ، ئەوان لە چیرۆک گێڕانەوە و کارکردن لەسەر سۆزی خەڵک زانان، رەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ خۆشی و کاریگەریی زمانەکەیان " یەهودییەکان زمانیان لە هەنگوین شیرینترە".[3]

چیرۆک گێڕانەوە زۆر جار مێژو دروست دەکات ، ئەگەر سەرنج بدەین زۆر جار کورتە چیرۆکێک لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ڕای گشتی لە جیهان دروست دەکات بە تایبەت ئەگەر بکرێتە فیلم .

القضاء (قضى-يقضي- القضاء) : واتە فەرمانی کرد یا بڕیاری دا ، (القاضی) واتە دادوەر ، ئەو کەسەی بڕیار دەدا. لە قورئانی پیرۆز زیاتر لە ٥٠ جار هاتوە وەک :

- وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا.. ﴿٢٣﴾ الاسراء

" خوا بڕیاری دا کە لەو زیاتر نەپەرستن ......"

(قضى) مانای تریشی هەیە وەک بەسەرچونی کات:

- فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى الْأَجَلَ وَسَارَ بِأَهْلِهِ آنَسَ.....﴿٢٩﴾ القصص

" کاتێک موسا کاتەکەی تەواوکرد و رۆیشت ....."

---

[1] محمد الخضري:نور اليقين في سيرة سيد المرسلين

[2] ابوبكر جابر الجزائري : هذا الحبيب محمد رسول الله ﷺ يا محب

[3] محمد حسين الذهبي: الإسرائيليات في التفسير والحديث.

(قضى) به ماناى مردن يا كوشتنيش دێت بەلام بەتەنها ئەو مانايە نادات :

(قضى عليه) ، واتە كوشتى :

- فَوَكَزَهُ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ......﴿١٥﴾ القصص

(قضى نحبه) واتە مرد :

- فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾ الاحزاب

القدر (قدر- يقدر- القدرة): زياتر لە ٥٠ جار هاتوە لە قورئاندا ،زۆر ماناى هەيە وەك:

١- بە ماناى دەسەلات و توانا :

- ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ .... ﴿٧٥﴾ النحل

" خودا نمونەى بە بەندەيەك هێناوەتەوە كە هيچ دەسەلاتى نييە.... "

٢- بە ماناى ئەندازە يان برێكى دياريكراو:

- وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾ الحجر

" كۆگاى هەموشت لاى ئيمەيە بەلام بە ئەندازەى دياريكراو دەيبەخشين "

٣- بە ماناى كەمكردن يا سنورداركردن:

- وَأَمَّا إِذَا مَا ابْتَلَاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِ ﴿١٦﴾ الفجر

" ئەگەر خودا مرۆڤ تاقيبكاتەوە و رزقى سنوردار يا كەم بكا دەلێ خودا بێرێزيى پێ كردم "

٤- بە ماناى رێز و گەورەيى :

- وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ ...... ﴿٦٧﴾ الزمر

" بەوشێوەى كە پێويست بو رێز و قەدرى خودايان نەزانى "

٥- بەمانای کاتێکی دیاریکراو:

- فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِي أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَا مُوسَىٰ ﴿٤٠﴾ طه

" پاشان چەند ساڵێک لەناو مەدیەن ژیایت ئینجا لەوکاتە دیاریکراوە هاتوی کە دیاریم کردبو "

٦- بە مانای بڕیاردان لە چارەنوس یا سەرەنجام :

- فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَاهَا مِنَ الْغَابِرِينَ ﴿٥٧﴾ النمل

" ئێمە (لوط) و خێزانەکەیمان ڕزگارکرد جگە لە ژنەکەی ، کە بڕیارمان لە چارەنوسی دابو، دەبو بمرێ "

ئەگەر سەرنجی هەمو ماناکانی سەرەوە بدەین دەبینین هەمویان پەیوەستن بە دەسەڵات و توانا (القدرة)، واتە سیفەتە بەرزەکەی خودا (القادر - بەتوانا) ،خۆ مرۆڤیش بە توانایە ، بەڵام دیارە کە توانای مرۆڤ سنوردارە و توانای خوداش بێسنور (یا گەورەتر لەو سنورەی ئێمە دەیزانین)

ئەوەی گرنگە لێرە ئاماژەی پێ بکرێ تێکەڵکردنی (القضاء) و (القدر)ە ، کە خەڵکی هەمیشە لەسەر زاریانە و هەرشتێک ڕوبدات دەڵێن (قەزاوقەدەر) بو، بۆ رونکردنەوەی قەزا و قەدەر پێویستە بزانین کە قەزا و قەدەر دو شتی تەواو لێک جیان و نابێ پێکەوە بلکێنرێن.

قەزا : واتە بڕیاردراوە ، بۆ نمونە بڕیاردراوە هەمومان بمرین ، واتە مردن قەزایە .

دادوەر بڕیاردەدا ، بەڵام خۆی بڕیارەکە جێبەجێ ناکا.

قەدەر : واتە جێبەجێکردنی بڕیار ،دوای ئەوەی دادوەر بڕیاری دا ، دەسەڵاتی جێبەجێکردن بڕیاری دادوەر جێبەجێ دەکەن .

واتە مردن =(القضاء ، قەزا) یاسا نەگۆڕەکە

نەخۆشی یا کوشتن = (القدر ، قەدەر) هۆکاری مردنەکە

مردن قەزایە ، بەڵام کوشتن قەدەرە ، واتە هەمومان دەمرین بەلام گەر تۆ یەکێک بکوژی ئەوا تۆ قەدەرەکەت جێبەجێ کرد ، واتە بڕیارت دا لە چارەنوسی کەسێک ، ئەم بڕیارەش هی تۆ نییە ، بۆیە کوشتن سزای سەختی لەسەرە.

ئایا دەتوانین دەسکاریی قەزا و قەدەر بکەین ؟

ناتوانین دەسکاریی قەزا بکەین (مردن قەزایە ، یاسایەکی نەگۆڕە)

بەڵام دەتوانین دەسکاریی قەدەر بکەین (کوشتن قەزایە ، کوشتن هەر هەبوە و هەر دەشبێ)

دەتوانین تەمەن کورت یا درێژبکەین (دەتوانین دەسکاریی قەدەر بکەین بە ئەندازەیەکی سنوردار) ، بۆ نمونە لە سەدەکانی ڕابردو تێکرای تەمەن کورتتر بوە ، جگەلەوەی سادەترین نەخۆشی خەلکێکی زۆری لەناو بردوە (مردن قەزایە ، نەخۆشی قەدەرە ، واتە نەخۆشی بڕیار لە چارەنوسی زۆرێک لە خەلک دەدات)، ئەگەر بگەڕێینەوە ٢ نەوە پێش خۆمان دەبینین مردن یەکجار زۆرتر بوە لە ئێستا ، بۆ نمونە داپیرەی من ٧ منداڵی مردوە بە نەخۆشیی زۆر سادە کە ئەمرۆ بە کوتانێک یا دەرمانێکی سادە چارەسەردەکرێن. دایکم کە نەوەیەک دوای داپیرەمە ، تەنها منداڵێکی مردوە ، من و خوشک و براکانیشم کە نەوەیەک دوای دایکم دێین، هیچ منداڵێکمان نەمردوە ، تا مرۆڤ پێش بکەوێ بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێ ، بەمەش دەتوانێ بە ئەندازەیەکی دیاریکراو قەدەرەکان بگۆڕێ. داهێنانی کوتان و دەرمانی جۆراوجۆر و پێشکەوتن لە هەمو بوارەکان سنوری دەسەڵاتی مرۆڤ فراوانتر دەکات ، واتە دەتوانێ دەسکاریی قەدەر بکات بە ئەندازەیەکی دیاریکراو.

ئەوەی ڕودەدات لە ژیانمان هەموی دەرەنجامی کردەوەی خۆمانە ، چونکە مرۆڤ ئازادە لە بڕیارەکانی ، هەرلەبەر ئەوەشە کە سزا و پاداشت هەیە ، ئەگەر هەمو کارەسات و بڕیار و نەهامەتییەکان لەسەرمان نوسراو بن و دەسەڵاتمان نەبێ بەسەریاندا خودا چۆن دادگاییمان دەکات ؟

زۆر جار دەبیستم خەڵکی کارەسات ، هەڵە ، تاوان یا کەموکورِیی خۆیان دەخەنەپاڵ (قەزاوقەدەر) و دەڵێن لەسەرمان نوسراوە ،بەلام خودا دەفەرموێ :

- وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ ﴿٣٠﴾ الشورى

" هەر بەڵایەکتان بەسەرببێت دەرەنجامی کردەوەی خۆتانە ....."

مرۆڤەکان بۆ خۆ دەربازکردن لە سزا و سەرزەنشت هەمیشە بە دوای کەسێک یا شتێکدا دەگەڕێن کە تاوانەکانی خۆیانی پێدا هەڵواسن.

العقل : ئەقڵ ، هێزی تێگەیشتنی مێشکە ، کۆمەڵێک توانا بە مرۆڤ دەبەخشێ وەک، بیرکردنەوە ، هەستکردن ، لێکدانەوە ،بەراورد کردن،تۆمارکردن و یادکردنەوە، بریاردان ...

لە بنەرەتدا مرۆڤ یەک مێشکی هەیە بەلام لەروی کارکردنەوە مێشک لە دو بەش پێکدێ :

ئەقڵی ئاگا (العقل الواعی- conscious mind):ئەو بەشەی ئەقلە کە توانای وەرگرتنی زانیاری و لێکدانەوە و بەراوردکردن و تۆمارکردنی هەیە ،بەلام تواناکانی سنوردارە ، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکەی زانای دەروناس و پسپۆری ئەمریکی لە زانکۆی هارڤارد **(جۆرج میلەر)**[1] ،تۆماری کورتخایەنی مێشک کە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆلی ئەقلی ئاگا ، تەنها توانای وەرگرتن یا تۆمارکردنی(٥- ٩)زانیاریی هەیە لەهەمان کاتدا(تێکرا ٧ زانیاری) ،بەلام ئەقلی نائاگا توانای زۆر لەوە زیاترە.

ئەرکەکانی ئەقلی ئاگا ئەمانەی خوارەوەن:

- پەی بردن و درک کردن بە زانیارییەکانی دەوروبەر یا ناخی کەسەکە.

---

[1] لە ساڵی ١٩٥٦ George A. Miller توێژینەوەیەکی گرنگی بلاوکردەوە بە ناوی (The Magical Number Seven, Plus or Minus Two)کە بو بە بناغەیەکی زانستی لە بواری دەروناسی و کارەکانی مێشک، تا ئەمرۆش سودی زۆری لێ وەردەگیرێ.

- بەستنەوەی زانیاریی وەرگیراو لە دەوروبەر بە زانیاریی پەیوەندیداری پێشو ئەگەر هەبێ ، هەلگرتن و تۆمارکردنی لە فایلەکانی بەشی ئاگا یان نائاگا ، ئەگەر زانیاریەکە نویێ بو ئەوا تەنها تۆماردەکرێت و فایلی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە.

- هەلسەنگاندنی پەیوەندیەکەی (خاڵی پێشو) بە باشترین شێوە بۆ بەرژەوەندیی کەسەکە .

- بریاردان لەسەر وەرگرتن یا وەرنەگرتنی هەلوێستی کردەیی.

هەروەک تێبینی دەکرێ ئێمە زۆربەی رۆژگار بەسەردەبەین لەنێوان ئەم خالانەی سەرەوە،(درککردن،بەیەک بەستنەوە،هەلسەنگاندن ،بریاردان)، ئەم هەنگاوانە زۆر بە خێرایی و وردی ئەنجامدەدرێن بە پشت بەستن بە زانیاریی وەرگیراو.

هەمیشە ئەم زنجیرەیە بە قازانجی کەسەکە تەواو دەبێ تەنها لە ٢ باردا نەبێ :

١- درک نەکردن بە شتەکان ،کەرەنگە کەموکوری لە هەستەکان بێ کەبەرپرسن لەگواستنەوەی زانیاری.

٢- وەرگرتنی زانیاریی هەڵە لە سەرچاوەکان.

ئەقلی نائاگا-ئەقلی شاراوە (العقل الباطن- Unconscious mind): دەکرێ بەو کۆمەلە رەهەندە بوترێ کە کەسایەتیی مرۆڤ پێک دەهێنن ، یا دەتوانرێ بە کۆگای هەست و بیرۆکە و هاندەر و ئەو یادەوەرییانە پێناسە بکرێ کەلە دەرەوەی ئەقلی ئاگان ،ئەقلی نائاگا زۆر جار شتی ناماقول ،ترسناک، ناخۆش لە خۆ دەگرێ.

ئەقلی نائاگا دەتوانێ ٢ ملیار زانیاری لە یەک چرکە وەربگرێ ، ئەقلی نائاگا هەمو یادەوەرییەکانت لەخۆدەگرێ لەو ساتەوەی کە کۆرپەلە بوی لە سکی دایکت .

قوتابخانەکان دەربارەی چەمکی ئەقلی نائاگا جیاوازییان هەیە ،بەلام بە شێوەیەکی گشتی کۆگایەکە بۆ هەمو ئەزمونە کەلەکەبوە کپکراوەکان ، پالنەرە ناوەکیەکانی

ڕەفتاریش لەخۆ دەگرێ ، هەروەها بارەگای (پاگەزی ڕەگەزی)[1] و دەروونی و شارەزاییە کپکراوەکانە .

ئەقڵی نائاگا زۆر گرنگە و ٩٠% ی کارەکانی مێشک ئەنجام دەدا ، زۆربەی کاتیش ئەقڵی نائاگا راستە و ئەقڵی ئاگا هەڵەیە ، بۆ نمونە ئەقڵی نائاگا دەتوانێ ٥٠ گرتە تۆماربکات لە یەک کاتدا ،بەڵام ئەقڵی ئاگا تەنها دەتوانی ٢ گرتە تۆماربکات.

بۆ نمونە کاتێک لەگەڵ کەسێک قسەدەکەی ،ئەقڵی ئاگا دەتوانێ سەرنجی قسەکانی بەرامبەر بدات بە وردی ، گرتەی دوەم دەکرێ سەرنجدان بێ لە چاوەکانی ، لەوەزیاتر ئەگلی ئاگا ناتوانێ تیشک بخاتەسەر لایەنێکی تر ، بەڵام ئەقڵی نائاگا کۆمەڵێک شت تۆماردەکا بێ ئەوەی ئاگادارببین وەک،پلەی گەرمی و روناکی و دەنگەدەنگی دەرەوە و رەنگی جلوبەرگی بەرامبەر و بۆن و زۆر شتی تر .

بەگشتی ئەقڵی نائاگا ٢ فرمان جێبەجێ دەکات :

١- کۆنترۆلکردنی هەمو جوڵە ئۆتۆماتیکیەکان ، واتە ئەو جولانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا نین ، وەک سوری خوێن و کارکردنی ئەندامەکانی ناوەوەی جەستەی مرۆڤ ، کاتێک مرۆڤ خەوتوە جەستە کارەکانی خۆی جێبەجێدەکات بێ ئەوەی ئەقڵی ئاگا کۆنترۆڵی بکات.

٢- تۆمارکردنی هەموئەو شتانەی بەسەر مرۆڤدا دێن لە شێوەی یادگە(الذاكرة) .

" پێش (فرۆید)[2] ، ئەقل تەنها بە یەک بەش پێناسە دەکرا ، ئەو ئەقلەش ئەوە بو کە کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی مرۆڤی دەکرد و ئاراستەی دەکرد ، بۆیە ئەگەر کەسێکیان بەدی بکردایە کە لە رێگا لایداوە ، دەستیان دەکرد بە ئامۆژگاریکردنی ، بە تێروانینی ئەوان ئامۆژگاری بریتی بو لە گەیاندنی پەیام بە مێشکی مرۆڤ بە ئامانجی چاکردنەوەی رەفتارێکی خراپ ، کاتێک ئامۆژگاریکارانیش بێ ئومێد دەبون لە چاکبونی کەسە لادەرەکە ، لێی تره

---

[1] باگەز : غەریزە (Instinct)
رەگەز : لێرە بە مانای سێکس بەکارهاتوە.
[2] سیگمۆند فرۆید : دکتۆر و دەروونناسی بەناوبانگی نەمسایی لە ١٨٥٦ تا ١٩٣٩ ژیاوە.

دەبون و بە شایستەی توندترین سزایان دادەنا ،ئەوان وایان دەزانی مرۆڤ بە سروشتی خۆی ژیرە .

دروشمیشیان ئەوە بو(ئەگەر مرۆڤ چاکەی بینی ئەوا کاری پێدەکا).

وەک دەزانین سیستەمی پەروەردەش لەسەر بناغەی پڕکردنی مێشکی قوتابیان بە ئامۆژگاریی جوان و قسەی بریقەدار بنیات نراوە ، مندالی بەستەزمان ناچارە گوێ لە ئامۆژگارییەکان بگرێت و وای پیشان بدا کە گوێڕایەلە ،چونکە داری سزا ئامادەیە ،ئەو ئامادەیە بلێ ، بەلێ وا دەکەم و گوێڕایەلم.

ئەو منداڵە حەزەکانی لە قولایی ناخیدا کپ دەکات ، بەلام هەرلەگەل ڕەخسانی یەکەم دەرفەت و ونبونی چاوی ئامۆژگاریکاران ، دەردەپەڕێ بۆ تێرکردنی حەزە کپکراوەکانی ، هەروەک دەشزانین چەندی شت کپ بکرێت و قەدەغە بکرێ هێندە زیاتر مرۆڤ تامەزرۆی دەبێ.

مرۆڤی پێگەیشتو لەم ڕووەوە زۆر بەو منداڵە دەچێ ، کاتێک گەورە دەبێ خۆی لە نێوان کۆمەلێک واعیز و ئامۆژگاریکار دەبینێتەوە هەروەک سەدەمی منداڵی. ڕەنگە خۆشی زۆرجار ببێتە واعیز وەک ئەوان کاتێک کەسێکی بچوکتر لە خۆی بەرچاو دەکەوێ ، تاوە بارانێک ئامۆژگاریی بەسەردا دەبارێنێ ، خۆی ئامۆژگاریکارە بەلام کار بە ئامۆژگارییەکانی خۆی ناکات.

بۆیە دەتوانین بلێین کە خەلکی یەکتر هەلدەخەلەتێنن ، ئەگەر کەسێک لەمەریخەوە بێت و گوێی لە قسەکانمان بێ ،وا دەزانێ هەمومان خۆشترین ژیانمان هەیە و وەک برا دژین ،بەلام دوای چەند کاتژمێرێک بۆی دەردەکەوێ کە کردەوەکانمان زۆر جیان لە قسەکانمان ،ئێمە هەمومان دوروین "[1]

القلب : دڵ ، ئەو ئەندامەی جەستەیە کە خوێن دەنێرێ بۆ هەمو بەشەکانی لەش ، لای زۆر کەس تەنها ترومپایەکەو خوێن دابەش دەکات ، بەلام زۆرجار دەبیستین کە دڵ فرمانی تری دەدرێتە پاڵ وەک ، خۆشەویستی ،ڕق، ترس ،دلەڕاوکێ ،بڕیاردان .....هتد.

---

[1] الاحلام بين العلم والعقيدة . د.علي الوردي

زاناکان بە گشتی بەسەر ٢ بەرە دابەشبون ،هەندێکیان بڕوایان وایە کە دڵ تەنها ترومپایە و هیچ ڕۆڵی تری نییە ، هەمو ئەرکەکان مێشکی مرۆڤ ئەنجامی دەدەن و دڵ تەنها جێبەجێکاری فرمانەکانی مێشکە.

ئەوانەی لەسەر ئەم بۆچونەن زیاتر ئەوانەن کە بە شێوەیەکی لۆجیکی بیردەکەنەوە ،لای ئەوان مێشک سەنتەرە و هەمو کارەکان لەوێ ڕێکدەخرێن ، زۆرێک لە فەیلەسوفان و بێ بڕواکان بەم شێوەیە بیردەکەنەوە .

لە بەرامبەردا هەندێک زانا و بیرمەند هەن کە دڵ بە سەنتەر دەزانن و لای ئەوان دڵ بڕیارەکان دەدات .

زۆرێک لەوانەی کە بڕوادارن زیاتر بەم شێوەیە بیردەکەنەوە چونکە لە قورئانی پیرۆز لە زیاتر لە ١٠٠ جێگا (قلب) وەک سەنتەر ،یا بڕیاردەر ناسێنراوە وەک لەم

نمونانەی خوارەوە :

- أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ۖ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَٰكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ ﴿٤٦﴾الحج .

" ئایا ئەوانە بەسەر زەویدا نەڕۆشتون و بیرێك بکەنەوە. یان خاوەنی گوێ نەبون بەسەرهاتەکان ببیستن ، ئەوە چاوان کوێرناکات، بەڵکو ئەو دڵانە کوێر دەکات کە لەناو سینەکاندان "

- فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ ﴿١٠﴾ البقرة .

" ئەوانە لە دڵ و دەرونیاندا نەخۆشی هەیە، خوداش دەردیان گرانتر دەکات و سزایەکی سەختیش چاوەڕێیانە بە هۆی درۆکانیان "

زۆرێک لە خەڵکی وای بۆ دەچون کە پشتگوێخستنی (سۆز)[1] لە بڕیاردان ، بڕیاری دروست و لۆجیکی دروست دەکەن ، بەڵام پێچەوانەکەی راستە ، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر خەڵکی لەسەر ئەم بۆچونە بون.

لێکۆڵینەوە نوێکان گرنگیی سۆز پیشان دەدەن لەسەر بڕیاردان . بۆ ماوەیەکی زۆر زانایان وای بۆ دەچون کە (ژیری)[2] و سۆز دو بەشی تەواو لێک جیاوازی مێشکن ، ئەوان بەشی لۆجیکیان بە پیاوێکی ئەقڵانی و بەشی سۆزیان بە مەیمونێکی گاڵتەچی وێنا دەکرد.

لێکۆڵینەوەی زۆر ئەنجام دراون لەسەر ئەوانەی مێشکیان توشی زیان بوە ، تێبینی کراوە ئەگەر بەشی (Frontal Lobe)[3] زیانی بەربکەوێ ، نەخۆشەکە توانای بیرکردنەوەی لۆجیکی لە دەست نادات ، لەروی ئیش و کاری بازرگانیشەوە توانای تێگەیشتنی تەواویان دەبێ ، هەروەها لە روی کۆمەڵایەتیشەوە کێشەیان نابێ ، لەگەڵ هەمو ئەوانەش توانای دەرکردنی بچوکترین بڕیاریان نابێ ، یا بڕیاری زۆر هەڵە دەدەن.

هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەوان ناتوانن بڕیارە لۆجیکیەکان ئاڕاستە بکەن بە هۆی سۆز چونکە دیارە کە توانای هێنانەوەی زانیاریە کەڵەکەبوەکانی پەیوەست بە سۆزیان نەماوە. بۆیە هەرچەندە بڕیارەکە لۆجیکیانە بێتەبەرچاو هێشتا توانای بڕیاردانیان نابێ.

پێدەچێ سۆز، وەک ئەڵقەیەکی پەیوەندی کاریگەر لە نێوان ئەوەی کە بە ڕاستی دەزانین لەگەڵ پاڵنەری ئەنجامدانی کارەکە ، سۆزەکان دەبنەهۆی ڕژاندنی هۆرمۆنەکان وەک کاردانەوە بۆ تێڕوانینمان بۆ دەوروبەر، سۆزەکان وەک فلتەر کاردەکەن بۆ چڕکردنەوەی وریایی و پاڵنەر دابین دەکەن بۆ بڕیاردان ، بۆیە سۆزەکان زۆر گرنگن لە بڕیاردان.

---

[1] سۆز : العاطفة : Emotion

[2] ژیری: المنطق : Logic

[3] بەشی پێشەوەی مێشک ، کە دەکەوێتە سەرەوە لە هەردولا، (لە نێوچەوانەوە تا ناوەراستی سەر)، بەرپرسە لە چارەسەرکردنی داتا، زمان، تۆمارکردنی زانیاری، بڕیاردان ، کۆنترۆلکردنی کاردانەوەکان، هەلسوکەوتی کۆمەلایەتی .... هتد

هەمومان دەزانین کە شێر گیانەوەرێکی دڕندەیە، بەڵام حەزیش دەکەین جاروبار بەناو دارستاندا پیاسەیەک بکەین .

وەڵامدانەوەمان، یا کاردانەوەمان بۆ ترس لە شێر یا خۆشیی پیاسەکەی ناو دارستان سۆز بڕیاری لەسەر دەدات چونکە لۆجیک پێمان دەڵێ (نەکەی ، شێر دڕندەیە) ، بەڵام کاتێک پیاسەکە دەکەین دیارە کە سۆز پاڵنەری بەهێز و بڕیاردەری سەرەکی بوە لە پرۆسەکە.

لەناو مێشکی من و تۆ بە بەردەوامی ململانێی زۆر بەهێز هەن لە نێوان لۆجیک و سۆز ، لەسەر هەمو بڕیارێک ئەم دوانە شەڕیانە ، بەڵام بزانە کە هەمیشە سۆز سەردەکەوێ.

هەمومان دەزانین شەو زو خەوتن و بەیانی زو هەستان باشە ، دەزانین کە دانیشتن بەرامبەر تەلەفزیۆن و سۆشیال میدیا بۆ ماوەیەکی درێژ کات بە فیڕۆدانە و باش نییە، بەڵام هەر دەیکەین ، ئایا مانای ئەوەیە کە ئێمە لاوازین، یا دۆڕاوین؟ نەخێر ، دەبێ ئەوە بزانین کە لە شەڕی لۆجیک و سۆز هەمیشە سۆز براوەیە.

هەرگیز لە نزیک پەنجەرەی باڵەخانەیەکی بەرزەوە سەرنجی خوارەوەت داوە؟

سەرنجت داوە کاتێک لە جێگایەکی زۆر بەرزی و تەماشای خوارەوە دەکەی بەبێ ویستی خۆت لە پەنجەرەکە یا لێواری باڵەخانەکە دوردەکەویتەوە؟ لۆجیک پێمان دەڵێ کە ناکەویتە خوارەوە ، ئەوەتا پەنجەرە هەیە و شوشەکەشی زۆر بەهێزە ،بەڵام هەر ترست هەیە لە کەوتن ، سۆز لێرەشدا بەسەر لۆجیکدا زاڵ بو.

هەمان هەست تاقی بکەوە لە نهۆمی یەکەمی باڵەخانەکە ، ترست نییە و لە پەنجەرەکە نزیک دەبیتەوە تەنانەت ئەگەر کراوەش بێ یا شوشەشی پێوەنەبێ.

بەبیرم دێ بە منداڵی زۆر جار لەسەر لێواری شۆستە دەڕۆیشتم کە پانییەکەی تەنها ١٥ سانتیمەترە ، هەرگیز نەدەکەوتم ، بەڵام بێنە بەرچاوت لە بەرزیی ٢٠ مەتر بەسەر دیوارێکدا بڕۆی، تەنانەت ئەگەر پانیی دیوارەکە یەک مەتریش بێ ناتوانی بە بێ ترس بەسەریدا بڕۆی، هەرچەندە لۆجیک پێت دەڵێ ناکەوی ، بەڵام سۆز هەمیشە زاڵە.

هەرگیز بەسەرت هاتوە هەست بە بێزاری بکەی و پەیوەندی بە یەکێک لە هاورێ نزیکەکانتەوە بکەی تا پێکەوە بچنە دەرەوە؟

ئایا تەلەفۆن بۆ کەسێک دەکەی کە تازە ناسیوتە و یەک جارت بینیوە یا هاورێیەکی کۆن؟

ئەگەری تەلەفۆن کردن بۆ ئاشنا تازەکە زۆر کەمترە چونکە سۆز پێت دەڵێ کە رەنگە لەگەڵت نەیەتە دەرەوە و تۆش هەست بە شەرمەزاری بکەی، هەرچەندە لۆجیک دەڵێ کە ئەویش هاورێیە و رەنگە لە هاورێ کۆنەکانیش باشتر بێ، بەڵام سۆز هەمیشە براوەیە.

زۆربەمان حەزمان لە کێک یا شیرینی هەیە ، لۆجیک پێمان دەڵێ مەیخۆ ، زیانی هەیە ، بەڵام سۆز پاڵمان پێوە دەنێت و زۆرجار دەیخۆین.

لە ژیانی رۆژانەماندا زۆر گرنگە بزانین چۆن بریارەکان دروست دەبن ، سۆز هەمیشە بریاری کۆتایی بەدەستە ، بۆیە دەبێ زۆر وریا بین چۆن سۆزەکانمان کۆنترۆل دەکەین یا دەیانگۆرین.

حەزدەکەی موچەکەت بەرزبکرێتەوە ، سۆز پێت دەڵێ داوا بکە ، رەنگە لەروی لۆجیکیشەوە دروست بێ ، بەڵام ترست هەیە لەوەی داواکەت رەت بکرێتەوە .

سۆزەکەت بگۆرە ،بەهێزی بکە ، لە جیاتی داواکردنی زیادکردنی موچە ،کارێکی وا بکە پیشانی بدەی کە بەراستی شایانی ئەوەیت .

ئارەزوی ئەوەت هەیە ببیت بە قسەکەرێکی بەتوانا ؟

سۆز پێت دەڵێ ، رەنگە ئامادەبوان بێ ئومێدت بکەن و وتارەکەت بەهێز نەبێ.

سۆزەکەت بگۆرە ، دەوڵەمەندی بکە ، بەخۆت بڵێ کە من شتێکم هەیە پێویستە بە خەلکی بگەیەنم ، توانام هەیە ، دەتوانم ئەو ئەرکە گرنگە جێبەجێ بکەم، ئەوکات بێگومان دەتوانی هەمو کارێک بکەی هەرچەند سەختیش بێ.

الابصار: بینینی ئاساییە کە یەکێکە لە هەستەکانی مرۆڤ ، بریتییە گواستنەوەی وێنەی شتەکانی دەوروبەر بەهۆی چاو بۆ مێشک.

التبصر : بینایی ، واتە توانای هێنانەبەرچاو یا پێشبینی کردنی شتێک کە هێشتا روی نەداوە ،ئەم جۆرەیان زیاتر بەهۆی ژیری ، خەون ، سروش ، ئەزمون یا خەیاڵەوە دەبێ نەک چاو، واتە کردارەکە لە مێشکە نەک چاو، هەروەها پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوەی تاک، ئەوانەی بیرکردنەوەیان سنوردارە توانای پێشبینیکردن و خوێندنەوەی داهاتویان نییە.

بینایی زۆر گرنگترە لە بینینی ئاسایی ، چونکە هەموکەس تەنانەت گیانەوەرانیش دەبینن بەلام کەم کەس توانای لێکدانەوە و هێنانەبەرچاو و پێشبینی کردنی هەیە ، هەربۆیە گوتراوە:

" تاکە شت کە خراپترە لە کوێری ، نەبونی بیناییە"

رەنگە زۆر کوێر هەبن توانای بینینان لە من و تۆ زۆر بەهێزتر بێ ، ئەوان تەنها هەستی بینینان ون کردوە بەلام مانای ئەوە نییە کە نابینن.

الدین: کۆکراوەیەکە لە سیستەمی کەلتوری و بیروباوەڕ و تێروانینێکی جیهانییە کە پەیوەندی دروست دەکات لە نێوان مرۆڤ و خودا یا رۆحانییەت یاخود لەگەڵ چەند رێرەوێکی ئەخلاقیی دیاریکراو.

الکاهن : کاهین ، واتە خزمەتکاری خودا ، لە وشەی "کوهین "[1] هاتوە .

بەم پیاوە ئاینیانە وتراوە کە لە پەرستگاکان کاریان کردوە و خزمەتی خوداکانیان کردوە و بون بە پردی پەیوەندیی نێوان خودا و خەڵکی .

پیاوانی خودا رێبازێکی تایبەتیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە کە تیایدا دنیا فەرامۆش دەکەن و تەنها گرنگی بە ژیانی دوای مردن دەدەن ، بۆیە بە (راهب – رەبەن) ناونراون و رێبازەکەشیان بە (الرهبانیة) ، بەڵام لە ئایندا رەهبانییەت دروست نییە وەک لە قورئاندا هاتوە:

---

[1] وشەیەکی عیبرییە ، مانای هەواڵدەر بە ناوی خودا (المنبئ بأمر الرب)

- ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰ آثَارِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَ....... ﴿٢٧﴾ الحديد.

" پاشان پەیامبەری ترمان نارد ، عیسامان نارد و ئینجیلمان پێدا ، ئەوانەی شوێنی کەوتن سۆز و میهرەبانیمان پێ بەخشین، بەڵام ئەوان ڕەهبانییەتیان داهێنا کە ئێمە داوامان لێیان نەکردبو ...."

کاهین یا ڕەبەن لە کۆنترین و سەرەتاییترین ئاینەکانەوە هەبون و ئێستاش لە هەمو جیهان و لە هەمو ئاینەکاندا هەن.

لە بنەڕەتدا خزمەتکارانی خوا پیاوی باش بون و لە خزمەتی خەلکدا بون ، ئەوان هاوڕێی پەیامبەران و جێنشینی ئەوان بون بە تایبەتی لە ئاینە کۆنەکان.

لە ئیسلامدا کاهین ،ڕەبەن، پیاوی ئاینی ، شێخ ، سەید ،دەروێش ، خەلیفە ... یا هەر نازناوێکی تر بە کەس نادرێت و لای تاکی ژیریش قەبوڵ نییە کەس ببێت بە پردی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و خودا ، چونکە خودا خۆی فەرمویەتی کە ئەو پێویستیی بە پرد نییە، ئەو لە هەموکەس نزیکترە لێمان :

- وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ ﴿١٦﴾ ق

" ئێمە ئادەمیزادمان دروستکردوە و دەزانین چ شتێک دودڵیی بۆ دروست دەکات ، ئێمە لە شاخوێبەری خۆیشی نزیکترین "

کاتێک خودا لە هەموکەس نزیکتر بێ لە من ، چ پێویستیم بە بەندەیەکی تری وەک خۆم گوناهبار هەیە کە سکالاکانم بباتە لای خودا؟

ئەگەر سەرنجی مێژوی دوری مرۆڤایەتی بدەین ، سەرنج دەدەین تەنانەت لە سەرەتاییترن کۆمەلگەکانیش کەسێک هەبوە خەلکیی فریوداوە لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆر.

وەک چۆن ئێستا خەڵکێک هەن خۆیان دەکەن بە کوێخا و سەرۆک ، لە کۆمەڵگە کۆنەکانیش هەمان شت هەبوە ، نابێ ئەوە نادیدە بگرین کە سروشتی مرۆڤ ناگۆڕێ و هەمیشە مێژو خۆی دوبارەدەکاتەوە بەڵام لە بەرگی نوێدا.

لە کۆندا کەسێک هەبوە وەک پزیشک ، فالگرەوە ، ئەستێرەناس ، جادوگەر ، پیاوی ئاینی .... یا هەر ناوێکی تر ، ئەو کەسە بەرپرس بوە لە چارەسەرکردنی نەخۆشی و مەسەلە رۆحییەکان و لێکدانەوەی شتە نەبیراوەکان و دورخستنەوەی رۆحە پیس یا خراپەکان و پاراستنی خەڵکی لە کارەساتە سروشتییەکانی وەک لافاو وئاگر و زۆرجار لای خەڵکی ئەو کەسانە دەسەڵاتیان لە خوداکان زیاتر بوە.[1]

زۆر جار ئەو کەسەش بۆتە سەرۆکی هۆز ئەگەر خۆی بەهێزترین کەس بوایە ، یا هۆزەکە سەرۆکی نەبوایە .

ئەم سەرۆکانە چۆن دروست بون؟

وەک لە رۆژگاری ئەمرۆماندا دەبینین کە زۆرێک لە سەرۆکەکانی جیهان کەسانێکی زیرەکتر یا بەهێزترن لە کەسانی دەوروبەری خۆیان ، جاری واش هەیە کەسێکی دەوڵەمەند ، فێلباز یا قسەزان و سەرنج راکێش دەبێتە سەرۆک بەهۆی راکێشانی سەرنجی زۆرترین کەس لە دەوروبەری خۆی چ بە ژیری ، یا بە هێز و خۆسەپاندن.

مێژوی دور و نزیک ئەم ڕاستیانە دەسەلمێنن و نمونەی زۆر لەبەرچاون.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدرێ لێرە ، خۆسەپاندنە لە ژێر ناوێکی پیرۆزی وەک خودا ، کە زۆرێک لە پیاوانی ئاینی دەیکەن و بێ ئاگان لێی ، بۆ نمونە زۆر جار دەبیستم کە بانگخوازانی ئاین لاف ئەوە لێدەدەن کە جاران کەهەنوت هەبو بەلام ئیسلام هات و لەناوی برد ، ئێستا خەڵک راستەوخۆ پەیوەندی لەگەل خودا دەبەستن .

[1] محمد الخطيب . الاديان في المجتمعات البدائية .

ئەم دەستەواژەیە زۆر ڕاستە ، خودا پێویستی بە ناوەندگیری نییە و لێمان نزیکە ، بەڵام هۆی چییە پیاوانی ئاینی لە هەمو مەسەلەیەکی ورد و درشتی خەلک و ژیانی تایبەتی خەلک قسەیان هەیە ؟

هەندێک لە پیاوانی ئاینی حەزدەکەن خەلکی لە هەموشت بگەڕێتەوە لای ئەوان و بەبێ پرسی ئەوان نەتوانێ بچوکترین بڕیار بدا تەنانەت لە ژیانی تایبەتی خۆیشی.

ڕەنگە وەڵامیان ئەوە بێ کە خەلک پرسیار دەکات و ئێمەش دەبێ وڵام بدەینەوە.

بەڵێ وایە ، بەڵام ئەوە ئەرکی ئەوانە کە خەلک تێبگەیەنن کە نابێ مسوڵمان لە هەموشت پرسیار بکات و ئەقڵی خۆی بە کەسێکی تر بسپێرێ ، دەبێ ئەوان بە خەلک رابگەیەنن کە هەموکەس دەبێ بابی ئەوە شارەزابی لە ئاینەکەی خۆی هەبێ کە بزانێ نوێژ چۆنە و دەست نوێژ بە چی دەشکێ بۆ نمونە.

دەبێ ئەوان خەلک لەوە ئاگاداربکەنەوە کە ژیان ئێشتا هێندە ئاڵۆز بوە ، ئەگەر هەمو شت بە ئاین ببەستینەوە دەبێ شەو و رۆژ خەریکی پرسیار و وەڵام بین.

هەندێک لە پیاوانی ئاینی هەموشت بە ئاین دەبەستنەوە ، بەمەش خەلکی دەبێ لە هەموشت پرسیار لەوان بکات ، ئەوانیش لە هەمو بابەتێک قسەدەکەن و وەلامی هەمو پرسیارێکیشیان لایە.

خالێکی زۆر گرنگ هەیە دەربارەی پیاوانی ئاینی کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین .

هەندێک لە پیاوانی ئاینی بە داخەوە خۆیان لە خەلکی جیادەکەنەوە بە پۆشینی جلوبەرگی تایبەت لە هەموکات و سات و بۆنەیەکدا .

پۆشینی جلوبەرگی تایبەت بە مامۆستای ئاینی لە بۆنەی تایبەت و جێگەی خۆی ئاساییە ، هەرچەندە پێچەوانەی ئاینە چونکە ئەگەر سەرنج بدەین پەیامبەر هیچکات خۆی لە خەلکی جیانەکردۆتەوە ، نە بە جلوبەرگ ، نە بە جێگەی دانیشتن لە کۆڕ و کۆبونەوەکانی ، وەک لەم فەرمودەیە هاتوە:

- دخل رجلٌ على جملٍ فأناخَه في المسجدِ ثم عقلَه ثم قال أيُّكم محمدٌ ورسولُ اللهِ ﷺ مُتَّكِئٌ بين ظهرانيهم فقلنا له هذا الأبيضُ المُتَّكِئُ فقال له

الرجلُ: يا ابنَ عبدِ المطلبِ فقال له ﷺ قد أجبتُك فقال له الرجلُ: يا محمدُ إنِي سائِلُك وساق الحديثَ.

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح أبي داود

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" پیاوێک هاتە مزگەفت و گوتی ، کامەتان محمدن ؟ ، ئێمەش گوتمان ئەو پیاوە سپیەی کە پاڵی داوەتە ......"

لەم فەرمودە و چەندین فەرمودەی تریش هاوشێوە ئاماژە بەوە کراوە کە خەلک هاتوەتە ناو کۆڕی پەیامبەر و نەیزانیوە کامەیان پەیامبەرە و پرسیاری کردوە.

واتە پەیامبەر هیچکات تەنانەت لە ناو مزگەفت ، لە کۆڕ و کۆبونەوە، لە هەمو جێگایەک ، هەرگیز خۆی لە خەلکی جیانەکردۆتەوە ، لە کوێش جێگا هەبوبێ لەوێ دانیشتوە .

توخوا کام پیاوی ئاینی ئەمرۆ ئامادەیە لە نزیک دەرگا دابنیشێ ؟

پێویستە زانا ئاینیە بەرێزەکان خۆیان هەوڵ بدەن ئەم نەریتی خۆجیاکردنەوە لە خەڵکی بنەبڕ بکرێ چونکە بە پلەی یەکەم زیانی ئەوانی تێدایە.

زۆر کەس هەن خەلکی فێڵباز و درۆزنن ، بەڵام بە جبە و عەمامەیەک ماڵی خەلک وێران دەکەن و ناوی مامۆستای ئاینیش ناشرین دەکەن.

خەلکێک هەیە تەنها بانگبێژ و خزمەتکاری ماڵی خوایە ، کەچی خەڵکی بە زانای ئاینی ئەژماری دەکەن ، ئەمەش دیسان بە زیانی مامۆستا بەرێزەکان تەواو دەبێ.

خەلکێک هەیە مەولودبێژە، ڕونتر بڵێم گۆرانی بێژە بەلام جلێکی وا دەپۆشێ هەر کەس بیبینێ بە زانای ١٢ عیلمی دادەنێت و بەمەش دیسان مامۆستای ئاینی لەکەدار دەبێ.

زۆرێک لە پیاوانی ئاینی ئەگەر خەلک لەبەری هەلنەستن و دەستی ماچ نەکەن و نەیبەنە سەری سەرەوە رەنگە خەلکەکە بە بێ رێز و بێ دین لە قەلەم بدەن .

کاتێکیش لە دامودەزگایەک کاریان دەبێ بە جلوبەرگی تایبەت و جبە و مێزەرەوە دەچن ، خەلکی دەبێ رێگایان بۆ چۆل بکەن و ئۆتۆمبێلەکانیان ببەنە شوێنی تایبەت ، وە دەبێ بچن لەلای بەرێوەبەر دابنیشن و چا بخۆنەوە تا مامەلەکەیان بۆ تەواو دەکرێ !

خەلکی لە بەر گەرما و سەرما نۆرە دەگرێ یاماندو دەبێ گرنگ نییە ، گرنگ ئەوەیە خزمەتکارانی خودا ئەزیەت نەکێشن !

ئەگەر سەرنجی قورئان بدەین مندالەکانی پەیامبەران هەرگیز بە خەلکیان نەگوتوە ئێمە کوری پەیامبەرین و لە ئێوە باشترین ، هەرگیز نابیستی پەیامبەرێک بە کەسێک بلێ من پەیامبەرم خاترم بگرە ، رێزم بگرە ، دەستم ماچکە ، یا مافی زیاترم لە خەلك پێبدە ، رەنگە نمونەی مندالەکانی حەزرەتی یعقوب باشترین نمونە بێ :

- فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْهِ قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُّزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا ۖ إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ ﴿٨٨﴾ یوسف.

" کاتێک چونەژورەوە گوتیان، ئەی عەزیزی میسر ، خۆمان و خێزانەکانمان حالمان زۆر خراپە و هیچی واشمان نییە بەهایەکی ئەوتۆی هەبێ ، لەراهی خودا ئازوقەمان پێ بدە و چاکەمان لەگەلدا بکە ، لای خودا ون نابێ "

ئەگەر تێبینی بکەین ، نەیانگوت ئێمە کوری پەیامبەری خوداین و دەبێ باشترین شتمان بدەنێ پێ ئەوەی نۆبەت بگرین وەک خەلکی ئاسایی ، ئەوان وەک خەلکی فەقیر لە نۆرە وەستان و وەک هەمو خەلکی مامەلەیان لەگەل کرا.

پرسیار لە خۆت بکە ، کام بازرگانانی ئاین ئامادەیە لەبەر قرچەی گەرمای هاوین چەند کاتژمێرێک وەک خەلک بوەستێ تا کارەکەی راهی بکات لە فەرمانگەیەک ؟

بەلام لەکاتی دەعوەت و مەولود و سفرەی رازاوە پێش هەمو خەلکی ئامادەن .

پەیامبەر بە دەستەکانی خۆی شتی بۆ پیرەژن و خەلکی لاواز هەلدەگرت و دەیبردە مالەوە ، کاهینەکانی ئێمەش بەسەر سەر و شانی خەلکیدا سەردەکەون تا بگەنە سەرەوە ، ئەوەیە جیاوازیی نێوان ئاین و کەهەنوت.

رەنگە بلێی دیاردەکە یەکجار وا نییە ،من لەوەش زۆر زیاترم بینیوە، بەلام حەزناکەم باسی هەمو بابەتەکان بکەم ، رەنگە چەند نمونەیەک بەس بێ .

ئەوەی بیەوێ تێبگا یەک نمونە بەسە ، ئەوەی کە بڕیاریشی داوە کە تێنەگا من هەرچی بلێم بێسودە.

دەگمەنن ئەو مامۆستا ئاینیانەی بە جلوبەرگی ئاسایی وەک خەلک دەسورێنەوە ، کە ئەوانە زۆر جێگەی رێزن ژمارەشیان کەم نییە، بەلام بەداخەوە زۆرینە نین.

باوکی رەحمەتیم یەکێک بو لەوانەی چەندین جار پێیان دەگوت جلی تایبەت بە مامۆستای ئاینی لەبەر بکە، با خەلکی بتناسن و زیاتر رێزت بگرن ، ئەو هەرگیز لەبەری نەکرد ، لای ئەو رێزی مرۆڤ بە کردەوەکانی بو نەک جلوبەرگ .

مامۆستایەک هەیە لە نوێژی هەینی هاواری دەگاتە ئەوپەڕی ئاسمان و گلەیی لە خەلک دەکات کە بۆچی رێگەی ڕاست ناگرن ، کەچی رۆژێک خۆی گوتی :

" دەلێن دەرهێنانی فلانە مۆلەت زەحمەتە ، من بە یەک تەلەفۆن بۆیان کردم و خۆشیان بۆیان هێنامەوە "

خەلک هەیە بە ناوی ئاین و پیرۆزییەکان چەند پارچە زەویی بە نرخی وەرگرتوە ، چەند موچەیەکیشی هەیە .

ئایا هەموکەس زەوی وەردەگرێ ؟ بۆچی من یا تۆ وەرمان نەگرت ؟

ئەگەر بە ڕاژەیە ، وا نییە چونکە زۆرکەس هەن زۆر لەوە زیاتر راژەیان هەیە و یەک پارچە زەویشیان وەرنەگرتوە.

کرێکار یا کاسبکاری فەقیر هەمو ژیانی خۆی ئیش دەکات تا ببێتە خاوەنی خانوێک ، کە رەنگە زۆر جار بمرێ و خانوی خۆی نەبینێ ، بەڵام بازرگانانی ئاین کە وا بە ئاسانی دەبنە خاوەنی هەمو شت ئایا بەخۆڕاییە؟

کاتێک پارچە زەویەک وەردەگری کە بایی دەیان هەزار دۆلارە دەبێ شتێکت لە بەرامبەر پێدابن ، دیارە کە بازرگانانی ئاینیش لە ئاینەکە زیاتریان نیە بیفرۆشن لەپێناو گەیشتن بە خۆشییەکانی دونیا .

ئەگەر ئەمە کەهەنوتی نەبێ ئەی کەهەنوتی چۆنە؟

کاتێک بازرگانانی ئاین ، پیرۆزییەکان وەک پەیژە بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان و خۆیان بە نوێنەری خوا دەزانن لەسەر زەوی و هەرکەسێکیش وەک ئەوان بیرنەکاتەوە تۆمەتی گومڕایی و کوفر و بێدینی و عەلمانییەتی دەدەنە پاڵ ، ئایا خودا و پەیامبەرەکەی ئەمەیان قبوڵە؟

کاتێک مامۆستا گوێی لێ دەگیرێ کە خۆی پێشەنگ بێ لە پاکی و بێگەردی ، ئەگەر خەلک بینی کە مامۆستا خۆی ژیانی خۆشە و داوای ئارامگرتنیش لە خەلک دەکات لەسەر فەقیری ، ئەوا بێگومان خەلک هەم رقی لە مامۆستا و هەم رقی لە ئاینیش دەبێتەوە .

حەزدەکەم مامۆستا ئاینیە بەڕێزەکان زۆر ورد لە قسەکانم بڕوانن ، مەبەستی من تەنها دانانی شتەکانە لە جێگەی خۆی، خوا ئاگادارە کە مامۆستای ئاینی لای من چەند گەورە و خۆشەویستن، هەربۆیەش حەزناکەم ناویان ناشرین بکرێ و رەخنەیان لێ بگیرێ.

الاسلام : واتە باوەر بە خودا و رۆژی دوایی و کردەوەی چاک:

- إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَىٰ وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَىٰ وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ البقرة

"ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بە محمد، یەهودیەکان ، مەسیحیەکانیش ، (سابئە، شوێنکەوتوی پەیامبەرانی ترن وەک شیت و ادریس و نێردراوانی پێشو) ، هەرکەسێک باوەڕی دامەزراوی هەبێت بە خواو ڕۆژی دوایی و کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت، ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، نە ترسیان دەبێت، نە غەم و پەژارەش ڕویان تێدەکات".

الایمان: واتە باوەر بە پەیامەکەی محمد ،دوای باوەر بە خودا و رۆژی دوایی و کردەوەی چاک،ئیمان لە سەروی ئیسلامە،واتە پلەیەک بەرزترە.

الکفر- الکافر : واتە شاردنەوەی شتێک دوای دڵنیایی لە بونی شتەکە،هەروەک چۆن لە زمانی عەرەبی کافر بە مانای جوتیاریش دێت، جونکە جوتیار تۆوەکان دەچێنێ و دەیان شارێتەوە،بەڵام دڵنیایە لە هەبونی تۆوەکان.

واتە کافر کەسێکە لە سەدا سەد ئیسلام و ئیمانی لەلا رون بیت و لێی تێبگا بەلام رەتی بکاتەوە و باوەڕی پێنەکات.

وشەی (Cover) لە ئینگلیزی ، هەمان مانای هەیە واتە شاردنەوە، ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزی بۆ یەکەم جار لە سەدەی ١٣ وەک فرمان و لە سەدەی ١٤ وەک ناو بەکارهاتوە.[1]

الفسق – الفاسق : واتە مسولمانێک یا باوەردارێک کە خۆی نەپارێزی لە هەندێك کردەوەی خراپ و نابەجێ،واتە باوەری هەیە بەلام هەموکردەوەکانی باش نین.

الفجور – الفاجر: واتە کەسێک کە هیچ خۆی نەپارێزی لە کردەوەی نابەجێ و سنورەکانی خوا بشکێنێ،رەنگە ئەو کەسە باوەردار یا مسوڵمانیش بێ هەندێ جار،رەنگە بێ برواش بێ.

الاجرام - المجرم: واتە پچراندنی هەمو پەیوەندییەکان لەگەل خودا:

---

[1] **Merriam Webster**، یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین فەرهەنگەکانی ئینگلیزی کە لە ساڵی ١٨٢٨ دانراوە لە لایەن(**Noah Webster**)

- **مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ ﴿٤٦﴾** المدثر.

" چی بوو ئێوەی ڕاپێچی دۆزەخ کرد؟ ئێمە نوێژمان نەدەکرد یان پەیوەندیمان بە خوا باش نەبو. خۆراکمان بە هەژاران نەدەبەخشی. لەگەڵ دەم درێژو بێ ئابڕووەکاندا مەجلیسمان دەگرت و باوەڕیشمان بە ڕۆژی دوایی نەبو."

الشرک - المشرک: شرک زۆر مانا هەڵدەگرێ ،سادەترینیان واتە هاوبەش بڕیاردان بۆ خودا،بەلام ئەگەر لێی وردبینەوە لە سەردەمی بتپەرستیش خەلکی بتەکانیان نەدەپەرست بەلکو وەک نێوەندگیرێک دادەنران لە نێوان مرۆڤ و خوداکان ،واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان بتپەرستەکانیش باوەڕیان بە خودایەک یا چەند خودایەک هەبوە ، بتەکان وەک ئامرازی نزیککردنەوەی مرۆڤ بون لە خوداکان :

- **أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ۚ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾** الزمر.

" دینی پاك تەنها بۆ خوایە، ئەوانەش جگە لەو کەسانی ترو شتی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان دەڵێن: ئێمە ئەم بت و شتانە تەنها لەبەر ئەوە دەپەرستین تا لە خوا نزیکمان بخەنەوە ، .... "

شرک زۆر فراوانە و زۆر مانا هەڵدەگرێ وەک:

- خۆشەویستیی ناهەق و رق هەلگرتن لە ڕاستی و پشتگیری نەکردنی :
- **الشِّركُ أخفى في أمَّتي من دَبيبِ النَّملِ علَى الصَّفا في اللَّيلةِ الظَّلماءِ وأدناهُ أن تُحبَّ علَى شيءٍ منَ الجَورِ ، أو تُبغِضَ علَى شيءٍ منَ العَدلِ وَهَلِ الدِّينُ إلَّا الحبُّ في اللهِ والبُغضُ في اللهِ ؟ قالَ اللهُ تعالى : قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ.**

الراوي : عائشة أم المؤمنين

المحدث : السيوطي

المصدر : الجامع الصغير
خلاصة حكم المحدث : صحيح

" هاوەڵ پەیداکردن بۆ خودا وەک ترپەی پێی مێرولەیە لەسەر بەردێکی ساف لە شەوێکی تاریک ، کەمترین رادەی شرکیش ئەوەیە ناهەقت خۆش بوێ و پشتگیری بکەی یا دادگەریت خۆش نەوێت و سەری نەخەی ، خودی ئاین بریتیە لە خۆشویستن و پشت کردنە شتەکان لەپێناوی خودا "

ئەمرۆ خەلکێکی زۆر لەپێناوی کار ، پۆست ، پلە یا هەر دەسکەوتێکی تر هاوەڵ بۆ خودا پەیدا دەکات بێ ئەوەی ئاگاداربێ ، کاتێکیش ئاگاداری دەکەیتەوە، دەڵێ بڕوام پێی نییە بەڵام بەرژەوەندییەکەم وا دەخوازێ ، کارەساتەکە گەورەتر دەکا ، هاوەڵی بۆ خودا پەیداکردوە ، ئەوا دوڕویشی هاتەسەر ، واتە خۆی موشریکە و نیفاقیشی هاتەسەر ، دو لە گەورەترین تاوانەکان ئەنجام دەدات و خۆیشی بە مسوڵمان و باوەڕدار ئەژمار دەکات.

دەشپرسین بۆچی ژیانمان ناخۆشە !

- پشت بەستن بە کەسێک یا گروپێک وەک رزگارکەر جگە لە خودا.
- دانانی کەسێک لە نێوان خۆت و خودا ، وەک پیاوی ئاینی ، هەمان بیرۆکەی بتپەرستییە ،چونکە بتپەرستەکانیش بتەکانیان بۆ ئەوە دەپەرست تا لە خوا نزیکیان بکەنەوە.
- پشت بەستن بە کەسێک، گروپ یا پارتێک وەک دابینکەری ژیان و داهات ومسۆگەرکردنی دوارۆژ.
- گوێڕایەڵی کەسێک،بەرنامەیەک ، پارتێک یا گروپێک بەبێ پرسیارکردن و رەخنەگرتن (گوێڕایەڵی کوێرانە).
- ترسان لە کەسێک یا گروپ و پارت یا هێزێک وەک گەورەترین مەترسی .
- چاکەکردن یا خێرکردن بۆ رەزامەندیی خەڵکی.
- باوەڕبون بە چەقبەستویی و وەستانەوە دژی گۆڕانکاریەکان ، وەک مانەوەی بتپەرستان لەسەر باوەڕی باوانیان لەگەڵ ئەوەی دەشیانزانی بتپەرستی هەڵەیە ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- ﴿وَكَذَٰلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾ الزخرف .

"بەو شێوەیە هەرکاتێ پەیامبەرێکمان ناردوە بۆ گوندێک خۆشگوزەرانەکان وتویانە: ئێمە باو و باپیرانی خۆمان بینیوە پابەندی بیروباوەڕێك بوون، ئێمەش لەسەر ڕێبازی ئەوان دەڕۆین "

یان وەک ئەو پیاوەی بە هاوڕێکەی گوت باوەڕناکەم باخەکانم لەناو بچن و قیامەتیش نابێ، واتە باوەری وابو دنیا هەروا خۆش دەبێ و گۆرانکاری رونادات، ئەگەر بگەرێمەوە لای خواش لەوە باشترم دەست دەکەوێ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- ﴿وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِ أَبَدًا ﴿٣٥﴾ وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا ﴿٣٦﴾ قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا ﴿٣٧﴾ لَّٰكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا ﴿٣٨﴾ الكهف.

"کاتێک لەگەل برادەرەکەی چوە ناو یەکێك لە باخەکانی ،لەکاتێکدا کە ستەمکار بو، لەبەرخۆیەوە وتی: گومان نابەم کە ئەم باخە هەرگیز لەناو بچێت. واشنازانم قیامەت بەرپا بێت، ئەگەر بمگێرنەوە بۆ لای پەروەردگارم دوای مردنم، ئەوە دلنیام کەلای ئەویش چەندەها باخی لەمە باشترم بۆ ئامادە کراوە. برادەرە ئیماندارەکەی پێی وت: ئایا باوەڕت نییە بەو زاتەی کە سەرەتا تۆی لە خاك دروست کردوە؟ادواتر لە دلۆپەیەك ئاو بوویت، پاشان بوی بە مرۆڤ! نەخێر ، الله پەروەردگارمە و هیچ جۆرە هاوەلی بۆ بڕیار نادەم."

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین پیاوە بێ بروایەکە باسی هاوەڵی بۆ خوا نەکردبو،کەچی بو بە مشرک .هۆکارەکەشی ئەوەیە کە باوەری بە مانەوە لەسەر یەک بارودۆخ هەبو هەر لەبەر ئەوەش بە مشرک لە قەلەم درا، مانەوە لەسەر یەک بار و نەگۆڕان خەسلەتی خودایە و هەرکەسێک خۆی

بخاتە ئەم جێگەیە ئەوا هاوەڵی بۆ خوا پەیداکردوە، هەموشتێک گۆڕاوە، هەموشتێک تەمەنی هەیە و لەناو دەچی ، ئەوە یاسای گەردونە،ئەوەی نەگۆر و ماوەیە تەنها خودایە لەبەر ئەوەشە کە دەفەرموێ :

- وَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ ۘ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ ۚ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٨﴾ القصص.

"لەگەڵ خوادا هاوار لە خوایەکی تر مەکە، جگە لەو خوایەکی تر نیە، هەرچی هەیە لە بونەوەر هەموی لەناودەچی جگە لە خودا، فەرمانڕەوایی هەر هی ئەوە، هەموانیش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە."

هەر لەژێرڕۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە چەقبەستویی و پێشنەکەوتن و مانەوە لە دۆخێکی دیاریکراو گوناهێکی گەورەیە و هاوەل بڕیاردانە بۆ خودا چونکە یاسای گەردون وایە کە هەموشت پێش دەکەوێ ، ئەوەی پێش نەکەوێ و باوەڕی پێی نەبێ دژی یاساکانی سروشت دەوەستێتەوە و سەرەنجام هەم دنیای لە دەست دەچێ و هەم ڕۆژی دوایی، بۆیە لات سەیر نەبێ کە ولاتانی بەناو مسولمان کە چەقبەستون و دژی پێشکەوتنن هەم ژیانیان ناخۆشە و هەم ڕۆژی دواییشیان باش نابێ ، وەک عەلی شەریعەتی دەڵێ:

" ئاینیك گەر بە كەلكی دنیا نەیەت،بە دڵنیاییەوە بەكەلكی قیامەتیش نابێ "

الترتیل: لە فەرهەنگدا واتە کۆمەلەشتێک لە هەمان پۆل کە بە ریزو بە ڕێکی دوای یەک ریزکرابن.وەک پۆلێک سەرباز یا پۆلیک باڵندە . بەڵام ڕافەکارانی قورئان ترتیل بە مانای تجوید لێک دەدەنەوە بە واتای خوێندنی قورئان لەسەر ئاواز و نەغمەیەکی مۆسیقی ، کە ئەم شتە لە ئینجل و تەورات و پەیامەکەی حەزرەتی داودیش هەبوە بە ناوی مزامیر، کە دور و نزیک پەیوەندیی بە پەیامە ئاسمانیەکانەوە نیە و لاساییکردنەوەی کەلتوری یەهودی و مەسیحیەکانە کە ئێستاش لە کلێساکان بە مۆسیقا و گۆرانی دەقە پیرۆزەکانی خۆیان دەخوێنن.

خوێندنی قورئان بەم شێوەیە نەک سودی نییە بەڵکو زۆر جار خەڵکی لە ئامانجی پەیامەکە دوردەخاتەوە ، چونکە زیاتر گرنگی بە رازاندنەوە و ئاوازی خوێندن دەدرێت و ناوەرۆک و مانا جوانەکانی پەیامەکە ون دەبن.

ئەم دیاردەیەش زۆر بە رونی دیارە لە نێو مسولمانانی ئێستا.[1]

ڕەنگە بڵێی خوێندنەوەی قورئان بەم شێوەیە زۆر کاریگەر و خۆشە ، بەڵێ ڕاستە لای منیش خۆش و کاریگەرە بەڵام ئەگەر سەرنجێکی دەوروبەر و دنیا بدەی زۆرێک لە خەڵکی بیانی بە گوێگرتن لە مۆسیقایەکی خۆش یا گۆرانییەکی هێمن ئاسودە دەبن و زۆر جاریش بە سۆزەوە دەگرین بێ ئەوەی یەک وشە لە گۆرانیەکە تێبگەن.

بە هەمان شێوە کاتێک کەسێک لەگەڵ قورئان تێکەڵ دەبێت و دەگرێ ئەوە کاریگەری مۆسیقا و ئاواز و دەنگە خۆشەکەیە چونکە زۆربەی خەڵکی لە وشەکانی بە تەواوی تێناگەن.

قورئانی پیرۆزیش لەوە گەورەترە بۆ ئەوە هاتبێ بە دیاریەوە بگرین ، قورئان بڕیارە جیهان بگۆڕێ نەک خەلک بخاتە گریان ، چونکە هەزاران مۆسیقا و گۆرانیی کاریگەر هەن خەڵکی دەخەنە گریان.

الدعاء : نزاکردن ، بریتییە لە پەنابردنە بەر خودا و داواکردن لێی بە نیازی جێبەجێکردن ، بەخشین یا پاڵپشتیکردن لە بابەتێکی دیاریکراو.

مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی هەمو لە کاتی تەنگانە پەنا دەبەنە بەر هێزێک یا کەسێکی گەورەتر لەخۆیان ، کە زۆربەی کات خودایە ، ئەگەرچی لە هەر بیروباوەڕێک بە جۆرێکە بەڵام هەمان بیرۆکەیە.

نزاکردن کارێکی باشە و زۆرجاریش گیرادەبێت ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە نزا لە هەمو شت ناکرێ . نزا قبوڵ نابێ ئەگەر دژی یاساکانی سروشت بێ ، بۆ نمونە

---

[1] سەرنجی پێناسە و ڕونکردنەوەی الفاتحة بدە لە سەرەتای ئەم بەشە ، الترتیل بەم شێوەیە دەبێ ، هەر ئایەتێک پەیوەندیی بە چەند بەشێکی قورئان هەیە و بەرەو ئەو شوێنانە دەتبات کە ماناکانی لێیە ، لە کۆتاییدا بە هەمویان پێکەوە ماناکە تەواو دەکەن .

داوابکەی نەخۆشی نەمێنێ ، یا لە ناوەڕاستی هاوین باران بباریێ ، یا ئۆتۆمبێلەکەت بە خێرایی ۲۰۰ لێبخوڕی و داوا بکەی کە نەمری . یا نەخۆش بی لە جیاتی دەرمان و نەشتەرگەری نزا بکەی.

خاڵێکی تر هەیە کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە نزاکردن دەبێ دوای ۱۰۰% هەوڵدان بێ ، واتە دەبێ هەمو تواناکانی خۆت بخەیەگەڕ ، پاشان داوای سەرکەوتن لە خودا بکەی ، دەبێ هەمو ڕێگە ڕاستەکان بگریەبەر پاشان داوای پاڵپشتی بکەی ، دەبێ مەلە بزانی ئینجا بچیە ناو دەریا ، چونکە ئەگەر کافرێک و مسوڵمانێک بکەونە ناو دەریا ، ئەوەیان ڕزگار دەبێ کە مەلە دەزانێ ، نەک ئەوەی نزا دەکا.

البدو: دەوارنشین یا کۆچەر ، کۆمەڵێکن کە لە بنەڕەتدا یەک خێزان یا بنەماڵەن ، دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو نین ، بەڵکو بە دوای لەوەڕگا و ئاو لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراو جێگۆڕکێ دەکەن ،پیشەیان زیاتر ئاژەڵداری و کاری دەستیی سادەیە ، کۆچەرەکان خانو دروست ناکەن بەڵکو لە ناو رەشمال دەژین چونکە مانەوەیان وەرزییە یا جاری وا هەیە کەمتر لە وەرزێک لە جێگایەک دەمێننەوە.

بیرکردنەوەی کۆچەرییەکان سەرەتاییە و خەڵکی سادە و میوان دۆست و ڕاستگۆن ، بەڵام گۆرانکاری لە تێروانین و بیرکردنەویان زۆر سەختە. وەک (ئارنۆلد توینبی) دەڵێ :

"شارستانیەتی کۆچەری شارستانیەتێکی بەستوە "[1]

القرية : گوند ، لادێ، ئاوایی . بە تێگەیشتنی باو، واتە ئاوادانییەکی بچوک کە سیمای شارستانیەتی پێوە دیار نییە و ژیانێکی سادەیان هەیە ، خەڵکەکەی بە بەرهەمی خۆماڵی ماندوبونی خۆیان دەژین ، وەک کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا ئەو جێگانەی کە تایبەتمەندن بە کارێک یا پیشەیەکی دیاریکراو ناوی گوندی لێ دەنرێ وەک گوندی وەرزشی (القرية الرياضية) ، گوندی گەشتیاری (القرية السياحية)

---

[1] A Study of History. Arnold Toynbee

به پێی زۆرێک له ستانداردەکانی جیهان ، گوند ئەو شوێنەیە کە ژمارەی دانیشتوانی لە ٥٠٠ تا ٢٥٠٠ کەس بێت، بەلام قورئان ستانداردی خۆی هەیە کە زیاتر پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوەی دانیشتوان نەک ژمارەیان.

بۆ نمونە مەککە بەو گەورەییەی بە گوند ناوی هاتوە ، بەلام (یثرب کە دوایی ناوەکەی کرا بە مەدینە) ، بە شار ناوبراوە لە کاتێکدا لە مەککە بچوکترە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە مەککە یەکڕەنگ بون و قبولی فرەڕەنگی و ئازادییان نەکرد لە کاتێکدا یثرب فرەڕەنگ بون و ئازادیی ڕادەربڕین هەبو لەوێ.

ئەگەر سەرنج بدەین قورئانی پیرۆز لە زیاتر لە ٥٠ جار باسی گوند کراوە ، هەر هەمو جێگاکان مانای ئاوەدانیەکی دیاریکراون بەلام جیاکەرەوەیەک هەیە کە ڕاڤەکارانی قورئان بەداخەوە ئاماژەیان پێ نەکردوە ئەویش ئەوەیە (قریة) هەمو خەلکەکەی یەک بیروباوەری دیاریکراویان هەیە ، ئەگەر کەسێک وەک ئەوان بیری نەکردبێتەوە جێگای نەبۆتەوە لە ناویان و وەدەرنراوە ، وەک لە قورئاندا هاتوە :

- قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا ۚ قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ ﴿٨٨﴾ الاعراف.

" دەسەڵاتداران و لوت بەرزەکان لە میللەتەکەی وتیان: ئەی شوعەیب خۆت و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لە گەڵتدا لە گوندەکەماندا دەرتان دەکەین، یان بگەڕێنەوە نێو ئاینەکەمان، ئیمانداران وتیان: ئایا ئەگەر حەزیشی لێ نەکەین بەدڵیشمان نەبێت "

لێرەدا دەبینین گوند تایبەتمەندییەکی هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە هەمو دانیشتوانەکەی یەک بیروباوەڕیان هەیە و شتی جیاواز و نوێ قبول ناکەن ، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خەلکی گوند هەمویان خزمن و بیروباوەری نوێ و نامۆ بە هەڕەشە بزانن لەسەر ئاسایش و سەلامەتیی خۆیان ، ئەوەشمان بیرنەچێ کە سەرەتا مرۆڤ کێوی بوە ،پێویستیی بە ژیانی کۆمەلایەتی نەبوە یاهەستی پێ نەکردوە ، مرۆڤی سەرەتایی ژیانی لەسەر کۆکردنەوەی بەروبومی ڕوەک و دارەکان بوە .

پاشان فێری راوکردن بوە ، لەم قۆناغە پێویستیی بە یارمەتی هەبوە چونکە ئاژەلی درندە و گەورە و خێرا بە تەنها راوناکرێت، بۆیە لەوێوە پەیوەندی و پێکەوەژیان پەیدابوە.

پاشان مرۆڤ بۆتە دەوارنشین و کۆچەر و ئاژەلی مالی کردوە ، دوای نەمانی بەروبوم و لەوەرگا لە جێگایەک ناچاربون کۆچ بکەن و بە دوای جێگەیەکی باشتردا بگەرێن ، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر مرۆڤ هەر بە کۆچەری ژیاوە ، کە تا ئیستاش لە هەندێ جێگە ماوە.[1]

دوای ئەوەی کشتوکاڵ دۆزرایەوە مرۆڤ دەبو نیشتەجێ بێ و چاوەروانی پێگەیشتنی بەروبومە کشتوکالییەکان بکات، بۆیە مرۆڤ نیشتەجێ بو ، لەم قۆناغەدا کارەکان زۆربون و هەرەوەزی بو بە پێداویستی و پەیوەندیی کۆمەلایەتی بو بە پێویستییەکی حەتمی ، بۆیە مرۆڤ لە شێوەی کۆمەلی بچوک خانوی سەرەتاییان دروست کرد ، کە سەرەتا لە ئەشکەوت دەستی پێکردوە ، پاشان خانوی بە پوش و پەلاش و قامیش ، پاشان قور ، ئیتر بەم شێوەیە .

هەرکاتێک خودا پەیامبەری ناردوە بۆ خەلک ، بێگومان بەشێکی زۆری خەلکەکە دژی وەستاونەتەوە ، کەمینەیەک باوەری هێناوە کە دەبو یا بە نهێنی باوەردار بن یا گوندەکە بە جێ بهێلن هەروەک لە چیرۆکەکانی قورئاندا باسکراون .

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە قورئان ، هەمو گوندێک سەرەنجام لەناودەچێ ، نەک لەبەرئەوەی بچوکە یا دواکەوتوە لەروی تەکنۆلۆجیا و بالەخانە ، بەلکو لەبەر ئەوەی یەک رەنگە و فرەرەنگی و فرەدەنگی قبول ناکا ، واتە باوەری بە گۆرانکاری نییە. وەک لە قورئاندا هاتوە:

- وَإِن مِّن قَرْيَةٍ إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا ۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا ﴿٥٨﴾الاسراء.

" هەمو گوندێک لەناو دەبرێ پێش بەرپابوونی رۆژی قیامەت ، یان سزایەکی سەختی بەسەردا دێت، ئەوەش هەموی لای ئێمە تۆمار کراوە "

---

[1] سەرنجی کاتژمێری مێژو بدە لە سەرەتای ئەم کتێبە.

ئەگەر سەرنج بدەین لە زۆربەی جێگاكان لە قورئاندا كە ناوی گوند هاتوە ، سزادراوە یا لەناوبراوە بە شێوەیەک لە شێوەكان ، بەلام بە هیچ شێوەیەک ناوی شار و لەناوبردن بەیەكەوە نەهاتون ، واتە شار لەناو نابرێ ، ئەوەی بەلگەیە لەسەر ئەوەی هۆكاری لەناوچون تاوانكردن نییە بەلکو رەتكردنەوەی گۆرانكاری و قبولنەكردنی فرەرەنگی و ئازادیی تاكە.

نمونەیەكی وردترمان هەیە بە سەرنجی بدەین :

- فَانطَلَقَا حَتَّىٰ إِذَا أَتَيَا أَهْلَ قَرْيَةٍ اسْتَطْعَمَا أَهْلَهَا فَأَبَوْا أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُ ۖ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَاتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا ﴿٧٧﴾الكهف.

" پاشان ڕۆیشتن تا گەیشتنە گوندێک ،داوای خۆراكیان لە خەڵكەكە كرد،بەلام میوانداریان نەكردن، ئینجا لەناو شارەكەدا دیوارێكیان بەدی كرد خەریكبو دەڕوخا........"

سەرنج بدە لێرە گوندە ، چونكە خەلكەكەی هەموی وەک یەک چاوچنۆک بون و ئامادەنەبون ژەمێک نان بدەن بە ٢ میوان.

بەلام هەر هەمان گوند دوای ماوەیەكی كەم بە شار ناودەبرێ لە قورئاندا :

- وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ وَمَا فَعَلْتُهُ عَنْ أَمْرِي ۚ ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴿٨٢﴾ وَيَسْأَلُونَكَ عَن ذِي الْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُو عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾الكهف.

" دیوارەكەش كە چاكم كردەوە، خاوەنەكەی دو منداڵی هەتیووی شارەكە بون، لەژێریدا گەنجینەیەكی هەبو (كە باوكیان بۆی شاردبوونەوە، ئەگەر گوێمان پێ نەدایە، باران و لافاو دەری دەخست و ئەو خە ڵكە ڕەزیلەی كە میوانداریان لێ نەكردین، دەستیان دەكەوت)، باوكی ئە دو منداڵەش پیاوێكی چاک بو، .... "

هەر لە هەمان چیرۆک و دوای ماوەیەكی كەم گوندەكە بو بە شار ، بەلام چۆن؟

کاتێک باسی خەلکی گوندەکە کرا هەمویان یەک دەنگ و یەک هەلوێست بون و کەسی باشیان تێدا نەبو ، واتە ئەوە گوندە ، بەلام کاتێک باسی ٢ مندالەکە و باوکیان کرا کە باش بون و لە خەلکی گوندەکە نەدەچون ، بو بە شار ، واتە شار فرەرەنگی و دژیەکی تێدایە ، چاکە و خراپە ، بەلام گوند تەنها یەک رەنگە ، تا تەواو خراپیش نەبێ و هەمویان کۆک نەبن لەسەر خراپە لەناو ناچێ یا سزا نادرێ .

رەنگەکەسێک بلێ ، ئەی بۆچی (مەککە) وێران نەکرا ، خۆ ئەویش بە گوند ناوی هاتوە لە قورئاندا؟ هەموشیان یەک دەنگ و یەک رەنگن.

خوا فەرمویەتی هەمو گوندێک لە ناو دەبرێ یا سزا دەدرێ ، سزاکە لەوانەیە ژێردەستەیی، دواکەوتویی ، یا لاوازی بێ ، ئەمرۆ مەککە و هەمو ولاتانی ئەم ناوچەیەش کە یەک رەنگ و دیکتاتۆرن لەوپەری لاوازی و ژێردەستەیی و نەفامیدا دەژین ، سزا لەوە قورستر هەیە ؟

"لای عەرەب فێربونی ئاین گرنگترین شتە ، بەلام ئەم فێربونە نابێتە رێگر لەبەردەم گەندەلی و تاوانکاری ، ئەوان زۆر دیندار و زۆر گەندەلن لە هەمان کاتدا "[1]

لە رۆژگارێک کە مسولمان خاوەنی شارستانییەت و دەولەت بون ئەوروپییەکان لە ناو ئەشکەوتەکان دەژیان و پێستی ئاژەلیان لە خۆیان دەئالاند ، ئێستا کە ئەوان وا پێشکەوتون و رۆژهەلاتیش وا دواکەوتوە هۆکارەکەی زۆر رونە ، ئەویش دورکەوتنەوەیە لە یاسا نەگۆرەکەی سروشت ، ئەوەی نەگۆڕێ دەدۆڕێ .

ئێمە ٥٠ سال پێش ئێستا توانیومانە بژین به ئەقلی ئەو سەردەم ، بەلام ئەمرۆ بمانەوێ بە ئەقلی ٥٠ سال پێش ئێستا بژین ئایا دەتوانین؟ئەی باشە چۆن بتوانین بە ئەقلی ١٢ سەدە لەمەوبەر بژین کە نەتوانین بە هی ٥٠ سال لەمەوبەر بژین؟

المدینە: شار ، ئاوەدانیەکی گەورەترە لە گوند کە سیمای شارستانییەتی پێوەدیارە لە شێوازی رێکخستنی خانو و بالەخانەکان و دانیشتوانەکەی زیاتر خەریکی

---

[1] العرب وجهة نظر يابانية . نوبواکی نوتوهارا

بازرگانی و پیشەگەری و کاری تایبەتن ، هەروەها لە شار دامودەزگای میری و بەڕێوەبردن و دەسەلات بە دی دەکرێت.

ئەوەی لە شار تێبینی دەکرێ فرەرەنگی و فرە ئاینی و گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانە ، لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین جێگە ناوی شار هاتوە بە ئاماژەکردن بۆ جێگەیەک کە فرەرەنگی و فرەفەرهەنگی تێدا هەبوە بە پێچەوانەی گوند ، کە تاکرەوی و یەک رەنگی تێدا بەدی دەکرێ.

پەیامبەر(د.خ) لە مەککە نەیتوانی بژی ، هەرچەندە دانیشتوانەکەشی خزمی خۆی بون ، خودا فەرمانی پێکرد کۆچ بکا چونکە گوند گۆرانکاریی تێدا ناکرێ ، ئەو چوە شارێک کە هەموی بێگانەبون بەلام چونکە شار بو ، فرەرەنگی و فرەئاینیی تێدا هەبو ، ئازادیی رادەربرین هەبو ، لەوێ وەک مالی خۆی ژیا ، تەنانەت دوای ئازادکردنی مەککەش نەگەرایەوە ، چونکە مەککە گوندە و هەرگیز فرەرەنگی بە خۆیەوە نەدیوە ، ئەستەمیشە بیێ بە شار ، تا ئێستاش ئەوەی مسولمان نەبێ (بە پێناسەی پیاوانی ئاینی سعودیە) ناتوانێ بچێتە مەککە ، ئەوەش بەهێزترین بەلگەیە لەسەر ئەوەی ئەو شارە هەمیشە و بەردەوام تووی دیکتاتۆری دەچێنێ و هەرگیز نابێت جێگەی پێکەوەژیانیش تا لەم جۆرە بیرکردنەوە داخراوە دەرنەچن ، رەنگە زۆرکەس بلێن مەککە شارێکی پیرۆزە . شار بریتییە لە زەوی و دارو بەرد ، ئەوەی پیرۆز یا ناشرینی دەکات دانیشتوانەکەیەتی ، دانیشتوانی مەککەش پیرۆزترین و گەورەترین پیاویان دەرکرد چونکە وەک ئەوان بیری نەدەکردەوە ، رەنگە بلێی ئێستا وا نییە، ئێستا لە جاران زۆر خراپترە چونکە ئێستا مرۆڤایەتی زۆر پێشکەوتوە ، نەنگی و شورەیییە خەلکی ولاتی خۆت بە هەمو دنیادا بگەڕێن بۆ کەیف و سەفا بەلام رێگە نەدەی خەلکی تر بێنە شارەکەت چونکە وەک تۆ بیرناکەنەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە کە نیشتەجێبونی مرۆڤ لە شار دوا قۆناغی نیشتەجێبونە دوای تێپەڕینی مرۆڤ بە قۆناغەکانی پێشکەوتن وەک ، ژیان لە ئەشکەوت ، کۆچەری ، گوندنشینی ، دواجاریش گیرسانەوە لە شار.

الوصية : وەسیەتنامە ئەو بەڵگەنامەیە کە کەسێک بەر لە مردنی خۆی دەینوسێ یا تۆماری دەکات بۆ رونکردنەوەی شێوازی خەرجکردن یا دابەشکردنی موڵک و داراییەکانی . وەسیەت کردن پێویستە لەسەر هەمو مسوڵمانێک :

- كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ ﴿١٨٠﴾ البقرة.

" پێویستكراوه لەسەرتان كاتێك یەكێكتان مەرگی نزیك بووەوە ، ماڵ و داراییەكی بەجێ دەهێشت، با وەسیەت بكات كە هەندێكی بدرێت بە دایك و باوك و خزمان بەشێوەیەكی رێک. ئەمە پێویستە و ئەركە لەسەر خواناس و پارێزكاران"

وەسیەت پێویستە هەبێ ، ئەگەر نەبو ئینجا میرات جێبەجێ دەکرێ.

ئەگەر سەرنجی قورئان بدەین دەبینین کە وەسیەت ئەسڵە و میرات چارەسەری دووەمە:

- وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۚ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم ۚ مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۗ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ ۚ فَإِن كَانُوا أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍّ ۚ وَصِيَّةً مِّنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴿١٢﴾.النساء

ئەگەر سەرنج لەم ئایەتەی سەرەوە بدەین کە باسی دابەشکردنی میراتە ، تەنها لە یەک ئایەتدا ٣ جار خوا دەفەرموێ (لە دوای وەسیەت یا قەرز).

واتە دەبێ وەسیەت هەبێ یا قەرز ئەگەر هەبو بدرێتەوە پاشان میراتەکە دابەش دەکرێ.

لە چەند جێگەی تریش لە قورئاندا هاتوە کە دوای وەسیەت و دانەوەی قەرز ئینجا میرات کاری پێ دەکرێ.

ئەگەر سەرنج بدەین یەکێک لە رەخنە گەورەکانی کە لە ئیسلام دەگیرێ لە بابەتی میراتە ، بۆچی کچ کەمتر وەردەگرێ لە کور؟

لە قورئاندا میرات لەسەر بنچینەی رەگەز دابەش نەکراوە ، بەڵکو بە پێی پایەی کۆمەڵایەتی دابەش کراوە ، لە چەندین حاڵەت ئافرەت لە پیاو زیاتر وەردەگرێ ، حالەتیش هەیە ئافرەت وەردەگرێ و پیاو وەرناگرێ.

نامەوێ بە درێژی لەسەر باسەکە بدوێم چونکە بە وردی باسکراوە لە قورئان ، ئەوەی گرنگە لەلام یەک خاڵە ، ئەویش ئەوەیە ، کاتێک وەسیەت هەیە چ پێویست دەکا رەخنە لە میرات بگیرێ ؟

بە ئارەزوی خۆت وەسیەت بکە و میرات بە دڵی خۆت دابەش بکە .

رەنگە هەندێک بڵێن وەسیەت سنوردارە ، چونکە فەقیهەکانی ئیسلام وەسیەتیان پەک خستوە ، بەوەی پێش میراتی ناخەن یا مەرجیان بۆ داناوە کە نابێ لە سێیەکی موڵکەکە زیاتر بێ ، بەڵگەشیان فەرمودەکەیەکی پەیامبەرە لە بۆنەیەکی دیاریکراو فەرمویەتی :

- تَشَكَّيْتُ بمَكَّةَ شَكْوًا شَدِيدًا، فَجاءَنِي النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَعُودُنِي، فَقُلتُ: يا نَبِيَّ اللهِ، إنِّي أتْرُكُ مالًا، وإنِّي لَمْ أتْرُكْ إلَّا ابْنَةً واحِدَةً، فَأُوصِي بثُلُثَيْ مالِي وأَتْرُكُ الثُّلُثَ؟ فقالَ: لا. قُلتُ: فَأُوصِي بالنِّصْفِ وأَتْرُكُ النِّصْفَ؟ قالَ: لا. قُلتُ: فَأُوصِي بالثُّلُثِ وأَتْرُكُ لها الثُّلُثَيْنِ؟ قالَ :الثُّلُثُ، والثُّلُثُ كَثِيرٌ .ثُمَّ وضَعَ يَدَهُ علَى جَبْهَتِهِ، ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ علَى وجْهِي وبَطْنِي، ثُمَّ قالَ: اللَّهُمَّ اشْفِ سَعْدًا، وأَتِمْ له هِجْرَتَهُ. فَما زِلْتُ أجِدُ بَرْدَهُ علَى كَبِدِي -فِيما يُخالُ إلَيَّ- حتَّى السَّاعَةِ.

الراوي : سعد بن أبي وقاص

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" سەعدی کوری ابی وقاص ، نەخۆش بوە و پەیامبەر سەری لێداوە، سەعد پرسیاری لە پەیامبەر کردوە کە پارەیەکی زۆری هەیە و دەیەوێ وەسیەت بکا ، بەلام سەعد تەنها یەک کچی هەبوە ، لە پەیامبەری پرسیوە ئایا نیوەی وەسیەت بکەم بۆ کچەکەم ؟ پەیامبەریش فەرمویەتی سێیەک ، سێیەک زۆریشە .... "

دیارە کە سێیەک بۆ تافە کچەکەی سەعد باش و زۆریش بوە ، چونکە کچ لەسەری نەبوە ماڵ دابنێت و پارە پەیدابکات و کاربکات . پاشان لە بیرمان نەچێ ئەو پارەی دەمێنێتەوە چی لێ دێ؟

پارەکە دەگەرێتەوە خەزێنەی مسوڵمانان ، چونکە بە پێی ئەم فەرمودەیە سعد ئەوکاتە تەنها ئەو کچەی هەبوە ، یا تەنها ئەو کچەی ماوە چونکە منداڵی تری زۆر بوە بە گوێرەی سەرچاوە مێژوییەکان.

لە هەمو حالەتەکان ، پرسیار و وەڵامەکە راوێژە ، نەک حوکمێک کە بەسەر هەمو مرۆڤایەتیدا ، چونکە کاتێک منداڵەکان زۆرتربن بێگومان وەسیەتەکانیش دەگۆرێن .

پاشان خودا لە باسی وەسیەتدا هیچ مەرجی دانەناوە ، دیارە کە مەرجیش نەبو خەلک ئازادە لە دابەشکردنی ماڵی خۆی.

المیراث : میرات ، ئەو مولک و داراییەیە کە لە دوای کەسێک بەجێ دەمێنێ دوای مردنی ، ئەگەر وەسیەت نەبو ئەوا میرات بە گوێرەی چەند یاسایەکی تایبەت دابەش دەکرێ کە لە قورئانی پیرۆزدا رونکراوەتەوە، بەلام ئەگەر وەسیەت هەبێ میرات کاری پێناکرێ .

الفرقان: ١٠ وەسیەتە گرنگەکەی تەورات و ئینجیل و قورئان، (الوصایا العشر- ten commitments) ئەو ١٠ وەسیەتەی کە خوا بە هەمو پەیامبەرانی داوە و مرۆڤایەتیی لەسەرئەم بنەمایانە بنیات دەنرێ. تەنها ئەوەیە کە لە قورئان ٩ دانەن ، پیرۆزراگرتنی رۆژی شەممەی تێدا نیە وەک لە ئینجیل هاتوە.

قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ۖ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ۖ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ۖ وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُم مِّنْ إِمْلَاقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ۖ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾ وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُ ۖ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾ الانعام

" پێیان بڵێ: وەرن با ئەو شتانەتان پێ بڵێم کە پەروەردگارتان حەرامی کردوە ، کە هیچ شتێک نەکەن بە هاوەڵ بۆی، کە چاک ڕەفتار بن لەگەڵ دایک و باوکتاندا، منداڵانی خۆتان لەبەر برسێتی و نەداری مەکوژن، چونکە ئێمە ڕزقی ئێوەش و ئەوانیش دەدەین، نزیکی داوێنپیسی مەکەون، ئاشکراو پەنهان، هیچ کەسیش مەکوژن کە خوا حەرامی کردووە مەگەر بەحەق نەبێت، ئەوەی کە خوێندمەوە بۆتان خوا فەرمانی پێکردوون بۆ ئەوەی ژیرو هۆشمەند بن . نزیک ماڵ و سامانی هەتیو مەکەون مەگەر بەچاکی نەبێت، هەتا ئەو کاتەی گەورە دەبێت و بەتەواوی پێ دەگات. کێشان و پێوان بەڕێک و پێکی بکەن، داوای شتێک لە کەس ناکەین مەگەر بەگوێرەی توانای خۆی نەبێت .کاتێکیش قسەو گوفتارتان کرد ئەوە دادوەر بن و (لایەنی ناحەق مەگرن) ئەگەر خزمی نزیکیش بێت.وەفابکەن بەو پەیمانەی کە دەیبەستن لەگەڵ خوادا بەو بەڵێنەی کە بە پەروەردگاری دەدەن، ئەو شتانەش پەروەردگارتان فەرمانی پێداون، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن "

النبا : هەواڵ یا پێشبینی بۆ داهاتو ، واتە غەیبە:

- **لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ ۚ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾** الانعام

" هەموو هەواڵێکی قورئانی کات و شوێنی بەدی هاتنی خۆی هەیە، بەلام پاشان دەیزانن".

الرسول : واتە پەیامبەری خودا بەڵام پێویستە پەیامێکی نوێی هێنابێ ، ئەگەر پەیامی نوێی نەهێنابو ئەوا دەبێتە نێرراو.

النبي : واتە نێرراوی خودا، جیاوازی لەگەل پەیامبەر ئەوەیە کە پەیامی نوێی پێ نییە بەلکو پەیامی پەیامبەرەکەی پێش خۆی رادەگەیەنێ.

الشهيد : گەواهیدەر- واتە کەسێک کە لەکاتی رودانی کارێک یا بەسەرهاتێک ئامادە بێ و روداوەکە ببینێ و ببیستێ، بەلام کەسێکی زیندو نەک مردو . وشەی شەهید دور و نزیک پەیوەندی بە مردوەوە نییە .

لە قورئانی پیرۆز زیاتر لە ٣٥ جار وشەی شهید هاتوە،تەنانەت لە یەک جێگاش مانای کەسێکی مردو ناگەیەنێ، بەلکو هەر هەموی بە مانای (کەسێکی ئامادەی زیندوی بینەر و بیسەر) هاتوە.

ئەوەی خوارەوە ٢ نمونەن ، هەمونمونەکانی تریش هەمان مانایان هەیە،دەتوانی بگەرێیەوە سەر قورئانی پیرۆز و هەمویان ببینی.

- قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٨﴾
ال عمران

" ئەی پەیامبەر (ﷺ) بە خاوەنانی کتێب بلێ: بۆچی ئێوە باوەڕ ناکەن بە ئایەتەکانی خوا، خۆ خوا شایەتە لەسەر هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن".

- فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾النساء

" دەبێت حاڵی ئەو خەڵکە چۆن بێ کاتێ لە هەر میللەتێک شایەتێکمان هێنا و تۆشمان هێنا بەشایەت بەسەر ئەو خەڵکەوە ".

خودای گەورە وشەی شەهیدی تەنانەت بۆ پەیامبەرەکەی خۆشی بەکارنەهێناوە وەک دەفەرموێ:

- وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ ۚ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَىٰ أَعْقَابِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا ۗ وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ ال عمران.

" محمد (ﷺ) پەیامبەرێک بوو هەروەک پەیامبەرانی پێشی خۆی، ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژرا، ئێوە هەڵدەگەڕێنەوە؟ ئەوەی هەڵگەڕێتەوە ئەوە هەرگیز زیان بەخوا ناگەیەنێت، خوای گەورە ش پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە".

وەک دەبینین لێرەدا خودا دەفەرموێ ئەگەر کوژرا(نەک شەهید بوو) وەک دەشزانین کەس لەپەیامبەران گەورەتر نییە ، ئەگەر شەهادەت هەبێ دەبێ ئەوان لە پێشی هەموکەس ئەو پلەیە وەربگرن.

لە باسی ئەو کەسانەش کە لەپێناوی خوا گیانیان دەبەخشن دیسان خودا دەفەرموێ (کوژران)، نەک شەهید بون:

- وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ ال عمران.

" وامەزانن ئەوانەی لەپێناوی خوادا کوژران مردون، بەڵکو ئەوانە زیندوون، لای پەروەردگاریان "

ئەی باشە بۆچی شەهید لکێنرا بە مردن لە پێناوی خوا ؟

گەیاندنی پەیامی ئاسمانی ئەرکێکی زۆر سەختە ، ئەوەی مێژوی ژیانی پەیامبەران بخوێنێتەوە دەزانێ کە چەند ناخۆشی و ئازاریان چەشتوە لە پێناو گەیاندنی پەیامەکانی خودا.

پەیامبەر بە تەنها ناتوانێ پەیام بگەیەنێ ئەگەر خەڵکی یارمەتیی نەدەن ، ئەوانەش کە یارمەتیی پەیامبەران دەدەن هەم ئەرکیان قورسە و هەم پاداشتی گەورە بە دەست دێنن.

بەڵام لەبیرمان نەچێ مرۆڤەکان چون یەک نین ، هەمیشە مرۆڤی هەلپەرست و بەرژەوەندیخواز هەن و لە پێناو گەیشتن بە مەرامەکانیان خۆیان لە پیاوە چاکەکان و پەیامە پیرۆزەکان نزیک دەخەنەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین لە دەوروبەری پەیامبەر مرۆڤی دورو هەبون و لەگەل مسولمانان نوێژیان دەکرد و دەچونە جیهاد و هەمو ئەرکێکی مسولمانانەیان بەجێ دەهێنا، بەڵام دیارە کە مەرامی تایبەتیی خۆیان هەبوە ، هەبوە بۆ ئەوە شەڕی کردوە تا خەلک پێی سەرسام بن و ناوبانگ دەربکا ، یا هەر خۆی کەسێکی خوێنڕێژ بوە ، هەبوە تەنها لە پێناو دەسکەوتنی ماڵ و کچی جوان چۆتە جیهاد ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ ۚ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ ۗ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾ ال عمران.

" هەتانە دونیای دەوێت و هەتانە دوارۆژ ...."

ئەوانەی هەر بۆ دنیا مسولمان بون دوای کۆچی پەیامبەر و ٤ جێنشینەکانی دوای خۆی ، کەوتنە پلان دانان بۆ خۆدەولەمەندکردن و پاوانخوازی .

وەک ئاشکراشە برەودان بە شەڕ ئاسان نییە ، مرۆڤ ئەگەر باوەڕێکی زۆر پیرۆز و بەهێزی نەبێ ئامادە نییە خۆی بدا بە کوشت .

شوانێکی بەستەزمان لە دۆزەخی بیابانی گەرمی نیمچەدورگەی عەرەب لەژێر تیشکی سوتێنەری هەتاو رۆژ تا ئێوارە لە حوشتر و لمی بیابان و مەڕوماڵات بەولاوە شتێکی تری بەرچاو ناکەوێ ، ژیانی ئەو خۆی دۆزەخە چونکە هەژارە و بێ بەشە لە هەمو خۆشییەکانی ژیان .

شوانی داماو ئەگەر مژدەی بەهەشت و ٧٠ پەریی جوانی بدەنێ ، یا بەڵێنی پێدانی ماڵ و کچی جوانی پێبدەن لە بەرامبەر شەڕکردن و سەرخستنی پەیامێک ، دەبێ چۆن بیربکاتەوە ؟

بێگومان لە بچوکترین دەرفەت دەگەڕێ تا لەم دۆزەخەی بیابان رزگاری بێ ، ئەگەر شەڕی کرد و نەکوژرا ئەوا ئەگەری زۆرە ببێتە خاوەنی ماڵ و کچی جوان کە دەستیان دەکەوێ لە شەڕەکە ، خۆ ئەگەر کوژراش ئەوا شەهیدە و شەوەکەی لە بەهەشت ٧٠ پەریی رازاوە چاوەڕێی دەکەن لە ناو باخ و گوڵستانی ڕازاوە.

ئەگەر دیندار بێ ئەوا پەیامەکەی پاڵنەر دەبێ بۆ بەشداری کردن لەم شەڕە پیرۆزە ، ئەگەر بێدینیش بێ دەسکەوتنی ماڵ و کچی جوان بەسە بۆ ئەوەی دەست بداتە شمشێر و بەشداربێ لە شەڕەکە ، لای ئەو گرنگ نییە کێ ڕاستە ، ئەو لایەنە ڕاستە کە داواکانی ئەو جێبەجێدەکات. ئەو باوەڕی بەو خودایە هەیە کە لەپێناوی شەڕدەکات .

خوداکان زۆرن ، بەڵام نیگەران مەبە تەنها خوداکەی تۆ ڕاستە.

الوحی : سروش ، ئەو فەرمانە تایبەتانەن کە خودا دەریان دەکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری دروسکراوەکان و پێدانی ئەرکێکی تایبەت ، ڕەنگە وابزانین کە سروش تەنها بۆ پەیامبەران دێت ، بەڵام جاری وا هەیە بۆ ئاژەلانیش دێت ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- **وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾** النحل

" خودا سروشی بۆ هەنگ نارد کە لە چیاکان و دارەکان یا لەو شوێنانەی بۆیان دروست دەکرێ ، ماڵ دروست بکەن"

سروش خەسڵەتە ئاژەلییەکان دەگۆڕێ بۆ خەسڵەتی بەرز و پیرۆز ، هەنگ و مێش هەردوکیان مێشن ، هەنگ سروشی خودای بۆهات ، لە ئەنجامدا بو بە یەکێک لە بەسودترین دروسکراوەکانی خودا ، هەمو ژیانی هەنگ بریتییە لە کارکردن لەسەر بەرنامەیەکی ڕێکوپێک ، پاکترین ژینگەیان هەیە ، یەکێک لە بەسودترین خواردنەکانی جیهان دروست دەکەن کە وەک دەرمان و خۆراک بە هەزارەها شێوە بەکاردێ.

لە بەرامبەردا مێش ، هەروەک هەنگە لە پێکهاتەیدا ، بەڵام چونکە سروشی بۆ نەهاتوە لە پیسترین جێگە دەژی ، مانای ڕێکخستن و کارکردن نازانێ ، ژیانی هیچ بەرنامەیەکی تێدا نییە ، هەموکەسیش ڕقی لێیەتی و بێزی لێ دەبێتەوە.

ئەگەر دیندار بێ ئەوا پەیامەکەی پاڵنەر دەبێ بۆ بەشداری کردن لەم شەڕە پیرۆزە ، ئەگەر بێدینیش بێ دەسکەوتنی ماڵ و کچی جوان بەسە بۆ ئەوەی دەست بداتە شمشێر و بەشداربێ لە شەڕەکە ، لای ئەو گرنگ نییە کێ ڕاستە ، ئەو لایەنە ڕاستە کە داواکانی ئەو جێبەجێدەکات. ئەو باوەڕی بەو خودایە هەیە کە لەپێناوی شەڕدەکات .

خوداکان زۆرن ، بەڵام نیگەران مەبە تەنها خوداکەی تۆ ڕاستە.

الوحی : سروش ، ئەو فەرمانە تایبەتانەن کە خودا دەریان دەکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری دروسکراوەکان و پێدانی ئەرکێکی تایبەت ، ڕەنگە وابزانین کە سروش تەنها بۆ پەیامبەران دێت ، بەڵام جاری وا هەیە بۆ ئاژەلانیش دێت ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ النحل

" خودا سروشی بۆ هەنگ نارد کە لە چیاکان و دارەکان یا لەو شوێنانەی بۆیان دروست دەکرێ ، ماڵ دروست بکەن"

سروش خەسڵەتە ئاژەلییەکان دەگۆڕێ بۆ خەسڵەتی بەرز و پیرۆز ، هەنگ و مێش هەردوکیان مێشن ، هەنگ سروشی خودای بۆهات ، لە ئەنجامدا بو بە یەکێک لە بەسودترین دروسکراوەکانی خودا ، هەمو ژیانی هەنگ بریتییە لە کارکردن لەسەر بەرنامەیەکی ڕێکوپێک ، پاکترین ژینگەیان هەیە ، یەکێک لە بەسودترین خواردنەکانی جیهان دروست دەکەن کە وەک دەرمان و خۆراک بە هەزارەها شێوە بەکاردێ.

لە بەرامبەردا مێش ، هەروەک هەنگە لە پێکهاتەیدا ، بەڵام چونکە سروشی بۆ نەهاتوە لە پیسترین جێگە دەژی ، مانای ڕێکخستن و کارکردن نازانێ ، ژیانی هیچ بەرنامەیەکی تێدا نییە ، هەموکەسیش ڕقی لێیەتی و بێزی لێ دەبێتەوە.

مرۆڤیش ئەگەر پەیام هەلبگرێ دەبێ وەک هەنگ رێکوپێک و بەسود بێ ، تا خۆشەویست بێ ، خۆ ئەگەر پەیامیشی نەبو ، ئەوا هەمو تەمەنی خۆی بێ سود بەرێ دەکا لە ناو زۆنگاوەکانی ژیان و وەک مێش ژیان بەسەردەبات.

النفس : بە دو مانا دێت ، یەکەمیان بە مانای (گیان) ، لەڕوی مادییەوە (نفس)بە هەر هەر زیندەوەرێک دەوترێ کە زیندوبێت و هەناسە بدات ، هەروەها نفس نهێنیی ژیانە لە هەمو بونەوەران . وەک لە قورئاندا هاتوە:

- يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ارْجِعِي إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ الفجر.

" ئەی گیانی ئاسودە ، بگەڕێوە لای خودای خۆت .... "

لێرە تێبینی دەکرێ کە گیان دەگەڕێتەوە لای خودا لەکاتی مردن ، وەک زۆر جار دەبیستم دەلێن روح سەرچاوەی ژیانە ، بەلام لە راستیدا گیان سەرچاوەی ژیانە ، بۆیە ئەگەر گیان لە جەستە جیابویەوە ئەوا خاوەنی ئەو جەستەیە دەمرێ.

مانای دوەمیشی مەعنەویە ، کە بریتییە لە کۆمەلێک تایبەتمەندی و توانا و خەسلەت لە کەسێکی دیاریکراو ، واتە کارەکتەری ناخی مرۆڤ یان کەسایەتی. وەک لە قورئاندا هاتوە:

- وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي ۚ إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي ۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٣﴾ یوسف.

" خۆشم بێتاوان دەرناخەم ، نەفسی مرۆڤ فەرمانکارە بە خراپە ، مەگەر خودا رەحمی پێ بکا ....."

پلەکانی (نفس - کەسایەتی)[1]

النفس المطمئنة : ئەوانەن کە خاوەن کەسایەتیی بەرز و خۆڕاگرن بەرامبەر هەمو کارێکی نارەوا و خۆشییەکانی دونیا ، هەولدەدەن هەمو کارەکان بە پێی دەستور و بەها کۆمەلایەتییەکان ئەنجام بدەن و دورن لە دەست درێژی و کاری

[1] سیگمۆند فرۆید: یەکەم زانایە کە جۆرەکانی کەسێتیی ناساندوە ، لە قورئانی پیرۆزیشدا هەرسێ جۆری کەسایەتی بە ڕونی ئاماژەیان پێ کراوە.

نارەوا و ئارامگر و بەرێزن. دەتوانین ئەم جۆرە بە کەسایەتیی فریشتە ناوبنێین بۆ ئەوەی رونتر بێتە بەرچاومان.

لە زانستی دەروونناسی بەم جۆرە کەسایەتیە دەوترێ (**منی باڵا – انا الاعلی-Super Ego**) بەوە دەناسرێتەوە کە پابەندە بە بەها جوانەکان و ئەم جۆرەیان بەرزترین پلەی کەسایەتییە.

النفس اللوامة : ئەوانەن کە خاوەن کەسایەتیی واقیعین و تێکەڵەیەکە لە نێوان هەردو جۆرەکەی تر ، لە کەسایەتی سەروی خۆی بەهاکان وەردەگرێت و لە کەسایەتیی خوارەوەی خۆی پاگەزەکان وەردەگرێ ، کە زۆر جار پاگەز یا خەسڵەتی ئاژەڵین ، بەڵام رەچاوی بەهاکان دەکات .

لە زانستی دەروونناسی بەم جۆرە کەسایەتیە دەوترێ (**من – انا -Id**) بەوە دەناسرێتەوە کە پابەندە بە بەها جوانەکان و ئەم جۆرەیان دوەم پلەی کەسایەتییە. دەتوانین ئەم جۆرەیان بە کەسایەتیی واقیعی ناوبنێین بۆ ئەوەی رونتر بێتە بەرچاو.

النفس الامارة : ئەوانەن کە خاوەن کەسایەتیی نزمن ، واتە ئەوەی حەزیان لێ بێ دەیکەن ، گوێ بە بەهاکان و یاساکان نادەن ، بە گشتی لاوازن بەرامبەر خۆشیەکان و بێ ئارامن . سڵ ناکەنەوە لە ئازاردان و دەست درێژی کردنەسەر مافی خەلک. ئەمەیان نزمترین جۆری کاسایەتییە .

لە زانستی دەروونناسی بەم جۆرە کەسایەتیە دەوترێ (**ئەو – هو -Ego**) بەوە دەناسرێتەوە کە پابەند نییە بە بەها جوانەکان و ئەم جۆرەیان سێیەم و نزمترین پلەی کەسایەتییە. وە دەکرێ بە کەسایەتیی ئاژەڵی ناوی بنێین بۆ ئەوەی رونتر بێتەبەرچاو.

ئادەمیزاد لە ناخیدا هەموجۆرەکانی کەسایەتی هەڵدەگرێ ، هەمومان بەشێک لە هەر سێ جۆرەکەی کەسایەتیمان تێدایە ، لە هەر بۆنەیەک بەشێک یا کەسایەتییەک دەردەکەوێ ، یا تێکەڵەیەک لە نێوان دو کەسایەتی .

دەبێ ئەوە بزانین کە ئێمە هەمیشە لە ململانێیەکی توندین لەگەڵ ناخی خۆمان بۆ دەرخستنی یا زاڵکردنی یەکێک لە کەسایەتییەکان ، بێگومان هەمومان خۆمان بە خاوەنی کەسایەتی یەکەم دەزانین ، بەڵام دەبێ بزانین کە بە پێی بارودۆخ و پەروەردە و تەمەن و بەهاکان و زۆر هۆکاری تر کەسایەتی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕاندایە .

ململانێمان لە گەڵ سەختییەکانی ژیان و گرفتە جۆراوجۆرەکان کەسایەتی ڕاستەقینەمان دەردەخەن ، ڕەنگە هەمومان بە شێنەیی کەسی باش بین ، بەڵام کاتی توڕەیی سەرنجی خۆت بدە .

کاتێک توڕەی چەند بیرۆکەی ترسناک و ئەهریمەنانە بە خەیاڵتدا دێن ؟

یا کاتێک پارە و خۆشییەکانی دونیا دێنە گۆڕێ ، چەندمان خاوەنی کەسایەتی یەکەمین؟

پێویستە هەمومان سەرنجی خۆمان بدەین و بۆمان رون بێتەوە کە چین و کێین .

مرۆڤ لە کاتی تەنگانە و کارەسات و توڕەیی و دەوڵەمەندی و دەسەڵات دەناسرێ ، نەک لەکاتی شێنەیی و هەژاری و بێ دەسەڵاتی.

ئەو کەسەی تاوان ناکات لە ترسی یاسا ، هەر بە نەمانی یاسا دەگۆڕێ بۆ ئاژەڵێکی دڕندە و دنیا وێران دەکات.

سەرنجی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتت داوە کاتی خۆپیشاندان یا کاتی ڕاپەڕین و نەمانی دەسەڵات و یاسا؟

دەبینی چۆن خەڵکی دەبنە جڕ و جانەوەر و سڵ ناکەنەوە لە خەڵک کوشتن و تاڵانکردن و تێکدانی وڵات؟

ئەی سەرنجی ئەو داوێن پاکە خواپەرستانەت داوە کە دەچنە ئەوروپا چۆن دەگۆڕێن؟

دیارە کە ئەوانەی دەگۆڕێن بە گۆڕانی بارودۆخی دەوروبەر هەر لە سەرەتاوە لە ناخەوە خاوەن کەسایەتییەکی تر بون ، بەڵام لە بارودۆخی گونجاو دەگەڕان تا تیایدا دەرکەون.

بۆیە کۆمەڵگە داخرەوەکان مرۆڤی دورویان زۆر تێدایە چونکە ناچارن کەسایەتییەکی جوان پیشانی کۆمەڵگە بدەن کە لە ناخەوە وا نین ، بەڵام بارودۆخ و بەهاکان وا دەخوازن ، بۆیە لە روناکیدا فریشتە و لە تاریکیشدا جانەوەرن.

لە بەرامبەریشدا لەو کۆمەڵگانەی کە کراوەن و تاک تێیاندا ئازادە کەمتر خەڵکی دوڕو بە دی دەکرێن ، چونکە ئەوان کەسایەتیی خۆیان هەر لە منداڵییەوە ناسیوە ، ئەوان چونکە ئازادن شت ناشارنەوە ، تا دەگاتە رادەی بێ شەرمی (بە پێوەرەکانی ئێمە بێگومان).

بۆیە ئەوان خۆپیشاندان و راپەرینیشیان لە ئێمە جیاوازە ، ئەوان وڵاتی خۆیان وێران ناکەن و دەست درێژی ناکەنە سەر خەلک و دەزگا خزمەتگوزارییەکان.

رەنگە هەندێ کەس لێرە و لەوێ بڵێن ، لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانیش دزی و تاڵانی هەیە ، بەلی راستە هەیە بەڵام لەوێ رێژەکە زۆر کەمترە ، بەلام لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دزی و تاڵانی بە یاسایی دەکرێ .

زۆربەمان ساڵی ٢٠٠٣ مان لەیادە کاتێک رژێمی بەعس روخێنرا . دەیان هەزار ئۆتۆمبێل و کارگە و کەلوپەلی جۆراوجۆر لە کۆگاکان تاڵان کران ، سەرباری ئەوەی دەیان کەسی خاوەن ویژدان داوایان کرد ئەم کەلوپەلانە دەستیان بەسەردابگیرێت و لە خزمەتی گشتیدا بەکاربێن ، بەڵام چونکە زۆرێک لە کاربەدەستان ملیۆنان دۆلاریان دەست دەکەوت ئامادەنەبون گوێ لە راستیەکان بگرن، (کەسایەتیی جۆری سێیەم بەدیارکەوت لە هەلومەرجی گونجاو)

هەربۆیە کەلوپەلەکان فرۆشران و کۆمەڵێک خەلکی هەلپەرست پێی دەوڵەمەند بون و ئۆتۆمبێلەکانیش تۆمارکران بە شێوەیەکی یاسایی.

سەرنج بدە ، یاسا لە خزمەتی دزی و تاڵانی بەکارهات ، بۆیە ئەگەر خەلک نایاسایی بکات یا رقی لە یاسا بێ سەیر نییە.

کاتێک خەڵک سەرنج دەدات یاسا خزمەتی ناکات و نیشتیمان پەروەری درۆیەکی گەورەیە ، ناچارە بەدوای بەرژەوەندیی خۆیدا بگەڕێ و نیشتیمان و دلسۆزی لەلای تەنها دەبن بە دروشم .

ئەوکاتەش نەوەیەک دروست دەبێ کە لە روڵەتدا نیشتیمان پەروەرە بەڵام هەرکاتێک بەرژەوەندی هاتەگۆڕێ بەرژەوەندی پەروەرە .

لەناوخەڵک خودا دەپەرستێ و لە تاریکیشدا پاگەزە ئاژەڵییەکانی .

سەرەنجام بە دەستی خۆمان نەوەیەکی دورو پەروەردە دەکەین ، کە لەناو خەڵک خاوەن کەسایەتیی فریشتەیی و لە تاریکیشدا کەسایەتیی ئاژەڵییە.

الروح : روح واتە فەرمانەکانی خودا ، یا بەشێک لەو هێزە پیرۆزەی کە تایبەتە بە خودا، دەکرێ هێزی مەعریفە بێ ، مرۆڤ تا ئێستا زۆر بە ڕونی مانای رۆح نازانێ ، چونکە لە قورئانیشدا بە ڕونی باس نەکراوە :

- وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ ۖ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ الاسراء.

" پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ڕۆح ، بڵێ رۆح فەرمانەکانی خودان ، بەڵام ئادەمیزاد بڕێکی زۆر کەمی لە زانست پێ بەخشراوە ".

ئادەمیزاد بەشێکی لە ڕۆحی خودا تێدایە بۆیە ژیرە و هەمیشە پێش دەکەوێ و خەریکە دەست بەسەر هەمو گەردوندا دەگرێ:

- فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٧٢﴾ ص.

" کاتێک مرۆڤم دروست کرد و بەشێك لە رۆحی خۆم پێی دا ، کرنوشی بۆ ببەن "

ئێمە بەشێک لە رۆحی خودامان تێدایە بۆیە فریشتەکان فرمانیان پێکرا کرنۆشمان بۆ ببەن (بێگومان کرنۆشی پەرستن نا ، کرنۆشی رێز و گەورەیی).

مرۆڤ هەلگری رۆحێکی پیرۆزە ، بۆیە ئەرکیشی ئاسان نییە،ئاژەڵ وەک مرۆڤ زیندەوەرە بەڵام رۆحی نییە ، بۆیە ئەرکیشی لەسەرشان نییە.

حور العین : بە پێناسە و راڤەی هەمو زانایانی جیهانی ئیسلامی (جگە لە چەند زانایەکی دیاریکراو) حور العین ، واتە کچی جوانی چاورەش و رەنگ سپی و رازاوە کە بۆ پیاوان ئامادەکراون لە بەهەشت.

بەڵام با چەند سەرنجێک بدەین.

وەک دەزانین ، مرۆڤ پێک دێت لە جەستە و گیان ، جەستە نێر و مێی هەیە بەڵام گیان نێر و مێی نییە ، لە راستیدا لە هەمو جێگاکان لە قورئاندا بە رەگەزی مێ هاتوە .

کاتێک مرۆڤ دەمرێ جەستەی دەمرێ بەڵام گیانی نامرێ چونکە گیان وزەیەکی نەمرە ، لە بەهەشتیش گیانەکان هەمان گیانن بەڵام جەستەکان دەگۆڕێن چونکە جەستەی ئێمە بۆ ژیانی دونیا دروستکراوە .

جەستەی ئێمە لە مادە دروستکراوە وە کۆمەڵێک ئەندامی هەیە بۆ عەمبارکردن و هەرسکردن و پاشان فرێدانی پاشەرۆ ، لە بەهەشت ئادەمیزاد پێویستیی بەمانە نییە ، بۆیە جەستەی دونیا بە کەلکی بەهەشت نایێ.

خالێکی تر هەیە کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێبدەین ، خۆشییەکانی بەهەشت مادی نین و پەیوەست نین بە مادە ، رەنگە کەسێک بڵێ ئەی ئەوە نییە خودا باسی خواردن و خواردنەوە دەکات ؟

خودا باسی خواردن و خواردنەوە دەکات چونکە مرۆڤ ئەو دوانەی بینیوە ، لەوێش چێژی شتەکان مادی نین بەلکو مەعنەوین ، بۆیە چێژیان زیاترە و خۆشترن ، ئەگەر سەرنجی ژیانی دونیاش بدەین دەبینین خۆشییە مەعنەویەکان خۆشترن لە خۆشییە مادییەکان ، بۆ نمونە لە خواردن و خواردنەوە دەست هەڵدەگرین و لێیان بێزاردەبین کاتێک تێردەبین یا دوبارە و چەندبارە هەمان خواردن و خواردنەوە دێتە بەردەممان ، بەڵام لە قسەی خۆش و سەیران و

دلخۆشکردنی خەلک و پیاسەکردن و هەمو خۆشییە مەعنەوییەکان هەرگیز نەک بێزار نابین بەڵکو لێشیان تێر نابین.

خەسلەتیک لە خۆشییە مادیبەکاندا هەیە ئەویش بە دوبارەبونەوەیان لێیان بێزارەبین وەک خواردن و خواردنەوە ، بەڵام لە بەهەشت خواردن و خواردنەوەکان ئەم خەسلەتەیان نییە ، هەرجارەی تام و بۆنێکن تا هەست بە بێزاری نەکەین:

- كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا ۙ قَالُوا هَٰذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا ۖ وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٢٥﴾ البقرة.

" هەرکاتێک بەرهەم یا میوەیەکیان پێشکەش دەکرێ دەڵێن ، ئەمەمان خواردوە پێشتر ، بەڵام کە دەیخۆن تامێکی نوێیە .... "

نوێبونەوە نابێتە مایەی بێزاری ، ئەوەی مرۆڤ بێزاردەکات دوبارە و چەندبارەبونەوەی هەمان تام و بۆنە.

خۆشییەکانی بەهەشت هیچیان لە خۆشیی دنیا ناچن ، لەوێ گیانەکان تەواو جیاوازن و بێزاری نییە ، رەنگە لات سەیر بێ بەڵام لەوێ مەرج نییە پیاو و ئافرەت وەک دنیا رەگەزی جیاوازیان هەبێ ، چونکە لەبیرمان نەچێ ، جەستەی مرۆڤ نێر و مێی هەیە بەڵام گیان نێرو مێی نیە .

گیان، شێوە و رەگەزی نییە ، بچێتە ناو هەر بونەوەرێک تەنها گیانی پێ دەبەخشێ نەک رەگەز ، هەروەک چۆن ئاو شێوەی نییە و لەناو هەر دەفرێک بکرێ شێوەی دەفرەکە وەردەگرێ .

لە بەهەشت چونکە مرۆڤەکان دروسکراوێکی تەواو جیاوازن ، نەخۆش ناکەون ، ماندو نابن و نامرن ، تەنانەت عەرەقیش مرۆڤ سەرخۆش ناکات . ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خۆشییەکانی ئەوێ ماددی نین ، بەڵام مرۆڤ چۆن لە وەسفی شتێک تێبگات کە نەیدیوە ؟ ئەگەر بە نمونەی ماددی وەسف نەکرێ بێگومان تێی ناگا، وە دەبێ وەسفەکەش باسی ئەو شتانە بێ کە مرۆڤ حەزی لێیانە ، بەڵام لە بەهەشت نە ئەو مرۆڤە دەمێنێن و نە ئەم جەستەو گیانە.

ڕاڤەکارانی قورئان لەژێر هەژمونی کەلتورێکی هەژار و دور لە خۆشییەکانی دونیا قورئانیان ڕاڤەکردوە، لەبیریشمان نەچێ هەمویان نێربون و دونیا و قیامەت لەبەرچاوی ئەوان هەموی لە خزمەت نێر دروست کراوە.

کەسێک ناپرسێ بۆچی هەمو خۆشییەکان تایبەتن بە نێر و هەمو جوانییەکانی بەهەشت مێیەن و لە خزمەت نێرن؟

ئەگەر وابێ ، واتە خودا زوڵم لە ڕەگەزی مێ دەکات ، چونکە باسی فریشتە و حۆریی نێر نابینسترێ لە کەلتوری زاڵی ڕۆژهەڵات.

گومانیشمان نییە کە خوا هیچکات زوڵم لە کەس ناکات.

ڕەنگە بڵێن ئەوەتا لە قورئان باسی **(غلمان)** کراوە ، غلمانیش کۆی **(غلام)** ە ، واتە کوری گەنج و جوان.

ڕاستە ، لە بەهەشت هەم فریشتەی جوان و هەم کوڕی جوان هەن، بەڵام هەمویان تەنها بۆ خزمەتکردن و ڕازاندنەوەی بەهەشتن نەک بۆ تێرکردنی پاگەزە ئاژەڵییەکان، چونکە لەبیرمان نەچێ لە بەهەشت مرۆڤ دادەماڵرێ لە خەسڵەتە ئاژەڵییەکان و خۆشیەکانیش لەوێ تەنها ڕۆحین .

وشەی **(حور)**[1] بە پێی زۆرێک لە فەرهەنگەکان ئەم مانایانەی خوارەوەی هەیە :

- مانای ڕەنگ گۆڕین.

- مانای گەڕانەوە.

- مانای گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر.

- مانای بێ ئومێدکردن.

- مانای کەم کردن.

لەگەل چەندین مانای تر.

---

[1] **معجم الوسيط ، معجم الرائد،القاموس المحيط، ....لەگەل زۆر فەرهەنگی تر.**

وشەی (العین) چەند مانای هەیە ؟

- لە فەرهەنگی (لسان العرب) ٥٠ مانای هەیە.[1]

- لە فەرهەنگی (تاج العروس) ١٠٠ مانای هەیە.[2]

- لە فەرهەنگی (القاموس المحیط) زیاتر لە ٥٠ مانای هەیە.[3]

ئێستا وشەی (حور) دەیان مانا و وشەی (العین) ١٠٠ مانا ، ئێمە تەنها یەک مانا وەردەگرین چونکە ئەو مانایە خۆشە ، کە بریتییە لە کچی جوان و چاورەش و باڵابەرز ، دیارە کە ئادەمیزاد حەزی لە چ بێ خەیاڵی هەر بەلای ئەوەدا دەڕوا، ئەگینا کەسێک نەبو بڵێ لەم هەمو دەیان و سەدان مانایە بۆ دەبێ تەنها و تەنها مانای کچی جوان بێ؟

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە کە مرۆڤ ناتوانێ بە ئاسانی لەو قاڵبە هزرییە سنوردارەی دەرچێ کە کۆمەڵگە بۆی دەکێشێ ،سەرەنجام بیرکردنەوەی سنوردار دەبێ چونکە ئاسۆی بیرکردنەوەی تەنگ دەبێ ، ئیتر گرنگ نییە قسە و کردەوەکانی راستن یان نا ، لۆجیکین یا جێگەی پێکەنین و گاڵتەجاڕین ، گرنگ ئەوەیە کۆمەڵگە لێی رازی بێت.

لە راڤەی قورئانیش شتی هاوشێوە بەدی دەکرێ بۆ نمونە لە راڤەی ئەم ئایەتەی خوارەوە دەڵێ :

- **إِنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ الْيَوْمَ فِي شُغُلٍ فَاكِهُونَ ﴿٥٥﴾** یس

بە پێی تەفسیرەکانی (الطبری ، البغوی ، ابن الکثیر ، السعدی)

" ئەهلی بەهەشت لەوێ هەر خەریکی کردنەوەی پەردەی کچێنین "

ئەم چوار تەفسیرەی سەرەوە بەناوبانگترین و سەرەکیترین تەفسیرەکانی قورئانی پیرۆزن.

---

[1] ابن منظور ، نوسەری فەرهەنگی (لسان العرب) ، لە ٦٣٠ تا٧١١ی کۆچی ژیاوە.
[2] مرتضی الزبیدی ، نوسەری فەرهەنگی (تاج العروس) ١١٤٥ تا ١٢٠٥ ژیاوە.
[3] فیروز ابادی، نوسەری فەرهەنگی (القاموس المحیط) (٧٢٩ تا ٨١٧)ی کۆچی ژیاوە.

لە هێنانەوەی ئەم نمونەیە تەنها مەبەستم ئەوەیە کە پیشانی بدەم چوارچێوەی بیرکردنەوە چەند کاردەکاتە سەر بیروڕای خەلک.

کاتێک بە کوێری باوەڕ بە قسەی کەسێک دەکەین و تەقدیسی دەکەین ، بێ ئەوەی ئاگادارببین هەمو بنەماکانی لۆجیک و زانست پشتگوێ دەخەین ، چونکە پێشەکی بڕیاردەدەین کە ئەوەی دەیبیستین راستە و گومانی تێدا نییە.

بەمەش لێکدانەوەکانمان دژیەک دەبن بەڵام هەستیان پێناکەین ، چونکە ناکرێ بڵێین خودا ئافرەتی رزگارکرد لە زیندەبەچاڵکردن و مافی پێدا و پلەی بەرزکردەوە پاشانیش هەر هەمان خودا هەمو خۆشیبەکانی بەهەشتی تایبەت کردوە بە پیاو .

ئەگەر بەم پێوەرە بێ ئافرەت لە بەهەشتیش مافی نییە و زوڵمی لێ دەکرێ ، بەڵام بێگومان ئەم پێوەرە هەڵەیە و ئافرەتیش وەک پیاو هەمو مافێکی هەیە هەم لە دنیا و هەم لە قیامەتیش.

الجهاد: لە وشەی (الجهد) هاتوە کەمانای هەوڵدانە،لە پەیامە ئاسمانیەکان، واتە هەوڵ و کۆشش لەپێناو بەرزراگرتنی فەرمانی خودا و پیرۆزییەکان بە ئامانجی بە دەستهێنانی خۆشگوزەرانی و دادپەروەری لە نێوان خەلکی. وە ئەگەر سەرنجی مێژوی مرۆڤایەتی و ئاین بدەین،دەبینین کە هەوڵ و کۆشش بۆ سەرخستنی راستی و بەدیهێنانی دادپەروەری لە هەر سەردەمێک جۆرێکە، لە سەردەمی هاتنی پەیامە ئاسمانیە کۆنەکان بۆ نمونە لە سەرەتا شەرکردن و بەرگری کردنە، چونکە خەلکی نەفام و خاوەن بەرژەوەندی و دەسەلاتی ستەمکار هەمیشە روبەروی شتی نوێ دەوەستنەوە لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکانیان، پاشان جیهاد دەگۆڕێ و شێوازی تر وەردەگرێ وەک گرنگیدان بە زانست و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتی هەژاران و .....هتد.

ئەوەی گرنگە تێی بگەین ،ئامانجی کارە نەک کارەکەخۆی، جیهاد ئامانج نییە بەلکو ئامرازە،ئامانج لەجیهاد هەموکات بۆ خۆشگوزەرانیی خەلک و دادپەروەری و رێزگرتنی تاکەکان بوە. وە ئەمرۆ باشترین کۆشش رەنگە هۆشیاری و گرنگیدان بێ بە زانست،چونکە هەمومان دەزانین کە گۆرانکاری و پێشکەوتن بە زانست و شارەزایی نەبێ بە هیچ رێگایەکی تر ناکرێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە ژیانی پەیامبەر تێبینی دەکەین کە هەمو ژیانی بریتی بوە لە جیهاد ، بەڵام چ جیهادێک ؟

سەرەتا ئەو جیهادی ناخی خۆی کرد و خودا درۆینەکانی ڕەتکردەوە و دەستی کرد بە گەڕان تا خودای راستەقینەی دۆزیەوە.

پاشانیش جیهادی ئارامی و بەرگەگرتنی ئازار و شەڕ و قسەی ناشرین و دەربەدەرکردن و ئاوارەیی.

ئینجا جیهادی بەرگری کردن لە مسوڵمانان و سنوری وڵاتە ساواکەی ، کە لە دواییدا بو بە دەوڵەتێکی بەهێز.

بێگومان پەیامبەر زۆر جار توشی شەڕ بوە و زۆر جاریش شەڕی پاراستنی بەرژەوەندی و سنورەکانی کردوە ، ئەگەر سەرنجی سەرچاوە مێژوییەکان بدەین دەبینین زیاتر لە ١٠٠ شەڕی کردوە .

لەم شەڕانە لە هەندێکیان خۆی بەشداری کردوە و لە هەندێکیان خۆی لە شار ماوەتەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەمو شەڕەکانی لە ناو سنوری وڵاتەی خۆیدا بوە. واتە داگیرکاریی نەکردوە.

شەڕەکانی پەیامبەر بەسەر (الغزو) و (السرية) دابەش دەکرێن.

الغزو : واتە هێرشکردنە سەر وڵاتێک ، شارێک ، یا هەرجێگایەک بەڵام لە دەرەوەی وڵاتی خۆت بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی، ئەگەر لە ناو وڵاتی خۆت بێ پێی ناگوترێ (غزو) ، هەرناوێکی تری لێ دەنێی ئاساییە بەڵام غزو واتە داگیرکاری ، کەسیش وڵاتی خۆی داگیر ناکات.

شەڕەکانی پەیامبەر (غزو) نەبون ، بەڵام بە مەبەست بەم ناوە ناونراون تا ڕەوایی بدەن بە داگیرکاریی و پاوانخوازیی سوڵتانە دیکتاتۆرەکان .

شەڕەکانی سەردەمی پەیامبەر لە سنوری خاکی عەرەب بون ، ئامانجیش لێیان پاراستنی دەوڵەتی ئیسلام و سنورەکانی بوە.

به پێی سەرچاوە مێژوییە جیاوازەکان شەڕەکانی پەیامبەر ژمارەیان لە ١٨ تا ٢٨ دانەن ، کە بە (غزو) ناوبراون.[١]

لەم شەڕانە تەنها ٩ دانەیان شەڕیان تێداکراوە ، ئەوانی تر هەموی بەبێ شەڕ رێککەوتن کراوە.

السرية : ئەو شەڕانەن کە پەیامبەر خۆی بەشداریی نەکردوە بەڵکو کەسێکی ناردوە وەک سەرکردە و خۆی لە شار ماوەتەوە . سریە ژمارەی سەربازانی کەمترن ، لە نێوان (٥ – ٤٠٠) دەبێ.

به پێی سەرچاوە مێژوییە جیاوازەکان پەیامبەر لەنێوان (٤٠ - ٧٣) سریەی ناردوە[٢]

ئەوەی گرنگە سەرنجی بدەین ئەوەیە کە پەیامبەر داگیرکاریی نەکردوە ، هۆکاری ناونانی شەرەکانیشی بە (غزو) ئامانجی سیاسیی لەپشت بوە بۆ رەوایی دان بە داگیرکاری ، کە پاشان بە ڕونی دەستی پێکرد لەگەڵ هاتنی یەکەم فەرمانڕەوای (بەنی ئومەییە)[٣].

الحجاب: واتە دیوار یا پەردەیەکی جیاکەرەوە ،(الحجب) واتە شاردنەوەی شتێک لە کەسێک بە دانانی بەربەستێک.

لە قورئانی پیرۆز چەند جارێک باسی کراوە وەک:

- وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ ۚ وَعَلَى الْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَاهُمْ ۚ وَنَادَوْا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَن سَلَامٌ عَلَيْكُمْ ۚ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴿٤٦﴾ الاعراف .

(لەنێوان بەهەشتی و دۆزەخیەکاندا دیوار یا پەردەیەک هەیە، ....)

- وَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا ﴿٤٥﴾ الاسراء .

---

١ طبقات . ابن سعد

٢ سبل الهدى والرشاد لمحمد الشامي ، طبقات ابن سعد.

٣ بني امية ، لقێکی هۆزی قورەیشن ،لە سەردارانی مەککە بون پێش ئیسلام ،یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی ئەوان دایان مەزراند و حوکمیان کردە پشتاوپشت، واتە پاشایەتی

" کاتێك كه قورئان دەخوێنیت ئێمه بەربەستێكی شاراوە، دەخەینە نێوان تۆو ئەوانەی باوەڕ بە ڕۆژی دوایی ناهێنن "

- فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا ﴿١٧﴾ مريم .

" لەنێوان خۆی و ئەواندا پەردەیەکی دانا (تادوور لەخەڵکی خواپەرستی بکات) ئێمەش جوبرائیلی فریشتەمان نارد بۆ لای لەسەر شێوەی مرۆڤێک "

- وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ ۚ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ۚ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمًا ﴿٥٣﴾ الاحزاب.

" ئەگەر داوای شتێکی پێویستان لە خێزانەکانی پێغەمبەر کرد لە پشتی پەردەوە داوا بکەن، ئەو جۆرە ڕەفتارە پاکترە بۆ دڵی ئیوە و ئەوانیش،...."

- فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ ﴿٣٢﴾ ص .

" وتی: من هەمیشە حەز لەم جۆرە کارانە دەکەم و گرنگی بەم ئەسپانە بەخێر دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ببنە هۆی ئەوەی کە لەیادی پەروەردگارم غافڵم بکەن و یادی فەرامۆش بکەم، ئەسپەکان ڕۆیشتن تا لە چاو ون بون "

- وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِن بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ ﴿٥﴾ فصلت.

" وتیان ئێمە دڵەکانمان داپۆشراوە لە ئاست ئەوەی کە تۆ بانگی ئێمە دەکەیت بۆ لای، گوێشمان کەڕو قورسە لە ئاستیدا، لە نێوان ئێمە و تۆدا پەردە یا بەربەست هەیە، تۆ هەوڵ و کۆششی خۆت بدە، بێگومان ئێمەش هەوڵ و کۆششی خۆمان دەدەین "

- وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ ۚ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴿٥١﴾ الشورى .

" کەس بۆی نیە لەدنیادا خوای گەورە وتو وێژی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا بکات مەگەر لە ڕێگەی سروشەوە، یان لە پشتی پەردەوە، یان نێردراوێکی وەك فریشتە دەنێرێت کە فەرمانی خوا دەگەیەنێت، ...."

- كَلَّا إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ المطففين.

" نەخێر، ئەو ڕۆژە بەربەست هەیە لەنێوان تاوانباران و پەروەردگاریاندا و بێ بەش دەبن لەبینینی ئەو زاتە "

ئەگەر سەرنج لەم ئایەتانەی سەرەوە بدەین کە وشەی (حجاب)یان تێدایە ، دەبینین هیچیان مانای جلوبەرگ نابەخشن.

لە قورئاندا تەنها ئەم دو ئایەتەی خوارەوە باسی جلوبەرگ دەکەن، کە لە دو بۆنەی تایبەت دابەزیون :

- يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ ...... ﴿٥٩﴾ الاحزاب.

" ئەی پەیامبەر بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی مسوڵمان بڵێ جلەکان، کراس، سەپۆش یا هەر پارچە قوماشێک کە هەیانە بدەن بەسەر خۆیاندا ، با بناسرێنەوە تاوەکو ئازار نەدرێن ..... "

ئەم ئایەتە بۆچی دابەزی؟

زۆرێک لە ڕافەکارانی قورئان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێک لە مسوڵمانە دوڕوەکان شەوانە لە دەرەوە خۆیان حەشاردەدا ، کاتێک ئافرەتانیش دەچونە دەرەوە بۆ سەرئاو ، ئەوان دەست درێژییان دەکردنە سەر ، ئەوکاتەش ئافرەتی ئازاد و کۆیلە هەبو ، بۆیە خوا فەرمانی کرد کە ئافرەتان خۆیان داپۆشن چونکە دوڕوەکان دەیانزانی ئەوەی داپۆشراوبێ ئازادە و دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتی ئازادیش تاوانێکی گەورەبوە.[1]

---

[1] تفسير الجلالين.

بۆیە ئافرەتانی مسولمان بە گشتی دوای دابەزینی ئەم ئایەتە بە داپۆشراوی دەچونە دەرەوە ، چ بۆ سەرئاو چ بۆ کاری تر.

مەبەست لەمە پاراستنی ئافرەتان بوە تا ئازار نادرێن ، واتە ئامانج تیایدا تەنها پاراستنی ئافرەت بوە لە ئازار.

ئایەتی دوەم :

- وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ..............﴿٣١﴾ النور.

" با ئافرەتان ئەو پارچە قوماشەی کە لەسەر سەریان یا لەسەر شانیانە بیدەن بەسەر سنگیان و کەلێنەکان داپۆشن و جوانیی خۆیان بە خەلکی پێشان نەدەن ، تەنها بۆ مێرد و برا و .... "

الخمار : الخمر ، واتە ئەو پارچە قوماشەی ئافرەت بەکاری دێنێ بۆ زۆر مەبەست وەک داپۆشینی سەر لە کاتی گەرما ، پێچانی دەموچاو و سەر لەکاتی گەردەلول ، بەکارهێنانی وەک پشت بەست و زۆر مەبەستی تریش.

الجیوب : الجیب ، واتە گیرفان ، واتە کەلێنی نێوان دو شت .

لە قورئاندا خوا فرمان بە داپۆشینی (جیب) داوە ، واتە کەلێنەکانی جەستەی ئافرەت ، کەلێنەکانی سەرەوەی ئافرەت کەلێنی سنگ و قۆلەکانن ، باسی کەلێنەکانی خوارەوە نەکراوە چونکە لە کەلتوری عەرەب جلی کورت نەبوە ، واتە پێویستی نەکردوە فرمان بە داپۆشینی شتێک بکرێ کە خۆی لە ئەسڵدا داپۆشراوە ، کاتێک خودا داوای داپۆشینی کەلێنەکانی سەرەوە دەکات دیارە کە تەنها ئەمانە بە دەرەوە بون لەم سەردەمە.

بۆ ئەوەی لەم دەستەواژانە بگەین دەبێ شارەزاییمان هەبێ دەربارەی جوگرافیا و ئاو و هەوای نیمچەدورگەی عەرەب ، چونکە وەک ئاشکرایە جلوبەرگ ئاو و هەوا و کەلتور بڕیاری لەسەر دەدەن ، جلوبەرگی دانیشتوانی جەمسەرەکان زۆر

ئەستورن و هەمو لاشەیان دادەپۆشێ ،ئەوە مانای وا نییە کە دانیشتوانی ئەوێ زۆر دیندارن یا رەوشتیان زۆر بەرزە ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ناوچەکە زۆر ساردە ، لە بەرامبەریشدا لە ئەفریقیا کە زۆر گەرمە خەڵکی کەمترین جل لەبەردەکەن ، ئەوەش مانای وا نییە کە بێ دین یا بێ ڕەوشتن بەڵکو سروشتی ناوچەکە وا دەخوازێ.

عەرەب پیاو و ژنیان هەموکات پێویست بوە پەرۆیەک لەسەر سەر یا سەرشانیان بێت ، چونکە ئەوان لە بیابان دەژین و بیابانیش زۆر گەرمە ، ئەگەر سەریان دانەپۆشن رەنگە بە کاریگەریی تیشکی بەهێزی خۆر لە هۆش خۆیان بچن و جاری واش هەیە دەگاتە رادەی مردن، هەروەها لە بیابان بە بونی کزەبایەک لمی گەرمی بیابان هەڵدەستێت و دەموچاو داخ دەکات و دەیسوتێنێ، جگەلەوەی ئەگەر سەر و دەموچاو و گوێیەکانیشت دانەپۆشی ، ئەوا پڕ دەبن لە لم کە رەنگە مرۆڤ کوێر بکات یا بیخنکێنێ.

ئەوەی نەچوبێتە بیابان لەم قسانە بە ئاسانی تێناگات.

پیاو و ژنی عەرەب لەوەتەی هەن و ئێستاش هەمیشە چەفیەیان لەسەر ، یا لەسەرشان بوە ، چونکە پێویست بوە.

پیاو لەکاتی ئاسایی چەفیەکەی لەسەرکردوە یا لەسەرشانی داناوە یا لە پشتی بەستوە بە پێی پێویستی یا لەباریی ئاو و هەوا ، لە کاتی گەردەلولیش سەر و دەموچاوی خۆی بە چەفیەکەی پێچاوە.

(عەگال - عقال)[1] یش کە پیاوان لەسەریان دەکەن ، لە بنەڕەتدا قوفڵی قاچەکانی حوشترە ، عەرەب کاتێک لە بیابان بیانویستایە حوشترەکانیان ببەستنەوە ، عەگالی سەریان لە چۆکی حوشترەکانیان دەکرد ، بەمەش پێیەکانیان قوفڵ دەبون و نەیاندەتوانی برۆن ، هەروەها بۆ لێخوڕین و تێخوڕینی یا لێدانی حوشتر و وڵاخیش بەکاریان هێناوە . لە کاتی رۆیشتنیش عەگالەکانیان لەسەر چەفیەکانیان بەستوە.

[1] ئەو گوریسەی چۆکی حوشتری پێ دەبەسترێتەوە . فەرهەنگی المعانی الجامع

هەربۆیەش پیاوانی ئاینی لە سعودیە و وڵاتانی دەوروبەری عەگاڵ نابەستن ، چونکە لای ئەوان شەرمەزارییە ، ئەوان نوێنەری خوان چۆن دەبێ قوفڵی حوشتر لەسەر سەریان دابنێن ! بێ ئاگا لەوەی ئەم عەگالەی ئەوان کەلتورە و پێداویستییەکی گرنگ بوە رۆژگارێک ، ئێستاش زۆرێک لە عەرەب ، ئەوانەی دەوارنشین و کۆچەرن و هەڵگری هەمان کەلتور و شێوازی ژیانی ١٤ سەدە بەر لە ئێستان لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکی کەم .

شانازی کردن بە کەلتور نەنگی نییە ، بەڵکو گەورەییە. بە پێچەوانەوە ، پشت کردنە کەلتور بە لەبەر هۆکاری بێ مانا نیشانەی تێنەگەیشتن و چەقبەستوییە.

ئافرەتیش بە هەمان شێوە لە کاتی ئاسایی چەفیەکەی لەسەر سەری ، یا لەسەر شانی داناوە یا لە کەمەری بەستوە ، لەکاتی گەردەلولیش دەموچاو و سەری خۆی پێ پێچاوەتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئافرەتی عەرەب لە تەمەنی زو شویان کردوە و زۆربەی کاتیش منداڵیان هەبوە ، دەبو هەموکات ملی کراسەکانیان گەورەبێ بۆ ئەوەی بتوانن شیر بدەنە منداڵەکانیان ، وەک ئاشکراشە پێش ١٤ سەدە قوماشی لاستیکی نەبوە کە توانای راکێشانی هەبێ ، ناچار بون سنگی کراسەکانیان زۆر گەورە بکەن تا هەم بە ئاسانی لەبەر بکرێ ، هەم بە ئاسانیش بتوانین شیر بدەنە منداڵەکانیان ، وەک ئاشکراشە ئەوکاتە شتێک نەبوە تا لە ژێرەوە سنگیان پێ ببەستن وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە بە ناوی (سوخمە) ، کەواتە ئافرەت بە پێ ویستی خۆی هەموکات سنگی بە دەرەوە بوە .

ئەگەر سەرنجی کەلتوری عەرەبیش بدەی ، ژنی عەرەب بەناوبانگن بە خۆرازاندنەوە و چاو ڕەش کردن و بەرزی و جوانیی سنگیان ، کە ئەمەش زۆر سەرنجی پیاوانی راکێشاوە و خەڵکیی توشی کێشە و تەنانەت تاوانیش کردوە.

هەربۆیەش ئەم ئەیەتەی خوارەوە دابەزی :

- وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَىٰ ۖ وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴿٣٣﴾ الاحزاب

" له ماڵەکانتان بن و مەچنە دەرەوە مەگەر بۆ پێویستی نەبێ ، وە خۆتان مەڕازێننەوە وەک خۆڕازاندنەوەی سەردەمی نەفامی ...."

ئەم ئایەتە بۆ خێزانەکانی پەیامبەر دابەزیوە ، چونکە لەسەرەتای ئایەتی پێش خۆی بە (یا نساء النبی) دەست پێ دەکات.

ئەوەشمان لەبیرنەچی کە بەر لە ١٤ سەدە خەلکی بە گشتی زۆر دواکەوتو بون و کێشە و تاوان زۆر بو.

بۆیە خودا فرمانی بە داپۆشینی هەمو کەلێنەکان کردوە تا خەلکی دوربن لە کێشەی کۆمەلایەتی .

زۆر جار بەرگوێمان دەکەوێ خەلکێک باس لە داپۆشینی سەر دەکەن ، هەیە بە پێویستی دەزانێت و هەیە بە زیادەی دەزانێ .

بەڕای من ، ئەو جلانەی ئەمڕۆ ئافرەتانی مسولمان دەیپۆشن جلی ڕێکو پێک و تەواو بەو شێوەیەن کە خودا فەرمانی پێ کردوە ، بە مەرجێک تەسک و تەنک نەبن ، چونکە بەڕاستی داپۆشینی سەر و لەبەرکردنی جلی تەسک و تەنک لە خوارەوە و دەرکەوتنی هەمو ئەندامانی لەش مانای داپۆشین نادات ، بەلکو زۆر جار لەگەل ڕوتی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

هەرچەندە لای من ئاساییە خەلکی چی لەبەردەکەن ، مەرجەکانی جلوبەرگی ڕێک دیارن ، ئەگەر ئاینیشمان نەبێ باوەرناکەم کەسمان حەزبکەین بە روتی یا نیمچە ڕوتی لەماڵ بچینە دەرەوە.

گرنگترین شت ئەوەیەکە بزانین ئەوەی خوا فەرمانی بە داپۆشینی کردوە کەمترین سنوری داپۆشینە ، لەوە زیاتر داپۆشین ئاساییە ، بەلام کەمتر داپۆشین توشی ئازارمان دەکات.

بۆیە ئەوەی زیاتر خۆی دادەپۆشێ هەڵە نییە ، بەڵام نابێ بەسەر خەلکیدا بسەپێنرێ و چوارچێوەی بۆ بکێشرێ ، چونکە بابەتەکە فراوانە و لە هەر کۆمەلگەیەک قالبێکی تایبەت وەردەگرێ ، بۆ نمونە ناتوانین وا لە مسولمانانی مالیزیا و روسیا بکەین جلی وەک ئێمە یا وەک عەرەب بپۆشن ، خۆ ئەوانیش مسوڵمانن ، بەڵام هەر نەتەوەیەک کەلتوری خۆی هەیە و دەسبەرداری نابێ.

ئەوەی گرنگە دەربارەی جلوبەرگ بیزانین ئەمانەی خوارەوەن:

- ئەو جلانەی لە میدیاکان دەربارەی شارستانیەتی کۆنی عەرەبی پیشان دەدرێن زۆر دورن لە راستی ، بۆ نمونە ئەو جلانەی لە فلیمی (الرسالة) بە دی دەکرێن ، لانی کەم هی ٣ سەدە دوای سەردەمی پەیامبەرن ، بۆیە دەبێ ئەم وێنە هەڵەیە لە خەیاڵمان بسڕینەوە ، چونکە تا سەردەمی عەبباسیەکان جلوبەرگی تایبەت و ئەم شێوازە پێشکەوتوەی جلوبەرگ نەبوە .

- ئیسلام کە هات جلوبەرگی نەگۆڕی ، چونکە ئاین بۆ مرۆڤ هاتوە و مرۆڤیش ناتوانێ دەسبەرداری کەلتورەکانی خۆی بێ ، ئیسلام سنوری کێشا بۆ کەمترین رادەی پێویستی لە پۆشینی جلوبەرگ ، ئەوەی دەمێنێتەوە کۆمەلگە و حەزی تاک بڕیاری لەسەر دەدەن.

- خەلکی ئازادن لە پۆشینی جلوبەرگ ، وابزانم کەسیش نییە نەزانێ جلی گونجاو و جلی نەگونجاو کامانەن ، رەنگە کەسێک بلێ گونجاوی یا نەگونجاوی سنورێکی فراوانی هەیە و هەرکەس بە تێڕوانینی خۆی لە شتەکان دەڕوانێ ، بەڵێ ڕاستە ، بەڵام کاتێک لە نێو کۆمەلگەیەکی دیاریکراو دەژی نابێ بە پێچەوانەی بەها و کەلتورەکانی هەڵسوکەوت بکەی چونکە تۆ بە تەنها نیت، کاتێک تەنهای دەتوانی بە ئارەزوی خۆت هەرچیت بوێ بیکەی ، بەڵام هەمومان دەزانین کەس بە تەنیا ناژی ، بۆیە ڕەچاوکردنی هەستی خەلکی دەوروبەر نیشانەی بەرزیی ڕەوشت و بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیرییە.

پیاوێکی تەمەن ٦٠ ساڵی بێنە بەرچاوت ، کراسێکی پرتەقاڵی و شۆرتێکی شینی لەبەر بێ ، لای ئێمە رەنگە جێی پێکەنین بێ ، بەڵام لە ولاتێکی تر ئاساییە، کەسمان هەڵە نین کەلتورەکان بڕیاردەدەن لەسەر بەها و پێوەرەکان.

له ئەوروپا و ئەمریکاش ئەوەی جلی نیمچەڕوت لەبەربکا ، وەک کەسێک لێی ناڕوانن کە جلەکانی ئاساییین.

- زۆر جار کۆمەڵگە بڕیار لەسەر جلوبەرگ دەدات ، کاتێک خودا باسی جلوبەرگ دەکات دەفەرموێ (تا ئازار نەدرێن)

بۆ نمونە ئەگەر لە ئەوروپا ئافرەتێک خۆی داپۆشێ و نیقاب بکا ئازار دەدرێ ، خەلک توانجی لێدەدەن هەرچەندە ئافرەتە خەڵکی ولاتەکەی خۆشیان بێ ، ئەوە مانای وا نییە خەڵکی ئەوێ خراپن ، بەڵکو مانای ئەوەیە جلوبەرگەکە لەگەل کەلتوری ئەوێ ناگونجێ .

بە هەمان شێوەش ئەگەر ئافرەتێک بە جلێکی کورت بە ناو بازارەکانی ئێمەدا بسوڕێتەوە هەزاران توانجی تێدەگیرێ ، با خەڵکی خۆشمان بێ ، کێشەکە نە لە جلوبەرگە و نە لە خەڵک ، کێشەکە نامۆیی جلوبەرگەکەیە بە کەلتور و تێگەیشتنی کۆمەڵگە.

بۆیە زۆر گرنگە تێبگەین لەوەی کە خەڵکی ئازادن لە پۆشینی جلوبەرگ ، ئەو جلەی خوشک دایکانی ئێمە لەبەری دەکەن و بە جلوبەرگی مسوڵمانی ئەژماردەکەن ، هەم ئازادن لە بژاردەکەیان ، هەم راستن .

بەڵام بەو مەرجەی جلوبەرگێکی تایبەت بەسەر کەسدا نەسەپێنین وئەوەی وەک ئێمە بیری نەکردەوە بە نامسوڵمان یا بێدین یا ڕوت لە قەڵەمی نەدەین ، چونکە ئاین بەرگێکی تایبەتی نییە ، ئاین مەرجی هەیە ، مەرجی جلوبەرگی ڕێکوپێکیش لە کەلتوری هەمو میللەتێکدا هەیە ، بۆیە پێویست ناکات کەلتوری خەڵکی هاوردە بکەین و بەسەر خۆمانی بسەپێنین.

خالێکی تر هەیە دەربارەی ڕەنگی جلوبەرگ کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بدەین .

زۆر جار دەبیستم کە جلوبەرگ نابێ رەنگاورەنگ بێ بە تایبەت جلی ئافرەت ، با بزانین بنچینەی ئەم قسانە چییە .

بازرگانێک له عیراقەوه سەرپۆشی ئافرەتانی بردبو بۆ مەدینه له سعودیه بۆ فرۆشتن ، هەمو ڕەنگەکانی فرۆشتبو تەنها ڕەنگی ڕەشی مابو کەس لێی نەدەکڕی ، (دیاره که خەلکی هەر به فیترەت حەزیان به جوانی و ڕەنگەکانه هەربۆیەش خودای گەوره ڕەنگەکانی دروست کردوه ، تەنانەت باڵنده و ئاژەڵ و گوڵەکانیش ڕەنگاوڕەنگن تا جوانی به ژیان بدەن)

شاعیرێک هەبو به ناوی (الدارمی)[1] ، هاوڕێی ئەم بازرگانه عێراقیه بو، بەلایدا تێپەڕی و له ئەحواڵ و کاروباری پرسی ، بازرگانەکه ئاماژەی بەوەدا که سەرپۆشه ڕەشەکان نافرۆشرێن. هاوڕێ شاعیرەکەی که چەندین ساڵ بو خەریکی شیعر و پێداهەلگوتن بو بەڵام ناوبانگێکی ئەوتۆی نەبو ، هەوڵی دا یارمەتیی بدات و کالاکەی بۆ بفرۆشێ . بۆیه بڕیاریدا ڕێکلامێکی بارزرگانیی بۆ بکات، هەر لەوێ هەلسا به دانانی ئەم هۆنراوەی خوارەوه:

قُلْ للمَليحَةِ في الخِمارِ الأسودِ

ماذا فَعَلتِ بِزاهِدٍ مُتَعبِّدِ

قَد كان شَمَّرَ للصلاةِ إزارَهُ

حَتى قَعَدتِ لَه بِبابِ المَسجدِ

رُدّي عَلَيهِ صَلاتَهُ وصيامَهُ

لا تَقتُليهِ بِحَقِّ دِينِ مُحَمَّدِ [2]

واته:

به مەلیحەی سەرپۆش ڕەش بڵێن

چیت بەسەر عابیدی زاهید هێنا

ئەو بەتەمای ئەوه بو بچێته نوێژ

تا تۆی بینی له دەرگای مزگەفت

---

[1] ربيعة بن عامر التميمي ، له سەردەمی ئەمەویەکان ژیاوه.
[2] أبو الفرج الأصفهاني في الاغاني

نوێژ و ڕۆژوەکانی بۆ بگەڕێنەوە

مەیکوژە بۆ خاتری دینی محمد

بە گوتنەوەی ئەم شیعرە ، بازرگانە عێراقیەکە هەمو کالاکانی بە زوترین کات فرۆشت و کاکی شاعیریش ناوبانگێکی چاکی پەیداکرد.

لەم ڕۆژەوە جلوبەرگ و سەرپۆشی ڕەش لەناو عەرەب بو بە مۆدە و کەلتور، پاشانیش وەک بەشێک لە ئاین ئەژمارکرا بەهۆی نەشارەزایی خەلکی.

دەکرێ ئەم بەسەرهاتە وەک یەکەم ڕێلامی بازرگانیی بە خۆڕایی لە مێژوی مرۆڤایەتی بناسێنرێ.

الحسنة (العمل الحسن): واتە کارێکی باش . بۆ نمونە کارمەندێک دەچێتە سەرکارەکەی ، کارێکی باشە ، بەڵام ئەگەر بە دلسۆزی و بە چاکی کارەکەی بکات ، دەبێتە (العمل الصالح - الصالحات).

بۆیە لە قورئاندا لە دوای باسکردنی باوەڕ هەمیشە (العمل الصالح) دێت ، واتە باوەڕ پاشان کردەوەی باش و دلسۆزانە ، ئینجا باوەڕ تەواو دەبێ ، چونکە لە ئایندا هیچ شتێک بە گوتن نییە ، ئاین هەموی برێتییە لە کردەوە ، جوانترین و باشترین کردەوەش نەک هەر کردەوەیەک.

السیئة:واتە گوناهێک کە مرۆڤ بەرامبەر خەلکی دەیکات ،نەک بەرامبەر بە خودا،چونکە خودا نە چاکە و نە خراپەی لەگەڵدا ناکرێ.

السیئة ، بە تۆبەکردن ناسڕێتەوە چونکە مافی خەڵکە،ئەگەر سەرنجی قورئانیش بدەین دەبینین لەگەڵ (سیئة) (یکفر) هەیە نەک (یتوب) :

رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ ال عمران .

" خودایە لەگوناهەکانمان خۆش بە، کەفارەتی ئەو کارە خراپانەشمان بکە کە بەرامبەر خەلکی کردومانە و لەگەڵ چاکان بمانمرێنە "

الذنب: واته هەمو ئەو کەمتەرخەمی و گوناهانەی کە بەرامبەر خوا دەکرێن ، نەک بەرامبەر خەڵکی . وە بە تۆبە دەسڕێنەوە ،جاری وا هەیە بێ تۆبەش خوا لە الذنب خۆش دەبێ .وەک لەم ئایەتە :

- قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ الزمر.

" پێیان بڵێ: خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم.. ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، خوا لەهەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبو و لێبوردەیە "

هەروەها لەشوێنێکی تر دەفەرموێ:

- إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ النساء.

" خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر خۆش دەبێت بۆ ئەو کەسەی کە خۆی دەیەوێت، جا ئەوەی هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات، بەڕاستی تاوانێکی گەورەی کردوە "

تێبینی ئەوە دەکرێ کە (غفران) واتە لێخۆشبون بۆ هەمو تاوانەکان هەیە تەنانەت بەبێ تۆبەکردنیش،بەلام بۆ هەڵە و گوناهی بەرامبەر خودا نەک مرۆڤ،چونکە (غفران پەیوەستە بە الذنب) ،بەڵام (کفارة، یا کفران پەیوەستە بە السیئة)

الظلم: زوڵم، واتە دانانی شتێک لە شوێنێک کە جێگەی شیاوی خۆی نەبێ.

ئەوەی گرنگە تێبینی بکەین ، (الظلم - زوڵم) بۆئەو حالەتەیە کە زانیاریت هەبێ و بزانی کە شتێکت داناوە لە جێگایەکی هەڵە ، بەلام سور بی لەسەری جا بەهۆی بەرژەوەندی بێ یا خۆبەزلزانی.

لە سەرەتای دابەزینی پەیام ، ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامبەر نەدەهێنا زولمیان کرد ، چونکە خزم و کەسی خۆی بون و چاک دەیانزانی کە خۆیان هەڵەن و پەیامبەریش راستگۆیە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی یان خۆبەزلزانی بو باوەڕیان نەدەهێنا.

الاثم: واتە هەستێک کە لە دڵدایە یا گوناهێکی پەنهان ، وەک هاوەڵ دانان بۆ خودا ، رق وکینە ، دورویی ، بەخیلی و گومانی خراپ بە خەلکی ....دەتوانین ترسناکیی (اثم) لە ٢ خاڵ رون بکەینەوە:

١- زۆر جار مرۆڤ پیی نازانێ ئەگەر لیێ وردنەبێتەوە ،بۆیە مرۆڤ پێویستە زوزو بەخۆیدا بچێتەوە ، چونکە رەنگە زۆربەمان (اثم)مان هەبێ و پێی نەزانین.

٢- زۆرجار کارێک دەکەین یا کاردانەوەیەکمان دەبێ بەرامبەر بە کارێک یا هەڵوێستێکی دیاریکراو بێ ئەوەی بزانین هۆکارەکەی چییە ،بەلام دواتر هەست بە پەشیمانی دەکەین .

(اثم) لەناخمانە بەلام لەکردەوەکانمان رەنگ دەداتەوە ، بۆیە زۆرجار هۆکاری هەندێک کردەوەی خۆمان نازانین ، بەلام ئەگەر لێیان وردبینەوە هۆکارەکان رون دەبنەوە.

الخطیئة: واتە بەهەڵەداچونی مرۆڤ لە کارێک یا گوفتارێک ،بەلام بە مەبەست نەبێ.

لە قورئانی پیرۆزدا لە زۆر جێگا هاتوە بە مانای بەهەڵەداچونێکی ئاسایی، وە بە تۆبەکردن دەسرێتەوە.

الجناح: واتە تاوان یا لادان لە یاساکان . گرنگ نییە گەورەبێ یا بچوک ،هەرکارێک دروست نەبێ بە پێێ یاسا پەیرەوکراوەکان ئەوا تاوانە و سزای لەسەرە.

التوبة: واتە پەشیمانی و وازهێنان لە کارێکی چەوت ونەشیاو یا گوناهێک ،بە مەرجی نەگەڕانەوە بۆی ،واتە کە دەستت هەڵگرت لەکارێک یا خوێکی خراپ نابێ چیتر ئەنجامی بدەی. خوا هەمیش تۆبە قبوڵ دەکات تا مرۆڤ زیندو بێ ،بەلام بە

گەڕانەوە سەر کاری چەوت و تۆبەکردن و دیسان گەڕانەوە سەر کارەکە ، تۆبەکە بایەخی نابێ ،یا وەک ئەوەی لەکاتی مردن تۆبە بکات، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّىٰ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الْآنَ وَلَا الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ ۚ أُولَـٰئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٨﴾ النساء .

" تۆبە بۆ ئەو کەسانە نیە کە بەردەوامن لەسەر تاوان تا ئەوکاتەی مردن یەخەی گرتن ئەوسا بڵێن: ئەوا تەوبەم کرد، تەوبە لەوانەش وەرناگیرێت کە بەکافری دەمرن، بۆ ئەو جۆرە تاوانبارانە سزایەکی بەئێشمان ئامادە کردوە "

الغفران: واتە لێخۆشبونی خودا بۆ ئەو گوناهانەی کە بەرامبەر خودا کراون (الذنب) نەک بەرامبەر خەلکی،(الغفران پەیوەستە بە الذنب)، وە زۆر فراوانە و لێخۆشبونی گشتییە بە بێ تۆبە، بۆ هەمو گوناهێکی دەرهەق بە خودا-جگەلە هاوەڵ پەیداکردن – کە بەبێ تۆبە لێخۆشبونی نییە

الکفران: یان الکفارة ،واتە داپۆشین یا کڕینەوەی تاوان و لابردنی سزا ، (الکفارة پەیوەستە بە السیئة)، واتە ئەو گوناهانەی بەرامبەر خەلک دەکرێن نەک بەرامبەر خودا ،چونکە خودا لەجیاتی هیچ کەسێک لە ماف کەسی تر خۆش نابێ ، بەلام خوا هێندە بەبەزەییە نایەوێت کەس لە میهرەبانیی ئەو بێبەش بێ ، الکفارة بۆ ئەو کەسانەیە کە گوناهیان بەرامبەر خەلک کردوە و (غفران) ناتوانێ بیانسرێتەوە- چونکە غفران بۆ تاوانی بەرامبەر خودایە- ،لێرەدا خودای میهرەبان لەجیاتی تاوانبارەکە ماف دەدات بە خاوەن مافەکە لە بەرامبەر لێخوشبون لە تاوانبارەکە، وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە :

رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ ال عمران .

" خودایە لەگوناهەکانمان خۆش بە کە دەرهەق بە تۆ کردومانە، کەفارەتی ئەو کارە خراپانەشمان بکە کە بەرامبەر خەلکی کردومانە و لەگەڵ چاکان بمانمرێنە "

تێبینی دەکرێ کە (ذنب پەیوەستە بە غفران) و (سیئة پەیوەستە بە کفران)

الشيطان: له قورئانی پیرۆز ٨٨ جار هاتوه ، بەگشتی واتە کاری خراپ، یا جنۆکەیەکی خراپ کە ناوی (ابلیس) ە، هەرچەندە ٢ شتی جیاوازن چونکە لە قورئاندا هاتوە کە ڕەنگە (شیطان) مرۆڤ بێ یا جنۆکە یا ناخی خۆمان.واتە مەرج نییە هەموکارێکی خراپ کە دراوەتە پاڵ (شیطان) مرۆڤی لێ ببەینەدەر،زۆرجار سەرچاوەی کارە خراپەکان خۆمانین بەلام دەیدەینە پاڵ ئەو، (شیطان) لە ناخی خۆماندایە بەلام لە کردەوەمان دەردەکەوێ وەک لە قورئاندا هاتوە:

- وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾ الانعام .

" بۆ هەمو پێغەمبەرێک دوژمنێکمان لە شەیتانەکانی ئادەمیزاد و جن سازاندوە، کە بەردەوام قسەی ڕازاوە دەدەن بەگوێی یەکداو خەڵکی پێ سەرگەردان دەکەن، خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە (نەیاندەتوانی) شتی وابکەن ......"

وەک دەبینین شەیتانەکان ڕەنگە هەرخۆمان بین زۆر جار،بەلام ئێمە هەر حەزدەکەین تاوانەکانی خۆمان بخەینە پاڵ کەسی تر.

شەیتان لەزۆر ئاکاری مرۆڤەکاندا ڕەنگدانەوی هەیە وەک :

- ئارەزوی نەمری

- فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ ﴿١٢٠﴾ طه.

" شەیتان گومانی خستە دڵیەوە و پێی وت: ئەی ئادەم دەتەوێ درەختی نەمری و موڵکێکی بێ برانەوەت پێ نیشاندەم؟ "

نەمری بو ئادەمی لە خشتە برد ، بڕیاری خۆمانە زۆر جار توشی گرفتی گەورەمان دەکەن نەک شەیتان.

ئارەزوی نەمری رەگی قوڵی لە ناخی مرۆڤدا هەیە ، زۆر داستان هەیە دەربارەی گەران بە دوای نەمری ، رەنگە دیارترینیان داستانی (گلگامێش)[1] بێ .

ئێمەی ئادەمیزاد زۆر سەیرین ، لەوەتەی هەین وتلین بەدوای نەمری ، حەزناکەین هەرگیز بمرین و هیوای زۆر دور و درێژ و خەونی شێتانەمان هەیە ، حەزمان لە بەهەشتە و ناشمانەوێ بمرین ، باشە گەر نەمرین چۆن بچینە بەهەشت ؟

- رەزیلی و چاوچنۆکی

- الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاءِ ۖ وَاللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ البقرة.

" شەیتان بەڵێنی هەژاریتان پێ دەدات و فەرمانتان پێ دەکات بە بەدرەوشتی، خوای گەورەش بەڵێنی لێخۆشبوونتان پێدەدات ......"

لێرەشدا چاوچنۆکی و رەزیلی خۆمان خستە ئەستۆی شەیتان.

- خۆبەزلزانی

- وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكُمْ إِنِّي أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ ۚ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٤٨﴾ الانفال .

" کاتێکیش شەیتان کردەوەکانی بۆ رازاندنەوە، وتی: ئەمرۆ هیچ کەس دەرەقەتی ئێوە نایەت و منیش پشت و پەناتانم، جا کاتێک ئەو دو لەشکرە یەکتریان بینی، شەیتان گوتی: من بەریم لە ئێوە ، چونکە ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن، ...."

- حەسودی

[1] داستانێکی زۆر بەناوبانگی شارستانیەتی سۆمەریەکانە ، مێژوی دەگەرێتەوە بۆ ١٨ سەدە بێش زاین ، پاڵەوانەکەی بە دوای نەمریدا وێڵە .

- قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَىٰ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا ۖ إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنسَانِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٥﴾ يوسف.

" باوکی وتی: ڕۆڵە گیان خەوەکەت مەگێڕەوە بۆ براکانت، نەوەکو بەهۆی ئەوەوە فێڵێکت لێبکەن و تووشی بەڵایەکت بکەن بەڕاستی شەیتانیش دوژمنێکی ئاشکرای ئادەمیزادە "

دیارە کە ئەوەی براکانی یوسف کردیان حەسودی بو نەک شەیتان.ئەوان براکەی خۆیان دورخستەوە چونکە باوکیان هۆگری ئەو بو زیاتر.

- لەیادکردنی خودا و پشت بەستن بە مرۆڤ

- وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِّنْهُمَا اذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ ﴿٤٢﴾ يوسف .

" یوسف بەو کەسەی وت: کە ڕزگاری دەبێت و دەبێتە ساقی پاشا، باسم بکە لای پاشاکەت -کە بەبێ تاوان بەند کراوم- بەڵام شەیتان بیری بردەوە کە لەلای پاشا باسی بکات، ئیتر چەند ساڵێك (یوسف بە بێ تاوان) لە بەندیخانەدا مایەوە "

لێرەدا نێردراوێکی خودا چەندین ساڵ لە زیندان مایەوە بە بێ تاوان لەسەرئەوەی لە ساتەوەختێکی کەمدا خوای لەبیرکرد و داوای لەمرۆڤێک کرد کە بە هانایەوە بێت.

- لەخۆبایی بون و فیزلێدان

- إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ ۖ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا ﴿٢٧﴾ الاسراء

" ئەوانەی زیادەڕەوی لە خەرجکردن دەکەن برای شەیتانەکانن، شەیتانیش لە بەرامبە پەروەردگاری ناشوکرە "

زیادەڕەوی لە خەرجکردن بۆ خۆدەرخستن و فیزلێدانە بەسەر خەڵکی ، هەرلەبەر ئەوەشە خوا زۆر بە توندی باسی دەکات.

خەلکی حەزدەکەن گرانترین و باشترین و جوانترین شتیان هەبێ ، بەلام بەبێ (تبذیر) ئەستەمە بتوانی ئەوە بکەی.چونکە کاتێک خانوێک دروست دەکەی بە ملیۆنێک دۆلار ئاشکرایە کە پارەی ٢٠ خانوت تێدا سەرف کردوە ، کەواتە زیادەڕەویت کردوە ،شەیتان تاوانبار مەکە خۆت دادگایی بکە.

ڕەنگە زۆر کەس بلێ خوای گەورە خۆی باسی شەیتان دەکات ،چۆن دەکرێ تاوانەکە بخەینە ئەستۆی مرۆڤەکان؟

بەلام هەر لەقورئانی پیرۆزدا وەلامەکەی هەیە :

- الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ ۖ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾ النساء

" ئەوانەی ئیماندارن لە پێناوی خوادا دەجەنگن وە ئەوانەی بێ باوەڕن لە پێناوی ستەمکار دەجەنگن، ئێوە بجەنگن دژی یاوەرانی شەیتان ، بەڕاستی فروفێلی شەیتان لاوازە "

فروفێلی شەیتان لاوازە،ئەوەی خراپە بە مرۆڤ دەکا ناخی خۆیەتی.

هەروەها دەفەرموێ:

- وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلَّا أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي ۖ فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنفُسَكُم ۖ مَّا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنتُم بِمُصْرِخِيَّ ۖ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٢﴾ ابراهيم .

" شەیتان دەلێ: خوا بەلێنی ڕاستی پێدان منیش بەلێنی درۆ، ، بەلام من هیچ دەسەلاتێکم بەسەر ئێوەدا نەبوو، تەنها بانگم کردن ئێوەش بەدەممەوە هاتن و بەقسەتان کردم، ئیتر سەرزەنشتی من مەکەن، بەلکو سەرزەنشتی خۆتان بکەن ، من ناتوانم بەهانای ئێوەوە بێم، ئێوەش ناتوانن بە هانای منەوە بێن "

هەروەها دەفەرموێ:

- إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ وَالَّذِينَ هُم بِهِ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ النحل .

" شەيتان دەسەڵاتی نیه بەسەر ئەوانەدا کە باوەڕیان هێناوە و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کە پشتیان پێ بەستوەو ملکەچی دەبن، هەروەها ئەوانەش کە هاوەڵ پەیدادەکەن بۆ پەروەردگار "

لەم ئایەتانەی سەرەوە بۆمان رون دەبێتەوە کە شەیتان دەسەڵاتی نییە بەسەرمرۆڤ ، بەتایبەت مرۆڤی باوەڕدار ، مرۆڤەکان خۆیان حەز بە خراپەدەکەن پاشانیش شەیتان تاوانبار دەکەن.

الابليس: یەکێکە لە دروسکراوەکانی خوا لە لە تیرەی (جن) ، لە قورئاندا ١١ جار ناوی هاتوە ، بە (شيطان)یش ناوی دەبرێ چونکە دروسکراوێکی یاخییە لەخودا و هەمیشە خەریکی خراپەکارییە.

السحر: واتە جادو ، مرۆڤ لە سەردەمانی زو باوەری بە پەیامبەرانی خوا نەهێناوە لەبەر چەند هۆکارێک کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ئەقلی مرۆڤ بەو رادەیە پێشکەوتو نەبوە کە شتی نەبینراو وێنا بکات و تەنها باوەری بەو شتە کردوە کە با چاو بینیویەتی، هەربۆیەش خودا پەرجو(معجزة)ی بە پەیامبەرانی پێشو داوە ، چونکە خودا زانایە بەوەی ئەقلی سەرەتایی ئەوان توانای ئەوەی نەبوە باوەر بە شتی نەبینراو بکات .

بەلام لەگەل هاتنی دوایین پەیامبەر ، ئەقلی مرۆڤ تەواو پێگەیشتبو ، بۆیە ئیتر مرۆڤ نە پێویستیی بە پەرجو هەیە و نە بە پەیامبەری تر.

ئەوەش وەلامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە ئایا دوا پەیامبەر پەرجوی هەبوە ؟

نەخێر ، چەندین بەلگەش لە قورئاندا هەیە لەسەر نەبونی ، وەک:

- وَيَقُولُونَ لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ ۖ فَقُلْ إِنَّمَا الْغَيْبُ لِلَّهِ فَانتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ ﴿٢٠﴾.يونس.

" بێ باوەرەکان دەڵێن: بۆ موعجیزە یا بەڵگەیەک دانەبەزێنرا لەلایەن خوداوە

پێیان بڵێ: کارە شاراوەکان تەنها بەدەستی خودان، چاوەرێ بن ، منیش لەگەڵتاندا لەچاوەرێم ".

- وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ ۗ إِنَّمَا أَنتَ مُنذِرٌ ۖ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ ﴿٧﴾الرعد.

" بێ باوەڕان دەڵێن: بۆ بەڵگە یا پەرجو لەلایەن پەروەردگاریەوە دانەبەزێنرا (دیارە کە هەمو نەتەوەکانی پێشو پەیامبەریان بە بێ پەرجو نەبینیوە) . ئەی پەیامبەر تۆ ئاگادارکەرەوەی ، هەر میللەتێکیش رێ نیشاندەری خۆی هەیە"

- وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ ۗ قُلْ إِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ﴿٢٧﴾الرعد.

" بێ باوەڕان دەڵێن: بۆ بەڵگە یا پەرجو لەلایەن پەروەردگاریەوە دانەبەزێنرا؟ "

زۆر بەلگەی تریش هەن لە قورئان کە دەیسەلمێنن پەیامبەر پەرجوی نەبوە.

نەبونی پەرجو رێزگرتنە لە ئەقلمان لە هەمان کاتیشدا ئالنگارییە بۆ ئێمە .

رێزگرتنە لە ئەقلمان بەوەی ئێمە ئیتر بەوپەری پێشکەوتن گەیشتین و بە ئەقل دەتوانین شتەکان بدۆزینەوە .

هەروەها ئالنگارییە چونکە دۆزینەوەی ڕاستییەکان بە ئەقڵ کارێکی ئاسان نییە.

٢- جادو لە سەردەمانی زو هەبوە ، ئەوەش وای لێکردون قسەکانی پەیامبەران و جادوگەران وەک یەک بێ لەلایان ، هەربۆیەش هەمو پەیامبەران بە جادوگەر تاوانبار کراون.

مرۆڤی سادە جیاوازیی نێوان بەلگەی خودا و جادو نازانێ ، چونکە هەردوکی لای ئەو غەیبیات و نامۆن.

خودا بەلگە دەنێرێ ، جادوش لەلایەن شەیتانەکانەوە هاتۆتە ناو خەلک و هەندێک خەلکی فێری بون و بون بە جادوگەر ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَـٰكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ ۚ وَمَا هُم بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ ۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ ﴿١٠٢﴾البقرة.

" حەزرەتی سولەیمان بێباوەر نەبو، شەیتانەکان بێ باوەر بون ،ئەوان فێری جادو بون بە گوێگرتنیان لە هەوالە غەیبییەکان بە نهێنی ، هەروەها دەستیان بەو هەوالانە گەیشت کە بۆ (دو فریشتە کە هاروت و ماروت) هاتبون ، بۆیە بە زانینی هەوالی غەیبی جادویان دەکرد و خەلکیشیان فێردەکرد، ئەوەش فێربون کە نێوانی ژن و مێرد تێک بدەن .... "

ئەرکی پەیامبەران ئەوە بوە کە خەلک لەوە تێبگەیەنن کە بەلگەی خودا جادو نییە ، بەلام زۆرێک لە خەلك باوەری نەهێناوە چونکە نەیانتوانیوە جیاوازیی نێوان بەلگەی خودا و جادو بکەن.

لە بەرامبەردا جادوگەران چاک زانیویانە جادو چییە و راستی چییە ، جادو تەنها چاو بەستەکردنی خەلکە و لە راستیدا شتێک لە ئارادا نییە ، بەلام بەلگەی خودایی هەم دەبینرێ و هەم بە راستی هەیە، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- فَلَمَّا أَلْقَوْا سَحَرُوا أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاءُوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ ﴿١١٦﴾.الاعراف.

" کاتێک جادوگەرانی فیرعەون دار و گوریسەکانی دەستیان هەلدا ، چاوی خەلکییان بەست و خەلکیان ترساند جادویەکی زۆر بەهێزیان کرد "

سەرنج بدە ، لە جادو چاوبەستن هەیە ، واتە شتەکان وەک خۆیان نابینرێن. بەلام کاتێک حەزرەتی موسا دارەکەی دەستی هەلدا چی رویدا؟

- وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴿١١٧﴾ فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾ فَغُلِبُوا هُنَالِكَ وَانقَلَبُوا صَاغِرِينَ ﴿١١٩﴾ وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ ﴿١٢٠﴾ الاعراف.

" سروشمان نارد بۆ موسا کە دارەکەی هەڵبدا ، دارەکەی موسا هەمو ئەو مارانەی قوتدا کە ئەوان بە چاوبەستکردنی خەلک دروستیان کردبو ، واتە لە راستیدا مار نەبون ، بەلکو خەلکەکە وای دەهاتە بەرچاو. ئیتر راستی دەرکەوت و جادو بەتاڵ بۆوە ، جادوگەران دۆران ، ئیتر کرنۆشیان برد و باوەریان بە موسا و خوداکەی هێنا "

ئەوەی جێی سەرنجە جادوگەران جیاوازی نێوان جادو و بەلگەی خودا دەزانن هەر بۆیە بێ گوێدانە سزای سەختی فیرعەون باوەریان هێنا بە حەزرەتی موسا.

جادوگەرەکان زانیویانە جادو گوناهە بەلام لە ترسی فیرعەون کردویانە، وە کاتێک راستیی کارەکەی حەزرەتی موسایان بینی باوەریان پێی هێنا ، بێباک بون لە مردن و سزای سەختی فیرعەون، ئەوان دەیانزانی جادوگەری گوناهێکی چەند گەورەیە:

- إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَايَانَا وَمَا أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ ۗ وَاللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿٧٣﴾ طه

"جادوگەران بە فیرعەونیان گوت ؛ ئێمە باوەرمان بە خودای خۆمان هێنا بۆ ئەوەی لە گوناهەکانمان خۆش بێ ، لەگەل ئەو گوناهانەی تۆ پێت کردین لە جادوگەری ، خودا باشترە و دەمێنێ "

جادوگەران بێ دودلی باوەریان هێنا چونکە گەیشتنە ئەو بروایەی کە خودای موسا راستەقینەیە و دەمێنێ ، خودای ئەوانیش کە فیرعەونە نامێنێ هەروەک چۆن بینیان جادوی ئەوان چاوبەستن بو ، بەلام هی حەزرەتی موسا جادو نەبو بەلکو بەلگەی خودا بو .

ئەوی لێرە گرنگە بیزانین ئەوەیە کە جادو تا پێش هاتنی دوا پەیامبەر هەبوە ، بەلام لەگەل هاتنی کۆتا پەیامبەر شتێک نەمان بە ناوی جادو .بەلام چۆن نەما؟

خودا بڕیاری داوه که قورئان بپارێزی چونکه دوا پەیامە و تەواوکەری پەیامەکانی تره :

- إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾ .الحجر.

" ئێمه خۆمان پەیاممان ناردوه خۆشمان دەیپارێزین"

گرنگه لەوه تێگەین که خودا خۆی پەیامەکانی دەپارێزێ، پێویستیی به من و تۆ نییه ، چونکه به دلنیاییەوه کەسمان ناتوانین ئەو کاره بکەین.

بۆیه هەرکەسێک بەناوی خودا و پیرۆزییەکان فەرمانی پێکردی که پارێزگاری له ئاینی خودا بکەی ئەوا دلنیابه که یا تێنەگەیشتوه یا کاهینه و دەیەوێت له پەنای ناوی خودا و پیرۆزییەکان کۆت و بەندت بخاته گەردن.

خودا بۆ ئەوەی قورئان بپارێزێ دەبێ مرۆڤ بپارێزی له هێرش و مەترسیی دەرەکی بەوەش دەبی ئاسمان بپارێزی چونکه شەیتانەکان پێش هاتنی دوا پەیامبەر هەوالەکانی ئاسمانیان دەدزی و دەیاندا به کاهینەکان و ساحیرەکان ،هەر بۆیه کاتی خۆی جادو هەبوه بەلام به داخستنی دەرگای غەیبیات جادوش نەما.

ئێستا جادو نەماوه چونکه ڕێگای هێنانی کۆده غەیبیەکان گیراوه هەروەک له قورئاندا هاتوه:

- وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاءَ فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾الجن.

" ئێمه چوین هەوالێ ئاسمان بدزین بەلام بینیمان پڕه له فریشته ، ئێمه پێشتر گوێمان دەگرت و هەوالی ئاسمانمان دەزانی. بەلام ئێستا ئەوەی گوێ بگرێ تەنێک ، بەردێک یا ئەستێرەیەکی ئاگرینی ئاراسته دەکرێ "

ئەمرۆ شەیتانەکان زۆر لاوازن ، چونکه هەوالی ئاسمانەکان نازانن ، بۆیه ئێستا بیانوی ئەوه نەماوه بلێی شەیتان ئەو کارەی پێکردم چونکه ئێستا شەیتان له هەمو کاتێک لاوازتره، ئەوان هەوالی ئاسمان و غەیبیات نازانن ، جادوگەرانیش

هەوالی غەیبیان پێناگا لەرێگەی شەیتانەکان.بۆیە پێشبینیکردنی داهاتو لە رۆژگاری ئێمەدا مەحاڵە، هەرکەسێکیش قسەی دەربارەی داهاتو کرد ، راست ناکات.

بەلام رەنگە کەسێک بپرسێ، باشە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ بەناو جادو چ ناوێکی لێ بنێین ؟

ئەمرۆ لەبەرئەوەی زانست زۆر پێشکەوتوە، ناتوانین هەمیشە لەگەل هەمو دەرهاویشتە زۆر و خێرا و سەیرەکانی تەکنۆلۆجیا برۆین ، زۆرجار شتێک دەبینین لە جادو دەچێ بەلام دوای ماوەیەک کەسێک دێت و ئاشکرای دەکات ، لە راستیدا جادو واتە زانستێک کە ئێمە هێشتا لیی تێنەگەیشتوین ، بۆ نمونە کەسیك دێت تۆزێک ئاو دەکاتە پەرداخێک و ئاگری لێ نزیک دەکاتەوە ، ئاوەکە ئاگر دەگرێت و ماوەیەک دەسوتێ.

١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا ئەوەی سەرەوە جادو بو ، بەلام ئێستا فێلێکی زۆر سادەی زانستی کیمیایە ، پەرداخەکەت تەڕ بکە بە شلەیەک کە گڕ بگرێ ، پاشان ئاوی تێبکە، شلەکە چونکە لە ئاو سوکترە (چڕیی کەمترە) سەرئاو دەکەوێ ، بۆیە ئاگر دەگرێت هەرچەندە پەرداخەکەش پڕە لە ئاو.

لە تاقیگەکانی کیمیا هەزاران شتی وا دەکرێ کە ئەستەمە باوەڕبکەی ئەگەر بە وردی لێیان تێنەگەی.

بە هەمان شێوە لە فیزیاش دیاردەی وا هەیە .

سنورداریی ئەقل و تێگەیشتنی ئێمەیە کە شتەکان وەک جادو دێنە بەرچاو نەک بونی جادو.

الناسخ والمنسوخ :النسخ ، لە روی ماناوە دو مانای هەیە :

یەکەمیان : لابردن ، گۆرانکاری یا بەتاڵکردنەوەی شتیك و دانانی شتێکی تر لە جێگای.

دوەمیان : نوسینەوەی یا لەبەرگرتنەوەی شتێک وەک خۆی ، وەک کۆپی کردنی کتێبێک.

نسخ له حوکمه شەرعییەکان بە مانای لابردنی حوکمێکی کۆن و دانانی حوکمێکی تازە دێت ، بە بەلگەی شەرعی.

ناسخ : ئەو ئایەتەیە حوکمێک دەسرێتەوە ، واتە ئایەتە نوێیەکە.

منسوخ : ئەو ئایەتەیە کە سڕاوەتەوە ، واتە ئایەتە کۆنەکە.

نسخ بە پێی زاناکان سێ جۆری هەیە :

١- نسخ التلاوة والحكم معا : سڕینەوەی خوێندنەوە و حوکمەکەی :

- كانَ فِيما أُنْزِلَ مِنَ القُرْآنِ: عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ، ثُمَّ نُسِخْنَ، بخَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ، فَتُوُفِّيَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، وَهُنَّ فِيما يُقْرَأُ مِنَ القُرْآنِ.

الراوي : عائشة أم المؤمنين

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" لە قورئان دابەزیبو کە بە ١٠ شیردان منداڵ حەرام دەبێ لە خوشک و براکانی(خوشک و برای شیری نەک راستەقینە)، بەڵام دواتر ئەم ئایەتە نسخ کرا و کرا بە ٥ شیردان ، بەلام پاشان پەیامبەر کۆچی دوایی کرد ، ئەم ئایەتانەش هەر دەخوێنرانەوە"

واتە سەرەتا بە ١٠ شیردان ، بەلام پاشان کرا بە ٥ ، بەڵام چونکە پەیامبەر وەفاتی کرد و ئەوکات قورئان نەنوسرابو ، پاشان کە کۆکرایەوە ئەم دو ئایەتە نەنوسرانەوە چونکە نسخ بوە.

ئێستا ئێمە لەبەردەم کێشەیەکی گەورەداین ، چونکە بە پێی ئەم فەرمودەیە بێ قورئان ناتەواوە و ٢ ئایەت هەیە تێیدا نەنوسراون ، چونکە لە جۆرەکانی تری نسخ ، ئایەتە منسوخەکانیش هەموی ماون ، بۆچی ئەمانە نەمان ؟

٢- **نسخ الحكم دون التلاوة** : سرینەوەی حوکمەکە و مانەوەی خوێندنەوەکەی :

- **وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ ۚ وَأَن تَصُومُوا خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٤﴾** البقرة.

" ئەوانەی دەشتوانن رۆژوبگرن ، دەتوانن فدیە بدەن ،کە نانداني فەقیرێکە ، ئەگەر زیاتر بێ باشترە ، بەلاَم بەرۆژوبون باشترە ئەگەر بزانن "

دیارە ئەم ئایەتەی سەرەوە بە گوێرەی یاسای نسخ حوکمی سڕاوەتەوە بەلاَم خوێندنەوەکەی ماوە.

ئەم ئایەتەی سەرەوە (منسوخ)ە ئەمەی خوارەوە جێگرەوەکەیەتی کە(ناسخ)ە .

- **فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۗ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٨٥﴾** البقرة

" هەرکەسێک گەیشتە ئەو مانگە پیرۆزە با بەرۆژو بێ ، ئەوەی نەخۆش بو یا لە سەفەر بو با پاشان بیگرێتەوە ، خوا دەیەوەی کارئاسانیتان بۆ بکات نەک ماندوتان بکات ...."

ئەوەی جێی سەرنجە دو ئایەت کە بە دوای یەکتردا دێن چۆن دەکرێ یەکێکیان ئەوی تر بسڕێتەوە ؟

چۆن دەکرێ خوا قسەیەک بکات و لە هەمان کات پەشیمان بێتەوە؟ ئایا ئەمە پێچەوانەی ئەم ئایەتە نییە؟

- **الر ۚ كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ﴿١﴾** هود.

" قورئانێک کە ئایەتەکانی زۆر بە وردی و زانایی دانراون و رونکراونەتەوە لە لایەن زاتێک کە زۆر دانا و زانایە بە هەمو شتێک "

قورئانێک لەلای خودا دابەزیێ کە هێندە ورد و زانستی و لۆجیکی بێ ، دەکرێ لە دو ئایەتی بە دوای یەکدا گۆڕانکاری تێدا بکرێ ؟

له بابەتی **(ئایا چەند ئاینێکی جیاواز هەن)** بە وردی باسی ئەم بابەتە کراوە.

٣- نسخ التلاوة دون الحكم : سڕینەوەی خوێندنەوە و مانەوەی حوکمەکەی :

- الشَّيْخُ وَالشَّيخَةُ، فارجُمُوهُما الْبَتَّةَ. فقال عمرُ: لما أُنزلتْ، أتيتُ النبيَّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ فقلتُ: أَكْتِبْنيها، فكأنه كره ذلك. قال: فقال عمرُ: ألا ترى أنَّ الشيخ إذا زنى وقد أحصنَ جُلِدَ ورجِمَ، وإذا لم يُحصَنْ جُلِدَ، وأنَّ الشابَّ إذا زنى وقد أحصَنَ رُجِمَ.

الراوي: عمر بن الخطاب.

المحدث: ابن جرير الطبري.

المصدر: مسند عمر.

حكم المحدث: إسناده صحيح.

" بە کورتی واتە ئەگەر کەسی خاوەن خێزان ژن یا پیاو زینا بکات بەردباران دەکرێ ، ئیمامی عومەر دەڵێ ؛ بە پەیامبەرم وت با بینوسین ، وەک بڵێی پەیامبەر پێی خۆش نەبو ......"

ئەم ئایەتەی سەرەوە لە قورئاندا نییە بەڵام حوکمەکەی هەیە و نەسڕاوەتەوە.[١]

ئەیەتێک لە قورئاندا نیە بەڵام حوکمەکەی هەیە ! بۆچی لە قورئاندا نییە ؟

- وَقَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ عَنْ أَبِيهِ، ثُمَّ اتَّفَقَ الْقَاسِمُ بْنُ مُحَمَّدٍ، وَعَمْرَةُ، كِلَاهُمَا عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ قَالَتْ :لَقَدْ نَزَلَتْ آيَةُ الرَّجْمِ وَالرَّضَاعَةِ، فَكَانَتَا فِي صَحِيفَةٍ تَحْتَ سَرِيرِي، فَلَمَّا مَاتَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - تَشَاغَلْنَا بِمَوْتِهِ فَدَخَلَ دَاجِنٌ فَأَكَلَهَا؟ قَالَ أَبُو مُحَمَّدٍ :وَهَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ وَلَيْسَ هُوَ عَلَى مَا ظَنُّوا، لِأَنَّ آيَةَ الرَّجْمِ إِذْ نَزَلَتْ حُفِظَتْ، وَعُرِفَتْ، وَعَمِلَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - إِلَّا أَنَّهُ لَمْ يَكْتُبْهَا نُسَّاخُ الْقُرْآنِ فِي الْمُصْحَفِ، وَلَا أَثْبَتُوا لَفْظَهَا فِي الْقُرْآنِ، وَقَدْ سَأَلَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ ذَلِكَ - كَمَا أَوْرَدْنَا - فَلَمْ يُجِبْهُ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - إِلَى ذَلِكَ.

---

[١] الناسخ والمنسوخ في القران الكريم. الامام ابي بكر محمد بن مسلم بن عبيدالله بن عبدالله بن شهاب الزهري، تحقيق و دراسة مصطفى محمود الازهري.

فَصَحَّ نَسْخُ لَفْظِهَا وَبَقِيَتْ الصَّحِيفَةُ الَّتِي كُتِبَتْ فِيهَا - كَمَا قَالَتْ عَائِشَةُ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا - فَأَكَلَهَا الدَّاجِنُ، وَلَا حَاجَةَ بِأَحَدٍ إلَيْهَا.

" دایکی ئیمانداران عائیشه ، خوا لێی ڕازی بێ فەرمووی ئایەتی بەردبارانکردن و شیردا دابەزین ، لە سەر کاغەز نوسرابونەوە لە ژێر جێگای نوستنەکەم ، کاتێک پەیامبەر وەفاتی کرد ، سەرمان قاڵ بو ، ئاژەڵێکی ماڵ(بزن یا بەران) هات و خواردی .....، ئەم ئایەتانە دابەزین و لەبەرکران و کاریشیان پێ کرا ، بەڵام ئەوانەی قورئانیان دەنوسیەوە نەیان نوسینەوە ....."

خوێندنەوەی سڕاوەتەوە بەڵام حوکمەکەی ماوە .... "[1]

هەرچەندە لە زۆر جێگا ئەم فەرمودەیە بە ناڕاست دادەنرێ :

-لقدْ نزلَتْ آيةُ الرجمِ ورضاعةُ الكبيرِ عشرًا ولقدْ كانتْ صحيفةٌ تحتَ سريرِي فلمَّا ماتَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ وتشاغَلْنا بموتِهِ فدخلَ داجنٌ فأكلَها

الراوي : عائشة أم المؤمنين

المحدث : الجورقاني

المصدر : الأباطيل والمناكير

خلاصة حكم المحدث : **باطل**

- لقد نزلَتْ آيةُ الرَّجْمِ، ورَضاعةُ الكَبيرِ عَشْرًا، ولقد كانَ في صَحيفةٍ تحت سَريري، فلمَّا ماتَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ وتَشاغَلْنا بموتِه، دخَلَ داجنٌ فأكَلَها.

الراوي : عائشة أم المؤمنين

المحدث : شعيب الأرناؤوط

المصدر : تخريج سنن أبي داود

خلاصة حكم المحدث : **لا يصح**

---

[1] **المحلى بالاثار . ابن حزم**

دیارە کە ناچێتە ئەقڵی مرۆڤ کە خودا ئایەت دابەزێنێ و ئاژەڵ بیخوات و کەس ئاگاداری نەبێ.

ئەی بڕیار نییە خودا قورئانی خۆی بپارێزێ ؟

ئەگەر ئەم فەرمودەیە ڕاست بێ ، کەواتە خوا نەیتوانی قورئانەکەی خۆی بپارێزێ ، کە ئەمەش ڕێی تێناچێ.

ئەگەر ئەم فەرمودەیەش ڕاست نییە بۆچی کاری پێ دەکەن ؟

دیارە کە ناسخ و منسوخ هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەوە دانراوە کە ئاینێکی وا دروست بکرێ کە بە دڵی سوڵتانەکان بێ ، ئەگینا دەچێتە ئەقڵی کێ پەیامبەر قسەی خودای خۆی ڕەت بکاتەوە ؟

کەی لۆجیکە مرۆڤ قسەی خودا ڕەت بکاتەوە و قسەی خۆی لە جێگە دابنێ؟

کارەسات ئەوەیە ، کەس نازانێ چەند ئایەت نەسخ کراوە .

هەندێک دەڵێن ٢٩٣ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢٤٧ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢١٨ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢١٤ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢١٣ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢١٠ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢٠٠ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ١٣٤ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٦٦ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢٢ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢٠ ئایەتن.

گرنگترین سودی ناسخ و منسوخ ئەوەیە کە ئاینی خستە خزمەتی سولتانەکان و ڕێگای دا بە کوشتن و بڕین و تاڵانکردنی وڵاتان بە ناوی خودا و پیرۆزییەکان.

لە کاتێکدا خودا فەرمویەتی :

- لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ۚ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾
البقرة

" ئاین بە زۆر نییە و خەڵکی ئازادن لە باوەڕیان ، چاک و خراپ دیار و ڕونن .."

- وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ۚ وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ ۚ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٢٩﴾ الكهف.

" پێیان بڵێ ڕاستی لەلای خودایە ، هەرکەس ویستی با بڕوای پێ بکا ، هەرکەسیش باوەری پێ ناکا ئازادە ...."

بەڵام فەقیهەکانی سەر بە سولتان هاتن و ئەم دو ئایەتە و هەمو ئایەتەکانی کە باسی ئاشتی وپێکەوەژیان دەکەن با منسوخیان دانان و لە جیاتی ئەوان ئایەتێکیان ناونا (ئایەتی شمشێر) . ئیتر سولتانەکان بە ئارەزوی خۆیان کەوتنە خوێن ڕشتن و داگیرکاری دوای ئەوەی ڕەزامەندیی خوایان وەرگرت لە نوێنەرانی خوا .

- فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾ التوبة.

" کاتێک مانگە حەرامەکان کۆتاییان هات موشریکەکان بکوژن لە هەرکوێ دەستتان کەوتن ، بەڵام ئەگەر تۆبەیان کرد وازیان لێ بهێنن"

ئەم ئایەتە باسی شەڕ دەکات بەڵام لە مانگە حەرامەکان شەڕکردن گوناهێکی گەورە بوە تەنانەت پێش هاتنی ئیسلامیش، بەڵام بە مەبەستی برەودان بە تاڵان و داگیرکردنی وڵاتان ، سولتانەکان هەلسان بە بەکارهێنانی ئەم ئایەتە بۆ رەوایی دان بە پاوانخوازی و خۆ دەولەمەندکردن ، هەروەک چۆن (صدام حسين) ئایەتی (انفال)ی بەکارهێنا بۆ قڕکردنی گەلی کوردی مسوڵمان ، ئێستاش زۆرێک لە عەرەب بە موجاهید و تێکۆشەری دەزانن ، دوای ٢٠٠ ساڵ دور نیە بیکەن بە نەوەی پەیامبەریش بەوەی پاڵەوانێتیەکانی بنوسنەوە لە چەند کتێبێکی رازاوە ،بێگومان بە یارمەتیی واعیزەکانی سولتان و بە نوسینی بڕێک قسەی بریقەدار و تێکەڵکراو بە ئاینێکی ساختە.

العبودية : کۆیلایەتی ، بە رونی نازانرێ کەی کۆیلایەتی سەری هەڵداوە بەڵام دیارە کە ریشەی مێژویی هەیە لە هەمو کۆمەڵگاکان. کۆیلە بەو خەڵکە فەقیرە گوتراوە کە بە هۆکارێک لە هۆکارەکان بون بە مولکی کەسێک و خاوەنی خۆیان نەبون ، هەمو ژیان و چارەنوسیان بە دەستی خاوەنەکانیان بوە ، خاوەنەکانیان هەمو کارێکیان پێ کردون ، کاری سەخت و ئابروبەر و تاقەت پروکێن و بێزارکەر ، کۆیلە هیچ کاتێک نەیتوانیوە لە فەرمانی خاوەنەکەی دەربچێ لە ترسی سزا و دارکاری کردن.

کۆیلە ناوی زۆرە (عبد ، جارية ، سبي ، امة ، رق) هەمویان کۆیلەن ، بەڵام بە پێی کارەکانیان ناویان دەگۆڕێ.

کۆیلایەتی لەناو عەرەب پێش دابەزینی قورئان بازرگانیەکی زۆر باش بوە و دەتوانین بڵێین کۆیلەکان بربڕەی پشتی بازرگانی و زۆرێک لە کاروبارەکانی تری کۆمەڵگە بون.

بێگومان کە باسی کۆیلە دەکەین نێر و مێ وەک یەکن ، واتە کۆیلەی نێر و مێ هەبوە ، هەردو رەگەزیش بەبێ جیاوازی توشی هەمو نەهامەتی و دەردەسەریەکان بون.

لەبەرئەوەی کۆیلایەتی زۆر بە توندی رەگی داکوتابو لەناو کۆمەڵگەکان و کۆیلەکان بربڕەی پشتی کۆمەڵگە بون ، بۆیە بە ئاسانی و بە یەک بڕیار نەدەکرا کۆیلایەتی

بنەبڕ بکرێ ، چونکە ئەگەر تێبینی بکەین کۆیلەکان ئەم ئەرکانەی خوارەوەیان جێبەجێ کردوە:

١- کۆیلەکان کاری ماڵەوەیان دەکرد ،وەک خاوێنکردنەوەی ماڵ و ئامادەکردنی خواردن و چاودێریکردنی مداڵ و زۆر کاری تر.

٢- کۆیلەکان کاری دەرەوەشیان دەکرد ، وەک کڕینی کەلوپەل ، باخەوانی ، شت فرۆشتن ....

٣- جگە لەم ئەرکانەی سەرەوە ، کۆیلە موڵکی خاوەنەکەی بوە ، خاوەنەکەی دەیتوانی وەک هاوسەری خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و هەمو کارێکیش لەگەڵ کۆیلە ئاسایی بو ، هەرگیز کۆیلە بۆی نەبوە بڵێ (نا) ئەگینا بە توندترین شێوە سزا دەدرا.

کاتێک قورئان دابەزی فەرمانی بە خەلک کرد لەگەڵ لاوازەکان و ژێردەستەکان باش بن بەڵام کۆیلایەتیی راستەوخۆ حەرام نەکرد ، چونکە دەبوە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە و دروستکردنی پشێوی ، دەبو بۆ سەرەتا رێگەچارە بدۆزرێتەوە ئینجا دەست بکرێ بە روبەروبونەوەی کۆیلایەتی .

بنەبڕکردنی کۆیلایەتی پێویستیی بە ئامادەکردنی زەمینەیەک هەبو چونکە کەلتورێك کە رەگی داکوتابێ لە کۆمەڵگە زۆر ئەستەمە بتوانی لەناکاو بیگۆڕی ، لەناوبردنی کۆیلایەتی گۆڕانکارییەکی سوک و سانا نەبوە بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆز بوە ، وەک ئاشکراشە پرۆسەکات و بەرنامە و ئامادەکاریی پێویستە.

بۆیە ئیسلام بە چەند هەنگاوێک وردە وردە و بە چەند ساڵیک و کەمتر لە چارەکە سەدەیەک کۆیلایەتیی کەم کردەوە تا گەیشتە قۆناغی کۆتایی ، دەتوانین بڵێین تا هاتنەسەر حوکمی ئەمەوییەکان قۆناغێکی زۆر باش بو ، بەڵام لە دوای لە ئەو بەروارەوە شتەکان پێچەوانە بونەوە و گەڕانەوە سەر دۆخی جاران بگرە خراپتریش بە داخەوە.

هەنگاوەکانی ڕوبەڕوبونەوەی کۆیلایەتی

١- ئازادکردنی کۆیلەیەک وەک سزا بۆ زۆرێک لە گوناهەکان.

- أَتَيْتُ ابْنَ عُمَرَ وَقَدْ أَعْتَقَ مَمْلُوكًا، قالَ: فأخَذَ مِنَ الأرْضِ عُودًا، أَوْ شيئًا، فَقالَ: ما فيه مِنَ الأجْرِ ما يَسْوَى هذا، إلَّا أَنِّي سَمِعْتُ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ يقولُ :مَن لَطَمَ مَمْلُوكَهُ، أَوْ ضَرَبَهُ، فَكَفَّارَتُهُ أَنْ يُعْتِقَهُ.

الراوي : زاذان أو زادان

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" هەرکەسێک لە کۆیلەکەی خۆی بدات سزاکەی ئەوەیە کە ئازادی بکات "

- وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰ أَهْلِهِ إِلَّا أَن يَصَّدَّقُوا ۚ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰ أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ اللَّهِ ۗ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٩٢﴾ النساء.

" هەرکەسێک ئیماندارێک بە هەڵە بکوژێ دەبێ کۆیلەیەک ئازاد بکا ...."

- وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ۚ ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٣﴾المجادلة.

" ئەوانەی بە خێزانیان دەڵێن تۆ وەک دایکم وای ، پاشان پەشیمان دەبنەوە ، دەبێ کۆیەلەک ئازاد بکەن......."

- لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ ۖ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ

أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾ المائدة.

" ئەوەی سوێند بخوا و سوێندەکە بشکێنێ دەبێ کۆیلەیەک ئازاد بکا ...."

٢- دانانی یاسایەک کە کۆیلەکان بتوانن خۆیان بکڕنەوە بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو یا چەند ساڵێک کارکردن.

- وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ ۚ وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٣﴾ النور.

" ئەو کۆیلانەی حەزدەکەن خۆیان ئازاد بکەن ، گرێبەست بنوسن لەگەڵیان"

٣- هاندانی خەڵک لەسەر ئازادکردنی کۆیلە بەبێ هۆکار ، تەنها بۆ ئەوەی کۆیلایەتی نەمێنێ .

- مَن أعتقَ رقبةً مُؤْمِنَةً كانَت فداءَهُ منَ النَّارِ.

الراوي : شرحبيل بن السمط

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح أبي داود

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" هەرکەسێک کۆیلەیەک ئازاد بکات ، دوری دەخاتەوە لە دۆزەخ ".

٤- هاندانی خەڵک لەسەر خواستنی کۆیلەکان وەک هاوسەر .

- وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ۚ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُم ۚ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ ۚ فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ .... ﴿٢٥﴾ النساء.

" ئەگەر کەسێک هەژار بو با کۆیلەیەک بخوازێت ...."

جێی سەرنجە کە پەیامبەر هاوسەرێکی خۆی یەکێک لەوانە بوە کە بە دیاری بۆی هاتوە وەک کۆیلە بەلام ئەو خواستی و کردی بە هاوسەری خۆی ، وەک هاندانی خەلک بۆ ئەوەی کۆیلەکان بخوازن و کۆیلایەتی نەمێنێ.

ئەم کارەش دو پەیامی گەورەی تێدایە :

١- خواستنی کۆیلە شەرم نییە ،پەیامبەر ئەم کارەی کرد بۆ ئەوەی خەلکیش شەرم نەکەن و چاوی لێبکەن.

پەیامبەر خۆی کارەکەی کرد و بو بە پێشەنگ تاوەکو خەلک چاوی لێبکەن و بیێ بە شتێکی ئاسایی لەنێو کۆمەلگە و بەمەش کۆیلایەتی هێندەی تر لاواز بو.

٢- کاتێک سەرۆک ، پێشەوا ، بەرێوەبەر یا هەر کەسێکی خاوەن پۆست داوای شتێک لە خەلک دەکات دەبێ پێشەکی خۆی بیکات ، نەک فەرمان بە خەلک بکات و خۆی نەیکات.

عذاب القبر : سزای ناوگۆر ، یەکێکە لەو کارەساتە گەورانەی کە بەناوی فەرمودە هاتۆتەناو هزری خەلک و تەواوی مسولمانانی تۆقاندوە.

لە قورئانی پیرۆز نەک باسی سزای ناوگۆر نەکراوە ، بەلکو چەندین ئایەت هەن بەلگەن لەسەرنەبونی .

سەرەتا ، لای مردو شتێک نییە بەناوی کات ، واتە ئەوەی ٥ ملیۆن سالە مردوە لەگەل ئەوەی تازە دەمرێ ، ئەگەر ئێستا رۆژی قیامەت بێ ، هەردوکیان وەک یەک لە خەو رادەبن و هەمان هەستیان هەیە چونکە لای ئەوان کات نییە :

- **وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَاهُمْ لِيَتَسَاءَلُوا بَيْنَهُمْ ۚ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ ۖ قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۚ قَالُوا رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَابْعَثُوا أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَٰذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَا أَزْكَىٰ طَعَامًا فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ﴿١٩﴾** الكهف.

" بەم شێوەیە زیندومان کردنەوە بۆ ئەوەی لە یەکتر بپرسن ، یەکێکیان گوتی ، چەند نوستوین ، گوتیان رۆژێک یا بەشێک لە رۆژ ...."

وەک ئاشکرایە ئەو چیرۆکەی سەرەوە هی (یارانی ئەشکەفت-اصحاب الکهف) ە ، تەنانەت ئەو کەسەیان کە چوە بازاریش و خەلکیش پێیان گوت کە زیاتر لە ٣٠٠ سالە ئەو سەردەمە تێپەڕیوە هێشتا باوەڕی نەدەکرد.

- أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ ۖ وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ ۖ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا ۚ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٥٩﴾ البقرة.

" یا وەک ئەوەی بەلای دێیەکی روخاو و چۆلدا تێپەڕی ، گوتی خودا چۆن ئەمە زیندو دەکاتەوە ، خوداش لەوێ ١٠٠ سال مراندی و پاشان زیندوی کردەوە و پێی فەرمو ، چەند خەوتی ؟ گوتی رۆژێک یا بەشێک لە رۆژێک ، خودا فەرموی ١٠٠ سال مردی ، فەرمو ئێستا تەماشای گوێدرێژەکەت بکە چۆن زیندوی دەکەینەوە ...."

کات لە خودا و لای مردو نییە، تەنها لای زیندوەکان هەیە ، چونکە کات پەیوەستە بە تەمەن ، خودا و مردو پەیوەست نین بە تەمەن بۆیە لای ئەوان کات نییە ، بەلام مرۆڤ کاتێکی دیاریکراوی هەیە ، بۆیە لای مرۆڤ کات هەیە.

وەک دەزانین مرۆڤ کە دەمرێ دەبێتە خاک و خۆل ، لە رۆژی قیامەت بێ باوەڕان لە تاو سەختیی رۆژگار دەلێن ئای خوایە خۆزگە هەر خۆل بوینانە :

- وَيَقُولُ الْكَافِرُ يَا لَيْتَنِي كُنتُ تُرَابًا ﴿٤٠﴾النبأ

" کافرەکان دەلێن خۆزگە هەر خۆل بواین "

دیارە کاتێک خۆل بون سزا نەدراون بۆیە حەزیان دەکرد هەر خۆل بونایە.

- قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۜ هَٰذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَٰنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ ﴿٥٢﴾يس.

" گوتیان هاوار لەخۆمان کێ ئێمەی زیندوکردەوە کاتێک لێی ڕاکشابوین ؟ ئەوە پەیمانی خودایە ...."

دیارە کە مردوان ڕاکشاون و لە نێوان مردن و زیندوبونەوە شتێک نییە بەناوی کات ، بۆیە هەروادەزانن دەمێکە خەوتون و کەسێک خەبەری کردونەتەوە.

بەڵگەیەکی تریش لەسەر نەبونی سزای ناوگۆر ئەوەیە کە خودای میهرەبان کەس سزا نادات تا دادگایی نەکات ، نەک خودا ، بەڵکو بە پێی یاساکانی مرۆڤیش کەسێک تاوانبار نییە و سزا نادرێ تا دادگایی نەکرێت و بە تەواوی ڕون نەبێتەوە کە تاوانبارە.

وابزانم ناشکرێ مرۆڤ لە خودا زیاتر بەزەیی هەبێ بەرامبەر دروستکراوەکانی.

هەندێک کەس ئەم ئایەتەی خوارەوە دەکەنە بەڵگە لەسەر سزای ناوگۆڕ:

- النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ ﴿٤٦﴾ غافر.

" پیشانی ئاگر دەرێن ، واتە ئەوان پیشانی دۆزەخ دەرێن بەیانی و ئێوارە ، وە کاتێک ڕۆژی قیامەت دێت فیرعەون و دەست و پێوەندەکانی بخەنە نێو سەختترین سزا "

پیشانی ئاگر دەردرێن یا ئاگریان پیشان دەدرێ ، زۆر ڕونە کە سزاکە لە ڕۆژی قیامەتە و دوای دادگایی کردنە .

(یعرض) واتە پیشان دەدرێ.

(معرض) واتە پیشانگا .

زۆر جار بەرگوێمان دەکەوێ کە گۆر هەڵدەکەنرێ و مار و زیندەوەری تێدایە ، یاخود گۆڕێک هەڵدراوەتەوە یا تێکچوە تێبینی کراوە کە مار و دوپشک و

زیندەوەری تری تێدابوە ، هەندێک لە بانگخواز و بازرگانانی ئاین ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ برەودان بە بیرۆکەی سزای ناوگۆڕ و ترساندنی خەڵک .

بەڵام ئەوەی ئەوان تەواو لێی بێ ئاگان زانست و سوڕی مادەکانە لە سروشت.

هەر زیندەوەرێک بمرێ ، مرۆڤ ، ئاژەڵ ، تەنانەت ڕوەکیش ئەوا پێویستە شی ببێتەوە و توخمەکانی بگەڕێنەوە ناو خاک ، چونکە هەمو کانزاکان و توخمەکانی سروشت سوڕی خۆیان هەیە ، هەر زیندەوەرێکیش بمرێ دەسبەجێ کۆمەڵێک زیندەوەر هەن کە کاریان شیکردنەوەی جەستەی مردوەکانە تاوەکو توخمەکان بگەڕێنەوە سروشت و سوڕەکە بەردەوام بێت ، دیارە کە مشک و مار و جرج هەموشتێک دەخۆن ، بەڵام ئەرکە گەورەکە بەکتریا دەیکات ، ملیارەها بەکتریا دەکەونە کارکردن لەسەر خواردن و شیکردنەوەی جەستەی مردو ، لەم نێوانەش هەر زیندەوەر و مێرویەک بەشی خۆی دەبات.

شیکردنەوەی جەستەی مردو یاسای سروشتە نەک عەزابی خودا ، چونکە مردو هەست بە ئازار ناکات هەروەک چۆن هەت بە کاتیش ناکات.

کارەساتی سەیر دەبینم لەسەر ئەفسانەی ئەم جۆرە سزایانە ، بۆ نمونە ڤیدیۆی شێرێکیان داناوە کە لە سەرەمەرگدایە ، دیارە نەخۆشە و ئازاری هەیە ، مۆسیقایەکی وایان لەگەڵ داناوە بەرد دەخاتە گریان ، کەسێکیش قسە دەکات و دەڵێت ، سەرنج بدەن ئەوا سزای گیان کێشانە ، ئەگەر شێرێک ئەوە سزاکەی بێ دەبێ ئێمە چیمان بەسەر بێ ؟! ئیتر خەڵکی دەتۆقن و دەست دەکەن بە لۆمەکردنی خۆیان و لەبیرکردنی کەموکوڕییەکانی ژیان.

کەسێک نەبو بپرسێ خودا چۆن ئاژەڵێک سزا دەدا کە ئەقڵی نییە و تەکلیفی لەسەر نییە ؟

خودایەک ئاژەڵ سزا بدا مرۆڤ چۆن بتوانێ خۆشی بوێ و لێی نزیک ببێتەوە ؟

ئاخر ئێمە خۆمان خودا ناشرین دەکەین و گلەییش لە خەڵک دەکەین .

علامات الساعة : نیشانەکانی ڕۆژی دوایی ، بە داخەوە زۆرێک لە بانگخوازان و نوسەران لەسەر ئەم بابەتەیان نوسیوە ، ئەگەرچی بەلگەی زۆر ڕون هەن لەسەر نەبونی هیچ نیشانەیەک لە قورئانی پیرۆزدا ، وەک:

- يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ ۚ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ۗ يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾ الاعراف.

" پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ڕۆژی دوایی ، بڵێ زانیاری تەنها لای خودایە و بە کەسی نادات ....."

- يَسْأَلُكَ النَّاسُ عَنِ السَّاعَةِ ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ ۚ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا ﴿٦٣﴾الاحزاب.

" خەلک پرسیاردەکەن دەربارەی ڕۆژی قیامەت،بڵێ ئەو زانیارییە لای خوایە"

لەم دو ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە دیارە کە هیچکەس کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەتت نازانێ جگەلە خودا.

- قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُوا يَا حَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾الانعام

" ئەوانەی باوەڕیان بە خودا نەهێنا دۆڕان ، کاتێک ڕۆژی قیامەتیش لە ناکاو بەڕیا دەبێ دەڵێن ......"

- أَفَأَمِنُوا أَن تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ اللَّهِ أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٠٧﴾ یوسف.

" ئایا ئەوان ناترسن کە سزایەک بێت ، یا کە ڕۆژی دوایی لەناکاو بەڕیا بێ ..."

- فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ۖ فَقَدْ جَاءَ أَشْرَاطُهَا ۚ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ ﴿١٨﴾ محمد

" ئایا ئەوان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە لەناکاو رۆژی قیامەت بێ ....."

لەم سێ ئایەتەی سەرەوە و لە چەند جێگەی تریش خوا دەفەرموێ **(لەناکاو دێت)** ، هەموشمان دەزانین ئەگەر کۆمەڵێک نیشانە هەبن و هەمویان بزانین کەواتە لەناکاو مانای نامێنێ .

جا خۆت ئازادی باوەڕ بە قورئان دەکەی یا بە قسەی ابن فلان و ابو فلان.

محمدی مهدی و دابەزینی حەزرەتی عیسا: ئەگەر بڕیار بێ یەکێک لە پەیامبەران دوبارە بێتەوە ، ئەوا دەبێ ئەم ئایەتەی خوارەوە ڕەت بکەینەوە :

- الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ۚ فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ۙ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣﴾ المائدة .

" ئەمڕۆ ئاینەکەی ئێوەم تەواو کرد و نازو نیعمەتی خۆمم بە تەواوی بۆنازڵ کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە ئاینتان........ "

ئەگەر بڕیارە ئاین تەواو بوبێت ، پێویست ناکا ئیتر پەیامبەران بگەڕێنەوە. ئەگەر بگەڕێنەوە واتە ئاینەکە تەواو نەبوە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەم ئایەتەی سەرەوەیە.

بەڵگەی دوەمیش ئەوەیە ، ئەگەر بڕیار بێ پەیامبەر محمد (دخ) دوا پەیامبەر بێت ئەوا نابێ پەیامبەری تر بێن ، چونکە هاتنی ئەوان مانای ئەوە دەدات کە دوا پەیامبەر نەیتوانیوە پەیامەکە بگەیەنێ ، جگەلەوەش ئەم ئایەتە خوارەوە چ مانایەکی دەبێ ئەگەر لە دوای کۆتا پەیامبەر پەیامبەرێکی تر بێت ؟

- مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ ۗ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾الاحزاب

" محمد باوکی کەستان نییە بەڵکو پەیامبەرە و دوای ئەو هیچ پەیامبەرێک نایێ"

بە پێی قورئان پەیامبەری تر نایەن ، چونکە ئەگەر بڕیار بێ پەیامبەری تر بێن دەبێ ئەم ئایەتە ڕەت بکەینەوە.

من ناتوانم ئایەتی خودا ڕەت بکەمەوە ، تۆش ئازادی ئەگەر ڕەتی دەکەیەوە.

یأجوج و مأجوج : نەتەوەیەکن لە قورئاندا ناویان هاتوە ، ناوەکەیان عەرەبی نیە ، پێدەچێ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوبن ، وردتر بڵێین ناوچەی تورکمانستان. [1]

هەندێک لەوانەی باوەڕیان بە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی هەیە ، هاتنی ئەم نەتەوەیە بە یەکێک لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی دادەنێن ، کە گوایە دێن و دنیا داگیر دەکەن و وێرانی دەکەن .

با بزانین لە قورئاندا چۆن باسکراون :

- حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ السَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣﴾ قَالُوا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ آتُونِي زُبَرَ الْحَدِيدِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ الصَّدَفَيْنِ قَالَ انفُخُوا ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَعَلَهُ نَارًا قَالَ آتُونِي أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾ فَمَا اسْطَاعُوا أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا اسْتَطَاعُوا لَهُ نَقْبًا ﴿٩٧﴾قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي ۖ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾ الكهف.

" هەتا کاتێک گەیشتە نێوان هەردو بەربەستەکە، کە لە نێوانیاندا قەومێک هەبو کە لە هیچ قسەیەک تێ نەدەگەیشتن. وتیان: ئەی (ذو القرنین) بەڕاستی یەئجوج و مەئجوج نەتەوەیەکی خراپ و گەندەڵن،ئایا دەتوانی بە بڕێک پارە بەربەستێک لە نێوان ئێمە و ئەواندا دروست بکەیت؟ ذو القرنین وتی: ئەوەی پەروەردگارم پێی بەخشیووم چاکترە بۆ من (لە پارە و سامان) ،ئێوە بەهێزی بازو یارمەتیم بدەن تا بەربەستێکی بەهێز لە نێوان ئێوە و

[1] تفسیر الجلالین.

ئەواندا دروست بکەم. پارچە ئاسنم بۆ بهێنن و (کەڵەکەی بکەن) هەتا ئەمبەرو ئەوبەری هەردوو کێوەکەی پڕ کرد، ئەوسا فەرمانیدا، تا فوو بکەن لەو ئاگرەی کە لە ژێریدا کرابۆوە، هەتا کاتێک هەموی کرد بە ئاگر، ئینجا (ذو القرنین) وتی: مسی تواوەم بۆ بهێنن تا بیکەم بەسەریدا . ئیتر (یەئجوج و مەئجوج) نە توانیان سەربکەون، نە توانیان کونی بکەن.

ذو القرنین وتی: دروستکردنی ئەم بەربەستە رەحمەتێک بو لەلایەن پەروەردگارم، کاتێک پەروەردگارم بڕیاری تێکدانی بدات، ورد و خاشی دەکات، بێگومان بەڵێنی پەروەردگارم ڕاستە "

دیارە کە (ذو القرنین)[1] بەربەستێکی بۆ نەتەوەیەکی لاواز دروست کردوە بۆ پاراستنیان لە نەتەوەیەکی بەهێز کە دراوسێێ خۆیان بون .

یەئجوج و مەئجوج ، لە رۆژگاری خۆیاندا بەهێز بون ، لانیکەم بەرامبەر نەتەوەیەکی لاوازی دراوسێی خۆیان ، بەڵام لەم رۆژگارەی ئێمە نەتەوە بەهێزەکان زۆرن ، زۆریشیان هەن کە گەندەڵ و خراپن ، هەمیشە لەنێوان نەتەوەکان کێشە و تەنگژە و داگیرکاری هەبوە هەر دەشبێ تا رۆژی قیامەت.

رەنگە هەندێک ئەو ئایەتەی خوارەوە بکەنە بەڵگە لەسەر هاتنەوەیان :

- حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾الانبیاء.

" هەتا ئەو کاتەی بەربەستەکەی (ذو القرنین) بۆ رێگەگرتن لە یەئجوج و مەئجوج دروستی کردبو دەکرێتەوە ئەو کاتە لە هەموو کون و کەلێنێکەوە بە لێشاو پەیدا دەبن "

ئەم چیرۆکەی قورئان رویداوە و کۆتایی پێ هاتوە و سەدان نەتەوەی لەوان بەهێزتریش هاتون و رۆیشتون .

[1] ذو القرنین ، سەرکردەیەکی بەهێز و خاوەن سوپایەکی گەورە بوە ، لە قورئاندا ناوی راستەقینەی دیار نییە ، هەندێک سەرچاوە دەڵێن (ئەسکەندەری مەکەدۆنییە) ، هەندێک دەڵێن (کۆرۆش)ی پاشای فارسە ، هەندێک دەڵێن (الصعب بن مرائد) ە کە پاشای (حمیر) بوە ، هەندێکیش دەڵێن (ئەخناتونی - امنحوتپی چوارەم)ە.

بەڵام بۆ نەپرسین کە نەتەوەیەکی وا بەهێز چۆن دەکرێ هەزاران ساڵ لە پەنای بەربەستێکی نێوان دو بەرزایی گیر بخۆن و نەتوانن دەربچن !

ئەی ئەگەر هێندە بەهێز و زۆرن و برِیارە هەمو دنیا داگیر بکەن بۆچی هەزاران ساڵە نەیانتوانیوە بەربەستێك بشکێنن یا بە دەوریدا بسورێنەوە ، یا بەسەر بەرزاییەکەدا سەربکەون ؟

ئەگەر هێندە بەهێزن بۆچی تانک و فرۆکە و موشەکیان نییە ؟

پاشان ئەمرۆ هیچ شاخ و بەرزاییەک نەماوە مرۆڤ دەستی پێ نەگات ، پێمان ناڵێن ئەو نەتەوە گەورە و بەهێز و لەبن نەهاتوە لە کێن؟

بۆچی تا ئێستا فرۆکەیەکی جەنگی ، فرۆکەی بێ فرۆکەوان ، مانگی دەسکرد ، سیخورەکان ، یا کەسێک ئەو نەتەوەی نەبینی؟

ئەی باشە ئەگەر ئەم بەربەستە هێندە بەرز و بەهێزە تا رۆژی قیامەت ناشکێ چۆن تا ئێستا کەس نەیبینیوە ؟

ئەمرۆ کەرەستە و پێداویستییەکانی سیخورِی هێندە بەهێزن تاوانبارێک لەم جیهانە گەورەیە ناتوانێ خۆی حەشاربدات و دەسگیر دەکرێ ، تۆ بڵێی دیوارێکی ئاسن و مس کە لە نێوان دو شاخ دروست کراوە هێندە بچوک بێ کەس نەیبینێ؟

دڵنیام من تەنها نیم کە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا وێڵم ، هیوادارم رۆژێک لە رِۆژان وەڵامی رون و لۆجیکی و زانستیمان دەست بکەوێ .

الدجال : بە پێی سەرچاوە مێژوییەکان و هەندێک فەرمودە ، کەسێکە چاوێکی کوێرە و چاوە ساغەکەشی سەوزە دەسەڵاتی خودای پێدراوە ، دەکوژێ و زیندودەکاتەوە، .... هتد وە هاتنی یەکێکە لە نیشانەکانی رۆژی قیامەت .

- لَقِيَ ابنُ عُمَرَ ابْنَ صَائِدٍ في بَعْضِ طُرُقِ المَدِينَةِ، فَقالَ له قَوْلًا أَغْضَبَهُ، فَانْتَفَخَ حتَّى مَلأَ السِّكَّةَ، فَدَخَلَ ابنُ عُمَرَ علَى حَفْصَةَ وَقَدْ بَلَغَهَا، فَقالَتْ له: رَحِمَكَ اللَّهُ ما أَرَدْتَ مِنَ ابْنِ صَائِدٍ، أَما عَلِمْتَ أنَّ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ، قالَ: إنَّما يَخْرُجُ مِن غَضْبَةٍ يَغْضَبُهَا؟

الراوي : حفصة أم المؤمنين

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" ابن عمر ، ابن صائدی بینی له مه‌دینه ، قسه‌یه‌کی کرد و توره‌ی کرد ، ابن صائد گه‌وره‌بو (وه‌ک پاڵه‌وانی فلیمی Hulk)[1] تا کۆڵانه‌که‌ی پڕکرد "

به پێی ئه‌م فه‌رموده‌یه پێ ده‌جال ئێستا ته‌مه‌نی له ۱۳۰۰ ساڵ زیاتره ، ناشزانین چه‌ند ساڵی تر ده‌ژی .

ناشزانم بۆچی نه‌یانکوشتوه کاتێک زانیویانه که ده‌جاله ، چونکه ئه‌م فه‌رموده‌یه‌ی خواره‌وه رونتر باسی ده‌کات :

- رَأَيْتُ جَابِرَ بنَ عبدِ اللهِ يَحْلِفُ باللَّهِ أنَّ ابْنَ صَائِدٍ الدَّجَّالُ، فَقُلتُ: أَتَحْلِفُ باللَّهِ؟ قالَ: إنِّي سَمِعْتُ عُمَرَ يَحْلِفُ علَى ذلكَ عِنْدَ النبيِّ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ فَلَمْ يُنْكِرْهُ النبيُّ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ.

الراوي : محمد بن المنكدر

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" جابری کوڕی عبدالله م بینی سوێندی خوارد که ابن صائد ده‌جاله ، گوتم سوێند ده‌خۆی ؟ گوتی گوێم لێبوه ئیمامی عومه‌ر سوێندی خواردوه له‌سه‌ر ئه‌و بابه‌ته له‌لای په‌یامبه‌ر و ئه‌ویش نکۆڵیی لێ نه‌کرد "

باشه گه‌ر هه‌موتان ده‌تانزانی وایه بۆچی نه‌تانکوشت و هه‌مو مسوڵمانانی دنیا نه‌جات بده‌ن له دۆزه‌خ ؟

---

[1] ره‌نگه بیرۆکه‌ی فلیمی Hulk له ئه‌فسانه‌ی ده‌جال وه‌رگیرابێ ، چونکه له داستانه کۆنه‌کان ده‌جال باسی کراوه ، هه‌روه‌ها له ئینجیلیش باسکراوه، له په‌یمانی نوێ له نامه‌کانی یوحنا ٥ جار ناوی هاتوه ، له نامه‌ی یه‌که‌م و دوه‌م.

ئایا ئیمامی عومەر و پەیامبەر و هەزاران مسولمانی چاکی ئەوکات بۆچی کەسێکیان نەکوشت کە دڵنیابون لەوەی ڕۆژێک دادێ سەدان ملیۆن مسوڵمان دەنێرێتە دۆزەخ؟

یان دەبێ ئەم قسانە ڕاست نەبن ، یا دەبێ پەیامبەر و هەمو مسوڵمانان حەزبکەن ئێمە و سەدان ملیۆنی تر بچینە دۆزەخ !

چونکە بە قسەی هەندێک زانا بێ ، ئەوانەی لە دەجال ڕزگاردەبن ژمارەیان لە چەند هەزارێک زیاتر نییە :

" وَأَخْرَجَ أَبُو نُعَيْمٍ فِي تَرْجَمَةِ حَسَّانَ بْنِ عَطِيَّةَ أَحَدِ ثِقَاتِ التَّابِعِينَ مِنَ الْحِلْيَةِ بِسَنَدٍ حَسَنٍ صَحِيحٍ إِلَيْهِ قَالَ لَا يَنْجُو مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ إِلَّا اثْنَا عَشَرَ أَلْفَ رَجُلٍ وَسَبْعَةُ آلَافِ امْرَأَةٍ "

" ابو نعيم لە حسان بن عطية وەریگرتوە کە یەکێک لە باوەڕپێکراوانی تابعینە ، بە (سند حسن) ، دەڵێ:

تەنها دوازدەهەزار پیاو و حەفت هەزار ژن لە دەجال ڕزگاریان دەبێ " [1]

تۆ بڵێی ئەو نۆزدە هەزار کەسە کێ بن ؟ گەر وابێ دەبێ ئەو ملیار و پێنجسەد ملیۆن مسوڵمانەی کە ئێستا هەن ، سەدان ملیۆنیش پێش ئێمە وەفاتیان کردوە ، تا ڕۆژی قیامەت ، ڕەنگە لانی کەم سێ ملیار مسولمان هەبن .

بەڕاستی نازانم چۆن باوەڕ بەخۆم بکەم ئەم قسە بێ بنەمایانە بە ئاین بە خەڵک فرۆشراون !

لەوەش کارەساتبارتر ئەوەیە بەشێکی زۆری خەڵک باوەڕیان پێیانە .

---

[1] فتح الباری لابن حجر العسقلانی.

چیرۆکی دەجال و یەئجوج و مەئجوج و زۆر چیرۆکی تریش لە کەلتوی گەلان و ئاینەکانی تریشدا هەن ، دەتوانی لە تەورات و ئینجیل و زۆر سەرچاوەی تریش هەمان ئەو چیرۆکانە ببینی لەگەڵ جیاوازیی کەم .

ئەم چیرۆکانە وەک داستان و ئەدەبیات لەناو میللەتان هەبون ، بەڵام دیارە بە مەبەست بەرگێکی ئاینی بەبەر ئەم چیرۆکانەدا کراوە بۆ برەودان بە سیاسەتی بەنجکردن و لە تاریکی هێشتنەوەی خەلک و خەریک کردنیان بە قیامەت و وازهێنان لە دونیا و رەخنەگرتن لە دیکتاتۆری و تاوانی سوڵتانەکان.

چونکە هەمومان دەزانین ئەگەر تەنها نۆزدە هەزار کەس بچێتە بەهەشت ، ململانێیەکە زۆر بەهێز دەبێ !

دیارە کە ئەقڵیەتی فیقهیش باوەڕ بە هەرشتێک دەکات کە بەرگێکی پیرۆزی بەبەرداکرابێ.

ئێستا حەزدەکەی بزانی دەجالی بەڕاستی کێیە ؟

هەمو ئەو قسانەی بەناوی پەیامبەرەوە کراون دەربارەی دەجال ناڕاستن ، تەنها یەک قسە نەبێ کە خۆی کردویەتی :

- غيرُ الدجالِ أخوَفُ على أُمَّتِي منَ الدَّجالِ ، الأئِمَّةُ المضِلُّونَ.

الراوي : أبو ذر الغفاري

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح الجامع

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" لە دەجال ترسناکتر بۆ سەر ئوممەتی من ، ئەو ئیمامانەن کە خەلک گومڕا دەکەن "

من باوەڕم بەو دەجالە هەیە ، ئێستاش بەداخەوە هەزاران دەجالی وامان هەیە .

الردة : الارتداد ، له فەرهەنگ واتە هەڵگەڕانەوە ، له قورئان واتە هەڵگەڕانەوە و پەشیمان بونەوە له ئاین ، واتە گۆڕینی ئاین .

له مێژوی ئیسلامدا (الردة - المرتد) زۆر بەرچاو دەكەون ، با بزانین هەڵگەڕانەوە چی بوە و هەڵگەڕاوەكان كێ بون.

كاتێك پەیامبەر (د.خ) وەفاتی كرد ، ئیمامی ابوبكر بو بە خەلیفە ، كۆمەڵێك لەوانەی باوەیان لاواز بو ، یا هەر دوڕو بون و خۆیان به مسولمان پێشان دەدا ، له ئاین هەڵگەڕانەوە ، هۆكارەكان زۆربون وەك:

١- هەندێك وایان دەزانی ئەگەر پەیامبەر بمرێ پەیامیش نامێنێ.

٢- هەندێك هەر خۆیان حەزیان له دنیا و ڕابواردن و خۆشی بو ، بۆیە وەفاتی پەیامبەر فرسەت بو.

٣- هەندێك وتیان چیتر زەكات نادەین ، حوكمی دەوڵەتیان ڕەتكردەوە ، بەڵكو له دژیشی جەنگیان ڕاگەیاند.

٤- خەڵكێك خۆیان وەك پەیامبەر ناساند وەك(موسەیلەمە بن حبیب) [1].

٥- هەندێك تیرە دانیان نەنا بە جێنشینی (ابوبكر الصدیق) ، پێی ڕازی نەبون.

وەك له هۆكارەكان دیارە ، هەڵگەڕانەوەكە سیاسی بوە نەك ئاینی ، هەڵگەڕانەوە و شەڕكردنیش دژی دەوڵەت بێگومان ڕێپێدراو نییە ، بۆیە له لایەن مسوڵمانان بە توندی وەڵام درانەوە و لەناوبران.

ئەگەر سەرنجی قورئان بدەین هیچ سزایەك له دونیا بۆ هەڵگەڕاوە نییە :

- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ .... ﴿٥٤﴾ المائدة

[1] مسيلمة بن ثمامة بن كثير بن حبيب الحنفي ، ناوبانگی (مسيلمة الكذاب) بو. بانگەشەی پەیامبەرایەتی كرد، له شەڕی یەمامە له ١٢ی كۆچی كوژرا.

" ئەی بڕوادارن هەرکەسێک لە ئاینەکەی هەڵبگەڕێتەوە ، خودا نەتەوەیەکی تر دێنێ کە خودا خۆشی دەوێن و ئەوانیش خودایان خۆش دەوێ ......"

سزای هەڵگەڕاوە لە ڕۆژی دوایيە نەک لە دونیا :

- وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَـٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۖ وَأُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٢١٧﴾ البقرة.

" هەرکەسێک هەڵبگەڕێتەوە ، پاشان تۆبە نەکات و بە کافری بمرێ ، ئەوا کاروباری لە دنیا و دوارۆژ خراپ دەبێت و دەبێتە ئەهلی دۆزەخ ....."

خودا سزای لەسەر ئاین گۆڕین دانەناوە لە دنیا ، خەڵک دایناوە بەڵێ ، چونکە بەرژەوەندیی ئەوان وای خواستوە سەردەمانێک .

خۆشت ئازادی باوەڕ بە خودا دەکەی یا فڵانە زانا و مامۆستا و شێخ.

*   *   *

بەشی سێیەم

کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتن
لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

" کۆمەڵگە زیدانێکە بۆ ئەقڵت ، ئەگەر ئەقڵی خۆت دایە دەستی ئەوا بێگومان بە لە لەدەستدانی " (فرێدریک نیچە)

کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دوای ئەوەی باسی کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتنمان کرد لە شێوەیەکی گشتی،بە پێویستی دەزانم بە شێوەیەکی ورد و تایبەت باسی کۆسپەکان بکەم لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ولاتانی ئیسلامی بە تایبەت، چونکە هەر کۆمەلگەیەک کۆسپ و تەگەرەی تایبەت بەخۆی هەیە و ئێمەش بە توندی گرێدراوین بە کەلتور و ئاین و مێژوی ناوچەکە.

کۆسپەکانی بەردەم بیرکردنەوە یا پێشکەوتن یا هەر بابەتێکی دیاریکراو بە گشتی زۆر جیان لە کۆسپە تایبەتەکانی هەر میللەتێکی دیاریکراو.

ئەگەر باسی کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتن بکەین بە شیوەیەکی تایبەت لە کۆمەلگاکانی رۆژهەلات دەبینین کۆمەلێک کۆسپ و تەگەرەی جیاوازن، زۆریش ئالۆزن .

بە تێروانینی من سەرچاوەی هەمو تەگەرەکان بریتیە لە نەزانین – الجهل.

جۆرەکانی نەزانی

١- نەزانیی سادە (الجهل البسیط)، ئەوەیە کە شتیك نەزانین و دان بەوە دابنێین کە نازانین.

٢- نەزانیی ئالۆز(الجهل المرکب) ، ئەوەیە کە شتێک نەزانین و خۆمان بە زانا پیشان بدەین.

بەلام بە بۆچونی من جۆری سێهەمیشی هەیە کە بریتیە لە نەزانیەکی پیرۆز.

٣- نەزانیی پیرۆز (الجهل المقدس)، ئەو جۆرە نەزانیەیە کە سەرچاوەیەکی باوەڕیی هەیە وەک ئاین ، ئەوانەی هەموشت بە ئاین دەبەستنەوە هیچ کاتێک ئامادەنین دەسبەرداری بۆچونەکانی خۆیان بن و هەمیشە هەموکەس هەلەیە تەنها ئەوان ڕاستن، ئەم جۆرەیان زۆر ترسناکە و چارەسەریی زۆر سەختە چونکە نەزانییەکی پیرۆزە و دەسبەرداربون لە پیرۆزییەکانیش واتە دەرچون لە ئاین بە لێکدانەوەی ئەوان .

نەزانین سەرەتا و کۆتا گەورەترین کۆسپی بەردەمی پێشکەوتنە ،بێگومان هۆکاری تریش هەن وەک گەندەڵی و کەلتوری کۆمەلگا و جوگرافیا و ...هتد.

بەڵام ئەوەی سەرنجم دا هەر هەمو هۆکارەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچنەوە سەر تێگەیشتنمان لە ئاین.

ڕەنگە بڵێی ئاین چ پەیوەندیی بە پێشکەوتن یا شێوازی بیرکردنەوە هەیە، بەڵام دەبێ بزانین میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی بیرکردنەوەیەکی فیقهییان هەیە وهەمو بابەتەکان گرێدەدەن بە ئاینەوە،وە بە داخەوە کەلە ئاینیش چاک تێنەگەیشتون بۆیە بە ناچاری لە زۆربەی بابەتەکان دەبێ باسی ئاین بکەین.

ڕەنگە ئاین بەلای زۆرێک لە خەڵک تەنها بابەتێکی سەربەخۆ یا لاوەکی بێ، یا هەر بریتی بێ لە هەندێک بیروباوەڕ و پەرستش، بەڵام لە راستیدا ئاین تێکەڵێکی زۆر ئاڵۆزە لە مێژو ، کەلتور، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، دەرونناسی ...

بۆیە هەرکاتێک بمانەوێ لە یەکێک لەم بابەتانە بکۆڵینەوە ناچار دەبین باسی ئاین بکەین ، وە هەرکاتێکیش بمانەوێ باسی ئاین بکەین دەبێ شارەزاییمان لەم بابەتانەی سەرەوە هەبێ.

ئاین خودی خۆی هەستێکی جوان و پیرۆزە، هەر هەمو ئاینەکانی سەر ڕوی زەمینیش بە بێ جیاوازی جوان و پیرۆزن وە باوەڕناکەم هیچ ئاینێک هەبێ فرمان بە خەلکی بکات کە خراپە بکەن یا خەلک ئازار بدەن.

ئەی مادام وایە بۆچی زۆرینەی کێشەکانی جیهان بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان بە ئاینەوە هەیە؟

یاخود لەبەرچی ڕۆژهەلاتی ناوەراست کە شوێنی دابەزینی هەمو ئاینە ئاسمانیەکانە بە درێژایی مێژو ناوچەیەکی پڕ کێشە وکارەسات و نەهامەتی بوە؟

ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، ئە گەر هەڵە نەبم هەمو خەلکی وەڵامی ئەو پرسیارەی لەلایە بەڵام چ وەڵامێک؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە خەلکی بە گشتی بەسەر ٢ گروپ دابەش دەبن :

ديندارەكان دەڵێن " ئێمە لە ئاین دورین بۆیە خۆشحاڵ نین "

بێ دینەكانیش دەڵێن " ئاین سەرچاوەی هەمو كێشەكانە "

لە ڕاستیدا هەردولا ڕاستن ،بەلام مەسەلەكە زۆر لەوە ئاڵۆزترە كە وا بە سانایی وەلام بدرێتەوە، ئەم دو وەڵامە لە جۆری بیركردنەوەی یەكەمن، كە سادە و ئاسان بە وەلامێكی لاواز و نالۆجیكی خۆیان لە پرسیارەكە ڕزگار دەكەن.

دیندارەكان راستن كە دەلێن " خەلكی لەئاین دورن بۆیە كێشەمان زۆرە و پێش ناكەوین " .

بەڵێ راستە ، ئێمە زۆرلە ئاین دورین چونكە ئاین بەو شێوەیە نییە كە زۆربەمان لێی تێگەیشتوین.

بێ دینەكانیش راستن كە دەڵێن " ئاین سەرچاوەی هەمو كێشەكانە " .

بەڵێ، ئەو جۆرە ئاینەی زۆرێک خەلكی پەیرەوی دەكەن سەرچاوەی زۆربەی كێشەكانە و تەگەرەی بەردەم پێشكەوتنی شارستانیەتە.

زانا و بیرمەندانیش دەربارەی ئاین ڕای زۆر جیاواز و دژیەكیان هەیە ،

كارل ماركس دەڵێ : **" ئاین تلیاكی گەلانە"**[1]

فرێدریک نیچە دەڵێ : **" ئاین شۆرشی ژێردەستەكانە "**[2]

عەلی وەردی دەڵێ:

" ئاین هەم تلیاكە و هەم شۆڕش ، لای خواپێداوان و دونیاپەرستان تلیاكە ، لای پەیامبەرانیش شۆرش. هەمو ئاینێكیش شۆڕشێكە لەسەر دەستی پەیامبەرێک بەرپا دەكرێ بەلام دوایی دونیاپەرستەكان دەستی بەسەردادەگرن و دەیكەن بە تلیاک ، ئەوسا پەیامبەرێكی تر دێت و هەمان كار دوبارەدەكاتەوە.

[1] مهزلة العقل البشری . د. علی الوردی
[2] سەرچاوەی پێشو

پەیامبەرانیش ڕێگای جیاوازیان گرتۆتەبەر لە بەرپاکردنی شۆڕشەکانیان، هەیانە ڕێگەی بەرەنگاربونەوەی گرتۆتەبەر وەک حەزرەتی موسا، هەشیانە ڕێگەی ئاشتیانە و ئامۆژگاریی گرتۆتەبەر وەک حەزرەتی عیسا، وە هەیانە هەردو شێوازی تێکەڵ کردوە وەک موحەممەد(سەلامی خوا لە هەمویان)، ئامرازەکانیان جیاوازن بەڵام هەمان ئامانجیان هەبو، کە بریتی بو لە دژایەتیکردن و لەناوبردنی بەرژەوەند پەرستان و ستەمکاران ، وە بانگکردنی خەلکی بۆ بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری.

دونیاپەرستەکان هەوڵدەدەن کۆمەڵگە بەرەو دواوە ببەن و پەیامبەرانیش دەیانەوێ بەرەوپێشی ببەن. بەهۆی ئەم تەنگژەو بێک هەڵپژانەش شارستانیەت دروست دەبێ و کۆمەلگە بەرەوپێش دەچێ".[1]

بە بۆچونی منیش :

" ئاین تلیاکە ئەگەر بە هەست و سۆز مامەڵەی لەگەڵ بکەین ، وە شۆڕشێکی پیرۆز و پەیامێکی جوانە ئەگەر بە عەقل و لۆجیک مامەڵەی لەگەڵ بکەین".

بۆچی گرفتەکان پەیوەستن بە ئاین ؟

ڕەنگە بە وردی سەرنجمان نەدابێ ، بەڵام ئەگەر تۆزێک وردبینەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان زۆربەی کێشەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستن بە ئاین.

خۆی لە ڕاستیدا وا نییە ، بەڵام شێوازی بیرکردنەوەی تاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی چەند قاڵب و سنورێکی هەیە کە دەرچون لێیان کوفر و لەرێگا لادانە ، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێ کە تاکی ڕۆژهەڵاتی بیرکردنەوەی فیقهییە نەک لۆجیکی . ئەم دیاردەیە ڕیشەی مێژویی هەیە و بە ئاسانی بنەبڕ ناکرێ ، سوڵتانەکان هەر لە سەردەمی ئەمویەکانەوە هەوڵیان داوە هەموشت بە ئاین ببەستنەوە ، لای ئەوانیش تەنیا ئەو کەسانە زانا بون کە زانای ئاینی بون . بەم

---

[1] علي وردي. مهزلة العقل البشري

شێوەیە کۆمەڵگە لە لایەن کۆمەڵێک واعیز ئاراستەدەکران و واعیزەکانیش لەلایەن سوڵتانەکانەوە فەرمانیان پێ دەگەیشت .

وەنەبێ زانستی تر لەو سەردەمە نەبوبن ، زانستەکانی فەلسەفە و لۆجیک زۆر لەکۆنەوە هەبون و زۆر زانای مسوڵمانیش کاریان لەسەر کردون ، بەڵام ئەم زانستانە بە کوفر و زەندەقە ناوزەد کران و زاناکانیش بە زەندیق و بێدین ، تا وای لێهات خەڵکی رقیان لە هەمو زانستێک بو بە تایبەت فەلسەفە و لۆجیک.

وەک ئاشکرایە ، فەلسەفە و لۆجیک بنەمای تێگەیشتنن لە زانست ، بەڵام هێشتنەوەی خەلک لە تاریکی و نەزانی وای پێویست کردوە کە ئەم دو زانستە برەویان پێ نەدرێ ، بەمەش پلانی سوڵتانەکان تا ماوەیەکی زۆر چوەسەر، کە سەرەنجام روخان و وێرانبونی هەمو جیهانی ئیسلامی لێکەوتەوە ، لە کاتێکدا جیهانی ئیسلامی سەنتەری گرنگی زانست بوە رۆژانێک.

ئەگەر سەرنجی وتار و شێوازی کارکردنی زانا مسوڵمانە کۆنەکان بدەین دەبینین زۆرێکیان کێشەیەکی گەورەیان هەیە ، زۆرێک لە زانا کۆنەکان و تەنانەت ئەوانەی ئەمرۆش قسەو گوفتارەکانیان لۆجیکی نین ، چونکە چوارچێوەیەکی فیقهی دیاریکراویان هەیە و ناتوانن لێی دەربچن .

ئەگەر سەرنج بدەین لۆجیک [1] چەند یاسایەکی هەیە وەک :

١- یاسای ناسنامە - قانون الذاتیة (الهویة) - The law of Identity

بە پێی ئەم یاسایە ، شتەکان ناسنامەیان هەیە ، واتە شتەکان خۆیانن و ناکرێ شتێکی تر بن ، هەر گۆڕانکاریەکیشیان بەسەردابێت ناسنامەی خۆیان ون ناکەن . مرۆڤ هەر مرۆڤە ، هەر گۆڕانکاریەی بەسەردابێ ناسنامەی خۆی ون ناکات و هەر بە مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

بۆ نمونە ئەگەر باران بێ دەڵێین " باران دەبارێ " .

٢- یاسای نەبونی دژیەکی- قانون عدم التناقض

---

[1] ئەرەستۆ (مامۆستای یەکەم) بە دانەری زانستی لۆجیک (المنطق - Logic) دادەنرێ.

The law of non Contradiction

واتە شتەکان ناکرێ خۆیان بن و شتێکی تریش بن ، وە ناکرێ شتێک هەبێت و لە هەمان کاتیشدا نەبێ ،

بۆ نمونە ئەگەر بڵێین " باران دەبارێ " ، ناکرێ لە هەمان کاتدا ڕاست بێ و هەڵەش بێ ، دەبێ یا ڕاست بێ یا هەڵە .

دەکرێ لە شوێنێکی تر یا کاتێکی تر باران نەبێ ، بەڵام لە هەمان کات و شوێندا تەنها یەک بژاردە هەیە.

٣- یاسای نەبونی نێوەند - قانون الوسط الممتنع (الثالث المرفوع)

The law of Excluded middle

ئەمەیان وێنەیەکی ترە لە یاسای دوەم ، واتە شتەکان یان خۆیانن یا پێچەوانەکەی ، ناکرێ لەم نێوانەدابن ، واتە یا باران دەبارێ ، یا نابارێ ، ناکرێ لە نێوان هەردوکیان بارێکی تر هەبێ. واتە " باران دەبارێ " یا ڕاستە یا هەڵە ، لە نێوانیشیان بارێکی تر نییە.

ئەگەر سەرنجی تێگەیشتنی هەندێک لە زاناو فەقیهان بدەین دەبینی بە پێی بنەماناکی لۆجیک زۆرێک لە کردەوە و گوفتارەکانیان مایەی قەبوڵکردن نین .

با چەند نمونەیەک وەربگرین :

- وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ ق

" ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندا هەیە بە ٦ ڕۆژ دروستمان کردوە "

بەڵام فەرمودە شتێکی تر دەڵێ :

- أَخَذَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ بيَدِي فَقالَ: خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ التُّرْبَةَ يَومَ السَّبْتِ، وَخَلَقَ فِيهَا الجِبَالَ يَومَ الأحَدِ، وَخَلَقَ الشَّجَرَ يَومَ الاثْنَيْنِ، وَخَلَقَ المَكْرُوهَ يَومَ الثُّلَاثَاءِ، وَخَلَقَ النُّورَ يَومَ الأرْبِعَاءِ، وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَومَ الخَمِيسِ، وَخَلَقَ آدَمَ عليه السَّلَامُ بَعْدَ العَصْرِ مِن يَومِ الجُمُعَةِ، في آخِرِ الخَلْقِ، في آخِرِ سَاعَةٍ مِن سَاعَاتِ الجُمُعَةِ، فِيما بيْنَ العَصْرِ إلى اللَّيْلِ.

الراوي : أبو هريرة

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" خودای گەورە خاکی لە ڕۆژی شەمو دروستکرد ، چیاکان لە یەکشەم ، دارەکان دوشەم ، مەکروهەکان لە سێشەم ، روناکی لە چوارشەم ، ئاژەڵەکان لە پێنجشەم و ئادەمیش لە دوای عەسر لە ڕۆژی هەینی دروسکراوە."

خودا دەفەرموێ ٦ ڕۆژ و ئیمامی موسلیم دەڵێ ٧ ، دەبێ یەکێکیان ڕاست بن .

- خوا لە قورئاندا دەفەرموێ ئێمە مرۆڤمان بە باشترین شێوە دروست کردوە ، کەچی مرۆڤ هەڵدەستێ بە لێکردنەوەی بەشێك لە ئەندامێکی زۆر هەستیار و پێویست لە جەستەی مرۆڤ ، وەک ئەوەی خودای گەورە مرۆڤی بە ناتەواوی دروست کردبێ . [1]

- يَجِيءُ يَومَ القِيامَةِ ناسٌ مِنَ المُسْلِمِينَ بذُنُوبٍ أمْثالِ الجِبالِ، فَيَغْفِرُها اللَّهُ لهمْ ويَضَعُها علَى اليَهُودِ والنَّصارَى فِيما أحْسِبُ أنا. قالَ أبو رَوْحٍ: لا أدْرِي مِمَّنِ الشَّكُّ.

الراوي : أبو موسى الأشعري

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

---

[1] **لە باسی خەتەنە بە درێژی باسی ئەم بابەتە کراوە.**

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" له رۆژی قیامەت مسوڵمان هەن گوناهەکانیان بەقەد شاخەکانن ، خوا لێیان خۆش دەبێت و گوناهەکانیان دەخاتە سەر یەهودی و مەسیحیەکان "

ئایا خودا گوناهی کەس دەخاتە سەر کەسی تر ؟ ئەی خودا خۆی نافەرموێ (کەس گوناهی کەس هەڵناگرێ) ؟

باشە چۆن یەهودی و مەسیحی رقیان لە ئیسلام نابێ کاتێ قسەی وا دەبینن یا دەبیستن؟ ئایا بڕیارە بەم قسانە خەڵکی بێنە نەو ئیسلام ؟

لە بابەتی نالۆجیکی تەنها دو نمونەم هێنایەوە ، بابەتی لەم جۆرە زۆرن کە بەداخەوە تەواو پێچەوانەی لۆجیکن ، ناکرێ خودا و پەیامبەرەکەی قسەی دژیەک بکەن ، چونکە دەبێ تەنها یەکێکیان ڕاست بن .

من وای بۆ دەچم خودا و پەیامبەر هەردوکیان ڕاست بن ، بەڵام مێژو زۆر شتی گۆڕیوە ، زۆری کەم و زیاد کردوە و زۆریشی شێواندوە. بۆیە پێویستە بە چاو و بیرێکی وردتر لە بابەتەکان بڕوانین.

ئەگەرچی زۆرێک لە مامۆستا ئاینیە بەرێزەکان زانستی لۆجیکیان خوێندوە ، بەڵام نازانم بۆچی بەکاری ناهێنن بۆ تێگەیشتن و وردبونەوە لە دەقەکان ؟

ئەسڵ وایە گومان لە هەموشتێک بکەین ، چونکە گومان نیوەی حەقیقەتە ، ئەگەر گومان نەکەین هەڵەکان زۆر بە ئاسانی بەسەرماندا تێپەڕدەبن و دەکەوینە داوێک کە پاشان بۆ دەرچون لێی دەبێ پەنابەینەبەر پینە و پەڕۆ ، ئاینیش بە پینە و پەڕۆ سەرناگرێ.زۆرکەس هەن بە درێژایی مێژو هەوڵی شێواندنی ئاینیان داوە و سەرکەوتوش بون تا ڕادەیەکی زۆر ، ئەگەر ئێمە ورد نەبینەوە و گومان نەکەین هەرگیز ڕاستیمان دەست ناکەوێ .

(ابن أبي العوجاء)[1] ، کەسێکە لەلای (الامام الذهبی)بە زەندیق ناوزەدکراوە و پاشان لە لایەن (محمد بن سليمان العباسي- ئەمیری بەسرە) لە سێدارەدراوە ، بەڵام بەرلەوەی لە سێدارەی بدەن گوتی :

" چوارهەزار فەرمودەم داناوە بە ناوی پەیامبەرەوە کە هیچیان ڕاست نین "

بەڵام ئەوەی سەیرە ئەمیری بەسرە لەسەر ئەم کارە چاکەی سزا دەدرێت و لە کارەکەی دوردەخرێتەوە لەلایەن خەلیفەوە ، دیارە ئەم جۆرە پیاوە پێویست بوە لەو سەردەمە و لە سێدارەدانی کارێکی باش نەبوە بە پێی پێوەرەکانی خەلیفە .[2]

تۆ بڵێی هەمو ئەم فەرمودە دانراوانەی ابی العوجاء و دەیان و سەدانی تریش لەناوبرابن ؟ ئەوەی لە مێژو باس دەکرێ ئیمامی بوخاری لە ٦٠٠ هەزار فەرمودە تەنها ٧ هەزاری لە کتێبەکەیدا تۆمارکردوە.

- وَعَن البُخَارِيّ قَالَ صَنّفتُ الْجَامِعَ من سِتّمائَةِ ألفِ حَدِيث فِي سِتّ عشرَة سنة .[3]

(زۆر کەمتریش لەو ژمارەیە چونکە دوبارەشی تێدایە ، بە بێ دوبارە لە ٣ هەزار فەرمودەش کەمترە)

تێبینی بکە ، ئەگەر لە ٦٠٠ هەزار تەنها ٣ هەزاری دروست بێ ، دەبێ چەند هەزار کەس بە مەبەست یا بە نەزانی درۆی بە زمانی پەیامبەرەوە کردبێ ؟

هەوڵ دەدەم زۆر بێلایەنانە هۆکارەکانی دواکەوتویی یا هەڵە بیرکردنەوە باس بکەم دور لە هەمو لایەنگیری و بڕیارێکی پێشوەختە،دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر هەولێک بۆ گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوە بریتیە لە شۆڕشێکی هزری بەڵام ئەگەر پێش ئەم شۆڕشە هزریە شۆرشێك بەرپانەکەین بۆ گۆڕینی تێگەیشتنمان لە ئاین ئەوا شۆڕشی هزری هیچ سودێکی نیە.

ئاین چییە ؟

---

[1] عبد الكريم بن أبي العوجاء خال معن بن زائدة . ميزان الاعتدال . الامام الذهبي

[2] الكامل في التاريخ . ابن الاثير.

[3] فتح الباری . ابن حجر

ئاین پێناسەی یەکجار زۆری بۆ کراوە، بەڵام کرۆکی هەمویان ئەوەیە کە بریتیە لە پەیوەندیەکی پیرۆز لە نێوان خودا و مرۆڤ، کە تیایدا مرۆڤ پابەند دەبێ بە چەند رێنماییەکی دیاریکراو و ئەنجامدانی چەند پەرستشێکی دیاریکراو بۆ نزیک بونەوە لە خودا و بە دەست هێنانی رەزامەندیی ئەو زاتە پیرۆزە .

جۆرەکانی ئاین

١- ئاینی زەمینی یا دانراو (غنوصی)

ئەو ئاینانەن کە لە داهێنانی مرۆڤن، ڕەنگە سەرەتا وەک ئاین پێناسە نەکرابن بەڵام پاشان بەرگی پیرۆزییان بەبەرداکراوە و کراون بە ئاین، وەک ئاینی کۆنفۆشیوسی ، زەردەشتی ، شینتۆ ...هتد.

٢- ئاینی ئاسمانی (رسالی)

ئەو ئاینەیە کە لەلای خودا دابەزیوە بۆ سەر نێردراوەکان و پەیامبەرەکانی خودا.

ڕەنگە هەندێک خەلک تەنانەت بەشێک لە زاناکانیش وا دابنێن کە خودا چەند ئاینێکی جیاوازی دابەزاندوە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها یەک ئاین هەیە کە لەلای خودا دابەزیبێت ، ئەویش ئیسلامە.

ئەی باشە ئاینیەکانی تر بخەینە کام قالب و لای کێ هاتون؟

کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکا ، ئێمەی مسوڵمان بەهۆی نەشارەزاییمان لە ئاین وادەزانین ئیسلام تەنها تایبەتە بە کۆتا پەیامبەر و تەنها ئێمە باوەڕدارین، بەڵام خودا لە زۆر جێگا لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات کە ئیسلام زۆر دەمێکە هەیە و هەمو پەیامبەران هەمان پەیامیان هێناوە، بەڵام جیاوازیی پەیامەکانیان لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ لە قۆناغەکانی جیاجیاکانی پێشکەوتنی شارستانیەت پێویستیان بە ڕێنمایی جیاجیا هەبوە.

" إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ" . ال عمران ﴿١٩﴾

" ئاین لای خودا بریتیە لە ئیسلام"

- أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَـٰهَكَ وَإِلَـٰهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَـٰهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴿١٣٣﴾ البقرة.

لێرەدا خودای گەورە باسی سەردەمی پەیامبەر یەعقوب دەکات و بە مسولمان ناویان دەبات.

خوای گەورە بە گوێرەی پێشکەوتنی ئەقڵ و شارستانیەتیی مرۆڤەکان وردە وردە ئاینەکەشی بەرەو پێش بردوە و هەرجارەو پەیامەکەی تۆزێک فراوان کردوە .

واتە ناتوانین پەیامی هەر پەیامبەرێک بهێنین و بمانەوێ ئێستا لە سەدەی ٢١ جێبەجێی بکەین، چونکە هەر پەیامێک تایبەت بوە بە سەرەدم و ناوچەیەکی دیاریکراو، تا مرۆڤ گەیشتە ئەو قۆناغەی پێشکەوتن لە ئەقل و تێفکرین کە بتوانێ تەواوی ئاینەکە وەربگرێ و جێ بەجێی بکا، واتە ئیسلام ئاینێکە دەست پێدەکا بە یەکەم پەیامبەر و لەگەڵ دوا پەیامبەر تەواو دەبێت و دەبێتە ئاینێکی جیهانی و ٣ خەسلەتی سەرەکیی تێدا دروست دەبێ کە بریتین لە:

١- ئاینێکی جیهانی(عالمی)

ئیسلام بە هاتنی دوا پەیامبەر بو بە ئاینێکی جیهانی :

- تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾ الفرقان.

" بەرزی و پیرۆزی بۆ ئەو زاتەی کە قورئانی دابەزاندوە تا ببێتە هۆشیارکەرەوە و بێدارکەرەوەی هەمو جیهان "

٢- ئاینێکی تەواو (خاتمی)

ئاینی ئیسلام تەواو بو بە هاتنی کۆتا پەیامبەر وەک خودا دەفەرموێ:

" الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ﴿٣﴾ المائدة .

" ئەمڕۆ ئاینەکەتانم بۆ تەواو کرد و نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە ئاینتان"

لێرەدا ئاماژەیەکی تر هەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام هەر لە سەرەتاوە تاکە ئاین بوە و بە یەک جاریش دانەبەزیوە کاتێ خوا دەفەرموێ ، ئەمڕۆ ئاینەکەتان تەواو بو، واتە لە قۆناغەکانی پێشتر تایبەت بو بە سەردەم و میللەتی پێشوتر و تەواو نەبو، بەڵام ئێستا تەواوکرا.

٣- ئاینێکی میهرەبان(رحمة)

ئاینی ئیسلام ئاینی میهرەبانی و بەزەییە، وە بۆ هەمو مرۆڤایەتی نەوەک تەنها بۆ ناوچەیەک یا نەتەوەیەک یا سەردەمێکی دیارکراو، وەک خوای گەورە دەفەرموێ:

"وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ" ﴿١٠٧﴾ الانبياء.

" (ئەی محمد ﷺ) ئێمە تۆمان ڕەوانە کردووە بۆ ئەوەی ببێتە مایەی بەزەیی و میهرەبانی بۆ هەموو جیهان"

پێویستیی ئاین

ڕەنگە زۆر جار ببیستین لێرە و لەوێ کە ئاین سودی چیە؟ ڕەنگە لای زۆر کەس ئاین شتێکی پێویست نەبێ، ئەوان بەلگەیان ئەوەیە کە زۆر خەلک یا کۆمەلگە هەن بە شێوەیەکی گشتی ئاینێکی دیاریکراویان نیە کەچی ژیانیشیان بەرێکوپێکی بەرێوەدەچێ و کەمتر کێشەیان هەیە وەک لەوانەی کە سەر بە ئاینێکی دیاریکراون.

ڕاستیەک هەیە پێوسیتە بیزانین ، ئەویش ئەوەیە کە بنەما بەهادار و پیرۆزەکانی نێو کۆمەلگە هەمان ئەو بنەمایانەن کە لە ئایندا هەن، واتە مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی پێویستیی بەم بنەمایانە هەیە و هەر بە سروشتی خۆی بونەوەرێکە بەشێک لە پەیامەکانی خودا لە بونی هەیە، بۆ نمونە بە بێ ئاینیش خەلکی دایک و باوکی خۆش دەوێت ، هەمومان حەزدەکەین خەلك خۆشی بوێن و خەلکمان خۆش بوێ، هەمومان ئازارمان پێ ناخۆشە ، هەمومان کوشتن و

وێرانکاریمان پێ ناخۆشە، بەڵام ئاین لەوە زیاتری تێدایە، ئاین هەندێ سنورمان بۆ دەکێشێ کە ڕەنگە ئەقلی هەمومان پەی پێ نەبات، یا هەموکەس لە ئاستی ئەم تێگەیشتنە نەبێ.

دەتوانین گرنگیەکانی ئاین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە

١- ئاین ئاسودەیی دەرون بە تاکەکان دەبەخشێ.

وەک دەزانین ژیانی مرۆڤ زۆر کورتە، کەسیش نازانێ کەی دەمرێ، ئەوەش وا لە مرۆڤ دەکا هیچ دڵنیاییەکی نەبێ و زۆر جار هەست بە ترس و دڵەراوکێ بکا، یا هەست بەوە بکا کە ژیان شتێکی پرو پوچ و بێ مانایە و سەرەنجام ژیانی خۆی بە فیڕۆ دەدات و ڕەنگە خۆی و کەسانی تریش توشی زیان بکا.

لەحالەتێک ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە ژیانی دوای مردن نەبو ئەوا ژیان مانایەکی نامێنێ چونکە خۆشیەکانی ژیان سنوریان هەیە ،کاتێکیش مرۆڤ هەمو خۆشیەکان تاقی دەکاتەوە و شتێک نامێنێ کە هەوڵی بۆ بدا و بە دوایدا وێڵ بێ ،بێگومان هەست بە بێزاری و بەتاڵی و پوچیی ژیان دەکات، بۆیە دەبینین زۆربەی ئەوانەی کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن ئەوانەن کە ئاینێکی دیاریکراویان نییە و ئەوانەی دیندارن کەمتر لە ژیان بێزارن و بە ڕێژەیەکی کەمتریش بڕواداران کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن.

کاتێک مرۆڤ بڕوای بە ژیانی دوای مردن هەیە ،شتێکی هەیە بۆی تێبکۆشێ، واتە لای مرۆڤی بڕوادار مردن کۆتایی ڕێگاکە نییە، چونکە بەراستی ئەگەر مردن کۆتایی ڕێگاکە بێ ژیان هیچ مانایەکی نابێ،بەڵام کاتێک ژیانی دونیا تەنها وەک قۆناغێک یا وێستگەیەکی کاتی وەربگرین ئەوا هەست دەکەین کە هێزێکی پیرۆزی وەک ئاین پشتیوانی لە بونمان دەکات و هەست بە بەهێزی دەکەین وەکاتێک پەیامەکانی ئاین پەیڕەو دەکەین جیهان دەبێتە شوێنێکی خۆشتر بۆ ژیان و هەست بە ئاسودەیی زیاتر دەکەین .

٢- ئاین مەینەتیەکانی مرۆڤ سوک دەکات

مرۆڤ تەنها بە زانست و لۆجیک ناژی بەلکو لایەنی رۆحیشی هەیە ، مرۆڤ بونەوەرێکی خاوەن هەست و سۆزە، زۆر جاریش توشی کێشە دەبێ و لایەنی رۆحیی دادەروخێ و هەست بە لاوازی دەکا، بەڵام کاتێ هەست دەکا هێزێکی نادیار و گەورە هەیە و چاودێری دەکا ئیتر خەم و مەینەتیەکانی سوک دەبن و لایەنی دەرونیشی دەبوژێتەوە و هەست دەکا کە هێزێکی نادیار هەیە یارمەتیی دەدات و پاڵپشتی دەکات.

بروادارى راستەقینە مەینەتیەکانی سوکترن چونکە نەک مەینەتی بەلکو ژیان هەر خۆی شتێکی کاتییە و چەند ساتێکە، مرۆڤ ئەگەر میوان بو لە شوێنێک هەرچەندە نیگەرانیش بێ یا نارەحەتیی بێتەرێگا هێندە نیگەران نابێ چونکە دەزانێ میوانداری ساتێکی کورتە و تەواو دەبێ ،ئەوەندە ناهێنێ مرۆڤ بۆ خۆی نیگەران بکا .

٣- ئاین بەها جوانەکان دەوڵەمەند دەکات

راستە مرۆڤ لە سروشتی خۆی بەها جوانەکانی تێدا هەیە وەک خۆشەویستی و رێزگرتن و یارمەتیدانی خەلک ....هتد، بەڵام ئاین لەوە زیاترمان فێردەکات ، بۆ نمونە هەموکەس بەخشندە نیە، هەموکەس کۆمەڵایەتی نیە، بەڵام ئاین فێرمان دەکات کە دەبێ بەخشندە بین، فێرمان دەکات کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەرز رابگرین، بەمەش بەها جوانەکان زیاتر دەردەکەون.

ئاین لە بنەرەتدا بۆ ئەوە هاتوە برەو بە بەها جوانەکان بدات و لە گوفتارەوە بیانکات بە کردار ، هەر لەبەر ئەمەشە کە پەیامبەر(ﷺ) فەرمویەتی :

"انما بعثت لاتمم مكارم الاخلاق" .

المحدث : الزرقاني

المصدر : مختصر المقاصد

خلاصة حكم المحدث : صحيح

"من هاتوم پایە جوانەکانی رەوشت تەواو بکەم".

واتە خۆی لەبنەرەتدا بەها جوانەکان لە نێو کۆمەڵگەکاندا هەن، بەلام پەیامبەران برەویان پێدەدەن و دەیانکەن بە کردار و خۆشیان دەبن بە پێشەنگ لە جێبەجێکردنیان.

٤- ئاین گیانی هاوکاری بەهێز دەکات

ئاین گیانی برایەتی و هاوکاری بەهێز دەکات **(ئێمیلی دۆرکهایم)**[1] دەڵێ:

" ئاین گیانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات "

کاتێک کۆمەڵێک خەلک لەسەر یەک بیروباوەڕ لە بۆنەیەکی دیاریکراو کۆدەبنەوە وەک نوێژ ، حەج یا هەر بۆنەیەکی تر، ئەم کۆبونەوەیە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گیانی هاوکاریی کۆمەلایەتی چونکە تیایدا هەوالپرسین و سەردانیکردن و یارمەتیدانی کەمدەرامەت و زۆر شتی تریش ئەنجام دەدرێن کە بەهای زۆر پیرۆز و جوان هەڵدەگرن.

٥- ئاین خەسڵەتە ئاژەڵییەکان دەگۆڕێ بۆ خەسڵەتی مرۆڤانە

کاتێ خودا ویستی ئادەم دروست بکا فریشتەکان گوتیان خودایە مرۆڤ دروست مەکە چونکە گەندەڵی بڵاودەکاتەوە و خوێن دەرێژێ ، دیارە پێش ئادەم مرۆڤ هەبون و وێرانکاری و خوێنڕێژییان کردوە بۆیە فریشتەکان وایان گوت، هەروەک لە قورئاندا بە ڕونی دەردەکەوێت کاتێ دەفەرموێ:

- وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ البقرة.

" کاتێک خودا بە فریشتەکانی راگەیاند کە بەنیازە جێنشینێک لەسەر زەوەی دابنێ، فریشتەکان گوتیان خودایە هەرکەس دابنێی گەندەڵی بڵاودەکاتەوە و

[1] **Émile Durkheim ، فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فەرەنسی لە ١٨٥٨ تا ١٩١٧ ژیاوە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانستی کۆمەڵناسیی نوێ.**

خوێن دەرێژێ لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و ستایشت دەکەین و قەدری تۆ چاك دەزانین خودا فەرموی ، ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم"

بێگومان لە تەرازوی خودا مرۆڤ لە فریشتە بەرزترە لە هەمان کاتیشدا لە ئاژەڵ نزمترە چونکە فریشتە ئارەزوی نیە تەنها ئەقڵی هەیە و بێ فرمانی خوداش ناکا چونکە ئیرادەی ئازادی نیە ، لە بەرامبەردا ئاژەڵ ئەقڵی نیە بەڵام ئارەزوی هەیە ، مرۆڤ لەم نێوانەدایە چونکە هەم ئەقڵی هەیە و هەم ئارەزو ، بەڵام چونکە ئازادە ، ئەگەر ئەقڵی بخاتەپێش ئارەزوی ئەوا بەرزدەبێتەوە بۆ جیهانی فریشتە بەلکو سەروتریش ، بەڵام ئەگەر ئارەزوەکانی بخاتەپێش ئەقڵی ئەوا دادەبەزێ بۆ جیهانی ئاژەڵ بگرە نزمتریش ، جا مرۆڤ ئازادە دەبێتە فریشتە یا ئاژەڵ، هەر لەبەر ئەوەشە کە فریشتەکان بە فەرمانی خودا کرنوشیان بۆ ئادەم برد ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

" وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ ﴿٣٤﴾ البقرة .

"کاتێك بەفریشتەکانمان وت: کرنوش ببەن بۆ ئادەم (کرنۆشی رێزو بەفەرمانی خوا) کرنۆشیان برد، جگە ئیبلیس کە سەرپێچی کردو خۆی بە گەورەزانی و خۆی خستە ریزی کافرەکانەوە"

مرۆڤ ئەگەر رێزی خۆی بزانێ هەرگیز بێ فەرمانی خودا ناکا لە کاتێکدا خودا پلەیەکی زۆر بەرزی پێداوە و هەمو جیهانی خستۆتە خزمەتی .

ئایا چەند ئاینێکی جیاواز هەن؟

بۆ تێگەیشتنی ئەم پرسیارە و دۆزینەوەی وەلامێکی دروست پێویستە سەرنجی "کاتژمێری مێژو"[1] بدەین.

دروستبونی گۆی زەوی دەگەرێتەوە بۆ بەر لە ٤،٥ ملیار ساڵ.

[1] لەسەرەتای ئەم کتێبە بە درێژی باسکراوە.

بەلام ئایا هەرلەگەل دروست بونی زەوی ، ژیانیش پەیدا بوە ئایا زیندەوەران هەبون؟

لێکۆلینەوەکان دەلێن زیندەوەران بەر لە ٣،٨ ملیار سال پەیدابون ، واتە تا ئەو کاتە زەوی گونجاو نەبوە بۆژیانی زیندەوەران.

ماوەیەکی یەکجار زۆر هەیە لەنێوان دروستبونی زیندەوەران و مرۆڤ ، وەک تێبینی دەکرێ مرۆڤ بەر لە ٦ ملیۆن سال پەیدابوە لەسەر زەوی ، واتە تا ئەوکاتە زەوی گونجاو نەبوە بۆمرۆڤ.

پەرەسەندنی یەکەم توخمی مرۆڤ لەئەفریقیا بەر لە ٢،٥ ملیۆن سال بوە، بەلام دیارە تا ئەوکاتەش مرۆڤە هۆشمەندەکان پەیدا نەبون.

نیاندەرتالەکان کە نزیکترن لە مرۆڤی هۆشمەند بەر لە ٥٠٠ هەزار سال پەیدا بون.

پەرەسەندنی مرۆڤی هۆشمەند (Homo sapiens) زۆر دواکەوت کە بۆ ٢٠٠ هەزار سال دەگەڕێتەوە.

بەلام ئەگەر سەرنج بدەین تەنها ٧٠ هەزار سالە مرۆڤ دەتوانرێ وەک مرۆڤێکی ژیر ئەژمار بکرێ چونکە شۆرشی درک ، سەرهەلدانی زمان ، سەرەتاکانی مێژو ،هەروەها بلاوبونەوەی مرۆڤی هۆشمەند بۆ دەرەوەی ئەفریقیا تەنها ٧٠ هەزار سالە رویداوە.

تا ئەم بەروارەش تێبینی ناکرێ کە ئاین یاخود یاسا باس بکرێ ، واتە تا ئەو بەروارەش مرۆڤ تواناى هەلگرتنی پەیامی ئاسمانی و پابەندبونی نەبوە بە یاسا.

تەنها بەر لە ٥ هەزار سال دەرکەوتنی یەکەمین شانشینەکان ، نوسین ،پارە ، ئاینە فرەخواییەکان تێبینی دەکرێ.

مەزەندە دەکرێ لەم بەرواره (نێوان ٧ تا ٨ هەزار ساڵ لەمەوبەر)، (ئادەم)[١]ی باوکی مرۆڤە هۆشمەندە پێشکەوتوەکان دروست کرابێ که لێرەوە یەکەمین ڕەچەلەکی مرۆڤێکی هۆشمەندی وا دروست دەبێت که توانای هەڵگرتنی پەیام و جێبەجێکردنی یاسا و بنیاتنانی شارستانیەتی هەیە.

بازێکی تر بەرەو پێشەوە بریتی بو له دەرکەوتنی یەکەم ئیمپراتۆریەت ، سەرجۆنی ئەکەدی ، بەر له ٤٢٥٠ ساڵ هەروەها دەرکەوتنی بودیزم لەهیند ، داهێنانی پاره له شێوەی سکه ، دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی فارس بەر له ٢٥٠٠ ساڵ هەنگاوی زۆر ئەرێنی بون بەرەوپێشەوە ، له هەمان کاتیشدا بەڵگە بون لەسەر پێگەیشتنی باشتری ئەقلی مرۆڤ.

دەرکەوتنی حەزرەتی مەسیح وەک پەیامبەری خودا ، دروست بونی ئیمپراتۆریەتی هان له چین و ئیمپراتۆریەتی رۆمانی له ناوچەی دەریای ناوەراست بەر له ٢٠٠٠ ساڵ .

دەرکەوتنی کۆتا پەیامبەری خودا و دەرکەوتنی ئیسلام بەر له ١٤٠٠ ساڵ .

گومان نییه کەله نێوان (ئادەم) تا (محمدی دواپەیامبەر،د-خ) نێردراوی زۆر هەن ، ئەوەی گرنگه لێرەدا ئاماژەی پێبدەم مێژوی دەرکەوتنی یەکەم پەیامی ئاسمانییه لەگەڵ گۆرانکارییە کان له هەریەک له پەیامەکانی نێوان یەکەم پەیام و دوا پەیام .

هەندێک له بیرمەندان و زانایان ئادەم به پەیامبەر ئەژمار ناکەن چونکه پەیامی ئاسمانیی پێ نەبوە .

ئەوان پێیان وایه که ئادەم یەکەم ڕەچەلەکی مرۆڤی هۆشمەند بوە ، کەواته پەیام بۆ کێ بهێنێ کاتێک کەسی تری وەک خۆی لەسەر زەوی نەبوە؟ له قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە به پەیامی ئاسمانی بۆئادەم نەکراوە ، جگەلەوەی خوا به خۆی و خێزانەکەی فەرموە که لەم داره مەخۆن .

[١] ئادەم ، باوکی مرۆڤە هۆشمەندە پێشکەوتوەکانه (Homo sapiens sapiens) که هۆشمەندتر و پێشکەوتوترن لەمرۆڤی هۆشمەند (Homo sapiens)

ڕەنگە زاناکان ئەوەیان بە پەیام ئەژمار کردبێ بۆ ئادەم ، بۆیە لای زۆربەی مێژونوسان و زانایانیش ئادەم بە پەیامبەر ئەژمار دەکرێت.

ئەگەر ئادەم پەیامبەر بێت یان نا ، لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە تا بەرواری دروستبونی ئەو ، مرۆڤی هۆشمەند نەبوە لەسەر زەوی کە بتوانێ پەیام هەڵبگرێ.

خاڵی گرنگ لێرە ئەوەیە کە مرۆڤی هۆشمەند ٧٠ هەزار ساڵە لە دوای شۆڕشی درک توانای ئەقلیی چاکی پەیداکردوە بەلام تەنها ٨ هەزار ساڵە داوای پابەندبون لە مرۆڤ کراوە بە پەیامێکی ئاسمانی.

ئەوەی تێبینیش دەکرێ ، مرۆڤ بەبێ گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پێکهاتەکەی ، توانای هەڵگرتنی پەیامی نەبوە .

وەک ئاشکرایە مرۆڤ ڕۆح و جەستەیە ، مرۆڤ بۆ ئەوەی پەیام هەڵبگرێ دەبو گۆڕانکاریی تێدا بکرێ ، چونکە دیارە کە مرۆڤی جۆراوجۆر پێش ئێمە لە سەرزەوی هەبون بەڵام تەنها وێرانکاری و تێکدانی ژینگە بەرهەمیان بوە ،هەروەک لە قورئانی پیرۆز کاتێک خودا بە فریشتەکان دەڵێ :

- وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ البقرة .

"کاتێ خودا بە فریشتەکانی وت: من دەمەوێ لە زەویدا جێنشینێك دابنێم ، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپە و تاوان و خوێنڕێژی تێدا ئەنجام بدات؟ لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدرو ڕێزی تۆ چاك دەزانین ، خوا فەرمووی: ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم "

دیارە کە فریشتەکان پێشتر بینیویانە توخمی مرۆڤ لەسەر زەوی چ کارەساتێکیان بەسەر ژینگەدا هێناوە ، چۆن بۆ دەسکەوتنی ژەمێک نان گامێشێکیان کوشتوە و پاشانیش لەوێ بەجێیان هێشتوە ، تا بۆگەن دنیای هەڵگرتوە ، پاشانیش هەرخۆیان لەبەر پیسیی خۆیان شوێنەکەیان بەجێ هێشتوە و بۆ هەر کوێ چون

هەمان شتیان دوبارە کردۆتەوە ،یاخود لەسەر بچوکترین شت یەکتریان کوشتوە ، یا بۆ دەسکەوتن یا گواستنەوەی مەشخەڵێک لە ئاگر دارستانێکیان سوتاندوە و هەزاران مرۆڤ و ئاژەل و پەلەوەریان سوتاندوە و دنیایان وێران کردوە.

ئەوەی ئێمە جیادەکاتەوە لە مرۆڤەکانی سەردەمی زو ئەمانەی خوارەوەن:

١- راست بونەوە یا قیت بونەوەی جەستە : واتە راستبونەوەی پشت ،تاوەکو دەستەکان ئازاد بن بۆ کارکردن ،چونکە مرۆڤەکانی سەردەمی کۆن پشتیان کوڕ بوە ،هەروەک خودا دەفەرموێ:

- يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ ﴿٦﴾ الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ﴿٨﴾ الانفطار.

"ئەی ئینسان، تۆ چی وای لێکردویت کە سەرکەش بیت بەرامبەر پەروەردگاری میهرەبانت؟ ئەو پەروەردگارەی تۆی دروست کردووە، پاشان راستی کردیەوە و رێکی کردی بۆ ئەوەی بتوانی کارەکان بە شێوەیەکی چاکتر ئەنجام بدەی وە بە شێوازێکی زۆر رێک و جوان هەمو ئەندامەکانی گونجاندی و رێکی خستێ "

* لە رافەی ئەم ئایەتەی سەرەوە بە داخەوە رافەکارانی قورئان ئاماژەیان بە راستکردنەوەی پشت و بالای مرۆڤ نەکردوە ،بەلام بە رونی دیارە کە خوا مەبەستی راستکردنەوەی جەستەیە چونکە بەم شێوەیە نەبێ مرۆڤ ناتوانێ بەم شێوە کاریگەرەی ئێستا کاربکا ، پاشان خوا منەت بەسەر مرۆڤەوە دەکات کە راستی کردۆتەوە و توانای زیاتری پێداوە لە مرۆڤەکانی پێشو ، هەر ئەوەشە توانای پێداوە پەیام هەلبگری و زەوی ئاوەدان بکاتەوە.

٢- توانای قسەکردن : ئەگەر سەرنجی کاتژمێری مێژو بدەین دەبینین کە زمان بۆ یەکەمجار لەسەردەمی مرۆڤی هۆشیار (Homo Sapiens) دەرکەوتوە ، واتە تا ئەوکاتەش مرۆڤ نەیتوانیوە بە ئاسانی لە دەوروبەری خۆی تێبگات و پەیوەندی دروست بکات،بێگومان بەبێ ئامرازی لێک تێگەیشتنیش ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ پەیام و بەرپرسیارێتی هەلبگرێ و رایبگەیەنێ.

٣- پێدانی سروش (الوحی) : خوا بەشێکی رۆحی خۆی بە مرۆڤ داوە ، بۆیە مرۆڤ توانای هەلگرتنی پەیامی پەیداکرد ، هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە:

- **فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٢٩﴾** الحجر .

" کاتێك رێك و پێك و تەواوم کرد و بەشێکم لە لەرۆحی خۆم پێ بەخشی، ئەوا کرنوشی بۆ ببەن کرنوشی رێز نەوەک پەرستش"

دیارە کە مرۆڤ بەشێکی رۆحی خوای تێدایە بۆیە توانای ئەقلی زیاترە لە پێشینەکانی خۆی ،هەروەها جەستەشی راستکراوە و بە قیتی لەسەر دو پێ وەستا و دەستەکانی ئازاد بون ، ئیتر لەمەودوا ئەرکەکانی گرانتر دەبن ، چونکە تا توانات زیاتر بێ ئەرکەکانت قورستر دەبن.

لێرەدا خالێکی زۆر گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێبکرێ ئەویش جیاوازییە لە نێوان مرۆڤی سەردەم(ئادەمیزاد) و مرۆڤی بەر لە ئادەم(مرۆڤ) ، کە لە قورئانیش جیاوازییەکە بەدی دەکرێ بەلام راڤەکاران بە وردی بۆی نەچون.

ئەگەر سەرنج بدەین لە قورئاندا **(بشر)** و **(انسان)**[1] ،هەردوکیان هەن ،بەلام هەردوکیان یەک مانایان نیە.

(بشر)، واتە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی، مەرج نییە هۆشمەند بێ یا رۆحی خوای تێدا بێ.

(انسان)، واتە ئەو مرۆڤەی کە بەشێک لە رۆحی خودای تێدایە .(واتە ئادەمیزاد)

(بشر) + وەرگرتنی بەشێک لە رۆحی خودا = (انسان).

ئەگەر سەرنج بدین کاتێ خوا دەفەرموێ:

---

[1] انسان ، بە مانای تریش هاتوە وەک (ئەوەی کە دەبینرێ واتە پێچەوانەی "جن" کەنابینرێ، یا مانای لەبیرکردن،یا مانای ئاشنابی و دۆستایەتی....)

- إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٧٢﴾ص.

"کاتێک پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرمو: من دەمەوێ "بەشەرێک-مرۆڤێک"، لە قوڕ دروست بکەم. کاتێك ڕێك و پێك و تەواوم کرد و بەشێکم لە لەڕۆحی خۆم پێ بەخشی، ئەوا هەمووتان کڕنوشی بۆ ببەن "

تێبینی بکە،خوا دەفەرموێ من (بشر)دروست دەکەم ،بەڵام کاتێک رۆحی خۆم پێدا ، کرنوشی رێزی بۆببەن ،واتە کاتێک بو بە (انسان-ئادەمیزاد) ، دەبێتە شتێکی تەواو جیاواز ، وەک ئەومرۆڤانە نابێ کە پێش ئادەم زەوی و ژینگەیان وێرانکرد.

کاتێک یەکەم ئادەمیزاد دروست کرا لەسەر زەوی ، پەیامی ئەوەی پێدرا کە لە دارێکی دیاریکراو نەخوا ، ئەم پەیامە وەک تاقیکردنەوەیەک بو بۆئەوەی ئادەمیزاد تاقی بکرێتەوە ، ئایا دەتوانێ پەیام هەلگرێ یان نا .

- وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ ﴿٣٥﴾ فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾البقرة .

" وتمان: ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتەدا نیشتەجێ بن لەهەر کوێ حەزدەکەن بخۆن و بخۆنەوە ، بەڵام نزیکی ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی دیاری کراو بۆ تاقی کردنەوە لێیان قەدەغە کرا) ئەگینا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە. شەیتان لە خشتەی بردن و لە بەرو بوومی درەختە قەدەغە کراوەکەیان خوارد و لەو شوێنە خۆشە بەدەرکردنی دان، ئینجا پێمان وتن: لەم شوێنە دابەزن یا بڕۆن ، جا لەوێ شەیتان دوژمنی ئێوەیە و ئێوەش دوژمنی ئەو، تاماوەیەکی دیاری کراو نیشتەجێ دەبن لەزەویداو لە نازو نیعمەتەکان سود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن "

وەک دەبینین ئادەمیزاد لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچو ، واتە هێشتا دانانی کۆمەڵێک پەیام و ڕێسا لەسەر ئادەمیزاد قورسە ، دیارە هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتن و تێگەیشتنی تەواو.

ئەگەر سەرنجی پەیامی نێردراوانی دواتر بدەین تێبینی ئەوە دەکەین کە پەیامەکان وردە وردە کەڵەکەدەبن بەسەر یەک، لەگەڵ پێشکەوتن و تێگەیشتنی ئادەمیزاد پەیامەکانیش زیاد دەبن و قۆناغ بە قۆناغ قورس دەبن.

پەیامی ئاسمانی ،لەسەرەتاوە تا دەگاتە (حەزرەتی ئیبراهیم)یش سادە و ئاسان بون ، سەرەتا ، تەنها بریتی بون لە یەکتاپەرستی و پاشان نوێژ و ڕۆژو (بێگومان نوێژ و ڕۆژوی ئەو سەردەم وەک هی ئێستا نەبوە).

ئەگەر تێبینی بکەین نوێژ لە سەرەتای دەرکەوتنی پەیامە ئاسمانییەکان نەبوە ،یا لانیکەم بەم شێوەیە نەبوە بەلکو جۆرێک بوە لە دوعاکردن ، نوێژ بەم شێوەیەی ئەمرۆ دەیبینین ، هەزاران ، بەلکو دەیان هەزار ساڵی پێچوە تا ئەم قالبە وەربگرێ ، چونکە ئاسان نەبوە لای مرۆڤێکی ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بەم شێوازەی ئەمرۆ نوێژ بکات ،ڕەنگە لەروی فیزیکیەوە ئاسان بێ ،بەڵام نوێژ هەر بریتی نییە لە جوڵەی جەستە ، بەلکو ناوەرۆکەکەی گرنگە ، ئەگەرچی شۆرشی درک ٧٠ هەزار ساڵە رویداوە و مرۆڤ لەوکاتەوە توانیویەتی پەی بە بەشێک لە شتە نادیارەکان ببا ،بەڵام دیارە تواناکانی مرۆڤی ئەوکات سنورداربون . دۆزینەوەی شتە نەبینراوەکان پێویستیی بە پێگەیشتنی تەواوی مرۆڤ هەبوە ، بۆیە پەیامە ئاسمانییەکان بە قۆناغ و وردە وردە هاتون .

مرۆڤ تا ساڵی ٦٢٢ ی زاینی ، واتە ساڵی ناردنی پەیامبەر محمد(د-خ) توانای تێگەیشتنی نەبوە لە (میتافیزیک)[1]

دیارە کە تێگەیشتن لە میتافیزیک پێویستیی بە (بیرکردنەوەی بەرهەست)[1] هەبوە ،کەمرۆڤ تا ئەو بەرواره ئەو توانایەی نەبوە پێی بگات.

[1] Metaphysics : لقێکی فەلسەفەیە لێکۆڵینەوە دەکات دەربارەی کرۆکی شتەکان وەک پەیوەندیی نێوان ئەقل و ماددە ، بون و واقیع ، شتەکان و تایبەتمەندییەکانیان...

ڕەنگە بڵێی فەلسەفە زۆر پێشی ئەم بەرواره هەبوە و فەیلەسوفانی گریکی کۆن زۆربەیان ١٠ سەدە بەر لەم بەرواره بە ئەقڵی بەرهەست گەیشتون.

بەڵێ ، ڕاستە فەیلەسوفانی گریکی کۆن زۆر زو بەم جۆره لە بیرکردنەوەیە گەیشتن ، بەڵام ئەوان حاڵەتێکی تایبەت بون و یەک لە ملیۆنی خەڵکیش نەبون ، بۆیە زۆربەی خەڵکی لێیان تێ نەدەگەیشتن ، ئیستاش زۆرێک لەخەڵک لێیان تێناگا ،چونکە بیرکردنەوەی بەرهەست ئاسان نییە و مێشک زۆر ماندو دەکات.

کەواتە ناکرێ هەموخەڵکی بە فەیلەسوفان پێوانە بکەین و بارێک وا قورس بخەینە سەرشانی هەموان کاتێک دەزانین تەنها یەک لە ملیۆن دەتوانێ بارەکە هەڵبگرێ .

ئەگەر سەرنجی سزاکانیش بدەین لەپەیامەکان هەمان شت تێبینی دەکەین ،کاتێک مرۆڤ تا ڕادەیەکی باش پێشکەوت و تێگەیشت ئیتر پەیامەکان زۆر و کەڵەکەبون تا ڕادەیەک قورس بون .

ئەگەر سەرنجێک بدەین لە سەردەمی **(حەزرەتی موسا و حەزرەتی عیسا)** ، دەبینین کە(کتێبی پیرۆز)[٢] پڕیەتی لە سزای سەخت و زیاتر لە ١٥ سزای کوشتن.

ئەگەر سەرنجی ئیسلامیش بدەین کە دوا پەیامە ، دەبینین لەقورئانی پیرۆز تەنها یەک سزای کوشتن هەیە ، ئەویش بەرامبەر تاوانی کوشتن (کەئەویشیان دەکرێ سوک بکرێ یا خاوەن خوێن لە تاوانبار خۆش بێ)، واتە دەتوانین بڵێین حوکمەکان لەنێوان پەیامە ئاسمانییەکان بە گوێرەی پێشکەوتنی شارستانییەت و تواناکانی ئەقڵی مرۆڤ قۆناغ بە قۆناغ ئاسان کراون.[٣]

---

[١] **Abstract Thinking** ، "التفكير التجريدي او المجرد" ، واتە توانای پەی بردن بەو بیرۆکە و چەمکانەی کە هەن بەڵام نابیرێن چونکە بەرجەستە نین، وەک ، ئاین ، ئازادی ... هتد . ئەقڵی بەرهەست ، لەڕێگەی هەستەکانەوە زانیاری وەردەگرێ و گرێیان دەدات و پەیوەندیی دروست دەکات لەگەڵ جیهانی دەوروبەر.

[٢] تەورات و ئینجیل پێکەوە کۆکراونەتەوە و ناونراوە (کتێبی پیرۆز)، تەورات پەیمانی کۆنە و ئینجیلیش پەیمانی نوێ.

[٣] لای خودا یەک سزای کوشتن کە دەکرێ ئەویش سوک بکرێ ئەگەر خاوەن خوێن لێی خۆشبێ ، بەڵام لای ابن تیمیة دەیان سزای کوشتن هەیە لەسەر شتی زۆر سەیر، وەک " هەرکەسێک نیەت بە دەنگ بهێنێ لە نوێژدا دەبێ تۆبە بکا ئەگەرنا دەکوژرێ ، کەسێک نوێژی عەسر دوابخا تا مەغریب دەبێ

خوای گەورەش لە قورئاندا لە دەفەرموێ :

- الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ ۙ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٥٧﴾ الاعراف.

" ئەوانەی کە شوێنی محمد(ﷺ) دەکەون لە (یەهودی و مەسیحیەکان) دەزانن کەئەو پەیامبەرە چونکە لای ئەوان لە تەورات و ئینجیلدا ئاماژەی پێ کراوە،ئەم پەیامبەرە فەرمانیان پێدەدات بەچاکەو قەدەغەی گوناهو خراپەیان لێدەکات و هەرچیەک پاکو چاکە بۆیان حەڵاڵ دەکات و هەرچی پیسە لێیان حەرام دەکات و ئەو کۆت و زنجیرانەش کە لەسەریان بو لای دەبات (وەک خۆ کۆشتن لەکاتی تەوبەدا...) ، جا ئەوانەی باوەڕیان پێ هێناوە و پشتیوانیان لێکردوە و پشتگیریان کردووە و شوێنی ئەو روناکییە کەوتون (قورئان) ئەوانە سەرکەوتو و سەرفرازن "

ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێ لای خوا تەنها یەک پەیام و یەک ئاین هاتوە کەپێی دەوترێ ئیسلام، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ و بە گوێرەی پێشکەوتنی شارستانییەت و ڕادەی ئەقلی مرۆڤ پەیامەکان هاتون، پەیام دوای پەیامیش ئاسانکاری کراوە، وەک لەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی پێکراوە **(ئەو بارگرانی و کۆت و بەندانەی لەسەریان بو لایان دەبات)** .

یاساکان و پەیامەکان وردە وردە کەڵەکەبون ، پەیام دوای پەیامیش ئاین فراوانتر و ئاسانتر بوە ، پەیامە نوێیەکان هەندێک پەیامی کۆنیان وەک خۆی هێشتۆتەوە (نسخ ، بە مانای کۆپی کردن) ، هەندێکیان سڕیوەتەوە (نسخ ، بە مانای سڕینەوە) ، هەندێک پەیامی نوێش هاتون ، تا لەکۆتاییدا پەیامێکی تەواو رێک و پێک هاتە ئاراوە ،هەروەک لە قورئاندا هاتوە:

بکوژرێ دوای تۆبەکردنیش... ..." ئەوانە و زۆر شتی ترسناکتریش، دەشپرسین داعش و گروپە توندڕەوەکان لە کوێ هاتون ؟ دروسکراوی ئەمریکا و ئیسرائیلن ....؟ . مجموع الفتاوى لابن تيمية.

- الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ۚ فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ۙ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣﴾ المائدة .

" ئەمڕۆ ئاینەکەی ئێوەم تەواو کرد و نازو نیعمەتی خۆمم بە تەواوی بۆنازڵ کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە ئاینتان........ "

لێرەدا تێبینی دەکرێ کە نسخ لە نێوان پەیامەکاندا هەیە ، بەڵام لە یەک پەیامدا نییە.

مەسەلەی قۆناغبەندیی ئاین و یاسا و سزاکانی وەک نمونەی مداڵێکی ساوایە .

کاتێک منداڵ ساوایە پێویستیی بە چاودێریی بەردەوامی باوان هەیە و هەموپێداویستییەکانیشی بۆ دابین دەکرێ بێ بەرامبەر و لەکاتی خۆیدا ، سزاش نادرێ چونکە تواناکانی سنوردارن ، مرۆڤە سەرەتاییەکانیش بەم شێوەیە بون.

کاتێك منداڵە ساواکە بو بە هەرزەکار ، پێویستیی بە چاودێریی کەمترە ، ئەرکەکانیشی سوکتر دەبن ، بەڵام دەبێ خۆی هەندێک لەئەرکەکانی جێبەجێ بکات ، خۆی دەبێ نان بخوا ، خۆی پاک ڕابگرێ .....هتد.

بەڵام هێشتا پێویستیی بە دایک و باوکە .

بەڵام کاتێک خوێندن تەواو دەکات و بڕوانامە بە دەست دێنێ ، یاخود دەگاتە ئەو تەمەنەی کە دەتوانێ کاربکا ،ئیتر دایک و باوک چیتر چاودێریی ناکەن و بەخێوی ناکەن ،بەڵکو دەبێ خۆی گرنگی بە هەمو شتەکان بدات و تەنانەت یارمەتیی باوانی خۆیشی بدات.

مرۆڤیش بە هەمان شێوە سەرەتا پێویستیی بە چاودێریی ئاسمانی هەبوە و هیچ ئەرکی لەسەرنەبوە ، وردە وردە بە گوێرەی پێشکەوتنی ئەرکی کەوتۆتە سەرشان ، تا ئەوکاتەی گەیشتە لوتکەی تێگەیشتن کە ١٤ سەدەیە بەر لەئەمڕۆ ، ئیتر مرۆڤ چیتر پێویستیی بەوە نییە هەمیشە خودا ڕینمایی بکات.

لێرە وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوەشمان دەست دەکەوێ :

- بۆچی پەیامە ئاسمانییەکان وەستان ؟

- ئایا خودا پەیوەندیی بە زەوییەوە ماوە؟

وەستانی پەیامە ئاسمانییەکان رێزگرتنی خودایە لە ئەقڵی ئادەمیزاد ، ئێستا ئێمە ئەو منداڵە ساوایەین بەڵام گەورەبوین توانای هەڵگرتنی سەختی و نەهامەتییەکانمان هەیە ، بۆیە نەنگی و شورەییە داوا لە باوانمان بکەین یارمەتیمان بدەن .ئیستا ئێمە ئەو ئادەمیزادەین کە لە فریشتە بەرزترین ، چونکە ئێمە بە ویستی خۆمان خراپە ناکەین ،بەڵام فریشتە ناتوانێ خراپەبکات چونکە لە گوێڕایەڵی زیاتر بژاردەی لەبەردەست نییە.

بۆیە دەبینین کاتێ خودا ویستی ئادەم دروست بکا فریشتەکان گوتیان خودایە مرۆڤ دروست مەکە چونکە گەندەڵی بڵاودەکاتەوە و خوێن دەرێژێ ، دیارە پێش ئادەم مرۆڤ هەبون و وێرانکاری و خوێنرێژییان کردوە بۆیە فریشتەکان وایان گوت، هەروەک لە قورئاندا بە ڕونی دەردەکەوێت کاتێ دەفەرموێ:

" وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴿٣٠﴾ البقرة .

" کاتێک خودا بە فریشتەکانی راگەیاند کە بەنیازە جێنشینێک لەسەر زەوەی دابنێ، فریشتەکان گوتیان خودایە هەرکەس دابنێی گەندەڵی بڵاودەکاتەوە و خوێن دەرێژێ لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و ستایشت دەکەین و قەدری تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لەوەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم"

بێگومان لە تەرازوی خودا مرۆڤ لە فریشتە بەرزترە لە هەمان کاتیشدا لە ئاژەل نزمترە چونکە فریشتە ئارەزوی نیە تەنها ئەقڵی هەیە و بێ فرمانی خوداش ناکا چونکە ئیرادەی ئازادی نیە ، لە بەرامبەردا ئاژەل ئەقڵی نیە بەڵام ئارەزوی هەیە ، مرۆڤ لەم نێوانەدایە چونکە هەم ئەقڵی هەیە و هەم ئارەزو بەڵام چونکە ئازادە ، ئەگەر ئەقڵی بخاتەپێش ئارەزوی ئەوا بەرزدەبێتەوە بۆ جیهانی فریشتە بەلکو

سەروتریش ، بەڵام ئەگەر ئارەزوەکانی بخاتەپێش ئەقڵی ئەوا دادەبەزێ بۆ جیهانی ئاژەڵ بگرە نزمتریش .

جا خۆت ئازادی ببیت بە فریشتە یا ئاژەڵ، هەر لەبەر ئەوەشە کە فریشتەکان بە فەرمانی خودا کرنوشیان بۆ ئادەم برد ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

" وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ " البقرة﴿٣٤﴾ واته:

"کاتێك بەفریشتەکانمان وت: کرنوشی ڕێز ببەن بۆ ئادەم ، کرنۆشیان برد، جگە ئیبلیس کە سەرپێچی کردو خۆی بە گەورە زانی و خۆی خستە ڕیزی کافرەکانەوە"

* * *

قۆناغەکانی پەیوەندیی خودا لەگەڵ زەوی

١- قۆناغی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی خودا لەگەل زەوی .

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دابەزینی پەیامە ئاسمانییەکان ، مرۆڤەکان ئەقلیان سادە بوە و ئەقلی بەرهەستیان نەبوە . هەر بۆیەش خودا بەڵگەی بەرجەستەی بۆ ناردون لەسەر ڕاستیی پەیام و پەیامبەران ، وەک لە چیرۆکی (حەزرەتی صالح)کاتێک داوای بەلگەیان لێکرد ، خوداش حوشترێکی بۆ ناردن :

- وَيَا قَوْمِ هَٰذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ ﴿٦٤﴾ فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُوا فِي دَارِكُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ۖ ذَٰلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ ﴿٦٥﴾ فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ ﴿٦٦﴾ وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ ﴿٦٧﴾ هود.

" صالح گوتی؛ ئەمە وشترەکەیە کە لەلایەن خواوە کراوە بە بەڵگە لەسەر دەسەڵاتی خۆی و ڕاستی پەیامبەرێتی من ، وازی لێ بهێنن با لە زەوی خوادا بلەوەڕێت، بەنیازی خراپەوە دەستی بۆ نەبەن، ئەگینا سزایەکی نزیك بۆتان

دێت، ئەوان وشترەکەیان سەربڕی، (صالح) پێی وتن: ڕابوێرن لە ماڵی خۆتان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، و ئەوەش پەیمانێکە و هەرگیز بەدرۆ ناخرێتەوە. کاتێك فەرمانی ئێمە هات و بڕیاردرا، صالح و ئەوانەی بڕوایان هێنابو ڕزگارمان کردن بە میهرەبانی و بەزەیی خۆمان، لە سەرشۆڕیی ئەو ڕۆژەش پەناماندان، بەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی خاوەنی هێزە و باڵادەستە. دەنگێکی سامناک بوە هۆی تیاچونی هەمو ئەوانەی کە ستەمیان کردو فەرمانبەرداری خودا نەبون، سەرەنجام لە شوێنەکانی خۆیاندا کەوتن بەڕووی زەویدا و تیاچون..."

زۆر پەیامبەری تریش بە هەمان شێوە بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی خودا کارەکەیان بە ئەنجام گەیاندوە وەک ، حەزرەتی عیسا ،موسا و هارون ،....کە چیرۆکەکانیان لە قورئاندا باسکراون.

لە قۆناغی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ دیاردەی پیشاندانی پەرجۆ[1] بەدی دەکرێ ، واتە پەیامبەران و نێردراوان دەبو شتێکی نائاسایی و نامۆ پیشان بدەن کە بەڵگە بێ لەسەر ڕاستیی پەیام و پەیامبەرەکە ، وەک زیندوکردنەوەی مردو ، چاکردنەوەی نەخۆش ..... هتد.

٢- قۆناغی ناڕاستەوخۆی پەیوەندیی خودا لەگەڵ زەوی .

قۆناغی ناڕاستەوخۆ لە سەردەمی کۆتا پەیامبەر بە دی دەکرێ ، لەم قۆناغەدا خودا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یارمەتیی پەیامبەری نەداوە ، وەک لەناوبردنی دوژمن و پیاوخراپان ،لە قۆناغی پێشو ئەم دیاردەیە هەبو ، بەڵام کۆتایی هات. لەم قۆناغەدا خودا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ یارمەتیی پەیامبەر و هاوەڵانی داوە ، وەک ناردنی سروش و پێدانی زانیاری دەربارەی دوژمن و پشتگیریکردنی لە هەندێک لە شەرەکان لە لایەنی مادی و مەعنەوی. هەر لەبەر ئەمەشە کە دوا پەیامبەر پەرجۆی نەبوە ، چونکە ئەگەر پەرجۆی پیشانی خەلک بدایە ، پەیوەندییەکە دەبوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ.

ڕەنگە زۆر کەس ئەم ڕایە بە نامۆ بزانن ،بەڵام لە قورئاندا خودا زۆر بە ڕونی باسی نەبونی پەرجۆدەکات لە دوا پەیام ، کە دەفەرموێ :

---

[1] **پەرجۆ : معجزة : Miracle ،دیاردەی دەرجونە لە یاساکانی سروشت و سنورەکانی ئەقلی مرۆڤ.**

- وَلَقَدْ صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ فَأَبَىٰ أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٨٩﴾ وَقَالُوا لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الْأَرْضِ يَنبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ الْأَنْهَارَ خِلَالَهَا تَفْجِيرًا ﴿٩١﴾ أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِيَ بِاللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ قَبِيلًا ﴿٩٢﴾ أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَىٰ فِي السَّمَاءِ وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَابًا نَّقْرَؤُهُ ۗ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٣﴾ الاسراء.

" ئێمە لەم قورئانەدا لە هەموو جۆرە نمونەیەکمان بۆ خەڵکی هێناوەتەوە کەچی زۆربەی خەڵکی رێی گومرایی هەڵدەبژێرن .گوتیان: هەرگیز ئێمە باوەڕ بە تۆ ناکەین تا کانییەکمان لە زەویەوە بۆ هەڵنەقوڵێنیت. یا دەبێ خاوەنی باخێك بیت کە پڕ بێت لە دارخورما و ڕەزو چەندەها ڕوبار لەناویدا هەڵبقوڵێنیت . یان ئاسمان پارچە پارچە بەسەرماندا ببارێنی، هەر وەک پڕوپاگەندە دەکەی . یاخود خوای گەورە و فریشتەکانی بهێنە و ڕو بەڕومانی بکە. یان کۆشك و تەلاروماڵێکت هەبێت کە بە جوانترین شێوە نەخشێنرابێت ، یان بەرەو ئاسمان بەرزبیتەوە، وە هەرگیز بەوەش باوەڕ ناکەین هەتا کتێبێك دانەبەزێنیت و بیخوێنینەوە. ئەی پەیامبەر تۆش پێیان بڵێ: پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگارم ، من تەنها ئادەمیزادم و پەیامی خودام پێیە و لەوە زیاتر هیچ دەسەلاتێکم نییە و ئەوانەی باسی دەکەن هیچیان بە من ناکرێن "

دیارە ئەوانەی لە سەرەوە باسکران هیچیان لە دەسەلاتی پەیامبەر نین و خودا خۆی رەتی دەکاتەوە کە پەیامبەر هیچ یەکێک لەو کارانەی پێ بکرێ .

بێگومان خوا دەتوانێ ئەم کارانە بکات وەک چۆن بۆ پەیامبەرانی پێشو لەوەش زیاتری کردوە ، بەڵام دیارە کە خوا لە نەکردنی ئام کارە مەبەستی خۆی هەیە .

هەندێک زانا باسی لەتبونی مانگ دەکەن ، بەلگەشیان ئەم ئایەتەی خوارەوەیە :

- اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ ﴿١﴾ القمر .

" ڕۆژی قیامەت نزیک بۆوە و مانگ لەت بوو "

* هەندێ ڕاڤەکار براوایان وایە کە خوانەناسان داوای پەرجۆیان لە پەیامبەر کرد ، ئەویش پەنجەی ڕوەو مانگ بزواند و بەویستی خوا لەت بوو.

بەڵام هەندێکی تر دەڵێن کە ئەم ڕووداوە لەسەرەتای بەرپابونی قیامەت رودەدات.

خودا هیچ پەرجۆیەکی بە پەیامبەر نەداوە چونکە دەیەوێ پێمان بڵێ کە ئێوە گەیشتونەتە قۆناغێکی پێشکەوتو ، ئەقلتان بە شێوەیەک پێشکەوتوە کە درک بە هەموشت دەکات ، بەلام ئەگەر بەکاری نەهێنن تاوانی خۆتانە ، ئەوەتا گریکەکان ١٠ سەدە پێش ئێوە خەریکی فەلسەفە و لۆجیک بون ، ئێوەش تازە داوای پەرجۆ دەکەن .

خوا دەیەوێ رێز لە ئەقلی مرۆڤەکان بگرێ بەلام ئەوە ئێمەین رێزی خۆمان نازانین و ئەقلمان وەک پێویست بەکار ناهێنین.

روداوی تریش هەن لەسەر بونی پەرجۆ ، بۆ نمونە شەقکردنی سینگی پەیامبەر و لابردنی بەخیلی و خراپە لە دڵی.

خودا دەفورموێ :

- أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾الشرح .

" ئەی محمد ﷺ ئایا دەرون و سینەمان ئاسوودە نەکردیت "

بەڵام هەندێک لەراڤەکاران بە پشت بەستن بەم فەرمودەی خوارەوە شتێکی تر دەڵێن :

- أنَّ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ أتاهُ جِبْرِيلُ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ وهو يَلْعَبُ مع الغِلْمانِ، فأخَذَهُ فَصَرَعَهُ، فَشَقَّ عن قَلْبِهِ، فاسْتَخْرَجَ القَلْبَ، فاسْتَخْرَجَ منه عَلَقَةً، فقالَ: هذا حَظُّ الشَّيْطانِ مِنْكَ، ثُمَّ غَسَلَهُ في طَسْتٍ مِن ذَهَبٍ بماءِ زَمْزَمَ، ثُمَّ لأَمَهُ، ثُمَّ أعادَهُ في مَكانِهِ، وجاءَ الغِلْمانُ يَسْعَوْنَ إلى أُمِّهِ، يَعْنِي ظِئْرَهُ، فقالوا: إنَّ مُحَمَّدًا قدْ قُتِلَ، فاسْتَقْبَلُوهُ وهو مُنْتَقِعُ اللَّوْنِ، قالَ أنَسٌ: وقدْ كُنْتُ أرَى أثَرَ ذلكَ المِخْيَطِ في صَدْرِهِ.

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" کاتێک پەیامبەر مندال بو ،جبریل هات و دلی دەرهێنا و خالێکی رەشی لێ دەرهێنا و گوتی ، ئەمە بەشی شەیتانە ،پاشان فرێیدا ،پاشان دلەکەی بە ئاوی زەمزەم شوشت و لەجێگای خۆی دایناوە ، ......تا کۆتایی "

ئەم روداوە نابێ و ناشێ رویدابێ لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- پەیامبەر خۆی مرۆڤێکی باش بوە و پێویستیی بەمە نەبوە ،چونکە خودا خۆی بە خاوەنی باشترین رەوشت ناوی دەهێنێ.

٢- ناشێ پەیامبەرێک کە لە خەلکی جیا بێ داواش لە خەلک بکا وەک ئەو بن ، ئەگەر ئەو سنگی شەق کراوە و بەشی شەیتانی تێدا نەماوە کەواتە لە ئازایەتیی خۆی نییە کە مرۆڤێکی باشە ، کەسێک شەیتانی نەبێ خراپەش ناکات. پەیامبەر مرۆڤە و هیچی لەگەل مرۆڤەکانی تر جیاواز نییە ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە داوای لە خەلکی کردوە وەک ئەو بن ،جا ئەگەر ئەو لە خەلکی جیابوایە ، یەکەم رەخنەی خەلک ئەوە دەبو کە **"پەیامبەر لە ئێمە جیایە و دل و دەرونی ئەو بە جۆرێکی تر دروست کراوە و شەیتان لەدلێ ئەودا نییە و لەدلی ئێمەدا هەیە، بۆیە ئێمە لەسەرمان نییە گوێرایەلی بین چونکە ئەو ئاسایی نییە وەک ئێمە ، ئێمەش چاوەروانی ئەوەین یەکێک بێت و بەشی شەیتان لە سنگمان دەربێنێت ئەوکاتە ئێمەش وەک پەیامبەر باش دەبین "** .ئەم چیرۆکە تەواو پێچەوانەی ئەقل و لۆجیکە ،پەیامبەر تەواو وەک خەلکی بوە و خودا لە چەندین جێگە لە قورئان فەرمویەتی پەیامبەر مرۆڤە وەک ئێوە ،نەک هەر ئەو بەلکو هەمو پەیامبەران بە درێژایی مێژوی پەیامە ئاسمانییەکان مرۆڤی ئاسایی بون و کەسیان نەشتەرگەریان بۆ نەکراوە تا باشتر بن لەخەلک.

پاشان ئەم دەستەواژەیە بۆحەزرەتی موساش هاتوە ، وەک لە قورئاندا هاتوە :

- قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي ﴿٢٥﴾ طه .

" موسا نزا ی کرد ، گوتی: خودایه دەرونم ئاسودە بکه "

ئایا کەسێک هات سنگی حەزرەتی موسا شەق بکات و بەشی شەیتان دەربهێنێ ؟

لەشوێنێکی تر ئەم دەستەواژەیە بەگشتی هاتوە بۆ مسولمانان ، وەک دەفەرموێ:

- فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ اللَّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٢٥﴾ الانعام .

" جا ئەو کەسەی و خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی فراوان و ئامادە دەکات بۆ ئیسلام، ئەو کەسەش خوا بیەوێت گومڕای بکات، ئەوا دڵی دەگوشێت و سنگی توند دەکات و هەناسەی سوار دەبێت، هەر وەک ئەوەی بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە......."

گەر شەقکردنی سینە ڕاست بێ واتە ئێمە وهەمو مسولمانانی جیهان دەبێ هەمومان ئەم نەشتەرگەریەمان بۆ بکرێ.

٣- قۆناغی جێنشینی (الاستخلاف)

ئەم قۆناغە لەم قۆناغەدا پەیوەندیی خودا بە زەوییەوە نامێنێ (ڕاستەو خۆ و ناراستەوخۆ)، بەڵکو مرۆڤ دەبێتە جێنشینی خودا لەسەر زەوی و بەرپرس دەبێ لە ئاوەدانکردنەوە یا وێرانکردنی زەوی.

بێگومان خودا هەمیشە ئاگادا ر و دەسەلاتدارە ، بەلام ئیتر کە مرۆڤ کرا بە جێنشین ،کارەکان دەکەونە دەستی مرۆڤ ، بۆیە نە پەرجۆ بەرپا دەکات و نە دەستیش دەخاتە کاروباری زەوی ، زەوی و هەمو بون لەسەر ئەو ڕێسایانە دەڕۆن کە خوا بۆی داناون.

وەک لە قورئاندا هاتوە :

- وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا ۙ وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَمَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ ﴿١٣﴾ ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ مِن بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾ يونس .

" ئێمە لەسەدەکانی پێش ئێوەدا خەڵکێکی زۆرمان لەناو بردوە کاتێک ستەمیان کردوە، لەکاتێکدا پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەوە پەیامی خوایان پێ ڕاگەیاندن(قۆناغی یەکەم و دوەمی خودا لەگەڵ زەوی).بەڵام باوەڕیان نەهێنا، ئێمە بەو شێوەیە تۆڵە لەگەلانی تاوانبار دەکەینەوە. پاشان ئێوەمان کردە جێنشین لەزەویدا (قۆناغی سێیەم ،جێنشینی)، تا ببینین ئێوە چی دەکەن و چۆن دەکەن و چۆن ئاوەدان یا وێرانی دەکەن "

لەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە زۆر بە ڕونی قۆناغەکانی پەیوەندیی نێوان خودا و زەوی بەدی دەکرێن.

* * *

ئامانجی ئاین

ئەگەر سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین باسی چەند ئامانجێک دەکات ، لەڕاستیدا تەواوی قورئانی پیرۆز چەند ئامانجێکی تێدایە کە بڕیارە مرۆڤ پێیان بگات بۆ ئەوەی سەرفراز بێ وەک :

(تفلحون ، تشكرون ، تهتدون ، تعقلون ، تتفكرن ، تذكرون ، ترحمون ، تتقون ، توقنون ، تسلمون).

(سەرفرازی ، سوپاسگوزاری ، ڕێگادۆزینەوە ، بیرکردنەوە ، بیرهاتنەوە ، بەزەیی ، خۆپارێزی ، دڵنیابون، سەلامەتبون)

ئەگەر سەرنجی قورئان بدەی ئامانجەکان بریتین لەو دەستەواژانەی کە لە دوای (لعلكم) دێن .

دەستەواژەکانی دوای لعلكم لە قورئاندا ، ئامانجە پیرۆزەکانی قورئانن ، واتە مرۆڤ دەبێ بەو ئامانجانە بگات.

بۆ گەیشتن بە ئامانج هەمیشە پێویستیمان بە ئامراز هەیە ، هەمیشە ئامراز و ئامانج گرێدراوی یەکترن ، بەڵام نابێ تێکەڵیان بکەین ، ئامانج پیرۆزە ، ئامراز پیرۆز نییە.

بۆ نمونە ئۆتۆمبێل ئامرازە ، یارمەتیدانی خەڵک ئامانجە ، ئۆتۆمبێل پیرۆز نییە ، بەڵام یارمەتیدانی خەلك کارێکی پیرۆزە.

سیاسەت پیرۆز نییە ، بەڵام خزمەتکردنی خەڵک پیرۆزە ، سیاسەت ئامرازە و خزمەتکردنیش ئامانج.

ئەو ئامانجە پیرۆزانەی خودا لە قورئان داوامان لێدەکات رەنگە بە ئامرازی جۆراوجۆر بەدەست بێن ، گرنگ نییە چۆن بەدەستیان دێنی گرنگ ئەوەیە بەدەستیان بێنی (بەڵام بە مەرجێک ئامرازەکان نادەستوری و خراپ نەبن)

مەبەستم ڕۆیشتن لەسەر رێبازی میکاڤیلی نییە کە دەڵێ : [1]

" الغاية تبرر الوسيلة "

" ئامانج پاکانەکارە بۆ ئامراز "

واتە بۆ گەیشتن بە ئامانج هەمو ئامرازێک بەکاربێنە ، ئامانجە پیرۆزەکەت پاکانەی بۆ دەکات.

ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز ئامرازی پاساخ بەکارناهێنین ، بەڵام هەمو ئامرازەکانیش کورت ناکرێنەوە لە ئاین.

ابن القیم الجوزی دەڵێ :

" فإن الله أرسل رسله وأنزل كتبه ليقوم الناس بالقسط وهو العدل الذي به قامت السماوات والأرض فإذا ظهرت أمارات العدل وتبين وجهة بأي طريق كان فثم شرع الله ودينه والله تعالى لم يحصر طرق العدل وأدلته وعلاماته في

---

[1] **Niccolò di Bernardo dei Machiavelli** ، بیرمەند و سیاسەتمەداری بەناوبانگی ئیتالی لە ١٤٦٩ تا ١٥٢٧ ژیاوە ، کتێبێکی بەناوبانگی هەیە بە ناوی (the prince) بۆ ئامۆژگاریی میرەکانی ئەوروپا نوسراون لە سەدەکانی ناوەڕاست .

شيء ونفي غيرها من الطرق التي هي مثلها أو أقوى منها بل بين ما شرعه من الطرق أن مقصودة إقامة العدل وقيام الناس بالقسط فأي طريق استخرج بها العدل والقسط فهي من الدين لا يقال إنها مخالفة له فلا تقول إن السياسة العادلة مخالفة لما نطق به الشرع بل موافقة لما جاء به بل هي جزء من أجزائه ونحن نسميها سياسة تبعا لمصطلحكم وإنما هي شرع حق فقد حبس رسول الله ﷺ في نميمة وعاقب في تهمة لما ظهر أمارات الريبة على المتهم فمن........" [١]

" خودا قورئان و پەیامبەری ناردوە بۆ بەرپاکردنی دادگەری و سەرفرازی ، بۆیە ئەگەر ئەو ئامانجە هاتەدی بەهەر شێوازێک لە شێوازەکان ئەوا ئەو حوکمە حوکمی خودایە ، خودای گەورە ڕێگاکانی بەدەسهێنانی دادگەریی سنوردار نەکردوە ... هەر ڕێگایەک دادگەری و یەکسانی بەرپا بکات ئەوا بەشێکە لە ئاین ..... هتد "

لێرە وەڵامی پرسیارێکی گرنگمان دەست دەکەوێ ، ئایا ژاپۆن و ئەوروپا و ولاتانی خۆشگوزەران و ئاسودە حوکم بە چی دەکەن ؟

بە پێی قورئان و لێکدانەوەی لۆجیکی بێ ئەوان حوکم بە بەرنامەی خودا دەکەن ، ئەوان گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکان و میللەتانی خۆیان خۆشحاڵ کرد . گرنگ نییە سەرۆکی ئەو وڵاتانە ئاینیان هەیە یان نا ، چونکە بڕیار نییە سەرۆک خەڵکی بباتە بەهەشت ، گرنگ دەستەبەرکردنی ژیان و ئاسودەیی و کامەرانییە بۆ خەڵک.

" هەندێکمان خودا دەپەرستین ، هەندێکیشمان بتە پیرۆزەکان "

---

[١] بدائع الفوائد . ابن القيم الجوزية

بەشی چوارەم

ئاستەنگەکانی بیرکردنەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست

" هەرگیز بە نەزانی نابیت بە دیندار ، خودا بە نەزانی ناپەرسترێ "

(د.مصطفی محمود)

ئاستەنگەکانی بیرکردنەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دوای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی باسی ئاینمان کرد بە پێویستی دەزانم ئەو هۆکارانە بخەمە ڕو کە هەڵە تێگەیشتن لە ئاین بەرپای دەکەن و دەبنە کۆسپ لە بەردەم بیرکردنەوەی دروست و پێشکەوتنی شارستانیەت، حەزدەکەم چەند هۆکارێکی سەرەکی بخەمەڕو کە بە پێویستیان دەزانم، هەرچەندە بە بۆچونی من

هەمو خاڵەکان درێژکراوەی یا پاشکۆی خالی یەکەمن، چونکە زۆربەی کێشەکەن پەیوەندیدارن بە هەڵە تێگەیشتن لە ئاین. ڕەنگە بپرسی لەبەرچی کێشەکان پەیوەستن بە ئاین؟

ئەگەر سەرنجێکی روکەش بدەین ،ڕەنگە کێشەکان بە سادەیی بێنە بەرچاو یا لانی کەم هۆکارەکانیان بگێڕینەوە بۆ نەخوێندەواری ، مێژو ، جوگرافیا ،دیکتاتۆریەت ، داگیرکاری.....هتد

ئەوانەی سەرەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەمویان راستن تا ڕێژەیەکی دیرایکراو ، بەلام ئەگەر وردتر سەرنج بدین دەبینین هۆکاری هەمو ئەوانەی سەرو ، سیستەمێکە خەلکی رام کردوە لەسەر گوێڕایەڵیی کوێرانە بۆ چەند کەلتورێکی دیرایکراو کە زۆر بە قوڵی رەگیان داکوتاوە لە بونیادی بیرکردنەوەمان .

کۆمەڵێک کەلتور بەکارهێنران لەبری یاسا ،چونکە یاسا تەگەرە بۆ مرۆڤ دروست ناکات بەلکو کارئاسانیی بۆ دەکات ،ئەوەی ئێمە بە دەستیەوە دەناڵێنین چەند کەلتورێکن بە ناوی جیاجیا و لەژێر چەند دروشمێکی پیرۆز کۆمەلگەیان بەلارێدا بردوە.

کەلتورەکان ریشەی جیایان هەیە ، گرنگترینیان ئەوانەن کە بەناوی ئاین هاتون،پاشان ئەوانەی پەیوەستن بە جولاندنی هەستی مرۆڤ ،وەک نیشتیمان پەروەری و خۆشەویستیی خاک .

لەبنەرەتدا هەم ئاین و هەم خۆشەویستیی نیشتیمان هەستی جوان و پیرۆزن بەلام کاتێک ئەم دوانە تێکەلکران و بەرژەوەندی و چاوچنۆکیی مرۆڤەکانی تێکەوت ،سەرەنجام کۆمەڵێک کەلتور و شێوازی ژیان دێنە بەرهەم کە لە ماڵوێرانی زیاتر هیچیان لێ بەرهەم نایێ.

کێشە گەورەکەی ئێمە بە سیاسەتکردنی ئاینە، کە رەگێکی مێژویی زۆر قولی هەیە ، هەمو ئەو چەوتی و ناشرینیانەش کە بەرهەمدێن دادەپۆشرێن بە بەرگێکی درۆینە ، ئەوانەی کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم سیستەمە کردوە زۆر ژیربون ،مرۆڤ

زۆرجار کە شتێکی چەوت دەبینێ دەنگ هەڵدەبڕێ بەلام ئەگەر ئەم چەوتییە بەرگی ئاین یا نیشتیمانی بەبەرداکرابو بێدەنگ دەبێ.

ئیبن خەلدون دەڵێ :

" ئەو بەڵایانەی کە لەژێر ماسکی ئاین حەشاردراون بازرگانیی زۆر چاکیان پێوەدەکرێ لە سەردەمی نەبونی بیرکردنەوەی دروست " .[1]

هەروەها دەڵێ:

" تەنگژە سیاسییەکان دەبێ بەرگێکی نەتەوەیی یا ئاینییان بەبەردابکرێ ، تا سەرکردەکان بتوانن پیاوانی خۆیان هان بدەن بۆ شەرکردن و مردن ، بەم جۆرە جەنگاوەران وا دەزانن لە پێناو شتێکی پیرۆزدا دەمرن"[2]

کێشە گەورەکەی ئێمە نە ئاینە و نە نیشتیمان ،بەڵکو بە سیاسی کردنی ئاین و بە نیشتیمانیکردنی مەرامە تایبەتەکانی دەسەلاتدارانە.

ئاین ، زۆر پیرۆز و گرنگە ، مایەی خۆشبەختیی هەموانە ، وە تێگەیشتنیش لە ئاین سەخت نییە ،چونکە خودا بۆمرۆڤی ناردوە و ئەقلی مرۆڤیش گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە لێی تێبگات ، بەلام بەداخەوە تێگەیشتن لەئاین قۆرخ کراوە و بەستراوەتەوە بە چەند مەرجێک و چەند کەسێکی دیاریکراو .

لەئەنجامی قۆرخکردنی ئاینیش دەبینین زیاتر لە ١٠ سەدەیە لە نەهامەتی و کوێرەوەری زیاتر هیچمان نەدی.

ئەم ئاینە پیرۆزە داپۆشراوە بە بەرگێکی ڕازاوە بەڵام فریودەر ، ئاین و کەلتور بە شێوەیەک تێکەڵ بون جیاکردنەوەیان ئەستەمە. هەمومان پێویستە هەوڵ بدەین دوبارە ئاین بدۆزینەوە و ئاشتی بکەینەوە.

بۆیە هەرچی دەنوسم دەربارەی ئاین ، دەربارەی هەڵە تێگەیشتنە لەئاین نەک رەخنە لە خودی ئاین.

---

[1] مقدمة ابن خلدون
[2] مقدمة ابن خلدون

هەرچیش دەنوسم دەربارەی نیشتیمان ، رەخنەیە لە تێگەیشتنی هەڵەمان بۆ نیشتیمان نەک نیشتیمان.

*   *   *

" زۆرێکمان بتپەرستین ، جیاوازیمان لەگەل بتپەرستانی سەردەمە کۆنەکان ئەوەیە کە بتەکانی ئێمە لە ناخماندان ، بتەکانی ناخت بشکێنە خودا و بتەکان پێکەوە کۆنابنەوە "

ئاستەنگەکانی بیرکردنەوە

یەکەم: هەڵە تێگەیشتن لە ئاین

مەسەلەی تێگەیشتن لە ئاین بابەتێکی یەکجار ئاڵۆز و هەستیارە، چونکە ئاین خۆی بابەتێکی هەستیارە و پەیوەستە بە رۆحی تاک هەر لەبەر ئەوەشە خەڵکی

زۆر بە توندی بەرگری لە ئاین دەکەن هەرچەندە شتێکی ئەوتۆش دەربارەی نازانن. بە پێویستی دەزانم هەمومان پرسیارێک لەخۆمان بکەین .

ئایا دورکەوتنەوە لەئاین هۆکاری دواکەوتنە؟

تێنەگەیشتن لەئاین واتە دورکەوتنەوە لێی ، ئەگەر بە وردیش سەرنجی خۆمان و دەوروبەرمان بدەین تێبینی ئەوە دەکەین کە ئێمە بەراستی زۆر لە ئاین دورین ، چونکە وەک پێویست لێی تێنەگەیشتوین بە داخەوە.

هەر تاکێکی کۆمەڵگای ئێمە بدوێنە ئەگەر هیچ خوێندەواریشی نەبێ کاتێک دەربارەی ئاین شتێک باس دەکرێ بە بێ دودڵی دێتە ناو مەسەلەکان و زۆر بە توندی بەرگری لە ئاین دەکات بە بێ ئەوەی هیچ دەربارەی ئاینەکەی خۆی بزانێ ، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئاین پەیوەستە بە ناخی مرۆڤ و بەشێکی گرنگە لە بیرکردنەوە و ئاراستەکردنی بڕیارەکانی .

کاتێک باسی ئاین دەکەین بێگومان زانا ئاینیەکان بە سەرچاوە دادەنرێن، شتێکی ئاساییە کە خەڵکی زانا ئاینیەکان بە پێشەوای خۆیان بزانن لە کاروباری ئاین، ئەوەی ئاسایی نیە ئەوەیە کە زانای ئاینی لە هەمو لایەنەکانی ژیان بە پێشەوا بزانرێ و پرس و ڕای پێ بکرێ، چونکە زانای ئاینی دیارە کە تەنها لە ئاین شارەزایە (ئەگەر شارەزا بێ) .

ئەوەی شارەزای مێژوی ئیسلام بێ و تێبینی کردبێ هەست بەوە دەکات کە نازناوی زانا تەنها بەوانە دراوە کە لە ئاین شارەزابون، ڕەنگە بۆ ١٤ سەدە بەر لە ئێستا تا ڕادەیەک ئەو شتە ڕاست بوبێ ، چونکە ئەوکات زانستی تر نەبوە .

" ئیمامی شافیعی کە بە دانەری بناغەی (اصول الفقه) دادەنرێ تەنها ٤ زانستی زانیوە ، قورئان،فەرمودە،بنەماکانی تێگەیشتن لە ئاین (اصول الفقه)،رەوانبێژی ، چونکە ئەوکات زانستەکانی تر وەرنەگێررابونە سەرزمانی عەرەبی"[1]

ئەگەر بروانینە سەردەمی پەیامبەر (د.خ) پێش دابەزینی پەیام دەبینین ئەوکات شتێک نەبوە بە ناوی زانست، ئەوەی هەبوە بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوە لە

[1] د.موستەفا زەلمی لە کاروانی ژیانم.

ئەدەبیات و بە تایبەت هۆنراوە، هەندێک بابەتی تریش هەبون وەک ئەستێرەناسی و فالگرتنەوە بەلام نەچونەتە قالبی زانست ، دوای دابەزینی قورئانیش خەلک خۆیان سەرقال کرد بە لەبەرکردنی و فێرکردنی خەلکی تر، ئەوکات شتێک نەبو بەناوی فەرمودە، بۆیە ئەوکات زانا ئەو کەسە بوە کە زۆرترین بەشی قورئانی لەبەر بێ.

راستییەکیش هەیە ڕەنگە زۆرجار باس نەکرێ ئەویش ئەوەیە ،لەسەردەمانی زو ،چونکە تاقیکردنەوە و تۆمارکردن نەبوە ، پێوانەی زیرەکی بە ٢ پێوەر کراوە:

١- **بیرتیژی :** واتە توانای لەبەرکردنی زۆر بەهێز ، کە پێوانەیەکی زۆر نازانستی و هەلەیە، چونکە لەبەرکردن و فێربون دو شتی تەواو لێک جیان.

لەبەرکردن زیانی زۆری هەیە ، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- مێشک زۆرماندو دەکات و زۆرجار ئەگەر یەک وشەت بیربچێ ئەوا بەشێکی زۆری بابەتەکەت لەبیردەچێ ،هەربۆیە ئەوانەی شت زۆر لەبەر دەکەن کاتێك دێڕێکیان لەبیردەچێتەوە داوای وشەی یەکەم دەکەن،هەر کە وشەی یەکەمت ئاشکرا کرد وەکو زنجیرە بەدوایدا توتی ئاسا بابەتەکە دەلێنەوە بێ ئەوەی لێی تێبگەن.

- تواناکانی مێشک سنوردار دەکات و بیرۆکەی نوێ و داهێنان دروست ناکات، چونکە وشەکان چۆن کۆپی کراون لە مێشک ئاوا دێنە سەر زار یا سەر لاپەڕەکان.

- فێربون سنوردار دەکات ،چونکە بیرۆکەکانی پشت وشەکان نابینێ بەلکو جەخت دەکاتە سەر وێنەگرتنی وشەکان و هێنانەوەیان وەک خۆی لە کاتی پێویست.

- فێربونێکی کاتییە و مەودای کورتە .

- ڕونکردنەوە سەخت دەبێ کاتێک بابەتەکە وەک خۆی لەبەر بکرێ چونکە کەمو زیادی هەلناگرێ و لە چوارچێوەی کۆپی کردن دەرناچێ.

- سەختە بتوانرێ بیرۆکەکان ببینرێن لە ژیانی رۆژانەدا کاتێک لەبەرکرابن ،هەر بۆیەشە زۆر جار قوتابیان گلەیی ئەوە دەکەن کە ئەو بابەتانەی فێری دەبن هیچ سودیان نییە لە ژیانی رۆژانە ، باشە بۆچی دەیانخوێنین مادام وایە ؟ لەڕاستیدا بابەتەکان هەمویان بەسودن و لەژیاندا بەکاردێن بەڵام چونکە بابەتەکان لەبەرکراون و کۆپی کراون ، وەک وێنە بەناو مێشکدا گوزەر دەکەن و هەر ئەوەندە سودیان هەیە تا لە تاقیکردنەوەکان دەخرێنە سەر لاپەرەکان.

- جیاوازییەکان و لەیەکچونەکان بەدی ناکرێن ، هەروەها ئەزمونکردنیان سەختە ،واتە بە ئاسانی ناکرێنە کردار چونکە بابەتەکان بە لەبەرکردن ناچنە نێو خەرمانەی شارەزایی .

- دەبێتە هۆی لە قاڵبدانی بیرکردنەوە و تەسکیی ئاسۆی بیرکردنەوە ، چونکە تەنها یەک وەڵامی ڕاست هەیە ، ئەمەش کارەساتی لێ دەکەوێتەوە چونکە دەگمەنە هیچ بیرۆکەیەک ڕاستیی رەها بێ.

٢- **رەوانبێژی و قسەزانی** : لە سەردەمانی زو هەرکەسێک قسەزان و ڕەوانبێژ بوایە و هۆنراوەی زۆری بزانیایە بە بلیمەت دادەنرا ، کە ئەمەش دیسان پێوانەیەکی هەڵەیە ،چونکە وەک ئاشکرایە لەنێو هەمو پەیامبەران و نێردراوانی خودا تەنانەت یەک دانەشیان ، نە شاعیر و نە فەیلەسوف و نە زانا و بلیمەت و نە وتاربێژی بەناوبانگ نەبون ، بەڵکو مرۆڤی ئاسایی بون وەک هەمو مرۆڤەکانی تر ،ئەوەی ئەوانی جیاکردۆتەوە تەنها ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم :ڕەوشت بەرزی ،هەمو پەیامبەران بەر لەوەی ببن بە پەیامبەری خودا ،خاوەنی ڕەوشتی بەرز بون و لە خەلک باشتر و پاکتر بون.

دوەم : بیرکردنەوەی دروست ،هەمو پەیامبەران بیرکردنەوەیان جیابوە لەخەلک ،هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوە لە ئاینی چەوتی گەلانی خۆیان هەڵگەڕاونەتەوە و خودایان دۆزیوەتەوە ،ئەوان بە ئەقڵ و لۆجیک خودایان دۆزیوەتەوە ،واتە بە بیرکردنەوەی دروست، سەرەتا گومان کردن ، پاشان گەڕان بەدوای حەقیقەت.

سێیەم: گیانی شۆڕشگێڕانە ، هەر هەمو پەیامبەران شۆڕشگێڕ و یاخی و چاکساز بون ، هەرلەبەر ئەم هۆکارەشە کە هەمیشە دژایەتیان کراوە و ئازار دراون . ئەگەر پەیامبەران وەک بازرگانانی ئەمڕۆی ئاین بوان ،هەرگیز توشی دژایەتیکردن و ئازار و ئاوارەبون و سەختیی ژیان نەدەبونەوە ، ئەگەر چاکسازی و ڕێنمونی کردنی خەلک هەر بە وتاردان و ریش هێشتنەوە بوایە ،ئەوا پەیامبەران لە ناو میللەتانی خۆیان دەکران بە پاشا و دەمڕاست و پێشەوا ،ئەوان چاک لە پەیامی خوا تێگەیشتبون ، هەڵگرتنی پەیام واتە کارکردنی سەخت و وەستانەوە دژ بە نەریتە چەوتەکان ،نەک وتاردان و نەفرەتکردن لە گوناهباران و ناردنیان بۆ دۆزەخ لەسەر مینبەری پەیامبەران و بەناوی خودای میهرەبان.

دوای کۆچی دوایی پەیامبەر (د.خ) ، تاماوەی زیاتر لە سەدەیەک هەر بەم شێوەیە زانست بریتی بو تەنها لە قورئان ، تا ئەوکاتەی لە کۆتایی سەدەی ٢ ی کۆچی ئیمامی بوخاری و پاشان موسلیم پەیدابون،پاشان هی تریش دەستیان کرد بە گێڕانەوەو کۆکردنەوەی فەرمودە، دوای ماوەیەک ئیتر زانستێک پەیدابو بەناوی زانستی فەرمودە.

لە سەدەی ٢ی کۆچی ئەو بیرۆکەیە سەری هەڵدا کە تەنها قورئان و فەرمودە زانستن و زانستەکانی تر بەتاڵن و خۆخەریک کردن پێیانەوە کات بە فیڕۆدانە.

یاساکانی ڕێزمانی عەرەبیش لەدوای سەدەی یەکەمی کۆچی دانران لە لایەن (الفراهیدی) کە زانستی (العروض)[1] و بنەماکانی (الصرف)[2] ی دانا ،پاشان (سیبەوەیهی فارس)[3] کتێبێکی لەسەر رێزمان نوسی بە ناوی (الکتاب)، کە یەکەم کتێبی رێزمانی عەرەبیە ، هەرچەندە پێش ئەوان (ابو اسود الدوءلی)[4] لەسەر

[1] (العروض) زانستێکە پەیوەستە بە ڕێکوپێکیی کێشی هۆنراوە ، واتە تەرازوی هۆنراوە
[2] (علم الصرف) زانستی وشەسازییە لەزمانی عەرەبی
[3] عمرو بن عثمان بن قنبر الحارثي ، لە ١٤٨ تا ١٨٠ ی کۆچی ژیاوە، زمانەوانێکی فارسە و خەڵکی شیرازە ، قوتابیی الفراهیدی بوە.
[4] أبو الأسود ظالم بن عمرو بن سفيان الدؤلي الكناني. زمانەوان و شاعیر بوە ، لە ١٦ی پێش کۆچی تا ٦٩ ی کۆچی ژیاوە، یەکەم کەس بوە خاڵی لەسەر پیتەکانی زمانی عەرەبی داناوە.

داوای ئیمامی عەلی چەند بنەمایەکی ڕێزمانی دانابو، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە زمانی عەرەبی و لقەکانیشی تا ئەو کاتە وەک زانست نەخوێنراون.[1]

ئەگەرچی زانستی فەلسەفە و لۆجیک زیاتر لە ١٠ سەدە پێش ئیسلام هەبون و لە ناو جیهانی ئیسلامیش خەلکیک هەبون کە شارەزاییان هەبو دەربارەیان بەلام زۆر دژایەتیان کرا و بە زەندیق و کافر و گومڕا ناوزەد کران و ڕوبەڕوی ڕاوەدونان و ئەشکەنجە بونەوە، لە ئەنجامدا ئەم ٢ زانستەی کە بەردی بناغەی بیرکردنەوەی دروستن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لە جیهانی ئیسلامی نەمان.

بێگومان نەمانی فەلسەفە و لۆجیک کارەسات بو ، بەڵام دیارە کە دەسەڵاتی ئەوکات نەیویستوە خەڵک دروست بیربکاتەوە، چونکە مرۆڤ کە دروست بیری کردەوە ڕەخنە دەگرێ، ڕەخنەگرتنیش لە دیکتاتۆر بڤەیە و کەس نابێ ڕەخنە بگرێ بە تایبەت ئەگەر دیکتاتۆرەکە بە ناوی خودا حوکمی دەکرد .

دەتوانین بڵێین هەر لەگەل گرتنە دەسەڵاتی یەکەم خەلیفەی (ئەمەویەکان)[2] پایەکانی دیکتاتۆریەت چەسپێنران و خەلیفە بو بە سێبەری خوا لەسەر زەوی و هەمو فرمانێک لە دەستی ئەوە، لە کاتێکدا پەیامبەر (د.خ) خۆی نەکردە سێبەری خودا و کاتێک چوە مەدینە دەستوری دانا، خۆ ئەوکات قورئانیش هەبو بەڵام ئەو ویستی فێرمان بکات کە شەرعیەت لە خەلک وەردەگیرێ و بۆ خزمەتی خەڵکە نەک لە خودا وەری بگری و بە ناوی خودا خەلک بچەوسێنیەوە.

بێگومان ئەمەویەکان و دوای ئەوانیش (عەبباسیەکان)[3] بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی خۆیان توند بکەن پێوستیان بەوە بو خەڵک لە تاریکی و گومڕایی بهێلنەوە، لەم کارەشیاندا بێگومان پێویستیان بە کۆمەڵیک واعیزی دونیا پەرست هەبو تا بە دڵی خەلیفە دینی خوا دابڕێژن.

خەلیفەکان بەیارمەتیی واعیزی دنیاپەرست توانیان ئەوەی پلانیان بۆ دانابو تەواو جێبەجێی بکەن و کۆمەلگەی ئیسلامییان لە تاریکی و نەزانیدا هێشتەوە و

---

[1] سير اعلام النبلاء
[2] نەوەکانی أمیّة بن عبد شمس. لەهۆزی قورەیش.
[3] نەوەکانی عباس ، مامی محمد (د.خ).لە تیرەی هاشمیین لە هۆزی قورەیش

هەرکەسێک باسی زانست یا فەلسەفە یا بیرێکی نوێی بکردایە توشی ئەشکەنجەو زیندان و تەنانەت کوشتنیش دەبو.

زۆرن ئەو زانایانەی کە لە سەردەمە جیاجیاکان توشی کافرکردن و ئەشکەنجەو زیندان و راوەدونان بون لەسەر دەستی خەلیفەکان لەوانە:

- جابر بن حیان بن عبد الله الازدی، ناسراو بە ابن حیان.[1]

لە ساڵی(١٠١تا ١٩٥)ی کۆچی ژیاوە، زانایەکی زۆر بلیمەت بوە لە بوارەکانی فەلسەفە و فەلەکناسی و ئەندازە و پزیشکی و دەرمانسازی و کیمیا ،بە یەکەم کەس دادەنرێ لەمێژو کە کیمیای بەشێوەی کرداری بەکارهێنابێ،بە باوکی کیمیا دەناسرێ[2]

ابن تیمیة دەڵێ :

"ابن حیان کە خاوەنی کۆمەلێک کتێبی بەناوبانگە لە کیمیا، کەسێکی نادیارە، نەناسراوە و لە نێو زانایان و ئەهلی دین ناوی نییە ، وە ئەگەر بشناسرێ ئەوا وەک ساحیرێک لە ساحیرە گەورەکانی ئوممەت دەناسرێ ،کاری لە بواری کیمیا و سیحر و تەلیسم کردوە .... "[3]

- ابو نصر محمد بن محمد بن طرخان الفارابي، ناسراو بە فارابی[4]

لە ساڵی (٢٦٠تا ٣٣٩)ی کۆچی ژیاوە، لە گەورەترین فەیلەسوفانی ئیسلامە و بە مامۆستای دوەم دادەنرێ دوای ئەرەستۆ،لەکازاخستان لەدایکبوە.

ابن العماد لە (شذرات الذهب) دەڵێ:

" زانایان کۆکن لەسەر کوفر و زەندەقەی فارابی"[5]

---

[1] د.زكي نجيب محمود ، جابر بن حيان

[2] Julian, Franklyn, *Dictionary of the Occult*, Kessinger Publishing, 2003

[3] ابن تيمية . مجموع الفتاوى

[4] الموسوعة الموجزة في التاريخ الإسلامي

[5] ابن العماد. شذرات الذهب في أخبار من ذهب

- أبو علي الحسين بن علي بن عبد الله بن الحسن بن علي بن سينا،ناسراو به ابن سينا

له ساڵی (٣٧٠ تا ٤٢٧) ی كۆچی ژیاوه ، بەناوبانگترین زانا و دکتۆر و فەیلەسوفی جیهانی ئیسلامییە.

به باوكی زانستی پزیشكی ناسراوه.

ابن القيم لەبارەی ابن سینا دەڵێ:

" مولحیدە،بەڵكو سەرۆكی هەمو مولحیدەكانە" [١].

"ئیمامی مولحیدانە ئەوانەی باوەڕیان نییە به خودا و فریشتەكان و كتێبەكان و پەیامبەران و رۆژی دوایی"[٢]

ابو حامد الغزالی به هەمان شێوه ابن سینای كافر كردوه [٣].

بەڵام كشمیری به "مولحیدی زەندیق " ناوی بردوه.[٤]

- أبو يوسف يعقوب بن إسحاق بن الصباح الكندي

له ساڵی (١٨٥تا ٢٥٦) ی كۆچی ژیاوه ، زانایەكی زۆر بلیمەت بوه له بواری فەلسەفه و لۆجیك و بیركاری و فەلەكناسی و زۆر بابەتی زانستی تر، لەهەمو زانستەكان شارەزایی هەبوه و خاوەنی ٢٦٥ نوسراوه له بواره جیاجیاكانی زانست , فەیلەسوفی گەورەی ئینگلیز (Roger bacon) زۆر سەرسام بوه به كندی به تایبەت له بابەتێك كه لەسەر روناكی نوسیویەتی (الضوء - البصريات) [٥].

الحافظ الذهبي دەربارەی الكندي دەڵێ :

---

[١] ابن القيم الجوزية . الصواعق المرسلة
[٢] ابن القيم الجوزية . إغاثة اللهفان
[٣] ابو حامد الغزالي . المنقذ من الضلال
[٤] محمد أنور شاه بن معظم شاه الكشميري . فيض الباري
[٥] ويل ديورانت . قصة الحضارة

" پێی گوتراوه فەیلەسوفی عەرەب ، بێدین بوه (یا تاوانبار بوه) ، رەزیل بوه ، هەروەها ناپیاو بوه " [1].

(بە پێوەرەکانی ئەوان دیارە پیاوی چاک نەبوه)

- أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن أحمد بن رشد [2]

لە ساڵی (٥٢٠ تا ٥٩٥)ی کۆچی ژیاوه ، فەیلەسوف و دادوەر و دکتۆری بەناوبانگی مێژوی ئیسلام.

کاریگەرترین ئەقلە لەسەر فەلسەفەی ئیسلام و مسولمانان.

یەکەم کەس بوه فەرمانەکانی تۆڕی چاوی دۆزیوەتەوه.

دو کتێبی هەن کە زۆر بەناوبانگن :

یەکەمیان (تهافت التهافت) ،کە وەک وەلامدانەوەیەک نوسراوه بۆ کتێبی (تهافت الفلاسفة)ی ابو حامد الغزالی.

دوەمیان(فصل المقال)ە کە تیایدا بیرکردنەوەی شیکاری وەک مەرجێک دادەنێ بۆ تەفسیری قورئان ،تەواو پێچەوانەی ئاراستەی باوی تەفسیرکردنی قورئان لەسەربنەمای گێرانەوه .

ابن تيمية دەربارەی ابن رشد دەڵێ:

" ابن رشد فەیلەسوفێکی گومڕای مولحیدە..." [3]

- أبو علي الحسن بن الحسن بن الهيثم [1]

---

[1] الحافظ الذهبي . سير أعلام النبلاء
[2] ويل ديورانت . قصة الحضارة
[3] ابن تيمية. درء تعارض العقل والنقل

" پێی گوتراوه فەیلەسوفی عەرەب ، بێدین بوه (یا تاوانبار بوه) ، رەزیل بوه ، هەروەها ناپیاو بوه " [١].

(بە پێوەرەکانی ئەوان دیارە پیاوی چاک نەبوە)

- أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن أحمد بن رشد[٢]

لە ساڵی (٥٢٠ تا ٥٩٥)ی کۆچی ژیاوه ، فەیلەسوف و دادوەر و دکتۆری بەناوبانگی مێژوی ئیسلام.

کاریگەرترین ئەقلە لەسەر فەلسەفەی ئیسلام و مسولمانان.

یەکەم کەس بوه فەرمانەکانی تۆڕی چاوی دۆزیوەتەوه.

دو کتێبی هەن کە زۆر بەناوبانگن :

یەکەمیان (تهافت التهافت) ،کە وەک وەلامدانەوەیەک نوسراوه بۆ کتێبی (تهافت الفلاسفة)ی ابو حامد الغزالی.

دوەمیان(فصل المقال)ه کە تیایدا بیرکردنەوەی شیکاری وەک مەرجێک دادەنێ بۆ تەفسیری قورئان ،تەواو پێچەوانەی ئاراستەی باوی تەفسیرکردنی قورئان لەسەربنەمای گێڕانەوه .

ابن تيمية دەربارەی ابن رشد دەڵێ:

" ابن رشد فەیلەسوفێکی گومڕای مولحیده..."[٣]

- أبو علي الحسن بن الحسن بن الهيثم[١]

---

[١] الحافظ الذهبي . سير أعلام النبلاء
[٢] ويل ديورانت . قصة الحضارة
[٣] ابن تيمية، درء تعارض العقل والنقل

له ساڵی (٣٥٤ تا ٤٣٠) ی كۆچی ژیاوه ، زانایه‌كی زۆر بلیمه‌ت بوه له ئه‌ندازه و بیركاری و فه‌لسه‌فه ، به‌ناوبانگترین به‌رهه‌می كتێبی (المناظر)ه كه تیایدا باسی زۆر بابه‌تی گرنگ ده‌كات له بواره‌كای ده‌رون و بیركاری و فیزیا ، كاره‌كانی ئه‌و زانایه له‌سه‌ر روناكی و تیشك ئه‌وه‌نده گرنگن زانا ئه‌وروپیه‌كانی وه‌ك (Roger Bacon) دوای ٣٠٠ساڵ پشتیان به داتاكانی به‌ستوه له هه‌وڵه‌كانیان بۆ داهێنانی مایكرۆسۆپ و زۆر شتی تر.

ابن تیمیة ده‌رباره‌ی ابن رشد ده‌ڵێ:

" ئه‌ویش له‌و مولحیدانه‌یه كه له ئیسلام ده‌رچون وه‌ك ابن سینا و ......"[2]

من لێره‌دا نامه‌وێ به‌رگری له‌و زانا و له‌م زانا بكه‌م یا هه‌ندێكیان تاوانبار بكه‌م و لایه‌نگری هه‌ندێكیان بكه‌م چونكه هه‌مو فه‌یله‌سوفان و زانایان و ئه‌هلی فیكر له‌هه‌مو سه‌رده‌مه‌كان رای باش و خراپیان هه‌بوه و كه‌سیان فریشته نه‌بون.ئێمه ده‌توانین سود له زانستی زاناكان وه‌ربگرین به‌بێ ئه‌وه‌ی كافریان بكه‌ین و خه‌ڵكی له زانست دوربخه‌ینه‌وه، ئه‌وروپیه‌كان سودیان له زانستی هه‌مو زاناكان وه‌رگرت ، به تایبه‌ت ئه‌و زانا مسولمانانه‌ی له سه‌ره‌وه ناومان بردن،ئه‌وان نه‌یانگوت فلان زانا كافره با بۆچونه‌كانی وه‌رنه‌گرین ، خۆ ئه‌گه‌ر به‌م پێوه‌رانه بێ هه‌مو مسولمانان به ئاینی ئه‌وان كافرن و به‌م پێیه بێ نابێ ئه‌وان زانستی زانا مسولمانه‌كان وه‌ربگرن ، به‌ڵام لای ئه‌وان زانست گرنگتره له بیروبۆچونی تاكه‌كان،زانا له‌سه‌ر هه‌ر ئاینێك بێ زانسته‌كه‌ی سودی هه‌یه ،من سود له‌زانستی ستیفین هۆكینگ و ئه‌نیشتاین و نیوتن و داروین و هه‌مو زاناكان وه‌رده‌گرم با مسولمانیش نه‌بن .

كێشه‌كه له‌وه‌یه كه خه‌ڵكی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست به زانا و نه‌زانیه‌وه بیركردنه‌وه‌یان فیقهییه ، له‌كاتێكدا ژیان و بیركردنه‌وه و خۆشگوزه‌رانی و پێشكه‌وتن په‌یوه‌ندی به فیقهه‌وه نییه.

ئه‌گه‌ر سه‌رنجی مێژو بده‌ین ،هه‌ر له‌گه‌ل گرتنه‌ده‌ستی ده‌سه‌لات له‌لایه‌ن ئه‌مه‌ویه‌كان ، زانست و زانایان توشی قه‌یرانی گه‌وره‌بون،به‌لام چونكه له سه‌ده‌ی

---

[1] ویل دیورانت . قصة الحضارة

[2] ابن تیمیة. درء تعارض العقل والنقل

یەکەم و دوەمی کۆچی مێژو نەنوسراوە ، دەبینین زۆربەی کێشەکان لەسەردەمی عەباسیەکان بەدی دەکرێن چونکە لەسەردەمی ئەوانەوە تۆمارکردن و نوسینەوە پەیدابو و پەرەی سەند.

ئەگەر سەرنج بدەین هەمو زانا و مێژونوس و فەقیهەکان و زاناکانی فەرمودە و تەفسیریش لە دوای سەدەی دوەم،یا سەرەتای سەدەی سێیەم دەرکەوتون یا لانی کەم لەو سەردەمەوە تۆماردەکرێن .

رەنگە بڵێی عەقلیەتی فیقهی کۆتایی هاتوە و پێویست ناکا لاپەرەکانی مێژو هەڵدەینەوە ، ئەو عەقلیەتەی ئەورۆ هەیە زۆر لە هی جاران ترسناکترە ،پاشان خەلکی بە گشتی بە هەمان پەروەردە لە قالبدراون و هەمان شێوازی بیرکردنەوەیان هەیە ئیتر گۆڕانکاری چۆن رودەدات ئەگەر ئەم قاڵبە نەشکێنرێ؟

ئەوەتا زۆرێک مسولمانەکان ئێستاش بەم شێوازە بەلکو ترسناکتر بیردەکەنەوە ،

الشیخ عبد العزیز بن ریس الریس ،زانایەکی سعودییە و خاوەنی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرایە لە ئاین و نوسەری ٥٨ کتێبە ، لە یەکێک لە وتارە بەنرخەکانی لەسەر کەنالێکی ئاسمانی دەڵێ:

"ئەگەر سەرۆکی وڵات هەمو رۆژێک لەسەر تەلەفزیۆن نیو کاتژمێر مەی بخواتەوە و زیناش بکا نابێ بە خراپە باسی بکەی چونکە ئەرکی سەرشانی تۆ ئەوەیە خەلکی کۆبکەیتەوە لەدەوری سەرۆک نەک کێشەی بۆ دروست بکەی" [١]

شتی لەوە سەیرتریش وتراوە و دەوترێ تا خەلکی ئامادەبن گوێیان لێبگرن. گرنگ نییە چەندکەس هاوڕایە لەگەڵی ، کارەسات ئەوەیە کە بە ناوی خودا و ئاین ئەم قسانە دەکرێن. مێژو هەمیشە خۆی دوبارەدەکاتەوە بەلام لە بەرگی نوێ، ئێمە تا بیرو هۆشمان پاک نەکەینەوە لە ژەنگ و پیسیی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هەرگیز ناتوانین بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین.

---

[١] https://www.youtube.com/watch?v=e9vEIV18rQU

ئەوەی لە سەردەمی ئەمەویەکان و عەباسییەکان کرا بەرامبەر زاناکان تەواو مەسەلەیەکی سیاسی بو، ئەوان کۆمەلگەیەکی نوستویان دەویست کە تەنها خەریکی نوێژکردن و دوعا کردن بێ لەکاتێکدا زاناکانی سەربە دەسەلات و واعیزەکانی سولتان لە ژیانێکی خۆش دەژیان چونکە کاری ئەوان دارشتنی ئاینێک بو بە دڵی فەرمانڕەواکانی ئەوکات.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین ئەمەوییەکان ،دوای ئەوانیش عەبباسیەکان کاری زۆریان کردوە لەسەر داخستنی ئەقلی مسوڵمانان .

سەرەتا ئەمەویەکان ئەم پلانەی خوارەوەیان جێبەجێکرد بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەت و بەنجکردنی خەڵک:

١- تەقدیسکردنی خەلیفە و ناونانی بە سێبەری خودا.

ئەمەویەکان بە دارشتنی فەرمودەی (السُّلْطَانُ ظِلُّ اللَّهِ فِي الْأَرْضِ) هەنگاوی یەکەمیان نا بەرەو تەقدیسی خەلیفە ، بەمەش کەس نابێ لە فەرمانی دەربچێ چونکە خەلیفە سێبەری خوایە لەسەر زەوی.

با بزانین ئەم فەرمودەی سەرەوە ڕاستە؟

-السلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : محمد جار الله الصعدي

المصدر : النوافح العطرة

خلاصة حكم المحدث :**ضعيف**

-السلطانُ ظلُّ اللهِ في الأرضِ

الراوي : محمد بن سيرين

المحدث : محمد بن محمد الغزي

المصدر : إتقان ما يحسن

خلاصة حكم المحدث : **مرسل**

-السُلطانُ ظلُ اللهِ في الأرضِ

المحدث : الزرقاني

المصدر : مختصر المقاصد

خلاصة حكم المحدث : **ضعيف**

-السلطانُ ظِلُ اللهِ في الأرضِ

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : الألباني

المصدر : السلسلة الضعيفة

خلاصة حكم المحدث : **منكر**

- السُلطانُ ظِلُ اللهِ في الأرضِ يأوي إليْهِ كلُ ضعيفٍ وملهوفٍ

المحدث : ابن تيمية

المصدر : مجموع الفتاوى

خلاصة حكم المحدث : **صحيح**

- السُلطانُ ظلُ اللهِ في الأرضِ ، فمَن غَشَّهُ ضلَّ ، ومَن نصحَهُ اهتَدَى

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : الألباني

المصدر : ضعيف الجامع

خلاصة حكم المحدث : **موضوع**

-السلطانُ ظلُ اللهِ في الأرضِ، فمنْ غشَّهُ ضلَّ، و منْ نصحه اهْتَدَى

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : السيوطي

المصدر : الجامع الصغير

خلاصة حكم المحدث : **ضعيف**

-السُلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ ، فمَن أكرمَهُ أكرمَهُ اللهُ ، ومَن أهانَهُ أهانَهُ اللهُ

الراوي : أبو بكرة نفيع بن الحارث

المحدث : الألباني

المصدر : ضعيف الجامع

خلاصة حكم المحدث : **ضعيف**

-السلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ، فمَن أكرمَه أكرمَه اللهُ، ومَن أهانه أهانه اللهُ

الراوي : أبو بكرة نفيع بن الحارث

المحدث : الألباني

المصدر : السلسلة الضعيفة

خلاصة حكم المحدث : **ضعيف**

- عن أنسٍ قال السلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ فمن غشَّه ضلَّ ومن نصحه اهتدى

الراوي : قتادة بن دعامة

المحدث : السخاوي

المصدر : تخريج فضيلة العادلين

خلاصة حكم المحدث :فيه عقبة قال العقيلي **مجهول**

ئەوا من ١٠ سەرچاوەم دانا ، تۆش دەتوانی ١٠ ی تر سەرنج بدەی .

دەتوانم بلێم لە هەمو سەرچاوەکانی فەرمودە ئەم فەرمودەیە ڕاست نییە ، تەنها ابن تیمە بە ڕاستی دەزانی،

جا نازانم ، تۆ بڵێی ابن تیمیە لە خودا و پەیامبەر زاناتر بێ ؟

٢- گواستنەوەی سەنتەری ئاین لە خوداوە بۆ خەلیفە.

بەنی ئومەییە شەرعییەتیان لە خودا وەرگرت بە پشت بەستن بە فەرمودەی (السلطانُ ظِلُّ اللهِ فِي الأرضِ) لەکاتێکدا پەیامبەر کە چوە مەدینە پەیماننامەی مەدینەی نوسی و شەرعییەتی لەخەلک وەرگرت .

بەنی ئومەییە هەمو هەوڵێکیان دا تاوەکو خەلیفە بکەن بە سەنتەری ئیسلام چونکە چاک دەیانزانی کە قورئان دەسکاری ناکرێ و خەلکێکی زۆر لەبەریان کردوە و شارەزان لێی، هەروەها فەرمودەی پەیامبەر هیچی نەنوسراوەتەوە و دەکرێ بە دڵی خۆیان دایبرێژن و ئەوەی بە دڵیان نەبێ قەدەغەی بکەن.

بەمەش بازێکی گەورەیان دا بەسەر پەیامبەر و پەیامەکەی و راستەوخۆ سەنتەری ئاینیان لەخوداوە گواستەوە بۆ خەلیفە ،بەلام بۆئەوەی خەلکی چاوبەست بکەن هەمو کارەکانیان بە بەرگێکی پیرۆز پەردەپۆش دەکرد ، لێرەوە برەودان بە فەرمودە دەستی پێکرد و فەرمودە و بەسەرهاتەکان بە دڵی سولتانەکان دارێژرانەوە.

وەک ئاشکراشە زاناکانی فەرمودە هیچیان لە سەدەی یەکەم نەبون بەلکو لە کۆتایی سەدەی دوەم یا سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی پەیدابون ،لەکاتیکدا دەسەلاتی بەنی ئومەییە زیاتر لە نیو سەدە بەر لەم مێژوە کۆتایی هاتبو.

پەیدانەبونی زانایانی فەرمودە لە سەردەمی بەنی ئومەییە هەلێکی باش بو بۆ برەودان بەو فەرمودە دانراوانەی لەبەرژەوەندیی دەسەلاتن .

خالێکی تریش هێنانی چیرۆک و بەسەرهات بو لە داستانە کۆنەکانی ئیسرائیلیەکان و کردنیان بە فەرمودە.

داستان و بەسەرهات و کەلتوری زۆریش تێکەلی فەرمودە کراون کە دور و نزیک پەیوەندییان بە ئاینەوە نییە.

واعیزەکانی بەنی ئومەییە بە ئارەزوی خەلیفە فەمودەیان گێڕاوەتەوە چونکە وەک ئاشکرایە کە یەکەم زانای فەرمودە ،کە (ئیمامی بوخاری)ە[1] ، لە سەرەتای سەدەی ٣ ی کۆچی دەستی کردوە بە کارکردن لەسەر فەرمودە.

تەگەرەی بەردەمی ئەوان تەنها قورئان بوە ،بەلام بە فەرمودەی (سولتان سێبەری خوایە ....) ئەوگرفتەشیان چارەسەرکردوە.

بەهۆی بێدەنگیی خەلک و نزمیی ئاستی رۆشنبیری و ترس لە سزای سولتان و سزای خودا ، سولتان بەڕاستی بو بە سێبەری خودا لەسەرزەوی ، هیچ کەس بۆی نەبو رەخنە بگرێ یا بێزاری پیشان بدا ،بەمەش زەمینەسازی کرا بۆ بلاوبونەوەی (العقیدة الجبرية)[2] ، هەلگرانی ئەم بۆچونە هەمو شتەکان بۆ خوا دەگەڕیننەوە و مرۆڤ تیایدا هیچ دەسەلاتی نییە ،واتە هەرچیی بەسەرمرۆڤدا دێت خوا لەسەری نوسیوە و مرۆڤ دەسەلاتی گۆڕینی نییە ، بۆیە پێویست ناکات خۆی ماندو بکات بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات .

ئەمەویەکان لەپێناو پاراستنی پایەی خۆیان پەنایان بردەبەر قورئان و راڤەکردنی قورئانیان بەوشێوەیە کرد کە لەگەل عەقیدەی جەبری بگونجێ بۆ نمونە :

- قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ ۖ بِيَدِكَ الْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ ال عمران.

" پێیان بلێ: خوایە تۆ خاوەنی هەموو شتێکی، دەسەلات دەبەخشی بەهەر کەسێک بتەوێ و دەسەلات وەردەگرێتەوە لە هەر کەسێک بتەوێ هەر کەس بتەوێ بالادەستی دەکەی، هەرکەسێکیش بتەوێ زەلیل و ژێردەستی دەکەی، هەرچی خێر هەیە هەر بە دەست تۆیە، بێگومان تۆ دەسەلاتداری بەسەر هەموو شتێکدا"

ئەوان راڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەیان بەشێوەیەک کرد کە گوایە مولک و دەسەلات لەلایەن خواوە دراوە بە بەنی ئومەییە و لەگەل قەدەری خواش هیچ ناکرێ ،بۆیە

---

[1] محمد بن إسماعيل البخاري ١٩٦ – ٢٥٦ ی کۆچی ژیاوە .
[2] المذاهب والفرق في الإسلام. د. صائب عبد الحميد

نابێ ڕەخنەمان هەبێ لە کاری خودا و دەبێ پێی قایل بین چونکە خێر هەر لەوەدایە کە خودا دەیکات.

ئەم جۆرە شەرعاندنە کاربەدەستانی بێتاوان دەرخست لەو هەمو تاوانەی کە کردیان لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات ،لەمەودواش هەرچی دەیکەن هەر قەدەری خوایە و نابێ کەس ڕەخنەی هەبێ .

ترسناکیی ئەم جۆرە بیرکردنەوە ئەوەیە کە ئێستاش خەلکی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان بیرکردنەوە و عەقیدەیان هەیە .

(موعاویەی کوری ابو سوفیان)[1] ویستی مینبەرەکەی خۆی بکاتە مینبەری عەقیدەی جەبری بەڵام هەر لە یەکەم هەوڵدانی کەسێکی هۆشیاری لێ پەیدابو و ڕەخنەی لێگرت ، کاتێک لەسەر مینبەر وتی:

- **وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾** الحجر .

" گەنجینەی هەموشت لای ئێمەیە و بەئەندازەی دیاریکراو دەیبەخشین."

"ئەوەتا خوا خۆی دەفەرموێ گەنجینەکان لای ئێمەیە و بە ئەندازەی دیاریکراو دەبەخشین،کەواتە بۆچی گلەیی لەمن دەکەن"؟

(احنف بن قیس)[2] لێی هاتە وەڵام و گوتی :

" ئێمە هیچ گلەییمان لە خەزێنەکانی خوا نییە ، گلەییمان لەوە هەیە کە ئەوەی خوا لە گەنجینەکانی خۆی دایبەزاندوە تۆ خستۆتە گەنجینەکانی خۆت و خۆت خستە نێوان ئێمە و خودا"[3]

عەقیدەی جەبری ڕەگی داکوتا و لە سەردەمی عەبباسیەکانیش برەوی پێدرا ، واعیزەکانیش زیاتر ڕازاندیانەوە وەک (بن اكثم التميمی) کە واعیزی (خەلیفە

---

[1] أبو عبد الرحمن معاوية بن أبي سفيان الأموي القرشي، یەکەم خەلیفە و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئمەوی لە ١٣٢ی کۆچی لە دیمەشق.
[2] الأحنف بن قيس بن معاوية بن حصين التميمي ، لە ٣ ی پێش کۆچ تا ٧٣ ی کۆچی ژیاوە ، ابن سعد لە طبقات باسی کردوە .
[3] ربيع الأبرار . الزمخشري

مامون) بو،پاشانیش ابن تیمیه هات فەرمودەی (سولتان سێبەری خوایە.....) ی بە ڕاست دانا و بەستیەوە بە (الربوبیة):

"وَأَمَّا الْحَدِيثُ النَّبَوِيُّ «السُّلْطَانُ ظِلُّ اللهِ فِي الْأَرْضِ، يَأْوِي إِلَيْهِ كُلُّ ضَعِيفٍ وَمَلْهُوفٍ» وَهَذَا صَحِيحٌ، فَإِنَّ الظِّلَّ مُفْتَقِرٌ إِلَى آوٍ... فَالسُّلْطَانُ عَبْدُ اللهِ، مَخْلُوقٌ، مُفْتَقِرٌ إِلَيْهِ... إِذْ هُوَ ظِلُّ اللهِ؛ لَكِنَّ الظِّلَّ تَارَةً يَكُونُ كَامِلًا مَانِعًا مِنْ جَمِيعِ الْأَذَى، وَتَارَةً لَا يَمْنَعُ إِلَّا بَعْضَ الْأَذَى، وَأَمَّا إِذَا عُدِمَ الظِّلُّ فَسَدَ الْأَمْرُ، كَعَدَمِ سِرِّ الرُّبُوبِيَّةِ الَّتِي بِهَا قِيَامُ الْأُمَّةِ الْإِنْسَانِيَّةِ"

" سولتان سێبەری خوایە لەسەرزەوی ، هەمولاوازێک پەنای بۆ دەبات ، ئەمەش راستە .... سولتان بەندەی خوایە ، سێبەری خوایە ، جاری وا هەیە سێبەر(بە مانای دەسەلات) هەمو ناخۆشیەکان لادەبات ، جاری واش هەیە بەشیکی ،بەڵام کە سێبەر نەبو ئەوا کارەکە تێکدەچێ ، وەک نەبونی سیفەتی (الربوبیة-خودایەتی)......"[1]

ابن تیمیە نەک هەر فەرمودەیەکی ناراست و ترسناکی بەڕاست دانا ،بەلکو ئەوەندە گەورەی کرد ، کەس دوای خۆی زاتی ئەوە نەکا قسەی تێدا بکا .

فەرمودەی (سولتان سێبەری خوایە.....)لە بنەڕەتدا داهێنانی (کعب الاحبار)[2] ە بە گوێرەی هەندێک زانا ، عومەری کوڕی خەتتاب چەندین جار هەڕەشەی لە کعب کردوە فەرمودە نەگێڕێتەوە ، تەنانەت پێی گوتوە **" واز لە گێڕانەوەی فەرمودە بێنە ئەگینا دەتنێرمە ناو مەیمونەکان"[3]**

(عوف ابن مالک)[4] بە هەمان شوە هەڕەشەی لە کعب کردوە، تا لە ترسا هەڵات بەرەو شام ،لەوێ مایەوە تا مرد،بەڵام موعاویەی کوری ابو سوفیان ، کە ئەمیری

---

[1] ابن تیمیة،مجموع الفتاوي

[2] سیر اعلام النبلاء ،زانایەکی یەهودی بو (٧٢ پێش کۆچ تا ٣٢ ی کۆچی ژیاوە)،لە سەردەمی خەلیفە عومەر هاتە مەدینە، لەگەل هاوەلان دادەنیشت و باسی چیرۆکەکانی بەنی ئیسرائیلی دەکرد و دەربارەی ئیسلام شت فێردەبو ، زانایەکی باش ومسولمانێکی باش بو.

[3] الأرناؤوط لە لێکۆلینەوەی لە سیرەی الذهبي دەربارەی ئەمە دەلێ، دروستە ج٢ ص ٦٠١

[4] عَوفُ بنُ مَالِك بن أَبِي عَوْف الاشجعي الغطفاني ،هاوەلێکی پەیامبەر بوە،سەرکردەی سەربازی بوە و فەرمودەشی گێڕاوەتەوە.

شام بو ، داوای لێکرد بەردەوام بێ لەسەر گێڕانەوەی فەرموودە و داوای لە هاوەڵانیش کرد کە زانستی لێ وەربگرن.[1]

پەیوەندیی کعب الاحبار بەم فەرموودەیە (دارقطنی) ئاشکرای کردوە لە (العلل).[2]

دیارە موعاویە بەرژەوەندیی لەوەدابوە کە مسولمانان و هاوەڵان زانست لەکەسێک وەربگرن کە جێی متمانە نییە و خەلیفەی مسوڵمانان چەندین جار هەڕەشەی لێکردوە کە واز لەگێڕانەوەی چیرۆک و فەرموودە بهێنێ.لێرەدا موعاویە بەڕونی دژی بڕیاری خەلیفەی مسوڵمانان کاردەکات ، بێگومان پلانی خۆی هەبوە ،ئەگینا هاوەڵان و زانایان چ پێویستییان بە چیرۆک و ئەفسانەی یەهودییەکان بو؟ دەکرێ ئەمە بە دەسپێکی ڕێخۆشکردن دابنرێ بۆ دزەکردنی ئەدەبیاتی ئیسرائیل و داستان و ئەفسانەکانیان بۆ ناو مسوڵمانان ، کە لە دواییدا بون بە بەشێک لە عەقیدەی مسوڵمانان و کارەساتی گەورەیان دروستکرد لە ژێرخانی هزری مسوڵمانان و شێوازی بیرکردنەوەیان.

٣- داهێنانی الناسخ والمنسوخ[3]

لە جیهانی ئیسلامی زۆرێک لە زاناکانی کۆن و نوێ باوەڕیان بە نسخ هەیە ، چەسپاندنی ئەم بیروباوەرە ئاینی ئیسلامی تەواو شێواند ، لە ئاینێکی فراوان و کۆکەرەوەی خەلک و مژدەدەر بو بە ئاینێکی تەسک و مایەی شەڕ و دوبەرەکی و تۆقێنەر.

زۆرێک لەو ئایەتانەی باسی ئاشتەوایی و بەکتر قبوڵکردنی تێدابێ بە منسوخ دانران ،لە بەرامبەریشدا،زۆرێک لەو ئایەتانەی باسی شەڕ دەکەن -کە لە کاتێکی دیاریکراو دابەزیون بۆ بابەتێکی دیاریکراو- کران بە ناسخ.

دەتوانین بڵێین گەورەترین شێواندنی ئاین بەهۆی داهێنانی ناسخ و منسوخ بوە.

٤- برەودان بە فەرموودە و پشتگوێخستنی قورئان

---

[1] الطبراني، الكبير ج١٨ ص٧٦

[2] الدارقطني، العلل ج١٢ ص١٣٨

[3] لە بەشی چەمکەکان بە درێژی باسکراوە.

فەرموده کێشەی زۆری لەسەرە لە نێوان زانایان چونکە بە وردی نازانرێ کام فەرموده دروستە و کامەی هەلبەستراوه.

هەرچەندە پەیامبەر فەرمانی بە هاوەلانی کرد کە هیچ لە فەرمودەکانی ئەو نەنوسنەوه جگەلە قورئان :

- لا تَكْتُبُوا عَنِّي، ومَن كَتَبَ عَنِّي غيرَ القُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ، وحَدِّثُوا عَنِّي، ولا حَرَجَ، ومَن كَذَبَ عَلَيَّ، قالَ هَمَّامٌ: أحْسِبُهُ قالَ، مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ.

الراوي : أبو سعيد الخدري

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" هیچ شتێک لە منەوه مەنوسنەوه ،هەرکەسێکیش شتێکی لەمنەوه وەرگرتوه و تۆماری کردوه (جگە لەقورئان) با بیسڕێتەوه ، باسم بکەن بەبێ شەرمکردن ،هەرکەسێکیش بە درۆ قسەکانی من بگێڕێتەوه ئەوا جێگەی خۆی لە دۆزەخ مسۆگەرکردوه "

هەندێک دەڵێن گوایە پەیامبەر پاشان ڕێگەی داوه فەرمودەکانی بنوسرێنەوه ،بەلام ڕاست نییە چونکە هەر ٤ خەلیفەکانی دوای خۆیشی ڕێگەیان نەداوه بە نوسینەوەی فەرموده ،ئەگەر پەیامبەر ڕێگەی بە شتێک دابێ چۆن خەلیفەکان ڕێگری لێ دەکەن؟ پاشان لەبەرچی فەرموده نوسینەوه تا نزیکەی ٢ سەدە لە وەفاتی پەیامبەر دواکەوت؟

تاکە هاوەڵی پەیامبەر کە ناوی دێت لە نەتەوەی کورد ناوی (جابان – ابو میمون الکردی)[١] ە ، کە چەندین ساڵ لەگەڵ پەیامبەر بوه بەلام تەنها یەک فەرمودەی گێڕاوەتەوه .

---

[١] اسد الغابة في معرفة الصحابة . ابن الاثير

کوڕەکەی ناوی (میمون – ابي بصیر – ابو الحکم)[1]، لە تابعینە ، لە وەڵامی پرسیاری (مالک ابن دینار)[2] ، کە بۆچی باوکت فەرمودەی لە پەیامبەر نەگێڕاوەتەوە ، لە وەڵامدا پێی گوتوە :

" باوکم شتی لە پەیامبەرەوە نەدەگێڕایەوە ، دەترسا لەوەی کەم و زیادی تێبکەوێ "

دیارە ئەم هاوەڵە بەرێزە فەرمایشتی پەیامبەری وەک خۆی بە جێ گەیاندوە کە فەرمویەتی ،(لە منەوە هیچ شتێک مەنوسنەوە)

ڕونیشە کە هەمو ئەوانەی لە دەوری پەیامبەر بون بەم شێوەیە پاک نەبون چونکە لەگەڵ پەیامبەر بون مانای بون بە فریشتە نییە.

خەڵک هەیە لەدەوروبەری پەیامبەر بوە بەڵام زۆر خراپ بوە چونکە جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان (الصحبة) و (الصحابة)[3]

فەرمودەیەک هەیە بە داخەوە تا ئێستا نەمبیستوە یەک زانا و بانگخواز باسی بکات ، باسی ئەوە دەکات کە نابێ پەیامبەران پایەیان زۆر بەرزبکرێتەوە وبە شیوەیەک تەقدیس بکرێن ببرێنە ریزی خودا ، بێگومان نەتەوەکانی تر وایان کرد و توشی گومڕایی بون ،هەرلەبەر ئەم هۆکارەش بوە کەپەیامبەر ئەم فەرمودەیەی خوارەوە فەرموە :

-لا تُطروني كما أطرتِ النصارى عيسى بنَ مريمَ ، وقولوا : عبدُ اللهِ ورسولُه

المحدث : القرطبي المفسر

المصدر : تفسير القرطبي

خلاصة حكم المحدث : صحيح

"ئەوەندە گەورەم مەکەن و تەقدیسم مەکەن وەک مەسیحییەکان وایان لەعیسا کرد (واتە کردیان بە خودا)، ئێوە تەنها بڵێن بەندەو نێردراوی خودا"

---

[1] ميزان الاعتدال في نقد الرجال . الحافظ الذهبي
[2] ميزان الاعتدال في نقد الرجال . الحافظ الذهبي
[3] الصحبة والصحابة . حسن فرحان المالكي

دیارە پەیامبەر چاک زانیویەتی رۆژێک دادێت ئەم کارەساتە ڕودەدات ، ئەوە نیە ئەمرۆ دەبینین کە بەناوی پەیامبەر چۆن دنیا وێران دەکەن و حەڵال و حەرام بە ئارەزوی دڵی فلان شێخە لەسەر داوای فڵان مەلیک و فڵانە سەرۆک.

بێگومان پەیامبەر و پێشینەکان و هاوەلەکان چاک دەیانزانی نوسینەوەی فەرمودە کێشەی زۆری تێدەکەوێ هەرلەبەر ئەوەش بو فەرمودەیان تۆمارنەکرد،تەنانەت ئیمامی عومەر چەندین جار هەرەشەی لە (ئەبو هورەیرە)[1] کردوە کە فەرمودە نەگێڕێتەوە و چەند جاریش لێی داوە . هەروەک ابن سعد لە الطبقات بۆمان دەگێڕێتەوە:

" امّا ضربه لأبي هريرة لم يكن لأجل مجرّد كذبه ، بل لأجل انّ عمر كان مخالفاً لنقل الأحاديث النبويّة حتّى لو كانت صحيحة ومعتبرة ، بل كان مذهبه ومسلكه هو ما صرّح به من قوله (حسبنا كتاب الله) "[2].

" ئیمامی عومەر تەنها لەبەر درۆکردن نەبوە کەلە ئەبوهورەیرەی داوە ،بەڵکو عومەر هەرخۆی ڕێگر بوە لە گێڕانەوەی فەرمودەکانی پەیامبەر تەنانەت ئەگەر دروست و باوەڕپێکراویش بوبن ، مەزهەبی ئەو بە ڕونی ئەوە بو (کتابی خودامان بەسە) "

دیارە ئیمامی عومەر چاک زانیویەتی کە قورئانی پیرۆز بەسە ، وەچاکیش زانیویەتی کە گێڕانەوەی فەرمودە مسوڵمانان دوردەخاتەوە لە دین و پەرتەوازەیان دەکات و هەر تاقمێک تاقمەکانی تر کافر دەکەن و بەش بەش و لاواز دەبن و هەرگیز لە دینەکە تێناگەن.

دیارە کە برەودان بە فەرمودە و کارپێکردنی و وەلانانی قورئانی پیرۆز ئامانجی زۆری هەبوە وەک ئامانجی سیاسی و ئابوری و ...هتد .

بەلام گرنگترین ئامانج قۆرخکردنی دەسەڵات و پاوانخوازی و دروست کردنی ئیمپراتۆریەت بوە ، هەروەک پەیامبەر دەفەرموێ :

---

[1] أبو هُرَيْرَة عبد الرحمن بن صخر الدوسي، هاوەڵی پەیامبەرە و زۆرترین فەرمودەی گێڕاوەتەوە.
شرح سنن ابي داود . عبدالمحسن العباد
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد

- الخلافةُ في أمّتي ثلاثونَ سنةً ، ثم مُلكٌ بعد ذلكَ .

الراوي : سفينة مولى رسول الله ﷺ

المحدث : الترمذي

المصدر : سنن الترمذي

خلاصة حكم المحدث : حسن

" جێنشینی دوای من ٣٠ ساڵە ، دوای ئەوە دەبێتە پاشایەتی "

دیارە پەیامبەر زانیویەتی دوای ٤ جێنشینەکە ئیسلام بەرەو لاوازی دەچێ ، ئەومسولمانانی ئاگادارکردەوە بەلام مسولمانان خەریکی شتی تر بون ، وەک کافرکردنی زانایان و کوشتنی یەکتر لەسەر پاشایەتی و ماڵی دونیا .

٥- دژایەتیکردنی بیروباوەری موعتەزیلە

الاعتزال ، واتە وازهێنان یا دورکەوتنەوە[1] .

لەمێژوی ئیسلام (معتزلة) بەوانە دەوترێ کە لەگەڵ رەوتی گشتی ناکۆک بون لەسەر چەند بابەتێک.

شەهرستانی ناوی موعتەزیلە دەگێرێتەوە بۆ دەستەواژە بەناوبانگەکەی (حەسەنی بەصری)[2] کە دەڵێ "واصل لێمان جیابوەوە "[3]

(واصل ابن العطاء)[4] دیارترین کەسایەتیی موعتەزیلەیە ،لە کۆڕی حەسەنی بەصری دادەنیشت،بەلام لەسەر چەند بابەتێک رای جیاوزی لەگەڵ بەصری هەبو ،ئیتر لە کۆڕی خوێندنی ئەو چوە دەرەوە و گروپێکیش لەگەڵی دەرچون و ناویان نرا موعتەزیلە .

---

[1] ثورة العقل للدكتور عبدالستار الراوى

[2] الحسن بن يسار البصري ٢١ تا ١١٠ ى كۆچی ژیاوە.

[3] الشهرستانی فی الملل والنحل

[4] أبو حذيفة واصل بن عطاء المخزومي لە ٨٠ تا ١٣١ ى كۆچی ژیاوە . وفيات الاعيان . ابن خلكان

موعتەزیلەکان عەقلیان هەڵبژارد و کردیان بە سەنگی مەحەک نەوەک نەقڵ ، وە بڕوایان بە ئازادیی بژاردەکانی مرۆڤ هەبو ، لای ئەوان عەقڵ گرنگترین سەرمایە بو ، وە عەقلیش بێ مانا دەبو ئەگەر ئازاد نەبوایە لە بیرکردنەوە .

ئەوان بە کورتی هەستیان بەوە کردبو کە نەقڵ کەموکوریی زۆرە و ناگونجێ لەگەڵ پێشکەوتن و دید و بۆچونی جیا ،جگەلەوەش خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا سەدان جار باسی عەقڵ و تێفکرین و بیرکردنەوەی کردوە ، قورئانی پیرۆز داوامان لێدەکا عەقلمان بەکاربخەین نەک گوێڕایەڵیی کوێرانەی نەقڵ ، چونکە عەقڵ گەورەترین و پیرۆزترین بەخششی خودایە بۆ مرۆڤەکان ، هەروەها نەقڵ ڕەنگە زۆرجار بە وردی و دروستی نەگات.

موعتەزیلەکان بە درێژایی مێژوی ئیسلام و ئەمرۆشی لەگەڵدابێ ، دژایەتییان کراوە و بە گومڕا و لەدین دەرچو ئەژمارکراون ،لەکاتێکدا ئەوان شۆڕشێکی گرنگیان کرد لە هزری تاکەکان.

موعتەزیلەکان تەنها ماوەیەکی کورت گرنگییان پێدرا و گوێیان لێ گیرا (١٩٣ تا ٢٣٤ ی کۆچی)، لەگەڵ هاتنەسەر حوکمی (عبدالله المامون)[١] دەستی پێکرد و پاشان (محمد المعتصم)[٢] و (هارون الواثق)[٣] درێژەیان بە ڕێبازەکە داو زۆر گرنگییان دا بە زانست و فەلسەفە ، بەلام هەردوای ماوەیەکی کەم و بە هاتنی (المتوکل ابن المعتصم)[٤] ، سەردەمی زێڕینی زانست و فەلسەفە کۆتایی هات و فەلسەفە قەدەغەکرا و زانایان و فەیلەسوفان و موعتەزیلەکان زۆر ئەشکەنجە دران و کتێبەکانیان سوتێنرا و زۆرێکیان بەندکران و کوژران.[٥]

---

[١] التاریخ الخلفاء لسیوطی
[٢] التاریخ الخلفاء للسیوطی
[٣] التاریخ الخلفاء للسیوطی
[٤] التاریخ الخلفاء للسیوطی
[٥] اغلاق عقل المسلم . روبرت رایلی

متوکل به ناوی گەڕانەوە بۆ سوننەت دژایەتیی زانایان و بیروباوەڕی موعتەزیلەی کرد بەڵام خۆی لەهەموکەس دورتر بو لە قورئان و سوننەت ، وەک زانای گەورە (جلال الدين السيوطي)[1] باسی دەکات:

" متوکل زۆربەی کات سەرقاڵ بو بە ڕابواردن و خواردنەوە ، ٤ هەزار جاریەی هەبوە و لەگەڵ هەمویان ڕایبواردوە"[2]

دیارە کە دژایەتیکردنی فەلسەفە تەنها یەک مەبەستی لە پشت بوە ،ئەویش هێشتنەوەی مسولمانان بوە لەتاریکی و نەزانی.

ئەمەویەکان و عەبباسیەکان ، دوای ئەوانیش عوسمانیەکان لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتن و کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆ و ترسنۆکیان دروستکرد ،لەکاتێکدا ئاین خودی خۆی شۆڕشە نەک قایلبون بە زەلیلی .

ئەوان بە بەرنامە جۆرێک لە مسولمانیان دروست کرد کە هەمیشە لە لە ترسدا بژی ، هەمیشە هەست بە تاوان بکات و خەلکیان توشی گرێی تاوان(عقدة الذنب) کرد بە فەرمودەی لەم شێوەیە :

- لَنْ يُدْخِلَ أحَدًا مِنكُم عَمَلُهُ الجَنَّةَ قالوا :ولا أنْتَ؟ يا رَسولَ اللهِ، قالَ :ولا أنا،

إلَّا أنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ منه بفَضْلٍ ورَحْمَةٍ.

الراوي : أبو هريرة

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث: صحيح

" هیچ کەس بە کردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشت ، وتیان تەنانەت تۆش ئەی پەیامبەری خودا؟ وتی ، بەڵێ منیش مەگەر خوا ڕەحمم پێ بکات "

---

[1] جلال الدين السيوطي ، زانا و بیرمەندی گەورەی ئیسلام و خاوەنی تەفسیری الجلالین ٨٤٩ تا ٩١١ ی کۆچی ژیاوە.

[2] التاريخ الخلفاء للسيوطي

با بزانین له قورئان خوا چی دەفەرموێ لەم بارەیەوە :

- ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ ۖ وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ ۖ لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ ۖ وَنُودُوا أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ الاعراف.

" رق و کینەمان لە دلی ئەواندا دەرهێنا و لە بەهەشت چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکان و بەردەم کۆشکەکانیدا تێدەپەڕن دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ڕێنمایی کردین بۆ ئەم جێگە خۆشە، ئەگەر خودا ڕێنمایی نەکردینایە هەرگیز ڕێگای ڕاستمان نەدەزانی و ئەم پاداشتەمان وەرنەدەگرت، بەڕاستی پەیامبەرانی خودا پەیامی ڕاستیان بۆئێمە هێنا ، ئینجا دەنگێک وەلامی دانەوە : ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە پێتان دراوە بەهۆی ئەو کردەوانە کە ئەنجامتان دەدا. "

- الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ ۙ يَقُولُونَ سَلَامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٣٢﴾ النحل.

" ئەوانەی کە لە سەرەمەرگدا فریشتەکان دێن بۆ لایان لە کاتێکدا گیانیان دەکێشن، پێیان دەڵێن: سڵاوتان لێ بێت فەرمون بڕۆنە ناو ئەو بەهەشتەی بە هۆی ئەو کردەوە چاکانەی لەدونیا دەتانکرد. "

- وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٧٢﴾ الزخرف.

" ئەو بەهەشتەی کە ئێستا خاوەنداریی دەکەن وەك میراتیی شایستەی خۆتانە، بەهۆی ئەو کردەوە چاکانە پێتان دراوە کە لە دونیا دەتانکرد. "

- كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ الطور.

" بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێت لەپاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی لەدونیا دەتانکرد "

- كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ المرسلات.

" بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێت لەپاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی لەدونیا دەتانکرد "

سەرنج بدە ،خودا لە ٥ جێگە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ بە کردەوەی خۆتان دەچنە بەهەشت .

بەلام زانایانی فەرمودە دەلێن نا وانییە ، بە قسەی پەیامبەر کەس بە کردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشت !

من هەرچەند هەولبدەم زیاتر رونی بکەمەوە سودی نابێ ئەگەر خوێنەر خۆی بیری لێ نەکاتەوە .

وابزانم ناشێ پەیامبەر بە پێچەوانەی پەیامەکەی قسە بکات ، بۆیە پێم خۆشە خۆت بریار بدەی ئایا خودا راست دەکات یا زانایان ؟

سولتانەکان و واعیزەکانیان زۆر فێلی جۆراوجۆریان لە خەلک کردوە بەناوی خودا و پیرۆزییەکان ، خەلکیش چونکە سادەن باوەریان پێدەکەن ، یەکێک لە فێلەکانیان ئەوەیە کە فەقیری نیعمەتە و خودا فەقیری خۆش دەوێت و پەیامبەر داوای کردوە هەر فەقیر بێت و لەگەل فەقیر بمرێ و حەشر بکرێ :

- اطَّلَعْتُ في الجَنَّةِ فَرَأَيْتُ أكْثَرَ أهْلِها الفُقَراءَ، واطَّلَعْتُ في النَّارِ فَرَأَيْتُ أكْثَرَ أهْلِها النِّساءَ.

الراوي : عمران بن الحصين

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" بەهەشتم بینی زۆربەی خەلکەکەی لە هەژاران بون ، دۆزەخیش زۆربەی خەلکەکەی ئافرەت "

- اليَدُ العُلْيَا خَيْرٌ مِنَ اليَدِ السُّفْلَى، وابْدَأْ بمَن تَعُولُ، وخَيْرُ الصَّدَقَةِ عن ظَهْرِ غِنًى، ومَن يَسْتَعْفِفْ يُعِفَّهُ اللَّهُ، ومَن يَسْتَغْنِ يُغْنِهِ اللَّهُ.

الراوي : حكيم بن حزام

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" دەستی سەرەوە (ئەودەستەی کە خێر دەکات) باشترە لە دەستی خوارەوە (ئەو دەستەی کە خێر وەردەگرێ)"

ئەو دو فەرمودەی سەرەوە تەواو دژی یەکن ، یەکەمیان فەقیری بە باش دەزانێ و دوەمیان دەوڵەمەندی .

نازانم ئەگەر ئەوانە هەردوکی قسەی پەیامبەر بن چۆن دەکرێ شتی وا ڕوبدات ؟

بە کامیان باوەڕ دەکەی خۆت ئازادی ، بەڵام ناشێ هەردوکیان ڕاست بن.

من بڕیار لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی هیچ فەرمودەیەک نادەم ، بەڵام هەمومان دەزانین کە هەژاری دەردێکی گرانە و هیچکات هیچکەس حەزناکات هەژار بێ .

هەمومان دەزانین زۆرێک لەوانەی خۆیان دەکوژن یا توشی کێشە دەبن هۆکارەکەی هەژارییە.

زۆرینەی ئەو ئافرەتە پاکانەی توشی خراپە دەبن لەبەر هەژاری توشی دەبن .

ئەمانە و سەدان و هەزاران کێشەی کۆمەڵایەتی بە هۆی هەژارییەوە بەرپا دەبن.

نازانم هەژاری کوێی باشە؟

بەڵام دیارە بە هەژاری هێشتنەوەی خەڵک کاری لەسەرکراوە و بەرنامەی تۆکمەی بۆ دارێژراوە.

خالێکی تر کە کاری لەسەرکراوە بۆ ترساندنی خەڵک و خەریک کردنیان بە دوعا و وازهێنان لە داواکردنی ماف و دروست بونی گیانی شۆرشگێری بریتی بوە لە داهێنانی چەند دەستەواژەیەکی وەک (سزای ناو گۆر ، نیشانەکانی هاتنی رۆژی دوایی ، دابەزینی حەزرەتی مەسیح لە ئاسمان و هاتنی محمدی مهدی)[1] .

ئەمانە و زۆر شتی تریش وایان لە مسوڵمانان کردوە هەمیشە لە ترسدا بژین و هەر خەریکی دوعا و نوێژکردن بن ، بۆ ئەوەی نەپەرژێنە سەر داواکردنی مافەکانیان و رەخنەگرتن لە سوڵتانە گەندەڵەکان.

ئەگەر سەرنجی پەیامی ئیسلام بدەین دەبینین بریتیە لە شۆرشێکی هەمەلایەن،پەیامبەر کاتێک ویستی ئیسلام بلاوبکاتەوە چاک دەیزانی کە ئەو خەریکە شۆرشێکی زۆر گەورە بەرپا دەکات کە رەنگە سەری تیابچێ ،بەڵام ئەو سور بو لەسەر بڵاوکردنەوەی پەیامەکە،چونکە ئەو بەراستی لەپەیامەکە گەیشتبو، ئەو لەپێناو گەیاندنی پەیامەکە توشی گەورەترین ئازار بو لەلایەن نزیکترین خزمەکانی خۆیەوە،لە شەو و رۆژێکدا ناوبانگی لەنێو کۆمەلگادا گۆرا،لەپیاوێکی بەرێز و دەست پاک و بەرەوشت بو بە ساحیر، شێت ، درۆزن ، و چەندین ناو و ناتۆرەی ناشرینتری درایە پاڵ،هەمو ئەمانە لەپای چی ؟ چونکە ئەو شۆرشی بەرپاکرد،هەمیشە شۆرشیش زیان بەوانە دەگەیەنێ کە حاڵ و گوزەرانیان خۆشە ،هەمیشە ئەوانەی دەولەمەندن و جێگەیان گەرمە ئاواتی ئەوە دەخوازن کە دنیا هەروابێ و نەگۆرێ ،ئەوانە لەقورئاندا ناوبراون بە (المترفون – ئەوانەی لە خۆشگوزەرانیدان) .دیارە کە خۆشیی ژیان شتێکە لەناخی هەموماندا هەیە بەڵام کاتێک ئەو خۆشیە لەسەر مافی خەلکی تر بو ئەوا بە تاوان ئەژمار دەکرێ.

کاتێک کەسێک دەولەمەندە و خاوەن کارێکی جێگیرە حەزناکا بارودۆخ بگۆرێ نەوەک پاروە چەورەکەی لەدەست بدات، خۆ رەنگە بە باشتربونی بارودۆخ کارەکەی باشتریش بێت.

شۆرش پێویستی بە کاری سەخت و قوربانیدان و ماندوبون و شەونخونی هەیە، پەیامبەرانیش هەمو ئەو کارانەیان کردوە.

---

[1] لە بەشی چەمکەکان بە درێژی باسکراون

ئەگەر شۆڕش و پەیامبەری هەر قسەکردن و وتاردان بوایە ئەوا قورەیشیەکانی خزمی پەیامبەر باشترین پۆست و خۆشترین ژیانیان بۆ فەراهەم دەکرد. ئەوان لە گۆرانکاری دەترسان، ئەوان لەدادپەروەری دەترسان،ئەوان لەوە دەترسان پلەوپۆست و پاروی چەوریان لە دەست بچێ، مێژوش هەمیشە خۆی دوبارە دەکاتەوە بەڵام لە بەرگێکی نوێ.

بڕوانە ئەمڕۆ خەلکی لەوپەڕی نەهامەتی و ناخۆشیدا ژیان دەگوزەرێنێ بەڵام ئەوانەی خۆیان بە جێنشینی پەیامبەران دەزانن وەک ئەوەی نە بای بێت و نە باران،بێدەنگ دانیشتون و چاوەڕێی ئەوەن بە دوعا خودا گوزەرانی خەلکی خۆش بکات!

لە ساڵی ۲۰۲۰، بە یەک ساڵی تەواو موچەخۆران ٥ موچەیان وەرگرت - ئەگەر هەڵە نەبم- ئەوانیش بە ناتەواوی، واتە بەهەموی کەمتر لە ٤ موچەیان وەرگرت.

سەیر لەوەدایە ئەوانەی خۆیان بە جێنشینی پەیامبەر و نوێنەری خوا دەزانن لەسەر زەوی، ئامادەنین لەپێناو مافی هەژاران بێنە دەنگ ، ئەوە لەکاتێکدایە هەر ماوەیەک لەمەوبەر کەسێک لەسەر تەلەفزیۆن قسەیەکی کردکە سوکایەتی بو بۆ یەکێک لە خەلیفەکان، هەزاران خەلک ڕژانە سەر شەقامەکان و سەدان بانگخواز و مامۆستای ئاینی هاواریان لێ هەستا کە چۆن دەبێ لە ناو ولاتی مسولمانان سوکایەتی بە خەلیفەی مسولمانان بکرێ !

لەکاتێکدا خەلیفەیەک ١٤سەدەیە کۆچی دوایی کردوە تۆ ئامادەی شەڕی لەسەریکەی بەلام ئامادەنیت لەپێناو گوزەرانی ٥ ملیۆن کەس بێیتە دەنگ !؟

ئاخر لە سایەی بێدەنگیی خاوەن مینبەران و بێ باکیی ئەوانە کە هەزاران خێزان لێك هەڵدەوەشێنەوە و هەزاران ڕۆڵەی ئەم وڵاتە ڕو لە هەندەران دەکەن و زۆرێکیان لە ڕێگادا دەمرن ،هەزاران کەس لەپێناو پەیداکردنی لەتێک نان توشی کاری قێزەوەن ودزی و چەندین کارەساتی تر دەبن.

کارەسات ئەوەیە ئێمە ئێستاش رۆژێک پرسیارمان لەخۆمان نەکرد ئایا لەبەرچی ئێمە کە خاوەنی میهرەبانترین خوداو باشترین ئاین و باشترین پەیامبەرین کەچی خراپترین و ناخۆشترین ژیانمان هەیە ؟

یا دەبێ ئەو قسانە راست نەبن یا دەبێ ئێمە لە ئاین تێنەگەیشتبین .

" هەندێکمان خودا دەپەرستین و هەندێکیشمان مێژو "

*   *   *

دووەم: پیرۆزکردنی پێشینان و خۆبچوک کردنەوە

زۆر جار کە باسی پێشینان دەکرێ خەڵکی وێنای سەردەمێکی زێڕین دەکەن کە تیایدا خەڵکی هەموی فریشتە بون لە چاکی و پاکی هەروەها بلیمەت بون لە هەمو بوارەکانی زانست، لە کاتێکدا ڕاستیەکە بەم شێوەیە نییە.

ئەگەر سەرنج بدەینە مێژوی عەرەب دەبینین بەر لە هاتنی ئیسلام بە دەگمەن خەلک خوێندەواریان هەبوە، زۆرینەی خوێندەوارەکانی نیمچە دورگەی عەرەبیش یەهودی بون.

هەربۆیەش لە یەکەم جەنگی مسولمانان لەگەڵ بێ باوەڕەکان ، پەیامبەر داوای لە دیلەکانی بەردەستی کرد کە مەرجی ئازادبونیان ئەوەیە کە هەریەکەیان ١٠ منداڵی مسوڵمان فێری خوێندەواری بکات.[1]

ئەم هەنگاوەی پەیامبەر هەڵگری چەند ڕاستییەکن:

١- لەناو مسوڵمانان خوێندەوار کەم بون.

٢- زانست گرنگە و پێویستە زۆر گرنگیی پێ بدرێ.

ئەوەی جێی ئاماژەیە ، دوای هاتنی ئیسلام و تا ماوەیەکیش مسوڵمانان چونەتە لای زانای یەهودی تا فێری خوێندەواری و نوسین بین، عەرەب بە هیچ شیوەیەک گرنگییان بە زانست نەداوە بەڵکو رقیشیان لێی بوە و خەڵکی خوێندەواریان بە کەم زانیوە، ئەوان تەنها شانازییان بە شمشێر و ئەسپ و شیعرەکانیان کردوە.

ئیمامی عومەر زۆر بەڕونی هەستی بەوە کردوە کە مسوڵمانان خەریکی شتی لاوەکی و بێسودن ، ئەو لە هەموکەس باشتر هەستی کردبو کە عەرەب خەریکە دەگەڕێنەوە سەر نەریتە ناشرینەکانی پێش ئیسلام بۆیە لە سەردەمی خەلافەتەکەی زۆر توند بوە لەگەڵ خەڵك ، تەنانەت ئەوانەی زۆریش دیندار بون لە سزای ئەو رزگاریان نەبوە .

---

[1] الرحيق المختوم . صفي الرحمن المباركفوري

بۆ نمونە ئەگەر کەسێک زۆر نوێژی لە مزگەفت بکردایە بە تایبەت ئەگەر کاتی نوێژ نەبوایە دەیکردە دەرەوە و دەیگوت ئەوە لە ماڵەوە بکە ، یا پێی دەگوت بڕۆ کار بکە ئێستا کاتی کارکردنە.

ئیمامی عومەر دەیویست خەلکی بە دروستی لە ئیسلام تێبگەن و کاری پێ بکەن چونکە دەیزانی رۆژێک دایَ لە جیاتی قورئان و فەرمودەکانی پەیامبەر خەڵکی خەریک دەبن بە کارکردن بە قسەی (ئیبن فلان و ئەبو فلان).

هەر بۆیە فەرمویەتی:

" ئێمە گەلێکین خوا بە ئیسلام سەربەرزی کردین ، ئەگەر سەربەرزیمان بوێت لە شتی دیکە ئەوا سەرشۆڕ دەبین"[1]

دیارە کە عاشقانی دیکتاتۆریەت و دونیا پەرستان هەموکات لە پیلان گێڕان بون لەو رێچکە جوانەی ئیمامی عومەر و هەمیشە لە فورسەتێک دەگەڕان کە لەناوی ببەن ،چونکە ئەو گەورەترین ئاستەنگ بو لەبەردەم بنیاتنانی دیکتاتۆریەت و پاشایەتی .

ڕەنگە چیرۆکی ئەو ژنەمان بیستبێ کە ئاوی لەسەر ئاگر دانابو بەو ئومێدەی منداڵەکانی بە هیوای خواردن چاویان بچێتە خەو چونکە هیچیان نەبو بیخۆن.

ئیمامی عومەر کاتێک ئەو ژنەی بینی، وە بیستی لە دورەوە ژنەکە دەڵێ:

" ئەوە عومەر کرا بە پێشەوای مسولمانان بەڵام ئەو ئاگای لە حالی فەقیر نیە، خۆی تێرە و دیارە ژیانی فەقیرانیش لای ئەو گرنگ نییە"

کاتێ ئیمامی عومەر ئەو قسانەی بیست ئاگر لە ناخی بەربو، هەر خێرا گەڕاوە و هەندێک ئاردو چەوریی ئاژەلی(دوگ یا رۆنی سروشتی) هێناو بە پشتی خۆی بردی ، (اسلم)ئەو پیاوەی کە لەگەلی بو پێی گوت **"ئەی پێشەوای مسولمانان با من بارەکە هەڵبگرم"**

[1] الجامع الصحيح للسنن والمسانيد . صهيب عبد الجبار

بەڵام ئەو تورە بو ، پێی گوت "

" تۆ لە رۆژی قیامەت گوناهی من هەڵدەگری ؟"

دوای ئەوەی خواردنیشی بۆ ئامادەکردن ، خۆی پەنادا و نەرۆیشت،پاشان هاورێکەی گوت ؛

"بەخوا نارۆم تا نەبینم کە منداڵەکان پێدەکەنن ، چونکە ئەوان لە برسا دەگریان"[1]

ئیمامی عومەر تاکە قوربانیی دیکتاتۆریەت و دنیاپەرستی نەبو، هەمو جێنشینەکانی پەیامبەر بە دەستی دوژمنانی دادپەروەری تیرۆرکراون، سەرەتا ئیمامی ابوبکر[2] پاشان ئیمامی عومەر،پاشان ئیمامی عوسمان ،پاشان ئیمامی عەلی، پاشان حوسێنی کوری ئیمام عەلی ، حەسەنی کوری ئیمام عەلیش لە پێناو ئاشتەوایی و خەلک پاراستنی مال و گیانی خەلکی دەستی هەلگرت و بەناچاری دانی نا بە دامەزراندنی بەردی بناغەی دیکتاتۆریەت ، ئەگینا ئەویشیان تیرۆردەکرد،دوای ئەوانەش عومەری کوری عەبدولعەزیز – کە نەوەی ئیمامی عومەر بو ، زۆرێک لە زانایان بە جێنشینی پێنجەمی دادەنێن - ئەویش چوە کاروانی قوربانیانی دەستی دیکتاتۆریەت .[3]

زۆر جار لە کۆری زانایانی ئاینی دادەنیشم یا گوێ دەدەمە وتارەکانیان یەک شت زۆر بە زەقی بە دی دەکەم، ئەویش بە پیرۆزراگرتنی زاناکانی سەردەمانی زون، زانایانی ئاین بێگومان نەک زانای بواری تر، من خۆم سەرسامم بە زۆر زانای سەردەمانی کۆن ، لەوەشدا هیچ کێشەیەک نابینم، سەرسامی بە مرۆڤی زانا و گەورە و رۆیشتن لەسەر رێچکەی ئەوان سەربەرزییە ، بەڵام بە وەرگرتنی رەوشتی جوانی ئەوان نەک بە کۆپی کردنی قسەکانیان.

هیچکات ئەوە کێشە نیە کە خەلکی سەرسام بن بە زاناکان ،کێشەکە ئەوکاتە دەست پێ دەکات کە ئێمە زانا کۆنەکان ئەوەندە بەرز و پیرۆز دەکەین و

---

[1] تاریخ دمشق لابن عساکر
[2] ئیمامی ابوبکر ژەهرخواردو کراوە (تاریخ الخلفاء للسیوطی)
[3] الکامل فی التاریخ . ابن الاثیر

دەیانگەیەنینە ئاستێک کە نەتوانین رەخنەیان لێ بگرین، لە کاتێکدا هیچ کەس لە رەخنە بەدەر نیە، لەوەش کارەسات تر ئەوەیە کە لە سەدەی ٢١ بمانەوێ بە بیرکردنەوەی سەدەی ٧ ی بژین .

بە داخەوە زۆرێک لە زانا ئاینیەکان باوەڕیان بە ئەفسانەی وا هەیە کە هەمو منداڵێکیش ئەستەمە باوەڕیان پێ بکات.

موستەفا زەلمی دەڵێ :

" مامۆستایەکی ئاینی هەبو زۆرم خۆش دەویست ، رۆژێکیان چومە لای کە رۆژی هەینی بو ، مامۆستا ئاشناکەم چوە سەر مینبەر و دەستی کردە وتاردان ، لە وتارەکەیدا فەرموی :ئیمامی حوسێن ئەوەندە گەورە بو ئەو رۆژەی ئەو تێیدا شەهیدکرا ئاسمان خوێنی لێ دەباری .

دوای وتارەکە پێم گوت :

مامۆستا تۆ کەسێکی زانای ، چۆن باوەڕت بەم قسە بێ بنەمایانە هەیە !؟

مامۆستا لە وەڵامدا پێی گوتم :

نا مامۆستا ، نازانی ئیمامی حوسێن چەند گەورە و پیرۆز بوە؟ " [1]

دیارە کە ئەو مامۆستا بەڕێزەش بە داخەوە لەوانە بوە کە بڕیاری داوە پێشینان تەقدیس بکات و باوەڕ بە هەمو ئەو چیرۆک و ئەفسانانە بکات کە لە کتێبە کۆنەکاندا نوسراون.

زاناکانی پێشو هەرچییان کردوە لە سەردەمی خۆیان زۆر بەسود و پیرۆز بوە ،ئەوان رێنیشاندەری خەلک و مامۆستا بون،بەلام کاتێک سەردەمەکان دەگۆڕێن و ئامرازی نوێتر و بەهێزتر پەیدادەبن مرۆڤەکان بەهێزتر و وریاتر دەبن.

سەدەی ٧ بە بەروارد لەگەل ئێستا خەلکی لە چاخی بەردین ژیاوە و سەرچاوەکانی دەسکەوتنی زانست زۆر کەم و ئەستەم بون، مەحاڵە کەسێکی

---

[1] د.موستەفا زەلمی. کاروانی ژیانم.

سەدەی ٧ هەرچەند بلیمەت بوبێ بتوانێ لەگەڵ کەسێکی سەدەی ٢١ بەراورد بکرێ چونکە وەک دەزانین تەمەنی مرۆڤ زۆر کورتە و زانستیش کاتی زۆری دەوێ ، بۆ نمونە ئێستا گەر بمانەوێ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو سەرچاوەی زانستی پەیدا بکەین:

بە نوسینی یەک دێر لە کۆمپیوتەرەکەت و داگرتنی کلیلی جێبەجێکردن، لەماوەی کەمتر لە یەک چرکە زیاتر لە یەک ملیۆن سەرچاوەت دەست دەکەوێ، لەگەڵ داگرتنی دو یا سێ کلیلی تر دەتوانی بابەتەکە بە هەمودنیادا بلاو بکەیەوە یا لەسەر کاغەز چاپی بکەی، بۆ نمونە چاپکردنی ١٠٠ لاپەرە بە کەمتر لە ٥ خولەک تەواو دەبێ.

با بزانین لە سەدەی ٧ هەمان کار چۆن بووە .

پەیداکردنی بابەت ، بە گەڕان بە دوای زانایەک ، گەڕان بێگومان بە پێ یاخود ولاخ ئەگەر هەبوبێ، پاشان دۆزینەوەی بابەت لای مامۆستایەکی دیاریکراو، هێنانی ١٠٠ لاپەر کە ئەوکات لەسەر پیستی ئاژەڵ دەنوسرا، هێنانی ئەو بارە قورسە ئاسان نییە، پاشان نوسینەوەی ١٠٠ لاپەرە بە قامیش و مەرەکەب و پەیداکردن یا دروستکردنی ١٠٠ لاپەر لە پێستی ئاژەڵ و دروستکردن یا کڕینی مەرەکەب ....پاشان بلاوکردنەوەی بە ناو شارێکدا نەک هەمو جیهان .

بەڕای تۆ چەندی کات دەوێ ؟

ئایا ٥ رۆژی ناوێ؟ بێگومان زیاتریشی دەوێ.

کەواتە ئەوەی من و تۆ دەتوانین بە ٥ خولەک ئەنجامی بدەین ، لە سەدەی ٧ لانی کەم ٥ رۆژی پێویست بوە، بەم پێیەش ئەمرۆ ئێمە لانی کەم ١٤٠٠ جار لە مرۆڤەکانی سەدەی ٧ خێراتر و کاریگەرترین . بۆچی خۆمان بچوک بکەینەوە؟

ئەوەی گرنگە درکی پێ بکەین ئەوەیە کە زانایانی پێشو خزمەتی زۆریان پێشکەش بە کۆمەلگەکانی خۆیان کردوە،ڕاو بۆچونەکانیشیان بۆ سەردەمی خۆیان زۆر باش و بەسود بون، بەلام نابێ ئەوە نادیدە بگرین کە پێشکەوتنی شارستانیەت و داهێنانی ئامرازی نوێ ، دەبێتەهۆی زیادبونی تواناکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی

سەرسورهێنەر ،بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و داهێنانی هەزارەها ئامێری زیرەک و زەبەلاح و بەهێز ،بۆیە لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە هەمیشە نەوەیەک لە نەوەکەی پێش خۆی بەهێزتر و زیرەکترە. زاناکانی پێش ئێمە هەرچەند بلیمەت و بە توانا بوبن ، دواجار نە هەمو قسەکانی ئەوان بەڕاستی بە ئێمە دەگەن ، نە بڕیار و فەرمایشتەکانیشیان بۆ هەمو سەردەم و کۆمەلگەیەک دەگونجێن.

ئەگەر سەرنجی کەسایەتی پەیامبەر بدەین پێش دابەزینی ئاین ، دەبینین کەسێکی یاخی و شۆڕشگێڕ بوە ، یاخی بوە لە ئاینە کۆنەکەی باو و باپیرانی کە ئاینێکی بێ کەڵک بوە، خۆ ڕەنگە ئەو تاکە کەس نەبوبێ کە ڕەخنەی لە ئاین هەبێ، بەڵام ئەو چونکە کەسێکی شۆڕشگێڕ و ئازا بو، بڕیاری دا شۆڕشێک بەرپابکات، شۆڕشی هۆشیاری ، ئەو چاک دەیزانی توشی ئازار و مەینەتی دەبێ، بەڵام شۆڕش بێ قوربانیدان نابێ و لەدایکبونی هزر و بلاوکردنەوەی هۆشیاریی ئازاری زۆرە.

ئەگەر سەردانی ئەو ئەشکەوتە بکەی کە سروشی تێدا دابەزیوە ، بە رۆژی ڕوناک ڕەنگە نەتوانی بە تەنها بچیە ئەوێ نەک بە شەوی تاریک و لەم بیابانە سامناکە.

دەرچون لە بیرکردنەوەی کۆمەلگە و قولبونەوە لە شتەکان پیشەی مرۆڤی پێشەوا و داهێنەرە، هەمیشە ئەوان لە قالبی ئاسایی دێنەدەر و لە کۆتاییشدا هەر ئەوانن کە دونیا دەگۆڕن.

ئەوەی پەیامبەران و بیرمەندان دەیکەن رێچکەی سروشتیی پێشکەوتنی شارستانیەتە، لە بەرامبەریشدا ئەوانەی هەوڵدەدەن کۆمەلگە بە چەقبەستویی بهێلنەوە ئەوا تەواو پێچەوانەی یاساکانی گەردون و خودا و پەیامەکانی کاردەکەن بەڵام بە بێ ئاگایی.

ئیبن خەلدون دەڵێ:

" لاساییکردنەوەی مردوان مانای ئەوە نیە کە ئەوان زیندون، بەلکو مانای ئەوەیە کە زیندوەکان مردون".[1]

شتێکی زۆر گرنگیش هەیە دەربارەی ئاین و نوێبونەوە یا نوێکردنەوە کە ئەمڕۆ بۆتە باس و خواس و خەلکانێک پەیدابون بە ناوی نوێگەری و پێشکەوتن بە ئارەزوی خۆیان ئاین پێناسە دەکەن و کەم و زیادی دەکەن.

لە ڕاستیدا نوێبونەوە لە ئاین هەیە بەلام نوێبونەوە مانای چیە؟

وەک دەزانین ئاین شتێکی سروشتیە لە ناخی مرۆڤ و لەگەل سروشتی ئادەمیزاد دەگونجێ، بەلام مرۆڤەکان بە دەگۆڕێن بە گۆڕانی کات و شوێن و سەردەم، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئاین جار جارە پێویستیی بە نوێبونەوە هەیە، بەلام نوێبونەوە لە چی؟

پەیامبەر (د.خ) لەم فەرمودەی خوارەوە ئاماژە بە نوێبونەوە دەکا:

" إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا ".

الراوي : أبو هريرة

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح أبي داود

خلاصة حكم المحدث : صحيح

"خودا لە هەر ١٠٠ ساڵ جارێک کەسێک دەنێرێ کە ئاین نوێ بکاتەوە".

کێشەکە کاتێک دەست پێ دەکات کە هەندێ خەلک ئاین هەر هەموی بە نەگۆڕ لە قەلەم دەدەن، لە کاتێکدا ئەوەی نەگۆڕە لە ئاین تەنها خودایە.

ئەوەی نوێ دەکرێتەوە لە دین بریتیە لە دوبارە تێگەیشتن لە ئاین بە پێی هەلومەرجەکانی سەردەم .

---

[1] المقدمة . ابن خلدون

ئێمە ئەوەندە بە ڕابردو گرێدراوین ، هێندە خۆمان بچوک کردۆتەوە ، ناتوانین بڕیار لە بچوکترین شت بدەین بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕابردو، نمونەیەکی زۆر باو کە هەمو هەینیەک دەیبیستین.

ئەگەر سەرنجی وتارەکانی هەینی بدەین دەبینین هەمان شێوە و قاڵبی سەردەمی ئەمەویەکانە ، تەنانەت دوعا و وشەکانی ناو دوعاکانیش هەر هەمان وشەکانن ، کار گەیشتۆتە ڕادەیەک خۆم بینیومە خەلکی ناتەواو(ئەوانەی عەقلیان گەشە ناکات) یا منداڵ ، وتاری بەتەواوی لەبەرە.

وتاری زۆرێک لە مامۆستاکان یا لانی کەم شێوازی وتارەکانیان هی (ابن نباتة الفارق) [1] ن ، کە لەبەردەکرێن و دەگوترێنەوە بە درێژایی ساڵ و زۆرێک لە خەلک لەبەری کردون. [2]

ئێمە ئێستاش وا دەزانین خەلکی بە وتار و ئامۆژگاری دەگۆڕێن لەکاتێکدا وتار و ئامۆژگاری کاریگەرییان کورت و کاتییە وە لەڕاستیشدا کاریگەرییان زۆرکەمە. چونکە ئەگەر بەراستی کاریگەرییان هەبوایە دەبو ئێستا کۆمەلگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست پێشکەوتوترین و خۆشبەختترین کۆمەلگەکانی جیهان بن، لەکاتێکدا لە ولاتە پێشکەوتوەکان هەرگیز نابینی کەسێک وتاریان بۆ بدا یا ئامۆژگارییان بکات کەچی لەوپەری پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیدا ژیان دەکەن.

ئێمە پێویستە لەوە تێبگەین ئەوەی کار لە خەلکی دەکات بریتیە لە کردەوەی جوانی ئەو کەسانەی کە بە پێشەوا و ڕابەر لە ناو خەلکی ناسراون،خەلکی هەمیشە لاسایی کەسایەتییە گەورەکان و ناسراوەکان دەکەنەوە.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین کە ئاین لە بنەرەتدا چوارچێوەی نیە بەڵکو چەند هێلێکی گشتی تێدایە و چەند سنورێکی هەیە.

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانی سنوردار(محدود ، حدی) و خاوەن سنور(حدودی) ئیسلام ئاینێکی خاوەن سنورە نەک سنوردار، بۆ زیاتر

---

[1] عبد الرحيم بن محمد بن نباتة ، شاعیر و وتاربێژ بوە لە ٣٣٥ تا٣٧٤ی کۆچی ژیاوە و کتێبێکی هەیە کۆمەلێک وتاری ئامادەی تێدایە بۆ زۆربەی بۆنە ئیسلامییەکان.

[2] د.موستەفا زەلمی . کاروانی ژیانم.

رونکردنەوە ، وەک دەزانین هەمو یاریە وەرزشیەکان لەسەر گۆرەپانێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن، وە هەر یاریەکیش یاسای خۆی هەیە، ئەو هێڵانەی لەسەر زەوی دەکێشرێن سنورەکانی گۆرەپانی ئەم یاریەن ، واتە ئێمە دەبێ لە ناو ئەم گۆرەپانە یاری بکەین، هەر کاتێک هاتینە دەرەوە ناوبژیوانەکە ئاگادارمان دەکاتەوە ، واتە دەرچون لە سنوری گۆرەپانی یاریەکە پێشێلکاریی یاسایە و قبوڵ نیە، بەڵام لە ناو سنوری دیاریکراوی گۆرەپانەکە بوارێکی زۆر فراوان هەیە.

ئیسلام بە هەمان شێوەیە، بۆ نمونە ئەگەر حوکمێکی دیاریکراو وەربگرین ، با توندترین حوکم وەربگرین کە سزای کوشتنی مرۆڤە.

سزای کوشتنی مرۆڤ لە ئیسلام کوشتنە، بەڵام ئایا تەنها کوشتنە؟ ئایا سزاکە سنوردار(حدی) ە ، یان خاوەن سنور(حدودی) ە؟

با بزانین خوا چی دەفەرموێ:

" وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنفَ بِالْأَنفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ ۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٤٥﴾ المائدة .

" لە تەوراتدا پێویستمان کردووە لەسەریان کە بەڕاستی هەر کەسێک کەسێک بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە و چاوی یەکێک کوێر بکات، دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوە و لوتی یەکێک عەیبدار بکات دەبێت لوتی عەیبدار بکرێتەوە و گوێی یەکێک ببڕێت دەبێت گوێی ببڕدرێتەوە و ددانی یەکێک بشکێنێت دەبێت ددانی بشکێنرێتەوەو برین و زامەکانیش هەروەها تۆڵەیان بەگوێرەی خۆی بۆ دەسەنرێتەوە، جائەوەی لە تاوانبار خۆش ببێت، ئەو چاوپۆشی و لێخۆشبونە دەبێتە کەفارەتی گوناهانی، بێگومان ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندوە، ئائەوانە هەر ستەمکارن"

لەم ئایەتەی سەرەوە دەبینین کە سزای کوشتن بریتیە لە کوشتن بەڵام خاوەنی کوژراو دەتوانی لە تاوانبارەکە خۆش بێ، کەواتە سنورەکە بریتیە لە (لێخۆشبون

تا دەگاتە کوشتن)، لە نێوان لێخۆشبون و کوشتن دەشێ سەدان حوکم هەبێ وەک، وەرگرتنی خوێن ، وەک بەند کردنی تاوانبار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو....هتد).

ئەوەی لێرە زۆر گرنگە تێبینی بکرێ ئەوەیە کە حوکم لە ئاین سنوردار نیە بە لکو سنوری هەیە، ئەم دوانەش جیاوازیان زۆر زۆرە، چونکە حوکمی سنوردار یاساکە دەکاتە قالبێکی نەگۆڕ و دەشێ تەنها لە سنورێکی زۆر تەسک ڕاست بێ، وە توانای دەسکاریکردن و نوێبوەوەی تێدانییە .

" ئاینی خودا شتێکە و ئاینی باوباپیران شتێکی تر "

*   *   *

سێیەم: تێکەڵکردنی ئاین و کەلتور

ئەگەر سەرنجی هەندێک لە سەرچاوە مێژوییەکان بدەین شتی زۆر سەیر تێبینی دەکەین، بۆنمونە کۆمەڵێک نەریت و کەلتور هەن کراون بە بەشێک لە ئاین، وەک جلوبەرگ پۆشین و شێوازی نان خواردن و ئاو خواردنەوە و هێشتنەوەی ریش و زۆر شتی تر کە دور و نزیک پەیوەندییان بە ئاینەوە نییە.

ئاین لای هەندێک خەلک بریتیە لە دەرکەوتن بە روخسارێکی دیاریکراو. یا رونتر بڵێین باوەڕدار دەبێ شێوەی لە هی خەلک نەچێت و لە دورەوە دیاربێ ، ئەو چینە لە خەلک هێندە خەریکی توێکڵی ئاینن ناوەرۆکیان لەبیرکردوە، بێ ئاگان لەوەی کە باوەڕی مرۆڤ لە ناخە و دەبێ لە هەڵسوکەوت ڕەنگ بداتەوە نەک روخسار، ئەوان بەم شێوەیە مرۆڤی درۆزن و دورو بەرهەم دێنن، چونکە دەشێ خەلکێک شێوە و روخساری وەک مسولمانان بێ بەلام لە ناخەوە هەر باوەریشێ پێ نەبێ، پێچەوانەکەشی راستە،یا خەلکێک بە هۆی روخسار خەڵکی فریوبدات ، کە بەداخەوە ئەمەیان زۆر باوە و خەڵکێکی زۆر بەردەوام دەبنە قوربانیی دەستی گورگ لە پێستی مەڕ. زۆرن ئەو نەریتانەی کە هیچ پەیوەندییان بە ئاینەوە نیە و بە بەشێک لە ئاین ئەژمار کراون، هەوڵ دەدەم چەند نمونەیەکیان لێ باس بکەم.

خەتەنەی ئافرەت (ختان الاناث)[1]

خەتەنەی ئافرەت بریتیە لە بڕینەوەی بەشێک لە ئەندامی جەستەی ئافرەت لە تەمەنێکی زۆر بچوک چەند رۆژێک یا هەفتە یا چەند مانگێک دوای لەدایکبوون، جاری واش هەیە دوا دەکەوێ تا تەمەنی هەرزەکاری یا گەنجی.

خەتەنە چونکە نەریتێکی هەڵە و مەترسیدارە و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتی بۆیە تەنها لەو وڵاتانە هەیە کە دواکەوتون و مرۆڤ تیایاندا هیچ بەهایەکی نیە و مافەکانی مرۆڤ زۆر بە رونی پێشێل دەکرێن، وەک لە ئەفریقیا کە زۆرترین رێژەی خەتەنەی تێدا دەکرێ ، سۆماڵ و کینیا و جیبۆتی و زۆرێک لە ولاتانی تری ئەفریقیا (دانیشتوانی زۆربەی ئەم ولاتانە مسوڵمان نین) لە ریزی پێشەوەن .

[1] بە شێوەیەکی سەرەکی سودم وەرگرتوە لە (ختان الاناث بين المغلوط علميا والملتبس فقهيا) د.جمال أبو السرور، د. أحمد رجاء عبد الحميد رجب. الطبعة الثانية ٢٠١٣ ، لەگەڵ داتاکانی (UNWHO) .
www.who.int

وەک دەشزانین کە ئەم وڵاتانە بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ خراپترین و گەندەڵترین وڵاتانی جیهانن. لە وڵاتە عەرەبیەکانیش میسر لە پلەی یەکەمە، هۆکارەکەشی زۆر ڕونە کە بریتیە لە کاریگەریی کەلتوری فیرعەونیەکان بە سەریانەوە.

بە شێوەیەکی گشتی خەتەنە واتە لێکردنەوەی هەستیارترین بەشی ئەندامی مێیینەی ئافرەت کە پێی دەوترێ (قیتکە) ، (Clitoris -بظر) ، کە لە شێوەی دو لێون لە هەردولای ئەندامەکە، ئەگەرچی لەروی زانستییەوە ئەو بەشە زۆر هەستیارە و کۆمەلێک سودی هەیە، بەڵام لەناو گەلە دواکەوتوەکان بە (زیادە، یان پیس) ناو دەبرێ و بە بۆچونی ئەوان لێکردنەوەی پێویستە.

خەتەنە چەند پلەیەکی هەیە کە بە وردی ٤ پلەیە بە گوێرەی ڕادەی لێکردنەوەی ئەندامەکە، جاری وا هەیە هەمو ئەو ئەندامە و هەندێ جاریش تەنها بەشێکی لێ دەکرێتەوە، بەڵام هەمویان ترسناک و زیانبەخشن، هەریەکەیان بە پێی ڕادەی بڕینەکە. ١

ئەگەر بمانەوێ باسی ئەم بابەتە بکەین دەبێ لە هەمو لایەنەکانی بکۆڵینەوە وەک لایەنی زانستی، ئاینی، کۆمەلایەتی ، دەروونی ، کولتوری... چونکە ئەم بابەتە رەگ و ڕیشەی قوڵی هەیە لە ناو میللەتان و بە ئاسانی لەناو ناچێ، بە تایبەت هەر بابەتێک کە بە ئاین ببەسترێتەوە ئەوا گۆڕینی یا نەهێشتنی زۆر ئەستەمە.

خەتەنەو زانست

ئەگەر لە ڕوی زانستی و تەندروستیەوە سەرنجی بابەتەکە بدەین دەبینین هیچ سودێکی زانستیی یاخود تەندروستی نیە ، هەرچەندە زۆر چیرۆک و ئەفسانە وقسەی بێ بنەما هەن لەسەر سودەکانی خەتەنە ، بەڵام هیچیان بنەمای زانستییان نییە.

خەتەنە نەک هەر سوودی نییە بەڵکو زیانەکانی زۆر ترسناکن، ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە زیانەکانی خەتەنە:

١- شێواندنی شێوەی ئەندامی زاوزێ، جگە لەوەی بڕینەوەی بەشێکی ئەندامەکە ناتەواویی جەستەیی پێوە دیار دەبێ، زۆر جار ئەو شێواندنە کاریگەریی زۆر

ترسناکی دەبێ کاتێک برینەکە بە تەواوی چاک نابێتەوە یا پیس دەبێ یاخود توشی هەوکردن دەبێ زۆر جاریش دەبێتە هۆکاری دروست بوونی هەلئاوسان کە دەبێ دوایی بە نەشتەرگەریی چاک بکرێتەوە.

٢- سەرهەڵدانی وەرەمی شێرپەنجەیی لەشوێنی برینەکە بەهۆی بەکارهێنانی مادەی ناتەندروست و پیس یا لە ئەنجامی هەوکردن کە جاری واهەیە دوای چابونەوەی برینەکە پەیدا دەبێ، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی توشبونی ئەو کەسە بە شێرپەنجەو زۆر جار مردنی کەسەکە.

٣-مردن بە هۆی خوێن بەربوونی زۆر و نەوەستانی خوێنبەربونەکە .

٤- لەکارخستنی کاری ٢ لێوەکەی کە چەند کارێکی زۆر گرنیگیان هەیە وەک :

ا- ئاراستەکردنی میزو دورخستنەوەی لە لەش.

ب- پاراستنی دەرچەی ئەندامی مێینە لە چونەژورەوەی میکرۆب و مشەخۆرە زیانبەخشەکان.

ج- وروژاندن و بەخشینی چێژ لە کاتی جوتبون و زو گەیشتن بە لوتکەی چێژ لە کرداری جوتبون، کە بە داخەوە زۆربەی ئافرەتانی خەتەنە کراو یا پێی ناگەن یا زۆر بە ئەستەم پێی دەگەن کە ئەمەش کاریگەریی زۆر نەرێنی جێ دەهێڵێ لەسەر دەرون و بیرکردنەوەی ئافرەت و هەست بە کەمیی و شلەژانی دەرونی دەکا، زۆر جار ئەم حاڵەتانە دەبنە هۆی دیاردەی ساردیی سێکسی لەنێوان ژن و پیاو و جاری واش هەیە دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان و جیابونەوە.

د- دەردانی ڕژێنی بارثۆلین

ڕژێنی بارثۆلین ٢ ڕژێنن دەکەونە بەشی خوارەوەی هەردولای ئەندامی زاوزێی مێینە، کە لەرێگای ٢ بۆریی بچوک لینجە مادەیەک دەردەدەن کە چەند ئەرکێکی هەیە وەک، بەخشینی لینجی بە دەرچەی ئەندامەکە تا کرداری جوتبون ئاسان بکات، هەروەها ڕێگری دەکا لە چونە ژورەوەی میکرۆب و مشەخۆر و تەنی زیانبەخش لە کاتی ئاسایی.

٥- ڕێژەیەکی زۆر لە حاڵەتەکانی نەزۆکی پەیوەستن بە خەتەنەوە، واتە خەتەنە ئەگەری زۆری هەیە ئافرەت توشی نەزۆکی بکات.

٦- خەتەنە دەبێتە هۆی سەختیی و ئازار لە کاتی منداڵبون، چونکە ئەو بەشەی کە لێدەکرێتەوە لە کاتی خەتەنە سروشتێکی لاستیکی هەیە بەڵام شوێنی برینی خەتەنە کە چاک دەبێتەوە ئەو سیفەتە لاستیکیەی لە دەست دەدا، بەمەش کرداری کشان و کرانەوەی ئەندامی زاوزێ سەخت دەبێ و چەند کاریگەریەکی ترسناک دەخاتە سەر دایک و کۆرپە وەک:

ا- سەختیی تێپەڕینی سەری کۆرپە، کە زۆر جار دەبێتە هۆی خنکان و مردنی کۆرپە بەهۆی کەمیی یا نەگەیشتنی ئۆکسجینی پێویست .

ب- سەختیی تێپەڕینی سەر و نەگەیشتنی ئۆکسجینی پێویست لە هەندێ حاڵەت دەبێتە هۆی ناتەواوی لە دەماخی کۆرپە، کە لە ئەنجامدا کۆرپەکە بە ناتەواوی لە دایک دەبێ، هەندێ جار ناتەواویی لە عەقڵ و هەندێ جاریش ناتەواوی لە جەستە ، وەک کەم ئەندامی.

ئەگەر تێبینی بکەین زۆربەی ئافرەتان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێک کێشەیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی تری جیهان، وە کاتێک سەرنج دەدەین ئەم کێشانە زۆربەیان پەیوەستن بە خەتەنەوە وەک، کەمیی ڕژێن و وشکیی ئەندامی مێینە، درەنگ گەیشتن یا نەگەیشتن بە لوتکەی چێژ لە کرداری جوتبون، سەختیی و ئازاری زۆر لەکاتی منداڵ بون کە دەگاتە ڕادەی مردنی دایکیش زۆر جار، وابزانم هەموشمان ئەو ڕاستیە دەزانین کە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە ئافرەتانمان بە شێوەی سروشتی منداڵیان نابێ، بێگومان هۆکارەکانی زۆرن بەڵام خەتەنە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان.

خەتەنەو کاریگەریی دەرونی

خەتەنە لەڕوی دەرونییەوە کاریگەریی زۆر ترسناک لەسەر تاکەکان جێدەهێڵێ، بێگومان کاریگەریی دەرونیش لە هەمو زیانەکانی تر ترسناکیی زیاترە، بە داخەوە لە ناو کۆمەڵگای ئێمە گرنگیی بە بابەتی کۆمەڵناسی و دەرونزانی نادرێ و مامۆستایان بە گشتی و مامۆستایانی ئاینی زۆربەیان شارەزاییان نییە لەسەر ئەم دو لایەنە گرنگەی ژیانی تاک، هەر لەبەر ئەوەشە زۆر جار بڕیاری هەڵە دەدەن بێ گوێدانە دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو بڕیارانە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونیی تاکەکان.

زیانەکانی خەتەنە لەڕووی دەرونییەوە زۆرن لەوانەش:

١- ئازارێکی جەستەیی و دەرونیی یەکجار زۆر لە کاتی خەتەنە و دوای خەتەنەش ، چونکە بە بێ بەنج دەکرێ و زۆرینەی ئەوانەی کە خەتەنە دەکەن نارۆشنبیر و نەخوێندەوارن، ئەم ئازارە دەرونییە جاری وا هەیە تا هەتایە بەرۆکی تاک بەرنادات و هەمیشە وەک مێردەزمە دێتەوە خەیاڵی و ژیانی لێ تاڵ دەکا.

٢- دڵەڕاوکێ و دوودڵیی بەردەوام ، بە تایبەت کە دێتە ناو کۆمەڵگایەکی رۆشنبیر کە تاکەکانی خەتەنە نەکراون ، ئەم حاڵەتە وای لێدەکا خۆی بە کەم بزانێ و بەمەش کەسێکی لاواز و تێکشاوی لێ دەردەچێ لە ڕوی دەرونییەوە و ناتوانێ روبەڕوی کێشەکانی ژیان ببێتەوەو توانای بڕیاردانی نابێ.

٣- ترسان لە شوکردن چونکە هەمومان دەزانین کە خەتەنەکردن کاریگەریی یەکجار ترسناکی هەیە لەسەر کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت.

خەتەنە و ئاین

پێش هەمو شت پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو پارچەیەی لە کرداری خەتەنە لێی دەکەنەوە، زیادە نییە بەڵکو بەشێکە لە ئەندامی زاوزێ بەڵام کە ئەو ناوەی لێ دەنێین وەک ئەوەیە ڕەوایی بدەین کە خەتەنە و بڵێین ئەوەتا ئەو شتەمان لێکردەوە کە زیادە بو!

ئەوەی بەشەی کە پێی دەوترێ "زیادە یا پیس" ، لە ڕاستیدا بەشێکی زۆر کاریگەرو گرنگە و زۆر هەستیاریشە چونکە پڕە لە دەماری یەکجار هەستیار کە لە هیچ شوێنێکی تری جەستە بە دی ناکرێن جگە لە سەرەپەنجەکانی مرۆڤ،

بەمەش خەتەنە کردن ئارەزوی مرۆڤ زۆر کەم دەکاتەوە، یا هەر نایهێڵێ لە هەندێ حاڵەتدا نەوەک زیادی بکا وەک زۆرینەی خەڵک بە هەڵە لێی تێگەیشتون. .

وەک دەزانین هیچ ئەندامێک یان بەشێک لە ئەندامێکی لەشی مرۆڤ زیادە و بێ کەڵک نیە، چونکە خوای میهرەبان خۆی فەرمویەتی کە ئێمە مرۆڤمان بە چاکترین و جوانترین شێوە دروست کرد،

- لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ(٤)التين .

" ئێمە مرۆڤمان بە چاکترین شێوە دروست کرد"

بە چ لۆجیک و عەقڵیک مرۆڤێکی نەزان رێگا بەخۆی دەدات دەسکاری دروسکراوەکانی خوا بکا و بڕیاری ئەوە بدا کە ئەو دروسکراوە کەموکوڕی تێدایە و پێویستە ئێمەی مرۆڤ چاکی بکەینەوە ؟

خۆ ئەگەر بڕیارمان دا کە خەتەنە پێویستە و سودی هەیە ئەوا ڕاستەوخۆ دژی خوا و کارەکانی خوا دەوەستینەوە، کە ئەوەش بە هیچ شێوەیەک رێ تێناچی چونکە کاتێک خوا شتێک دروست دەکا و دەفەرموێ کەموکوڕی نیە واتە دەسکاری کردن و زیادکردن و کەمکردنی هەر بەشێک یا ئەندامێکی دەچێتە خانەی باوەڕنەبوون بە خودا و تواناکانی .

ئەوانەی بە ناوی ئاین ڕەوایی بە خەتەنە دەدەن بە دڵنیاییەوە گوناهبار وتاوانبارن ، هەم لە دونیا و هەم لە قیامەت، ئەوان بەرپرسن لە هەمو مەینەتییەک کە بەسەر خێزانەکاندا دێ ، بەرپرسن لە هەموو حاڵەتێکی مردن یا کەم ئەندامبون یا هەریەک لەو زیانە ترسناکانەی کە بەهۆی خەتەنە کردنەوە توشی هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە دێت لە پیاو و ئافرەت.

هەمو ئەوانەش کە بێدەنگن لە ئاست ئەم ئاوانە گەورەیە ئەوانیش بەهەمان شێوە تاوانبار و کەمتەرخەمن.

مامۆستایانی ئاینی کە بە داخەوە بەشێکی زۆریان یا تێدەگەن و بێدەنگن یا نازانن بۆیە خەلک هان دەدەن لەسەر پەیڕەوکردنی ئەم دیاردە ترسناکە، کە بەڕاستی هەردو حاڵەتەکە کارەساتن.

ئەوانەی دەزانن و بێدەنگن ئەوا زۆر بەڕونی فەرمانەکانی خوا پێشێل دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێ:

- وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ٧١. التوبة

" ئیمانداران پشت و پەنای یەکن و فەرمان دەکەن بە چاکەو یەکتریش دوردەخەنەوە لە خراپە ".

ئێمە ئەگەر لە بابەتێکی وا هەستیار هەڵوێست وەرنەگرین ئەی کەی هەڵوێست وەردەگرین؟

وە ئەوانەش کە نازانن خەتەنە تاوانە و دژی فەرمانی خوایە ئەوا پێویستە بەخۆیاندا بچنەوەو خەمێکیش لە ئاستی رۆشنبیری خۆیان بخۆن.

خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە دەربارەی خەتەنە کە زۆربەی خەلک لێی بێ ئاگان، ئەویش ئەوەیە کە خەتەنە هیچ پەیوەندیەکی بە ئاینەوە نیە، بە بەڵگەی ئەوەی کە خەتەنە هەزاران ساڵ پێش هاتنی ئیسلام هەبوە و لە ناو ئەو نەتەوانە باو بوە کە دوور و نزیک پەیوەندیان بە ئیسلامەوە نییە، ئێستاش ئەگەر سەرنج بدەینە وڵاتانی ئەفریقیا، کە زۆرترین رێژەی خەتەنە لەوێ دەکرێ دەبینین ئەو وڵاتانە زۆربەی یا هەمو دانیشتوانیەکەی مەسیحین و خەتەنەش لەو ناوچانە زۆر پێش هاتنی ئیسلام هەبوە.

زۆر زانا هەن کە خەتەنە بە پێویست نازانن، رایان وایە نە واجبە و نە سوننەت.

ئەگەر بپرسین هۆکار چیە کە خەتەنە تێکەڵ بە ئیسلام بوە ، ئەوا هۆکار زۆرن ، زۆر دیاردەی کەلتوری هەن کە هی یەهودی و مەسیحیەکانن یا هی پێش ئەوانن و تێکەڵ بە ئیسلام کراون کە خەتەنە یەکێکە لەوان .

ئەم دیاردە کەلتوریانە بە مەبەست یان بە نەزانی هاتونەتە ناو ئیسلام و کە زۆربەیان پەیوەندیان بە ئاینەوە نیە بەڵام تێکەڵ بە ئاین بون.

سەرنج بدە هەمو ئەو فەرمودانەی دەربارەی خەتەنە هەن ناڕاستن:

-يا أمَّ عطيةً أشمِّي ولا تنهكِي فإنَّهُ أسرىٰ للوجهِ وأحظى عند الزوجِ.

الراوي : أم عطية نسيبة بنت كعب

المحدث : العراقي

المصدر : تخريج الإحياء

خلاصة حكم المحدث : **إسناده ضعيف**

-إذا خَفَضْتِ فأَشمِّي، ولا تَنهَكِي

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : البيهقي

المصدر : السنن الصغير للبيهقي

خلاصة حكم المحدث : **ضعيف**

- لا تُنْهِكِي؛ فإنَّ ذلكَ أحظَى لها، وأحبُّ إلى البَعْلِ.

الراوي : أم عطية نسيبة بنت كعب

المحدث : النووي

المصدر : الخلاصة

خلاصة حكم المحدث : **ضعيف**

- أنَّ امرأةً كانت تختِنُ فقالَ لَها النَّبيُّ صلَّى اللَّهُ تعالى عليهِ وسلَّمَ : لا تَنهِكي

الراوي : أم عطية نسيبة بنت كعب

المحدث : ابن الملقن

المصدر : خلاصة البدر المنير

خلاصة حكم المحدث : **ضعيف**

- أن امرأةً كانت تَخْتِنُ بالمدينةِ، فقال لها النبيُّ ﷺ :لا تَنْهِكي؛ فإن ذلك أحظى للمرأةِ وأحبُّ للبَعْلِ.

الراوي : أم عطية نسيبة بنت كعب

المحدث : ابن القطان

المصدر : أحكام النظر

خلاصة حكم المحدث : **لا يصح**

زیاتر له ١٠ سەرچاوە فەرمودەی خەتەنە بە ناڕاست دەزانن ، نازانم لەسەر چ بنەمایەک ڕەوایی دراوە بەم کارە نابەجێیە؟

جگە لەوەش کاتێک لە بابەتێکی دیاریکراو حوکمی خوامان هەبێ چ پێویست دەکا بە دوای فەرمودەدا بگەڕێین؟

کێ باوەڕدەکا کە پەیامبەرێک خوا بینێرێ بەڵام دژی قسەکانی خوا بوەستێتەوەو کارەکانی خوا بە ناتەواو بزانێ و خۆی بڕیار دەربکا کە ناتەواویەکانی دروسکراوەکانی خوا لەلایەن مرۆڤەوە چاک بکرێنەوە ؟

ڕەنگە زۆر کەس هەبن بە تایبەت دینداران و واعیزەکانی دەسەڵات کە درک بە ترسناکیی دیاردەکە نەکەن ، جا ئایا لە ئەنجامی نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریانە یاخود لە قسەی خەلک دەترسن.

بە داخەوە لە کۆمەڵگای ئێمە خەلکێکی زۆر هەن بەناوی دین بازرگانی بە گیان و داهاتوی خەلکەوە دەکەن، خۆم لە نزیکەوە چەندین کەس دەناسم کە لە هەمو بوارەکانی ژیان شکستیان هێناوە ئێستا بون بە زانای ئاینی و خەمخۆری خەلک، وە چەند قسەیەکی واعیزەکانی پێش خۆیان توتی ئاسا لەبەرکردوەو و بە خەلکی دەلێنەوە، خەلکیش لەبەرئەوەی لە ئاین قوڵ نابنەوە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی نازانن ، بە نەزانی دوای ئەو بە ناو زانایانە دەکەون، میللەتی ناهۆشیار هەمیشە بە ڕواڵەت هەلدەخەلەتێ و عەقلی روکەشە و لە شتەکان ورد نابێتەوە، واعیزەکانی

سوڵتانیش نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵکیان قۆستۆتەوەو و بەو ئاراستەی دەیانەوەێ دەیبەن.

ئەگەر هەمو تاکێک دەربارەی مێژوی ئاین و تیگەیشتن لە قورئان تۆزێک بخوێنێتەوەو خۆی ماندو بکات بێگومان لە هەمو کێشە و گرفتەکانی ژیان دەرباز دەبین، چونکە هەمیشە میللەت بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەی سەرەکییە لە مەسەلە چارەنوس سازەکان.

*　　*　　*

خەتەنەی نێر (ختان الذكور) Male circumcision

خەتەنەی نێر بەو شێوە بەربلاو نیە کە بیری لێ دەیەکەینەوە. لە ولاتەکانی ئەسکەندەناڤیا (سوید، نەرویج،فنلندا،دانیمارک، ئایسلەندا) کەس خەتەنە نەکراوە، لە فینلەندا ڕێژەی خەتەنەی نێر سفر لە سەدایە.

لە ولاتێکی وەک چین کە دانیشتوانەکەی نزیکی ١،٤ ملیارە مندالانیان خەتەنە ناکەن، ئەوانیش بە هەمان شێوە کێشەی تەندروستیان نیە کە پەیوەست بێ بە خەتەنەوە.

دانیشتوانی هیند زیاتر لە ١،٣ ملیارە ، ئەوانیش بە هەمان شێوە منداڵەکانیان خەتەنە ناکەن.

لە ژاپۆن و کۆریا ڕێژەی خەتەنە زۆر نزمە دەکرێ بڵێین هەر نییە ، ئەوانیش بە هەمان شێوە کێشەی تەندروستییان نیە کە پەیوەست بێ بە خەتەنەوە.

تەنها ئەم نمونانەی باسمان کرد نزیکەی نیوەی دانیشتوانی سەر روی زەوی پێک دێنن کە خەتەنە نەکراون ، بێگومان ولاتی تر یەکجار زۆرن کە خەتەنە تیایاندا یا نییە یا کەمترە لەوەی باس بکرێ، کێشەی تەندروستیی پەیوەست بە خەتەنەشیان نییە بە شێوەیەک کە جێی گرنگی پێدان و هەڵوێست بێ.

زۆربەی ولاتانی ڕۆژئاوا کورەکانیان خەتەنە ناکەن، جگە لە ئەمریکا،چونکە لەوێ خەتەنە بزنسێکی گەورە و پڕقازانجە و سالانە ملیۆنان مندال خەتەنە دەکرێن.

کەس نازانێ بە وردی کەی خەتەنە سەری هەڵداوە، بەڵام بەڵگە سەرەتاییەکان وا نیشان دەدەن کە لە میسری کۆن سەری هەڵداوە، ئەم کارەشیان بە جێگرەوەی کرداری (خەساندن) داناوە کە لە نێوان گروپێکی دیاریکراو لە قەشەکان ئەنجام دراوە.[1]

حالەتەکە زۆر تایبەت و دیاریکراو بووە، بەڵام دواتر گواستراوەتەوە ناو هۆزەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست.

هۆکاری ئەنجامدانیشی ڕون نییە ، بۆنمونە لە (ئینجیلی برنابا) هاتوە:

" ئادەم یەکەم کەس بوە خۆی خەتەنە کردوە ، وەک سزا بۆ پاکبونەوە لەو تاوانەی کە کردی " [2]

لە ناو هەندێ نەتەوە وەک سزا بۆ سەرباز بەکار هاتوە لە کاتی سەرپێچی.

لە ناو هەندێ نەتەوە نیشانەی پیاوەتییە.

لە ناو هەندێک نەتەوە نیشانەی پاکییە.

هەمو ئەوانەی سەرەوە داستان و ئەفسانەن و بنەمای زانستی و لۆجیکییان نییە.

لە ناو ئیسرائیلیەکان لە سالی ٥٠٠ پێش زایینەوە خەتەنەی نێر سەری هەڵداوە هەر لە دوای گەرانەوەی ئیسرائیلیەکان لە (نەفی بابلیەکان) و دروستکردنی پەرستگای دووەم لە ئۆرشەلیم .

لە تەوراتیش خەتەنەی نێر واجب کراوە.[3]

هەروەها لە نوسینە جێماوەکانی گریکە کۆنەکانیش(یۆنانیەکان) دەردەکەوێ کە خەتەنەی نێر لەو ناوچانە هەبوە، ئەوان خەتەنەیان بە درندەیی زانیوە و لایان وا بوە کە ئەو کارە تێکدانی دروسکراوێکی تەواو بێ کەمو کورییە، لای ئەوان ئەو

---

[1] وێنەی خەتەنەکردن لەسەر تابلۆ کۆنەکان و پشکنین و توێکاری تەرمە مۆمیاکراوەکان بەڵگەی زۆر رونن لەسەر ئەنجامدانی خەتەنە لە میسری کۆن.

[2] عبد الوهاب النجار : قصص الأنبياء

[3] التكوين ١٧: ١٤،١، اللاويون ١٢: ٣

بەشەی کە خەتەنە دەکرێ بە هێمای سەرکەوتویی ناسراوە لە کەلتورەکەیان دژ بەو کردارە ناعەقلانی و روکەشانەیەی کە لە رۆژهەلاتی ناوەراست پیادە دەکرێ بە ناوی خەتەنە.

رۆمانەکان کە فەلسەفە و زانستیان لە گریکەکانەوە بۆ ماوەتەوە وەک دەرمانسازی، یاسا، رەوشت، ئەوانیش دژی خەتەنەی نێر بون چونکە لایان وابو کە ئەم کردارە دژی چەمکی ئەخلاقیی دیاریکردنی چارەنوسی خودی مرۆڤە، وە لە زۆربەی کاتەکانیش خەتەنە دژی یاسا بوە و یاساخ بوە.

دوای رۆمانەکان کاتێک مەسیحیەت پەیدا بو تەشەنەی سەند و بو بە ئاینێکی بەربلاو، ململانێ لەسەر ئەوە پەیدا بو ئایا خەتەنە پێوستە یان نا بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە مەسیحی، ئەو جولەکانەی کە ببونە مەسیحی پێیان وابو خەتەنە پێویستە، بەلام رۆمانیەکان کە ببونە مەسیحی لایان وابو کە پێویست نیە،لە ئەنجامدا قەشەکان بریاریان دا کە نەخێر پێویست نیە.

بەر لەوەی بزانین خەتەنە کەی بو بە دیاردەیەکی پەیوەست بە تەندروستی مرۆڤ ، پێویستە بزانین ئەو زیادە گۆشتە چ گرنگییەکی هەیە لە جەستەی نێر.

جارێ پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو پارچەیە زیادە نیە بەلکو بەشێکە لە ئەندامی نێرینە بەلام کە ئەو ناوەی لێ دەنێین وەک ئەوەیە رەوایی بدەین کە خەتەنە و بلێین ئەوەتا ئەو شتەمان لێکردەوە کە زیادە بو ! بەلام وەک دەزانین هیچ ئەندامێک یان بەشێک لە ئەندامێکی لەشی مرۆڤ زیادە و بێ کەلک نیە، چونکە خوای میهرەبان خۆی فەرمویەتی کە ئێمە مرۆڤمان بە چاکترین شێوە دروست کرد،

- خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ ﴿٣﴾ . التغابن

" خودا ئاسمان و زەویی دروست کرد بە حەق و ئێوەشی بە چاکترین شێوە دروست کرد......."

ئەو بەشەی ئەندامی نێرینە کە پێی دەوترێ زیادە گۆشت یا "زیادە" ، لە ڕاستیدا بەشێکی زۆر کاریگەرە و ئەو شوێنەیە کە تیایدا پێست بە گۆشت دەکات , وە زۆر بە لێوەکانی مرۆڤ دەچێ ، وە زۆر هەستیاریشە چونکە پڕە لە دەماری یەکجار هەستیار کە لە هیچ شوێنێکی تری جەستە بە دی ناکرێن جگە لەسەرەپەنجەکانی دەست، بەمەش خەتەنە کردن ئارەزوی پیاو زۆر کەم دەکاتەوە نەوەک زیادی بکا وەک زۆرینەی خەلک بە هەلە لێی تێگەیشتوون.لە راستیدا بەشێکی گەورەی کێشەی برسێتی سێکسی بۆ خەتەنە دەگەرێتەوە چونکە خەتەنە بەشێکی زۆری چێژی کرداری جوتبون ناهێلێ، ڕەنگە ئەوەش یەکێک بێ لە هۆکارەکانی بێ قەناعەتی و تێرنەبونی پیاوی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ئافرەت .

خەتەنە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو بەشەی کە ئەندامی نێرینە دەپارێزێ،بەمەش سەری ئەندامی نێرینە کە پێستی لەسەر نیە هەستیاریەکەی زۆر کەم دەکات چونکە بەردەوام لە جلەکانی ژێرەوە دەخشێ بەمەش هەستیاریی نامێنێ و چێژ نابەخشی وەک پێویست.هەروەها ئەو زیادەیەی کە خەتەنە دەکرێ رۆلێکی زۆر کاریگەری هەیە لە پێدانی خۆشی بە ئافرەت لە کاتی جوتبون، لە ڕاستیدا کۆندۆمی خالدار لەسەر ئەو بنچینەیە دروست کراوە تا کرداری لێکخشاندن زیاتر بکات ، هەروەها لەکاتی جولەی ئەندامی نێرینە بەرەو دەرەوە لە کاتی جوتبون ئەو زیادەیە کۆدەبێتەوەو ناهێلێ دەرداوەکانی ناو لەشی ئافرەت برژێنە دەرەوە،بەمەش ئەندامەکە بە تەڕی دەمێنێتەوە ، ئەگەر سەرنجی بازارەکانیش بدەی تێبینی دەکەی کە زۆرترین کرێمی جوتبون لە ئەمریکا دەفرۆشرێت (چونکە زۆرترین رێژەی خەتەنەی نێر لە ئەمریکا دەکرێ)، وە کاتێکیش ئەندامی نێرینە بەرەو ناوەوە جولە دەکا لە کاتی جوتبون ئەوا ئەو زیادەیە کردارەکە ئاسان دەکات و سەری ئەندامی نێرینە بەدەردەخات و چێژی زیاتر بە هەردو رەگەز دەدات.

ئەگەر سەرنج بدەین یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی زو گەیشتنی پیاو بە لوتکەی چێژ (Orgasm)لە کرداری جوتبون بریتیە لە خەتەنە، ئەم حالەتە ناوە زانستیەکەی (زو ئاو هاتنەوە، واتە زو گەیشتن بە ئۆرگازم – سرعة القذف – Premature Ejaculation) بەلام لە ئافرەت کاریگەریی خەتەنە تەواو پێچەوانەیە، واتە خەتەنە وا لە پیاو دەکات زو بگات بە لوتکەی چێژ و ئافرەتیش

درەنگ بگات ، بەم شێوەیە بە دەستی خۆمان کێشەیەکی زۆر گەورە دروست دەکەین کە تێکدانی سروشتی مرۆڤە . کاریگەریی ئەمەش زۆر بەرونی دەبینین لە کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست کاتێ پیاوان بە دەست زو گەیشتن بە ئۆرگازم دەنالێنن و ئافرەتانیش بە دەست درەنگ گەیشتن پێی ، بەمەش ساردیی لە نێوان هاوسەران پەیدا دەبێت و زۆر جار دەبێتە هۆی لێک جیابونەوە یا نەمانی خۆشەویستی لە نێوان هاوسەران و زۆر جاریش گەڕان بە دوای خۆشەویستی لە دەرەوەی خێزان.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم چەند ساڵەی دواییی چەند زانایەکی ئاینی لە چەند ولاتێکی رۆژهەلاتی ناوەراست بە ناچاری و لەژێر فشاری زۆری رێکخراوانی کۆمەلگەی مەدەنی دانیان بەوەدانا کە خەتەنەی ئافرەت باش نیە یا پێویست نیە، ئەگەر چی هێشتا زۆرێک لە پیاوانی ئاینی لایان وایە کە پێویستە .

ئەوەی مەبەستمە بیلێم ئەوەیە کە چەند سالێکی تر ، دوای بڵاوبەنەوەی هۆشیاریی پێویست خەتەنەی نێریش دەبێتە بابەتی رۆژ و قسەی لەسەر دەکرێ و هەڵوێستی لەسەر وەردەگیرێ، بەڵام کەس نازانی کەی لەم خەوە قوڵە خەبەرمان دەبێتەوە .

گرنگە بزانین کە هەندێک کەلتور بە نەزانی و هەندێکی تر بە مەبەست هێنراونەتە نێو ئاین ، بۆ نمونە کەلتوری داگیرکاری و تالانی پێش هاتنی ئیسلام زۆر بە قوڵی رەگی داکوتابو لەناو عەرەب ، کە ئیسلام هات وردە وردە ئەم خوە ناشرینە کەمی کرد ، بەڵام بە هاتنی بنەماڵەی ئەمەویەکان دوبارە سەری هەڵدایەوە ، بەڵام ئەم جارەیان لە ژێر ناوی خودا و پیرۆزییەکان . بێگومان نە خودا و نە پەیامبەرەکەی داوای داگیرکاری و پاوانخوازییان نەکردوە ، بەڵام دیارە کە دەوڵەمەندی و خۆشیی ژیان زۆر جار مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبات .

ئەوەی لە ئەمەویەکان بەدواوە کرا لە داگیرکاریی ولاتان زیندوکردنەوەی کەلتوری عەرەب بوە نەک فەرمانی خودا و پەیامبەرەکەی.

بۆیە کاتێک گروپێکی نامۆ سەرهەڵدەدات و ماڵ و خوێنی خەڵکی حەڵاڵ دەکات و داوای جیهاد و تالانکاری دەکات لات سەیر نەبێ ، ئەوەتا لە سەدەی ٢١ و

لەسەر کەناڵی ئاسمانی و بەبەرچاوی هەمو دونیا . بانگخوازێکی زۆر بەناوبانگی میسری دەڵێ :

" هۆکاری هەژاریی ئێمە ئەوەیە کە جیهاد ناکەین ، هاوەڵانی پەیامبەر پێشبرکێیان بوە لەسەر جیهاد ، جیهاد زۆر خۆشە ، ئێمە گەر ساڵی جارێک یا دو جار جیهاد بکەین و خەڵکی بکەین بە مسوڵمان ، ئەوانەیش کە نابنە مسوڵمان داگیریان بکەین و ماڵ و سامانیان بەتاڵان ببەین ، لەو هەژارییە رزگارمان دەبێ ، هەر پیاوێک لە جیهاد بگەڕێتەوە بە چەند ژن و منداڵێک و یا چەند دیلێک و هەمویان بفرۆشێتەوە پارەیەکی چاکی دەست دەکەوێ.."[1]

کەسێک نەبو بەو بلیمەتە بڵێ کێ داگیردەکەی ؟ بە چەکی کێ ؟ بە ئازایەتیی کێ؟ ئاخر ئێوە لە قسەی گەورە زیاتر چیتان هەیە شانازیی پێوەبکەن ؟

کێ گوتی جیهاد موتعەیە ؟ خودا خۆی دەفەرموێ :

- كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ .... ﴿٢١٦﴾ البقرة.

" شەرکردن لەسەرتان پێویستە ئەگەرچی ناخۆش و سەختە ، رەنگە ئێوە رقتان لە شتێک بێ بەلام شتێکی باش بێ ، رەنگە شتێکیشتان خۆش بوێ بەڵام خراپ بێ بۆتان . خودا باشتر دەزانێ ....."

کەسێک نەبو بەو بلیمەتە بڵێ ، تۆ جارێ لە قورئان نەگەیشتوی بە فەرمانی کێ هاتوی پلان دادەنێی تا ماڵمان وێران بکەی ؟ ناپرسن بۆچی وڵاتانی رۆژئاوا زۆر جار لە مسولمان دەترسن و متمانەیان پێناکەن ؟ ئاخر وەلامەکەی رونە.

ئەو جۆرە بیرکردنەوە تاکێک پەروەردە دەکات ، دەچێتە ئەوروپا ، بە پارەی ئەوان دەژی ، دەخوێنێ ، دەوڵەمەند دەبێ ، پاشان خۆی دەتەقێنێتەوە و کۆمەڵێک بێتاوان دەکوژێ.

---

[1] کورتەی قسەکانی (أبو إسحاق الحويني)ە، گەورە زانای سەلەفیی میسر.

پێمان ناڵێن بەرهەمی ئێوە بۆ مرۆڤایەتی چییە جگە لە چاندنی تۆوی دوژمنایەتی و بەکوشتدانی خەڵک و برسێتی و نەهامەتی ؟

تۆبڵێی لە سەدەی ٢١ مرۆڤ هەبێ هێندە نەفام بێ و نەزانێ کە ئاوارەکانی هەمو دنیا لە وڵاتی بەناو مسوڵمان رادەکەن بەرەو وڵاتی بەناو کافر ، ئایا مسوڵمان و کافری بە ناوە یا ناوەرۆک ؟

دەوڵەتی ئیسلام بەهێزترین دەوڵەت و خاوەنی جوانترین مێژو و شارستانیەت بو ، بیرکردنەوەی نالۆجیکی و ئەقلی وەک ئەم نمونانە لەناویان برد .

زۆر گرنگە ئاین و کەلتور لەیەک جیابکەینەوە چونکە ئاین هاتوە کەلتورە ناشرینەکان نەهێلێ ، نەک برەویان پێ بدات.

* * *

" هەندێکمان خودا دەپەرستین و هەندێکیشمان کەلتور "

چوارەم: تەسك بیرکردنەوە و دابڕان لە پێشکەوتن و زانست

یەکێک لە سەرەکیترین کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتن تەسک بیرکردنەوەیە.

ئەم تەسک بیرکردنەوەیە دوێنێ پەیدانەبوە بەڵکو مێژویەکی قوڵی هەیە .

سیستەمی پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندن و تەنانەت خوێندنی ئاینیش لەم بەڵایە بەدەر نین بە داخەوە.

ئێمە ئێستاش قوتابیەکانی خوێندنی ئیسلامی، ئەوانەی لە حوجرەی مزگەفتەکان لە خزمەت مامۆستایانی دەخوێنن، تەنها ئاین دەخوێنن، لە ئاینیش تەنها ئیسلام دەخوێنن (بێگومان ئیسلامیش بەو پێناسە تەسکەی کە بۆمان ماوەتەوە) ،هیچ ئاین و بیروباوەڕێکی تر ناخوێنن ، وە ئەو بابەتانەی کە دەیانخوێنن ئەگەر هەمویان نەبێ زۆربەیان پەیوەندیان بە ئاینەوە نیە ، زۆربەی زانستەکان زانستی زمانن، تەنها زمانی عەرەبییش !

دکتۆرموستەفا زەلمی بەم شێوەیە باسی خوێندنی ئاینی دەکات لە کوردستان :

" رۆژێکیان لە حوجرە وانەم بە فەقێیەکانم دەگوتەوە ، شێخ حسێنی بۆسکێن کە پیاوێکی دەوڵەمەند و ژیر بو ،هەرچەندە خوێندەوارییەکی ئەوتۆشی نەبو هاتە لام و داوای کرد بەردەوام بم لەسەر دەرس گوتنەوە ، دوای تەواوبونم گوتی :

- مامۆستا ئەگەر پرسیارێک بکەم پێت ناخۆش نییە؟

منیش گوتم : زۆرم پێ خۆشە .

وتی : ئەم دەرسانە و دەرسەکانی تر کە پێیان دەڵێن ١٢ عیلم سودیان چیە؟

وتم: ئێمە بەم عیلمانەوە دەتوانین لە ئیسلام بکۆڵینەوە ،لە قورئان و لە فەرمودەکان حوکمی ئەو شتانە بدۆزینەوە کە لە ژیاندا هەن یا لەپاشەرۆژدا پەیدادەبن چونکە قورئان باسی هەموشتێکی بە کورتی کردوە لەلایەن دروستی و نادروستییەوە.

وتی: وتەکەت ڕاستە بەڵام ئێوە رۆژێک لە رۆژان ئەم عیلمانە بەکاردێنن بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانە؟ ئەگەر شتی وا هەبێت بۆچی هەر مەلایەک پرسیاری لێدەکرێت ناتوانێت وەلام بداتەوە تا پەنا نەباتە بەر یەکێ لە کتێبەکانی فیقهی شافیعی.

مامۆستا تۆ و مامۆستاکانی تریش لە کوردستان لەمەوپێش و لەمەودوا بە درێژایی ساڵ خۆتان ماندودەکەن بۆ دروستکردنی کلیلێک کە دەرگایەکی پێ بکەنەوە ،کە ئەویش دەرگای قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پەیامبەرە ، بەڵام بە داخەوە دەمرن و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کلیلە بەکارناهێنن ، کەوابو سودی کلیک چییە ئەگەر دەرگای پێ نەکرێتەوە. بون و نەبوی هەر وەک یاک وایە ئەگەر کاری پێ نەکرێت.

ئەم قسانە لە ساڵی ١٩٤٨ کراوە بەڵام تا ئێستاش (کە باسی ساڵی ٢٠٠١ دەکات) لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

منیش بەخۆم و مامۆستاکانم دەڵێم ئەوەی ماوە و ئەوەی نەماوە و ئەوانەی لەمەودوا پەیدادەبن بەو جۆرە تەمەنی خۆیان بەخت دەکەن لەرێگەی (نحو ،صرف ، منطق ، بلاغة ، فلسفة ...هتد) ئەوانی تر بە درێژایی ١٢ ساڵ زیاتر ئینجا ئەم زانستانە بە دەرس دەڵێنەوە و حاشیەیان لەسەر دەکەن ، بەڵام ئەگەر کابرایەک مرد نازانن چۆن میراتەکەی بەش بکەن ، ئەگەر کابرایەک ژنەکەی تەڵاق دا سێ بە سێ بە یەک جار دەڵێن ئەمە بە مارەبەجاش نەبێ چاک نابێتەوە چونکە لە فلان کتێب لە فیقهی شافیعی یان حنفی وا دەفەرموێ ، ئەگەر شتێکی تازە روبدات لە رێگای زانستی تازەوە نازانن حەلالە یان حەرامە ، دروستە یان نا ،چونکە ئیمامەکان و مەزهەبەکانی لەمەوپێش ئەو شتانەیان نەدیوە و باسی حوکمەکەیان نەکردوە ،هەروەک (کۆپی کردنی مرۆڤ ، منداڵی بلوری) و شتی تر ، کاتێک خوێندەوارەکانی ئیسلام کۆدەبنەوە دەست دەکەن بە شەڕەقسە ، ئەم دەڵێ شافیعی وای فەرموە و ئەو دەڵێ حنفی وای فەرموە و یەکێکی تر دەڵێ ئیمامی جعفر الصادق وای فەرموە ، هەر بەو جۆرە بە درێژایی ساڵ بە رقەبەرایەتی و تعصب بۆ مەزهەبێکی تایبەتی ناتوانن بگەن بە ئەنجام و ڕاستی حوکمی ئەو شتە تازانە کە پەیدابون.

زۆرترین ئەو مامۆستایانەی کە خوێندنی مزگەوتیان تەواوکردوە ،لای ئەوان ئاینی ئیسلام بریتییە لە مەزهەبی شافیعی ، هیچ کەس نییە بچێت بەلای قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پەیامبەردا.کەچی ناوی شافیعی نە لە قورئان و نە

لەفەرمودەکاندا هەیە . ئەگەر یەکێک لە مامۆستایەکی ئاینی بپرسێ حوکمی فڵان شت چییە ، دەڵێ خۆت تەقلیدی ئیمامی شافیعی یا حەنەفی بکە.

هیچکات ئەو مامۆستایانە بیرلەوە ناکەنەوە کە لە سەدەی یەکەمی ئیسلامدا باشترین کات بو بۆ کارکردن بە ئیسلام ، مسولمانەکان تەقلیدی کەسیان نەدەکرد ، ئەوکاتە نە ئیمامی حەنەفی و نە شافیعی و نە مالیک و نە احمد و ئیمامەکانی تر لە دایک نەببون " [1]

دکتۆر زەڵمی تێبینیی زۆری هەبوە لەسەر خوێندنی ئاینی بە تایبەت لە حوجرەکان ،ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەتێبینیەکانی:

- منداڵان لە حوجرە لە ١٠٠ دانە ٢ دانەیان دەردەچون چونکە شێوازی خوێندنەکە زۆر هەڵەبو ، مامۆستایان بە تولەهەنار ، مەقاشی سورکراوە یا جگەرەی داگیرساو سزای منداڵەکانیان دەدا .

- قوتابی یەکەم جار قورئانی پێ دەوترێ کە گرانترین شتە بەلای منداڵەوە چونکە عەرەبی زمانێکی سەختەو قورئانیش لەهەمو دانراوەکانی عەرەبی (بلیغ) تر و گرانترە ، قوتابی تا ماوەی یەکساڵ تەنها قورئانی پێ دەوترێ ، ئەویش تێی ناگا ،بۆیە زۆر قوتابی هەر لە سەرەتاوە وازی دەهێنا.

- گرنگی نەدان بە قورئانی پیرۆز و فەرمودە و فیقهی ئیسلامی ، هەرچەندە یەکەم کتێب دەخوێنرا قورئان بو بەلام زۆر فەقێ هەبو ١٢ عیلمیان تەواو دەکرد بێ ئەوەی یەک لاپەرە تەفسیری قورئان بخوێننەوە یا فەرمودەیەک بزانن،وەک زەلمی باسی خۆی دەکات و دەڵێ مەلا دوای دەرچونی هیچی نەدەزانی دەربارەی شەریعەتی ئیسلامی.

- ئەو مەلایانەی دوای مەلایەتی هەولیان دەدا بۆ خۆیان تۆزێک فێری فیقهی ئیسلام بن ، جگە لەمەزهەبی شافیعی نەیاندەویست فێری شتێکی تر بن لە مەزهەبەکانی تر،لایان وابو ئەوەی شافیعی وتویەتی هەموی ڕاستە.

---

[1] د.موستەفا زەڵمی. کاروانی ژیانم

ئەوان رۆژێک بیریان لەوە نەکردەوە کە شافیعی تەنها ٥٤ ساڵ ژیاوە و تەنها (قورئان و فەرمودە و اصول الفقه و بلاغة) ی خوێندوە کە ٤ زانستن ، لە کاتێکدا مەلاکان ١٢ زانستیان دەخوێند و لەشافیعی زۆر زیاتر دەژیان و وانەشیان بە فەقێکان دەوتەوە ، بەلام کە پرسیاریان لێ دەکرا لە بۆچونی شافیعی زیاتر هیچیان پێ نەبو ،هەرگیز نەیدەوێرا بڵێ ئەمە ڕای خۆمە بە پێی قورئان.

- دکتۆر زەڵمی دەڵێ ، لە ماوەی ٤ ساڵی کۆلێژ ٤٠ بابەتی یاسام خوێند کەجۆراوجۆربون و لەزۆر شت شارەزایان کردم ، بەڵام لەحوجرە بە ١٢ ساڵ ١٢ بابەت فێربوم کەهیچیان پەیوەندییان بە ژیانی دنیا نەبو ، سودی تەنانەت بۆ ئاینیش زۆر کەم بو. هەمو ژیانمان خەریکی دروسکردنی کلیل بوین بۆ کردنەوەی دەرگاکان کەچی هیچ دەرگایەکمان نەکردەوە ، چونکە هەمیشە قسەی ئەوانی پێش خۆمان دوبارە دەکردەوە.[1]

ئەوەی لەسەرەوە باسکرا دەربارەی خوێندنی ئاینی بو لە حوجرەکان،بەلام لە بیرمان نەچێ کە هەندێک لەمامۆستایانی ئاینی و وتاربێژان دەرچوی حوجرە نین بەلکو دەرچوی کۆلێژ یا پەیمانگاکانن .

بەڵام ئەگەر حالی مامۆستایانی حوجرە وابێ کە ١٢ ساڵ دەخوێنن ، دەبێ ئەوانەی کۆلێژو پەیمانگا بە ٤ ساڵ یا ٢ ساڵ چەند فێربن؟ دەبێ فریای چەند زانست بکەون؟

مامۆستایانی دەرچوی حوجرە ، هیچ یەکێک لە زانستە زیندوەکانی دونیا کە وەک بیرکاری و فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەرونزانی و جوگرفیا و مێژو....هتد، ناخوێنن !

لە سەر هەمو بابەتە زانستیەکانیش قسە دەکەن ، ئەمەش کارەساتە چونکە من چەندین جار لە وتاری هەینی بوم و قسەی وام لە مامۆستای وتاربێژ بیستوە کە پێچەوانەی زانستە .

---

[1] د.موستەفا زەڵمی . کاروانی ژیانم

کوڕەکەم تەمەنی ٩ ساڵ بو، لە نوێژی هەینی ڕەخنەی لە مامۆستای ئاینی گرت، چونکە ئەو مامۆستا ئاینیە بەڕیزە لەسەر مینبەری پەیامبەری خودا جنێو و قسەی نەشیاوی کرد .

مامۆستای ئاینی دەبێ زۆر وریای گوفتار و کرداریان بن چونکە ئەوان بە پێشەنگ دادەنرێن لە کۆمەڵگەی ئێمە، پێویستە مامۆستای ئاینی لە هەموکەس زیاتر خەریکی زانست و خۆ دەولەمەندکردن بێ بە زانستە جۆراوجۆرەکان و هەمیشە ئاگادار بێ لە زانست و پێشکەوتنەکانی.

زۆر جار دەبینین پیاوانی ئاینی قسەکانی نوسەرێک یا بیرمەندێکی دیاریکراو ڕەت دەکەنەوە بە بیانوی ئەوەی ئەو کەسە پسپۆڕیی لە ئاین نیە و نابێ قسەی تێدا بکا.

بەڵام خۆیان کە تەنها زانستەکانی زمانی عەرەبی دەخوێنن لەگەڵ هەندێک بابەتی فیقهی و فەرمودە ، قسە لەسەر هەمو لقەکانی ئاین دەکەن لە کاتێکدا زانستی قورئان بە دەگمەن نەبێ ناخوێنن، نەک هەر ئەوە بەڵکو قسە لەسەر هەمو بابەتە زانستیەکان دەکەن بێ ئەوەی یەک لاپەرەیان خوێندبێ لە کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی، دەرونناسی، کۆمەلناسی، یاسا، فەلسەفە .....

زۆر جار بانگخواز بە خوێندنەوەی یەک بابەتی چەند لاپەرەیی یا ڤیدیۆیەکی ئامادە لەسەر بابەتێکی زانستی وەک کیمیا بۆ نمونە، دێت وتارێک لەسەر بابەتێکی زۆر ئالۆز دەدات کە خاوەن دکتۆرا و پرۆفیسۆر لەم بابەتە ناوێرن بەم شێوەیە قسە لەسەر بابەتەکان بکات !

لە بابەتێکی وەک زیندەوەرزانی کە تەنها بابەتی (خانە- خلیة- Cell) ، کە بچوکترین یەکەی پێکهاتنی لەشی زیندەوەرانە ، پەرتوکی زیاتر لە ١٤٠٠ لاپەرەیی لەسەر دەنوسرێ وەک (Molecular Biology of the Cell)کە پەرتوکێکی زانستیە و لە سالی ١٩٨٣ نوسراوە لەلایەن ٨ زانای زۆر بە توانا ، بەلام دەبینی بانگخوازێک یا وتاربێژێک دێت بە خوێندنەوەی بابەتێکی چەند دێری یا ڤیدیۆیەکی چەند خولەکی یا بیستنی بابەتێک لە کەسێک وتارێکی یەک کاتژمێری دەهۆنێتەوە و بە ئارەزوی خۆی بابەت دێنێ و دەیبا بێ ئەوەی لە ڕاستی و

دروستیی بابەتەکان بپرسێ ،یا لانیکەم بزانێ سەرچاوەکان چین، بێ ئاگا لەوەی کە خەلک ئەمرۆ زۆرینەی خوێندەوار و شارەزایە جگەلەوەی خەلک هەیە پسپۆر و پرۆفیسۆرە لە بوارەکە.

جاران بەر لە دامەزراندنی قوتابخانە و سەردەمی تەکنۆلۆجیا، سەرچاوەی زانست تەنها مامۆستای ئاینی بون ، پاشانیش مامۆستای قوتابخانەکان پەیدابون ، ئەوانیش بون بە سەرچاوەی زانست .

ئەمرۆ گەورەترین کتێبخانە لەناو گیرفانمانە و کاتێکیش بمانەوێ بگەرێین هەمو جیهان لەنێو لەپی دەستمانە.

 تەسک بیرکردنەوە توشی زۆر کێشەمان دەکات، بۆ نمونە کاتێ باسی قورئان دەکرێ خێرا ئاماژە بەوانە دەکەن کە قورئانیان لەبەرە، نەک ئەوانەی کە لێی تێدەگەن یا کاری پێ دەکەن.

لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی سەدان هەزار سەنتەری لەبەرکردنی قورئان هەن بەلام بە دەگمەن سەنتەرێک دەبینی کە تایبەتمەند بێ بە لێکۆلینەوە و تێگەیشتن یا کارپێکردنی قورئان !

لەبەرکردنی قورئان و گوتنەوەی بەبێ وردبونەوە و لێکۆلینەوە و کارپێکردنی چ سودێکی هەیە ئەگەر نەبێتە رەوشت وکردار؟

ئەگەر یەک ئایەتی قورئان لە رەوشتتدابێ باشترە لەوەی هەمو قورئانت لەبەر بێ.

عەلی شەریعەتی گفتۆگۆیەکی زۆرجوانی هەیە لەگەل باوکی دەربارەی قورئان تیایدا دەلێ:

" تۆ بڕوات بە قورئان هەیە ، بەلام وەرە پێم بلێ چیی لێ تەگەیشتوی ؟ تۆ دەیخوێنی و نازانی مانای چیە ، منیش بە فەرمانی تۆ نەموێراوە پرسیار بکەم دەربارەی مانای ئایەتەکان، کەواتە منی بێدین و تۆی دیندار لە نەزانینی قورئان چون یەکین، تەنها لەوە جیاین کە من کارم پێی نیە و خۆمی لەگەل ماندو ناکەم چونکە لێی تێناگەم ، بەلام تۆش کە وەک من تێی ناگەی کە چی زۆری

پێوە ماندوی ، لەبەرگی پەشمینەی دەگری ، ماچی دەکەی و لە بەرزترین شوێنی دادەنێی ، کاتێک گوێت لێی دەبێ – بەبێ ئەوەی هیچی لێ تێبگەی- دڵت گەرم دەبێ و لەگەڵی دەگری ، هەرکاتێک ئازارت هەبو لە باوەشی دەگری ، ئەگەر باوەڕت پێ نەکەن سوێندی پێ دەخۆی ، کاتێک لە ماڵ دەردەچی یا دوکان دەکەیتەوە یا دایدەخەی ورتە ورتێک دەکەی بێ ئەوەی بزانی چی دەڵێی و فوێک لە قوفڵەکە دەکەی تا دز پێی نەزانێ.

نوشتەی مەلا بە سێ سوچی لە مێو دەگری و بە یاخەتەوە دەیدوری کاتێک نەخۆش دەبی، تەنانەت ملی گاگەشت نوشتە و ئایەتی تێدایە تا لە چاوی بەد بەدوربێ و مل ئەستور بێ.

باوکە، فەرموت باوەڕم بە قورئان هەیە ، منیش باوەڕم بە قورئان زۆر پتەوە . ئێستا وەرە با تێک بگەین ، تۆ مەبەستت کام قورئانە ؟ ئەوەی کە نازانی چیی تێدایە ؟ یا ئەوەی کە بۆ فریودانی بە نوکی ڕمیانەوە کرد؟ یا ئەو قورئانەی کە بە یەک چارەکە سەدە هەزاران هۆزی عەرەبی خوانەناسی پێخواسی هیچنەزانی یەکترکوژ و لێک دوژمنی لە دەوری یەک کۆکردەوە؟

بە کەمتر لە سەد ساڵ دەوڵەتێکی وای دامەزراند کە دەوڵەتە هەرەبەهێزەکانی ئەوسای تواندەوە. مەبەستی من قورئانێکە بە ناوی خودا دەست پێدەکات و بەناوی مرۆڤ کۆتایی دێت ، زۆربەی زۆری ناوەرۆکەکەی دەربارەی ژیان و پێشکەوتن و زانست و گەشەکردنی کۆمەڵگەیە، لە سورەتەکان بڕوانە ، بەشی زۆریان باسی سروشت و ئاکار و خوی باش و بە کەڵکە بۆ ژیان ، تەنها بەشێکی زۆر کەمی باسی نوێژ و خواپەرستی و قەبر و ڕۆژی دواییە .

خوا قورئانی بۆ کەسێک نارد کە خوێندەوار نەبو، کەچی یەکەم سورەتی دەربارەی خوێندن و نوسینە(بخوێنە بەناوی ئەو خودایەی کە مرۆڤی فێرکرد)

تۆ قورئانێکت خۆش دەوێ و بە موبارەکی دەزانی کە هەر بەرگەکەی دەبینی بە نەخش و نیگارە ڕەنگاوڕەنگەکان رازێندراوەتەوە و لەسەر تاق دانراوە و بە مایەی بەرەکەتی ماڵی دەزانی.

ئەو قورئانەی کە بۆ خەو دەیخەیە بن سەرین و بۆ سەرئێشە و پشت ئێشە گەرەکتە لات وایە کە بۆ زیندو نابێ! لەسەر مردوان دەیخوێنی ، بەشی زۆری لە گۆرستانان دەخوێنرێ و خێرەکەی بە مردو دەدرێ.

هیچکات بیرمان لەوە نەکردەوە کە تێی بگەین و بایەخ بەو پەندانە بدەین کە خودا بۆ بەختەوەری و سەرفرازیی و گەشەکردن پێی داوین .

وتەکانی خودا دەبێ بخوێنرێن و چاک لێیان حاڵی بین و خەلکیش فێربکەین ، نەک لەسەر رەفە دابنرێن و لە دورەوە لە بەرگەکەی بروانین ...."[1]

زۆرێک لە خەلکی هەر بەم شیوەیە لەگەل قورئان دەژی کە شەریعەتی باسی کردوە، زەمەن دەگۆرێ بەڵام بیرکردنەوە هەمان بیرکردنەوەیە، ئێستا کەمتر نوشتە دەبینرێ ، بەڵام ئێستا نوشتەکان لە ناو بیرکردنەوەی مرۆڤەکان پارێزراون ، تەلیسم و جادو کاری خۆی هەر دەکا لە نێو کۆمەلگەی نوستو.

زۆر جار دەبینین بانگخوازێک یا مسوڵمانێک موژدە بە مسولمانان دەدات و شاگەشکە دەبێ کاتێ دەبیستێ کە زانایەکی نامسوڵمان لێکۆڵینەوەی کردوە لەسەر بابەتێکی زانستیی دیاریکراو ، وە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئایەتێک یا ڕاستیەکی قورئان یەک دەگرێتەوە.

بێگومان حاڵەتی وا هەیە و بەردەوامیش ڕودەدات ، ئەوەی زۆرێک لە خەلک لێی بێ ئاگان ئەوەیە کە زانست خۆی هەیە ، شتێک نیە لە زانست کە نەبێ، ئەوە مرۆڤە کە دەبێت بیدۆزێتەوە ، وەک لە قۆناغەکانی پێشکەوتن باسمان کرد مرۆڤ ساڵانێکی یەکجار زۆری پێویست بوە تا بۆ نمونە ئاگر دروست بکات، بەڵام ئایا ئاگر خۆی نەبوە؟ هەمو شتەکان لە سروشت هەن ،ئەوە ئەرکی سەرشانی مرۆڤە کە بیان دۆزێتەوە .

کاتێکیش مسوڵمان قورئانێکی هەیە کە ١٤ سەدە بەر لە ئێستا باسی زانستی کردوە و هانی خەلکی داوە بۆ وردبونەوە و بیرکردنەوە و تێفکرین، بەڕاستی نەنگی و

---

[1] دایە باوە کێ خراوە . د.علی شریعتی

شورەییەکی گەورەیە زانستەکان لە لایەن خەلکێک بدۆزرێنەوە کە لە ژیانیان ئەو قورئانەیان نەبینیوە ! سەرباری ئەوەش بێین و شانازی بەوە بکەین کە ئاینەکەی ئێمە پێش ١٤ سەدە باسی ئەم حالەتەی کردوە.

ئێمە ئێستاش جیاوازیی نێوان زانست و شارەزاییی نازانین (العلم - المعرفة) ، زانست گرنگ نییە ئەگەر نەگۆڕێت بۆ شارەزاییی.

ئێمە باوەڕمان بە قورئانێک هەیە کە زۆر خەلک لە زانستەکەی بەهرەمەند بون، بێگومان دوای گۆڕینی زانستەکە بۆ شارەزاییی، چونکە زانست هیچ بەهایەکی نییە ئەگەر نەبێتە شارەزاییی .

کتێبی ناو کتێبخانەکان پڕن لە زانست ، کۆمپیوتەرەکان و تەنانەت مێشکی زۆربەشمان پڕە لە زانست ، بەڵام ئایا زانستی هەڵگیراو لە مێشک سودی هەیە؟ ئایا زانست گۆڕانکاری دروست دەکات؟

زانست دەبێ ببێتە شارەزاییی، ئەویش لە ڕێگای بیرکردنەوەی دروست و وردبونەوە و خوێندنەوە وبەراورد و تاقیکردنەوە ورەخنەگرتن و بەخۆداچونەوە و هەڵسەنگاندن و نوێکردنەوە و ئاگاداربون لە پێشهات و گۆڕانکاریەکانی ڕۆژ.

مەسەلەی بیرکردنەوەی تەسک بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە و دەرهاویشتەکانی یەکجار ترسناکن ، مسولمانان بە دەستی خۆیان ئاینە جوانەکەی خۆیان ناشرین دەکەن پاشانیش گلەیی ئەوە دەکەن کە گەنجەکانمان بەرەو بێدینی دەچن .

ئاخر گەنج چۆن بەرەو بێدینی ناچێ کاتێ دەبینێ ئاین دروشمەکانی زۆر جوانن بەڵام واقیعی ژیانی مسولمانان ناخۆشترین و خراپترین واقیعە.

وڵاتێکی وەک سوریا کە لە ساڵی ٢٠١١ ، تا ئێستا زیاتر لە ١٠ ساڵە بە بەردەوامی مسولمان و خەلکی بێتاوانی تێدا دەکوژرێ و هەمو ئەو وڵاتانەش کە ئاگری شەرەکە خۆش دەکەن مسولمانن، بەڵکو ئیسلامین و سەرکردەکانیان خۆیان بە فریشتە ناگۆڕنەوە، سەدان هەزار کەس بونە قوربانیی ئەم شەرە نەگریسە و سەدان هەزارماڵوێران و ئاوارەبون، ئاوارەکان پەنایەکیان لە وڵاتە مسولمانەکانی نزیک خۆیان شک نەبرد بۆیە بە ناچاری ڕێگای مەرگیان گرتە بەر بەرەو ئەوروپا

که دەیان هەزار کیلۆمەتر دورە و هەزارانیان لە رێگە رۆژانە دەمرن ، لە کاتێکدا بە تێروانینی ئێمە ئەوان بێ باوەڕ و ئێمە مسولمانین ، کەچی دەبینی ولاتە ئەوروپیەکان ئاوارەکان پەنا دەدەن و جێگا و پارە و کاریان پێ دەدەن و رێزێکی وایان دەگرن کە لە ولاتەکانی خۆیان خەونیشیان پێوە نەبینیوە.

چۆن خەلک گومان لە ئاین پەیدا ناکات کاتێ دەبینێ لە ولاتێکی وەک سعودیە کە خۆیان بە نەوەکانی پەیامبەر دەزانن کەچی ئافرەت لەوێ هیچ مافی نیە و بە مرۆڤ ئەژمارناکرێ، مافی نیە دەنگ بدا، مافی نیە ببێتە وەزیر یا ئەندام پەرلەمان ، نەک ئەوە بەلکو بە پێی فەرمودەی بوخاری و النسائی نابێ ئافرەت کاربەدەست بێ.

- لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمُ امْرَأَةً .

الراوي : أبو بكرة نفيع بن الحارث

المحدث : الزرقاني

المصدر : مختصر المقاصد

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" هەر نەتەوەیەک ئافرەت سەرۆکیان بێ هەرگیز خۆشبەخت نابن "

لە کاتێکدا خوا لە قورئاندا باسی پاشایەکی ئافرەت دەکات و ژیری و دانایی و لێهاتویی ئەم ئافرەتە دەبێتە هۆی مسولمان بونی هەمو گەلەکەی و رزگاربونیان لە شەڕ و کوشتار و مالوێرانی،

- إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ.........

قَالَتْ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ"النمل ﴿٤٤﴾

وەک دەبینین خوای گەورە ئاماژە بە دانایی پاشایەکی ئافرەت دەکات کە بوە هۆی مسولمان بونی هەمو گەلەکەی بە یەک جار، بەلام دیارە کە داهێنەرانی دیکتاتۆریەت و واعیزەکانی سولتان نایانەوێ ئافرەت سەرۆک بێ چونکە ئەگەر

ئافرەت سەرۆک بێ رێگا نادا بەزۆر ئاین بەسەر خەلک بسەپێنرێ و تالانی و بردنی جاریە و مالی خەلک و تالانی نامێنێ، کوشتن و سوتاندنی خەلک و ئاوارەکردن و لەناوبردنی میلەتانی تر نامێنێ . ئەمەش زیانێکی گەورەیە لە سولتان و واعیزەکانیان چونکە ئەوان راهاتون بە خۆشگوزەرانی و مالی زۆر و جاریەی جۆراو جۆر لە هەمو نەتەوە و رەنگێک .

نازانم چۆن ئەوە لێک دەدەنەوە کە ئەلمانیا سەرۆکەکەی ژنە و خاوەنی باشترین تەکنۆلۆجیا و سیستەم و خاوەنی باشترین کارگەی ئۆتۆمبێلەکانی جیهان و خاوەنی باشترین ئابوریی ئەوروپا ، هەر ئەوانیش بون دالدەی زۆربەی ئاوارەکانی سوریا و عێراقیان دا .

نازانم یا دەبێ ئەنجێلا مێرکلی سەرۆکی ئەلمانیا پیاو بێ و ئێمە نەزانین!

یا دەبێ ئەو فەرمودەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد راست نەبێ چونکە ناشێ پەیامبەر قسەیەک بکات لەگەل قورئان و واقیع پێچەوانە بێ.

لەم سالانەی دوایی لە سعودیە بۆ یەکەم جار رێگە درا بە ئافرەت کە ئۆتۆمبێل لێ بخورێ ، ئەویش دوای ئەوەی ببون بە گالتەجاری جیهان بە دەست یاسا سەیرو سەمەرەکانیانەوە، سەیریش لەوەدایە کە هەمو ئەم یاسا ناشرینانە لەسەر ئاین ئەژمار دەکرێن .

شێخ و واعیزەکانی دەسەلات تا ئەم دو سالەی دوایی فتوایان دابو کە ئافرەت نابێ ئۆتۆمبێل لێ بخورێت و حەرامە.

(**صالح بن سعد اللحيدان)** پیاوێکی ئاینی سعودیە و خاوەنی دکتۆرایە لە سالی ٢٠١٣ لەکەنالێکی ئاسمانیی سعودی گوتی :

"حەرامکردنی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بۆ ئافرەت بنچینەی زانستیی هەیە و موعجیزەیە و خەلکی نایزانن ، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کاردەکاتە سەر هێلکەدانەکانی ئافرەت و توشی نەزۆکی دەکات"

کارەسات ئەوەیە ، دوای ئەوەی خەلکێکی زۆر رەخنەیان گرت و بابەتە بوە مایەی گالتەجاڕی خەلکی ، دواتر چاوپێکەوتنێکیان سازکرد لەگەلی، بەلام ئەمجارەیان دکتۆرێکی پسپۆر لە نەخۆشیی ئافرەتان کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ ئەزمونی هەبو لە وێ ئامادەبو ، بەو ئومێدەی لەم کارەساتە دەربازیان بێت و لەم ئابروچونە دەرچن ،بەلام دکتۆری بلیمەت لەسەر قسەکانی سور بو،هەرگیز نەیسەلماند .

تۆ بلێی کەسێک نەبێ ئەوەندە ئەقلەی هەبێت و پێی بلێ ئایا ئافرەت لە ناو ئۆتۆمبێل ئەگەر لێی بخورێ یان هەر دابنیشێ هەر هەمان شت نیە ، لەبەر چی ئەگەر لێی بخورێ نەزۆک دەبێ ، ئەگەر لە تەنیشت شۆفێر دابنیشی ئاساییە ؟

ئەی باشە وەلامی ئەم دکتۆرە بلیمەتە ئێستا چیە کە پاشای نوێی سعودیە دوای تەنها ٣ ساڵ لەم قسانە   رێگەی دا بە ئافرەتان کە ئۆتۆمبێل لێ بخورن ، ئایا ئێستا ئاساییە و خەلک نەزۆک ناکا ، حەلالیشە ؟

باشە چۆن دەکرێ حوکمی خوا تا دوێنێ بە شێوەیەک بێ و ئەمرۆ پێچەوانەی بکەیتەوە؟

چۆن رێگات بەخۆت دا حوکمی خوا بگۆڕی ئەگەر بڕیارە حوکمی خوا بێ ؟

خۆ هەر لەسەرەتاوە دیارە کە حوکمەکان هیچی هی خوا نین، بەلام ئەوان نەزانیی خەلکیان قۆستۆتەوە و بازرگانیەکی چاک دەکەن بە ناوی ئاین.

ئاخر خەلکی کە واز لە ئاین دێنن هۆکار هەیە، ئەگەر ئەمە گەورەترین هۆکار نەبێ بێگومان یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی هەلگەرانەوەی خەلک لە ئاین، وە هەلگەرانەوەش لەم جۆرە ئاینە نیشانەی دانایی و هۆشمەندییە .

ژنە ئەکتەرێکی سوری کە ئاوارە بوە بە هۆی شەڕی سوریا ئەم نامەی خوارەوەی بۆ سەرۆکی ئەلمانیا نوسیوە:

" یا سیدة مرکل

نعم ان مکة ودبي ومسقط وعمان اقرب من برلین وکبنهاغن

نعم هؤلاء (العرب) قبلوا بمساعدتنا والحوا على ان يساعدونا وحتى الكثير منهم زارنا في مخيمات اللجوء واكثرهم من الستين عام فما فوق وكثير من الشباب الذين بعثوا ممثلين وممثلات عنهم ليطلبوا منا ان نقبل المساعدة.

لكنا رفضنا يا سيدتي فقط لاننا سوريون اما عن شروطهم لمساعدتنا ؟؟؟؟؟ ان نعطيهم بناتنا وخواتنا وحتى نسائنا لكي يقضوا معهن ليالي ملاح ومنهم من ارادهن كجاريات ومنهم من ارادهن كخادمات لكن ممن "ماملكت ايمانكم فلا جناح عليكم" ومنهم من ارادهن زواج مسيار وحتى ابناء المتعة تطاولوا وطلبوهن للمتعة..........الخ.

ولهذا يا سيدتي قد فضلنا البحر والموت غرقًا او الموت بالشاحنات المغلقة لعلنا نصل الي بلدكم الذي يعامل البشر كبشر بغض النظر عن عرقه او دينه .

بلادكم الذي لم يضع قناع الدين او الاخوة ومن خلف القناع شياطين وحتى الشياطين ترفض اعمالهم وافكارهم التي لا تمت لا للدين ولا للإنسانية بصلة...

لهذا يا سيدتي قد خاطرنا بحياتنا من اجل العيش كبشر ومع بشر وليس وحوشا....

نشكرك يا سيدتي ونشكر شعبكم الذي لم يطلب منا كفيلا او تأشيرة دخول او كرت زيارة او حجز بفندق ٥نجوم او او او.......

شكرا سيدتي
مي سكاف "

نامه‌كه‌ ده‌ڵێ :

خانمه‌كه‌م مێركل ،

راستە مەككە و دوبەی و مەسقەت و عوممان نزیكترن لە بەرلین و كۆپنهاگن

بەڵێ ئەو عەرەبانە ئامادەبون یارمەتیمان بدەن زۆریش مكوربون لەسەر یارمەتیدانمان وە زۆرێک لەوان سەردانیان كردن لە خێوەتگەكانی پەنابەران و زۆربەیان تەمەنیان ٦٠ ساڵ و بەرەو سەر بو لەگەڵ هەندێک لە گەنجان و هەندێكیش نوێنەریان ناردبو ...

بەڵام ئێمە ڕەتمان كردەوە چونكە ئێمە خەڵكی سوریەین ، مەرجەكانی ئەوانیش چی بون بۆ یارمەتیدانمان ؟؟؟

ئەوان مەرجیان ئەوەبو كە خوشك و كچەكانمان بكەن بە جاریە و خزمەتكار و كۆیلە، یا زەواجی مسیار ، هەندێک لە نەوەكانی موتعەش داوایان كردین بۆ زەواجی موتعە .. هتد.

لەبەر ئەوەبو خانمەكەم كە ئێمە دەریا و نقوم بون و مردن و سواربونی بارهەڵگرە داخراوەكانمان لا باشتر بو ، بەڵكو بگەینە ولاتەكەی ئێوە كە تیایدا مرۆڤ وەک مرۆڤ سەیر دەكرێ بێ گوێدانە ئاین یا نەتەوەكەی ..

ولاتەكەی ئێوە لە روی پێشەوە ماسكی ئاین و برایەتی و لە ڕوی دواوەشی ماسكی شەیتانی نەبەستوە ، تەنانەت شەیتانیش كردەوە و بیركردنەوەی ئەوان ڕەت دەكاتەوە كە دورن لە مرۆڤایەتی و ئاین ..

بۆیە خانمەكەم ئێمە ژیانمان خستە مەترسی تاوەكو وەک مرۆڤ و لەگەڵ مرۆڤ بژین نەک درندە..

سوپاست دەكەین خانمەكەم و سوپاسی گەلەكەشت دەكەین كە داوای كەفیل و ڤیزا و كارتی سەردانیكردن و حیجزی هۆتێلی ٥ ئەستێرەی و زۆر شتی تریشیان لێ نەكردین ..

سوپاس خانمەكەم

می سكاف "

بەداخەوە دەنگم بەو خانمە نەگەیشت پێی بڵێم :

" خانمەکەم ، ئەوانەی باسیان دەکەی باشترین و پاکترین پیاویان لە شارەکەیان وەدەرنا و بەردبارانیان کرد و هەزاران قسەی ناشرین و تۆمەتی نابەجێیان بۆ دروست کرد ، لە کاتێکدا خزم و کەسی خۆیشیان بو ، ئەو جانەوەرانە داڵدەی تۆ دەدەن ؟ ئەوان کەسێکیان داڵدە نەدا کە خودا ناردبوی ، چۆن تۆ داڵدە دەدەن ؟

خانمەکەم دیارە بێئاگای لەوەی کە دنیا ناگۆڕێ ، ئەوەی دەگۆڕێ تەنها ناوەکانن.

ئەوان بە گوفتار و رواڵەت فریشتە و بە کردەوەش درندەترین جانەوەرن ، ئەوکات و ئێستا و تاهەتایەش هەروادەبن.

ئەوان هەر ئەو خزم و کەسە دڵرەقانە بون کە پەیامبەری خودایان شاربەدەر و ئاوارەکرد ، لە کاتێکدا مەسیحیەکانی حەبەشە داڵدەیان دان .

ئایا هەمان سیناریۆ و هەمان ڕوداو نییە ئەمرۆکەش ؟

وا لەبەر چاومان مسوڵمانی بێتاوان دەکوژرێن و دەربەدەر دەکرێن ، خزمە دڵرەقەکانی پەیامبەر وەک ١٤ سەدە بەر لە ئەمڕۆ هەمان هەڵوێستی باو و باپیرانیان هەیە ، بۆیە مسوڵمانان ناچارن ڕو لە حەبەشەی مۆدێرن بکەن کە ئەوروپای ئەمڕۆیە.

جا ئەگەر ئاوارەکانیش ببن بە مەسیحی واعیزە ملیۆنێرەکانی سوڵتانەکان دونیایان بەسەردا وێران دەکەن بە وتاری ئاگرین و گەف و گوڕی خەشم و قینی خودا .

ئەوەی کارەساتە خەڵکی تێناگەن بە داخەوە ، ئێستاش زۆر مسوڵمانی سادە و ساویلکە هەن سعودیە بە خاکێکی پیرۆز و خەڵکەکەی بە فریشتە دەزانن و لە بەرامبەریشدا ئەوروپا بە جەنگەڵ و خەلکەکەشی بە ئاژەڵ ناوزەد دەکەن.

بەڵام مێژوی دور و نزیک پێچەوانەکەیمان پێ دەڵێن ، نازانم کەی فێردەبین وانەیەک لە مێژو فێربین؟

باسی ئەو بانگخوازانەش ناکەم کە لە ئەوروپا دەژین ، لەسەر پارەی سۆشیال ، ئەو پارەیەی کە باجی زۆرێک لە کۆمپانیاکانی عەرەق و یانە شەوانەکان و بانکە نائیسلامییەکانە (بە پێوەری ئیسلامی سیاسی) ، ئەو بانگخوازانە وەری دەگرن و بە حەڵاڵی دەزانن کاتێک لەوێن ، بەڵام ئەوانەی لە رۆژهەڵات دەژین بە حەرامی دادەنێن .

سەیر لەوەدایە لە ئەوروپا دەژین و بە ئەوروپاش دەڵێن (وڵاتی کوفر) ، لە کاتێکدا لە وڵاتە نازدارەکانی خۆیان لە ترسی سەرۆکە بەناو مسوڵمانەکان هەڵاتون !

ئەو پارەیەش کە وەردی دەگرن پێشتر بە حەرامیان دەزانی بەڵام ئێستا حەڵاڵە !

کاتێک مرۆڤ نەزانێ بیربکاتەوە ، بیرکردنەوە و گوفتار و کردارەکانی نالۆجیکی دەبن بەڵام هەستیان پێ ناکا .

چۆن وڵاتی کوفر داڵدەی مسوڵمانێک دەدات کە لە وڵاتێك هەڵاتوە و ئاوارە بوە کە هەموی مسولمانن و سەرۆکەکەیشیان وەک فریشتە وێنادەکرێ ؟

دیارە دەبێ پێوەرەکان بەو شێوەیە نەبن کە ئێمە بیریان لێ دەکەینەوە.

ئەی باشە چۆن ئاساییە بێ بە پارەی سوشیاڵ بژین کە دەزانین سەرچاوەی ئەم داهاتە زۆرێک لە بازرگانیی حەرامی تێدایە ؟

بێگومان ئەوەی بزانێ دروست بیربکاتەوە توشێ ئەم کێشانە نابێ ، چونکە بە پێوەری ڕاستەقینە ، نە ئەوروپا وڵاتی کوفرە و نە پارەی سۆشیال حەرامە .

وڵات ئاینی نییە ، وڵات پێکهاتوە لە چەند دەزگایەکی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردن ، دەزگا ئاینی لە کێ بو ؟ تاکەکان ئاینیان هەیە ، دەزگاکانیش یاسایان هەیە.

تاک لە نێو دەزگاکان ئازادە هەر بیروباوەڕێکی هەبێ.

کاتێک ئەم دەزگایانەش باج وەردەگرن و بەشێک لە داهاتەکەی بەسەر خەڵکی بێکار و خانەنشین دابەش دەکەن، بۆ ئەوانەی پارەکە وەردەگرن گرنگ نییە

سەرچاوەی داهات چییە و کێیە ، تەنها ئەو بازرگانە یا ئەو دەزگایەی کە پارە پەیدا دەکات بەرپرسە لە حەڵاڵی یا حەرامیی داهاتی خۆی.

ئەوەی من تێبینی دەکەم کێشە گەورەکەی بیرکردنەوەی تەسک بریتیە لە جیاوازی نەکردن لە نێوان ئامراز و ئامانج(وسیلة ، غایة)

زۆرێک لە پیاوانی ئاینی ئامراز و ئامانج تێکەڵدەکەن، ئەگەر جیاوازیی نێوان ئەو دو چەمکە بزانن ناکەونە ناو ئەو هەمو هەڵە کوشندانە.

بۆ نمونە تەلەفزیۆن ، کە سەرەتا تەلەفزیۆن دەرکەوت حەرام کرا ، پاشان حەلالیان کرد، ئەگەر هەر لەسەرەتاوە تۆزەک لە بابەتە گەیشتبان دەبو بزانن تەلەفزیۆن ئامرازە نەک ئامانج، خودی ئامراز ،نە حەلالە و نە حەرام، ئێستا ئیسلامیەکان، بە تایبەت توندرەوەکان خاوەنی زۆرترین کەناڵی ئاسمانین لە کاتێکدا لە سەرەتای پەیدابونی حەرامیان کرد ، ناسیاوی نزیکی خۆم کە مامۆستای ئاینی بو تا وەفاتیشی کرد نەیهێشت تەلەفزیۆن بێتە ماڵەکەیان .

حەرامکردنی تەلەفزیۆن وەک ئەوەیە پەرداخی ئاوخواردنەوە حەرام بکەی، چونکە لەوانەیە عەرەقی تێدا بخورێتەوە، ناکرێ ئێمە ئامراز حەرام بکەین چونکە لەوانەیە ئەم ئامرازە لە شتی باش بەکاربهێنرێ، ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا وهەمو ئامرەزاکانی تریش ، نە حەرامن و نە حەلال، دەشێ لە چاکە و دەشێ لە خراپە بەکار بهێنرێن.

زۆرێک لە مامۆستایانی ئاینی لە سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردو قوتابخانە و خوێندنیان حەرام کرد، هەندێک لەوان ناسیاو و ئاشنای خۆشمان بون بە داخەوە. بەلای ئەوان قوتابخانە مندالانی فێری زانستەکانی شەیتان دەکرد ، تەواو لەسەر ئەو رێچکەیە بون کە لە سەدەی ٢ ی کۆچی هەندێک زانای ئاینی دایان رشتوە.

دیارە بیرۆکەکەیان لە ئەشرافەکانی سعودیە وەرگرتبو چونکە لە سالی ١٩٢٨ کاتێک میری سعودیە بەسەر بزوتنەوەی (الاخوان المسلمون)[١] دا زاڵ بو ، وایزانی تەگەرەکانی بەردەمی نەمان ، بەڵام کاتێک کەوتە دامەزراندنی دامو دەزگا و قوتابخانەی مۆدێرن زانا ئاینیەکان کێشەی گەورەیان دروست کرد و نارەزایی زۆریان دەربڕی .[٢]

هەڵەیەکی گەورە هەیە زۆر جار سەرنج دەدەم وتارێژ و بانگخوازان تێی دەکەوەن ئەویش ئەوەیە، ئەوان وادەزانن پێشکەوتن و گۆرانکاری لە بیرکردنەوە دەکرێت بە دڵی ئەوان جیابکرێتەوە ، وەک ئەوەی لای میوەفرۆش بە دڵی خۆت کام میوەی جوانە هەڵی بژێری .

ئەوان دەڵێن ، با ئێمە لاسایی خەڵک بکەینەوە لە شتە باشەکان و واز لە شتە خراپەکانیش بهێنین .

ئەوان بێ ئاگان لەوەی شەپۆڵ کە هات ئاوماڵکیش لەگەڵ خۆی دەهێنێ کە ڕەنگە دار و بەرد و زۆر شتی بێسود و تەنانەت ترسناکیشی تێدابێ.

شەپۆلێ هۆشیاری ئەقڵی مرۆڤەکان دەکاتەوە ، کلاورۆژنەی بێسنور دەکاتەوە بەسەر بینایی تاک و ئاسۆی بیرکردنەوەی تاکەکان فراوان دەکات، لە ئەنجامی ئەم گۆرانکاریانەش ڕەنگە زۆر جار نەریتی نامۆ بە کۆمەلگا لەگەل خۆی بهێنێ ، وەک دەشزانین مرۆڤ کۆت و زنجیر ناکرێ و مەحالیشە مەملەکەتی فریشتە دروست بکەیت کە تیایدا هەمو خەلکی وەک یەک بن و هەموشیان باش بن بە دڵی تۆ ! ئەوە لە بەهەشتیش ڕەنگە فەراهەم نەبێ، ئەو (Utopia- یوتۆپیا – المملکة الفاضلة)[٣] ی زۆرێک لە خەلک خەونی پێوەدەبینن ڕەنگە تەنها لە خەیالی هەندێ فەیلەسوفدا هەبوبێ ،وەک (ئەفلاتون)[٤] و (فارابی)[١].

---

[١] بزوتنەوەیەکی ئیسلامییە ، لە سالی ١٩٢٨ لە میسر لەسەر دەستی (حسن البنا) دامەزرا ، سەرەتا زۆر توندوتیژ بون ، بەڵام دواتر شێوازی کارکردنیان گۆڕی.

[٢] قصة الاشراف و ابن سعود د.علی الوردی

[٣] u-topos نزیکترین وشەیە لە یوتۆپیا لەزمانی یۆنانی ،واتە (لە هیچ جێگایەک نییە)،واتە شارێک لە خەیال ،ئەفلاتون و فارابی باسیان کردوە.

[٤] ئەفلاتون ،Plato ، یەکێکە لە ناودارترین فەیلەسوفانی گریکی کۆن لە ٤٢٧ تا ٣٤٧ ی پێش زاین ژیاوە.

بەڵام یوتۆپیا هەرگیز نە دروست بوە و نە دروستیش دەبێ، ئەمەش فەرمانی خودایە کە مرۆڤەکان دەبێ ئازاد بن لە بیرکردنەوە تا جیاواز بن ، هەر لەبەر ئەوەشە بەم شێوەیە دروست کراون وەک دەفەرموێ:

" وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ.......... ﴿١١٩﴾ هود.

" ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك میللەت، بەڵام خەڵکی هەمیشە جیاوازن . مەگەر ئەوەی بەزەیی پەروەردگارت گرتبێتیەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی کردوون....."

یەکێک لە کێشەکانی تری بیرکردنەوەی تەسک ئەوەیە کە ئیسلامیەکان خۆیان بە نوێنەری خوا دەزانن و هیدایەتی خەلک بە کاری خۆیان دەزانن، بێ ئاگا لەوەی کە هیدایەت تەنها بە دەستی خودایە.

پەیامبەر (د.خ) نەیتوانی نزیکترین و خۆشەویسترین کەسی خۆی هیدایەت بدا کە (**ابو طالب**)[2]ی مامی بو، جا ئێمە کێین تا بمانەوێ خەڵکی بەرەو خوا ببەین؟

خوای گەورە دەفەرموێ:

- إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴿٥٦﴾القصص.

" تۆ ناتوانی رێنمونی ئەو کەسە بکەی کە خۆشت دەوێت، بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێت دەیخاتە سەر رێگەی ڕاست و ئیمانی پێدەبەخشێت، خوایش ئاگادارە بەوانەی کە رێبازی هیدایەتیان گرتۆتە بەر ".

من و تۆ چین تا بمانەوێ پێچەوانەی یساکانی خودا کاربکەین و چاوەڕێ ئەنجامیش بین؟

---

[1] **محمد ، ناسراو بە ابی نصر یا فارابی لە ٢٦٠ تا ٣٣٩ ی کۆچی ژیاوە ، زانا و فەیلەسوف و فیزیاناس و دکتۆر بوە.**

[2] **أبو طالب بن عبد المطلب بن هاشم الهاشمي القرشي لە ٥٤٩ تا ٦١٩ ی زاینی ژیاوە،(مامی پەیامبەر محمد و باوکی ئیمامی علی) ە**

ئاخر ئەوانەی بە قسەی واعیز و پیاوانی ئاینی دەست دەکەن بە نوێژ هەر ئەوانەن کە نازانن ئاین چییە و ئامانج لە ئاین چییە، ئاخر ئەگەر مسولمانی و هیدایەت هەر بریتی بێ لە نوێژێکی بێ گیان و بێ بەرهەم خۆ بوزی و سیخ و هیندۆسەکانیش نوێژیان هەیە.

بۆیە ئەمڕۆ دەبینین کە مسوڵمان زۆرن و ئیسلام کەم.

ئێمە ئەوەی هیچ بەهایەکمان بۆ دانەنابێ ئازادیی تاکە، کە گەورەترین دیاریی خودایە بۆ مرۆڤ.

ئایا لای خوا سەخت بو دوعاکانی پەیامبەر گیرا بکا و مامی ببێتە مسوڵمان؟

بێگومان لای خوا زۆر ئاسان بو، پەیامبەریش زۆر دڵی پێ خۆش دەبو ، بەڵام تۆ بڵێی خوا لەبەرچی هیدایەتی (ابوطالب) ی نەدابێ؟

مەسەلەکە تەنها ڕێزگرتنە لە ئازادیی تاک ، ابوطالب خۆی حەزی نەکرد ببێتە مسوڵمان، خوای گەورەش ئازادی لە هیچ کەسێک ناسەنێتەوە و ڕێزی هەمو بۆچونەکان دەگرێ ، ئەوە ئێمەین ئازادی لە خەلک دەسەنینەوە و خۆمان بە نوێنەر و پۆلیسی خوا دەزانین لەسەر زەوی، کە بێگومان ئەمەش پێچەوانەی فەرمایشتەکانی خودایە.

زۆر جار سەندنەوەی ئازادی لە تاک کارەسات دروست دەکات، جا بە بیانوی ئاین ، کەلتور یا بیانویەکی تر بێ.

برادەرێکی ئەوروپیم هەیە لە کۆمپانیا پێکەوە کارمان دەکرد ، پێشتر لە سعودیە کاری دەکرد و ساڵانێک لەوێ ژیاوە ، ڕۆژێک باسی شەپۆلی ئەو سعودیانەی دەکرد کە کۆتایی هەفتە بەرەو قەتەر و ئیمارات سنورەکان دەبڕن و سەدان کیلۆمەتر دەڕۆن تا بچنە وڵاتێکی تر بۆ ئەوەی بتوانن مەی بخۆنەوە و کاتێکی خۆش بەسەر ببەن.

ئەو برادەرەم دەیگوت شەقامەکان پڕدەبن و ڕێگا نامێنێ لە ڕۆژانی پێنج شەم .

نازانم سعودیە لەوە چ قازانجێک دەکات لە رۆڵەکانی بنێرێتە وڵاتێکی تر تا بە ئازادی مەی بخۆنەوە و چەند ساتێک بە ئازادی بژین لە کاتێکدا ئەمە لە زیان زیاتر هیچ سودێکی نییە ، چونکە ئەو خەڵکە پارەیەکی زۆر دەبەن و لە وڵاتێکی تر خەرجی دەکەن ، کە ئەمە زیانێکی ئابورییە، جگەلەوەی بڕینی ئەو هەمو رێگەیە بەناو بیابان و کارەسات و مردنی خەڵک و زیانی مادی لە لایەکی تر، ئەوەشمان بیر نەچێ کە شتی قەدەغە هەمیشە خۆش و بەتامە، واتە ئەگەر مەی خواردنەوە لە وڵاتەکەی خۆیان ئازاد بێ ئەوا رێژەیەکی کەمتر خەڵکی دەیخۆنەوە و زیانەکانی تریش کۆنترۆڵ دەکرێن وەک زیانی ئابوری و سەلامەتیی رۆڵەکانی وڵات، لە بیریشمان نەچێ قەدەغەکردنی هەر شتێک واتە گرنگی پێدانی، ئینجا سەرهەڵدانی دیاردەی قاچاخ و گران بونی شتومەک و گرتنی خەڵک و سزادان و دەیان کێشەی تریش.

هەمو ئەمانە لەپای چی؟

تا وای پیشان بدەین کەس هیچ کەس لەوڵاتەکەی ئێمە مەی ناخواتەوە؟

هەمیشە زەوتکردنی ئازادییەکان مرۆڤی درۆزن و دورو و ترسنۆک بەرهەم دێنێ ، لە بەرامبەریشدا پێدانی ئازادی ، تاکی راستگۆ و بوێر بەرهەم دێنێ.

ئەگەر سەرنجی لای خۆشمان بدەین رۆژانە لەسەر شەقام و ناو هەندێک لە پارکەکان دەکرێن بە مەیخانە و پاشانیش بە زبڵدان .

ئەگەر شەوانە گوزەرێک بکەی بەناو شەقامەکانی دەرەوەی شار ، دەبینی سەدان ، بگرە هەزاران خەڵک لەسەر شۆستەکان دانیشتون و مەی دەخۆنەوە.

من دژی خواردنەوەی مەی و تەنانەت هەمو خواردنەوە دەسکردەکانیشم ، ئەوەی لێرە مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر تەنها ئازادیی تاکە.

ئەوەی لێرە دەگوزەرێ دیاردەیەکی ناشرینە، مەترسیدارە، ئازادیی تاکیش نییە کە لەسەر شەقام و شۆستەکان مەی بخورێتەوە. جگەلەوەی مەترسیداریشە، چونکە هەمو ئەوانەی کە دەخۆنەوە بە ئۆتۆمبێل هاتون ، هەموشمان دەزانین دوایی هەر دەبێ بە ئۆتۆمبێل بگەرێنەوە ماڵ ، لێخوڕینی ئۆتۆمبێلیش دوای مەی

خواردنەوە زۆر جار کارەسات دروست دەکات و بەردەوام دەبینین و دەبیستین خەلکی دەبنە قوربانیی کارەساتی نیوەشەو لە کاتێکدا شەقامەکانیش چۆڵن!

تۆ بڵێ ئەمە باشتر بێ کە سیمای شار تێک بدەین و شەقام و شۆستەکان ببنە زبڵدان و شەوانە خەلکی ببنە قوربانیی دەستی شۆفێری سەرخۆش ، یا تەرخانکردنی چەند شوێنێکی تایبەت بۆ مەی خواردنەوە؟

ئاخر مەیخۆر هەر دەبێ بخواتەوە ، جا بۆچی مەترسییەکان کەم نەکەینەوە و سەر و گیانی هاوڵاتیانی خۆشمان نەپارێزین و شارەکەشمان لە پیسبون نەپارێزین؟

دەگێڕنەوە لەم دەڤەرەی خۆمان کۆمەڵێک پیاوماقوڵ داوا لە بەرپرسێک دەکەن کە مەی خواردنەوە قەدەغەبکات و هەمو یانەکان دابخات، بەرپرسەکەش ئەو پیاوانە داوەت دەکات بۆ نانی ئێوارە و خواردن و خواردنەوەی زۆر بەتام پێشکەش دەکات.

بەرپرسەکە بە نهێنی فەرمان دەدات کە هەمو ئاودەستەکان دابخەن، کاتێک میوانان دەخۆن و دەخۆنەوە بێگومان دەبێ بچنە سەرئاو.

میوانان دەبینن ئاودەستەکان داخراون و ماوەیەک چاوەرێ دەکەن بەڵکو ئاودەستەکان چۆڵ بن، بەڵام هیچ لە ئاودەستەکان ناکرێنەوە، ناچار هەر یەکەیان بەرەو لایەک ڕادەکات و لە بن دارێک کاری خۆی دەکات.

بەرپرسەکە هەمویان بانگ دەکات و دەڵێ:

" ئاودەستەکانمان داخست، ،ماڵەکەمان و باخەکەمان هەموی بو بە ئاودەست و پڕ بون لە پیسایی ، ئایا باشتر نەبو ئاودەستەکان کراوەبن ؟ "

ئێمەش کاتێک نەفرەت لە مەیخۆر دەکەین، مەی قەدەغە دەکەین و ناهێلین لە جێگایەک دابنیشن، سەرەنجام هەمو قوژبنێکی ئەم شارە دەبێتە مەیخانە و ئاودەست و زبڵدان.

تەسک بیرکردنەوە توشی زۆر کێشەمان دەکا بۆ نمونە کاتێ جاری یەکەم بۆرِی ئاو و (بەلوعە-شێرە) دروستکرا ، زانایان هەندێکیان بە حەرام و هەندێکیان بە حەلالیان دانا ، ئەوانەی لەسەر مەزهەبی (ئەبو حەنیفە)[1] بون بە حەلالیان دانا هەر لەبەر ئەوەشە تا ئێستاش ئاوی بەلوعە ئاوی حەنەفیی پێ دەڵێن لە هەندێ ناوچە .

یەکێک لە کارەساتەکانی تری تەسک بیرکردنەوە حەرامکردنی چاپخانە بو لە سەرەتای پەیدابونی، بێگومان داهێنانی چاپخانەش وەک هەمو داهێنانەکانی تری مرۆڤایەتی لە لایەن ئەوروپیەکانەوە بو، لەسەدەی ١٨ ، بەڵام ئەوەی سەیرە عوسمانیەکان کە ئەوکاتە ئەوان دەسەلاتی دەولەتی ئیسلامییان بە دەست بو نەیانهێشت چاپخانە بێتە رۆژهەڵاتی ناوەراست تا ماوەیەکی دورودرێژ ، ئەمەش بوە هۆی دواخستنی زیاتری مسولمانان.

هەر لە کارەساتەکانی بیرکردنەوەی تەسک ، قوتابخانە تا ماوەیەکی زۆر لای بەناو زاناکان حەرام کرا.

من لە نزیکەوە چەندین بەناو زانای ئاینی دەناسم کە دراوسێ و خزمی خۆم بون ، قوتابخانەیان بە حەرام دەزانی و خەلکیان دەترساند کە گوایە لەوێ زانستی کافرەکان دەخوێنن، ئەمەش وایکرد خەلکی ناچاربن منداڵەکانیان لە جیاتی قوتابخانە بنێرنە حوجرەی مزگەفتەکان و لەوێش مامۆستا بە زەبری دار و بە قسەی رەق و جنێو تەنانەت بە کوژاندنەوەی جگەرە بە لاشەی مندالی بەستەزمان فێری زانست ببن.

رەنگە خەلکێک هەبێ باوەر بەم قسانە نەکات یا بە موبالەغەی بزانێ بەلام من خۆم مامۆستای لەم جۆرەم هەبوە، هەروەها زانای خوالێخۆشبو (موستەفا زەڵمی)لە کتێبی " کاروانی ژیانم " هەمان شت باس دەکات.

---

[1] أبو حنيفة النعمان بن ثابت بن مرزُبان الكوفي. لە ٨٠ تا ١٥٠ ی کۆچی ژیاوە و دانەری مەزهەبی حەنەفییە . إتحاف المهرة لابن حجر.

له فەرهەنگی عەرەبی توندوتیژی شتێکی ئاساییە و بەڵکو پێویستیشە تەنانەت لەکاتی فێرکردن و لەگەڵ مندالانیش، وەک لەم هۆنراوە بەناوبانگەی خوارەوە تێبینی دەکرێ:

لا تأسفن على الصبيان إن ضُربوا فالضرب يفنى ويبقى العلم والأدب

الضرب ينفعهم والعلم يرفعهم لولا المخافة ما قرأوا وماكتبوا

لولا المعلم كان الناس كلهم شبه البهائم لا علم ولا أدب

بە کورتیەکەی دەڵێ لێدان زۆرباشە بۆ منداڵ و سودی هەیە، چونکە ئەگەر ترس نەبێ کەس ناخوێنێ، ئەگەر مامۆستاش نەبێ خەڵک هەموی وەک ئاژەڵن.

کەسمان لاریمان لەوە نیە کە خوێندن گرنگە بەڵام لەبەرچی بە لێدان و ئازاردان؟ ئایا ناکرێ ببینە هاورێی قوتابیان؟ ئاخر بەخۆرایی نیە مندالەکانمان رقیان لە خوێندن و قوتابخانەیە، چونکە قوتابخانەکانمان زیندانن، جێگای ئەشکەنجە و ئازارن، هەرچەندە ئێستا لێدان کەم بۆتەوە بەلام بیرکردنەوەکە هەمان بیرکردنەوەیە و کاریگەریی قسەی ناخۆش و ئەشکەنجەی دەرونیش لە کاریگەریی لێدان زۆر زیاتر و ترسناکترە.

هەربۆیە دەبینین قوتابیان خولەک و کاتژمێرەکان دەژمێرن تا تەواو دەبن و دوای تەواو بونی کاتی خوێندن هەر بە پەلە لە قوتابخانەکان دەردەپەڕن، لە کۆتایی ساڵیش پەراو و پەرتوکەکان دەدڕێنن پشوی هاوین وەک ئازادبونە لە زیندانێکی سەخت.

کورەکەی من تەمەنی ١١ ساڵە، زۆر زیرەکیشە بەڵام حەزی لە قوتابخانە نییە چونکە هەست دەکا لەوێ فێری شتێکی ئەوتۆ نابێ و جاروباریش مامۆستاکانی خۆی فێری هەندێ شت دەکات کە ئەمەشیان کارەساتە ، چۆن مامۆستا رێگە بەخۆی دەدا شت لە منداڵێکی ١١ ساڵان فێربێ .

بیرکردنەوەی سنوردارمان وای لێکردوین دەست لە دونیا بەربدەین و تەنها چاوەڕێی ئەوە بین کە لە دوای مردن خۆشبەخت بین ، لە کاتێکدا خوا دەفەرموێ.

- وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ ۖ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾ القصص

" هەوڵبدە بەو ماڵ و سامانەی خوا پێی بەخشیووی ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرین بکڕەو بەشی خۆشت لە دنیادا بەحەلاڵی فەرامۆش مەکە، چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا بکە هەروەك خوا چاکەی هێناوەتە ڕێت، نەکەیت هەوڵی فەساد و تاوان بدەی لە زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆشناوێت تۆوی خراپە دەچێنن"

عەلی شەریعەتیش دەڵێ :

" ئاینێک بە کەڵکی دونیا نەیەت بە کەڵکی قیامەتیش نایێ".

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە هێندە خەڵکی سەرقاڵ کراون بە شتی لاوەکی و رازاندنەوەی ئاین تا وایان لێهاتوە ناوەرۆکی ئاینەکەیان لەبیرکردوە و ئاین ئێستا لای زۆربەی خەلک ناوێکی زۆر جوان و پیرۆزە بەڵام هیچ ناوەرۆکی نیە .

نوێژ کە گرنگترین ئەرکی سەرشانی مرۆڤی بڕواداره ئەوەندە گرنگی دراوە بە ئەنجامدانی کە هەر دەبێ بکرێ ، بەلام دەبینین ناوەرۆکی نوێژ لەبیرکراوە کە ئەمانەی خورەوەن:

کاریگەریی نوێژ: کە بریتیە لە دورخستنەوەی تاک لە خراپە.

- إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ ﴿٤٥﴾ العنکبوت

" نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهو و نادروستی دەکات "

ئایا ئێمە نوێژەکانمان دورمان دەخەنەوە لە کردەوەی خراپ؟

با پرسیارێک لە خۆمان بکەین، ژمارەی نوێژکەران لە زۆربوندایە، ژمارەی مزگەفتەکانیش لە زۆربوندایە، لە زیاتر لە ٩٠% ی خەلکیش نوێژ دەکەن، نازانم ئەو هەمو خراپە و تاوانکاریە کێ دەیکات؟ پیسکردنی ژینگە و خواردنی مافی خەلک و نۆرەنەگرتن و بەرتیل دان و یاساشکێنی و پشتگیریی دیکتاتۆر و دەیان رەوشتی ناشرینی تر ، کێن ئەوانەی ئەم رەوشتە ناشرینانەیان هەیە ؟ تۆ بلێی هەمویان کافر و بێدین بن ؟ یا ئەوانەن کە مسولمانن بەلام نوێژ و رۆژوەکەیان بۆ ئەوەیە کە تاوانی ئەم رەوشتە ناشرینانەیان بۆ بسرێتەوە !

ئامانجی نوێژ: ئامانجی نوێژ بریتیە لە یادی خوا، واتە خوات لەیاد بێ.

- **إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي ﴿١٤﴾** . طه

" بەڕاستی هەر من خودا م،هیچ خودایەک نیە جگە لە من، کەواتە هەر من بپەرستە و نوێژەکانیشت بەچاکی ئەنجام بدە، تا هەمیشە منت لە یاد بێ "

واتە نوێژ ئامانج نیە بەڵکو یادی خوا ئامانجە، نوێژ هۆکارە بۆ ئامانجێکی گەورەتر کە یادی خودایە، مرۆڤ ئەگەر هەموکات خودای لەیادبێ بێگومان خراپە ناکات.

یادی خوا زۆر بە هەڵە لە نێو کۆمەڵگەی مسوڵمان وێنا کراوە، لای مسولمانان یاد کردنەوەی خودا واتە ناوهێنانی زۆرترین جار ، بۆ نمونە ناوهێنانی خودا رۆژی ١٠٠ جار یا ١٠٠٠ جار، یا چەندی زیاتر بێ باشترە !

لە کاتێکدا یادی خودا بەم شێوەیە نیە.

خوا دەفەرموێ یادی خوا بکەن بەڵام چۆن:

" فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا ﴿٢٠٠﴾ البقرة

" هەر کاتێک ئەرکەکانتان بەجێ هێنا، ئەوکاتە یادی خوا بکەن هەروەکو چۆن یادی باو وباپیرانتان دەکەن (کاتی خۆی عەرەب زۆر خۆیان هەڵکێشاوە بە باو و باپیریانەوەو باسیان کردون) یاخود زۆر زیاتریش لەوان "

ئەگەر سەرنج بدەین یادکردنی باو و باپیران بەوە نیە کە دانیشین ١٠٠٠ جار لەسەریەک ناویان بێنین، بەڵکو بەوەیە کە زۆربەی کاتەکان لە یادمان بن و وەفامان هەبێ بۆیان و لەسەر ڕێچکەی جوانی ئەوان بڕۆین.

بە هەمان شێوەش کاتێ خودا داوای یادکردنەوەی خۆی دەکات، مەبەست ئەوەیە کە ئێمە لە کاتی ئەنجامدانی هەرکارێک خودامان لەبیربێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ زۆربەی کات خودای لەبیر بێت تاوان ناکات .

ناوهێنانی خودا چ سودێکی هەیە ئەگەر خودا لە ناخماندا نەبێ ؟

سودی چییە کە خودا لەسەر زارمان بێ و پارەش لە ناودڵمان ؟

چ شتێک دەگۆڕین ئەگەر باوەڕ لە ڕیش و سیمای گەنجان بتکێ و پاگەز لە کردەوەکانیان ؟

بە هانای چیمان دێت کاتێک دەممان پڕە لە خودا و دڵمان پڕ لە دونیا و ئارەزوەکانی ؟

ئێمە خودامان ونکردوە لە ناخی خۆمان و لە روخسارماندا بە دوایدا دەگەڕێین .

ئێمە خودا لە منارەی بەرز و نەخشی جوانی پەرستگاکان دەبینین .

من پێم خۆشە لەسەر شۆستەیەکی قوڕاوی نوێژبکەم بەڵام خوام لە یاد بێ، نەوەک لە مزگەوتێکی ڕازاوە نوێژبکەم و جوانیی نەخش و نیگارەکانی خودام لەبیرببەنەوە .

هەرگیز پێم خۆش نیبە لەو پەرستگایانە نوێژبکەم کە بە داخەوە لە ماڵی پاشا و فیرعەونەکان نەبێ لە هیچی تر ناچێ.

ئێمە خودامان لە پەرستگاکان بەندکردوە و تەنها لەوێ گوێڕایەڵی دەبین، بەڵام کە هاتینەدەر نایناسین.

ئێمە خودامان تەنها لەسەر بەرماڵی نوێژ لەیادە ، هەر بە زاریش نەک بە دڵ .

ئێمە تا ئەو شوێنە خودامان خۆش دەوێ کە زیانی نیە بۆ گیرفانمان .

ئەمڕۆ گرتە ڤیدیۆیەکی ئافرەتێکیان بۆ ناردم کە دەڵێ خۆم دەکوژم لەگەل هەر ٤ مندالم، پیاوەکەم بەجێی هێشتوین و خاوەن خانوش دەری کردوین ، زۆر گریام بە دیار ئەم دیمەنە و بیرم کردەوە کە بەڵێ ئێمە هەر بەڕاستی خوا ناناسین.

زۆرێک لەو خەڵکەی ڤیدیۆکە دەبینن بابی ٥ خانو تەنها ئۆتۆمبێلی گرانبەهای هەیە .

خەلک دەناسم زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلاری لە ڕازاندنەوەی مزگەفت خەرجکردوە لە کاتێکدا ئەو پارەیە لانی کەم ٢٥ خانوی پێ دروست دەکرێت بۆ هەتیوان و لێ قەوماوان.

کرۆکی نوێژ: کرۆکی نوێژ دامەزراوی و ئاگاداریە:

- قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١﴾ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ﴿٢﴾ المؤمنون.

" بە ڕاستی ئەو بڕوادارانە سەرکەوتوو سەرفراز بوون ﴿١﴾ ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا دڵ ئارام و دامەزراون و دڵیان لای خوایە ".

دڵ دامەزراوی و ئامادەبونی ڕۆحی لە نوێژ کرۆکی نوێژە ، ئێمە چونکە بەهەڵە لە یادی خوا تێگەیشتوین وادەزانین یادی خوا واتە کاتی نوێژ.

لە کاتێکدا هەمو نوێژەکان لە شەو و ڕۆژێکدا نیو کاتژمێر کاتیان ناوێ ، ئەی باشە ئەگەر وابێ چۆن یادی خوا بکەین ؟

ئەگەر بە وردی سەرنجی قورئان بدەین دەبینین ئاگادارنەبون و ئامادەنەبونی ڕۆح لەکاتی نوێژ بەشێکە لە بێ باوەڕی (کفر)، وەک لەم سورەتە پیرۆزە:

- أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ ﴿٢﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ الْمِسْكِينِ ﴿٣﴾ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾ الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ ﴿٧﴾الماعون.

" ئایا سەرنجت نەداوە لەو کەسەی ئاینی خوا بە درۆ دەزانێت؟!ئەو جۆرە کەسە ی کە پاڵ بە هەتیوەوە دەنێت و پیایدا هەڵدەشاخێت . هانی کەسیش نادات تا خواردن ببەخشێت بە نەداران. هاوارو واوەیلا بۆ نوێژخوێنان(یا ئەوانەی پەیوەندی لەگەڵ خوا دەبەستن) . ئەوانەی گوێ نادەن بە نوێژەکانیان و کاریان تێناکات و بەرۆح ئامادەی نین و تەنها وشەکان دەڵێنەوە(یان ئەوانەی کە پەیوەندیەکەیان لەگەڵ خودا بە گرنگ نازانن). ئەوانەی کە ڕیا بازن و بە ڕوکەش نوێژ دەکەن و دەیانەوێت خۆیان دەربخەن وە هەوڵ دەدەن بۆ قەدەغە کردنی کۆمەکی و هاوکاری".

وشەی (المصلین) دەشێ بە دو مانا بێت :

یەکەم : ئەو کەسەی کە نوێژ دەکات.

دوەم : ئەو کەسەی پەیوەندی دەگرێ لەگەل خودا.

لەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە زۆر بەڕونی دەردەکەوێ کە دەشێ کەسێک نوێژیش بکات و لە بێباوەڕانیش بێ، ئەوە ئەوانەن کە ئاگاداری نوێژەکانیان نین و یارمەتیی خەڵک نادەن و گوێ بە هەتیو نادەن و یارمەتیی کەسیش نادەن (خۆپەرست و ڕەزیلن)، نوێژی ئەوانە بۆ خەلکە و بۆ خوا نیە.

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە دەبینی زۆربەی خەلک نوێژ دەکەن بەڵام نوێژێکی بێ گیان و بێ سود، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێ کە بانگخوازان و پیاوانی ئاینی ئەوەندە باسی نوێژ دەکەن و خەلکی دەتۆقێنن ، وایان لە خەلک کردوە کە بە هەر شێوەیەک بێ نوێژەکە بکەن و ئەویتر بەخۆی بە دوایدا دێت .

لە کاتێکدا ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، چونکە نوێژ دوای هەمو ڕەوشتە جوانەکان دێت ، ئێمە ئێستا کۆمەلگەیەکمان دروست کردوە نوێژدەکات بەڵام کردار و گوفتارەکانی پێچەوانەی نوێژن.

ڕۆژو دەگرن بەڵام نازانن ئامانج لە ڕۆژوگرتن ئارامگری و یارمەتیدانی هەژارانە .

کۆمەلگەیەکمان دروست کرد زۆرێک لە تاکەکانی تەنها یەک مانگ ڕو لەخودان.

لەم مانگەش ئەوەندەی نوستون نیو ئەوەندە کارناکەن لەسەر چاککردنی ناخیان.

لە مانگی ڕەمەزان، بە دوای ئەوانە دەگەڕێن کە بەرۆژونین تا سزایان بدەن ، بەڵام بە درێژایی ساڵ بە دوای ئەوانەدا ناگەڕێن کە نانیان نییە بیخۆن.

بیرکردنەوەی تەسک کارەساتی زۆر گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی مسولمانانداندا هێناوە.

لە سەدەی ١٩ نەخۆشیی کۆلێرا بلاوبوەوە ،لەو کاتە عوسمانیەکان حوکمی ولاتانی ئیسلامیان دەکرد، یەهودیەکان لە ماڵەکانیان مانەوە بە فەرمانی پیاوانی ئاینی خۆیان، پیاوانی ئاینی مسولمانیش فەرمویان ئەوەی خوا نەیکا نابێ.[1]

- قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾.التوبة

" بڵێ: بە دڵنیاییەوە ئەوەمان بەسەردێ کە خوا بۆی نوسیوین ، ئەو هەمیشە پشتیوانمانە، دەبا ئیمانداران هەر پشت بەو ببەستن "

لە ئەنجامدا یەهودیەکان سەلامەت دەرچون و مسولمانانیش دەیان هەزاریان بەو دەردە مردن.

ئەوەی سەیرە ئێستاش هەندێ بەناو زانا و باگخواز داوا دەکەن خەڵکی دوعا بکەن بۆ رزگاربون یا توش نەبون بەو ڤایرۆسە کوشندەیەی کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ لە چین پەیدا بوەوە هەمو جیهانی تۆقاندوە و هەزاران کەسی کرۆدتە قوربانی ، لە کاتێکدا پەیامبەر لەم بارەیەوە فەرمویەتی:

"لا عدوى ولا طيرة ولا هامة ولا صفر، وفر من المجذوم كما تفر من الأسد"

الراوي : أبو هريرة

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

---

[1] **لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث . د.علي الوردي**

خلاصة حكم المحدث: صحيح

هەروەها دەفەرموێ:

- الطاعونُ بَقِيَّةُ رجزٍ أوْ عذابٍ أُرْسِلَ على طائفةٍ مِنْ بنِي إسرائيلَ ، فإذا وقَعَ بأرْضٍ وأنتم بِها فلا تخرُجُوا منها فِرارًا منْهُ ، وإذا وقع بأرْضٍ و لستم بِها فلا تَهْبِطُوا عليْها .

الراوي : أسامة بن زيد

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح الترمذي

خلاصة حكم المحدث: صحيح

لەم دو فەرمودەی سەرەوە پەیامبەر (د.خ) فەرمانمان پێ دەکات کە خۆمان بپارێزین لە تاعون و بەڵا.

لە یەکەم دەفەرموێ چۆن لە شێر هەڵدێی بەم شێوەیە لە نەخۆشیی(گەڕ-گرو)، رابکە.

لەفەرمودەی دوەم دەفەرموێ ئەگەر تاعون(هەر نەخۆشیەکی هاوشێوە) بڵاوبوەوە لەناوتان ،لەم جێگایە مەچنەدەر، وە ئەگەر لە جێگایەکیش ئەم نەخۆشیانە هەبون مەڕۆن بۆ ئەم جێگایە.

پەیامبەر زۆر بە رونی باسی خۆپاراستن و خۆدابڕین دەکات لەکاتی بلاوبونەوەی پەتا و نەخۆشیی ڤایرۆسیی کوشندە، باسی ئەوەش ناکات کە دوعا بکەن چونکە دوعا نەخۆشی لەناو نابات و ڤایرۆسیش ناکوژێ.

" ئاینی خودا مایەی خۆشبەختیە ، ئاینی مرۆڤەکانیش مایەی ماڵوێرانی "

* * *

پێنجەم:بچوک کردنەوەی ئیسلام

لای زۆرێک لە خەڵک ئاین بریتیە لە تەنها ئیسلام، ئیسلامیش تەنها هی ئەو کەسانەیە کە نوێژ و رۆژو و حەج و زەکات پەیرەو دەکەن ، لەگەڵ چەند نەریتێکی تێکەڵکراو بە ئاین وەک شێوازی جل و بەرگ و ریش و ...هتد. کە هیچ پەیوەندییان بە ئاینەوە نیە.

راستە ئاین تەنها یەک ئاینە ، کە ئیسلامە ، بەڵام ئیسلام زۆر لەوە فراوانترە لەوەی کە ئێمە پێناسەی دەکەین.

ئیسلام هەر لەگەڵ ناردنی یەکەم پەیامبەر هاتوە، کە بریتیە لە باوەر بە خودا و بە رۆژی دوایی و کردەوەی چاک.

وەلای خودا تەنها یەک ئاین هەبوە و هەر یەک ئاینیش دەبێ :

- الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ ۗ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿١٩﴾ ال عمران

"ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە."

بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێ بە گوێرەی تێگەیشتنی باوی مسوڵمانانی ئەمرۆ بنەماکانی ئیسلام ئەمانەی خوارەوەن :

١- شایەتمان

٢- نوێژکردن

٣- رۆژگرتن

٤- زەکات بەخشین

٥- حەجکردن

بەڵام ئەگەر لە قورئان بڕوانین دەبینین کە ئیسلام بریتیە لە باوەڕ بە خوا و ڕۆژی دوایی لەگەڵ کردەوەی باش.

بە پێی پێنج بنەما باوەکەی ئیسلام ، ئیسلام تەنها کۆمەڵیک دروشمە بە بێ گرنگیدان بە کردەوەی چاک و ڕەوشتی بەرز(چونکە وەک دەبینین لە روکنەکانی ئیسلام باس نەکراون)

لەم ئایەتەی خوارەوە دەتوانین رونتر تێبینی بکەین کە ئیسلام مانای چیە :

- وَقَالُوا لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ ۗ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿١١١﴾ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِندَ رَبِّهِ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴿١١٢﴾البقرة.

"یەهودی و مەسیحیەکان دەڵێن: هەرگیز کەس ناچێتە بەهەشتەوە بێجگە لە ئێمە، جا ئەوە ئاوات و خەیاڵی خۆیانە (تۆش ئەی محمد (ﷺ)پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاستگۆن، بەڵگەتان لەسەر ئەم قسەیە بهێننەوە، نەخێر هەرکەسێک خوابناسێ و چاکەکاربێ، ئەوا پاداشتی لای خودای خۆی هەیە و نە ترسی لەسەرە و نە خەم دەخوات."

ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم ئایەتەی سەرەوە چونە بەهەشت بە گوێرەی ئەو پێنج بنەما باوانەی ئیسلام نین کە لە سەرەوە باسمان کردن بەڵکو بریتین لە باوەڕ بە خودا و کردەوەی چاک .

یەهودییەکان بەهەشت و خودایان تایبەت کرد بە خۆیان و هەمو خەڵکی تریان نارده نێو ئاگر ، مەسیحیەکانیش هەمان کاریان کرد، بەڵام خودا فەرموی کە بە ئاوات و خواستی ئێوە نیە، بەلکو بە بڕواهێنانە بە خودا لەگەڵ کردەوەی چاک.

لێرەدا مسوڵمانان بە پشت بەستن بە روکنە دانراوەکانی ئیسلام هەمان قسەکانی یەهودی و مەسیحیەکانی پێشو دوبارە دەکەنەوە و خودا و بەهەشت تایبەت دەکەن بە گروپێکی بچوک و دیاریکراو کە خۆیانن و سەرجەم خەڵکی سەر روی زەوی بەرەو دۆزەخ دەنێرن. ئەمەش هەمان کارە کە یەهودی و مەسیحیەکانی پێشو کردیان و خوا ڕەخنەی لێگرتن لەسەری.

ئاین زۆر لەوە فراوانترە کە ئێمە لێی تێگەیشتوین، ئاین پەیوەندیەکی رۆحییە لە نێوان تاک و خودا، وە هیچ کەس مافی ئەوەی نیە بێتە نێوان مرۆڤ و خودا.

لە ئاینی مەسیحی کۆن پیاوی ئاینی هەبون وەک نوێنەری خودا، واتە پەیوەندیەکی راستەوخۆ نەبو لە نێوان تاک و خودا،ئێستاش لە کڵیساکان کاتێ کەسێک دەیەوێ داوای لێخۆشبون بکا دەبێ بچێتە لای پیاوە ئاینیەکەی کڵێسا و پێی رابگەیەنێ کە گوناهی کردوە، پاشان پیاوە ئاینیەکە بە خودای رادەگەیەنێ .

بەڵام ئەسڵی ئاین پەیوەندییەکە تەنها مرۆڤ و خودا لێی بەرپرسن، کەس مافی ئەوەی نیە بێتە ناو ئەم بازنە پیرۆزە، بە داخەوە دەبینین ئێستا مسولمانانیش وەک هەندێ لە مەسیحیەکان کەسێک دەخەنە نێوان خۆیان و خودا.

ئەگەر بمانەوێ ئیسلام و باوەڕ (الاسلام-الایمان)لە قورئان وەربگرین پێویستە سەرەتا لە ئیسلام و باوەڕ تێبگەین و جیاوازیی نێوانیان بزانین، چونکە بە داخەوە مسولمانان و زۆربەی زۆری زاناکانیش بە وردی پێناسەی ئیسلام و ئیمان نازانن، یا تێکەلی دەکەن، یا خۆیان ماندوناکەن لە قورئان بکۆڵنەوە بەڵکو قسەی فەقیهەکانی پێشو دەڵێنەوە .

بنەماکانی باوەڕ(ایمان) ئەمانەی خوارەوەن

١- بڕوا بە خودا

٢- بڕوا بە پەیامبەران

٣- بڕوا بە دەقە پیرۆزەکان

٤- بڕوا بە فریشتە

٥- بڕوا بە رۆژی دوایی

٦- بڕوا بە قەدەر

با سەرنج بدەینە ئەم ئایەتانەی خوارەوە:

- عَسَىٰ رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا ﴿٥﴾ التحريم .

" ئەگەر پەیامبەر (ﷺ) تەڵاقتان بدات، ئەوە نزیکە خوا هاوسەرانی چاکتر لە ئێوەی پێ ببەخشێت، موسڵمان و باوەڕدار، ملکەچی پەروەردگار، زو لە هەڵە پەشیمان، خواپەرست و دیندار، ڕۆژوەوان، یان بیرو هۆشیان لەکاردایە و سەرنجی دروست کراوانی خوا دەدەن، ئەو ئافرەتانە هەیانە بێوەن و هەیانە کچن ".

- قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا ۖ قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَٰكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ ۖ وَإِن تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ الحجرات

" عەرەبەکان وتیان: باوەڕمان هێنا ، بڵێ: نەخێر، باوەڕتان نەهێناوە، بەڵام بڵێن: موسوڵمان بوین، هێشتا باوەڕ نەچۆتە ناو دڵەکانتانەوە ، ئەگەر بەڕاستی ئێوە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بن، ئەوەخوای گەورە لەپاداشتی چاکەکانتان هیچ کەم ناکاتەوە، چونکەبەڕاستی خوا لێخۆشبو و میهرەبانە"

ئەگەر سەرنج لەم دو ئایەتەی سەرەوە بدەین دەبینین (مسلم- مسولمان) و (مؤمن-ئیماندار) دو شتی تەواو لێک جیاوازن.بەڵام هەمیشە ئیسلام پێش ئیمان دێت، وە ئیمان پلەیەک باڵاترە.

بۆ زیاتر ڕونکردنەوە با ئەم ئایەتەی خوارەوەش ببینین:

- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴿١٠٢﴾ال عمران

" ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، خۆپارێز بن تا ئەوپەڕی، هەر کاتێک مردن بە ئیسلامەتی نەبێت نەمرن ".

لەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە خوا داوای خۆپارێزی لە باوەڕداران دەکات بەڵام لە کۆتای ئایەتەکە دەفەرموێ نەکەن بمرن بە ئیسلامەتی نەبێ، واتە بۆ ئەوەی بچنە بەهەشت، لانی کەم مسولمان بن ئەگەر باوەڕداری تەواویش نەبن.

لێرە ئاماژەیەکی ڕون هەیە لەسەر ئەوەی کە باوەڕ (ایمان) پلەیەکی بەرزە و بنەمای زۆرن کە لە بەشی باوەڕ باسیان دەکەین.

لەم ئایەتەش تێبینی دەکرێ کە مسولمانێتی بریتی نیە لە نوێژ و رۆژو :

- مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ ال عمران

" ئیبراهیم نە یەهودی بو نە مەسیحی، بەڵکو پاک و موسڵمان بو و لە موشریکان نەبو".

لێرەشدا خودا دەفەرموێ:

- فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ ۖ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾ ال عمران

" کاتێک عیسا هەستی بە کوفرو بێ دینی ئەوان کرد وتی: کێ پشتیوانمە بۆ لای خوا، حەواریەکان وتیان: ئێمەین پشتیوانانی خوا، باوەڕی تەواومان بەو خوایە هێناوە، تۆش شایەتی بدە کە بەڕاستی ئێمە موسڵمانین ".

لەم دو ئایەتەی سەرەوەش بۆمان دەردەکەوێ کە حەزرەتی ئیبراهیم و حەواریەکان مسولمان بون بێ ئەوەی شوێنکەوتوی پەیامبەر محمد بن(د.خ).

لێرەدا پێویستە هەمو مسوڵمانێک بپرسێ، ئەگەر ئیسلام بریتی بێ لە بڕواهێنان بە کۆتا پەیامبەر و نوێژ و رۆژو و ...هتد، خۆ ئەوانەی کە باسمان کردن هیچیان باوەڕیان بەم شێوەیە نەبوە، ئەسلەن لە سەردەمی ئەوان باوەڕهێنان تەنها بە پەیامبەری ئەوکات بوە نەک کۆتا پەیامبەر، پاشان خۆ ئەوکات نە نوێژ بەم شێوەیە هەبوە و نە رۆژو .

بنەماكانی باوەڕ بە پێی تێگەیشتنی باو تەواو دروستن بەڵام بەم شێوە تەسكە نیە كە لێی تێگەیشتوین.

بنەماكانی باوەڕ بنەمان بەڵام بەبێ جێبەجێكردنیان هیچ ئەرزشێكیان نیە، چونكە دوڕوەكانیش بە قسە دەڵێن كە باوەڕیان هەیە، بەڵام بە كردەوە بنەماكانی باوەڕ جێبەجێ ناكەن.

زۆر جار ئێمە تاوانی زۆر گەورە دەكەین بێ ئەوەی ئاگادارببین بۆ نمونە كەسێك نوێژناكات یا رۆژو ناگرێ یا عەرەق دەخواتەوە ، بە بێ یەک و دو ، مۆری كافر یا بێ ئیمان یا فاسقی لێدەدەین و لە رەحمەتی خوا دەری دەكەین و بەرەو دۆزەخی دەنێرین، لە كاتێكدا ئیمان تەنها ئەو شەش بنامایەی سەرەوە نین ، ئەمەش بە فەرمودەی پەیامبەر:

- الإيمانُ بضعٌ و ستون أو بِضعٌ و سبعون شعبةً ؛ أفضلُها لا إله إلا اللهُ ، و أدناها إماطةُ الأذى عن الطريقِ ، و الحياءُ شُعبةٌ من الإيمانِ.

الراوي : أبو هريرة

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث: صحيح

" باوەڕ زیاتر لە ٧٠ بنەمای هەیە بەرزترینیان یەكتاپەرستیە، كەمترینیشیان لا بردنی كۆسپە لەسەر رێگا ، كەسایەتی و بەرێزیش بەشێكە لە باوەڕ"

ئەوەی بە داخەوە تا ئێستا نەمبیستوە و نەمبینیوە رونكردنەوەی بنەماكانی باوەڕە بە شێوە فراوانەكەی .

بنەماكانی باوەڕ ئەو رەوشتە جوانانەن كە خۆت و خەڵكی دڵخۆش دەكەن،وەك،

ئارامی و لەسەرخۆیی، نەرم و نیانی ،قسەی چاک، رێزگرتنی دراوسێ،پاكو خاوێنی، یارمەتیدانی خەڵك، سەردانی نەخۆش، بەرگریكردن لە راستی ، پشتگیریكردنی

مافخوراو، تورەنەبون، ریزگرتنی یاسا، پاراستنی ژینگە، یارمەتیدانی ئاژەل و بالندە ....هتد

بە هەمان شێوە بێباوەڕی (کفر) جگە لە باوەڕنەبون بە خودا ، بریتیە لە پێچەوانەی ئەم رەوشتە جوانانەی باسمان کردن ، زۆر خەلک هەیە وا دەزانێ کە باوەری بە خودا هەیە چونکە باوەری بە ٦ بنەماکە هەیە، بەلام ئەم ٦ بنەمایە هیچیان کرداری نین ، باوەڕ دەبێ لەم رەوشتە جوانانە بەرجەستە بکرێن کە زیاتر لە ٧٠ بنەمان وەک لە فەرمودەکە هاتوە.

ئەمانەی خوارەوە بنەماکانی بێ باوەڕین (کفر)

بێ ئارامی و هەلەشەیی ، قسەی رەق،قسەی ناشرین،خراپە لەگەل دراوسێ، پیسی، یارمەتی نەدانی خەلک، فەرامۆشکردنی نەخۆش، بەرگری نەکردن لە راستی، پشت کردن لە مافخوراو،تورەبون، شکاندنی یاسا، پیسکردنی ژینگە،ئازاردانی ئاژەل....

هەر بە گوێرەی ئەم فەرمودەی سەرەوە زۆربەی خەلکی سەرزەوی باوەڕدارن،بەلام بە پلەی جیاواز، واتە ئەگەر هەر ٧٠ بنەمات هەبو ئەوا بڕوادارێکی تەواوی.

هەر لەبەر ئەوەشە ئیمان کەم دەکات و زیاد دەکات، کاتێک کردەوەی جوان دەکەی ئیمان بەرز دەبێتەوە، کاتێک کردەوەی ناشرینیش دەکەی ئیمان نزم دەبێتەوە، بەڵام کەس داناماڵرێ لە باوەڕ چونکەکەس نیە لەسەر روی زەوی هەر هەمو گوناهەکان بکات و هیچ چاکەیەکی نەبێ.

هەرلەبەر ئەم هۆکارەشە خوا دەفەرموێ (نەمرن مەگەر بە مسولمانی نەبێ)

لێرەدا گەورەیی بەزەیی خوامان بۆ دەردەکەوێ ، کە نایەوێ هیچ کەس بێ بەش بێ لە باوەڕ و لێخۆشبون.

ئەگەر سەرنجی باوەڕ بدەین لە قورئان دەبینین پێچەوانەکەی (بێباوەڕی- کفر)ە، هەروەک چۆن باوەر زیاتر لە ٧٠ بنەمای هەیە، دەرچونیش لە باوەڕ بە هەمان شێوە پێچەوانەکردنەوەی هەمو بنەما جوانەکانی باوەڕە.

وە لەبەرئەوەی مرۆڤ ئازادە لە باوڕهێنان بە هەمان شێوەش ئازادە لە دەرچون لە ئاین ، واتە کەس ناتوانی بە کەس بڵێ بێ باوەڕ، چونکە هیچ کەس هەمو بنەماکانی باوەڕ پێشێل ناکا، مەگەر کەسێک بەخۆی باوەڕی بە هیچ بنەمایەکی ئاین نەبێ و ئاین بە هەمو شیوەیەک ڕەت بکاتەوە.

ئەوەی زۆر گرنگە دەربارەی ئیسلام و باوەڕ بیزانین ئەوەیە کە :

ئیسلام لەگەڵ سروشتی مرۆڤە و بریتیە لە (فیترەت – فطرة)

بەڵام باوەڕ (ایمان) داواکاریی خودایە واتە (تکلیف)

ئەگەر بە وردی سەرنجی دەوروبەری خۆمان بدەین و لە حوکمەکانی خۆمان وردبینەوە دەبینین زۆربەی ئەوانەی بە پێناسە باوەکان بێدین و کافر بون بە گوێرەی تێگەیشتنی باو ئێستا بە تێگەیشتنێکی فراوانتر لێیان بڕوانە دەبینی هەمویان مسولمان یا باوەڕدارن مەگەر بە دەگمەن نەبێ .

چەند کەس لە ئێمە خزم یا دراوسێ یا برادەری هەیە کە نوێژ ناکەن یا کەمتەرخەمن ، یا جگەرە دەکێشن یا دەخۆنەوە ، هەمومان چەند کەسێک لەوانە دەناسین .

بە وردی سەرنجی یەکە یەکەیان بدە، دەبینی هەیانە زۆر لەگەل دایک و باوکی باشە، هەیانە زۆر قسەخۆشە و دلی کەس نارەنجێنێ ، هەیانە زۆر یارمەتی خەڵک دەدات ، هەیانە بلیمەتە و دەوروبەرەکەی سودی لێ دەبینن...

هەریەک لەوانە ئەگەر باوەڕیان بە خوا هەبێ ئەوا مسولمانە ، وە کەسێک لەمانە نیە هەر هەمو بنەماکانی باوەڕ پێشێل بکات .

کەواتە ناکرێ خەلکی بە کافر یا بێدین تاوانبار بکەین .

هەمان شتیش دەکرێ پێچەوانە بێتەوە، واتە خەڵکی مسولمان و باوەڕدار دەشێ هەمو بنەماکانی باوەڕیان تێدا نەبێ ، بۆ نمونە باوەڕدارە بەڵام تورە و توندە، یا ڕەزیلە، یا لەگەل منداڵەکانی باش نییە ، یا خەڵک ئازار دەدا بە زمان یا بە کردەوەکانی ، ناکری بەوانەش بڵێن بێدین ، هەرچەندە گوناهیش دەکەن ، بەڵام بنەماکانی باوەڕ زۆر زۆرن ، کەس لە هەمو بنەماکان دەرناچێ و کەس لە باوەڕ بێبەش نابێ ، مەگەر کەسێک خۆی باوەڕی بە ئاین نەبێ.

بابەتێکی زۆر هەستیار هەیە زۆر جار سەرنجم رادەکێشێ و کێشەیەکی هەنوکەییە ، لەم دواییە زۆر خەڵک دەبینم لە دەوروبەر، خزم ، دراوسێ، ناسیاو کە واز لە ئاین دێنن .

ئەوەی کە سەرنجیش دەدەم زۆرێک لەوانە ، بە تایبەتی ئەوانەی من دەیانناسم مرۆڤی نەزان نین ، بەڵکو زۆر عاقڵ و تێگەیشتون ، لەگەڵ زۆرێک لەوانە دانیشتوم و سەدان بگرە هەزاران پرسیار و وەڵاممان لە یەکتر کردوە ، دوای ساڵانێکی زۆر لە سەرنجدان و وردبونەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەوانەی لەم ئاینە روکەشەی باوباپیران یاخی بون لە زۆرینەی مسوڵمانان باشتر لە ئاینەکە گەیشتون .

ڕەنگە لات سەیر بێ چۆن بێباوەڕێک لە مسوڵمانێک باشتر لە ئاین تێدەگات ؟ ئەی ئەگەر تێگەیشت چۆن وازی لێ هێنا ؟

لات سەیر نەبێ چونکە من ئێستا باسی چەند حاڵەتێکی زیندوت بۆ دەکەم کە هەر هەمویان کوڕی زانای ئاینین و وازیان لە ئاین هێناوە.

هەر بە سەرنجدانێکی خێرا لەوانەی دەوروبەری خۆم کە باوکیان مامۆستای ئاینیە تەنها خزم و ناسیاو ٩ لەوانە هەر بێ باوەڕی تەواون (ملحد - Athiest)[1] ، جگە لە دەیان بگرە سەدانی دیکە ، کە ئەوانیش تەنها باوەڕێکی سادەیان هەیە بێ ئەوەی نزیکی ئاین بکەون .

[1] Athiest:ملحد: ئەتایست ، بێدین : بێ باوەڕ : ئەوانەی باوەڕیان بە ئاین نییە، ئەوانیش چەند جۆرێکی جیاوازیان هەیە.

هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەو مامۆستا ئاینیە بەرێزانە ئەوەندە کۆت و بەندیان لەسەر منداڵەکانیان داناوە ، هەر لە منداڵیەوە میشکیان ئاخنیون بە ترس و تۆقاندن و هەڕەشە و ئاگر و دۆزەخ ، ئەو منداڵانە کاتێ گەروەبون و توانای ئەوەیان پەیداکرد کە یاخی بن ئیتر یاخی دەبن، خۆ بە منداڵیش هەر مسوڵمان نەبون ، بەڵکو لەسەر دینی باوان بون .

کاتێک ئەو یاخییانە دێنە نێو کۆمەڵگەش لە هەمو لایەکەوە دیسان گوێبیستی هەمان چیرۆک و ئەفسانەکان دەبنەوە ، خۆشیان خوێندنەوەیەکی ئەوتۆیان نییە تا بەڕاستی لە ئاینەکە تێبگەن ، ئیتر باشترین چارەسەر بۆ ئەوان ئەوەیە کە لێی هەڵبێن و خۆیان نەجات بدەن.

عەرەب لەکۆنەوە گوتویانە:" **الناس اعداء ما جهلوا" .**

" خەڵکی دوژمنی ئەو شتەن کە لێی نازانن ".

من بەڕاستی زۆر هەوڵمداوە لەگەل زۆرێک لەوانەی کە وازیان لە ئاین هێناوە ، ئەوەی زۆر لام ڕونە ئەوەیە کە ئەوان هێشتا ئیسلامیان پێ نەگەیشتوە ، ڕەنگە لات سەیر بێ بەڵام بەراستی ئیسلامی ڕاستەقینە هێشتا نەگەیشتۆتە زۆربەی مسوڵمانان، وە خەلکیش ناحەقیان نیە ئەگەر یاخی بن لە ئاین لە کاتێکدا زۆرێک لە باگخوازانیش هێشتا خۆیان لە ئاینەکە تێنەگەیشتون .

دیسان لە تێکەڵکردنی ئیسلام و باوەڕ دەبینین فەقیهەکان نوێژ و ڕۆژو و حەج لەسەر مسولمان واجب دەکەن لە کاتێکدا لە قورئاندا ئەمانە لەسەر ئیماندار واجبن نەک مسولمان.

- إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا ﴿١٠٣﴾ النساء

" نوێژ لەسەر ئیمانداران فەرزە لەکاتی دیاریکراودا دەبێ ئەنجام بدرێت " .

وەک تێبینی دەکرێ قورئان دەفەرموێ لەسەر ئیمانداران نەک مسولمانان.

- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾البقرة

" ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژوی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزکاری بکەن"

دیسان تێبینی ئەوە دەکەین کە ڕۆژوش وەک نوێژ لەسەر ئیمانداره نەک مسولمان.

وەک ئاماژەمان پێدا، تاکە ئاین کە لای خوا هاتبێ ئیسلامە، کە ئاینێکە لەگەل سروشتی مرۆڤ دەگونجێ، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێ:

- فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ الروم

" ڕوو بکە ئاینی خوداو، سروشت یا ئەو فیترەتەیە کە خودا خەلکی لەسەر دروست کردوە، گۆرانکاری لە سروشتی دروسکراوەکانی خوادا ناکرێ ، ئا ئەوەیە دینی ڕاست ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن"

بە دڵنیاییەوە هەروەک چۆن خوا دەفەرموێ زۆربەی خەلکی ئەم راستیانە نازانن و زاناکانیش یا نازانن یا نایانەوێ خۆیان ماندو بکەن، یا حەزناکەن بڵێن کە ئێمە چەندین ساڵە هەڵەین .

ئاینی ئیسلام ئاینی فیترەت و سروشتی مرۆڤە، هەر ئەو سروشتەی کە خوا مرۆڤی لێ دروست کرد، واتە دەبێ بنەماکانی ئاینەکە دژی سروشتی مرۆڤەکان نەبێ، با بزانین وایە ؟

بە پێی بنەما دانرەوەکانی فەقیهەکان بۆ ئیسلام، زەکات دان بەشێکە لە ئیسلام، کە دەبێ لەگەل فیترەتی مرۆڤ بێ، بەڵام ئایا پارە بەخشینەوە لە سروشتی مرۆڤە یا دژیەتی؟ قورئانی پیرۆز دەلێ دژیەتی، جا نازانم فەقیهە بەرێزەکان چ دەڵێن:

- وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا ﴿٢٠﴾ الفجر

" ماڵ و سامانتان زۆر خۆشدەوێ "

- وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ .. ﴿١٧٧﴾ البقرة

" ماڵ و سامانی بەخشی بێت(لەگەڵ خۆشەویستیدا بۆی) . بەخزمان و هەتیوان و هەژاران "

بێگومان مرۆڤی باش و باوەردار حەزدەکا ماڵ ببەخشێ، بەڵام ئەوە هیچ لەم راستیە ناگۆڕێ کە هەمومان پارەمان خۆش دەوێ، تەنانەت شێتیش پارەی خۆش دەوێ.

ئەوەی خودا مەبەستیەتی رونکردنەوەی سروشتی مرۆڤە کە بەڵی مرۆڤ بە سروشتی خۆی پارەی خۆش دەوێ و حەزناکا بە کەسی بدا ئەگەر لەبەر خاتری خودا یا مرۆڤایەتی نەبێ.

با سەرنجی رۆژو بدەین و بزانین لەگەڵ سروشتی مرۆڤ دەگونجێ یان نا.

هەمومان دەزانین سروشتی مرۆڤ لەگەڵ خۆشیەکانی دونیایە،وەک خواردن، خواردنەوە کات بەسەربردن، بەڵام رۆژو تەواو دژی ئەم سروشتەیە، بێگومان رۆژو شتێکی زۆر چاکە و پێویستە لەسەرمان، بەڵام ئایا سروشت ئەوەیە کە بەرۆژو بین یا بخۆین؟

بێگومان سروشتی مرۆڤ ئەوەیە کە بخوا و بخواتەوە، کە بەرۆژو دەبین دژی ئەو سروشتە دەجەنگین لە پێناو رەزامەندی خودا و ڕاهێنانی لەش و دەرون لەسەر خۆراگری جگە لە دەستکەوتنی پاداشت لای خودا.

خوای گەورە لە ئایەتێکی تریشدا زۆر بە رونی ئاماژە بەوە دەکات کە ئیسلام بریتی نیە لەو بنەمایانەی کە فەقیهان دایانناوە:

- إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَىٰ وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴿٦٢﴾
البقرة

" ئەوانەی باوەڕیان هێناوە (لە ئوممەتی محمد (ﷺ)، ئەوانەش کە بونە یەهودی ، مەسیحی، شوێنکەوتوانی شیت و ادریس و نێردراوانی پێشو، ئەوانە

هەر دەستەیەکیان باوەڕی هێنا بێت بە خودا و ڕۆژی دوایی و کارو کردەوەی چاکەی ئەنجام دابێت، ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، نە ترس و بیمیان دەبێت، نە غەم و پەژارەش ڕویان تێدەکات "

دیسان لەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە دەبینین کە ئیسلام تەنها بریتی نیە لە شوێنکەوتوانی دوا پەیامبەر ، یا ئەوانەی کە نوێژ دەکەن و ڕۆژو دەگرن و حەج دەکەن.

وە تێبینیی ئەوەش دەکرێ کە (یەهودی و مەسیحی سابیئەش) ، ئەوانەی باوەڕیان بەخودا و رۆژی دوایی هەبێ و کردەوەی باش بکەن ، ئەوا وەک باوەڕداران لە مسوڵمانان هەمان پێگەیان دەبێت.

بە گوێرەی قورئانی پیرۆز بنەماکانی ئیسلام بریتین لە:

١- بروا بە خودا.

٢- بڕوا بە رۆژی دوایی.

٣- کردەوەی چاک.

هەڵەیەکی باو هەیە لە ناو مسولمانان بە گشتی، ئەویش ئەوەیە مسولمان رقیان لە یەهودییە و بە دوژمنی دەزانن، لە کاتێکدا تەنها بەشێکی کەمی یەهودی هەن کە دوژمنی هەمو ئاینەکانی ترن ، ئەوانیش توندرەوەکان و بەشێک لە سیاسەتمەدارەکانن لە بەرامبەریشدا سەد ئەوەندە مسولمانی توندرەو و نەزان هەن.

با بزانین خودا لە قورئانی پیرۆز چۆن باسی یەهودی و مەسیحی دەکات :

- لَيْسُوا سَوَاءً ۗ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ ال عمران.

" (مەسیحی و یەهودی) هەمویان یەکسان نین، بەڵکو دەستەیەک لە ئیماندارانیان هەن، ئایەتەکانی خوا لەکاتەکانی شەودا دەخوێننەوە و سوژدە دەبەن " .

لێرەدا بە ئاشکرا دەبینین کە ئەوەی باوەری بە خودا و رۆژی دوایی هەبێ مسولمانە هەرچەندە یەهودیش بێ.

لە بیرمان نەچێ ئەمە بۆ مەسیحی و بوزی و هەمو خەلکی دونیا ڕاستە ، مسولمانێتی واتە باوەڕ بە خودا و رۆژی دوایی و کرداری باش.

ئەگەر ئێمە بەم شێوە جوانە لەئاین تێبگەین کە خوا داوای کردوە ، ئایا کەس رق لە کەس دەبێتەوە ؟

ئایا هەموکێشەکانی ئەمرۆی دنیا لەسەر ئەوە نییە کە پیاوانی ئاینی و سیاسەتمەدارەکان تەسک بیردەکەنەوە؟

ئەگەر سەیری فەلەستین بدەین ،لە سالی ١٩٤٨ بەدواوە تا ئەمرۆکەش شەر و ناکۆکی و هەستیاری کۆتایی نەهاتوە.

تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس کوژراوە لە هەردولایەنی ناکۆک.

هەموشی هۆکارەکەی ئەوەیە کە بازرگانانی ئاین و سیاسەت ناهێلن ناوچەکە ئارام بێ ،ئەگینا موسلمان و هاولاتییە یەهودییەکان هیچ کێشەیەکیان نیە بەیەکەوە.

کۆمەلێک سیاسیی چاوچنۆک و بێ ویژدان لە هەردولا ، لەگەل کۆمەلێک دینداری توندڕەوی نەزان لەهەردولابونەتە هۆی رشتنی خوێنی سەد هەزار مسولمان و یەهودی و خەلکی بێ تاوان و ژن و مندال.

ئاخر کەی بەتەمان چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن؟ دەتانەوێ چەند هەزار خەلکی تر بکوژن؟

ئەگەر بڕیارە قودس پیرۆزبێ ، ئەوا هەرگیز پارچەیەک زەوی یا مزگەفتێک پیرۆزتر نییە لە خوێنی مرۆڤێک چ جای ١٠٠ هەزار ، نەک ئەوێ بەلکو کەعبەی ماڵی خوداش بروخێنی هێشتا گوناهی کەمترە لەرشتنی خوێنی بێتاوانێک.

دەبێ کەی لەوە تێبگەین کەقودس لای هەمو ئاینزاکان پرۆزە ؟

ئایا مسولمان و یەهودی و مەسیحی هەر هەمان خودایان نییە؟هەر هەموشیان خەلکی ناوچەکە نین؟

باشە بۆچی وەک برا نەژین؟

ناکرێ رۆژانی هەینی قودس بۆ مسولمانان بێت و رۆژانی شەممە بۆ یەهودی و یەکشەممەش بۆ مەسیحی ؟

دلنیام خەلکی بەوە رازین بەلام بازرگانانی ئاین و سیاسەت قبول ناکەن .

" ئاینی خودا شۆڕشە بۆ هەژاران و ئاینی کاهینەکانیش بێهۆشکەرێکی پیرۆز "

*   *   *

شەشەم:بایەخ نەدان بە کات

کات بەهادارترین سامانە لەژیانی مرۆڤ، هەمو ژیان و سەرکەوتن و شکستەکانی مرۆڤ بەندە بە ڕێکخستن و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کات.

لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بە دەگمەن دەبینین بایەخ بە کات بدرێ هەم وەک سیستەم هەم وەک تاک، خەلکی بە گشتی بەهای کات نازانن و زۆرێک لە کاتی خۆیان بە فیرۆ دەدەن دوای گەرانەوە لە سەرکارەکانیان، زۆرێک لەخەلک لەسەر کارەکانیشیان خەریکی بەفیرۆدانی کاتن یاخود کارەکەیان وایە و هیچ شتێکی گرنگی تێدا نییە .

لە کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست هاولاتیان بە گشتی کارمەندی حکومەتن، زۆربەی کارەکانی دامودەزگا حکومیەکانیش لای زۆرمان ئاشکرایە کە بریتین لە کۆمەلێک کاری رۆتینیی بێزارکەر و تاقەت پروکێن، جارێ با بزانین رۆتین چیە.

رۆتین (routine) لە بنەرەتدا وشەیەکی فەرەنسیە لە (route) هاتوە، واتە رێگا.

رۆتین ، بریتیە لە زنجیرەیەک کار بە شێوەیەکی رێک و پێک بە دوای یەکدا دێن.

لە بنەرەتدا رۆتین بۆ رێکخستنی کار دانراوە، بەلام لە سیستەمی ئێمە مێژویەکی خراپی هەیە چونکە دەسەلاتداران لە سەردەمە جیاجیاکان بە مەبەست رۆتینەکانیان ئالۆز کردوە و خەلکیان بە شتی زۆر لاوەکی و بێ سود سەرقال کردوە تا کاتی ئەوەیان نەمێنێ بیر لە شتە گرنگەکان بکەنەوە ، وەک ماف و ئازادی و رەخنەگرتن لە کەموکورییەکان.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کارمەندەکانی فەرمانگە حکومیەکان بە گشتی کارەکانیان لەروی هونەریەوە زۆر سادەن، بەلام ئالۆز و تاقەت پروکێنن ، زۆر جار ئەرکێکی ئەوتۆشیان تێدا نیە بەلام لە هیچ و خۆرایی ماندوت دەکەن ،بۆ نمونە کارمەند هەیە تەنها یەک ئیمزا و یەک مۆر دەکا ،ئەم کارمەندە چاک دەزانێ کارەکەی ئەو هیچ گرنگیەکی نیە ، بەلام رۆتین وای لێکردوە کە وەک رۆبۆتێکی بێ گیان و بێ بەرهەم بجولێتەوە، لە ئەنجامدا لەروی دەرونییەوە ئەم کارمەندە هەست بە پەستی و بێزاری دەکا چونکە دەبینێ کارەکەی زۆر سادە و بێ بایەخە،

جا هەندێ جار ناچار دەبێ کارەکەی خۆی گرنگ پیشان بدا بە ڕاگرتنی خەلک و داواکردنی زانیاریی زیاتر و تەگەرە خستنەبەردەم کاری خەلک لەسەر کەمترین هەڵە و کەمو کوڕی، هاوڵاتیش کاتێک کاری دەکەوێتە دەزگا فەرمیەکان خەمێکی گەورە دایدەگرێ چونکە دەزانێ زۆر ماندو دەبێ لەرسەر هیچ و خۆڕایی، ڕەنگە ئەم قسانە لای زۆر کەس بێ بایەخ بن یا ڕاست نەبن، بەڵام بڕوابکەن ئەوەی تەنها بەسەرخۆم و ئەندامانی نزیکی خێزانەکەم هاتوە بە دەست فەرمانگە کان ئەگەر هەمویان بنوسمەوە ڕەنگە پەرتوکێکی لێ دەربچێ .

جاری وا هەیە دو فەرمانگە کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە یەکیان لە ناوەندی بازارەو ئەوی تریان لە دەرەوەی شار، سەردانی هەریەکێکیشیان بکەی دەتنێرنە ئەوی تریان جاری وا هەیە بۆ یەک ئیمزا، یا بەلگەنامەیەک کە بە ئیمەیل دەکرێ بە نیو خولەک کارەکەت تەواو بکا. سەیر ئەوەیە فەرمانگەکان پڕن لە کۆمپیوتەر و هەموش ئینتەرنێتیان هەیە، نازانم ئەگەر بۆ راهی کردنی کاری خەلک نەبێ دەبێ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت سودی چییان هەبێ ؟ ڕەنگە بۆ کات بەسەر بردن بن زیاتر .

جارێکیان کارێکم کەوتە بەڕیوەبەرایەتیەک کە لەسەر ڕێگای هەولێر-کەرکوک ، لەوێ کارەکە بەشێکی کرا، کارەکە تەنها نوسینی یەک دێر بو لەسەر پەڕەیەک، دوای نوسینی ناردمیانە لای کەسێک بۆ وردبینی ، وردبینی لە یەک دێر نوسین ! دوای وردبینی گوتیان کارەکەت تەواوبو بەلام دەبێ بچیە جێگایەکی تر کە لە ناو بازاڕە، چومە ئەوێ دوای ئەو هەمو قەرەبالخی و کێشەی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل کە هیچ فەرمانگەیەک نیە جێگەی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی هەبێ ! بڕوابکەن لەوێ منیان گەڕاندەوە لەسەر ئەوەی کە نوسینەکە هەلەیە ، تەنها یەک دێر بو کارمەندێک نوسیبوی و کارمەندێکیش وردبینی کردبو ئینجا هەڵە بو.

لەوێوە دوبارە گەڕامەوە فەرمانگەی یەکەم و بە کارمەندەکەم گوت :

"دەمەوێ بەڕیوەبەر ببینم "

کارمەندەکە زۆر بێباکانە گوتی :

" دەتەوێ بەڕێوەبەر ببینی ؟ وەرە با خۆم بتبەمە لای "

کاکی بەڕێوەبەر لە جیاتی داوای لێبوردن بکا و سزای کارمەندەکان بدات گوتی:

" کاکە ئەوانە خەبیرن ئەمن نازانم ئەوە ئیشی من نییە" .

ئەوەش چیرۆکی ئەو خەبیرانەی رۆژانە دەرونی سەدان کەس دەشێوێنن .

جارێکی تر چومە فەرمانگەیەک، لە یەک لە بەشەکان کۆمەڵێک راوەستابوین کارمەندەکە خەریکی وێنەگرتنی مندالێک بو کە زۆر جوان و سەرنج راکێش بو .

نە وێنەیەک و نە دوان ، پێم گوت خانم خەلک چاوەرێی جەنابتانە .

زۆر بێ باکانە و بە ساردی مامەلەکەی وەرگرت و کارەکەی راپەراند .

چومە لای بەڕێوەبەر و پێم گوت کە کارمەندەکانی خەریکی وێنەگرتنن .

کاکی بەڕێوەبەر گوتی :

" کاکە چیت دەوی فەرمو جێبەجێی بکەم "

گوتم :

" قوربان کارم تەواو بو بەلام خەلک کاری هەیە و ئەوانیش خەریکی شتی ترن"

جەنابی بەڕێوەبەر فەرموی :

" کاکە ئەوانە کارمەند نین ، ئەوانە خولی فێربونیان هەیە لێرە"

جەنابی بەڕێوەبەر راستی فەرمو، ئەوان خولی وێنەگرتنیان هەبو بەلام من نەمزانیبو!

بێگومان رۆژانە سەدان بگرە هەزاران کەس لە فەرمانگەکان توشی ئەم حالەتە ناخۆشانە دەبن .

نازانم کەی بڕیاردەدەن وەک مرۆڤی سەدەی ٢١ کاربکەن و لە سەدەکانی ناوەڕاست بێنەدەر .

سایمۆن سینێک دەڵێ:

" خۆماندوکردن لە کارێک کە بە دڵی خۆت نییە پێی دەوترێ فشار، زۆر خۆماندوکردنیش لەکارێک کە بە دڵێ خۆتە پێی دەوترێ ئیلهام"

ئەگەر سەرنجی خۆت بدەی ئەو ڕاستییە زۆر بەرونی دەبینی،ئایا تۆئەو کارە دەکەی کە بە دڵی خۆتە؟ ئایا بەیانیان کەلە خەو هەڵدەستی بە گوڕ و تینەوە هەڵدەستی و بەرەو کارەکەت دەڕۆی یا وەک ئەوەی بە زۆر بتبەن،یا وا هەست بکەی کە بۆ بەندیخانە دەچی ؟

ئایا بەپەلەنیت تا زو کارەکە تەواو بێ و بەزوترین کات ئەو شوێنە بەجێ بهێڵی؟

ئاخر ئێمە ڕۆژێک پرسیارمان لەخۆمان نەکرد ئەم هەمو فشارە دەرونییە چییە خەڵکی هەیەتی.

خەلک هەموی تورەیە،بێزارە ،بە کەمترین شت هەڵدەچێ، شەڕ دەکا.

بێگومان کارکردنیش لە بوارێک کە بە دڵی خۆت نییە تواناکانت دەکوژن و هەرگیز ناتوانی داهێنان بکەی لە کارێک کە بە دڵی خۆت نییە.

من زۆربەی ئەو کارانەی کردومن لەژیانم بە دڵی خۆم نەبون،لە رابردوش زۆر هەوڵم داوە لە زۆر بواری جیا جیا کە داهێنان بکەم ،بەڵام پێ ئاگابوم لەوەی کە داهێنان لەکارێکدا ناکرێ کە بە دڵی خۆت نەبێ، زۆر جاریش بیرۆکەی باشم هەبوەو و لەگەڵ سەرمایەداران دانیشتوم بەلام یا ئەوان ترساون کارەکەبکەن یان کۆسپ و تەگەرەی رۆتین و یاسایی و شتی تر رێگر بون .

من و چەند برادەرێک یەکەم گروپ بوین کاری وەرگێڕان و دۆبلاژمان کرد بە شێوەی کۆمپانیا لەکەرتی تایبەت، دواتر یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی لە کەرتی تایبەت لە لایەن گروپەکەی ئێمە دامەزرا لە ساڵی ٢٠٠٥،کە من تیایدا بەڕیوەبەری بەشی نوسین و وەرگێڕان بوم،بەڵام دیسانەوە سنورداریی ئاسۆکان و

گرفتی جۆراوجۆر وایکرد کارەکە بە هی خۆم نەزانم و خەون و خولیاکانی خۆمم تیایدا نەبینیەوە، سەرەنجام وازم لێ هێنا ،چونکە نەمتوانی کارێک بکەم کە تەنها پێی بڵێن کار، من دەمویست کارێک بکەم لە ناخەوە بە دڵی خۆم بێت و بتوانم داهێنان بکەم تیایدا .

کارێک کە تەنها نانت پێ بدا بەلام ناخت تێر نەکات وەک ئەوە وایە تێر بی بەلام هەمیشە هەست بە برسیەتی بکەیت، ئێمە هەمومان تێری برسی و داهێنەری بێ داهێنان و قسەکەری بێ کردەوەین ، چونکە کاتێک گەورەبوین وا فێرکراین کە کارێک بکەین تا بژین،هەر کارێک بێ ئاساییە،گرنگ ئەوەیە نانێک پەیدا بکەین .

هۆکاری ئەوەی کە زۆرینەی خەلک بە نانێک قنیات دەکا و بە دوای پێشکەوتن و برەودانی زیاتر نییە لە کارەکەی هەر ئەو بیرکردنەوە کۆنەیە .

ئەگەر بتەوێ خەونەکانت بەدی بێنی،یا لانی کەم برەو بە کارەکەت بدەیت و پێش بکەوی ، ئەوا پێویستە ئەو شتە بە دەست بێنی کە خۆت دەتەوێ، نەک ئەوەی کە دەستت دەکەوێ،چونکە رەنگە بە تواناکانی خۆت بتوانی زۆر کارت دەست بکەوێ بەلام ئایا ئەوە ئەوپەڕی تواناکانی خۆتە؟یا خەون و خولیاکانی خۆتە؟

بێگومان نازانی تاوەکو تاقی نەکەیتەوە.

گەیشتن بە لوتکە واتە رەتکردنەوەی هەمو ئەو دەسکەوتانەی کە لە رێگای گەیشتن بە لوتکە دەستت دەکەون.

کاتێک لە رێگادای بەرەو لوتکە،ئەگەر بە کۆکردنەوەی دەسکەوتی بچوک خۆت خەریک بکەی بێگومان ناگەیتە مەنزڵ، چونکە دەسکەوتە بچوکەکان قەناعەتی ئەوەت بۆ دروست دەکەن کە تۆ گەیشتی بەوەی کە دەتویست یا لانی کەم ئەوەی کە دەترێێ ، کەواتە پێویست ناکا چیتر خۆت ماندو بکەی، لێرەوە توشی تەمبەڵی دەبیت و دەسبەرداری خەونەکانت دەبی.

ئێمە لەنێو دەریایەک لەفشار دەژین،هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کارێک دەکەین بە دڵی خۆمان نییە.

زۆر جار دەبینین خەڵکی لە فەرمانگەکان هەوڵ دەدەن خۆیان پێش بخەن یا کەسێکی ناسیاو پەیدابکەن کارەکەیان ئاسان بکا، یا جاری وا هەیە ئامادەن بەرتیلیش بدەن، رەنگە هەمومان ئەو شتانەمان بەلاوە زۆر ناشرین بی، بەڵام بروابکەن زۆری و ئاڵۆزیی رۆتینە بێ ماناکانە وا لە خەڵک دەکەن پەنا ببەنەبەر کاری نایاسایی، خۆ ئەگەر کارەکان بە رێک و پێکی بەرێوەبچن خەڵکیش ئامادەیە تۆزێک ئارام بگرێ چونکە هیچ کارێک بەبێ ماندوبون نابێ.

من بە حوکمی ئەوەی هەمیشە لە رێکخراوی بیانی و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان کارم کردوە ، بروابکەن بەبێ زیادەرۆیی دەیڵێم، ئەو مامەڵەی لە دەزگا فەرمیەکان جاری وا هەیە یەک مانگی پێ دەچی ، رەنگە بە بەکارهێنانی هەمان سەرچاوە و کارمەند ماندوبونی کەمتریش لە ماوەی یەک رۆژ تەواو بێ، مەسەلەکە هەموی رێکخستنی کات و هەبونی پلانە، کە بە داخەوە نیانە .

کات بەفیرۆدان هەر تایبەت نیە بە فەرمانگەکان ، ئەم بەڵایە هەمو لایەنێکی ژیانمانی گرتۆتەوە ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی لە هیچ شتێک پلان و خشتەی دابەشکردنی ئەرکەکانمان نیە.

رۆژانە هەزاران خەڵک دەبینی لەسەر شەقامەکان کات بەفیرۆدەدەن یا لە چایخانەکان دادەنیشن، شەوانەش هەیە تا نزیکی بەرەبەیان خەریکی دۆمینە و یاریی بێ سودن .

ئەگەر ئێمە گەنجەکانمان و تاکە بە تواناکانمان خەریکی کات کوشتن بن باشە دەبێ کێ وڵات پێش بخا؟

هەمومان دەزانین وڵات بە پیر و منداڵ پێش ناکەوێ، گەنج داینەمۆی گۆرانکاری و پێشکەوتنەکانە ، زۆر جێگەی داخە گەنجەکانمان کاتی زێرینی خۆیان بەفیرۆ دەدەن .

گەنج دەبێ بە یەکێک لەم شتانەی خوارەوە خەریک بکرێت:

١- خوێندن

٢- کارکردن

٣- سەربازی

لەو سێ خالەی سەرەوە بترازێ گەنج خەریکی هەرشتێکی تر بێ ئەوا ئەو ولاتە ڕو لە وێران بون دەکات.

گەنج توانایەکی زۆری تێدایە، ئەگەر تواناکانی بەکارنەهێنرێ لە شتی چاک و بەسود و کاتەکانی بۆ ڕێک نەخرێ ، ئەوا بێگومان لە شتی بێ سود و لابەلا بەفیرۆی دەدات و ئەوەی زەرەرمەند دەبێ لە کۆتاییدا تەنها کۆمەلگەیە.

بە بۆچونی من بێ پلانی هۆکاری سەرەکیی کات بەفیڕۆدانە، بە داخەوە لە کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست پلان لە هەمو ئاستەکان نیە نەک هەر لە سەر ئاستی ئاک.جیاوازیی نێوان تاکی سەرکەوتو و تاکی ئاسایی تەنها بەکارهێنانی کاتە ، ئەمیان لە شتی بەسود و ئەویان لە شتی بێ سود بەسەری دەبات، چونکە هەمومان تەنها ٢٤ کاتژمێرمان هەیە لە شەو و رۆژ .

برادەرێکم کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی لە ئەوروپا ژیاوە رۆژێکیان گوتی:

" لەئەڵمانیا بوم لەگەل برادەرێک ، برادەرەکەم دەستی نا بە گلۆپی پەڕینەوەی پیادە ، بەڵام نەپەڕینەوە لە شەقام .

هەر زو ئۆتۆمبیلێکی تایبەت کە پۆلیسیش نەبو ، ڕایگرت ،پیاوێک دابەزی و هاتە بەردەممان و گوتی:

- گلۆپی پەڕینەوەت هەڵکرد و لە شەقامیش نەپەڕینەوە ! بۆچی ؟

- منیش گوتم ، ببورە هەڵەی کرد ، ئەو برادەرەم زمان بە چاکی نازانێ ....

- گوتی ، با خۆی قسە بکات .

- برادەرەکەم گوتی ، ببورە نەمزانی .

- داوای لێبوردن چارەسەری کێشەکە ناکات ، تۆ چەند خولەکێک خەلکیت ڕاگرت ،تۆ ئەلمانیات چەند خولەکێک دواخست.

- برادەرەکەم گوێی سەرەتا گاڵتەمان بە قسەکانی هات ، بەلام هەر زو گوتی :

- سزاکە وردە وردە زیاد دەکات ، تا رامبگرن سزاکە زیاتر دەکەم .

- بە ناچاری پارەکەمان دا و ڕۆیشتین.

ڕەنگە لای زۆر کەس ئەم چیرۆکە جێی باوەڕ نەبێ یان بێ مانا بێ ، بەڵام ئەگەر مێژوی ئەلمانیا بخوێنێتەوە ،باوەڕ دەکەیت ،دەبینی کە چۆن لە دوای جەنگی جیهانی دوەم ولاتەکەیان خاپور بو ، چۆن دوای چەند سالێکی کەم بون بە بەهێزترین و دەولەمەندترین ولاتی ناوچەکە و ئێستاش خاوەنی باشترین سیستەم و تەکنۆلۆجیا و دروسکەری نایابترین ئۆتۆمبێلەکانی جیهانن .

ئەم دەسکەوتانە هەموی بە پلان و گرنگیدان بە کات بە دەست دێن .

وارن بافێت، یەکێک لە ١٠ دەولەمەندەکانی جیهان دەڵێ:

" نەزانێکی بە پلان دەتوانێ بلیمەتێکی بێ پلان ببەزێنێ".

پلان واتە کورتکردنەوەی مەوداکان و سود وەرگرتن لە هەمو چرکەیەک لەگەڵ سود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی کەسانی تر، ئێمە کاتی ئەوەمان نیە هەمو ڕێگاکان تاقی بکەینەوە لە کارێکی دیاریکراو،چونکە هەر کارێک بە سەدان شێوە ئەنجام دەدرێت بەڵام بە دانانی پلان دەتوانین هەمو ئەو ڕێگایانە لاببەین کە ناچنەوە سەر وەڵامی ڕاست، بێگومان بە سود وەرگرتن لە ئەزمونی کەسانی تر.

ئێمە ئەگەر بە وردی سەرنجی دەوڵەمەند بون بدەین کە ڕەنگە خەونی هەمومان بێ دەبینین مەسەلەکە تەنها کاتە، بۆ نمونە تۆ موچەکەت یا داهاتی مانگانەت لە کارەکەت ٥٠٠ دۆلارە ، کە دەکات رۆژی ١٦ دۆلار ، ئەگەر تۆ ٢٠٠ ساڵ بژی زۆر بە ئاسانی دەبی بە ملیۆنێر !

بەلام هەمومان دەزانین کە ٢٠٠ ساڵ ناژین، نیوەی ئەوەندەش ناژین، کەواتە چارەسەر ئەوەیە کاتەکانمان بەفیڕۆ نەدەین چونکە دەولەمەندەکان تەنها پلان و بەفیڕۆنەدانی کات دەوڵەمەندی کردون نەک درێژبی تەمەن ، من و تۆ و ملیاردێرەکانی جیهان هەمان ٢٤ کاتژمێرمان هەیە لە شەو و رۆژێکدا.

" ئەوانەی توانییان سود لە کات وەربگرن پێشکەوتن ، ئەوانەش کە لەناو بازنەیەکی داخراو دەخولێنەوە هەمیشە دەگەڕێنەوە جێگەکەی خۆیان ، هەمو جوڵەیەک مانای پێشکەوتن نییە ، زۆر جار جوڵە بەرەو دواوەیە ، بەڵام چونکە دەوروبەرەکەت هەموی روی بەرەو دەواوەیە ، هەستی پێناکەی"

*   *   *

حەفتەم: بچوک کردنەوەی بەهای تاک

هەرچەند مێژوی رۆژهەڵات دەخوێنمەوە لە هیچ قوژبنێک بەرچاوم ناکەوێ باسی گرنگیی تواناکانی تاک و پەرەپێدان بکات، بە پێچەوانەوە هەمیشە باسی کۆمەڵ و گروپە، بونیادی فیکریی سەدەی ٧ و ٨ ی کۆچی لەسەربناغەی پیرۆزکردنی کۆمەڵ و بەکەم زانین و پەراوێزخستنی تاک دانراوە، دەشتوانم بڵێم زۆربەی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم بیرکردنەوە و پێشکەوتن ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە داخەوە.

ئەگەر تەماشای مێژوی مرۆڤایەتی بکەین دەبینین هەمو گۆرانکاریە گرنگ و چارەنوس سازەکانی مێژو لەسەر دەستی تاک بوە.

هەرگیز نابینی کۆمەڵ گۆرانکاری و داهێنانی کردبێ، هەر لە فەلسەفەو لۆجیکەوە تا بیرکاری و کیمیا و فیزیا و دەرونناسی و کۆمەلناسی و مێژو ...هتد.

تەنانەت پەیامبەرانیش هەمیشە تاک بون کەچی گۆرانکاریی یەکجار گەورەیان دروست کردوە.

لە مێژوی رۆژهەلاتی ناوەراست نەک هەر نرخی تاک نەزانراوە، بەلکو هەر تاکێک وەک ئەوان بیری نەکردبێتەوە ئەوا جێگەی لەناویان نەبۆتەوە و بە شێت، کافر، زەندیق ، یا خەواریج ناوبراوە و توشی راوەدونان و ئەشکەنجە و سزا بۆتەوە .

لە ناو عەرەب لە کۆنەوە هەرکەسێک خاوەنی بیرێکی نوێ با پێیان دەگوت (عبقری)، بەڵام رەنگە زۆربەمان نەزانین هۆکاری ئەم ناونانە چیە !

لە کۆنەوە لە ناو عەرەب سەرچاوەی زانیاریی و بلیمەتی جنۆکە بوە نەک مرۆڤ، واتە ئەگەر کەسێک بیرۆکەیەکی نوێ و جوانی هەبوایە راستەوخۆ تاوانباریان دەکرد بەوەی کە ئەو کەسە جنۆکەیە، یا جنۆکە دەستی لێ وەشاندوە یان چۆتە (دۆڵێ عەبقەر)[1]، کە دۆڵێکە لەیەمەن بە بڕوای ئەوان پر بوە لە جنۆکە، یا وردتر بڵێین وڵاتی جنۆکەکان بوە، کەس نەیوێراوە بچێتە ئەم ناوچەیە ، بە بڕوای

[1] جمهرة أشعار العرب . أبو زيد القرشي

ئەوان زانیاریی نویێ و بیرۆکەی بلیمەتانە و شیعر تایبەت بوە بە جنۆکە نەک مرۆڤ، هەر بۆیەش ئەگەر کەسێک زانیاریی نوێ یا بیرۆکەیەکی باشی هەبوایە بە عەبقەری ناوزەدیان دەکرد ،وە بروایان وا بوە ئەگەر کەسێک شەوێک بە تەنها بتوانێ لەوێ بمێنێتەوە ئەوا دەبێتە شاعیرێکی بلیمەت ، شاعیرانیش هاوڕێی جنۆکەیان هەبوە بە بڕوای ئەوان.

تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیش وشەی بلیمەت هەمان بنەچەی هەیە ، لە زمانی ئینگلیزی بە بلیمەت دەڵێن (Genius)، لە (Gignere)ی لاتینی هاتوە واتە ئامادەبونی رۆح، یا شتێکی نەبینراو ، ئەم دەستەواژەیە لە سەدەی ١٦ هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزی، واتە لە عەرەبیان وەرگرتوە و ماناکەشی زۆر نزیکە لە (جن) کە مانای (شتی نەبینراو)ە.

دیارە ئەوروپیەکانیش سەرەتا بەهەمان شێوە بیریان کردۆتەوە بەڵام ئەوان زو لەم خەوە بە ئاگا هاتن و گرنگییان دا بە تاک و گوێیان لە بلیمەتەکان گرت و بە قسەیان کردن، سەرەنجام بلیمەتەکانی ئەوان دنیایان گۆری و بلیمەتەکانی ئێمەش شێت بون یا کەوتنە خەلوەتگەی پیری!

هەمیشە دەڵێم تۆوی پاک لە خاکی پیس ناڕوێ ، سەدان بەلکو هەزاران تاکی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە لەوڵاتانی خۆیان کەس گوێی لێ نەگرتن ئێستا لە ئەوروپا و ئەمریکا پرۆفیسۆرن و خزمەتی ئەوان دەکەن .

تا ئێستا چەندین هاوڵاتی عێراق لە ئەوروپا بونەتە وەزیر و پەرلەمانتار ، وەک دەشزانین بون بە وەزیر یا پەرلەمانتار لە ئەوروپا ئەوپەڕی زیرەکی و لێهاتویی دەوێ بەڵام سەیر ئەوەیە ئەم وەزیر و پەرلەمانتارانە لە ولاتەکەی خۆیان لە ترسی کوشتن یا لەبەر برسیەتی هەڵاتون .

کۆمەلگەیەک بلیمەتەکانی بکوژێ و جەللادەکانی بکاتە سەرۆک و سەردار چاوەڕێی چیی لێ دەکرێ ؟

" تەمەنم ٨ سالان بو ، مامۆستا هاتە پۆل و قورئانێکی لەبەردەمم داناو گوتی بخوێنە، منیش هەوڵم دا بخوێنمەوە بەڵام زمانم تەتەلەی کرد و دەمم تێک

ئاڵا، خۆشم کێشەی قسەکردنم هەیە، مامۆستا زلەیەکی بە هێزی لێدام و هاواری کرد،چیە دەبەنگی؟ دوبارە بخوێنە، ئەمجارەیان لە جاری پێشو خراپتر بوم، دوبارە لێی دام، سەرەنجام قورئانەکەی هەلگرت لەبەر دەمم و گوتی، تۆ کەلکت نیە.

لەو رۆژەوە جێگای خۆم گواستەوە و چومە دواوە دانیشتم و خۆم دا پەنای کورێکی قەڵەو تا کەس نەمبینێ، لە پۆلی ٢ ی سەرەتایی تا پۆلی ٩ ، لەگەل کەس قسەم نەکرد تەنانەت خۆم بە دور دەگرت لە خوشک و برا و هەمو هاورێکانیشم چونکە وام دەزانی ئەگەر قسە بکەم ئەوا لێدان دەخۆم یا گالتەم پێ دەکەن !

چونکە هاورێشم نەبو هەمیشە لە ماڵ بوم و زۆر دەمخوێند و زیرەکترینی پۆل بوم هەموکات.

رۆژێک لە کاتی چونەوەمان لە قوتابخانە لە کاتی سواربونی پاس ، کەسێک لە دواوە دەستی لە شانم دا، ئاورم دایەوە هاوپۆلێکی خۆم بو گوتی:

محەمەد ، تۆ کورێکی زۆر زیرەکی ، بەلام قەت نابینم قسە بکەی !

منیش لەسەر پارچە کاغەزێک بۆم نوسی:

من ناتوانم قسە بکەم.

هاوپۆلەکەم گوتی:

نا، ئەگەر لاڵ بی ناتوانی لێرە بخوێنی ، چونکە قوتابخانەی تایبەت هەیە، بەلام دیارە کە تۆ مرۆڤێکی ئاسایی بەلام دەترسی، من دەتوانم یارمەتیت بدەم ، مرۆڤ بۆ ئەوەی رزگاری بێ لە ترسێک ، پێویستە بەرەنگاری بێتەوە ، تۆش ئەگەر دەتەوێ رزگار بی، بەیانی کاتی کۆبونەوە لەبەر دەم هەمو قوتابخانە شتێک بخوێنەوە .

مرۆڤ کاتێک بێ ئومێدە پەنا بۆ هەمو بیرۆکەیەک دەبات هەرچەندە شێتانەش بێ، ئەوەی خەریکە نقوم بێ دەست بۆ چلە پوشیش دەبات بە

ئومێدی رزگاربون، منیش وامکرد، بۆ بەیانی چومەلای مامۆستا و داوام کرد کە پرۆگرامەکە بخوێنمەوە ، وتیان فەرمو، هەرکە دەستم پێکرد نەمتوانی هیچ بڵێم و زمانم تەتەلەی کرد و ٤٠٠ قوتابی بەیەکەوە دایانە قاقای پێکەنین و تا ئەمرۆش ناویان نام (ڕادیۆ شکاوەکە)، چومە لای هاوپۆلەکەم و پێم گوت .

" خوا بەزیادت نەکا یاخوا منت کردە پەند ، تۆ گوتت بەرەنگاری ترسەکەت ببەوە دەتوانی قسەبکەی "

هاوپۆلەکەم گوتی:

دەتوانی بەڵام مەرج نیە لە یەکەم جارەوە، دەبێ زۆر هەوڵ بدەی.

منیش وامکرد و چەندین جار دوبارەم کردەوە، هەتم دەکرد جار لەدوای جار باشتر دەبوم.

تا دەرچوم لە ئامادەیی و بۆ خوێندن چومە ئەمریکا، بەرۆژ کارم دەکرد و بەشەو دەچومە کافێیەک وەک هونەرمەندی کۆمیدی (Standup comedian) کارم دەکرد، چونکە پێم باش بو خەلک مادام هەر پێ دەکەنن ، با لەگەلم پێبکەنن نەک بە من پێبکەنن.

لێرەوە گرنگیی سودوەرگرتنمان بۆ دەردەکەوێ لە هەمو بوارەکانی ژیانی تایبەتیمان، تەنانەت کەمئەندامیش دەتوانرێ وەک هونەر پیشان بدرێ و سودی لێ ببینرێ.

هەمومان خالی بەهێزیمان هەیە ، بەلام دەبێ بیدۆزینەوە، ئەگر بتوانین خالی بەهێزی خۆمان بدۆزینەوە ئەوا کورتترین رێگای سەرکەوتنمان دۆزیوەتەوە.

خالی بەهێزی من ئەوە بو دەمتوانی خەلک بخەمە پێکەنین.

هەرچەندە لای ئامادەبوان کۆمیدیا بو بەلام بۆ من چارەسەر بو.

٤ سالی خوێندنم تەواو کرد و گەڕامەوە ولاتەکەم، بەلام چونکە سەرقال بوم بە کارکردن بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە قسەکردن و وەستان بەرامبەر خەلک دابڕام.

ڕۆژێکیان لە کاتی پێشکەشکردنی پرۆژەیەک هەستم کرد دوبارە کێشەکەم سەری هەڵداوەتەوە، لە ئەنجامی پشت گوێ خستنی بۆ ماوەی ٥ ساڵ.

کۆمپانیاکەمان یانەیەکی هەبو بۆ وتاردان و سیمینار، هەفتەی جارێک بوارم بۆ رەخسا بچم لەوێ قسە بکەم ، ڕۆژێکیان بەڕێوەبەری یانەکە پێی گوتم کە توانای قسەکردنم باشە و دەتوانم خەلک بخەمە پێکەنین و داوای لێکردم بەشداری بکەم لە پێشبرکێی وتاردان لەسەر ئاستی هەمو جیهان.

منیش گوتم شتی واش هەیە ؟ چۆنە؟

بەڕێوەبەری یانەکە گوتی:

پێشبرکێ لەسەر ئاستی یانەکەی خۆتە، ئەگەر دەرچوی یانەکانی ناوچەکە، پاشان شار، پاشان وڵات، پاشان هەمو جیهان ، کە لە ئەمریکا ئەنجام دەدەرێ.

بەشداریم کرد و پلەی دوەمم بە دەست هێنا لەسەر ئاستی ناوچە، بەلام دڵم پێی خۆش نەبو، جامی بردنەوەکەم بە دەستەوە بو دەمگوت زۆر بچوکە .

بەڕێوەبەری یانەکە هاتەلام و پیرۆزبایی لێکردم بەلام من دلم خۆش نەبو، بەڕیوەبەری یانەکە پێی گوتم " ئەگەر ئامانجی تۆ بردنەوەی جامێکی گەورەیە با بچینە بازار و گەورەترین جامت بۆ دەکڕم، تۆ دەبێ ئامانجت هەبێ، ئامانجی تۆ چیە ؟"

منیش گوتم ئامانجم ئەوەیە بەرامبەر ١٠٠٠ کەس قسە بکەم.

پێی گوتم ئەو وتارە بنوسە کە دەیخوێنیەوە کاتێک بەرامبەر ١٠٠٠ کەس قسەدەکەی، ئەگەر وانەکەی واتە ئامادەییت تێدا نیە.

زۆرجار ئێمە ئامانجمان هەیە بەلام کاریان لەسەرناکەین سەرەنجام بێ ئومێد دەبین و بروامان بەخۆمان نامێنێ.

دوای ٥ جار هەوڵدان دواجار لەسەر ئاستی وڵاتەکەم دوەم دەرچوم.

دو هەفتە بەر لە دوا قۆناغ، تەلەفۆنێکم بۆ هات و گوتی :

من (عبدالله جرف)م ، یەکەمی سعودیە لە پێشبرکێی وتاردان، من باوکم زۆر نەخۆشە و ناتوانم بچمە ئەمریکا ، تۆ لە جیاتی من برۆ ، گوتم باشە دوایی ئاگادارت دەکەمەوە.

بۆ بەیانی لە یانە دانیشتبوم بەرێوەبەری یانەکە هاتەلام و گوتی باش ناتبینم هیچ هەیە؟

گوتم ، یەکەمی سعودیە داوام لێ دەکا لەجیاتی ئەو بچم بەلام من لێرە دوەم بوم لە هەمو جیهان چۆن ئەنجام بەدەست دێنم ، بە زمانێک کە زمانی خۆشم نیە .

بەرێوەبەرەکە پێی گوتم، هەندێک هەل لە ژیان تەنها یەک جار دێن لە دەستی مەدە.

چومە ئەمریکا و چاک دەمزانی کە هەلی بردنەوەم نییە.

گەیشتمە قۆناغی کۆتایی ، لە ١٠٠ بەشدار بو ١٠ مانەوە بۆ کۆتایی، لەم ١٠ بەشداربوە من دوایین کەس بوم بۆ قسەکردن، کاتێک یەکەم بەشداربو وتارەکەی خوێندەوە گوتم ، ئەوا پلەی یەکەمم رۆیشت، پاشان دوەم و سێیەم ، ئیتر ئومێدم نەما، بەلام کاتێ نۆرەم هات لەو کچەم پرسی کە لەبەر دەرگایە و پەردەکە هەلدەداتەوە:

ئەرێ چەند کەس ئامادەیە ؟

گوتی: ٣٥٠٠ کەس.

گوتم ئەوا خەونەکەم هاتەدی، من ئاواتم ئەوەبو قسە بۆ ١٠٠٠ کەس بکەم ئەوا ٣٥٠٠ ئامادەبو لێرەن، ئەگەر بردمەوە ئەوە نیعمەتە، ئەگەر نەمبردەوە خۆ خەونەکەم هاتەدی.

کاتێک ناوی براوەکان خوێنراوە باوەڕم نەکرد کاتێ ناوی من لە پلەی یەکەم خوێنراوە، وەک شێت چومەسەر شانۆ و هیچ ئاگام لە خۆم نەبو، داوایان لێکردم چەند قسەیەک بکەم، ئەو قسانەی کە ٥ ساڵ لەمەوبەر پەرێوەبەرەکەم داوای لێکردم بینوسم باتەوە یادم و گوتم :

" کەسێک لە تەمەنی ٦ ساڵی یەکەم قسەی کرد ، هەمو ژیانی نەیتوانیوە بە چاکی قسەبکات، ئەگەر من یەکەم بم بێ زیادەڕۆیی و لەخۆبایی بون ئەم جامەی دەستم پێناسەی مەحاڵە، هەمو ئەوانەی من دەناسن ئەگەر ئەم جامە لەدەستم ببینن دەڵێن مەحاڵە شتی وا روبدا " !

دوای ئەوە هەمو میدیاکان گرنگەکانی جیهان هاتن و داوای چاوپێکەوتنیان دەکرد و پرسیاری هەنگاو یا پرۆژەی داهاتویان دەکرد، منیش بەراستی هیچ پرۆژەم نەبو.

سەدان خەلک هاتن بۆ وێنەگرتن و وەرگرتنی واژو، ژنێک هات بە چاوی پڕ گریان و گوتی من نە وێنەم دەوێ نە واژو، سوپاست دەکەم وتارەکەت ژیانی منی گۆڕی، ئەوکاتە هەستم کرد پرۆژەی داهاتوم چیە، بەرنامەم گۆڕینی ژیانی خەلکە ئەگەر تەنانەت یەک کەسیش بێ .

وتارەکەم ئەمەی خوارەو بو.

سەرەتای هاتنە سەر شانۆ جگەرەیەکم دەرهێنا و ویستم دایبگیرسێنم، هەمو ئامادەبوان دەستیان کردە پێکەنین.

چیە ؟ وادەزانن جگەرە خەلک دەکوژێ؟ دەزانن ئەوانەی بە شەکرە دەمرن ٣ ئەوەندەی ئەوانەن کە بە جگەرە دەمرن ، خۆ ئەگەر ئێستا بسکویتێک دەربێنم کەس قسە ناکا !

ئایا دەزانی هۆکاری سەرەکیی شێرپەنجەی سییەکان جگەرە نیە بەڵکو DNA خۆتە ؟

دەتوانی چەندین ساڵ جگەرە بکێشی و هیچیشت بەسەر نایێ، ئەم هەمو دژایەتیکردنی جگەرە تەنها بۆ سنوردارکردنی چاندنی توتنە.

ئامادەبوانی بەڕێز، ئەم قسانەم بۆ هاوڕێکانم کرد ٥ لەوان بڕوایان کرد و ٢ دانەشیان دەستیان دایە جگەرەکێشان.

"وشە" کاتێک بە شێوازێکی جوان دادەڕێژرێ دەتوانێ بیرکردنەوەی خەڵک بگۆڕێ، دەتوانی کەسێک لە لوتکەی بێ هیوایی و روخان بەرەو سەرکەوتن ببەی وە بە پێچەوانەوەش تەنها بە بەکارهێنانی دروستی وشە.

گۆڕانکارییەکی سادە لە بەکارهێنانی وشەکانت دەبێتەهۆی وەرگرتن یا ڕەتکردنەوەی پەیامەکەت.

لەوانەیە شتێکی زۆر چاکت هەبێ بۆ گوتن بەڵام وشەی چاک بەکارنەهێنی هیچ بەهای نیە.

کوڕێکم هەیا تەمەنی ٤ ساڵە هەمیشە دیوارەکانی ماڵەوە دەنوسێ، ڕۆژێکیان چاوم لێبو دەینوسی، هاوارم کرد و گوتم : هێێ ئەوە چی دەکەی؟ شێتی یا دەبەنگ ؟ شتی وانەکەی جارێکی تر.

بەڵام دوبارەی کردەوە، کەس حەزناکا قسەی ناشرینی پێ بگوترێ یا بترسێنرێ، ئەوەی کرد تا بەڕومدا بوەستێتەوە.

دوای هەفتەیەک دوبارە بینیم دیوار دەنوسێ، چومەلای و گوتم " کورەکەم ، تۆ ئێستا کوڕێکی گەورەی ، شتی وا مەکە" . هەرگیز دوبارەی نەکردەوە.

ئایا لەخۆتان پرسیوە لەبەرچی خەڵکی گوێ بە گەرم بونی جیهان نادەن هەرچەندە بابەتێکی ترسناکیشە؟ هۆکارەکەی ئەوە کە زاناکان کاتێک باسی دەکەن زۆر بە بێ تاقەتی و وەک شتێکی زۆر ئاسایی باسی دەکەن، هەر لەبەر ئەوەشە پەیامەکەیان ناگات.

کاریگەریی وشە زیاتر دەبێ کاتێ تۆ پێشەنگ بی یا خۆشەویست بی، هەمو قسەکانت وەردەگیرێن .

" ناسر" ی هاورێم زۆر باوکی خۆشدەویست، هەمیشە دەیویست باوکی سەرسام بکا، بەلام باوکی لەوانە بو کە زۆر ئەستەم بە شت رازی دەبو، سالی یەکەم لە کۆلیج لە هەمو وانەکان یەکەم بو، تەلەفۆنی بۆ باوکی کرد بەلکو باوکی شانازیی پێوە بکات و دەسخۆشیی لێ بکا ، بەلام باوکی گوتی، ئێستا کاتم نیە دوایی قسە دەکەین .

ناسر بێ ئومێد بو ، دەستی کرد بە خواردنەوە و کێشانی مادەی هۆشبەر، تا رۆژێک لێم پرسی کە بۆچی ژیانی خۆت بە دەستی خۆت وێران دەکەی؟

لە وەلامدا گوتی: بۆچی گرنگی بە ژیانێک بدەم کە تیایدا تاکە ئاواتم ئەوەبو یەک کەس دڵخۆش و سەرسام بکەم ئەویش گرنگیی پێ نەدا.

دوای چەند رۆژێک هەوالم پێگەیشت کە ناسر خۆی کوشت ...

باوکی ناسر کورەکەی خۆی کوشت بە وشەکانی، دەیتوانی بە چەند وشەیەک کورەکەی لە مردن رزگار بکات بەلام نەیزانی وشەکانی هەلبژێرێ.

ئەمەی سەرەوە وتارەکەی محمد القحطانی بو بە ناوی (هێزی وشە)

کە لە سالی ٢٠١٥ خەلاتی یەکەمی جیهانی وەرگرت لە پێشبڕکێی (Toastmasters International)

چیرۆکێکی درێژە بەڵام پڕە لە وانەی گرنگ و کارەساتی پەروەردەیی.

ئەوەی کارەساتە، محمد القحطانی کەس نایناسێ، تەنانەت لە سعودیەش کە خۆی خەڵکی ئەوێیە خەلک هەیە نایناسێ، چونکە لەوێ نایانەوێ خەلکی ئازا و ئەقڵ کراوە پەیدا بین، ئەوان دەیانەوێ خەلکی هەموی نوستو و بەنجکراو بن.

گرنگترین وانەکان کە لەم چیرۆکەی سەرەوە ئەمانەن:

١- مامۆستای سەرەتایی هەستیارترین ئەرکیان هەیە، رەنگە بە قسەکانیان ژیانی کەسێک وێران بکەن یا بیگەیەنن ئەوپەڕی سەرکەوتن.

٢- هاندانی هاورێ و دەوروبەر کلیلی گرنگی سەرکەوتنن.

٣- کۆت و بەندەکان بشکێنە و ئازایانە روبەروی ترسەکانت بوەستە.

٤- هەوڵدان تا گەیشتن بە ئامانج ، هەرچەندە تەگەرە و گرفت زۆر بن.

٥- هەمومان لە شتێکدا دەست ڕەنگینین ، بیدۆزەوە ، کاری لەسەر بکە.

٦- دەتوانین سود تەنانەت لە خاڵی لاوازیشمان وەربگرین.

٧- ئامانجت هەبێ لەژیان ، بە بێ پلانیش ناگەی بە ئامانج.

٨- سەرکەوتن کارێکی سەختە و شەونخونیی و ماندوبونی دەوێ.

٩- کەسانی دەوروبەرمان پێویستییان بە خۆشەویستی و پاڵپشتی هەیە.

١٠- وشە زۆر بەهێزە ، بە وردی وشەکانت هەڵبژێرە ،وشەکانت بگۆڕە ژیانت دەگۆڕێ.

١١- هەمومان دەتوانین گۆڕانکاری بکەین، جاری وا هەیە بە وشەیەک ژیانی کەسێک دەگۆڕین، یا لەوانەیە وێرانی بکەین .

١٢- کاتێ گەیشتیە لوتکە خەڵکی لەبیر مەکە و دەستی ئەوانە بگرە کە خەریکن سەردەکەون، چونکە رۆژانێک تۆش لەوێ بوی بەر لە گەیشتن بە لوتکە.

١٣- لەخۆبایی مەبە ، هەرچەند سەرکەوتو بی لەخۆبایی بون وێرانت دەکات .

١٤- کە بە لوتکە گەیشتی ئەرکت سەختتر دەبێ بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوە لەوێ ، چونکە خەڵکی زۆرن لەم رێگایە .

تاک لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات بە توندی گرێدراوە بە ڕابردو ، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە رۆڵەکان بچنەوە سەر باوانەکانیان ئەگینا بە ناو و ناتۆرەی ناشرین ناوزەد دەکرێن ، تاک ناچار دەبێ بچێتەوە سەر رێگەی باوباپیرانی بەمەش ناتوانێ شتی نوێ تاقی بکاتەوە و لە قاڵبی تەسکی بیرکردنەوەی باوان دەرچێ .

له ئەدەبیاتی عەرەب جۆرێک لە کەسایەتی بەدی دەکرێ کە لەسەر ڕێچکەی باوان نارِوات ، پێی دەوترێ (عصامی)[1] ، واتە شکۆی خۆی بە دەستەکانی خۆی بنیات دەنێ بەبێ ئەوەی پشت بە باوان و عەشیرەت ببەستێ.

ئەم جۆرە کەسایەتیە دەگمەنە لە مێژوی عەرەب ، هەربۆیە ناوی کەسایەتیەکە بەناوی ئەو کەسەیە کە ڕێچکەکەی داهێناوە .

عصام بن شهبر بن الحارث بن ذبیان ابن عذرة ، سوارچاکێکی عەرەبە پێش ئیسلام ژیاوە ، نمونەی لەسەر دەهێنرێتەوە بۆ خۆپێگەیاندن و بلیمەتی و پشت بەخۆبەستن ، سەرەتا دەرگاوانی (نعمان بن منذر)[2] بوە بەڵام بەهۆی بلیمەتی و شارەزایی هەمیشە ڕاوێژی پێ کراوە .

لە بەرامبەردا (عضامی) هەیە ، بەو کەسانە دەوترێ کە شکۆ و کەسایەتیی خۆیان لەسەر ئێسک و پروسکی باوان بنیات دەنێن.

تۆش ئازادی لە بنیاتنانی کەسایەتی و شکۆی خۆت ، لەسەر ڕێچکەی نوێ یا لەسەر ئێسک و پروسکی باوان .

" ئەوانەی گۆڕانکاری دەکەن هەمیشە تاکەکانن ، کۆمەڵگە زیندانی ئەقڵە "

*　　*　　*

[1] الاعلام . خیرالدین الزرکلی.

[2] النعمان بن المنذر بن المنذر بن امرئ القیس اللخمي، یەکێکە لە بەناوبانگترین پاشاکانی (المناذرة – بەشێک لە عێراق ئێستا)، لە ٥٨٢ تا ٦٠٩ ی زاینی ژیاوە ، لە سەدەی یەکەی پێش زاینەوە حوکمی عێراقیان کردوە و هاوپەیمانی ڕۆمەکان بون ، پاشان بون بە هاوپەیمانی فارسەکان و پاشاکانیان پێیان وتراوە "پاشای عەرەب" . المناقب المزیدیة في أخبار الملوك الأسدیة . ابو البقاء الحلی

هەشتەم: خۆ هەلخەلەتاندن بە دروشمی " باشترین ئوممەت"

هیچ کارەساتێک بەقەد ئەم خالەی سەرەوە زیانی بە مسولمان و کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست نەگەیاندوە.

مسولمانان هەمیشە دەلێن، ئێمە باشترین میللەتین ، خوا ئێمەی هەلبژاردوە لە نێوان هەمو میللەتانی سەر روی زەوی ، ئێمە هەمیشە پێشەنگ بوین و هەر واش دەبین.

نازانم ئەو قسەیان لە کێ هێناوە ؟ ئەگەر مەبەستیان لەم ئایەتە پیرۆزەیە خوارەوەیە، ئەوا بە دلنیاییەوە ئێمە نین چونکە مانای ئایەتەکە وا نیە:

- كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ﴿١١٠﴾ ال عمران

" ئێوە چاکترین ئوممەتن ، چونکە فەرمان بەچاکە دەکەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەرتان بە خوا هەیە".

باشترین ئوممەت بە پێ ئەم ئایەتەی سەرەوە دەبێ ٣ خالی تێدا هەبێ:

١- فەرمان کردن بە چاکە، کە تەنها بە قسە دەیکەین .

٢- قەدەغەی خراپە، کە نایکەین ، ئەوەتا زۆرترین گەندەلی و تاوان و دواکەوتویی لە ولاتانی ئەم ناوچەیە هەیە و کەسیش قسە ناکا.

٣- باوەری تەواو بە خودا، ئەویشمان نیە، چونکە باوەر کردەوەیە نەک دروشم و قسەی گەورە.

ئەگەر سەرنجی باری ژیانی ولاتانی ئیسلامی بدەین دەبینین لە هەمو شت لە دواوەین ، لە هەمو شتە باشەکان لە دواین بەلام لە لە چەند شتێک لە ریزی پێشەوەین لەوانە:

١- گەندەڵی:

بەپێی ئامارەکانی دەزگای شەفافیەت[١] ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست گەندەلترین ولاتانی جیهانن بەم ریزبەندییەی خوارەوە : سۆماڵ ، باشوری سودان ،سوریا یەمەن، ڤەنزوێلا، سودان، گینیا ، لیبیا .....ئەگەر سەرنجی لیستەکە بدەین هەمیشە ولاتانی رۆژهەڵات و ئەفریقیا لە ریزی پێشەوەی گەندەڵەکانن.

٢- پێشێلکاریی مافی مرۆڤ:

لە راپۆرتێکی ساڵی ٢٠٢٠ی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان[٢] ، ریزبەندیی خراپترین ولاتەکان بەم شێوەیە هاتوە : چین ،ئێران ،کامیرۆن، ڤەنزوێلا، سعودیە ،زیمبابۆی، کوبا،تورکیا، کۆریای باشور، روسیا...

٣- خراپیی باری ئەمنی:

بەپێی راپۆرتێکی سالی ٢٠٢٠ی فۆربس[٣] ریزبەندیی خراپترین ولاتان بەم شێوەیە: لیبیا، سوریا، عێراق، یەمەن، سۆمال، باشوری سودان، کۆماری ناوەندی ئەفریقیا، هەندێک ناوچەی کۆنگۆ، هەندێک ناوچەی ئۆکرانیا ، مالی، هەندێک ناوچەی پاکستان، ئەفغانستان، هەندێک ناوچەی میسر....

٤- گێچەڵی سێکسی:

بەپێی راپۆرتێکی سالی ٢٠١٩ی فۆربس ریزبەندیی خراپترین ولاتان بەم شێوەیە. باشوری ئەفریقیا ، بەرازیل ،روسیا، مەکسیک،ئێران، دۆمینیکا، میسر، مەغریب ، هیند، تایلەند، مالیزیا، سعودیە، تورکیا .....

ئێستا با هەمان ئەم پێوەرانەی سەرەوە پێچەوانە بکەینەوە:

١

---

[١] بێگەی فەرمیی دەزگای شەفافیەت .transparency.org

[٢] بێگەی فەرمیی دەزگای جاودێریی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان unwatch.org

[٣] Forbes بەناوباگترین دەزگای میدیایی بۆ راپۆرت و ئامارە جیهانییەکان . forbes.com

- شەفافیەت :

بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٠ی دەزگای شەفافییەت[1] پلەی یەکەم یەکەم لەنیوزلەندا و دانیمارک، فنلەندا،سویسرا ، سەنگاپور، سوید، ، نەرویج ،هۆلەندا ، لۆکمسبۆرگ ، ئەلمانیا، کەنەدا، بەریتانیا ، ئوستورالیا ، هۆنگ کۆنگ ، نەمسا ..... لە پلەی ٣٠ قەتەر دێت وەک یەکەم وڵاتی مسولمان و ڕۆژهەلاتی ناوەراست .

٢- مافی مرۆڤ:

بە پێی دوایین ڕاپۆرتی دەزگای (US news)[2] باشترین ١٠ ولات بۆ مافی مرۆڤ بریتین لە: کەنەدا، دانیمارک، سوید ، هۆلەندا،ئوستورالیا،نەرویج، ئێرلەندا، نیوزلەندا، فنلەندا .

٣- باشیی باری ئەمنی و سەلامەتی:

بەپێی دەزگای سەرژمێریی جیهانی[3] سەلامەترین وڵاتانی دونیا لە ساڵی ٢٠٢١ بەم شێوەیە ریزدەکرێن : ئایسلەند، نیوزلەندا، پورتوگال، نەمسا، دانیمارک، کەنەدا، سەنگافورا، چیک، ژاپۆن، سویسرا.

٤- کەمیی گێچەڵی سێکسی:

بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٢٠ی (Insider)[4] سەلامەت ترین وڵاتانی جیهان بۆ ئافرەتان بەم شێوەیە ریزدەکرێن: دانیمارک، سوید، هۆلەندا، نەرویج، کەنەدا ، فنلەندا، سویسرا ، نیوزلەندا،ئوستورالیا ، نەمسا .

بێگومان باسی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و خۆشگوزەرانی ناکەم چونکە هەمو پێداویسیەکانی خۆشگوزەرانی و ژیان تادەگاتە سادەترین پێداویستیی رۆژانەمان،

---

[1] پێگەی فەرمیی دەزگای شەفافیەت . transparency.org

[2] usnews.com

[3] worldpopulationreview.com

[4] insider.com

دروستکراوی دەستی دەولەتانێکن کە ئێمە بە نامسولمان و بێ رەوشت و بێدینیان دەزانین.

ئاینی باش پێویستە لە ژیان و هەلسوکەوتی تاکەکانی کۆمەلگە رەنگ بداتەوە ئەگەر وانەبو دیارە یا ئەو ئاینە کەلکی نیە یان شوێنکەوتوانی زۆر دورن لێی، گومانیشم نیە کە گریمانەی دوەمیان راستە.

جۆرج بێرناردشۆ، فەیلەسوفی بەناوبانگی ئینگلیز دەڵێ :

" ئیسلام باشترین ئاینە، بەڵام شوێنکەوتوانی خراپترین خەلکن ".

(رۆجی گارودی)[1]، فەیلەسوفی فەرەنسی دوای ماوەیەک خوێندنەوە و لێکۆلینەوە دەربارەی ئیسلام بڕیاری دا ببێتە مسولمان، پاشان سەردانی حەج و ولاتانی عەرەبیی کرد ، کاتێک ئاین و کاروباری عەرەبەکانی بینی زۆر سەرسام بو، ئەم وتە بەناوبانگەی گوت کە رەنگە هەمومان بیستبێتمان:

" سوپاس بۆ ئەو خوایەی هیدایەتی دام بۆ ئیسلام پێش ئەوەی مسوڵمانان ببینم".

بێگومان ئەگەر پێش مسولمان بون سەردانی ولاتانی ئیسلامی کردبوایە زۆر ئەستەم بو مسولمان بێ.

زۆر جار مسولمان شانازی بە ڕەوشت دەکات ، بەلام بێ ئاگایە لەوەی کە ڕەوشت لە هەر کەلتور و جێگا و سەردەمێک پێناسەیەکی جیاوازی هەیە، واتە ڕەوشت ئەو شتە نیە کە هەریەکەمان بە ئارەزوی خۆمان پێناسەی دەکەین.

ڕەوشت (خلق - Ethics)

وشەی ڕەوشت (Ethics) لە بنچینەدا لە وشەی (Ethikos, Ethos)هاتوە کە بە مانای " نەریت" دێ.

---

[1] روجي گارودي یا رجاء گارودي: نوسەر وفەیلەسوفێکی فەرەنسییە ١٩٢٣تا ٢٠١٢ ژیاوە ، لە١٩٨٢ بو بە مسولمان.

ڕەوشت پێناسەی یەکجار زۆری هەیە ، ڕەوشت دەکرێ بەو کۆمەڵە بەهایە پێناسەبکرێ کە مرۆڤ بەرەو چاکە دەبەن و دوری دەخەنەوە لە خراپە ، یا ئەو خەسڵەتانەن کە مرۆڤ لە بونەوەرانی تر جیادەکەنەوە ، یا جۆرێکە لە جۆرەکانی هۆشیاریی مرۆڤ ، یا بریتیە لە کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپ کە تاک و کۆمەڵگەکان دەجوڵێنن وەک (دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی .....) کە پەرەدەسەنن و دەبن بە مەرجەعێکی کەلتوری و پاشان دەبن بە بنەما بۆ دارشتنی دەستور و یاساکان.

مرۆڤ بەتوندی وابەستەی کەلتورەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیەتی ، ڕەوشت و ئاکارەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئەم کەلتورەن کە زۆر جار شتی هەڵەشیان تێدایە بەڵام لادان و دەرچون لە کەلتور زۆرجار نەنگی و شورەییە هەر لەبەر ئەوەشە زۆر ئاکار و هەڵسوکەوت هەن کە هەڵەن بەڵام مرۆڤ ناتوانێ بە ئاسانی دەسبەرداریان بێ لەترسی قسەی خەڵک و بە نامۆ دەرکەوتنی لە ناو کۆمەڵگا.

ڕەوشت لەناو هەر میللەت و نەتەوەیەک بە جۆرێکی جیاواز پێناسە دەکرێ چونکە ڕەوشت خۆی تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵێک پێکهاتەی جیاواز، ڕەوشت لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست زۆر بە توندی گرێدراوە بە ئاین ، یا رونتر بڵێین ڕەوشتی جوان واتە پابەندیی تاکەکان بە فەرمایشتە ئاسمانییەکان ، ئەگەر سەرنجی دەقە پیرۆزەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستیش بدەین ئەم ڕاستیە تێبینی دەکەین، بۆیە بە پێویستی دەزانم پێناسەی ڕەوشت لای هەندێ نەتەوەی ئەم ناوچەیە بخەمەڕو.

پێناسەی یەهودی بۆ ڕەوشت.

بەو پێیەی کە یەهودی زۆر پابەندن بە ئاین، ڕەوشت لای ئەوان بریتیە لەو فەرمانانەی کە لە تەوراتدا هاتون کە بە (١٠ وەسیەتەکە) ناسراوە، جێی ئاماژەیە کە هەمو فەرمانەکان لە قورئانیشدا هەمان فەرمانن:

#	وەسیەتەکان	الأنعام	الأسراء	وەسیەتەکان لە ئاینی یەهودی و مەسیحی
١	هاوەڵ پەیدانەکردن بۆ خودا	﴿١٥١﴾	﴿٢٢﴾	هاوەڵ بۆ خودا پەیدا مەکە
٢	چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک		﴿٢٤-٢٣﴾	رێزی دایک و باوکت بگرە
٣	نەکوشتنی منداڵ لەبەر هەژاری		﴿٢٦-٣١﴾	کەس مەکوژە
٤	خۆپاراستن لە بەدرەوشتی دیار و نادیار		﴿٣٢﴾	زینا مەکە،هەمو شتێکی براکەت لەتۆ حەرامە، خێزانەکەی،جاریەکەی، ماڵەکەی...
٥	نەکوشتنی خەڵکی بە ناهەق		﴿٣٣﴾	کەس مەکوژە
٦	دورکەوتنەوە لە ماڵی هەتیوان تەنها بە مەبەستی چاکە نەبێ	﴿١٥٢﴾	﴿٣٤﴾	دزی مەکە، هەمو شتێکی براکەت لەتۆ حەرامە، خێزانەکەی،جاریەکەی، ماڵەکەی...
٧	کێشانە و پێوانەی دروست لە تەرازو		﴿٣٥﴾	ئەوەیان نییە، پەرستشی رۆژانی شەممە لە جێگای دانراوە
٨	یەکسانی و گوتنی قسەی ڕاست		﴿٣٦﴾	گەواهی(شاهێدی) بە ناهەق مەدە
٩	پەیمان بردنەسەر		﴿٣٤﴾	سوێندی بەتاڵ مەخۆ بەناوی خوداکەت
١٠	ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەی ڕاست و لانەدان لەسەری	﴿١٥٣﴾	﴿٣٧-٣٩﴾	پەیکەر مەتاشە و وێنە دروست مەکە بە مەبەستی پەرستن.

پێناسەی مەسیحی بۆ ڕەوشت .

ڕەوشت لەلای پەیڕەوانی مەسیح بریتیە ڕاسپاردەکانی حەزرەتی مەسیح (پەیامبەر عیسا) ، کە بە وتاری شاخ بەناوبانگە (چونکە لەسەر شاخێک ئامۆژگاریی هاوەڵانی خۆی کردوە)[1]

بنەکەمان بریتین لە:

١ -هیوا

٢ -باوەڕ

٣ -چاکەکاری

ئەم وتانەی مەسیح بە بنەما سەرەکیەکانی ڕەوشتی مەسیحیەت دادەنرێن .

بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاست (تۆما ئەکوینی)[2] ، چوار پایەکەی ڕەوشتی ئەفلاتونی کرد بە بنەماکانی ڕەوشت کە بریتین لە:

١ -یەکسانی

٢ -ئازایەتی

٣ -میانڕەوی

٤ -ژیری

ئەکوینی بنەماکانی ڕەوشتی ئەفلاتون و بنەماکانی مەسیحیەتی کۆکردەوە کە بریتین لە (هیوا وباوەڕ و چاکەکاری کە قەشە پۆلس ئاماژەی پێ کردون) [1] وە کردنی بە بنەماکانی ڕەوشتی مەسیحیەت.

[1] وتاری شاخ لە سێ بەشی بەدوای یەکدا هەن لە ئینجیلی (متی) و بابەتە سەرەکیەکانیشی لە ئینجیلی (لۆقا) هەن.

[2] Tommaso d'Aquino ، قەشە و فەیلەسوفێکی لاهوتی ئیتاڵییە ، لە ١٢٢٥ تا ١٢٧٤ژیاوە.

هەروەها بنەماكانی چاكە و تاوانیش لە پاشاندا بوون بە بەشێک لە ڕەوشتی مەسیحیەت.

بنەكامانی چاكە بریتین لە:

١ -داوێن پاكی

٢ -میانڕەوی

٣ -چاكەكاری

٤ -كاركردن

٥ -ئارامی

٦ -نەرمونیانی

٧ -خاكی بوون

بنەماكانی تاوانیش بریتین لە:

١ -لەخۆباییی بون

٢ -چاوتەنگی

٣ -ئارەزوەكان

٤ -ئیرەیی

٥ -ڕق و كینە

٦ -توڕەیی

٧ -تەمبەڵی

[1] بۆلس الطرسوسي یا پۆلسی پەیامبەر ،یەكێكە لە سەركردەكانی نەوەی یەكەم لە مەسیحیەت . دوەم كەسە لە دوای حەزرەتی مەسیح بە پێی باوەڕی مەسیحییەكان ، لە سالی ٥ تا ٦٧ ی زاینی ژیاوە لە ئیتالیا.

ڕەوشت لە ئیسلام

وەک ئاشکرایە کە ئیسلام دوا پەیامە و پەیامبەرەکەشی کۆتا نێردراوی خوایە.

بەو پێیەش دەبێ ڕەوشت لە ئیسلام لە لوتکە بێ و بە شێوەیەک بێ هەمو مرۆڤایەتی تا کۆتایی هاتنی ژیان لە گەردون لێی بەهرەمەند بن.

ئەگەر بە پێی قورئان و فەرمودەکانی پەیامبەر پێناسەی ڕەوشت بکەین ئەوا دەبینین هەمان ئەو پێناسانەی پێشومان دەست دەکەوێ،ڕەوشت واتە هەمو شتێکی باش و جوان ، لەم بارەیەوە قورئان دەفەرموێ:

- كما أَرْسَلْنا فِيكُمْ رَسُولا مِنْكُم يَتْلُوا عَلَيْكُمْ آياتِنا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُمْ ما لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ(١٥١) .البقرة

" خوا پەیامبەری نارد تا ناخی خەلکی پاک بکاتەوە و فێری دانایی و زانستیان بکا، وە ئەو شتانەیان فێربکا کە پێشتر نەیاندەزانی، واتە بنچینەی پێشکەوتنی زانست "

وە پەیامبەریش درودی خوای لێبی فەرمویەتی:

- أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا وَخِيَارُكُمْ خِيَارُكُمْ لِنِسَائِهِمْ.

الراوي : أبو هريرة

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح الترمذي

خلاصة حكم المحدث : حسن صحيح

" باوەڕدارترین مسوڵمان ئەو کەسەیە کە خاوەنی باشترین ڕەوشتە، وە باشترین پیاوتان ئەوانەن کە لەگەڵ ئافرەتانی خۆیان باشترینن "

هەروەها فەرمویەتی:

- بعثت لأتمم مكارم الأخلاق.

الراوي : أبو هريرة

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح الجامع

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" هاتنی من بۆ مەبەستی تەواوکردنی پایەکانی ڕەوشتە "

کەواتە ڕەوشت خۆی هەبوە بەڵام پەیامبەران هەریەکەیان چەند پایەیەکی ڕەوشتیان بە خەڵک ناساندوە ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەوشت پایەی زۆرن بەڵام هەمویان بە جارێک بەسەر مرۆڤدا نەسەپێنراون هۆکارەکەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤ لە سەرەتای دروست بوونی عەقڵی زۆر سادە و سەرەتایی بوە و توانای ئەوەی نەبوە هەمو پایەکانی ڕەوشت لە خۆیدا بەرجەستە بکا، بۆنمونە ناکرێ پەیامبەرێک پێش ٢٠ سەدە پەیامی ئەوە بە خەڵکەکەی بدا کە سەرپێچی یاساکانی هاتوچۆ نەکەن ! خۆ ئەوکاتیش هاتوچۆ هەبو، هۆکارەکانی گواستنەوەش هەبون بەڵام بە شیوەیەکی زۆر سەرەتایی کە پێویستیی بە یاسا و ڕینمایی نەبوە ئەوکات، لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە هەرچەندە مرۆڤایەتی پێش بکەوێ یاسا و ڕینمایی نوێ سەرهەڵدەدەن و ڕەوشتیش بەرەو پێش دەچێ.

ئەوەی کە گرنگە بیزانین ئەوەیە کە ئاینیش بە هەمان شێوە پێشکەوتوە، هەر پەیامبەرێک فەرمانێک یا چەند فەرمانێکی نوێی هێناوە لەلای خودا، تا لە کۆتاییدا هەم ئاین و هەم پایەکانی ڕەوشت بە هاتنی کۆتا پەیامبەر تەواوکران.

بەڵام با بزانین ئایا ئێستا کە لە سەدەی ٢١ دەژین ، مسوڵمانان تا چەند پابەندن بە پایەکانی ڕەوشت .

ئەوەی ئێستا دەیبینین لە جیهانی ئیسلامی بە داخەوە تەواو پێچەوانەیە ، ڕەوشت لەو وڵاتانەی کە بەناو مسوڵمانن لەوپەڕی نزمیە و لە بەرامبەریشدا لەو وڵاتانەی بە پێناسەی ئێمە مسوڵمان نین لە لوتکەدایە، ئەگەر وڵاتێکی وەک ژاپۆن بە نمونە وەربگرین دەبینین کە خاوەنی جوانترین ڕەوشتن لە جیهان لە کاتێکدا ئاین لەوێ بەم شیوەی خوارەوە دابەش دەبێ:

-٩٠٪ ئاینێکی تێکەڵە لە نێوان دو ئاینی (شینتۆ و بوزی)

-٢٪ ئاینی مەسیحی

-٧.٨٪ هەمو ئاینەکانی تر

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین رێژەی مسوڵمان لە ژاپۆن لە ١٪ یش کەمترە (چونکە لە ژاپۆن زیاتر لە ١٠٠ ئاین هەیە جگە لەوانەی باسکران لە سەرەوە).

بەڵام ئەگەر تێبینی ڕەوشت بکەین لە ژاپۆن دەبینین بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ یەکەمن لە ڕەوشت لە سەر ئاستی جیهان.

ئەگەر لە هۆکاری پێشکەوتنی ژاپۆن بکۆڵینەوە دەبینین هۆکارەکا تەنها ئەوەیە کە ژاپۆنیەکان زۆر گرنگی بە ڕەوشت دەدەن، هەر لە منالیەوە نەوەکانیان ڕادەهێنن لەسەرڕەوشت بەرزی و رێزگرتن و خۆشویستنی هەموشتێکی نیشتیمانەکەی خۆیان.

لە فێرگەکانی ژاپۆن لە قۆناغی ١ تا ٧ وانەیەکی تایبەتیان هەیە بە ڕەوشت بە ناوی (ڕێگا بەرەو ڕەوشت).

ئەگەر ئێمەش بمانەوێ دەتوانین وەک ئەوان بین چونکە وەک دەزانین ژاپۆن دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دوەم لە ساڵی ١٩٤٥ تەواو وێران بو لە ئەنجامی دۆڕانیان لە شەڕەکە و بەرکەوتنی ٢ بۆمبی ئەتۆمی کە ئەمریکا لە شارەکانی (هیرۆشیما و ناکازاکی) دا.

ئەوان نەک لە سفر بەڵکو لە ژێر سفرەوە دەستیان پێکرد کە ئەوکات ئێمە بە هەمو پێوەرێک لە پێش ئەوان بوین چونکە لانی کەم وڵاتەکەمان وێران نەبو، بەڵام دەبینی ئەمڕۆ ئەوان لە جیهان یەکەمن و ئێمەش لە دوای دواوەین بە داخەوە.

ڕەنگە زۆربەتان بپرسن ئایا سەیر نیە کە ژاپۆنیەکی بوزی یا بێدین ڕەوشتی جوانتر بێ لە من و تۆی مسوڵمان ؟

وەڵامەکەی زۆر ڕونە، نەخێر سەیر نیە چونکە ئێمە تەنها بە ناو مسوڵمانین و هەمو ئاکار و رەوشتە جوانەکانی ئیسلاممان ون کردوە و ئاین لای ئێمە توێکڵێکی جوان ورازاوەی هەیە بەڵام ناوەرۆکەکەی بەتاڵە هەر لەبەر ئەوەشە پێناسەی رەوشت لە چەند خاڵێک کورت دەکەینەوە کە پەیوەندیان بە ڕەوشتەوە نیە وەک ، نوێژکردن، ڕۆژوگرتن، شێوازی جلو بەرگ و سەر و سیما و ڕیش و چەند شتێک کە بریتی نین لە ڕەوشت.

ڕاستە ئاین داوا لە خەلک دەکا ڕەوشتیان جوان بێ، بەڵام خۆ مەرج نیە ئەوکەسەی مسوڵمان بو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئیسلام بێ، بە هەمان شێوەش مەرج نیە ئەوەی بێدین بو بێ ڕەوشت بێ.

لێکۆڵەر و رۆژنامەنوس (پاوڵ هۆسفۆرد)[1] توێژینەوەیەکی ئەنجامدا لەسەر جێبەجێکردنی بنەماکانی قورئان لە چەند وڵاتێکی جیاجیا. ئەم لێکۆڵەرە بنەما گرنگەکانی قورئانی وەرگرتوە لەسەر ٤ لایەنی زۆر گرنگ ، و کاری لەسەر ئەوە کردوە کە تا چەند ئەم بنەما و فەرمایشتانەی قورئان و فەرمایشتەکانی پەیامبەر لە ژیانی مسوڵمانانندا هەیە.

باسی نوێژ و ڕۆژو ناکات چونکە ئەوانە رەوشت نین ، جگە لەوەش ئاین ٥% ی خواپەرستیە و ٩٥%ی بریتیە لە هەڵسوکەوت و ڕەوشت و کردار.

بنەماکان بریتین لە :

- بوژاندنەوەی ئابوری و باری گوزەرانی خەلک وەک چۆن خوداو پەیامبەر فەرمانیان کردوە.

- حوکمڕانی و پێکهاتەی حکومەتەکان.

- مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی.

[1] ڕۆژنامەنوس و لێکۆڵەرێکی ئێرلەندییە لە زۆر رۆژنامە و پێگەی ئەلیکترۆنی بابەتەکانی بلاودەکاتەوە، ئەم بابەتەش لە پێگەی فەرمیی رۆژنامەی (The journal) بلاوکراوەتەوە ، ئەمەش لینکی بابەتەکەیە :
https://www.thejournal.ie/ireland-is-more-faithful-to-the-koran-than-saudi-arabia-1507583-/Jun2014

- پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

ئەوەی جێێ سەرسوڕمانە یەکەم وڵات لە جێبەجێکردنی بنەماکانی قورئان دەربارەی گرنگترین بنەماکانی ژیانی مرۆڤ وڵاتی ئێرلەندایە .

دوای ئەو دانیمارک ، لۆکسیمبۆرگ ، سوید ،بەریتانیا ، نیوزلەندا، سەنگافورە ، فنلەندا، نەرویج، بەلجیکا، نەمسا.....

ئیسرائیل لە پلەی ٢٧ دێت .

یەکەم وڵاتی مسولمانان لە پلەی ٣٣ دێت کە ئەویش مالیزیایە .

واتە ٣٢ وڵات هەن لە مالیزیا باشتر لە خزمەتی خەلکی خۆیان کاردەکەن بە گوێرەی بنەماکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پەیامبەر کە هیچیان وڵاتی ئیسلامی نین !

جارێ هێشتا هیچ ولاتێکی عەرەبی ناوی نەهاتوە .

یەکەم وڵاتی عەرەبی کە مسوڵمان بێ لە پلەی ٤٨ دێت ، ئەویش کوەیتە .

سعودیەش کە مسوڵمانان زۆر بە پیرۆزی دەزانن لە پلەی ٩٣ دێت

قەتەر لە پلەی ١١١ دێت .

میسریش لە پلەی ١٢٨ .

تێبینی: کورتەی چاوپێکەوتنی دەنگیی ئەم لێکۆڵەرە لە وێبسایتی BBC هەیە .

بە خۆڕایی نیە بیرمەندی ئیسلامی **محمد عبده** کاتێ چوە ئەوروپا گوتی:

" چومە وڵاتانی رۆژئاوا و لەوێ ئیسلامم بینی، کەچی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی مسوڵمانم بینی بەڵام ئیسلامم نەبینی "[1]

کاتێک مرۆڤ ئەم شتانە دەبینێ ، تێدەگات لەبەرچی خەلکی واز لە ئاین دێنن .

---

[1] کاروانی ژیانم . د.موستەفا زەلمی

ئێمە ئەوەندە لە ئاین دورکەوتوینەتەوە ئەوەی لە دور لەم ئاینە بڕوانێ و پاشان لە حاڵی مسوڵمانان بڕوانێ ، سوێند دەخوات کە ئێمە دور و نزیک پەیوەندیمان بەم ئاینە جوانەوە نیە .

ڕەنگە لات سەیر بێ بەڵام هەر بەڕاستی بەم جۆرەیە.

برادەرێک کە لە ئەورپا ژیاوە، ژنێکی ئەوروپی هێناوە، ژنەکە بوە بە مسوڵمان.

ئەم خێزانە بە سەردان هاتنەوە و چەند ڕۆژێک مانەوە لەگەل خێزانی پیاوەکە.

پیاوەکە پرسیاری لە خێزانە ئەوروپیەکەی کرد دەربارەی ژیانی ئێرە و هەڵسوکەوتی خەلکی ئێرە و مسوڵمانیەتی و جیاوازیی کەلتور.

ئافرەتە ئەوروپیەکە گوتبوی، کاتێکی خۆشم بەسەربرد بەڵام کەی بڕیارە دایکت و خوشکەکانت بین بە مسوڵمان ؟

ئەم ئافرەتە ئەوروپیە چونکە لە دەرەوە هاتوە ، ئەزمونی پێشوشی هەیە ، ئەو زۆر بە ڕونی جیاوازیی نێوان مسوڵمان و نامسوڵمان دەزانێ، چونکە لە ڕاستیدا ئەوەی مرۆڤ جیادەکاتەوە هەڵسوکەوتەکانێتی نەک قسەکانی یا نوسراوی سەر ناسنامەکەی، ئێمە زۆر جار گلەیی لە هەلسوکەوتی خەلک دەکەین بەڵام نازانین هۆکارەکەی چیە .

هۆکارەکە تەنیا ئەوەیە کە ئێمە هەر بەناو مسوڵمانین ، ئێمە ٥% ی ئیمان جێبەجێ دەکەین کە بریتیە لە نوێژو ڕۆژو و زەکات و حەج، کە ئەوانیش بە مانا جوانەکەی خۆی نا بێگومان، چونکە ئەگەر نوێژو ڕۆژو مرۆڤ نەگۆڕن هیچ سودێکیان نییە .

هەروەک لەقورئانداهاتوە :

" إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ ﴿٤٥﴾ . العنكبوت

" نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهو تاوان و نادروستی دەکات، بێگومان یادی خوا لە هەمو شت گەورەتر و بەنرختره و خوا خۆی زانایە بەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن "

کەواتە ئەگەر نوێژ ئەم مەرجەی تێدانەبو ماندوبونێکی بەخۆڕایيە.

ئێمە ئەوەندە هەڵە رۆیشتوین لە بابەتە گرنگەکانی ژیان، هەمو شتە گرنگەکانمان لەیاد چوە .

ئێستاش بە پێناسەی هەندێ کەس، هەر کەسێک مەی بخواتەوە یا مادەی هۆشبەر بەکاربێنێ بێ رەوشتە، لە کاتێکدا ئەم دو خوە زیانبەخشە لە ئەنجامی خراپیی گوزەرانی خەڵکی سەرهەڵدەدەن و زۆر جار تاکی ئالودە بەو مادانە قوربانین نەک تاوانبار.

دکتۆر (گابۆر مەتێ)[1] دەربارەی ئالودەبون دەڵێ :

" دوای ١٢ سال کارکردنم لە هەرێمی British Colombia Downtown Eastside لە کەنەدا [2]، بۆم دەرکەوت کە ئالودەبون بژاردەیەک یا بڕیارێک نییە، هەروەها مانای بەدرەوشتی و نزمیی کەسایەتی نییە ، نەخۆشییەکی مێشک و دەماریش نییە وەک هەندێ کەس ئاماژەی بۆ دەکەن ،بەڵکو ئالودەبون بریتییە لە وەڵامدانەوە یا کاردانەوەی مەینەتی و ئازارەکانی مرۆڤ ، وە هەمو ئەوانەی من بینیومن یا چارەسەرم کردون تێبینیم کردوە کە بە منداڵی توشی (هێدمە)[3] بون ،هەموئافرەتەکان قوربانیی دەست درێژین ، پیاوەکانیش زۆرێکیان قوربانیی دەست درێژین ، چ جەستەیی چ دەرونی، یا لە روی سۆزەوە پشت گوێ خراون ،ئەمانە هەر بیروڕای من نین بەڵکو لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش هەمان شتمان پێدەڵێن ، کەواتە دەتوانین بڵێین

---

[1] دکتۆرێکی هەنگارییە لە کەنەدا ، مامۆستای زانکۆ و پسپۆری دەرونییە و لێکۆڵینەوەی زۆری هەیە لەسەر ئالودەبون و خاوەنی چەندین کتێبە لە بوارە جیاجیاکانی دەرون ، مێشک ....هتد.

[2] یەکێکە لە خراپترین ناوچەکانی جیهان بۆ مەسەلەی ئالودەیی و هەژاری و تاوان و نەخۆشیی دەرونی و پڕە لە خەڵکی بێ ماڵوحاڵ.

[3] هێدمە ، واتە Trauma ، صدمة : ئەو کاریگەرییەیە کە کارەسات یا روداوێکی ناخۆش لەسەر دەرونی مرۆڤ جێی دەهێڵێ و بە ئاسانی لەبیرناکرێت.

ئالودەبى بریتییە لە هەوڵێک بۆ دەربازبون لە ئازار ، بەلام بە شێوەیەکی کاتی ، ئەوکاتەی دەستم کرد بە کارکردن لەم شوێنە ، خۆم٢٠ ساڵ دکتۆری خێزانی بوم ، بۆیە زۆرم بینیبو ، ئاشنا بوم لەگەل کاریگەرییەکانی قۆناغی مندالی بەسەر دەرونی پێگەیشتوان و فسیۆلۆجیی مێشکیان، بەلام قوڵیی و پلەکانیم بەم شێوەیە نەدەزانی ، بۆیە گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی کە ئالودەبوان پێویستییان بە چارەسەریی پێویست هەیە بۆ دەربازبون لە کاریگەریی هێدمەکانیان ، میدیاکان ئالودەبوان وەک مرۆڤی نائومێد و کلۆل پیشان دەدەن ، بەلام ناپرسن بۆچی وایان بەسەرهاتوە ، ئایا ئالودەبی یا کاریگەریی هێدمە چارەسەر دەکرێ ؟

ناکرێ بلێین چارەسەرناکرێ بەلام بەم سیستەم و ژینگە کۆمەلایەتییە ناتوانین چارەسەریی ئالودەبی بکەین ،چونکە لە گۆشەیەکی هەلەوە بۆی دەچین ، ئەگەر بتوانین ١٠% ی چارەسەر بکەین ئەوا ئێمە زۆر بلیمەتین .ئێمە لەجیاتی یارمەتی سزایان دەدەین . ئەوان کە بە مندالی دەستدرێژییان کراوەتەسەر خۆیان بە شەرمەزار دەزانن چونکە نەیانتوانیوە بەرگری لە خۆیان بکەن ،یا وادەزانن ئەوان خراپ بون بۆیە وایان بەسەرهاتوە ، بۆیە توشی ئازارێکی دەرونیی توند دەبن کە مرۆڤ توانای بەرگەگرتنی نییە، بۆیە هەوڵ دەدەن لەم واقیعە تاڵە هەلبێن کە تێیدان ، مێشکی ئەوان بەهۆی کاریگەریی هێدمەوە وای لێدێت کە ئاسودەیی تەنها لە بێهۆشی ببینێتەوە بۆیە تاکە رێگە بۆ ئەوان ئالودەبییە، کۆمەلگەش دێت و کارەکەی ئەوان بە نایاسایی ئەژمار دەکات و ئەوانیش بە تاوانبار . لەکاتێکدا تاوان نییە ئەگەر خۆت نەخۆش بخەی،یا تا مردن بخۆیتەوە ،یا خۆت توشی شێرپەنجە بکەی بە جگەرە .

بەلام ئالودەبوان وەک تاوانبار و دۆراو و مامەلەیان لەگەل دەکرێت و پشت گوێ دەخرێن و سزا دەدرێن و بەند دەکرێن و بەچاوی کەم سەیر دەکرێن ،سەریشمان لەوە دەرناچێ ،ئایا بۆچی ئالودەبوان چاک نابن ! ئێمە لەناو

بازنەیەکی بێ کۆتا دەخولێینەوە ، خەلکی تاساو[1] دێنین و توشی هێدمەی تریان دەکەین و دەپرسین بۆچی چاک نابن !

بێگومان چاک نابن چونکە چەند زیاتر توشی هێدمە بن هێندە زیاتر لە واقیعەکە هەلدێن ، ئەوان ئازارێکی زۆریان هەیە ،کەپەناش دەبەنە بەر ئالودەبی بە ئومێدی دەربازبون پەنای بۆ دەبەن . قوتابیانی زانکۆ پزیشکییەکان وشەی هێدمەیان بەرگوێ نەکەوتبو تا ئەم سالانەی دوایی، وشەی هێدمە لایان نامۆ بو ، کاریگەرییە ترسناکەکانی هێدمە باس ناکرێ لەسەر مێشک و لایەنی دەرونی و سۆز و فسیۆلۆجیای مرۆڤ. وەک ئەوەی پەروەردە فۆبیای هەبێ بەرامبەر ئەم وشەیە ، هەموتوانا و تەقەللای ئەوان کارکردن بوە لەسەر لایەنە فسیۆلۆجیەکەی مێشک ،هەر بە سادەیی کاتێ نەخۆشێک دەبینن ،دەرمانێکی بۆ دەنوسن ، پزیشکەکان دەربارەی ئازاری دەرونی و سۆز نازانن "

شایانی باسکردنە کە خواردنەوەی مەی و هەمو مادە هۆشبەرەکان لە خوە زیانبەخشەکانن وە لە هەمو ئاینەکان بەلکو لە یاسای زۆر لە ولاتانیش یاساغن و زۆر چاودێریان لەسەرە و هەمیشە هەولی کەمکردنەوە یا بنەبرکردنیان دەدرێ، ئەمریکا بە نمونە لە سالانی ١٩٢٠-١٩٣٣ هەولیکی یەکجار زۆری دا خواردنەوە کحولیەکان یاساخ بکا و لەم پێناوەشدا ملیۆنان دۆلاری خەرجکرد و سەدان پۆلیس و بازرگان و کارمەندی کارگەکان بونە قوربانی بریارەکە لە شەری نێوان حکومەت و خاوەن کارگە و بازرگانە گەورەکان، سەرەنجام نەیانتوانی بریارەکە جێبەجێ بکەن و یاساکەیان هەموارکردەوە.

لە ژێر رۆشنایی ئەم رووداوانە دەبێ ئەوە بزانین کە ناکرێ هیچ بوارێک نەهێلینەوە بۆ ئازادیی تاک، چونکە ئەگەر وامان کرد واتە ئازادیی خەلکمان پێشێل کرد و دژی فەرمانەکانی خوا وەستاینەوە، لەم هەلوێستەم مەبەستم ئەوە نیە برەو بە و دیارە ناشرینانە بدەم،تا سەر ئێسقان دژی هەمو گوناهو سەرپێچیەکم ، من دەمەوێ ئەوە رون بکەمەوە کە مرۆڤەکان هەمیشە حەزدەکەن بە ئازادی بژین ، هەرشتێک کە بەسەریاندا بسەپێنرێ ئەگەر باشیش بێ تەنانەت ئەگەر خێریش بێ ئەنجامدانی سەخت دەبێ و بە پێچەوانەوەش هەر بریارێک مرۆڤ بە ئازادی بیدا

[1] تاساو : واتە کەسێک توشی هێدمە (صدمة)بوبێت

ئەگەر سەرەنجامەکەشی باش نەبێ لە دڵەوە هەست بە ناسۆری ناکا، باشترین نمونەش وڵاتانی بەناو ئیسلامی دراوسێی خۆمانن کە زۆر شت بەناوی ئاین لەوێ قەدەغەن ، بەڵام زۆرترین قاچاخ و بەکاربردنی ئەو مادانە لەم ناوچانە بەدی دەکرێن، ئەوەش بزانین کە خەڵکی زۆر خولیای شتی قەدەغەن .

لەهەر جێگایەک خەڵکی ئازاد نەبن لە هەموشت زیاتر باسی شتە قەدەغەکان دەکەن و بە نهێنی زۆرترین شتە قەدەغەکراوەکان لەوێ ئەنجام دەدرێن.

تۆ بڵێی ئەگەر ئازادی بە خەڵک بدەین باشتر نەبێ؟ لە بری ئەوەی خەڵکی شەرمن و دورِو بەرهەم بێنین باشتر نیە خەڵکی ڕاستگۆ و بوێرمان هەبێ؟

کاتێک ئازادی لە مرۆڤەکان دەسەنیەوە بە دەستی خۆت ماڵی خۆت وێران دەکەی.

" ئازادی تاکی بوێر و ڕاستگۆ بەرهەم دێنێ و لە بەرامبەریشدا زەوتکردنی ئازادی تاکی ترسنۆک و دورِو بەرهەم دێنێ "

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی، هەمو شتێکی زیانبەخش لەناو کۆمەڵگا هەبوە ، هەرگیز ڕۆژێکیش نایێت کە خراپە کۆتایی بێت، ئەو خەیاڵەی کە هەندێ لە خەڵک دەیکەن بە داخەوە زۆر جار وتاربێژان و پیاوانی ئاینیش دەیکەن بەوەی کە خراپە نەمێنێ و لە خەیاڵێ خۆیان مەملەکەتی فریشتە دروست دەکەن .

ئەو مەملەکەتەی کە هەندێ لە فەیلەسوفانیش خەونیان پێوە بینیوە (المملکة الفاضلة -Utopia)

ئەوان بێئاگان لەوەی کە تەنانەت لە سەردەمی پەیامبەریش خەڵکی تاوانیان کردوەو مەیان خواردۆتەوە ، هەرگیز نەشمان بیستوە هیچ شتێک قەدەغە کرابێ ، بەڵکو سنوردار کراوە.

لێرە ئەرکی یاسا دێتە کایەوە کە بریتیە لە سنوردارکردن و ڕێکخستنی دیاردە خراپەکانی ناو کۆمەڵگ بە پێی یاسا.

زۆر جار دەبینین بە پێناسەی هەندێ کەس هەر کەسێک چوارچێوەی سنوری کەلتورەکانی میللەتی خۆی دەربچی بێ رەوشتە.

مرۆڤ ناتوانێ لەو چوارچێوەیە دەربچێ کە کۆمەڵگا بۆی دەکێشێ، رەوشت ، کەسایەتی ، بون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ پابەندن بە کەلتورەکەی، لە ئاینیش ئاساییە مرۆڤ وا بێ ، چونکە خوا کە مرۆڤی دروست کردوە چاک دەزانێ کە مرۆڤ ناتوانێ بە ئاسانی دەسبەرداری کەلتورەکەی خۆی بێ:

- خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ(١٩٩). الاعراف.

" پابەندبن بە لێبوردەیی و کار بە(عورف) کەلتور بکەن ، وازیش لە نەزانەکان بێنن"

خوای میهرەبان باش دەزانێ کە خەڵک هەن تانە لەو بڕیارە دەدەن لەبەر ئەوە لە کۆتایی ئایەتەکە دەفەرموێ (واز لە نەزانەکان بێنن هەرچیی دەڵێن با بڵێن)

لێرەدا گرنگە ئەوە بزانین کە هەمو کەلتورێک نابێ کاری پێ بکرێ، چونکە لە بنەڕەتدا هاتنی ئاینەکان بۆ ئەوەیە هەندێ کەلتور لە ناو ببا و هەندێکیان بهێڵێتەوە و هەندێکیان بەرەوپێش ببا، زانایانیش یاسایەکیان هەیە کە دەڵێ (کار بە کەلتور دەکرێ ئەگەر پێچەوانەی فەرمانی خوا نەبێ)، واتە تاکە مەرج ئەوەیە کە دژی فەرمانی خوا نەبێ.

بە بروای هەندێ کەس، هەر کەسێک گۆرانی بڵی یا مۆسیقا بژەنێ یا دانس بکات بێ رەوشتە.

هونەر بە هەمو بەشەکانیەوە رۆڵی زۆر گرنگ دەبینن لە ژیانی مرۆڤ ، بێگومان ئەوانەی کە هەموشت حەرام دەکەن بچوکترین زانیاریان نییە دەربارەی کۆمەڵناسی و دەرونناسی و مێژوی میللەتان وە تەواو دابڕاون لە رەوتی پێشکەوتن، چونکە ئەگەر تۆزێک بە وردی سەرنجی دەوروبەری خۆیان بدەن دەبینن کە هونەر کاری وا دەکات سەدان بگرە هەزاران واعیز و بانگخواز ناتوانن خەونیشی پێوە ببینن.

دەرهێنەری بەناوبانگ (مصطفى العقاد ١٩٣٠-٢٠٠٥)

کە بە دەستی مسولمانە بێ ئاگاکان تیرۆر کرا تەنها بە ٢ فلیمی (الرسالة و اسد الصحراء)، هەزاران کەس بون بە مسولمان،تا رۆژی قیامەتیش هەرکەسێک ئەم فلیمانە ببینێ وێنەیەکی جوان لە مێشکیدا لەسەر ئیسلام دروست دەبێ، لە کاتێکدا واعیز و بازرگانانی ئاین بە ١٠٠ساڵ ناتوانن خزمەتێکی وا پێشکەش بکەن.

نەک ئەوە ناکەن بەلکو هەمیشە خەلک لە ئیسلام دوردەخەنەوە بە قسەی بریقەدار و بەتاڵ و کرداری پێچەوانەی ئەقڵ و ژیری .

عقاد، خەریکی دەرهێنانی فلیمێکی مێژویی زۆر گرنگ بو لەسەر سەرکردەی ئیسلامی بە رەگەز کورد (صلاح الدين الايوبي)،کە تیایدا بریار بو ئەو ئیسلامە جوانە پیشان بدا کە خوا ناردویەتی، نەک ئەو ئاینە خوێناویەی کە زۆرێک لە توندرەوەکان وێنایان کردوە، بەلام هەروەک هەمیشە تۆوی پاک لە خاکی پیس چەکەرە ناکات و مرۆڤی باش و کاری باش گەندەل و بارزرگانانی ئاین دەتۆقێنێ و پێگەیان لەق دەکات، ئەوەبو لە سالی ٢٠٠٥ لە هۆتێلێک لە عەممانی پایتەختی ئوردن لەئەنجامی تەقینەوەیەکی بەهێز عقاد و کچەکەی و دەیان هاوولاتی دیکە بونە قوربانیی بیرکردنەوەی تەسکی بازرگانانی ئاین.

زۆر جار ئەوپەیامەی هونەر بە چەند خولەکێک دەیگەیەنێ ، هەمو وتار و ئامۆژگاریەکانی دونیا ناتوانن بیگەیەنن.

هونەر بە هەمو بەشەکانیەوە ، پەیامی زۆر جوان هەڵدەگرن ، مرۆڤ بە بێ هونەر ناتوانی جێژ لە خۆشیەکانی ژیان ببینێ ، وە ئەوکەسانەی لە هونەر دورن هەمیشە ئەو کەلێنەیان هەیە و نازانن بە چی پری بکەنەوە، بۆ نمونە ئەوانەی دەلێن هەڵپەرکێ گوناهە، زۆر دەبینین لە ناو مزگەفت یا لە دەشت و دەر کۆمەلێک لە توندڕەوەکان یا کۆمەلێک مامۆستای ئاینی، دەروێش، فەقێ ، ...هتد دابینین کە خەریکی هەڵپەرکێن ، من لێرە مەبەستم تەنها ئەوەیە کە هەمومان حەزمان بە هونەر هەیە ، هەمو کەسیش ئازادە ، ئیتر پیویست نەکا شتێك لە خەلک حەرام بکەین و خۆشمان بچین بیکەین ، دواییش بیانو بهێنینەوە بلێین

ئاخر ئەوەی ئێمە تەنها پیاون و ژنی تێدا نییە ،وەک ئەوەی ژن سەرچاوی هەمو خراپە و تاوانەکان بێ و پیاویش فریشتە ! یا بڵێن ئێمە مۆسیقامان لێنەداوە !

هونەر بە هەمو لقەکانیەوە حەزێکە لە ناخی مرۆڤ ، دیاردەیەکی سروشییە و لە ناخی هەمو زیندەوەرێک هەیە ، باڵندە و ئاژەلیش حەزیان لە هونەرە و دەیکەن ، باڵندەکان ئاواز دەچڕن کە خۆشترین مۆسیقاکانی جیهانن ، هەڵدەپەرن و سەما دەکەن ، ئاژەلانیش بە هەمان شێوە ،زۆر جاریش ئێبینی دەکەین کە باڵندە یا ئاژەل لەگەل دەنگی مۆسیقا کارلێک دەکەن و زۆر پێی دلخۆش دەبن ،بە مۆسیقای خێرا و شاد هەڵدەپەرن و بە مۆسیقای لەسەرخۆش ئارام دەبن .

دەبێ لەو راستییە بگەین ، کە ئەگەر خەلکی ئازاد بن لە بڕیارەکانیان ئەوا کۆمەلگە دەحەسێتەوە لە مرۆڤی دوڕو ، نەک وەک ئەو ولاتە بەناو مسوڵمانانەی کە وڵاتەکانیان لە روناکیدا جیهانێکن پڕ لە فریشتە و لە تاریکیشدا جیهانێکی پڕاوپڕ لە جڕ و جانەوەری دڕندە.

هونەر و وەرزش و زانست ، هۆکاری لێک نزیک بونەوەی گەلان و دروست بونی ئاشتەوایی و دۆستایەتین.

لە بەرامبەریشدا سیاسەتی روپۆشکراو بە ئاین و ئاینی بە سیاسی کراو ، هەمیشە مایەی لێک دورخستنەوەی گەلان و دروست کردنی شەڕ و ئاژاوەن.

زۆرجار لە میدیاکان دەبینین کورتە ڤیدیۆیەک، پارچە مۆسیقایەک، گۆرانیەکی مانادار یا نواندنێکی چەند خولەکی ملیۆنان کەس دەجولێنێ و دڵیان نەرم دەکات و رەوشتێکی جوان فێری خەلك دەکات ، لە کاتێکدا بە ئامۆژگاری و وتار بە ٢٠ ساڵیش ئەم کارە ناکرێ، چونکە هەمومان قسەی باش دەزانین و زۆر دەیبیستین ، کردار گرنگە، خەلکی بێزارن لە قسەی زۆر و کرداری کەم .

نمونەیەکی زۆر زیندو هەیە حەزدەکەم باسی بکەم،

چەندین ساڵە گوندەکانی سەرسنوری عێراق و ئێران کاری کۆڵبەری دەکەن و شتومەک لە نێوان هەردو سنورەکە ئاڵوگۆڕ دەکەن، بێگومان کارەکەی ئەوان

قاچاخە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە هەژارن و بێکاریش گەیشۆتە ڕادەیەک خاوەن ماستەر هەیە کۆڵبەرە.

کۆڵبەری کارێکی زۆر سەخت و ترسناکە، ئەوان بارەکانیان بە پشت بەسەر شاخی سەخت سەردەخەن ، چەندین جار هەرەسی بەفر خەڵکی کردۆتە قوربانی و جار جارەش سەربازانی سنورەکان تەقەیان لێ دەکەن و هەندێکیان دەبنە قوربانی.

زۆر جار هەوڵ دراوە مەرگەساتی ژیانی کۆڵبەران بناسێنرێ بەلام لەچوارچێوەیەکی زۆر تەسک بوە، لەم ڕۆژانە بەرنامەیەکم بینی پێشبرکێی دۆزینەوەی بەهرەداران بو کە لە ئێران بەڕێوەدەچو، کورێکی لوڕی هات نمایشێکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشی کرد لەسەر کۆڵبەری ، زۆر ژیرانە و بە کورتی باسی سەختیی ژیانی کۆڵبەرانی کرد، نمایشەکەی ئەوەندە بەهێز و ڕاستگۆیانە بو زۆرێک لە ئامادەبوانی خستە گریان و لیژنەی دادوەران زۆر سەرسام بون پێی و پلەیەکی زۆر باشیان پێدا و زۆر ستایشی کارەکەیان کرد، هەر دوای بەرنامەکە بەڕێوەبەری بەرنامەکە باسی کێشەی کۆڵبەری و هەژاریی خەڵکی ئەم ناوچانەی کرد و پرۆژەیەکیان کردەوە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، جگەلە لەوەی بەرنامەکە لە کەناڵێکی ئاسمانیی فارسی ، بو لانی کەم ١٠٠ ملیۆن کەس دەیبینێ (چونکە هەر دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆیان زیاتر لە ٨٠ ملیۆنە)، ئەو کارەی بە نمایشێکی کورت مەسەلەیەکی وا گەورەی بە هەمو دنیا ناساند تۆ بڵێی بە وتار و دروشم و هاوارکردن بە چەند ساڵ بکرێ؟

جا کارەسات ئەوەیە خەلکێک دێ بەناوی خودا و ئاین هونەر حەرام دەکات .

لای من ئاین واتە ڕەوشت ، بڕوای بێ کردار نەبونی باشترە.

هەمو ئەوانەی بون بە مسولمان لەسەردەمی پەیامبەر (د.خ) بە ڕەوشتە جوانەکانی سەرسام بون ، چونکە هەمومان دەزانین پەیامبەر نە دەوڵەمەند بو، نە بەهێزترین پیاو بو، نە جوانترین پیاو لەڕوی ڕوخسار و شێوە، نە فەیلەسوف ئەدیب و زاناش بو، ئەوەی جوانی کرد، تەنها ڕەوشتە جوانەکانی بو ، بەڵام بەکردەوە نەک بە قسە، هەمومان بە قسە فریشتەین بەلام کردەوەکانمان شتی تر دەڵێن.

ئەوەی تێبینی دەکرێ وە زۆر جێی داخە ، کۆمەڵێک خوی زۆر ناشرین هەن لەناو کۆمەلگەی مسولمانان کە گوناهن و دژی بنەماکانی ئیسلام و باوەڕن بەلام بەداخەوە خەلکی زۆر بێباک و بێ ئاگان لەوانە:

-پیسکردنی شار و ژینگەی وڵات کە ماڵی هەمومانە.

کە باسی خاوێنی دەکرێ بە داخەوە وڵاتانی مسوڵمانان پیسترین وڵاتانی جیهانن، هۆکارەکەشی تەنها یەک شتە ، ئەوەیش ئەوەیە خەلکەکە خۆی پیسە، چونکە خاوێنی پەیوەندیی بە تەکنۆلۆجیا و دەوڵەمەندی نیە، هەموکەس دەتوانێ خاوێن بێ، کارەساتە بەراستی خەلکێک هەیە تەمەنی ٧٠ سالە تا ئێستا نازانی پاکوخاوێنی چییە ، ئاستی هۆشیاریی و ڕەوشت بەرزیی هەر میللەتێکیش بەندە بە ڕادەی پاک و خاوێنی ژینگەکەی.

لەم رۆژانە لە دوای ئۆتۆمبێلێکی زبڵ کۆکردنەوە دەرۆیشتم ، سەرنجم دا لە پەنجەرەی پێشەوە کارمەندێکی پاککردنەوە دەبەی بەتاڵ و پاکەت و نایلۆن و شتی پیس فرێدەداتە سەرشەقام ، خەریک بو شێت بم ،ئاخر کارمەندێک خۆی کاری خاوێنکردنەوە بێت و پیسی فرێ بدات چیی پێ دەوترێ ؟

ئەوەی سەیرە هەر نزیک لەوان کۆمەڵێک کارمەندی خێرلەخۆنەدیو بەو گەرمایە و لەبەر تیشکی رۆژ خەریکی کۆکردنەوەی زبل و خاشاک بون ! نازانم تاکەی دەبێ ئێمە وا نەزان بین !

توخوا نەنگی و شورەیی نیە لە سەدەی ٢١ لە میدیاکان بە خەلک بڵێن دەستتان بە سابون بشۆن نەوەک توشی نەخۆشی بن ؟

ئێستا کە هەمو جیهان بە دەست ڤایرۆسی (کۆرۆنا -COVID19)وە دەناڵێنێ ، ئەوەی زۆر سەیرە، هۆکاری توش بون بەم پەتایە پشت گوێ خستنی سادەترین رێنماییەکانی خاوێنیە !

ئاخر پاکوخاوێنیی دەستەکان و دەموچاو هی ئەوەیە لە سەدەی ٢١ بە خەلکی بوترێن ؟

ئەگەر پەروەردە و سیستەم هەبێ ئەم ڕێنماییانە لە دایەنگە و باخچەی ساوایان بە منداڵان دەدرێن نەک لە میدیاکان ڕۆژانە ١٠٠ جار پێمان بلێنەوە .

زۆر جێی داخە کۆمەڵگەیەک کە خۆی بە پاکترین و چاکترین کۆمەڵگە دابنێ و ئەندامانی نەزانن چۆن دەست و دەمو چاویان پاک رابگرن،بێگومان کەسێک نەزانێ خۆی پاک رابگرێ ، دەوروبەرەکەشی پاک ڕاناگرێ، ئەگەر پیاسەیەکیش بەناو شاردا بکەی دەبینی کە خەلکی چەند بێ باک و بێ خەمن.

بڕوابکەن چەندین جار بە خەلکم گوتوە شت فڕێ مەدە ، شار پیس مەکە، بەڵام خەلکی وا هەبوە خەریک بوە لێم بدات .

خەلکێک هەیە ئۆتۆمبێلەکەی بایی ١٠٠ هەزار دۆلارە ، بەلام بێ باکانە لە جامی ئۆتۆمبێلەکەی پاکەتی بەتاڵ و قوتی خواردنەوەی بەتاڵ فڕێدەداتە سەرشەقام.

ئاخر ئەو میللەتەی نەزانێ زبڵ و پاشماوە لە جێگەی دروستی خۆی دابنێ ، بێگومان ناشزانێ سەرکردە و پێشەوا لەجێگەی دروستی خۆی دابنێ.

-هەراسانکردنی خەلک بە ئۆتۆمبێل یا دەنگی مۆسیقا یا ئاهەنگ و بۆنەکان.

ئەو دیاردەیە بە داخەوە ڕۆژانە دەیان جار بەدی دەکرێ لەسەر شەقام و شوێنە گشتیەکان و سەیرانگاکان و هەمو شوێنێک، ئاستی هۆشیاریی و جوانیی ڕەوشتی هەر کەسێک بەندە بەڕادەی ڕێزگرتنی لە خەلکی تر و ئازادیەکانیان.

ئێستاش زۆرێک لە خەلکی بێئاگان لە کۆمەڵێک گوناهو تاوان و زۆر بێباکانە دەیکەن وەک، کە هۆرن لێدان و ئازاردانی خەڵک و ڕێگەگرتن و خێرایی زۆر یا زۆر لەسەرخۆیی کە ڕێگای خەلک بگری و هەراسانیان بکەی، تا ئێستاش زۆربەی خەڵک لەوە بێئاگان کە خێرایی زۆر و کارەسات و خەڵک کوشتن بە ئۆتۆمبێل وەک ئەوەیە کە بە مەبەست ئەو تاوانە ئەنجام بدەی .

-پشتگیری کردنی گەندەڵ و دیکتاتۆر.

لەوەتەی مرۆڤ هەیە بە دەست گەندەڵی و دیکتاتۆریەتەوە دەناڵێنێ، بەڵام ئەوەی لە گەندەڵ و دیکتاتۆر ترسناکترە سوپای مشەخۆران و کۆیلەکانن کە

پشتگیرییی گەندەڵان دەکەن لە پێناو دەسکەوتێ نانێک بە سەرشۆڕی یا ئافەرینێک.

هەمو پەیامبەران هاتون تا گەندەڵ و دیکاتۆران لەناوببەن و خەڵکی ئازادبکەن لە کۆت و زنجیری کۆیلایەتی و بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەری، پەیامبەران هەمیشە شۆڕشگێڕ بون دژی ستەمکاران و سەخت ترین ئەرکیان لەسەرشان بوە کە بریتی بوە لە گۆڕینی ڕای گشتی، هەر لەبەر ئەوەشە پەیامبەران پلەیان زۆر بەرزە چونکە هەڵگری سەخت ترین ئەرکن کە گۆڕینی ڕای گشتیە.

دیکتاتۆران هەمیشە سوپایەکی بەهێزیان هەیە کە تێرو پڕ و دڵرەق و بێ بەزەیین کە ئامادەن خۆشەویست ترین کەسی خۆیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندیی سەرۆکەکانیان، ئامادەن هەمو ڕێگایەک بگرنە بەر بۆ ڕێگریکردن لەهەر گۆڕانکاریەک بە ئاڕاستەی چاکسازی، چونکە هەر گۆڕانکاریەک دەبێتە مایەی لەقبونی پێگەیان و لەناوچونیان ، هەر لەبەر ئەو هۆکارانەشە کاتی هەڵبژاردن دەکرێ دەبینی دیکتاتۆران پارەیەکی یەکجار زۆر خەرج دەکان لە پێناو کڕینی دەنگ و بردنەوە لە هەڵبژاردن، بێگومان دەنگ فرۆشتن یاخود یارمەتیدانی دیکتاتۆران و کۆکردنەوەی دەنگ و ساختەکردن لە پێناو مانەوەیان گەورەترین تاوانە لێپرسینەوەی زۆر سەختی لەسەرە.

-ئازاردانی گیانەوەر و باڵندەکان.

هەمیشە دەڵێم ئەگەر لە وڵاتێک گیانەوەر و باڵندەکانیان لە مرۆڤەکان ترسان ئەوا ئەو وڵاتە خێری تێدا نیەو جێگای ژیان نییە، لە بەرامبەریشدا ئەو وڵاتانەی گیانەوەر و باڵندەکانیان لە ئارامی دەژین و لە مرۆڤ ناترسن جێگای خۆشی و بەختەوەریی مرۆڤن .

نوسەری گەورەی روسی فیۆدۆر دستۆفسکی دەڵێ:

" کۆمەڵگە بە هەلسوکەوتی لەگەل تاوانبارەکانی هەلدەسەنگێنرێ نەک هاولاتیانی ئاسایی "

لای من ، کۆمەڵگە بە شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ باڵندە و ئاژەڵان و خەڵکە فەقیر و لاوازەکانی هەڵدەسەنگێنرێ.

زۆر بە داخەوە دەبینم کە خەڵکی لێرە زۆر بێ بەزەیین و زۆر نامرۆڤانە ئازاری گیانەوەر و باڵندە بێ زیانەکان دەدەن، کە ئەوە لەڕاستیدا کارەساتە و هەمو گەورەکان لێی بەرپرسیارن بە تایبەت مامۆستایانی ئاینی و پەروەردکاران و دایک و باوکان.

لەو وڵاتانەی کە ئێمە بە بێدین ناویان دەبەین ئەگەر کۆترێک یا پشیلەیەکی بێ خاوەن بریندار بێ دەسبەجێ تیمەکانی فریاکەوتن دەگەنەجێ و دەیگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو و چارەسەری دەکەن و بەخێوی دەکەن تا کەسێک دەبێتە خاوەنی یا هەر لەوێ دەمێنێتەوە تا دەمرێ.

-گاڵتەکردن بە خەڵکی بە تایبەتی خەڵکی داماو یا خاوەن کێشەی دەرونی.

زۆر جار دەبینین لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان یا لە ژیانی رۆژانەمان خەلکانێکی نەفام گاڵتە بە کەسێکی فەقیر یا خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن یا کەسێک دێنن کە حاڵەتی دەرونی ناتەواوە یا کاڵفامە و کاتی پێ بەسەر دەبەن و گرتەی ڤیدیۆیی دەگرن و بڵاوی دەکەنەوە و شانازیی پێوەدەکەن، بێگومان ئەو کردەوانە ئەوپەڕی بێ ڕێزین بەرامبەر مرۆڤایەتی و لوتکەی بێ ویژدانی و بێ ڕەوشتین.

ئەگەر سەرنج بدەینە پێناسەکانی ڕەوشت تێبینی ئەوە دەکەین کە هەمویان لەیەک نزیکن و جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤ لەهەر کوێ بێ هەر مرۆڤە و هەمان پێکهاتەی هەیە ،ئەوشتەی کە دڵی من و تۆ خۆش دەکا بە هەمان شێوە کەسێکی ئەوروپی و هیندی و ئەمریکیش دڵخۆش دەکا ، وە ئەوەی کە نیگەرانیشمان دەکا بە هەمان شێوە ئەوانیش نیگەران دەکا.

هەروەها خاڵێکی دیکەش جێی سەرنجە ئەویش ئەوەیە کە هەمو بنەکامانی ڕەوشت لای هەمو گەلانی دونیا پەیوەست نین بە ئاینەوە (یا ڕونتر بڵێین ئەرکەکانی ئاین و بنەماکانی ڕەوشت لێک جیاوازن) لە کتێکدا لەناو میللەتی ئێمە هەمو شتەکان بە ئاین دەبەسترێنەوە.

ئەوهۆکارانەی کە جیاوازیەکان دروست دەکەن کەلتورو پەروەردە و ئاین بە شێوەیەکی گشتی، بێگومان هۆکاری دیکەش هەن بەڵام گرنگترین هۆکارەکان ئەوانەن کە ئاماژەمان پێکرد.

زۆر جار کەلتورو پەروەردە و ئاینی جیاواز بنەمای جیاواز لە ڕەوشت دێننەکایەوە ، کە ئەمەش زۆر ئاساییە، بەڵام جاری وا هەیە ئاین و کەلتور تێکەڵ دەکرێ و جیاکردنەوەیان زۆر ئەستەم دەبێ.

ئاین فەرمان بە مرۆڤ دەکا ڕەوشتی جوان بێ بەڵام مەرج نیە ئەوەی ئاینی نەبو بێ ڕەوشت بێ چونکە سەرچاوەی بە دەستهێنانی ڕەوشت هەر ئاین نیە .

زۆر خەلک هەن ئاینیان نیە بەڵام ڕەوشتیان زۆر بەرزە، لە بەرامبەریشدا خەلکێکی زۆر هەن کە ئاینیان هەیە بەڵام ڕەوشتیان زۆر ناشرینە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ، ڕەوشت بریتیە لە ژیانکردن بەشێوەیەک کە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک زیان بە دەوروبەر نەگەیەنێ، نەک هەر ئازاری مرۆڤ نەدا، بەلکو ئازاری ئاژەل و مێرولە و گیانەورە درندەکانیش نەدات، ڕەوشت واتە خۆشەویستیی هەمو شت، خەلک، ئاژەل و بالندە، ولات ، تا دەگاتە خۆشەویستیی دار و بەردیش .

ئەو هۆکارانەی باسمان کردن بە شێوەیەکی گشتی دیارترین کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم بیرکردنەوەی دروست و پێشکەوتنن، بێگومان ئەم کۆسپ و تەگەرانە ساڵانێکی زۆرە باڵیان کێشاوە بەسەر کۆمەلگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست،وە لە ئەنجامی ئەم شێوازە تەسکەی برکردنەوە و ژیانکردن لە تاریکی و دور لە کۆمەلگەی مرۆڤایەتی و ڕەوتی پێشکەوتن ، ئێستا ئێمە بە دەست کۆمەلێک نەریتی نامۆ و ناشرینەوە دەنالێنین کە بونەتە بەشێک لە کەلتورمان بە داخەوە، وەک دەزانین هەر بیرۆکەیەکی بچوک ئەگەر زەمینەی لەباری دەست کەوت گەشە دەکات سەرەتا دەبێتە گوفتار، پاشان دەبێتە کردار دواتر حاڵەت و پاشان دەبێتە دیاردە ، دیاردەش دەبێتە نەریت و دواتر دەبێتە شێوازی بیرکردنەوە ، پاشان دەبێتە بەشێک لەکەسایەتی تاک ، وە بە تێپەڕبونی کات دەبێتە کەلتور.

" باشترین ئوممەت ئەوانەن کە خۆشترین ژیانیان هەیە ، نەک دەنگخۆشترین قورئان خوێن و زۆرترین واعیز "

*   *   *

بەشی پێنجەم

جیاکەرەوەکانی کۆمەلگەی چەقبەستو

" ئەگەر هەر لەناو قاوغە بچوکەکەی خۆتەوە سەرنجی دەوروبەر بدەی ، بێگومان جیهان هەر ئەوەندەیە کە تۆ دەیبینی "

یەکەم : دابڕاو لە کاروانی مرۆڤایەتی

کاتێ کۆمەڵگە ناتوانێ لە قالبێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە بێتەدەر و ئامادەش نیە گوێ لە تاکە هۆشیارەکان بگەرێ بە بیانوی ئەوەی هۆشیارەکان کەمینەن یا پیاوی ئاینی نین ، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی نوستو یا بەنج کراو و بە تەواوی لە کاروانی پێشکەوتنی جیهان دادەبرێ.

مێشک وەک هەمو ئەندامەکانی تری لەش پێویستیی بە وەرزش هەیە، هەر ئەندامێکی لەش وەرزش نەکات و بەکارنەهێنرێ ئەوا لەکار دەکەوێ، ئەگەر سەرنج بدەی ئەوانەی نەخۆشن و ماوەیەکی زۆر لەسەر جێگا دەکەون و قاچەکانیان بەکارناهێنن ، کاتێک چاک دەبنەوە ناتوانن بڕۆن چونکە ماوەیەکی زۆرە قاچەکانیان کاریان نەکردوە، مێشکیش بە هەمان شێوە ، ئەگەر هەموکات وەرزشی پێ نەکەین و قوڵ بیرنەکەینەوە و نەخوێنینەوە ئەوا لاواز دەبێت و باش کارناکات.

کۆمەڵگەی ناهۆشیار چونکە ئاستی رۆشنبیریی نزمە ،تاکەکانی وا دەزانن کە هەمو شت دەزانن، ئەمەش خەسلەتی مرۆڤی نەزانە، چونکە زاناکان ئەوانە کە هەمیشە بە دوای فێربونن، هەرکاتێک مرۆڤ بریاری دا چیتر نەخوێنێ، نەخوێنێتەوە یا فێر بێ ، ئەوا ئەو مرۆڤە مردوە، چونکە تەنها مردو لە پێشکەوتن دەوەستێ.

تاکەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی کات لەسەر ئەو رێچەکەیە دەڕۆن کە باوانیان لەسەری بون، بێ ئەوەی رۆژێک لە رۆژان بیر لە ڕاستی و دروستیی رێچکەی باو بکەنەوە.

ئەم کێشەیە کێشەی سەرەکیی هەمو پەیامبەران بوە بە درێژایی مێژو، هەرکاتێک پەیامبەران پەیامی نوێیان هێناوە بۆ میللەتان ، ئەوان گوتویانە **" ئێمە لەسەر رێچکەی باو و باپیرانمان دەڕۆین ".**

قورئانی پیرۆز لە زۆر جێگە ئاماژە بەو دیاردەیە دەدات.

گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە سەختترین ئەرکە، هەرلەبەر ئەوەشە پەیامبەران ئەرکیان زۆر سەختەو پاداشتیان زۆر گەورەیە.

ئەم رۆیشتنە لەسەر رێچکەی باو و باپیران تەواو جێبەجێکردنی بەرنامەیەکە بە ناوی دروستکردنی دەبەنگی (**صناعة الغباء**)،کە تیایدا کۆمەڵگە بە شێوەیەک لە قالب دەدرێ بە هیچ شێوەیەک لە دەرەوەی بازنە دیاریکراوە باوەکە بیرنەکاتەوە، خۆ ئەگەر بڕیاری دا لەو سنورە دەربچێ ئەوا تۆمەتبار دەکرێ بە جۆرەها تۆمەتی سەیرو سەمەرە.

زانست زۆر بە خێرایی پێش دەکەوێ، ئەگەر ئێمە هەمیشە لە خەمی گەنجینەی هزری خۆمان نەبین، ئەوا لە جیهان دادەبڕێین و کاتێک دەچینە دەرەوەی وڵات خۆمان وەک (یارانی ئەشکەفت-اصحاب الکهف) دێتە بەرچاو، ئەگەرچی ئەوان تەنها ٣٠٩ ساڵ خەوتن، بەڵام کە خەبەریان بوەوە دنیا زۆر گۆرابو، ئەوانیش دەبوایە بچنەوە خەوی خۆیان چونکە خوای میهرەبان باش دەزانێ ئەگەر کەسێک ٣٠٩ ساڵ دابڕێ لە کاروانی مرۆڤایەتی ئەوا ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک لەگەل مرۆڤەکانی ئەمرۆ بژی، ئەی دەبێ حاڵی ئێمە چۆن بێ کاتێک ئێمە زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵە دابڕوین لە پێشکەوتن و شارستانیەت !

ئەوەی تێبینیی مێژو بکا دەبینێ کە لە دوای سەدەی ١٧ زۆربەی پێشکەوتنە مەزنەکان دەرکەوتن و سەدەی ١٨ و ١٩ بە قەد هەمو مێژوی مرۆڤایەتی داهێنان و پێشکەوتنیان تێدا بەدی دەکرێ.

سەدەی ٢٠ سەرسورهێنەرتربو لە سەدەی پێش خۆی ،سەدەی ٢١ یش بێگومان خێراتر پێش دەکەوێ،چونکەئامرازەکان زیرەکتر بون و کەرەستە و تەکنۆلۆجیای باشتر و کاراتر بەردەستن.

پێشکەوتنی ولاتان نە سیحرە و نە موعجیزە ،پێشکەوتن یاسای سروشتە ،خوای گەورەش فەرمویەتی :

- **وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾** النجم.

" بەڕاستی ئادەمیزاد ئەوە بەدەست دێنێ کەخۆی هەوڵی بۆ دەدا "

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوەبکەین کە خوا فەرمویەتی (انسان) واتە هەر کەسێک هەوڵ بدا دەگاتە ئامانج، مسولمان،بوزی،بێباوەڕ، گرنگ نییە ،ئەوە یاسایە و گۆرانکاریی تێدا ناکرێ.

بە داخەوە زۆرجار دەبیستم کە بانگخواز یا مامۆستای ئاینی باسی ئەوە دەکەن کە دوعاکردن یا نوێژکردن و رۆژوگرتنی زۆر سامانی مرۆڤ زیاد دەکەن ، یا مسولمان لای خوا خۆشەویستە و خوا سامانی پێدەبەخشێ بەلام بە بێدینی نابەخشێ ، ئەگەر پێشێ ببەخشێ ئەوا غەزەبە و توشی بەڵای دەکات. ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە تەواو پێچەوانەی یاسای سروشت و تەنانەت ویستی خوداشە.ئەگەر بە خواپەرستی و دوعا سامانی زیاد بکردایە دەبو ئێستا هەمو ولاتە ئەوروپیەکان و ئەمریکا لە برسا بمرن و هەمو ولاتانی ئیسلامیش وەک پاشا بژین،بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێ تەواو پێچەوانەکەیەتی !

خودا لەگەل کارکردنە و مرۆڤی تەمبەلی خۆش ناوێ،مسولمانێتی و بڕواداریش بە دروشم و دوعا نییە بەڵکو بە کارکردنە.

ئێمە کۆمەلگەیەکی نوستوین ، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیان بینیوە ئەو ڕاستیە دەزانن، بەڵام ئەوانەی هەر لە سنوری ٣ شار ژیاون لەوانەیە ئەم قسانە بە زیادەرۆیی یان ناڕاست لە قەلەم بدەن.

بڕوا بکەن هەرجاری سەردانی ولاتێک دەکەم گریانم دێ، چەندین جار توشی خەم و بیرکردنەوەی زۆر قول بوم لە سەفەرەکانم لە جیاتی ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر ببەم.

لە وڵاتێکی وەک چین کە دانیشتوانەکەی زیاترە لە ملیارێک و ٣٠٠ ملیۆنە، واتە ٢٦٠ جار ئەوەندەی هەرێمەکەی خۆمان، بڕوابکەن کەسێک نابینی تورە بێ یا شەڕ بکا، کەسێک نابینی ولاتەکەی خۆی پیس بکا، کەسێک نابینی بێ کار بسوڕێتەوە یا خەریکی دۆمینە و کۆنکان بێ، راستە ئەوانیش مرۆڤن و یاریش دەکەن ، بەڵام دوای ئەوەی ٨ کاتژمێر یا زیاتر کاردەکەن .

منداڵ لە دەرەوە نابینرێ لە کاتێکدا بەقەد ٥٠ دەوڵەت منداڵیان هەیە ، لای خۆشمان باوک لە چایخانەیە و منداڵەکانی یا خەریکی گەرانن لە کۆڵانەکان یا لە ترافیک لایتەکان خەریکی سواڵن.

نمونەی چین تەنها لەبەر یەک هۆکار دەهێنمەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەوان زۆربەی کات خەریکی کارکردن و بیرکردنەوەن لە داهێنان، دەبێ هەمومان درک بەو ڕاستیە بکەین کە تەواوی مرۆڤەیەتی ئەمڕۆ لە سایەی داهێنانەکانی خەلکانێک حەساونەتەوە کە ئێمە بە نەزانیی خۆمان بە بێ باوەڕ و پیس و بێ ڕەوشت ناویان دەبەین.

یەکێک لەو مامۆستا ئاینیانەی کە دەیناسم لە نزیکەوە، سەردانی وڵاتی کۆریای کرد چەند ساڵیک لەمەوبەر، زۆر سەرسام ببو بە ڕێکو پێکی و خاوێنی و پێشکەوتنی کۆریا و لە یەکێک لە قسەکانی کە خۆم ئامادەبوم، گوتی :

" بڕوابکەن شەقامەکانی کۆریا لە ناو مزگەفتەکەی من خاوێنترە" .

ئەگەر کۆمەڵگە نوستو نەبێ چۆن دەبێ قبوڵ بکا ماڵی خودا پیس بێ ؟ چۆن ویژدانی قبول دەکا شەقامی خەڵکی بت پەرست و مشک پەرست لە ماڵی خودا خاوێنتر بێ ؟

ئەگەر سەرنجی سیستەمی خوێندن بدەین لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست ئەوا هەست بە نائومێدیی زۆر دەکەین .

خوێندن لەم ناوچەیە مرۆڤ فێری شتی بەسود ناکات بە داخەوە،

ڕەنگە بڵێن پرۆگرامەکانی خوێندن باشن یا لەم سالانەی دوایی گۆرانکاریی زۆریان تێدا کراوە.

بەڵێ راستە ، بەلام خۆ مەرج نیە ئەگەر پرۆگرامەکانی خوێندن باش بون ئەوا سیستەمی پەروەردەش باش بێ !

کێشە لە پرۆگرام نیە، کێشە لە قوتابیش نیە، چونکە تاکی ئێمە ئەگەر لە خەلکی ولاتانی تر بلیمەت تر نەبن ئەوا هیچیان لەوان کەمتر نیە، مەسەلەکە شێوازی

پێدانی بابەتەکانە لە لایەن مامۆستاکانەوە، هەروەها شێوازی بیرکردنەوەی سادە، کە قوتابی وا لێ ناکا بیربکاتەوە بەڵکو دەیەوێ وەک توتی هەرچیی پێ وترا لەبەری بکات و لە تاقیکردنەوە باشترین نمرە بێنێت ، کە ئەوەش کوشتنی رۆحی داهێنان و پوکاندنەوەی توانا زۆرەکانی تاکە.

لە کۆمەڵگەکانی ئێمە خەڵکی بۆ خۆیان ناخوێنن ، بەڵکو بۆ ئەوە دەخوێنن بە ببن بە شتێک پارەیەکی زۆر لە کاتێکی کەم پەیدا بکەن ، واتە بە کەمترین ماوە دەوڵەمەند ببن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە لە هەرچی قوتابی پۆلی ١٢ هەیە بپرسە دەڵێ حەزدەکەم ببم بە دکتۆر یا ئەندازیار.

ئەوەی ئێمە تەواو لێی بێ ئاگاین و فەرامۆشمان کردوە خولیا و حەزەکانی نەوەکانی خۆمانە، زۆربەی زۆری منداڵ ئەگەر سەرپشکی بکەی هەر لە منداڵیەوە لێی بپرسە ناڵێ حەزدەکەم ببمە دکتۆر مەگەر بە دەگمەن.

ئێمە دێین بێ گوێدانە حەز و توانای منداڵەکانمان وایان ئاراستە دەکەین کە ئەگەر نەبن بە دکتۆر یا ئەندازیار ئەوا دۆڕاو و نەزانن و لە دوارۆژ نابن بە هیچ !

ئێمە بە دەستی خۆمان دوارۆژی منداڵەکانمان لەبار دەبەین بێ ئەوەی هەست بکەین.ئەگەر کەسێک نمرەی لە سەروی ٩٠ بێ و بڵێ دەچمە کۆلێژی هونەر هەر هەمو خزم و هاوڕێ و کەسەکانی بە شێت ناوی دەبەن و کارێکی وای پێدەکەن هەر شەرم بکا جارێکی تر باسی حەز و ئارەزوەکانی خۆی بکات.

ئێمە دێین تاکێک دەکەین بە دکتۆر کە زۆر حەزی لە هونەرە، یەکێکی تر دەکەین بە ئەندازیار کە هەمو ژیانی حەزی لە مامۆستایەتی بوە.

ئەندازیارێکی نەوت بەرهەم دەهێنین کە هەموژیانی حەزی لە نواندن بوە، هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی خەڵکی بدوێنە دەبینی نارازین لە کارەکانیان و ئەو کارە ناکەن کە خۆیان حەزیان لێیە ، بەمەش نەک ناتوانن داهێنان بکەن بەڵکو کارەکەش بە تەواوی ئەنجام نادەن .

باسی تواناکان و بیرکردنەوەی مامۆستاش ناکەم، هەرچەندە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ئاستی بواری پەروەردە بەڵام ناکرێ گلەیی لە کەسانێک بکەین کە قوربانیی سیستەمێکی بێ کەڵکن .

مامۆستای بەستەزمان کە خۆی فەقیرە چۆن بتوانێ قەناعەت بە قوتابیی بکات کە خوێندن گرنگە و دوارۆژی پرشنگداری قوتابیان بەندە بە خوێندن کاتێک دەوروبەرمان پڕە لە خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بێکار و فەقیر و نەخوێندەوار و دزی دەوڵەمەند ؟

خاڵێکی زۆر گرنگیش هەیە کە نابێ لە بیری بکەین ، پەروەردە لە وڵاتانی دواکەوتو بریتی نیە لە تاقیکردنەوەی تواناکانی تاک ، بەڵکو بریتیە لە تاقیکردنەوەی توانای لەبەرکردنی بابەتەکان و دارشتنەوەیان لە کاتی تاقیکردنەوەکان، بەمەش تاکێکی توتی ئاسا پێ دەگەیەنین کە دەزانی شتەکان بڵێ بەلام نازانێ مانایان چییە یا ئەگەر ماناشیان بزانێ ناتوانێ بیانکاتە کردار چونکە بیرکردنەوەی سنورداره و لە چوارچێوەیەکی تەسک گیراوە و فێرنەکراوە بە بیرکردنەوە بگاتە ئەنجام.

بە شێوەیەکی گشتی خوێندن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک هەر خەڵک رۆشنبیر ناکات بەڵکو زۆر جار زیاتر نوقمی نەزانییان دەکات .

نەزانین ئاساییە ئەگەر مرۆڤ دانی پێدا بنێ ، هەمومان نەزانین بەشێوەیەک لە شێوەکان ، بەڵام پێویستە دان بەوە دابنێین کە نازانین و پێویستە فێربین .

خاڵێکی گرنگ هەیە دەربارەی خوێندن کە جێگەی ئاماژەپێکردنە ، ئەویش ئەوەیە کە خوێندنی فەرمی هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە دواقۆناغ خاڵییە لە گرنگترین وانەکانی ژیان کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- مرۆڤایەتی:

خوێندن فێری زۆر شتمان دەکات بەڵام بە داخەوە فێری ئەوەمان ناکات کە چۆن مرۆڤێکی باش بین، رەنگە ئەمەش هۆکارەکەی تەسک بیرکردنەوەی پەروەردەکاران بن ، ئەوانەی ئەقلیان لەسنوری شارەک یا وڵاتەکەی خۆیان زیاتر

برناکات، له کاتێکدا ئێمه پێویسته هەمو مرۆڤایەتی به یەک چاو تەماشا بکەین، ئەوکات دەبین به مرۆڤ.

مرۆڤبون بەرزترین پێگەیه که بتوانین پێی بگەین ، مرۆڤبون سنورەکەی زۆر فراوانه و هەمو سنورەکانی وەک نەتەوه و زمان و ئاین و نەژاد و رەگەز ، ..... دەبەزێنێ .

بۆیه پێشێنان وتویانه :

" ئەگەر هەستت به ئازار کرد ئەوا زیندوی، بەڵام ئەگەر هەستت به ئازاری خەڵکی کرد ئەوکاته مرۆڤی".

٢- ڕەوشت:

ڕەنگه بڵێین قوتابخانه فێری ڕەوشتمان دەکات بەڵام به داخەوه وانیه، مەگەر له چەند ولاتێکی دیاریکراو ، ژاپۆن وەک نمونه زۆر گرنگی دەدەن به رەوشت و قوتابی هەر له قۆناغی یەکەمەوه تا قۆناغی ٧ وانەیەکیان هەیه به ناوی (ڕێگا بەرەو ڕەوشت)، هەر لەبەر ئەوەشه که ژاپۆنیەکان لەڕوی ڕەوشتەوه به پێوانه جیهانییەکان یەکەمن له جیهان.

٣- خۆشبەختی:

ڕەنگه گرنگترین شت له ژیانی مرۆڤ خۆشبەختی بێت، که به داخەوه نه له قوتابخانه و نه له هیچ جێگایەک وانەی خۆشبەختی دەخوێنرێ، مرۆڤ هەمیشه به دوای خۆشبەختی وێله، هەزاران کتێب و گۆڤار و بەرنامه و خول هەن هەمویان ئامانجیان گەیاندنی مرۆڤه به خۆشبەختی بەڵام بێهوده هەمویان دەستەوەستانن چونکه خۆشبەختی به دەست ناهێنرێ بەڵکو دروست دەکرێ ، ئەویش به بەخشین نەک وەرگرتن ، رەنگه زۆرکەس سەکەوتن و خۆشبەختی به هاومانا بزانن و واتێبگەن که سەرکەوتن واته خۆشبەختی .

ئایا هەمو خۆشبەختێک له ژیان سەرکەوتوه؟

بەڵێ ، خۆشبەختەکان سەرکەوتون .

ئایا هەمو سەرکەوتوێک لە ژیان خۆشبەختە؟

نەخێر، چونکە سەرکەوتن واتە بە دەسهێنان، بەڵام خۆشبەختی واتە بەخشین.

ملیۆنێرێک دەڵێ:

" دەوڵەمەند بوم هەموشتم هەبو ، سەرکەوتو بوم بەڵام خۆشبەخت نەبوم ، دەستم کرد بە بنیاتنانی ڤێللای سەیر و جوان ، چەند سالێکم بەسەربرد بەڵام دوبارە هەستم کرد خۆشبەخت نیم، گوتم رەنگە خۆشبەختی لە شتی تردا بێت ، شتی تریشم تاقیکردەوە وەک کڕینی ئەنتیک و شتی کۆنەی بەنرخ، دیسان خۆشبەخت نەبوم، رۆژێکیان لە خانەی کەمئەندامان پێویستییان بە هەندیك کەرەستە هەبو ، منیش بەشداریم کرد و کۆمەڵێک کورسیی کەمئەندامیم کردە دیاری، دیاربو لە رۆژی دابەشکردنی دیاریەکان بانگهێشتیان کردبوم ، منیش چوم ، لە دوای بەخشینی دیارییەکان و سوپاسکردن بەپەلەبوم کە بڕۆم، هەستم کرد کەسێک توند قاچەکانی گرتوم، سەرنجم دا منداڵیکی کەمئەندام بو لەسەر کورسییە نوێیەکەی، پێم گوت فەرمو ، کارێکت بە من هەیە ؟ وەڵامی نەبو ، دوبارە ویستم بڕۆم قاچەکانی بەرنەدام ، گوتم رۆڵەگیان ئەگەر کارێکت هەیە فەرمو لە خزمەتم ئەگینا دەڕۆم کارم زۆرە .

منداڵەک بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوەگوتی ، حەزدەکەم جوان سەرنجت بدەم تا لە خزمەت خودا بڵێم خوایەگیان ئەوپیاوە بو کورسیی بە من بەخشی تا بتوانم تۆزێک وەک مرۆڤەکان بێم و بچم ، خوای گەورە هەمیشە خۆشبەخت وسەرکەوتوت بکات.

کە ئەو قسانەم بیست سەراپا گیانم جۆشی داو تەزوێکی وا بەلەشم داهات کە هەرگیز هەستم پێ نەکردبو، چونکە تا ئەو ساتە نەمدەزانی خۆشبەختی وا تە بەخشین نەک بە دەست هێنان ".

خوای گەورەش دەفەرموێ :

- لَن تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ ۚ وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ ﴿٩٢﴾ ال عمران.

" هەرگیز ناگەنە پلەی چاکی و مرۆڤبون هەتا لەو شتانەی کە خۆشتان دەوێن نەبەخشن، هەر شتێکیش ببەخشن ئەوە خوا ئاگادارە".

بەڵام دەبێ ئاگاداربین بەخشین واتە بەخشینی ئەو شتەی کە خۆشەویستە ، نەک ئەوەی کە ئیتر کەڵکی نیە !

بەخشینی چاکەتێک یا پێڵاوێک دوای کۆن بونی مانای بەخشین نییە ، کاتێک نوێیە ببیبەخشە.

دەوڵەمەندان بۆ دەولەمەندانی تر جوانترین و بەهادارترین دیاری دەبەن ، بەڵام بۆ هەژاران (کە بۆ خودایە) جلی کۆن و کەلوپەلی کۆن دەبەخشن .

بە داخەوە ئێمە بە گشتی لە ناو شەمەندەفەرێکین بە پێچەوانەی ئاراستەی پێشکەوتنی شارستانیەت و مرۆڤایەتی رێدەکات، ئەگەر زو لێی دانەبەزین دەمانگەرێنێتەوە سەردەمی چاخی بەردین، تا زو دابەزین باشترە، چونکە هەرچەند دوابکەوین باجی گەورەتر دەدەین.

" ئێمە دەمێکە دابراوین لە کاروانی شارستانیەت ، ئەگەر دانی پێدانەنێین هەرگیز بە کاروان ناگەینەوە "

* * *

دووەم: تەمبەڵ و بێ بەرهەم

یەکێ لە جیاکەرەوەکانی کۆمەلگەی دواکەوتو بریتیە لە تەمبەڵی . کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست چونکە زۆربەی تاکەکانی کارمەندی حکومەتن و کارەکانیان ئاسانە توشی تەمبەڵی دەبن. ناهەقیش نین لەلایەک کارەکانیان ئاسانە و هەموی رۆتینێکی کۆنی دوبارە و سەد بارەی بێزارکەرە ، لە لایەکی تریشەوە کاتی کاردکردنیان کورتە ،بە گشتی لە بەیانی تا نیوەرۆیە، یا تۆزێک پاش نیوەرۆ ، زۆرێکیش لە کارمەندان لەکاتی کارکردنیش ئیشێکی ئەوتۆیان نیە. ئەمەش دەبێتە هۆی تەمبەڵی و بێتاقەتیی کارمەند، دوای ئەوەی لە کارکردنیش دەگەرێتەوە کاتێکی زۆری بە دەستەوەیە نازانێ چیی لێ بکا، ناچارە بە فیرۆی بدا، بە چونە بازار، یا کافێ و گازینۆ یا سەرقالبون بە سۆشیال میدیا و میدیا بینراوەکان بە تایبەت کەنالەکانی تەلەفزیۆن.

بەشێکی کەم لە خەلکی کاری سەربەخۆ دەکەن، ئەوان زۆربەی کات خەریکی کارن و کاتی بەتاڵیان کەمترە ، کەمینەیەکی زۆر کەم خەریکی بیرکردنەوە و داهێنانن لە کارەکانی خۆیان.

بە گشتی تاکەکان بە پێی داهێنان بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

داهێنەرەکان ٢.٥% ، ئەوانەی هەمیشە شتی نوێ دادەهێنن.

وەرگرانی زو لە داهێنانەکان ١٣.٥% ، ئەوانەی زو داهێنان قبوڵ دەکەن.

زۆرینەی وەرگری سەرەتایی ٣٤% ، ئەوانە درەنگتر داهێنان قبول دەکەن .

زۆرینەی وەرگری لەسەرخۆ ٣٤% ، ئەوانە زۆر درەنگتر داهێنان قبول دەکەن.

خەوتوەکان ١٦% ، ئەوانە هەر وەری ناگرن (ناویان دەنێم بەنج کراوەکان)[1]

ئەگەر لە دەوروبەری خۆمان وردبینەوە داهێنەری باش بەرچاو دەکەون، بەڵام چونکە تۆوی پاک لە خاکی پیس نارووێت ، داهێنەرەکان لێرە دەرناکەون ، ئەگەر

---

[1] Simon Sinek . Start with why

دەریش بکەون کەس قەدریان نازانێت و داهێنانەکانیان بە کەم دەنرخێنرێ، یا هەر بایەخیان پێ نادرێ.

ئێمە بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی زۆر ژیر و داهێنەرمان تێدایە بەڵام بە داخەوە داهێنەر بە تەنها هیچی پێ ناکرێ، دەسەڵاتیش داهێنەری ناوێ چونکە هۆشیاری واتە نەمانی گەندەڵی، نەمانی گەندەڵیش مانای نەمانی دیکتاتۆریەت و مانای نەمانی هەمو دەسەلاتەکانی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست.

من برادەری نزیکی خۆم هەیە فرۆکەی دروست کردوە، داوای پشتگیریی کرد لە حکومەت، بە چاوی خۆم بینیم ، لایەنێکی زۆر گەورە بە دەست و خەتێکی ناشرین لەسەر نوسراوە فەرمیەکە نوسیبوی **" ئەمە داهێنان نییە"**

زۆر سەرسام بوم، چونکە هەر دوای ماوەیەک لیستی داهێنەرانیان بڵاوکردەوە،کە تیایدا زیاتر لە ٥٠٠ کەس ناویان هاتبو ، پاشان خەلات کران ، زۆربەی ئەوانەی وەک داهێنەر ناویان هاتبو گۆرانی بێژ ، پێشکەشکاری بەرنامە یا شاعیر بون، بەلام کارەسات ئەوەیە ئەم داهێنەرانە نە هیچیان داهێناوە و نە هیچیش لە هونەر دەزانن ، زۆرێک لەوان لە خەویش هونەرمەند نەبون ، بێگومان ئەو برادەرەی منیشی تێدا نەبو.

تاکی بەرهەمهێن و ئازا کار لەسەر ئەوە دەکات بە کۆکردنەوەی ئاگر و بەنزین و ئاوی کوڵاو و رۆنی داغ ، شتێکت بۆ دروست بکات کەلە جیاتی گالیسکە و ولاغ سواری بیت و بێ ماندوبون و بە خێراییەکی زۆر و دور لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان ئەمسەر و ئەوسەری وڵاتت پێبکات ،کەچی تۆش نەک نازانی دروستی بکەی ،بەلکو نازانی وەک پێویست بەکاریشی بێنی .

رۆژ نییە سەدان کەس نەبنە قوربانیی کارەساتی ئۆتۆمبێل و سەرکێشییەکانی خەلکی ناهۆشیار، خەلکی هۆشیاریان هەیە بۆیە لە کۆکردنەوەی ئەم هەمو شتە ترسناکە ، ئارامی و خێرایی و سەلامەتیمان پێدەبەخشن ،کەچێ ئێمە چونکە نازانین دروست بیربکەینەوە ، لە وڵاتێکی وەک بەهەشت دۆزەخ بە دەستی خۆمان دروست دەکەین .

لەکۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکی گوێڕایەڵ و بێدەنگ و شەرمن زۆر پەسەند و تاکی یاخی و ئازاد و خاوەن هزر بەدناوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە داهێنەران و ئازاکان ولات جێ دەهێڵن ، کارەسات ئەوەیە لەناو بازار و کاریش ئەم نەریتە باوە،کارمەندی باش ئەو کارمەندەیە کە کارەکەی خۆی دەکات و هیچ گلەیی و داواکاری و ڕەخنە و پێشنیاری نییە،زۆرجار کارمەند زۆر لە ئەرکەکانی خۆی زیاتر دەکات و کاری چەند کارمەندێکی تریش دەکات، سەری مانگیش وەک ئەوان موچە وەردەگرێ، بلیمەتێک کە کاری خۆی و کارمەندانی تریش دەکات و یارمەتیی بەڕێوەبەرەکەی دەدات و هەمیشە شتی نوێ فێری کارمەندان و هاوپیشەکانی دەوروبەرەکەی دەکات وەک کارمەندێک موچە وەردەگرێ کە تەنها دێتە سەر کار و دەچێتەوە ماڵ .

ئەوەی خوارەوە، چیرۆکی برادەرێکی زۆر نزیکی خۆمە ،دەرچوی ئینگلیزییە و زۆر بلیمەتە ،چەند ساڵیش پێکەوە وەرگێڕی زمان بوین،لە کۆمپیوتەریش بلیمەتە و خوێندنەوەی فراوانیشی هەیە لە زۆر بوار،لە یەکێک لە وەزارەتەکان کاردەکات و کاری چەندین کەس رادەپەڕێنێ ، یارمەتیی هەموان دەدات بە بەڕێوەبەری گشتیشەوە.

موچەکەی زۆر کەمە و کارەکەشی قورسە چونکە ئەو دەبێ هەموان فێربکا، زۆر جار کاری باشم خستۆتە بەردەمی کە ٢ تا ٣ ئەوەندەی موچەکەی خۆی بوە و لە جێگای زۆر چاکیش، بەلام ئەو هەر بڕوای بەوەیە کە مانەوە لەم زۆنگاوە باشترە. ئەو هێند نائومێدە لە ئاییندە هەمیشە دەڵێ دەڕۆم و ئەو ولاتە بەجێ دەهێڵم، ناهەق نییە چونکە بلیمەتەکان لەم زۆنگاوە هیچکەس سودیان لێ نابینێ تەنانەت سودی خۆیشیان نییە و ناتوانن بە ئاسودەیی بژین.

من کە وەک ئەو برادەرەم بوم چەند مانگێکی کەم توانیم بەردەوام بم و وازم هێنا،دەستم کردە کارکردن لەکەرتی تایبەت، ئەگەرچی توشی هەمان کارەسات بوم،کەرتی تایبەتیش لەلایەن هەمان خەلک و هەمان بیرکردنەوەو بەڕێوەدەبرێ،چاوەڕێ ناکرێ کەرتی تایبەتیش زۆرلە گشتی باشتر بێ، بۆیە توشی زۆر کێشە و گرفت بومەوە لەگەل خاوەن کارەکان.

خاوەن کارەکان کارمەندێکیان ناوێ داوای ماف بکا،ئەوان کارمەندی گوێڕایەڵ و بێدەنگیان دەوێ، لە چەندین کار داوای مافی کارمەندانم کردوە پاشان خۆم بوم بە قۆچی قوربانی.

سالی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦ وەرگێری زمان بوم لەگەل سوپای کۆریای باشور ، کە لەهەولێر کامپێکیان هەبو بە ناوی کامپی زەیتون.

ئێمە کۆمەلێک وەرگێری زمان بوین لەوێ کارمان دەکرد،کۆریەکان چونکە سەرباز بون، وەک سەرباز رەفتاریان دەکرد و ئێمەش کارمەندی نوسینگە بوین بێگومان سەرباز نەبوین تا وەک سەرباز مامەلەمان لەگەل بکرێ.

بەشێکی زۆری وەرگێرەکان تەنها دوانی لێ دەرچێ،من و یەکێکی تر کە پێش من وازی هێنا، قایل بون بەوەی وەک سەرباز رەفتاریان لەگەل بکرێ،وەک سواربون لە دواوەی بارهەلگری سەربازی بۆماوەی چەند کاتژمێرێک بە سەرما و گەرما و باران ،بێ ئەوەی سەری بارهەلگرەکە داپۆشراو بێ،زۆرجار ئۆتۆمبێلی ئاسایی وەک جێب لەگەل کاروانی ئۆتۆمبیلەکان هەبون،چەندین جار داوامان کرد ،لەراستیدا من بوم هەمیشە داوام دەکرد کەئێمە سواری ئۆتۆمبێلێک بین کە تۆزەک سەلامەت یا گونجاو بێ،یا لانی کەم لەپشتی ئەو بارهەلگرانە بین کە سەریان داپۆشراوە، بەلام چونکە تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم داوامان دەکرد هەرگیز بە گوێیان نەدەکردین. سەیر لەوەدایە وەرگێرێک هەبو رۆژێکیان گوتمان با هەمومان نارازی بین پێکەوە،ئاخر باران و چلەی زستان بو دەبو ئێمەش سواری پشتی بارهەلگری سەربازی بین کە سەریشی کراوە بو، یەکێک لە وەرگێرەکان گوتی:

" من ئامادەم سواربم گەر پریش بێ لە پیسایی ئاژەل"

لە راستیدا من ئەوکات زۆر نیگەران بوم،دوای ماوەیەکیش هەر ئەم هۆکارە بو وایکرد واز لە کارکردن بهێنم لەوێ ،چونکە رۆژێک فەرماندەیەکی سەربازیی گەورە پێی گوتم:

" تۆ زۆر داوای شت دەکەی "

دیارە داواکردنی شتەکان تەنها داواکردنی رێزگرتن بو، بەلام چونکە من بە تەنها داوام دەکرد ،هەر من بومە قۆچی قوربانی !

ئەوان لەوە تێنەگەشتبون کە کارمەند هەم ئەرکی لەسەرشانە و هەم مافیشی هەیە.

هەر لەو داوایانەش کە کردمان ،بەکارهێنانی هۆڵی وەرزش بو کە زۆربەی کات چۆڵ بو،بەلام چونکە داواکە گشتی نەبو ئەویش رەتکرایەوە.

لاتان سەیر نەبێ ، داوای یەک ئاودەستم کرد کە دروستی بکەن، چونکە ئاودەستەکانی ئەوان هەموی شێوازی رۆژئاوایی بون لەکاتێکدا سەدان ئاودەست و گەرماو و هۆل و کابینەی جۆراوجۆریان دروست دەکرد ، ئەویش نەکرا .

رەنگە ئەو شتانەی باسی دەکەم خەلکێک بە سەیر یاخود لاوەکیی بزانن،بەڵام کاتێک تۆ ئامادەبوی بە هەمو مەرجێک کاریکەی ئیتر بوارێک نامێنێتەوە بۆ رێزگرتنی کارەکەی خۆت و خەلکیش بە کەم لە کارەکەت دەڕوانن ،ئەوکات هەرچییەک داوابکەی رەتدەکرێتەوە.

هەروەک چۆن حکومەت لە سالی ٢٠٢٠ کەمتر لە ٤ موچەی بە فەرمابەرانی داوە و کەسیش قسە ناکا،بە هەمان شێوە ئەگەر لە ٢٠٢١ موچەیەکیش نەدا،رەنگە خەلکی لایان ئاسایی بێ.

بەخۆرایی نەوتراوە ،ماف دەسەنرێ،نادرێ.

هەر ئەو برادەرەی کە ئامادەبو لەناو بارهەلگری پڕ لە پیسایی سواربێ ،دوای تەواو بونی کارەکەی لەوێ بو بە شوفێر لە رێکخراوێک، زیاتر ١٠ ساڵە هەر شوفێرە لەکاتێکدا توانای زۆر لەوە زیاتری هەیە و دەرچوی ئینگلیزییە،بەڵام چونکە ئامادەبو بە شتێکی کەمتر لەخەونەکانی قایل بێ هەرگیز ناگاتە پلەی بەرزتر.

لە کۆمەلگەکانی ئێمە بە تایبەت لە کەرتی گشتی تاکەکان تەنانەت کارەکانی خۆشیان بە چاکی و بە رێکوپێکی جێبەجێ ناکەن چونکە کارەکانیان ئاسان و بێ ئەرزشە و هەست دەکەن وەک رۆبۆتیان لێهاتوە ، لەلایەکی تریشەوە

دەستخۆشی و خەلاتکردن نییە، ئەگەر هەشبێ گشتییە، واتە کارمەندی باش و خراپ بە تێپەڕینی کات وەک یەک موچەی زیاد دەکات . ئەمە لە ڕاستیدا تاوانە و کوشتنی رۆحی داهێنانە، چونکە تاکەکان هیچ کات وەک یەک نین لە توانا ولێهاتویی.

کۆمەلگەی تەمبەڵ کۆمەلگەیەکی بێ بەرهەمە، هەمیشە پشت بە خەلکی دەبەستێ تەنانەت لە دابینکردنی سادەترین پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی.

ئەگەر سەرنجی کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بدەین دەبینین لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان پشت بە ولاتانی خۆرهەلاتی ئاسیا و ولاتانی رۆژئاوا دەبەستن، خۆ ئەگەر سەرنجێک بدەینە دەوروبەری خۆمان دەبینین هەمو پێداویستیەکانمان بە دەستی ئەوانە دروست کراون کە ئێمە بە نەزانیی خۆمان بە پیس و بێ بێدین و نەزانیان دادەنێین زۆر جار.

نازانم بەرهەمی ئێمە دەبێ چی بێ ؟ ئێمە لە زبڵ و پاشماوە زیاتر چ بەرهەم دێنین؟

تەنانەت لە زانستیش کاتێ بمانەوێ بروانامەی بەرز بەدەست بێنین رودەکەینە ولاتانی دەرەوە چونکە ولاتەکانی خۆمان خێریان تێدا نییە.

بەرپرسان و دەولەمەندان کاتێ بچوکترین کێشەی تەندروستییان دەبێ سەردانی دەرەوەی ولات دەکەن،تەنانەت بازرگانانی ئاینیش، ئەوانەی شەو و رۆژ لە میدیاکانیان ولاتانی ئەوروپا بە کافر و پیس ناودەبەن زۆرێکیان وێنەیان گیراوە لەژێردەستی ئەو دکتۆرە بێدین و پیسانە راکشاون !

کۆمەلگەی دواکەتو بە شێوەیەکی گشتی لە هەموشت فەقیرە ، بۆ نمونە دەبینی لە بابەتی ئاین لە سادەترین شت پرسیار لە مامۆستای ئاینی دەکەن ، رۆژانە لە میدیا ، لە سۆشیال میدیا لە رادیۆ لە مزگەفتەکان ملیۆنان کەس پرسیاری وا دەکەن کە شەرم دەکەی باسیان بکەی !

زۆرینەی خەلکی گلەیی ئەوە دەکەن کە هەژارن و بە دوای ژیانەوە ماندون و کاتی ئەوەیان نیە خۆیان بە خوێندنەوە خەریک بکەن.

راستە هەژاری ڕێگرە لەبەردەم زۆر شت ، بەڵام خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن ئەوەندەش سەخت نیە، بە تایبەت ئەمڕۆ کە هەموکەس ئینتەرنێتی هەیە.

مەسەلەی هەژاری لای خەلک زۆر هەڵە پێناسە دەکرێ ، لای زۆربەی خەڵک هەژار ئەو کەسەیە کە داهاتی کەمە ، خانوی نیە ، یا ناتوانێ منداڵەکانی بنێرێتە باشترین قوتابخانە و زانکۆ.

بە بۆچونی من تا ئێستا کەس وەک (دکتۆر محمدخانی) پێناسەی هەژاریی نەکردوە کە دەڵێ:

" هەژاری ئەوەیە دو تاک بازنی زێڕ لە دەستتا بێ و دو ددانی خراپیش لە ناو دەمتا.

هەژاری ئەوەیە شەقام و کۆڵانەکانی ولاتی خۆت پیس بکەیت و باسی خاوێنیی شەقامەکانی ئەوروپا بکەیت.

هەژاری ئەوەیە بڕوانامەی زانکۆت هەبێ بەلام نەتوانی دارشتنێکی کوردی بنوسی.

هەژاری ئەوەیە سورەتی فاتیحە بە چاکی نەزانیت و باسی حەرام و حەڵاڵ و چاکسازیی ئاینی بکەی.

هەژاری ئەوەیە وەرزش نەکەیت و پەنا ببەیتە بەر سلیکۆن و نەشتەرگەریی جوانکاری.

هەژاری ئەوەیە باسی دیموکراسیەت بکەیت و منداڵەکانیشت نەوێرن فزە بکەن لەماڵەوە.

هەژاری ئەوەیە داوای یەکسانی لە دەسەڵات بکەیت و خۆشت لەسەر کار یا لە ماڵ دیکتاتۆر بیت.

هەژاری ئەوەیە لەکاتی دەست بەتاڵی لە بری پیاسەکردن و سوتاندنی چەوریی لەشت بە ئۆتۆمبێل بەنزین بسوتێنی.

هەژاری ئەوەیە ئۆتۆمبێلی چەند دەفتەربابی لێبخوڕی بەڵام ڕێزی یاساکان نەگری.

هەژاری ئەوەیە کە لە بری هاوکاری کردنی مرۆڤێک کە پێویستی بە هاوکارییە، مۆبایلەکەت دەربهێنی و ڕەسمی بگری.

هەژاری ئەوەیە ڕێگە بەخۆت بدەی بە ئارەزوی خۆت قسە بکەی بەڵام ڕێگە بە خەلکی نەدەی قسە بکەن.

هەژاری ئەوەیە بە حەفتە خۆت نەشۆی و بێز لە خواردنی خەلکی بکەیەوە.

هەژاری ئەوەیە جلەکۆنەکانی ساڵی پارت لەبەرنەکەی بەڵام بە بیرۆبۆچونە چەوتەکانی دەیان ساڵ لەمەوبەرت خۆت بابدەی.

هەژاری ئەوەیە کە پێلاوەکەت ٢٠ سانتیمەتر بەرز بێ بەڵام ئیرادەت یەک ملیمەتر.

هەژاری ئەوەیە کتێبخانەی ماڵەکەت لە سەلاجەکەت بچوکتر بێ "

زۆرجار خەلکی هۆکاری هەژاری و بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە دەسەڵات بوار نادات خەلکی کاربکەن و خاوەن پرۆژە بن.

باشە تۆ، تا ئێستا چەند پرۆژەت پێشکەش کردوە کە قبوڵ نەکرابێ؟

بە شێوەیەکی گشتی تاک لە وڵاتی ئێمە زۆر تەمبەڵ و کەمتەرخەمە و هیچ لە خەمی دەولەمەندکردنی خەرمانی مەعریفەی خۆی نیە ، ئاخر نازانم لە سەدەی بیست و یەک مسوڵمان بی و نەزانی ڕۆژو بە چی دەشکێ ، خۆشوشتن چۆنە ، کەی نوێژ کورت دەکرێتەوە، نوێژی مردو چۆنە ....هتد لە کاتێکدا ئەمانە ئەلف و بێی ژیان و ئاینن ، زۆر نەنگی و شورەییە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە ئەم شتانە فێرنەکرێ ، ئەگەر بە منداڵیش فێرنەبوی ئێستا دەتوانی تۆزێک خۆت ماندو بکەی و چەند لاپەرەیەک بخوێنیتەوە لەسەریان.

ئاخر ناکرێ لە هەموشتێک پەنا ببەینە بەر مامۆستای ئاینی ، بەڵکو ئەویش لێی نازانی.

هیچ نەنگی و شورەییش نیە ئەگەر مامۆستا هەمو وەڵامێکی لەلا نەبێ، چونکە لەوانەیە کاری ئەو نەبێ.

ئێمە خەلکێکمان هەیە بە داخەوە تەواو خۆی ڕادەستی مامۆستایەکی ئاینی کردوە و هەمو پرسەکانی ژیانی پێ سپاردوە، وەک ئەوەی خۆی هیچ نەبێ.

تەمبەڵی کارەساتی زۆر گەورەی بە دواوەیە، بۆ نمونە ئەگەر سەرنجی گوزەرانی ولاتانی دواکەوتو بدەی ، دەبینی کەمترین هەنارده و زۆرترین هاوردەیان هەیە، لەم دەڤەرە وێرانەی خۆمان هەنارده هەر نییە، هەمو جوڵەی بارزرگانیمان بریتیە لە هاوردەکردن، هەموشمان دەزانین ئابوریی بەهێز ئەوەیە کە هەناردەی لە هاوردەی زیاتر بێ.

زۆر سەیرە، لە ولاتێکین پڕ لە خێر و سەرچاوەی سروشتی و کانزا ، کەچی بچوکترین پێداویستیی ژیانی ڕۆژانەمان لە ولاتانی تر هاوردە دەکەین ، ئاخر توخوا هێلکە و مریشک چیە ئێمە لە ولاتان هاوردەی بکەین؟ تۆ بڵێی دانانی کێلگەی پەلەوەر زۆر سەخت بێ !

مەسەلەکە تەنها تەمبەڵی و بێ باکییە ئەگینا خەلک هەیە لە گوندەکەی خۆی دەتوانی دەیان کێلگەی پەلەوەر دابنێ کەچی هاتۆتەشار و بۆتە پاسەوان لە فەرمانگەیەک .

جارێکیان چومە گوندێکی نزیک چۆمان ئەوەندە خۆش و جوان بو لە ژیانم کەم شتی وا جوانم بینیبو،کەچی یەک ماڵی لێ نەبو .

هاوین بو لەوێ روبار بە تەواوی بەفر بو و بەسەریدا رۆیشتین ، پاشانیش باران باری، گوندنشینێکی ئەوێم دواند و پرسیاری هۆکاری چۆڵیی گوندەکەم لێکرد ، گوتی خەلکی ئێرە هەموی دەچنە شار و دەبنە فەرمانبەر یا پاسەوان.

هەر خۆیشی گوێ زەویەکانمان بەکرێ دەدەین و خەلک هەیە بە قازانجی یەک ساڵی چاندنی تەماتە لە هەولێر خانوی کڕیوە،لە کاتێکدا خانو کڕین لە هەولێر بە موچەی فەرمانبەری خەون و خەیاڵە و بە ١٥ ساڵیش نایەتەدی.

لەبەر چی دەبێ ئێمە هەمیشە چاومان لە دەستی خەلک بێ؟ ئاخر تۆ بڵێی دامەزراندنی کارگەی دۆشاوی تەماتە و کێک و چوکلێت ئەوەندە سەخت بێ؟

تاکەی ئێمە وا دەستەوەستان و تەمبەڵ و بێ بەرهەم بین؟ پێم ناڵێن بەرهەمی ئێمە لە زبڵ و پیسی زیاتر چیە؟

ئاخر ئەگەر ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەراست هەموی لافاو بیبات و لەسەر نەخشە بسڕێتەوە مرۆڤایەتی چی لە دەست دەچێ ؟ نەک هەر هیچی لە دەست ناچی بەڵکو دەحەسێتەوە، چونکە هەمو شەڕ و ناخۆشیەکان لەم ناوچەیەن و هەمو ئاوارەکانی جیهانیش لەم ناوچەیەوە دەچن یەخەی ولاتانی ئەوروپی دەگرن و داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن .

لە ولاتی خۆمان لە ترسی بەناو مسوڵمان هەڵدێین و دەچین رێگەی مەرگ دەگرینە بەر تا بگەینە ناو کافران ، کە گەیشتینە ئەوێ سوجدەی سوپاسگوزاری بۆ خوا دەبەین کە لە دەستی مسولمان رزگاری کردین و کەوتینە دەستی کافری گلاو ، بەراستی سەیرە .

برادەرێک پرسیارێکی کرد کە زۆرجار بە مێشکمدا دێت :

باشە ئەگەر سوپای بەناو مسولمانان بگەیشتایە هەمو جیهان ، دەبو ئێستا ئاوارەکان لەترسی سەرۆکە بەناو مسولمانەکان رو لە کێ بکەن ؟

ئێستا نازانم کێ مسولمانە وکێ کافر ؟

ئەگەر کەسێکیش ئاینەکەی بگۆرێ دنیای بەسەردا وێران دەکەن .

ابن القیم دەڵێ:

" ئاین هەموی ڕەوشتە، ئەوەی لە ڕەوشت لە پێش تۆ بێ ئەوا لە ئاینیش لە پێش تۆیە"

هەر جارێک دەتەوێ ڕونی بکەیەوە کە ئاین بە کردەوەیە نەک بە ناو و نازناوی بریقەدار ، هەمو وەڵامی مسولمان ئەوەیە **" سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە مسولمان نین و نوێنەرایەتی ئێمە ناکەن"**

باشە خۆ کۆمەڵێک لایەن و گروپی ئیسلامیش هەن، ئەوانیش نوێنەرایەتی مسولمان ناکەن ؟

باشە ئەگەر وایە بۆچی هەوڵ نادەن بیانگۆڕن ؟ ئەی خوا بۆچی دەفەرموێ :

" إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ........ ﴿١١﴾ الرعد .

" خوا بارودۆخی هیچ قەومێك ناگۆڕێت هەتا ئەوان ناخی خۆیان نەگۆڕن "

گۆڕانکاریش لە ناخەوەیە، تۆ ناتوانی خەڵک بگۆڕی، دەبێ خۆت بگۆڕی.

گۆڕانکاری نمونەی دەرگایەکە لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەکرێتەوە ، وەک جوجەڵەیەک کە هێشتا لەناو هێلکەکەی دەرنەهاتوە ، ئەگەر خۆی هەوڵ نەدات توێکڵی هێلکەکە لەخۆیەوە ناشکێت و سەرەنجام ناتوانێ بێتە دەرەوە ، ئەگەر بە هێزێکی دەرەکیش هێلکەکە بشکێ ، ڕەنگە جوجەڵەکە بمرێ ، بەڵام ئەو جوجەڵەیە ئەگەر هێندە توانای نابێ سەرەتای ژیانی هەوڵێک بدا بۆ دەسپێکێکی بەهێز ، ئەوا دڵنیابە هەر لەناو هێلکەکە دەمرێت ، چونکە ژیان سەختیی زۆرن ،یەکەم سەختیش رەنگە لای ئەو شکاندنی توێکڵی هێلکەکەی بێ.

چاوەڕێ مەبە ژیان ئاسانتر بێ ،چونکە ڕونادات ، ئەوە ئێمەین پێویستە ئازاتر بین و گۆڕانکاری لە خۆماندا بکەین.

زۆر جار کە باسی گرفتێک دەکرێ یا داوا لە خەڵک دەکەی باشتر کارەکانیان ڕاپەڕێنن ،گلەیی لە ڕۆژگار یا سیستەم یا هەلومەرج دەکەن ،بۆ نمونە گلەیی ئەوە دەکەن کە وڵاتی ئێمە دواکەوتوە کەاتە نابێ چاوەڕێی ئەوە بین کە وەک خەڵکی ئاسایی باش بژین و خۆشبەخت بین .

ئەم بیانوە زۆر بە زەق هەستی پێدەکرێ لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،کاتێک گلەیی دەکەین یا ڕەخنە دەگرین هەرزو پێمان دەڵێن،ئێرە ئەوروپا نییە تا وابێ .

ئایا ئەوروپا چیە ئێمە هێندە بەرز لێی بڕوانین؟ ئایا ئەوانیش مرۆڤ نین وەک ئێمە؟ ئایا ئەوان بۆچی پێشکەوتن،وە کەی پێشکەوتن؟

ساڵی ٢٠٠٩ کارمەند بوم لە کۆمپانیایەکی بیانی،بەڕێوەبەرەکەمان ئەفسەرێکی خانەنشینی ئینگلیز بو،دونیا زۆر گەرابو،کەسێکی شارەزا و چاوکراوەبو.

ڕۆژێکیان کارێکی بە کارمەندێکی خۆمان سپارد بەلام ئەنجامی کارەکەی بە دڵ نەبو، منیش چومەلای بۆ کارێکی تر،بێئاگا لەوەی پێشتر چی رویداوە، بە بێزاری و بۆلەبۆلەوە گوتی :

"هەر شتێکیان پێ دەسپێرم بە تەواوی جێبەجێی ناکەن، کاتێکیش گلەیی دەکەم یا رەخنە دەگرم دەڵێن ئێرە ئەوروپا و ئەمریکا نییە ئێمە هێندە پێشکەوتو نین ! بەسە واز لەو قسانە بێنن کاتێک ئێوە خاوەنی گەورەترین شارستانی بون (شارستانیەتی ئیسلامی) ئێمەی ئەوروپی لەناو ئەشکەوتەکان دەژیاین و پێستی ئاژەلمان لە خۆمان دەپێچایەوە، کە ئێوە پێشنەکەوتون،یا رونتر بڵێین بەرەو دواوە گەرانەوە تاوانی خۆتانە"

قسەکانی ئەم پیاوە زۆر کاری تێکردم و هەرگیز لەبیرم ناچێ، باشە بۆ دەبێ ئێمە وابین؟

خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە حەزدەکەم باسی بکەم ئەویش مەسەلەی فەرمان کردنە بە چاکە و دورخستنەوەی خەلکە لە خراپە (الامر بالمعروف والنهی عن المنكر).

لە بنەرەتدا کاری هەمومانە بەلام هەرکەسەو بە پێی توانای خۆی و لە بازنەی خۆی، واتە باوک لەناو خێزانەکەی، مامۆستا لە پۆلەکەی....هتد.

بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی کاری مامۆستایانی ئاینیە چونکە ئەوان هەم مینبەریان بە دەستە ، هەم خۆیان بە جێنشینی پەیامبەر دەزانن، ئەوەشمان

لەبیرنەچێ کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خەلکی لە هەموکەس زیاتر گوێ لە مامۆستای ئاینی دەگرن.

مامۆستای ئاینی رەنگە زۆر جار وا هەست بکات کە ئەرکی سەرشانی ئەو تەنها ڕۆژی ٥ جار پێش نوێژی کردنە و هەفتەی یەک جاریش وتارێکە لە رۆژی هەینی، بەلام ئەمە بەس نییە چونکە دەنگی مامۆستا بە هەمو کەس ناگات ،بە تایبەت بەوانە ناگات کە پێویستیان پێیەتی.

ئەرکی مامۆستایانی ئاینی لەوە زۆر گەورەترە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە.

١- هەمو مسولمانێک نایەتە نوێژی هەینی یا نوێژ ناکات،ئاشکراشە کە ئەوانە زیاتر پێویستیان بە قسەی باش و ئامۆژگاری هەیە.

٢- ئەوانەی لە ئاین تۆراون نایەنە نوێژ یا هەر نوێژ ناکەن، بە هەمان شێوە ئەوانیش پێویستیان بە ئامۆژگاری و قسەی باش هەیە.

٣- ئەوانەی میوانن یا لە بەندیخانەن یا نەخۆشن ناتوانن بێنە وتاری هەینی.

٤- ئەوانەی دورەدەستن و لەناوشار نین ئەوانیش ناتوانن بێنە وتاری هەینی.

لێرەدا ئەرکی مامۆستای ئاینی ئەوەیە کە رۆژانە پلان دابنێ و هەرجارەی سەردانی شوێنێکی دیاریکراو بکات و هەر شتێکی بینی کە ناشرین بو ، بە زمانێکی شیرین و بە وتەی جوان خەلکی لێ ئاگادار بکاتەوە و ئامۆژگاریی خەلکی سەرپێچیکار بکات، من لەبەر ٢ هۆکار ئەمە دەلێم :

ا- کەموکوری و پێشێلکاری زۆر دەبینم رۆژانە، دەبێ خەلکێکیش هەبێ خەمخۆری خەلک بێ، من زۆر جار هەولمداوە ئەو کارە بکەم، زۆر جار خەلکم ئاگادار کردۆتەوە لە سەرپێچی و کاری نابەجێ بەلام چونکە کەسێکی ئاساییم خەلکی گوێم لێ ناگرن، بەلکو چەند جارێک توشی کێشەش بوم . بەلام ئەگەر مامۆستایەکی ئاینی بە کەسێک بلێ تکایە سەرپێچی مەکە چونکە گوناهە ، بێگومان ئەگەر بە گوێشی نەکا ناتوانێ بەرویدا بوەستێتەوە.

ب- فەرمان کردنە بە چاکە و دورخستنەوەی خەلکە لە خراپە (الامر بالمعروف والنهی عن المنکر) هەر لە بنەرەتدا ئەرکی مامۆستایانی ئاینیە ،چونکەئەوان موچە وەردەگرن وئەرکی ئەوان تەنها پێش نوێژیکردن نیە بۆ خەلکی ،ئەرکی ئەوان چاکسازی و بەرەوپێش بردنە ، ئەرکی ئەوان ئاشتەوایی و دلخۆشکردنی خەلکە، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم مامۆستا بەرێزەکان هەندێک خۆیان ماندوبکەن و لە خەمی میللەتەکەی خۆیان بن و بەم کارە پیرۆزە هەلبستن چونکە ئەو دوکاندارەی شۆستەی بەردەم دوکانەکەی خۆی بە تەواوی داگیرکردوە لەوانەیە نەیەتە نوێژی هەینی ، یا ئەو خاوەن مالەی شۆستەی کردۆتە باخ یا ئاژەل بەخێودەکات و دراوسێکان هەراسان دەکات رەنگە ئەویش نەیەتە نوێژی هەینی ،ئەرکی مامۆستایانی بەرێزە بە دوای کەموکوریەکاندا بگەرێن و چارەسەرییان بکەن ،چونکە پەیامبەران پیاوچاکان هەمیشە ئەم کارانەیان کردوە و بە ئەرکی خۆیانیان زانیوە.

ج- تەنها پێش نوێژیکردن و وتاری هەینی ئەرکی سەرشانی مامۆستای ئاینی نین ، چونکە خەلکی خۆی نوێژدەکات مامۆستا ئامادەبێت یان نا ، مسولمانێک هەر دەبێت پێش نوێژیەکە بکات . مامۆستای ئاینی موچە وەردەگرێ ئەگەر ئەرکەکە هەر نوێژکردن بێ موچەکەی بەرامبەر چییە؟

پێویستە پلانێک هەبێت و مامۆستا ئاینیە بەرێزەکان رۆلی باشتریان پێبدرێ لە چاکسازی و پێشخستنی ولات ، بۆ نمونە وانەی ئاینی بلێنەوە بە بەندکراوان ، سەربازان ، یا بە بەرنامەی رێکوپێک بگەرێن بەناو خەلک بۆ هۆشیارکردنەوەی خەلکی و ئاگادارکردنەوەی خەلک لە کەموکوری و سەرپێچییەکان.

لەم قسانەم مەبەستم تەنها برەودانە بە کاری چاک و بەرەوپێشبردنی کۆمەلگە ، زۆر کەس هەن رەنگە ئەم قسانەیان پێ خۆش نەبێ ، بێگومان لەناو مامۆستایانی ئاینیش چینێک هەن کە تەنها بەناو مسولمانن و ئامانجیان تەنها خۆشیی ژیان و پارەو پۆستە ، بە جێبەجێکردنی ئەم پلانەی سەرەوە راستیەکان باشتر دەردەکەون. ئەوکات دەردەکەوێ کێ خواپەرستە و کێش دنیاپەرست.

" مرۆڤ هەر بە سروشت حەزی لە پاڵدانەوەیە ، بەڵام سنورێک هەیە لە نێوان تەمبەڵی و پشودان "

* * *

سێیەم : ترسنۆک و بێ هەڵوێست

کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی ترسنۆک و بێ هەڵوێسن، ڕەنگە خەلکێک هەبێ بڵی وا نیە ، بەلام خۆ ئازایەتی بە زۆرانبازی و شەڕ نییە ، ئازایەتی وا تە وەرگرتنی هەڵوێست لە جێگەی خۆی.

زۆر جار دەبینی لەسەر بابەتێکی لاوەکی و بێ مانا خەلکێکی زۆر بە پلانی لایەنێکی دیاریکراو دەرژێنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان دەکەن و هەلوێست دەنوێنن لەسەر بابەتێک کە ڕەنگە دور و نزیک پەیوەندیی بە ئەوانەوە نەبێ.

میللەتی نوستو پێویستیی بە بیرکردنەوە نیە ، تەنها پێویستی بەوە هەیە سۆزی بجولێنی و هەندێک دروشمی بریقەداری بۆ برازێنیەوە ، ئەوکات ئامادەیە شاخ لە بن بێنی، زۆر ئاساییە لایان خەلک بکوژن ، دامودەزگا بسوتێنن لەسەر هەلوێستێک ، یا وتارێک لە ڕۆژنامەیەکی دیاریکراو .

هەرچی بتەوێ دەتوانی بیکەی بە جولاندنی سۆزی خەلک، ئەوەی پێویستە تەنها چەند دروشمێکی بریقەدار و بەرگێکی ئاینیە.

بەلام لە زۆر مەسەلەی گرنگی پەیوەندیدار بە مەسەلەی ژیانی خەلک، زۆرینەی خەلک ئامادە نیە هەلوێست وەربگری، لە ڕاستیدا خەلکێک هەن هەموکات ئامادەی هەلوێست وەرگرتنن بەلام کەمینەن، بە کەمینەش هیچ ناکرێ.

لەولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست شتی زۆر سەیرو دژیەک هەن، بۆ نمونە هەزاران خەلک دەرژێنە سەر شەقام کاتێ نوسەرێک ڕەخنە لە ئیسلام دەگرێ، بەڵام کەس نایەتە سەرشەقام کاتێ موچە ، یا کارەبا یا خزمەتگوزاری نییە !

لە کاتێکدا ئیسلام ئاینی خوایە ، خواش پێویستی بە من و تۆ نیە تا بەرگریی لێ بکەین ، بەلام موچە مافی خۆتە و ئەگەر پێتی نەدەن پێویستە هەلوێستی لەسەر وەربگری.

ئەمە لە کاتێکدایە خەلک هەیە ئامادەیە خوێنی خەلکی بێتاوان برێژێ لەسەر هەلوێستێک یا دەربرینی ڕای خۆی.

لە ساڵی ١٩٩٢ چەند توندرەوێک(فرج فودە)[1] یان تیرۆر کرد، تاوانبارەکە دەسگیرکرا و لەکاتی دادگایی کردن بەم شێوەیە لەگەڵ دادوەر دوا :

دادوەر : بۆچی ئەم پیاوەت کوشت؟

تاوانبار: کافرە و دەبێ بکوژرێ .

دادوەر: لە کام کتێب کوفری کردوە؟

تاوانبار: نازانم ، خوێندەواریم نیە !

تێبینی: فرج فودە بە فتوای عمر عبدالرحمن کافر کرا ، کە مەلایەکی سەریە زانکۆی ئەزهەری میسریە.

بیرکردنەوەی تەسک هەر ئەوەی لێ چاوەروان دەکرێ، پێویست ناکا بزانی کافرە یان نا ، ئەگەر شێخ فەرموی بیکوژن دەبێ بکوژرێ، چونکە شێخ بە فەرمانی خوا نەبێ قسە ناکا .

لە ناو میللەتی ناهۆشیار لەسەر شتی چارەنوسساز هەلوێست زۆر بە دەگمەن وەردەگیرێ چونکە هەمیشە کەسانێک هەن سودمەندن لە نەزانیی خەلک و بازرگانیی پێوە دەکەن.

کۆمەلگەی دواکەوتو ترسنۆک و بێ ئیرادەیە ، ئەوەش بێ هۆکار نیە ، سالانێکی زۆر کاری لەسەرکراوە ، دیکتاتۆران هەمیشە هەوڵدەدەن خەلکی لە نەزانیدا بهێلنەوە چونکە هۆشیاری واتە لەناوچونی ئەوان.

کۆمەلگەی دواکەوتو لەبەر ئەوە ترسنۆک و بێ ئیرادەیە چونکە نازانێ هێز لای کێیە، ئەگەرنا چۆن ولاتێکی ٤٠ ملیۆنیی وەک عێراق بە دەست کەمتر لە ٤٠٠ کەس گیرۆدەی ئەم هەمو دەردو بەڵایە بوە؟

---

[1] نوسەرێکی میسری بو (١٩٤٥-١٩٩٢) رەخنەی زۆری هەبو لە شێوازی بیرکردنەوەی مسولمانە توندرەوەکان، چەند کتێبێکی هەیە دەربارەی هەلەکانی بیرکردنەوەی مسولمانانە توندرەوەکان وەک لە کتێبی (قبل السقوط) زۆر بە رونی هەلوێستەکانی دیارن.

با بزانین هێز لەلای کێیە:

١% فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە دەکەن.

٤% خزمەتی فەرمانڕەواکان دەکەن .

٥% بیرمەند یا هۆشیارەکانن کە ڕاستیەکان دەزانن.

٩٠% نوستو و بەنجکراون.

ململانێی سەرەکی ئەوەیە ٥% کە هۆشیارن دەیانەوێ ٩٠% ە نوستوەکە هۆشیار بکەنەوە بەڵام ٤% ە سودمەندەکان ناهێڵن هۆشیاری هەبێ چونکە بەرژەوەندیی ئەوان لەناو دەچێ.

هەمو پەیامبەرانیش کێشەیان هەمان کێشە بوە، ئەوان ویستویانە هۆشیاری بڵاوبکەنەوە و فەرمانڕەواکانیش بە پشتیوانیی سودمەندان ڕێگر بون لەبەردەم هۆشیاری.

ئەگەر سەرنج بدەینە مێژو، دەبینین سەردەمی پەیامبەر(د.خ) و ٤ خەلیفەکەی دوای خۆی خەڵکی ئاستی هۆشیارییان تا ڕادەیەکی زۆر باش بو ، پەیامبەریش خەڵکی هان دەدا کە لەسەر مافی خۆیان بێدەنگ نەبن و ترسنۆک نەبن، بەڵام بە داخەوە بە هاتنەسەر دەسەڵاتی بەنی ئومەییە لە ساڵی (٤١ تا ١٣٢ ی کۆچی) ئیتر حوکم بو بە بنەماڵەیی و دیکتاتۆری و لەو بەروارەوە شتێک نەما بەناوی حوکمی ئیسلام .

لەو بەروارەوە تا ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەساڵی ١٣٤١ ی کۆچی – ١٩٢٢ ی زاینی

وردە وردە ڕەوشت و دادپەروەری و مرۆڤایەتی دابەزی تا گەیشتە سفر و ژێر سفریش لە زۆر بوار بە داخەوە.

ئەوەی جێی ئاماژەیە لەو سەردەمە تاریکە تەنها یەک خەلیفە دادپەروەر و ڕاستگۆ و جێی متمانە بوە کە دەتوانم بڵێم لە ١٣ سەدە ، ئیسلام تەنها یەک

خەلیفەی هەبووە کە تەنها دوو ساڵ دەسەڵاتی گرتە دەست و جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەک بوژاندەوە کە هەمیشە لە مێژو باس دەکرێ، ئەویش (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) ە، کە دەکاتە نەوەی ئیمامی عومەری کوڕی خەتتاب[1]

بەڵام بێگومان دادپەروەری و ڕاستگۆیی و چاکەکاری لەناو میللەتی گەندەڵ و بەرژەوەندی پەرست جێگای نابێتەوە، هەر بۆیە خەلیفەیان ژەهرخوارد کرد و گەڕانەوە سەر دیکتاتۆریەت و گەندەڵیەکەی جاران.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پەروەردە و ڕەوشتی جوان و دروست بو هەر لەبەر ئەوەش بو لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا خەلکی لەوپەڕی خۆشی و ئاسودەیی دەژیان.

ڕەنگە لات سەیر بێ و زۆرینەی خەڵکیش ئەو ڕاستیە تاڵەیان پێ قوت نادرێ ، ناهەقیش نین چونکە ١٤ سەدەیە واعیزە بە کرێگیراوەکانی دەسەڵات و سوڵتانەکان خەریکی جوانکردن و ماکیاژکردنی روخساری ناشرینی کۆمەڵە دەجالێکن کە بە ناوی خوا و ئاینی خوا خەڵک دەچەوسێننەوە و کار لەسەر بە مێگەل کردنی کۆمەلگا دەکەن، لەو بوارەشدا زۆر سەرکەوتو بون بە داخەوە ، ئێستا کە سەدەی بیست و یەکە ، وابزانم کاتی ئەوە هاتووە کە لەم خەو قولە خەبەرمان بێتەوە و تۆزێک بیربکەینەوە .

" ئازایەتی واتە هەڵوێستی ژیرانە لە کاتی پێویست ، نەک زۆرانبازی و خەڵک گەوزاندن "

* * *

چوارەم : بێ باک و ڕوکەش

---

[1] تاریخ الخلفاء للسیوطی

مسولمانان چونکه به وردی جیاوازیی نێوان تاوانەکان نازانن ،بێباکانه تاوان دەکەن و ئومێدی ئەوەیان هەیە کە نوێژەکان تاوانەکان دەسرنەوە ،ئەگەرنا نوێژی هەینی دەیسرێتەوە ، یا ئەگەر هەر نەسراوە ئەوا رەمەزان و عەرەفە هەن و تاوانەکان هەمویان دەسرێنەوە ، وەک لەم فەرمودەی خوارەوە هاتوە :

- الصَّلَوَاتُ الخَمْسُ، وَالْجُمْعَةُ إلى الجُمْعَةِ، كَفَّارَاتٌ لِما بيْنَهُنَّ.

الراوي : أبو هريرة

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" پێنج نوێژەکان و هەینییەکان تاوانی ئەم نێوانە دەسرنەوە "

ئەگەر سەرنج بدەین زاراوەی (کفارة) بەکارهاتوە ، کە بۆ گوناهی بەرامبەر خەلکە ،چونکە ئەگەر بۆگوناهی بەرامبەر خودا بێ (غفران یا مغفرة) بەکاردێ ،کە ئەمەش ترسناکە چونکە مسولمانی وا هەیە بە هۆی ئەم فەرمودەیەوە لە هیچ گوناهێک سڵ ناکاتەوە ، ئەو زامنی سڕینەوەی تاوانەکانی خۆی کردوە ، وەک ئەوەی پلیتی چونە بەهەشتی لە گیرفاندا بێ .

لەژێر رۆشنایی ئەم جۆرە فەرمودانە خەلکی بێباکانە تاوان دەکەن و پشتیان قایمە بەوەی کە هەمو گوناهەکانیان دەسڕێتەوە ، بۆیە مسولمانێکی وا دروست دەبێ کە سڵ لە هیچ ناکاتەوە ، چونکە لای ئەو تەنها (کبائر)[1] ناسڕێتەوە ، کبائریش بە پێناسە و تێگەیشتنی زۆرێک زاناکان ٣ دانەن ، وەک لەم فەرمودەی خوارەوە:

-كُنَّا عِنْدَ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ
فقالَ :ألا أُنَبِّئُكُمْ بأَكْبَرِ الكَبائِرِ؟ ثَلاثًا الإشْراكُ باللهِ، وعُقُوقُ الوالِدَيْنِ،

وشَهادَةُ الزُّورِ، أوْ قَوْلُ الزُّورِ، وكانَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ مُتَّكِئًا، فَجَلَسَ فَما زالَ يُكَرِّرُها حتَّى قُلْنا :لَيْتَهُ سَكَتَ.

---

[1] کبائر ، واتە گوناهە گەورەکان ،بەپێی زاناکان لە ٣ تا ٧٠ دانە هەن .

الراوي : أبو بكرة نفيع بن الحارث

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" لای پەیامبەر بوین ،فەرموی : ئایا پێتان بڵێم۳ گەورەترین گوناهەکان چین ؟ هاوەڵ پەیداکردن بۆ خودا ، ئازاردانی دایک و باوک ، پەیامبەر پالکەوتبو ، دانیشت و فەرموی ؛ شایەتیی بە درۆ ، شایەتی بە درۆ ،هێندەی دوبارەکردەوە تا گوتمان ،خۆزگە بێدەنگ دەبو "

بەلام لای هەندێکی تر ۷ دانەن ، بە گوێرەی ئەم فەرمودەی خوارەوە:

- اجْتَنِبُوا السَّبْعَ المُوبِقاتِ قيلَ: يا رَسولَ اللهِ، وما هُنَّ؟ قالَ: الشِّرْكُ باللهِ، والسِّحْرُ، وقَتْلُ النَّفْسِ الَّتي حَرَّمَ اللَّهُ إلَّا بالحَقِّ، وأَكْلُ مالِ اليَتِيمِ وأَكْلُ الرِّبا، والتَّوَلِّي يَومَ الزَّحْفِ، وقَذْفُ المُحْصِناتِ الغافِلاتِ المُؤْمِناتِ.

الراوي : أبو هريرة

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" خۆتان بپارێزن لە ۷ گوناهە گەورەکە ، گوتیان چین ئەی پەیامبەر ؟ فەرموی ؛ هاوەڵ دانان بۆخودا، جادو ، کوشتنی بە ناهەق ، خواردنی مالی هەتیو ،خواردنی سو ، هەلاتن لە شەڕ، تۆمەتی داوێنپیسی هەلبەستن بۆ ئافرەتێک کە پاکە "

بەلام (ئیمامی زەهەبی)[1] لە کتێبێکدا ۷۰ دانەی لێ ژماردوە .

---

[1] **الامام شمس الدين الذهبي ، فەرمودەناس و مێژونوسی مسولمان ،لە ٦٧٣ تا ٧٤٨ ی کۆچی ژیاوە.**

گرنگ نییە گوناهە گەورەکان چەندن ، مەبەستی من تەنها ئەوەیە کە نابێ مسولمان مۆڵەتی ئەوەی پێ بدرێ بە ئارەزوی خۆی تاوان بکات چونکە خوا لێی خۆش دەبێ بە هۆی نوێژەکانی .

ئەم مژدەیە تەواو وەک مژدەی مەسیحیەکان دێتەبەرچاو کە دەڵێن ئێمە هیچ گوناهمان نییە چونکە حەزرەتی مەسیح لە پێناو پاکبونەوەی گوناهەکانی ئێمە گیانی خۆی بەخت کرد و لە خاچ درا.

بۆیە زۆر گومان دەکەم ئەو جۆرە قسانە لە رێگەی ئەفسانەکانی پێشو هاتبنە ناو ئیسلام و فەرمودەکانی پەیامبەر.

- صَومُ يومِ عَرَفةَ يُكفِّرُ سَنتَينِ؛ ماضيةً ومُستقبَلةً، وصَومُ عاشوراءَ يُكفِّرُ سَنةً ماضيةً.

الراوي : أبو قتادة الحارث بن ربعي

المحدث : شعيب الأرناؤوط

المصدر : تخريج المسند

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" رۆژوی عەرەفە گوناهی دو ساڵ دەسڕێتەوە ، رۆژوی عاشوراش هی ساڵی ڕابردو "

ئەم فەرمودانە و زۆری تری لەم شێوەیە وا مسوڵمانان دەکەن بێ باکانە بژین و گوێ بە تاوانکاری نەدەن ، چونکە ئەگەری سڕینەوەی گوناهەکان زۆر زۆرن بەم ڕێگەیە نا بە یەکێکی تر.

ئەگەر سەرنج بدەی ، تاکەکانی کۆمەڵگەی دواکەوتو بە گشتی بێ باکن ، گرنگی نادەن بە بوارە گرنگەکانی ژیان وەک خۆ رۆشنبیرکردن و تەرخانکردنی کات بۆ وەرزش و چالاکیە هونەریەکان و زۆر لایەنی تر کە ئاسۆی بیرکردنەوەی تاک فراوان دەکەن ، هەر لەبەر ئەوەشە دەبینی گرنگی دەدرێ بە ڕواڵەت و شتی بێ مانا وەک جوانیی ژمارەی ئۆتۆمبێل یا ژمارەی مۆبایل .

خەلکێک هەیە ئامادەیە زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار بە ژمارەیەکی جوان بدا بۆ ئۆتۆمبێلەکەی بەلام لە ماڵەکەی ٢ کتێب نابینی بۆ خوێندنەوە، یا ئامادەیە دەیان هەزار دۆلار بە ژمارە تەلەفۆنێک بدا کە پێی جوانە بەڵام تاقەتی نیە تۆزێک وەرزش بکا و لەش و لاری خۆی تۆزێک رێک بخا و تەندروستیی خۆی باشتر بکا.

خەلک هەیە لە گەرەکەکەی من بایی نزیکی نیو ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبێلی لەبەر دەرگا راگرتوە بەلام نیو کاتژمێر بە پێ ناروا تا تۆزێک تەندروستیی باش بێ، کاتێکیش دکتۆر دەیترسێنێت ئەوا بە ناچاری رودەکاتە وەرزش یا بە پێ رۆیشتن.

میللەتی ئێمە تا دکتۆر پێی نەڵێ وەرزش ناکات .

لەو جێگەی وەرزشی لێ دەکەم زۆربەیان بە فەرمانی دکتۆر هاتون ، جارێکیان یەکێک لەوانە لێی پرسیم کە لەبەر چی هاتوم بۆ وەرزش چونکە وەک ئەو قەڵەو نەبوم .

ئەو وایدەزانی وەک ئەو نەخۆشم و دکتۆر فەرمانی پێکردوم دەبێ وەرزش بکەم.

یەکێکیتر لە سیما جیاکەرەوەکانی کۆمەلگەی دواکەوتو بریتیە لە زۆریی ژمارەی دانیشتوان ، یا رونتر بڵێین زۆری وەچە خستنەوە.

کۆمەلگە دواکەوتوەکان زۆر بێ باکانە ونابەرپرسانە منداڵ دەخەنەوە بێ ئەوەی هیچ پلانێکیان هەبێ بۆ دوارۆژی نەوەکانیان، تەنانەت لە کاتی گرانی و شەڕ و ناجێگیریی باری ئابوری و زۆر کێشەی تریش ، دەبینی منداڵبون کەم ناکات، لای ئەوان هەر کەسێک دێتە دونیا رۆزیی خۆی لەگەڵە.

بەلام ئەوە هەلەیەکی زۆر گەورەیە، راستە کەس لە برسا نامری ، بەڵام بێگومان پەروەردەکردنی ٢ منداڵ زۆر ئاسانتر و باشترە لە ٤ ، خۆ مەسەلەکە تەنها نان نیە ، ئەگەر بتوانین نانی ٢ منداڵ بدەین دەشتوانین هی٤ بدەین، بەڵام منداڵ پەروەردەی تەندروست و جێگەی دەوێ ، کە ئەمرۆ ئەم ٢ شتە زۆر سەختن.

ڕەنگە بەشێکی ئەم دیاردەی زۆر منداڵ خستنەوەیە پەیوەندیی بە ئاینەوە هەبێ چونکە زۆر جار لە پیاوانی ئاینیم بیستوە کە قەدەغەکردنی یا سنوردارکردنی یا ڕێکخستنی منداڵ گوناهە.

ئەگەر سەرنجی قورئان و فەرمودە بدەین تەواو پێچەوانەکەی دەبینین.

خودای گەورە دەفەرموێ:

- لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ التوبة

" خوای گەورە لە زۆر شوێندا سەری خستن ، لە ڕۆژی حونەینیش کاتێک کە زۆریی ژمارەی خۆتان سەرسامی کردبون، بینیتان ئەو زۆریە هیچ فریاتان نەکەوت ، زەویش چەندە فراوانە لێتان هاتەوە یەک و تەنگ بوەوە، سەرەنجام هەموو پشتان هەڵکردو ڕاتانکرد ".

لێرەدا خودای گەورە پێمان دەفەرموێ کە زۆری و بۆری گرنگ نیە، بەڵکو کەمی و پوختی گرنگە .

جا خودا لەگەل کۆمەڵی هاوەڵی پەیامبەر وا بدوێ ج جای نەوەکانی ئێستا کە ئەلف و بێی ئاین نازانن !

وە پەیامبەریش (د.خ) دەفەرموێ:

" الناسُ كالإبلِ المائةِ لا تكادُ ترى فيها راحلةً "

الراوي : عبدالله بن عمر

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" مرۆڤ وەک کاروانی سەد حوشتری وان ، بە حاڵ گەر یەکێکی باشی تێدابێ "

راحلة : ئەو حوشترەیە کە بار دەبات و بە کەڵکە، چونکە دیارە هەمو حوشترێک باش نیە بۆ باربردن.

مرۆڤیش بە هەمان شێوە لە سەدا یەکێ هەیە کە باش و جێگەی متمانە بێ.

دیسان لەم فەرمودەیەش دەبینین کە مرۆڤەکان گرنگییان لەوەدایە کە پوخت و کەم بن نەک زۆر و بۆر.

ئەگەر سەرنجی مێژوی ئیسلام بدەین دەبینین ساڵی کۆچی دوایی پەیامبەر (د.خ) سەروی سەدو چواردە هەزار هاوەڵ هەبون، بەڵام دەبینین بە ماوەیەکی کەم دوای کۆچی پەیامبەر کێشە و ناکۆکی پەیدابو تا کار گەیشتە ئەوەی ٢ شەڕی زۆر گەورە لە نێوان مسوڵمانان ڕویدا لە کاتێکدا زۆریەی بەشدارانی شەڕەکان و بە تایبەت سەرکردەکان هاوەڵی پەیامبەر بون.

ئەگەر بە ژمارە بێ هاوەڵان زۆر بون بەڵام بە داخەوە کەمێکیان نەبێ ئەوانی تر پشتی ناهەقیان گرت و لە ئەنجامدا بون بە ٢ بەرە، من لێرە هیچ بەرەیەک تاوانبار ناکەم، بەڵام بێگومان ئەگەر هاوەڵەکان بەو ژمارە زۆرەوە هەمویان پشتی حەقیان بگرتایە ، ئەوا لایەنی ناحەق نەیدەتوانی شەر بەرپا بکات.

خودای گەورەش لەم بارەیەوە دەفەرموێ :

" مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ ...... ﴿١٥٢﴾ ال عمران .

" هەتانە دنیای دەوێت و هەتانە قیامەت .... "

مەسەلەی زۆری و بۆری کێشەی زۆر گەورە دروست دەکات،بۆ نمونە ئێستا کێشەی نیشتەجێبون و گرانیی نرخی خانو و زەویمان هەیە ، بێگومان خەڵکی زۆر و خێزانی گەورە خانوی زیاتر و کارەبا و ئاوی زیاتر و نەخۆشخانە قوتابخانە و کۆلێج و ڕێگاوبان و خزمەتگوزاریی زیاتری دەوێ ، ئەمانەش هەموی لەسەر حیسابی ئێمەیە بەڵام هەستی پێ ناکەین.

کاتێک ٥٠ قوتابی لە پۆلێک دابنیشن دەبێ چی فێربن ؟ ئەوەش لە یاد نەکەین لەبەر زۆریی قوتابی قوتابخانە هەیە ٢ یان ٣ دەوامی هەیە .

کارەسات ئەوەیە خەلک هەیە خۆی کرێکارە و لە خانوی کرێیە و منداڵی ناتەواوی هەیە هێشتا منداڵی تر دەخاتەوە، خەلک هەیە کرێکارە و ٣ منداڵی ناتەواوی هەیە ! چۆن دەکرێ مرۆڤ ئەوەندە نەزان بێ لە یەکەم و دوەم وانەیەک فێرنەبێ ، رەنگە ئەو بەستەزمانە منداڵی تریش بخاتەوە .

بێگومان گوناهی هەمو ئەوانەش لە ئەستۆی بازرگانانی ئاینە ، ئەوانەی خۆیان ژیانیان خۆشە و جێگەیان گەرمە و هەر قسەی گەورە و بریقەدار دەکەن و خەلکی داماویش دەبێ باجەکەی بدات .

زۆر جار کۆمەلگەکانی رۆژهەلات زۆر بێ باکانە کاری نەشیاو دەکەن و دەیخەنە پاڵ ئاین.

بۆ نمونە بانگی مزگەفتەکان زۆر جار خەلکی بێزار دەکەن ، نەک خەلکی نامسولمان بەلکو مسولمانیش زۆر جار هەراسان دەکەن.

لەوانەیە بلێی ولاتی ئێمە هەموی مسولمانە و بانگدان پێویستە، بەڵێ مسولمانین و بانگدانیش با هەبێ ، بەلام دەبێ بانگ چەند مەرجێکی تێدا بێ وەک:

- ئەو کەسەی کە بانگ دەدات پێویستە دەنگی خۆش بێ ، من کە مسولمانم و نوێژیش دەکەم ، کاتێک کەسێکی دەنگ ناساز بانگ دەدات دڵم پێی تەنگ دەبێ، ئەی باشە نامسولمان دەبێ هەستی چۆن بێ؟

- ئەو کەسەی کە بانگ دەدات پێویستە بزانێ چ دەڵێ ، زۆر جار خەلک هەیە بانگ دەدات بەلام نازانێ بانگ بدات و هەڵە دەکات، کە ئەمەش شتێکی زۆر ناشرینە چونکە بانگدان چەند وشەیەکی زۆر کورتن ، هیچ لۆجیکی تێدا نیە خەلکێک هەبێ نەزانێ بانگ چیە و مانای چیە و بانگیش بدات .

- دەنگی بلندگۆکان نابێ زۆر بەرز بن ، پێویستە دەنگی بلندگۆکان بای ئەوەندە بەرز بن کە تەنها خەلکی دەوروبەری مزگەفتەکە گوێیان لێ بێ چونکە دەنگی گەورە خەلکی نزیک مزگەفتەکە هەراسان دەکات، جگەلەوەش ئەمرۆ خەلکی تەلەفۆنی زیرەک و ئینتەرنێتی هەیە و لە زۆربەی کەناڵەکانیش بانگ هەیە، لە بنەرەتیشدا بانگ تەنها وەبیرهێنانەوەی خەلکە .

له ناو کۆمەڵگەی دواکەوتو هەمیشە ڕواڵەت گرنگە و ناوەڕۆک پشت گوێ دەخرێ.

مزگەفتەکان زۆر جوانن، ملیۆنان دۆلاریان تێدا خەرج دەکرێ بەڵام ئەوانیش زۆربەیان بۆ ناوبانگ و دنیان نەک بۆ خوا، چونکە ئەگەر بڕیار بێ مزگەفت بۆ خوا بێ نابێ ناوی خۆتی لەسەر بنوسی، جا ئێستا فێربون ناوێ خۆیان و باوکیان و عەشیرەتیشیان دەنوسن ، هەیانە ناوی براکانیشی دەنوسی .

لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی ڕۆشنبیری و خوێندن و بڕوانامەش زیاتر ڕواڵەتن و ناوەڕۆکیان لاوازە.

ئەگەر تاک نەتوانێ پێداویستیەکانی ژیان پۆلێن بکات و شتە گرنگەکان و شتە لاوەکیەکانی لەیەک جیا نەکردەوە ، ئەوا زۆرجار لە جێی پێویستیەکانی ژیان شتێک دادەنێ کە لاوەکییە.

ڕۆژێکیان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی باسی کێشە و کەموکوڕیی ناوچەیەکی دەرکرد، دیاربو ناوچەکە ناوشار نەبو زیاتر لە گوند دەچو، پەیامنێرەکە باسی ناوچەکە و کەموکوڕییەکانی دەکرد، نەخۆشخانەیان نەبو، قوتابخانەیان نەبو، ڕێگایان قیرتاو نەبو، کاتێک پرسیاری لە گەنجێک کرد دەربارەی کێشەکان و داواکارییەکانیان ، گەنجەکە زۆر بە پەلە و بە پەرۆشەوە گوتی " گۆرەپانی تۆپانێمان نییە "

لەم هەمو کەموکوڕییە ئەو تەنها تۆپانێی دەوێ، لای ئەو تۆپانێ گرنگترە لە نەخۆشخانە و قوتابخانەو ڕێگاوبان .

بێگومان ئەو گەنجە نەزان نیە، بەلکو قوربانیی دەستی پەروەردەیەکی نادروستە.

ژیان بریتییە لە ڕێکخستنی پێداویستییەکان ، سەرەتا پێداویستییە گرنگەکان ،پاشان ئەوانەی کەمتر گرنگن ،پاشان شتە لاوەکییەکان یا زیادەکان .

ئەوەی برسیی بێ داوای جلوبەرگ ناکات ، ئەوەی نەخۆشیش بێ داوای خواردنی بەتام ناکات ، بەلکو خۆشترین خواردنیش لای ئەو تامی نییە .

جارێکیان ژنێک توتییەکی کڕی لە پیاوێک ، کە بردیەماڵەوە قسەی نەکرد ، ڕۆژی دواتر گەڕایەوە لای توتی فرۆش و پێی گوت:

- توتییەکە قسە ناکات .

-توتی فرۆش گوتی : ئاوێنەت بۆ دانا ؟

- ژنەکە : نەخێر.

- پیاوەکە : ئاوێنەی بۆ دانێ.

- ژنەکە ڕۆژی دواتر: هەر قسەی نەکرد !

- پیاوەکە : جۆلانەت بۆ دانا؟

- ژنەکە : نەخێر.

- پیاوەکە : ئاخر بەبێ جۆلانە توتی قسە ناکات.

- ژنەکە ڕۆژی دواتر : هەر قسەی نەکرد.

- پیاوەکە : پلیکانەت بۆ دانا؟

- ژنەکە : نەخێر

- پیاوەکە : پلیکانەشی دەوێ .

- ژنەکە دیسان گەڕایەوە .

- توتییەکە قسەی کرد .

- پیاوەکە : چی گوت ؟

- ژنەکە : **" توتییەکە گوتی شتێکم بدێ بیخۆم لەبرسا مردم "**

ئێمە نانمان نییە و خەریکین بەدوای کەیف و سەیراندا دەگەڕێین .

کاتێک نەزانین چیمان پێویستە ، بێگومان هیچمان دەست ناکەوێ.

ڕۆژێک گوێم لە بانگخوازێک بو دەیگوت :

" نابێ قوتابیی پۆلی ١٢ ڕۆژوی ڕەمەزان بشکێنێ تەنانەت لە چلەی هاوین و ڕۆژگاری ١٦ کاتژمێر درێژیش، ڕۆژو گرنگترە خوێندن چیە ".

لای ئەو بانگخوازە ئاسایيە ئەو قوتابییە دەرنەچێ ،یا نمرەی نزم بهێنێ و تاهەتايە بە نائومێدی بژی ،بەڵام ئاسایی نییە ئەگەر یەک ڕۆژ یا چەند ڕۆژێکی ڕەمەزان بەڕۆژو نەبێت و دوایی بیانگرێتەوە.

تاک لەکۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چونکە نازانێ دروست بیربکاتەوە هەمیشە بڕیارەکانی ڕوکەش و سادەن و ناچێتە بنج و بناوانی بابەتەکان (ڕەنگە هۆکارەکەش بەشێکی ئەوە بێ کە جیاوازیی نێوان ئامانج و ئامراز نازانێ) ، بۆ نمونە ئەگەر بە کەسێک بڵێی گۆرانی بێژێکی ئەوروپی ئاهەنگێکی زۆر گەورەی سازکرد و دەیان هەزار دۆلاری کۆکردەوە و بەخشی بە هەژارانی ئەفریقیا پێت دەڵێ ، گۆرانی حەرامە ، پارەکەشی حەرامە ، ئەوانەش کافرن و جێگەیان دۆزەخە.

لای ئەو گرنگ نییە لەهەر سێ چرکەیەک مرۆڤێک لە ئەفریقیا دەمرێ لە برسان.

ئەوەندەی بەرێزت ئەم چەند دێرەی سەرەوەت خوێندەوە پێنج کەس لانی کەم لە ئەفریقیا مردون بەهۆی برسێتی یا بێ دەرمانی ، بەڵام میللەتی نوستو شتی گرنگتری هەیە گرنگیی پێ بدات، ڕەنگە ئەوان ئاگاداری ئەوروپا و ئەفریقیا نەبن ، بەڵام ئاگاداری بازاڕی زیادکردنی ئاشکران کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکرێت تیایدا کچێنیی هەرزەکارانی تێدا مەزاد دەکرێ و ئەوەی من دەستم کەوت عەرەبێک کچێنیی هەرزەکارێکی کڕیوە بە ٢،٩٥ ملیۆن دۆلار (دو ملیۆن و نۆسەدو پەنجا هەزار دۆلار)[1]

بە گشتی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست روکەشانە لە شتەکان دەڕوانن ، واتە ناچنە نێو بابەتەکان و لێی تێناگەن ، بەڵام لات سەیر نەبێ کە هۆکاری ئەم

---

[1] ئەم هەواڵە لە گۆڤاری The sun ی ئەمریکی بڵاوکراوەتەوە لە ٢٠١٧.

کەموکوڕییانە و زۆر کەموکوڕیی تریش لە هەڵە تێگەیشتن یا هەڵە ڕاڤەکردنی دەقە پیرۆزەکان سەرچاوە دەگرێ.

بۆنمونە مسوڵمانان هەمیشە بەرگوێیان دەکەوێ لە میدیاکان و وتاری هەینی و بانگخوازان کە نوێژکردن گوناهەکان یا تاوانەکان دەسڕنەوە ، بەڵام ئایا پێناسەی گوناهەکان یا تاوانەکان لای مسوڵمانان ڕونە ؟

گوناهەکان یەک جۆر نین [1] ، ئەو گوناهانەی بچوکن و بەرامبەر خودا دەکرێن ئەگەری لێخۆشبونیان هەیە (ئەویش ئەگەرە نەک یەقین).

بەڵام تاوان ،یا هەر بێڕێزی و ئازارێک بەرامبەر بە خەڵک و بونەوەران و تەنانەت ئاژەڵ و ژینگەش لێخۆشبونی نییە چونکە مافی خەڵکو بونەوەری تری ،خوداش لە جیاتی خەڵک لە کەس خۆشنابێ مەگەر بە (کفارة)[2]، کە ئەمەش مەرجی خۆی هەیە .

" خودا مرۆڤی ڕوکەش و نەفامی خۆش ناوێ ، چونکە ئەقڵی پێداوە تا بەکاری بێنێ ، ئەوەی بەکاری نەهێنێ دوارۆژ لەسەری سزا دەدرێ "

* * *

پێنجەم : شەرمن و دوڕو

---

[1] لە بەشی چەمکەکان بە درێژی باسی جۆرەکانی تاوان کراوە.
[2] بڕوانە بەشی چەمکەکان

لەکۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست تاکی شەرمن و دورو زۆرن ،تاک لێرە یا دەبێ دژ بە کەلتورە ناشرینەکان بوەستێتەوە ، یا دەبێ قایل بێ بەم هەمو کۆت و زنجیر و کۆسپەی بەردەم بیرکردنەوە، جا لێرە تاک دەبێ بریاری خۆی بدات، یا ئازاد بژی و لەم قالبە تەسکەی بیرکردنەوە بێتەدەر، یان دەبێ دو ژیانی هەبێ (واتە دورو بێ)، یەکیان بۆ کەمەلگە و ئەوی تریان بۆ خۆی.

زۆر جار تێبینی دەکەم کە ٢ دەستەواژە هەن هەمیشە پێکەوە بەکاردێن (شەرم و حەیا).ئەم ٢ وشەیە پێکەوە بەکاردێن بۆ بەخشینی یەک مانا ، بەڵام لە راستیدا زۆر لەیەک دورن.

شەرم: واتە هەستکردن بە ترس و دڵەراوکێ ، شەرم کێشەیەکی دەرونییە و دەبێ چارەسەر بکرێ.مرۆڤی شەرمن ترسنۆک و بێ هەڵوێستە و بە کەڵکی ژیان نایەت، شەرمنەکان پێویستە چارەسەربکرێن.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی لێکۆڵەر (جێنیفەر بیر) کە لەسەر سەدان کەس ئەنجامی داوە ، دەرکەوتوە ئەوانەی شەرمن هەر ئەوانەن کە بیرکردنەوەیان داخراوە یا سنوردارە. [١]

حەیا (الحیاء) : وشەیەکی عەرەبیە مانای خۆپاراستن لەشتی ناشرین مرۆڤی بە حەیا، واتە مرۆڤێکی کەسایەتی بەرز کە رێگە بەخۆی نادا قسەی ناشرین یا کردەوەی ناشرین ئەنجام بدا.

لە وەسفی پەیامبەریش هاتوە کە زۆر بە حەیا بوە(واتە کەسایەتیەکی بەرزی هەبوە)، بەڵام هەرگیز شەرمن نەبوە، چونکە شەرم واتە ترسنۆکی و بێ ئیرادەیی، وە پەیامبەریش زۆر ئازا و حەقبێژ بوە.

ئێمە کاتێک شەرم و حەیا بە یەک مانا لێک دەدەینەوە کارەساتی گەورە دروست دەکەین، بە هەمان شێوە دەستەواژەی زۆر هەن کە بە هەڵە لێیان تێگەیشتوین و بونەتە بەشێک لە کەسایەتی و کەلتورمان.

---

[١] Mindset . Dr.Carlos S. Dweck

له ڕۆژهەلاتی ناوەراست چونکە تاک ناتوانێ ئازادانە بیربکاتەوە ناچارە بچێتە ناو ئەو قالبەی کە کەلتور بۆی داناوە، قالبێکی تەسکی دیاریکراو کە زادەی بیرکردنەوەی زیاتر لە ۱۲ سەدە بەر لە ئەمرۆیە ، بێگومان تاکی ئاسایی ناتوانێ یا نایەوێ لەم قالبە بێتەدەر هەرچەندە پێی نارەحەتە، تاکی ئاسایی بە شێوەیەکی گشتی بیرکردنەوەی لە جۆری یەکەمە (وەک لە بەشی بیرکردنەوە باسمان کرد) ڕەنگە زۆر جاریش حەزبکا لەم قالبە بێتە دەرێ بەلام نایەوێ توشی کێشە بێ لەگەل کۆمەلگە (بە کورتیەکەی نایەوێ خۆی توشی ژانەسەر بکا بۆیە بە ناچاری وەک خەلک خۆی پیشان دەدا هەرچەندە واش نیە).

بەمەش بە دەستی خۆمان تاکی دوڕو دروست دەکەین ، ئەوانەش کە لەم جۆرە بیرکردنەوە تەسکە دێنەدەر و حەزدەکەن ئازاد بژین توشی کێشە و گرفتی زۆر دەبن ، چونکە ئەوان حەزدەکەن بەرەو پێش بچن لە کاتێکدا کۆمەلگە ڕوی لە دواوەیە و خەون بە (سەردەمی زێڕین) دەبینێ و ئاوات دەخوازێ کە بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە ، بۆیە تاکی ئازاد توشی کێشە و بەیەکدادان دەبێ لەگەل کۆمەلگە.

دەستەواژەی سەردەمی زێڕین واتە (خير القرون)،وەک لەم فەرمودەی خوارەوە دەردەکەوێ،

- خيرُ النَّاسِ قَرني، ثُمَّ الذين يَلونَهم، ثُمَّ الذين يَلونَ الذين يَلونَهم، ثُمَّ يَأتِي قَومٌ تَسبِقُ أيمانُهم شَهادتَهم، وشَهادتُهم أيمانَهم.

الراوي : النعمان بن بشير

المحدث : شعيب الأرناؤوط

المصدر : تخريج المسند

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" باشترین خەلک خەلکی سەردەمی منە، پاشان نەوەی دوای ئێمە، پاشان نەوەی دواتر "

به گوێرەی ئەم فەرمودەیە بێ واتە ٢ نەوە دوای پەیامبەر (د.خ)، واتە سەردەمی خۆی تا سەردەمی "تابعین" (ئەوانەی پەیامبەریان نەبینیوە بەڵام هاوەڵانی پەیامبەریان بینیوە).

ئەگەر ئەم فەرمودەیە ڕاست بێ، واتە وردە وردە خەڵکی خراپ دەبن تا لە پەیامبەر دوردەکەونەوە، لە ڕاستیشدا ئەمە تەواو مانای ئەوەیە کاروانی پێشکەوتنی مێژو و شارستانیەت پێچەوانە بکەینەوە و لە جیاتی پێشکەوتن بەرەو دواوە بڕۆین، چونکە ناتوانین ڕۆژگار بگەڕێنینەوە ئەو سەردەمە بەلام خۆ دەتوانین خۆمان بە پێچەوانە بڕۆین !

هەمو هەوڵی بارزرگانانی ئاینیش ئەوە بوە کە ئەم شتە جێبەجێ بکرێ، واتە خەلک روی لە رابردو بێ و بیر لە پێشکەوتن نەکاتەوە چونکە پێشکەوتن واتە نەمانی تاکرەوی و خەلیفەپەرستی .

ئەگەر سەرنجێکی بدەین لە ژیانی پەیامبەر (د.خ) دەبینین هەرگیز لەگەل چەقبەستوی و دواکەوتوی نەبوە، ئاشکراشە بە هاتنی ئەو هەمو خوە ناشرینەکانی سەردەمی نەزانی نەمان، واتە کارەکانی ئەو بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بو نەک راگرتنی زەمەن و خولانەوە لە بازنەیەکی داخراو.

وە پەیامبەری ئازیز لە فەرمودەیەکدا تەواو پێچەوانەی ئەم فەرمودەی پێشو ئاوات دەخوازێ:

- أنَّ رسولَ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ خرجَ إلى المقبَرةِ ، فقالَ : السَّلامُ عليكُم دارَ قومٍ مُؤمنينَ، وإنَّا إن شاءَ اللَّهُ بِكُم لاحقونَ، وَدِدْتُ أنِّي قد رَأيتُ إخوانَنا. قالوا يا رسولَ اللَّهِ، ألَسنا إخوانَكَ ؟ قالَ: بل أنتُمْ أصحابِي وإخواني الَّذينَ لم يَأتوا بعدُ وأنا فرَطُهُم على الحَوضِ. قالوا: يا رَسولَ اللهِ، كيفَ تعرِفُ مَن يأتِي بعدَكَ مِن أمَّتِكَ ؟ قالَ: أرأيتَ لو كانَ لرجلٍ خَيلٌ غرٌّ محجَّلةٌ في خيلٍ بُهْمٍ دُهْمٍ ألا يعرِفُ خيلَهُ ؟ قالوا: بلَى. قالَ: فإنَّهم يأتونَ يومَ القيامةِ غرًّا مُحجَّلينَ منَ الوضوءِ وأنا فَرَطُهُم على الحوضِ.

الراوي : أبو هريرة

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح النسائي

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" پەیامبەر چوە گۆرستان و سلاوی لەمردوەکان کرد و فەرموی حەزم دەکرد براکانم ببینم، هاوەلەکان وتیان، ئەی ئێمە برات نین؟ فەرموی نا ئێوە هاوەڵمن، براکانم ئەوانەن هێشتا نەهاتون،وتیان ،چۆن دەزانی کێ لەدوای تۆ دێ؟ فەرموی، وەک چۆن مرۆڤ ئەسپەکەی خۆی دەناسێتەوە کە پەلەکانی سپین لەناو کۆمەلێک ئەسپی ڕەش منیش ئاوا دەیانناسمەوە چونکە پەلەکانیان سپین بەهۆی زۆر دەستنوێژگرتن،من لەسەر حەوزی کەوسەر چاوەروانیانم "

بێگومان ئەوانەی حەز بە دواکەوتن دەکەن فەرمودەکەی یەکەم بە راست دەزانن، ئەوانەش کە ئەقل بەکاردەهێنن و دەزانن دنیا پێش دەکەوێ ئەوا فەرمودەی دوەم بە ڕاست دەزانن، خۆشت ئازادی باوەر بە کامیان دەکەی، بەلام بە دلنیاییەوە پەیامبەرێک خوا بینێرێ نابێ قسەیەک بکا دژی پێشکەوتن، چونکە ئەوەی تۆزێک شارەزای مێژوی مرۆڤایەتی بێ دەزانێ کە رۆژگارێک هەبوە مرۆڤ وەک ئاژەڵ بوە ، پاشان وردە وردە پێشکەوتوە.

" زۆرێکمان هاوەڵ بۆ خودا پەیدادەکەین و بە دوڕویی دایدەپۆشین ، چونکە شەرمنین ، ئازا بە و ئەوەی باوەڕت پێی هەیە دەری ببڕە "

* * *

شەشەم : خەیاڵاوی و دەستەوەستان

کۆمەلگەکانی رۆژهەلات چونکە هیچ بەرهەمێکیان نیە ناچارن بگەڕێن بە دوای شتێک کە شانازیی پێوە بکەن. عەرەب پێش هاتنی ئیسلام تەنها هونەر کە

خەریکی بون شیعر بو، تەنها شیعریان هەبو کە شانازیی پێوە بکەن ، هەمو ژیان و سەربەرزیی و شکۆی خۆیان تێیدا دەبینیەوە، بۆیە شیعریان یەکجار زۆر بو ، پێشبرکێی تایبەت بە شیعریان هەبو، ئەو شیعرەی یەکەم بوایە لەسەر دیواری کەعبە هەڵیان دەواسی کە ئەمە لوتکەی سەربەرزی و شەرەف بو، جگە لەوەی شاعیران لای سەرۆک خێڵ و دەولەمەندان پایەی بەرزیان هەبو ، لە بەرامبەریشدا شاعیران شیعری جوانیان دەنوسی لە ستایشی ئەوانەی کە پارە و پاروی چەوریان لەلابو.[1]

لە لایەکی دیکە شیعر ببو بە مێژو و زانست یا ئامرازی تۆمارکردنی شارستانیەت چونکە هەمو سەرکەوتن و نەریت و بۆنە گرنگەکان لە شیعردا تۆمار دەکران، لەبەر ئەوەی ئامرازی نوسینەوەش نەبو خەڵکی دەبوایە شیعرەکان لەبەر بکەن،وە پێوەری زیرەکی و بلیمەتیی ئەوکات بریتی بو لە لەبەرکردنی زۆرترین شیعر.

ئەگەر سەرنج بدەین کاتێ ئیسلام هات دژی شیعر وەستاوە چونکە هەمو ژیانی داگیرکردبون، بەڵام پاشان شاعیری ئیسلامیش دەرکەوتن وەک (حسان ابن ثابت)[2] .

ئەوەی تێبینی دەکرێ عەرەب پێش ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلامیش وازیان لەو نەریتە نەهێنا و هەر بەردەوامبون لەسەر شیعر و شانازی کردن بە شیعر.

میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراستیش مەحکومن بە کەلتوری عەرەب چونکە عەرەب لە جیاتی بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هاتن کۆمەلێک کەلتوری خۆیان بڵاوکردەوە و ناویان نا ئاین.

لە ئەنجامدا گەلانی ژێردەستی عەرەبیش وەک ئەوان خویان دایە شیعر و وازیان لە هەموشت هێنا، ئەگەر سەرنجی شاعیرە گەورەکانی کورد و فارس بدەین دەبینین زۆربەی زۆریان زانای ئاینی بون، بەڵام ئەوەندە سەرسام بون بە شیعر ، ئەوەندی شیعریان نوسیوە چواریەکی ئەوە خەریکی زانست نەبون .

---

[1] وعاظ السلاطین د.علی الوردی
[2] حسان بن ثابت الأنصاري ، هاوەڵی پەیامبەر بوە و شاعیرێکی زۆر بەتوانا بوە ، لە ٦٠ ی پێش هاتنی ئیسلام تا ٥٤ ی کۆچی ژیاوە

وەک ئاشکراشە کە شیعر وڵات پێش ناخا بەڵکو بیرکرنەوەی دروست و هۆشیاری پێشی دەخا.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ، ئێستاش شیعر زۆرترین خوێنەری هەیە بە بەراورد بە زانستە جۆراوجۆرەکان، خوێنەری خۆشمان زۆرینەی خەریکی شیعر یا رۆمانن، حەزناکەن لە دونیای خۆشی خەیاڵ بێنەدەر و دەستەویەخە بن لەگەڵ واقیعی تاڵی ژیان. خوێندنەوەی ئەدەبیات زۆر خۆش و چێژبەخشە، بەڵام بەنجێکی کاتییە و زۆر کەم وایە ئەدەبیات گۆڕانکاریی گەورە دروست بکات.

ئەو میللەتانەی کە زۆر عاشقی ئەدەبیاتن قسەی گەورە و بریقەدار زۆر دەزانن ، بەلام کرداری گەورەیان نیە.

عەرەب و کورد زۆر ئازان لە دروستکردنی شاعیر بەڵام بیرمەند و فەیلەسوف و داهێنەر بە دەگمەن لەناویان دروست دەبن، گەر دروستیش بن ناچارن وڵات جێ بهێڵن چونکە کەس نرخیان نازانێ.

ئەگەر سەرنجی ئەدەبیات و هونەری کوردی بدەی- کە سەرسام و کارتێکراوە بە ئەدەبیاتی عەرەب- ، تێبینی ئەوە دەکەی کە مۆرکی مەزلومیەت و ژێردەستەیی پێوە دیارە ، دیارە کە هەستەکانی ناخی مرۆڤ درۆ ناکەن و بە شێوەیەک لە شێوەکان گوزارش لە ناخی مرۆڤەکان دەکەن ، ئەگەر سەرنجی شیعری شاعیرانی کلاسیک بدەین دەبینین بەشێکی یەکجار زۆری شیعری دڵدارییە ، دیارە کە شیعر تاکە سەرچاوە بوە بۆ ئەوەی خەلکی بتوانن هەستە کپ کراوەکانیان تیایدا دەربڕن . ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی شاعیرانی کلاسیک پیاوی ئاینی یا دیندار بون.

ڕەنگە بڵێی ئەوە شتێکی ئاساییە چونکە غەزەل حەزێکی سروشتیی مرۆڤە و لای هەمو نەتەوەیەک هەیە، یاخود هەندێک لەم شیعرە غەزەلیانە مانای قوڵتر هەڵدەگرن و باسی خۆشەویستیەکی پیرۆز دەکەن کە لە ئەدەبیات بە (عیشقی حەقیقی) ناودەبرێ ، واتە عیشقی خودا.

بەڵێ ڕاستە ، بەڵام بەو شێوەیە نا ، چونکە شاعیر هەیە دەتوانین بڵێین هەمو بەرهەمەکانی هەر بابەتی غەزەلن ، وە لە شعیرێکی دیاریکراودا کە ڕەنگە زیاتر بێ لە ٢٠ بەیت ، هەر هەموی باسی خەت و خاڵ و زوڵف و پەرچەمە.

لە لایەکی دیکەوە شیعری داشۆرین و پێداهەڵگوتنیش بە زەق بەدی دەکرێ لە ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەش بێگومان کاریگەریی شەڕ و شۆڕی بەردەوام و داگیرکاری و مەزڵومیەتە .

ئەگەر باسی مۆسیقاش بکەین هەمان شت بەدی دەکەین ، بۆ نمونە ئاوەزاکانی گۆرانیی کوردی زۆربەیان خەمناک و ناخ هەژێنن ، بابەتەکان زیاتر لاواندنەوە و دەربڕینی مەزڵومیەتە .

ڕەنگە حەیران و لاوک و هۆڕە باشترین بەڵگە بن بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە، کە نەک وشەکان بەڵکو ئاواز و شێوازی گوتنەکەشیان خەڵکی دێنێتە گریان تەنانەت ئەوانەی یەک وشەشی لێ تێناگەن.

من لێرە مەبەستم نیە باسی ئەدەبیات بکەم، چونکە نە بابەتی منە و نە شارەزام تێیدا ، ئەوەی مەبەستمە تەنها لایەنە دەرونی و کۆمەڵایەتی و مێژوییەکانی ئەدەبیاتە لە کۆمەڵگە، وە ئەوەی لێی بە دی دەکرێت ئەوەیە کە ئەدەبیاتمان بە گشتی مۆرکی ژێردەستەیی و مەزڵومیەت و کپکردنی حەزە سروشتەکانی مرۆڤی پێوەیە ، هێندەش پابەندین بە ئەدەبیات ، زانست و گەشەپێدانمان پشت گوێ خستوە ، ئێستاش وادەزانین شیعر و ڕۆمان پێشمان دەخەن.

لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی خەڵک دەربارەی هەموشت قسەدەکەن بێ ئەوەی لە هیچ لەو بابەتانە شتێکی ئەوتۆ بزانن، چونکە هێندە چونەتە ناو دنیای خەیاڵ لەگەل ڕۆمان وشیعرە خەیاڵاویەکان، خۆیان لێ بۆتە فس فس پاڵەوان و لە هەمو مەیدانێک ئەسپی خۆیان تاو دەدەن.

بیرمەندێک دەڵێ :

" لای چایچیەک دانیشتبوم باسی سیاسەت کرا، چایچیەکە وا باسی سیاسەتی دەکرد وەک ئەوەی بلیمەت ترین سیاسی بێ، باسی ئاین کرا بە

هەمان شیوە باسی ئاینی کرد و ڕەخنەی لە خەلک دەگرت، باسی وەرزش کرا بە هەمان شێوە ماوەیەک لەسەر ئەویش دوا و ڕەخنەی لە هەموان گرت،ئەو لە هەمو ئەو شتانەی دەزانی بەلام نەیدەزانی چایەکی باش ئامادە بکا، لەگەل ئەوەی ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠٠ چای دەفرۆشت "

ئینگلیزیش لەم بارەیەوە دەڵێ :

" A Jack of all trades is a master of none"

واتە **" ئەوەی هەمو کارێک بکات لە هیچیان وەستا نییە ".**

ئێمەش تەواو وەک چایچیەکەین، لە هەموشت قسە دەکەین لە کاتێکدا لە کارەکای خۆشمان بەتەواوی شارەزانین.

لە کۆنیشەوە گوتراوە :

" زۆربەی کێشەکانی ئێمە چارەسەر دەبون ئەگەر نەزانەکان وازیان لە قسەکردن بهێنایە "

" ئەوەی نەتەوەکانی پێشوی لەناوبرد خەیاڵ و ئەفسانەکان بون کە بە ڕاست و پیرۆز بە خەڵک فرۆشرابون ، تا لەم تەلیسمە دەرنەچین هەر پاشکۆ دەبین"

* * *

حەفتەم : توندوتیژ و بێ ئارام

کۆمەلگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بە شێوەیەکی گشتی کۆمەلگەی بێ ئارام و تورەن، تاک لەم کۆمەلگانە هەست بە ئارامیی دەرون ناکا چونکە خەلکی لەسەر کەمترین شت تورەدەبن و شەڕ هەلدەگیرسێنن ، ئەوەی ڕۆژانە لەناو خەلک بێ

دەزانی باسی چی دەکەم، بڕوابکەن ئەگەر خۆت نەپارێزی لە ڕۆژێکدا تا ئێوارە ڕەنگە ١٠ شەڕ بکەی تەنها لەسەر خراپ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل.

بێگومان بێ ئارامی و توندوتیژی بێ هۆکار نیە، ئەو ئاینەی کە بازرگانانی ئاین بەسەر خەلکیان سەپاندوە پڕاو پڕە لە توندوتیژی، هەر لە منداڵیەوە بە لێدان و هەڕەشە ، تەنانەت لەسەر نوێژکردن وایان لە خەلک گەیاندوە کە مندال دەبێ لە ٧ سالێ نوێژ بکات ، ئەگەر لە تەمەنی ١٠ سالیش نەیکرد ئەوا دەبێ بە زەبری لێدان نوێژبکات .

یەک پرسیاری زۆر سادە ، ئایا منداڵێکی ١٠ ساڵان دەبێ لە ترسی لێدان نوێژ بکات یا لە بەر خۆشەویستیی خودا؟ وە ئایا منداڵی ١٠ ساڵی هیچ ئەرکێکی لەسەرە؟

بێگومان مرۆڤ تا لە تەمەنی منداڵی دەرنەچێ هیچ ئەرکێکی ئاینی لەسەر نیە، وەک دەزانین ١٠ ساڵی واتە منداڵ، زۆربەی منداڵان لە نێوان تەمەنی ١٢-١٤ دەبنە هەرزەکار، واتە تەمەنی منداڵی کۆتایی دێت ، هەرچەندە هەرزەکاریش منداڵێکی گەورەیە، بەلام بەهەرحال ١٢-١٤ تەمەنێکی گونجاوە بۆ هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و تێگەیشتن لە ئاین و مانا جوانەکانی، بەڵام هەرگیز بە لێدان و توندوتیژی نابێ، چونکە ئەگەر بە لێدان بو ئەوا بێگومان بە دەستی خۆمان تاکێکی دوڕو و درۆزن دروست دەکەین کە لەترسی لێدان نوێژ دەکا نەک لەبەر خۆشەویستیی خودا.

کارەسات لەوەدا یە ئەم بڕیارە هەڵەیە بە ناوی ئاین و فەرموده بەسەر خەڵکی دەسەپێنرێ،

- **مُرُوا الصبيَّ بالصلاةِ ابنَ سبعٍ ، واضربوا عليها ابنَ عشرٍ.**

الراوي : سبرة بن معبد الجهني

المحدث : البغوي

المصدر : شرح السنة

خلاصة حكم المحدث : حسن

" فرمان به منداله‌کانتان بکەن بە نوێژ لەتەمەنی ٧ ساڵی و لێیان بدەن لە تەمەنی ١٠ ساڵی ئەگەر نەیانکرد".

ئەوەی شارەزابێ لە مێژوی ژیانی پەیامبەر هەبێ (د.خ) دەزانێ کە هەرگیز لە منداڵی نەداوە، شورەییە ئەم قسانە بە ناوی ئەوەوە بکرێن بەراستی.

زۆر وتە هەن بە ناوی فەرموده لە ناو خەڵکی بڵاون کە پراوپڕن لە توندوتیژی ، هەرلەبەر ئەوەشە دەبینی مسولمانان زۆر بێباکن لە توندوتیژی و زۆر جار سڵ لە تاوانیش ناکەنەوە، ناهەقیش نین چونکە دەبینن توندوتیژی و کوشتن و بڕین و سوتاندن رێگەی پێدراوە.

با چەند نمونەیەک وەربگرین:

- لقدْ هَمَمْتُ أنْ آمُرَ رجلًا يصلِّي بالناسِ ثُمَّ أُحَرِّقَ علَى رجالٍ ، يتخلفونَ عن الجمعَةِ بيوتَهم.

الراوي : عبدالله بن مسعود

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح الجامع

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" خەریکە فەرمان بدەم کە ئاگرێک بگرم بە دستەوە لە کاتی نوێژ و کەسێک لەجیاتی من نوێژتان بۆ بکە، خۆشم بچم ئەوانەی کە لە ماڵەوە نوێژدەکەن بە خانوەکانیان بەسەردا بسوتێنم ... "

ئەگەر ئەو قسانە هی پەیامبەر بن بەراستی هەمو خەڵکی مافی خۆیانە ئەم ئاینە قبوڵ نەکەن، چونکە خوا داوای لە مرۆڤ کردوە نوێژبکا، هەرگیز سزاشی دانەناوە لە دنیا لەسەر نەکردنی ، ئەگەر پەیامبەریش لە لایەن خوداوە پەیامی بۆ هاتبێ بێگومان پێچەوانەی یاساکانی خودای خۆی کارناکات.

پەیامبەرێک کە ئامادە نەبوە دوژمنی خۆی بکوژێت کاتێ هاتوە تیرۆری بکات ، ئەو تەنانەت ئامادەبوە نوێژ لەسەر گەورەترین دوژمنی خۆی بکات کە (عەبدوللای کوڕی ئوبەی)[1] بو، وەک دیارە کە داوای لێخۆشبونیشی لە خودا کرد بۆی.

پرسیارێکی زۆر سادە، ئایا دەکرێ پەیامبەرێک ئەوەندە میهرەبان بێ لەگەل دوژمنی خۆی بەڵام ئامادەبێت مال بەسەر مسولمانێک بسوتێنێ و وێران بکات کە نوێژیش دەکات بەڵام لە ماڵەوە؟

چەند سالێک لەمەوبەر ئاشنایەتیم لەگەل کوڕێکی زۆر بەرێز پەیداکرد ، لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداریش، رۆژێکیان باسی ئاین کرا ، دیار بو لە ئاین بێزار بو ، بەڵام لە بێدینیش بێزاربو، جار جارە نوێژی دەکرد ، جارجارەش مەی دەخواردەوە ، ئەو بە دوای چارەسەر دەگەڕا بەڵام کەسێک نەبو دەستی بگرێ .

باسی ئیسلام و خودا کرا ، منیش گوتم :

ئێمە دو خودامان هەیە ، دو ئیسلامیشمان هەیە .

خەریک بو شێت بێ ، گوتی :

" کفران مەکە کاکە ئەوە چ دەڵێی ؟ "

گوتم با ڕونی بکەمەوە :

" خودایەکمان هەیە بەڕاستی خودایە ، زۆر میهرەبان و بە بەزەییە ، بەندەکانی خۆی خۆش دەوێ و حەزدەکات بەندەکانیشی ئەویان خۆش بوێ ، خۆ ئەگەر جارجارە گوناهیشیان کرد، حەزدەکا زو بگەڕێنەوەو داوای لێخۆشبون بکەن ، ئەو خودایەی من دەیناسم بەم شێوەیە، خودایەکی تریشمان هەیە کە ئێمە لە بیری خۆمان دروستمان کردوە ، خودایەکی توندوتیژ و بێ ویژدان و تورە کە هەمیشە حەزدەکات خەڵکی سزا بدات و بەرەو دۆزەخ پەلکێشیان بکات ، من بڕوام بەوەی دوەمیان نیە"

---

[1] عبد الله بن عبد الله بن أبي بن سلول، سەرۆکی دوروەکانی مەدینە ،لە ١٢ ی کۆچی مردوە .

کاتێ قسەکانم تەواو بون کەوتە بیرکردنەوەیەکی قوڵ و بێدەنگ بو.

کە رۆژی دواتر بینیمەوە گوتی:

" قسەکانت زۆر کاری تێکردم و زۆرم بیر کردەوە ، خۆ بەڕاستیش هەروایە، من تا ئێستا خوام بەو شێوەیە وێنا نەکردبو، بە چاکیش خوام نەدەناسی".
لەو رۆژەوە ئەو برادەرەم وازی لە خواردنەوە هێنا و هەڵسوکەوتی تەواو گۆڕا ، نوێژەکانی باشتر بون و بە ڕونی پێیەوە دیار بو کە خاوەن بڕوایەکی پتەوە و خودا دەناسێ.

ئێمە زۆر جار بێ ئەوەی ئاگاداربین خودا و پەیامبەر بە شێوەیەکی ترسناک وێنا دەکەین لە کردەوەو گوفتارەکانمان بەڵام کاتێک کەسێک وێنەکەی دەکێشێ جا بە کاریکاتێر بێ یا بە وتار یا بە نواندن ، هاوارمان دەچێتە ئاسمان و دنیای بەسەردا وێران دەکەین، بێ ئاگاین لەوەی کە ئەوە ئێمەین وێنەکەمان بەوان داوە، ئەوان تەنها ئەرکی ئەوەیان کێشاوە کە وێنەهزرییەکانی ئێمەیان گۆڕیوە بۆ وێنەیەکی بینراو بە فڵچەو قەڵەمەکانیان .

کاتێک تۆ بە بێ ئاگایی ورێنەی خەلکی دیکە دەبینی و باوەری پێدەکەی و بڵاوی دەکەیەوە ، جیاوازیت چییە لەگەل ئەوەی کە ورێنەکەی کردوە؟

لەم رۆژانە برادەرێک ڤیدیۆیەکی بۆ ناردم، بانگخوازێکە دەڵێ:

" لە ساڵی ١٩٩٩ لە تورکیا ، شاری ئیزمیر ، بنکەیەکی سەربازی خەریکی ئاهەنگ گێڕان بون بە بۆنەی دەرچونی کۆمەڵیک ئەفسەر، کۆمەڵێک ئەفسەری ئیسرائیلی و ئەمریکی و تورکی پایەبەرزیش ئامادەبون ، خواردن و خواردنەوە و سەماکردن و بەردەوام بو تا نیوەی شەو، لە ناکاو یەکێک لە ئەفسەرە تورکەکان فەرمانی کرد کە قورئان بێنن، قورئانیان هێنا و تۆزێکیان لێ خوێندەوە و پاشان ئەفسەرەکە قورئانەکەی دڕاند و خستیە بەرپێی ژنە سەماکارەکان و گوتی " کا خودای ئەم قورئانە ، با بێت بیپارێزێت ".

لە ئەنجامدا دوکەلێکی پەمەیی هات و دەریا شەق بو ، ئاگرێکی گەورە پەیدا بو ، ئەم ناوچەیە بە تەواوی نوقمی دەریا بو تەنانەت یەک کەسیش رزگاری نەبو.

لەم کارەساتە ١٧ هەزار کەس مردن، دەیان هەزار برینداربون و نزیکەی نیوملیۆن کەسیش بێ ماڵ بون .

لە زۆر سەرچاوە باسی ئەم بومەلەرزەیە کراوە، زۆرێک لەوان بە تورەبونی خودای دەزانن.

ئەوانەی ئەم روداوە بە تورەبونی خودا دەزانن، خودا وا پیشانی خەلکی دەدەن کە لەبەر کردەوەی خراپی یەک ئەفسەری نەزان ، ئامادەیە ١٧ هەزار کەس بکوژێ، دەیان هەزار بریندار بکا، نیوملیۆن کەس ئاوارە و بێ ماڵ بکا، کە زۆربەی قوربانیەکانیش بێ تاوانن !

ئەمە لە ناشرینکردنی خودا زیاتر چیی لە دەخوێنرێتەوە؟

ئاخر کاتێک بێ باوەرێک دەڵێ ، خودای ئێوە واتە ، کوشتن و برین و سوتاندن و ماڵوێرانی ، مسوڵمانان دنیا وێران دەکەن ، نازانن ئەوەی خۆیانن ئەو ێنە ناشرینەی خودایان داوەتە دەستی بێ باوەرەکان.

کاتێک بێ باوەرێک بە خراپ باسی خودا یا پەیامبەر دەکات یا کاریکاتێرێک لەسەریان دروست دەکات هەمومان پێمان ناخۆشە ، بەڵام بێ ئاگاین لەوەی ئێمە خۆمان وێنەیەکی نەشیاوی خودا و پەیامبەرمان داوەتێ چ بە کردەوەکانمان یا لە کتێبە پڕ ئەفسانەکانی پێشێنان ، کاری ئەو بێ باوەرە تەنها کێشانی وێنەکەیە لەسەر هەمان ئەو خەسڵەتانەی کە خۆمان بە بێ ئاگایی پێمان داوە.

هەرزەکار بوم لە وتاری هەینی مامۆستا باسی ئەوەی کرد کە پیاوێک هاتۆتە لای پەیامبەر و پێی گوتوە :

" من سێ شەوی سێ شەم لە کاتی خەوتن سەرم بەرەو قیبلە بوە و سەریشم لێ نەبۆتەوە وەک تۆ وتت"

دیارە ئەم کابرایە مەبەستی ئەوە بوە دژی قسەکانی پەیامبەر بوەستێتەوە کە گوایە گوتویەتی :

" هەرکەسێک سێ شەوی سێشەم لە کاتی خەوتن ڕوەو قیبلە بخەوێ سەری لێ دەبێتەوە "

ئیمامی عەلیش لەوێ بوە ، بە شمشێرەکەی سەری کابرای پەڕاندوە و فەرمویەتی :

" ئەوە قسەکەی پەیامبەر هاتەجێ و ڕاستی فەرمو "

خزمێکم هەیە لەسەردەمی منداڵی دراوسێ بوین ،ئێستا لە ئەوروپا دەژی ، ڕۆژێک قسەم لەگەڵ کرد ، دیارە کاتی خۆی پێکەوە لەم وتارە بوین کە مامۆستا باسی ئەم تراژیدیایەی سەرەوەی کردوە ، هەر لەیادی مابو پێی گوتم :

" لەیادتە مامۆستا .... لەسەر مینبەر چی پێگوتین ؟ لەسەر یەک قسە سەری خەلک بپەڕێنرێ ! ئاخر ڕەحمەت کەی وایە ؟ .... "

زۆر قسەی تریشی کردکە هەمویان ڕاستیی تاڵ بون بە داخەوە ، ئەمانە و چەند قسەیەکی تری وا کە بەناوی خودا یا پەیامبەرەوە دەکرێن لەسەر مینبەرێکی پیرۆز ، وای لەم خزمەی من و هەزارانی وەک ئەو کرد کە واز لە ئیسلام بهێنن.

هەرچەندە باوەڕ ناکەم ئەوەی سەرەوە فەرمودە بێ، هەرچەندە لە جێگەی تریش بیستومە، بەڵام ڕێی تێناچێ کە فەرمودە بێ.

گرنگ نییە فەرمودە بێ یان نا ، ئەوەی لێرە کارەساتە و جێگەی باسە ئەوەیە کە مامۆستا لەسەر مینبەر قسەی وا چۆن دەکات؟

ئەوەی شایانی باسە مامۆستاکە بە تەمەنیشە و دەرچوی حوجرەی مزگەوتیشە و دراوسێی نزیکیشمان بو.

باشە ئەوانەی ئامادەی ئەم وتارەن چۆن لەو ئاینە ناتۆقن و وازی لێ ناهێنن ؟

چۆن منداڵان و خەلکیش بەگشتی توندوتیژ نابن ؟

بە سەرنج دان لە وتاری توندوتیژی هەندێ وتاربێژ و بانگخوازی نەزان لامان ئاسایی دەبێ کە دەبینین خەلکی نە ڕێزی یاسا دەگرن نە ڕێزی خەلکی تر، کاتێک لەسەر شەقامن بە مولکی خۆیانی دەزانن، کاتێک لە دوکانن شۆستەکانیش بە هی

خۆیان دەزانن و دەیگرن و پڕی دەکەن لە شتومەک،تۆ بڵێی نەزانن شۆستە بۆ خەلکە ؟ بێگومان دەزانن بەلام بێباک و بێ ویژدانن.

بێ ئارامی و شەرانگێزیی خەلک گەیشتۆتە ئەو رادەی کە شوفێر کوژراوە تەنها لەسەر ئەوەی هۆرن یا لایتی بۆ شوفێرێکی تر لێداوە .

چەندین جار دەبینی ئۆتۆمبێل بە لاتدا تێپەڕدەبێ وەک بروسک، وەک ئەوەی لە ئەرک بێ یا بچێتە سەر کارێکی زۆر گرنگ، کە سەرنج دەدەی هەرزەکارێکە و خەریکی کات کوشتن و خەلک کوشتنە بە سەرشێتیەکانی.

زۆربەی ئەو هاولاتیە بیانیانەی کارم لەگەل کردون زۆر بە خراپی باسی ئۆتۆمبێل لێخوڕینی خەلکی ئێرە دەکەن ! خۆ ناهەقیش نین، بڕوابکەن لە ١٠٠ شوفێر باوەڕناکەم ١٠ ی پابەندی رێنماییەکان بن، جاری بە دەگمەن خەلک هەیە بزانێ خەتەکانی شەقام بۆچی کێشراون، زۆربەی خەلکی لە نێوان ٢ رێڕەو دەڕۆن و هەردوکی دەگرن، کامەی یەک ئۆتۆمبێل کەمتری لێبو دەچنە ئەوێ و لە خولەکێکدا چەندین جار هێلی شەقام دەگۆڕن، باسی سوڕانەوەش هەر مەکە ، کەم جێگا هەیە لە ٣ ریز کەمتر سورانەوەی لەسەربێ لە کاتێکدا تەنها یەک ریز دەبێ بسوڕێتەوە، نازانم ئەو بێ ئارامیە لەپای چی؟

ئەگەر میللەتێک بین ئەوەندە رێزی کات بگرین و پەلە بین تا دوانەکەوین رەنگە رێی تێ بچێ ، بەلام خۆ ئێمە هیچ دروست ناکەین و بە هیچ شێوەیەک دەستمان نیە لە کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی نازانم ئەم پەلەپەل و هەلپەیە لە پای چیە؟

جاری لە بەهار کاتێ خەلک دەچێتە گەشت و سەیران ، مەردم دەوێ بتوانێ ئێوارە بگەڕێتەوە مال.

جگەلەوەی هەردو سایدەکە دەگرن، لەسەر خۆلەکەی تەنیشتی شەقامەکەش دەڕۆن و خەلک هەراسان دەکەن .

میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراست ئەوەندە حەزیان لە شەڕ و چەکە لە هەمو بۆنەیەک تەقە دەکەن، لە ژنهێنان، لە سەفەرە، لە جەژن، لە سەری سال، لە هەمو بۆنەیەک .

سەیرە ! دڵیان خۆشە تەقە دەکەن، شەردەکەن هەر تەقە دەکەن، نازانم کەی واز لەم خوە ناشرینە دێنن .

ئەگەر بێلایەنانە سەرنجێکی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بدەین دەبینین بێ ئارامترین و توندوتیژترین میللەتن، تەنانەت لە حەجیشدا ئەوەندە بێ ئارام و توندوتیژن ساڵ نیە کۆمەلێک خەلک نەمرن بەهۆی پاڵدان و بێ ئارامیی میوانانی ماڵی خودا.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە حەج ئارامترین خەلک ئەوانەی ڕۆژهەلاتی ئاسیان، وەک مالیزیا و ژاپۆن و ئیندۆنیسیا ، ئەوەش بەڕونی جیاوازیی بیرکردنەوە دروستی دەکات نەک بڕوای روکەش و مسولمانیەتێکی بێ ناوەرۆک.

کۆمەلگەی مسولمان دەبێ لە هەمو کۆمەلگەیەک ئارامتر بێ و تاکەکانی دەبێ نمونەی بەرزی نەرمو نیانی و ئارامی بن،چونکە ئەگەر وانەبین چۆن ڕومان بێ بڵێین ئێمە شوێنکەوتوی پەیامبەرێکی وا بەرز و ئارامگرین ،بەڵام ئایا ئێمە واین؟

خودا دەربارەی ئارامگرتن دەفەرموێ:

- وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ ﴿٤٥﴾.البقرة.

" پشت ببەستن بەئارامگرتن و نوێژکردن بەڕاستی نوێژ ئەرکێکی گەورەو گرانە، مەگەر لەسەر ئەو کەسانەی کە بە خۆشەویستی و سۆزەوە خواپەرستی ئەنجام دەدەن "

ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێ ، خوای گەورە ئارامگرتنی پێش نوێژیش باس کردوە، واتە ئارام گرتن زۆر زۆر گرنگە، بەلام بە داخەوە ئێمە بێ ئارامترین خەلکی سەر روی زەوین.

هەروەها دەفەرموێ:

- وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ اللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا وَلَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الصَّابِرُونَ ﴿٨٠﴾ القصص

" ئەوانەی کە زانستیان پێبەخشراوە وتیان: هاوار بۆ ئێوە، بۆ تێنافکرن پاداشتی خوای زۆر چاکترە بۆ ئەو کەسەی باوەری دامەزراوی هێناوەو کارو کردەوەی چاکی ئەنجام داوە، ئەوەش تەنها بە ئارامگران دەدرێت. "

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئارامترین میللەتانی جیهان ئەوانەن کە ئێمە بە کافر و گومرایان دەزانین ، وەک ژاپۆنی و چینی و هیندی ، من لەگەل هەمو ئەوانە کارم کردوە ، بروام پێبکەن لە ئارامگرتن و لەسەرخۆیی لە لوتکەن، بەلکو زۆر جار ئەوەندە ئارامن خەریکە مرۆڤ بێزار دەبی لێیان.

دیاردەیەکی زۆر دزێو هەیە لەناو کۆمەلگاکانی رۆژهەلات،ئەویش زمان پیسی و جنێودانە .

بەراستی زۆر جێگەی سەرسورمان و داخە ،رۆژ نیيە چەندین جنێو و قسەی ناشرین بەرچاو یا بەرگوێمان نەکەوێ.

جارێ باسی تۆرە کۆمەلایەتیەکان هەر مەکە ،بە دەگمەن بابەت هەیە بلاو بکرێتەوە لە کۆمێنت دەیان قسەی ناشرین و جنێو نەبینرێ،زۆرجاریش دەبێتە شەر و شەرەکە دەگوازرێتەوە بۆ شەقام و کۆلانەکان .

ئەوەی کە تێبینیم کردوە ئەم دیاردە ناشرینە تەنها لە رۆژهەلاتی ناوەراست وا بەربلاوە، رەنگە خەلک هەبێ بلێ لە جێگای تریش وایە، بەلێ هەیە بەلام بەم شێوەیە نیە.

ئەگەر سەرنجێکی یوتیوب بدەی زۆر بەرونی راستییەکان دەبینی،بۆ نمونە ڤیدیۆیەکی ژاپۆنی بکەوە و سەرنجی کۆمێنتەکان بدە،پاشان ڤیدیۆیەکی کوردی یا عەرەبی بکەوە و هەمان سەرنج بدە. جیاوازیەکان زۆر رونن.

کە سەرنج دەدەم خەلکی نامسولمان زۆرێک رەوشتەکانیان نزیکە لە فەرمانەکانی خودا ، وە مسولمانەکانیش هیچ رەوشتێکیان بە هی مسولمان ناچێ نازانم چۆن بریار بدەم و بلێم کێ مسولمانە . ئاخر ئاین بە گوفتارە یان کردەوە ؟

" نه خودا و نه پەیامبەران توندوتیژ و بێ ئارام نەبون ، باوەڕ و ئەم خوە ناشرینانە بەیەکەوە کۆنابنەوە "

*   *   *

هەشتەم : پاگەزی و سەرلێ شێواو

زۆر جار مرۆڤەکان رێزی خۆیان نازانن، کاتێک خوا مرۆڤی دروستکرد فریشتەکان بە فەرمانی خودا کرنۆشیان بۆ برد، مرۆڤ بونەوەرێکی زۆر بەرێزە لەلای خودا بەلام داخەکەم ئەوە ئێمەین رێزی خۆمان ناگرین و زۆر جار خۆمان دێنینە ریزی ئاژەل بگرە کەمتریش .

ئەوەی مرۆڤ لە هەمو بونەوەرانی تری گەردون جیادەکاتەوە عەقلە ، بەلام رێز و گەورەیی مرۆڤ کاتێک بەدیاردەکەوێ کە عەقلەکەی بەکاربهێنێ ، نەک بارگرانی بێ بەسەریەوە.

لە بەشی بیرکردنەوە باسی جۆرەکانی بیرکردنەوەمان کرد، یەکێک لە جۆرەکانی تەنها سۆزی تێدا بەکاردێت، واتە عەقڵ هیچ رۆڵی نیە ، بەمەش بڕیارەکانی مرۆڤ عەقلانی دەرناچن بەلکو بڕیاری پاگەزی دەبن ، ئاشکراشە تەنها ئاژەڵ بڕیارەکانی لەسەر بناغەی پاگەز بنیات دەنێ .

میللەتی ناهۆشیار زۆر جار فێڵی لێ دەکرێ، بگرە زۆر جار هەمان فێڵی لێ دەکرێ بێ ئەوەی هیچ وانەیەکی لێ فێر بێ.

نمونەشمان زۆرە لە شکستە یەک بە دوای یەکەکانی میللەتەکەمان کە بە داخەوە هەرگیز نەمانتوانیوە سود لە هەلە مێژوییەکانی خۆمان وەربگرین ، لە ئەنجامیشدا هەر لەناو بازنەیەکی داخراو دەسورێینەوە و ناگەین بە هیچ.

تا ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە نەگۆڕین داهاتومان لەوە باشتر نابێ، بەلکو خراتر دەبێ، چونکە جیهان لە پێشکەوتنە و لەسەر کەسیش ناوەستێ.

رەنگە بلێی زیادەڕەویە یا بێ هیواییە . من هەمیشە گەشبینم و حەزیشم لە زیادەڕەوی نییە، بەڵام حەزیشم لە خۆهەلخەلەتاندن نیە، هەرکەسێکیش بە چاوی عەقل و لۆجیک بڕوانێتە کۆمەلگەی ئێمە دەبینێ کە لە نێو جەهل و نەفامی نقوم بوین .

ئەوەی وای لێکردم بەم شێوەیە بنوسم تێکەلبون و ئاگاداریمە لە حالی خەلک ، رەنگە ئەوانەی لەناو خەلک نین زۆر هەستی پێ نەکەن.

کۆمەلگە پێشکەوتوەکان هەمیشە سود لە هەڵەکانی خۆیان وەردەگرن، تەنانەت لە کارەساتە سروشتیەکانیش پەند وەردەگرن و جاری داهاتو کەمتر زەرەرمەند دەبن.

ئێستا نمونەیەکی زۆر ڕون لەبەردەستە، ڤایرۆسی کۆرۆنا هەمو جیهانی گرتۆتەوە و تەواوی مرۆڤایەتی پەکی کەوتوە ، شارەکان خامۆش و کارگەکان هەموی وەستاون، خەلکێکی زۆر نەخۆش و ئەوی تریش هەموی تۆقیوە ، خەلکی زۆربەی وڵاتان بە ناچاری لە ماڵەوە بەندکراون بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆوە لە ترسی تەشەنەکردنی زیاتری نەخۆشیەکە.

ئەوەی گرنگە فێربونی وانەیە لەم کارەساتە چونکە لەوانەیە توشی کارەساتی لەمەش گەورەتر ببین.

گرنگترین وانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕەنگە ئەمانەی خوارەوە بن:

١- ئەمریکا چیتر سەرداری جیهان نیە ، ڕەنگە بەهێزترین وڵاتی جیهان بە لاوازترین هێزی سروشت بەچۆکدابێت و توشی داڕمان بێت. بۆیە دەبێ هەمیشە ئاگاداری هاوکێشەی هێز بین.

٢- چین لەم کارەساتە سەرکەوت ، ڕەنگە ئەمە بە قەد جەنگێکی جیهانی کاریگەری هەبوبێ بەسەر هەژمونی ولاتە زلهێزەکان، چینیش دەتوانم بڵێم بە بێ شەڕکردن توانی براوەی جەنگێکی جیهانی بێت، چونکە ئێستا چین لە دواقۆناغی چاکبونەوەیە و ئەمریکا و ولاتانی ئەوروپیش لەوپەڕی شلەژان و بێ هێزین ورۆژانە هەزاران کەس بەم ڤایرۆسە گیان لەدەست دەدەن.

٣- خەلکێکی زۆر هەن پێویستییان بە رۆشنبیری هەیە بە داخەوە، لەگەل ئەو هەمو ترسناکیە و ئاگادارکردنەوەیە هێشتا خەلکێک هەن کۆدەبنەوە و خەلک توشی نەخۆشی دەکەن، لەم رۆژانە بە هۆی پرسەیەک نزیکەی ٥٠ کەس توش بون ! لەگەل ئەوەی بە بڕیاری حکومەت پرسە و هەمو جۆرە کۆبونەوەیەک قەدەغەکراوە.

٤- پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی گرنگترن لە یاریزانانی تۆپی پێ و گۆرانیبێژ لە کاتێکدا ملیۆنان دۆلار بە یاریزان دەدەن و موچەیەکی زۆر کەم بە کارمەندانی تەندروستی و پیداویستیی پزیشکی.

٥- نەفت هیچ بەهای نیە ئەگەر بەکارهێنەران نەیکڕن، ئێستا چونکە هەمو کارگەکان و ئۆتۆمبێلەکان وەستاون کەس سوتەمەنی ناکڕێ، بەن هۆیەشەوە نرخەکەی زۆر دابەزیوە.

٦- خۆپاراستن باشترە لە تەرخانکردنی ملیۆنان دۆلار بۆ بەرگرتن لە ڤایرۆس و دۆزینەوەی ڤاکسین.

٧- مردن جیاوازی ناکا لە نێوان نەتەوەکان، بۆیە دەبێ فێرببین کە رەگەزپەرستی نەخۆشیەکی پیسە.

٨- میللەتی دواکەوتو و دەبەنگ و مەترسیدارە، لە کاتێکدا هەمو جیهان لەم ڤایرۆسە تۆقیوە و دەیان هەزار کەس بونەتە قوربانی ئێستاش خەلک هەیە لە میدیاکان دەڵێ ئەو شتانە راست نین، یا دەڵێ خوا دەمان پارێزێ یا دەڵێن ئەم نەخۆشیە سەربازی خوایە و تۆلە لە بێدینان دەکاتەوە ، نازانن زۆربەی قوربانیی ئەم ڤایرۆسە خەلکی بێتاوان و نەخۆش و فەقیرن.

٩- خەلکی بە شێوەیەکی گشتی هەلپەرستن و پشتیان پێ نابەسترێ ، هەموشتێکیان گران کرد و بازارەکان خالێ کرانەوە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان، لە کاتێکدا لە ولاتانی ئەوروپا لە زۆر شوێن لەسەر شەقامەکان خواردن و ئاو و پێداویستی دانراوە بۆ خەلکی نەدار .

١٠- سۆشیال میدیا و میدیاکان شمشێری دوسەرەن و هەم زیان و هەم سودیان هەیە.

١١- زەوی بەبێ بونی مرۆڤ پاکترە و ئاسانتر نوێ دەبێتەوە.

١٢- بەڕاستی مرۆڤ ڤایرۆسی ڕاستەقینەیە ، چونکە هەر مرۆڤە کارەسات دروست دەکات.

١٣- ئێستا هەست بە دلتەنگیی ئاژەلەکانی باخچەی ئاژەڵان دەکەین کە هەمو ژیانیان لە ناو قەفەسن.

١٤- كۆمەک مرۆڤ ناژیێنیّ ، چونکە پێداویستیەکانی مرۆڤ زۆر لە خواردن زیاترن.

١٥- پیاوانی ئاینی و پەرستگاکان ناتوانن مرۆڤایەتی رزگاربکەن لە ڤایرۆس، بە داخەوە زۆر کەس خەریکی بڵاوکردنەوەی دوعا بو، تەنانەت خەلکی ئەوروپیش هەن کە پەنا دەبەنە بەر دوعا و تەنانەت گویّ لە قورئان دەگرن و لە مزگەفتەکان دەیخوێنن.

نازانم کەی فێردەبین کە هەمیشە خوامان لە یاد بیّ نەک تەنها ئەو کاتەی کارمان پێی هەیە !

ئاخر چ سودێکی هەیە تۆ هەموکات پشتت لە خوایە بەڵام لەکاتی تەنگانە پەنا دەبەیتەبەر دوعا و پاڕانەوە و قورئان خوێندن ، لە کاتێکدا پەیامبەر (د.خ) فەرمویەتی خۆتان لە پەتا بپارێزن بە مانەوە لە شوێنی خۆتان ، باسی دوعاشی نەکردوە (ئەم بابەتەمان بە درێژی باسکردوە بۆیە دیسان باسی ناکەم لێرە)

١٦- ئاژەلەکان بەبیّ مرۆڤ خۆشحاڵترن ، کەس هەراسانیان ناکات.

١٧- منداڵەکانمان پێویستیی زیاتریان بە خۆشەویستیی باوان هەیە.

١٨- ئافرەتان لە ماڵەوە ئەرکیان سەختەو پێویستییان بە رێز و دەستخۆشیی زیاتر هەیە.

١٩- دەبیّ تێبگەین کە بنیاتنانی نەخۆشخانە لە پەرستگا پێویستترە چونکە ئێستا توشبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەشارەکەی من لە هۆڵی پێشانگای نێودەوڵەتی دانراون لە جیاتی نەخۆشخانە، هەوەها نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتنیش کراوەتە بنکەی توشبوانی ڤایرۆسەکە ، کە ئەمە نابیّ چونکە فریاکەوتن هەموکات نەخۆش و برینداری بۆ دێت و خۆشیان جێگەیان کەمە.

ئەوەشمان لە یادنەچی ئەگەر مزگەفت نەبو لە ماڵەوە نوێژ دەکەین ، بەڵام ئەگەر نەخۆشخانە نەبو خەلک دەمریّ .

٢٠- دەبیّ فێربین کە سڵاوکردن پێویستیی بە هێندە ماچ و لە باوەش گرتن نیە.

گرفتی قوڵ بیرنەکردنەوە و ژیانکردن بە پاگەز زۆر کارەساتی بەسەر هێناوین.

ئەگەر پەرلەمان وەک نمونە وەربگرین دەبینین خەلکێکی زۆر لەوێ ئەندامن کە لە خەمی خۆ دەولەمەندکردن و ناوبانگ دەرکردن بەولاوە هیچ خەمی دیکەیان نیە ، ڕەنگە بڵێی هەمویان وا نین ، ئەوانەی کە وانین و بەراستی دلسۆزن یا دەبێ وازبهێنن یا واز لە قسەی بریقەدار بهێنن.

لە کوێی دنیا هەیە ئەندام پەرلەمان موچەکەی بە قەد موچەی زیاتر لە ١٠ مامۆستا بێ ؟ لە کاتێکدا کارەکەی زۆر ئاسانترە لە کاری مامۆستا ؟

لە کوێی دنیا هەیە ٤ ساڵ ئەندامی پەرلەمان بیت و پاشان خانەنشین بکرێی بە موچەی ٦ ئەوەندەی موچەی مامۆستایەک یا فەرمانبەرێک یا پۆلیسێکی فەقیر کە تا ئێوارە لەسەر شەقامە؟

لە کوێی دنیا هەیە ئەندام پەرلەمان ئۆتۆمبێل و خانو و پاسەوانی پێ بدرێ ؟

من یەک پێشنیاز دەخەمە بەردەستی ئەوانەی بانگەشەی چاکسازی دەکەن، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بەڕاستی چاکسازی بکەن موچەی ئەندام پەرلەمان هاوتای موچەی مامۆستا یا پۆلیسێک بکەن، بڕوام پێبکەن ئەوکاتە دەبێ ئەندام پەرلەمان لە بەنگلادیش و فلیپین بێنین وەک چۆن ئێستا کارەکەر و کرێکار دەهێنین .

کاتێک ئەندام پەرلەمانانی ئەلمانیا داوای زیادکردنی موچەیان کرد ، ڕاوێژکاری ئەلمانیا گوتی :

" چۆن داوادەکەن موچەتان لە هی مامۆستایەک زیاتر بێ لە کاتێکدا ئێمە هەمومان پەروەردەی دەستی مامۆستاین ؟ ".

وینستۆن چەرچل دەڵێ:

" ئەگەر ویستت هەر میللەتێک بناسی تەماشای نوێنەرانی بکە لە پەرلەمان، ئەوکات دەزانی کێ شایانی گوڵباران و کێ شایانی پێڵاوباران کردنە ".

له ولاتانی دواکەوتو ، ئەگەر سەرنجی میدیا بدەی ، کەناڵی ئاسمانی، رادیۆ، سۆشیال میدیا لە بێ ئومێدی بەولاوە هیچت بەرچاو ناکەوێ، کارەساتەکەش لەوەیە کە ئەوانەی بڕیارە رابەر و پێشەوای خەلک بن و خەلک لاسایبان بکاتەوە ، خۆیان لە هەموکەس ماڵوێران ترن.

هەرکاتێک میللەتێک نەیزانی بیربکاتەوە ، وەک ئێمە توشی سەرلێشێوان دەبێ، زاناکان چونکە کەس گوێیان لێ ناگرێ، ناچارن یا سەرهەلگرن یا بێدەنگ دانیشن، لەم نێوەندەشدا بوار بۆ کەسانی ماستاوچی و نەزان دەرەخسێ تا ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە، چونکە ئەگەر تۆی بلیمەت پڕت نەکردەوە، بێگومان کەسێکی تر پڕی دەکاتەوە کە زو یا درەنگ قور بەسەری میللەتێک دەکات.

هەرلەبەر ئەم هۆکارەشە دەبینی کەسێک میدیاکارە و تەنها زمانی دایکی دەزانێ، کە ئەویش بەتەواوی نازانێ، بێ بروانامەیە ، یا بروانامەکەی بە پارە کریوە.

بڕوابکەن کارەساتێ وا لە میدیاکان دەبینم بێز لە مرۆڤبون دەکەمەوە .

لەو رۆژانە ڤیدیۆیەکم بەرچاو کەوت لە یەکێ لە کەناڵە ئاسمانیەکان ، ئافرەتێک دەڵێ :

" پێویستە حکومەت نەشتەرگەری جوانکاری بۆ ئافرەتان بکات، بەخۆراییش"

لە کاتێکدا میللەت لە خراپترین باری ژیانەو خانمە مۆدێلیش خەمی گەورەی نەشتەرگەریی جوانکارییە !

لای زۆربەی خەلکی ئێستا جوانی تەنها بریتیە لە جوانیی روخسار، ئەویش چ جۆرێک لە جوانی؟

ئەو جوانیەی کە مۆدێلەکان هەیانە، گرنگ نیە چۆنن، گرنگ نیە چەندی تێ دەچێ ، گرنگ ئەوەیە وەک فلانە مۆدێل یا نمایشکار دەرکەون .

مۆدێلی بەستەزمانیش لە ماڵوێرانی و بێکاری بۆتە مۆدێل و خۆیشی نازانی لەسەر کام پەتە، رۆژێک جل نمایش دەکات، بەیانی ریکلامی دۆشاوی تەماتە دەکات و دوای مانگێک لە دراما بەشداری دەکات و پاشان دەبێتە ئەستێرە و لە یەکێک لە

کەناڵەکان بەرنامەی پێ دەدەن و دەست دەکات بە ڕێنمایی کردنی خەلک و ئامۆژگاریی بە نرخ.

زۆر جاریش وایە لایەنێکی سیاسی بەلای خۆیدا رایدەکێشی چونکە جەماوەری هەیە، ئیتر دەبێتە ئەندام پەرلەمان یا وەزیر، جا قوربەسەری ئەو میللەتەی چاوی لە دەستی ئەم جۆرە مۆدێلەیە کە خزمەتی بکات .

یەکێکی تر کە دەڵێ:

" پێویستە حکومەت شاجوانەکان بباتە شوێنێکی تەندروست نەوەک توشی فایرۆسی کۆرۆنا ببن "

وەک ئەوەی شاجوانەکان لە هەمو میللەت بە نرختر بن و ئەوان سامانی نەتەوەیی بن و بەبێ ئەوان دنیا تێک بچێ .

بە خۆڕایی نەوتراوە **" لە خاکێک نرخی ژن بە جوانی و نرخی پیاو بە سامانەکەی بێ، بە دوای هزرو مرۆڤایەتیدا مەگەڕێ"**

زۆر جار دەبیستم دەڵێن منداڵی ئێستا زۆر لاسارن بۆ ئێمە کاتی خۆی وا نەبوین ؟

راستیەکەی شتەکە پێچەوانەیە منداڵەکان لاسار نین، ئەوا باوانەکانن نازانن پەروەردەیان بکەن ، چونکە مندال هەمیشە لاسایی مۆدێلەکان دەکاتەوە، زۆربەی کاتیش مۆدێلەکان باوانن .

بڕوابکەن ئەگەر سنورێک بۆ ئەم پاشاگەردانیە دانەنرێ کە بە ناوی ئازادی میدیاوە بەرۆکی گرتوین توشی بەلای وا دەبین کە خۆزگە بە بۆمبی ئەتۆمی و پەتای کوشندە دەخوازین.

ئەوەی ئەمڕۆ لە میدیاکان دەگوزەرێ کارەساتە ، میللەتی دواکەوتو خۆی چونکە خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێز نیە هەرکەسێک لەسەر شاشەکان یا لە سۆشیال میدیا ببینێ پێی سەرسام دەبێ و دەیکاتە پێشەوا و ڕابەری خۆی ، ئەگەر سەرنجێکی میدیا و سۆشیال میدیاکانیش بدەی ئەوانەی کە بڕیارە مۆدێل بن و خەلک پێیان سەرسام بی ماشەللایان دەوێ .

ئافرەتی ڕازاوە بە دەرمان و مکیاژ و کۆمەڵێک نەشتەرگەریی جوانکاری ، هیچ شوێنێک لە لەشی نەماوە دەسکاریی نەکرابێ ، هەر هەموی دەسکردە ، کارەسات ئەوەیە زۆربەشیان نامۆن بە کۆمەڵگە ، بە دەگمەن نەبێ زۆربەیان خەڵکی دوڕاوی وڵاتانی ترن و لە زۆنگاوی وا نەبێ لە هیچ شوێنێک هی ئەوە نین بە کارەکەر و زبڵ ڕێژیش رایان بگری.

بێگومان هەرزەکاران هەمیشە چاویان لەسەر میدیایە ، بۆیە چاویان لێ دەکەن و هەوڵ دەدەن لەسەر ڕێچکەی ئەوان بڕۆن ، بەمەش نەوەکانمان بە دەستی خۆمان هەر بە زیندویی لە گۆڕ دەنێین ، چونکە ئەو بوکەڵانەی سەرشاشە و میدیاکان قاوغێکی رازاوە و ناوەڕۆکێکی بەتاڵن ، بڕوابکەن هیچیان نازانن ٢ رستە بەبێ هەڵە بە زمانەکەی خۆشیان بدوێن.

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و حەزی بە تێکەڵبون و خۆگونجاندنە، بۆ ئەمەش پێویستیی بە لاساییکردنەوەی دوروبەرەکەی هەیە تا بە چاوێکی نامۆ سەیر نەکرێ ، بە گشتیش خەڵکی چاو لە مۆدیل و کەسایەتیە بەناوبانگەکان دەکەن ، ئەگەر مۆدێلی باش و کەسایەتیی کاریگەری باشمان نەبو ئەوا خەڵکی بەرەو هەڵدێر دەچن بە لاساییکردنەوەی ئەو مۆدێلانەی کە دەستێکی نامۆ دەیان هێنێتە پێشەوەی شانۆی ژیان و لەمیدیاکان گرنگییان پێ دەدات .

میدیا بۆمبێکی زۆر ترسناکە ، لە بۆمبی ئەتۆمی و هایدرۆجینی ترسناکتر میدیایە، ئێمە خەریکە نەک نەوەکانمان بەڵکو زمان و کەلتوریشمان خەریکە لەناودەچێ بەهۆی کۆمەڵێک میدیای ناشرینی بێ خاوەن کە هەمو خەمێکیان تەنها کۆکردنەوەی پارەیە .

ئەگەر سەرنجی میدیاکان بدەی تێدەگەی کە زمانێک نەماوە بە ناوی زمانی کوردی، ئەوەندە وشەی بیانی و وشەی ناڕاست و تێکەڵەی شێوەزارەکانی تێدایە خەریکە زمانەکەی خۆمان لەبیردەچێتەوە.

وڵاتێکی وەک ئەمریکا دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٣٤٠ ملیۆنە ، یەک زمان هەیە لە میدیاکان، تا ئاستێکی زۆریش شێوەزارێکی گشتی هەیە لە میدیا قسەی پێدەکرێ.

٢٢ دەوڵەتی عەرەبی هەن ، یەک زمان و یەک شێوەزار لە میدیاکان بە دی دەکرێ.

وڵاتی چین زیاتر لە ملیارێک و ٣٠٠ ملیۆن دانیشتوانی هەیە ،یەک زمانی فەرمیی هەیە و میدیاکان و دەزگا فەرمییەکان کار بە یەک زمان و یەک دیالێکت دەکەن لەکاتێکدا سەدان زمان و دیالێکتی جیاجیا لەچین هەن.

وڵاتی هیند زیاتر لە ملیارێک و ٢٠٠ملیۆن دانیشتوانی هەیە ، سەدان ئاین و زمان و دیالێکتی جیاجیا پێکەوە دەژین ،یەک زمان و یەک دیالێکت بە فەرمی کاری پێ دەکرێت .

ئێمەی بەستەزمان کەمتر لە ٥ ملیۆنین هەواڵەکان بە ٢ شێوەزار دەخوێنرێتەوە جاری وا هەیە دەبێتە ٣ ش لە هەندێ میدیا .

ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە سادەترین شت یەک بخەین کە زمانی ئاخاوتنە ، ئاخر میللەتێک ئەگەر زمانی نەبێ واتە هیچی نیە.

خالێکی تر کە زۆر گرنگە بەڵام کەس نابینم باسی بکات ، ئەویش کارکردنی میدیاکانە لەسەر لەناوبردنی کەلتور و مێژو جا بە بەرنامە بێت یا بە نەزانی ،

هەر کوردێک بدوێنە خەونی گەورەی دەوڵەتی سەربەخۆیە ، بەرپرسەکان ئەوا هەر باسیان مەکە ، سەری زمان و بنی زمانیان دەوڵەتی سەربەخۆ و خەونی گەورەن ، بەڵام کردارەکانیان پێچەوانەی خەونە پیرۆزەکانن.

ئەگەر نەشارەزایەک سەرنجی میدیاکانمان بدات نازانێ ئێمە کێین ، چونکە نە جلوبەرگ و نە شێوازی قسەکردن و نە رێنوسمان کوردییە !

کارەسات نییە کورد بە پانتۆڵ و بۆینباخ خۆی بە دنیا بناسێنێ ؟ ئەوە ئەگەر هەر ئامارەیەکی هەبێ تەنها ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی هیچ نین تەنانەت خاوەنی جلوبەرگیش نین ، بۆیە شایانی ئەوە نین ببین بە دەوڵەت وەک هەمو خەڵکی .

زۆرجار تێبینی دەکەم خەڵکی ناحاڵی گاڵتە بە عەرەب دەکەن ، عەرەب لە بەناوبانگترین کەناڵەکانیان بە جلی خۆیان دەردەکەون و بە زمانێکی یەکگرتو قسەدەکەن و بەڕاستی دەیسەلمێنن کە شایانی ئەوەن خاوەنی هەموشت بن .

هەریۆیەشە وڵاتانی کەنداو کە هەر ٧ وڵاتیان بەقەد کورد دانیشتوانیان نییە بەڵام خاوەنی ٧ وڵاتی دەوڵەمەند و خاوەن پایەن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەمو جیهان بە چاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانرێ.

ئەوان دەزانن نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن ، ئەوان دەزانن دەسبەرداربونی کەلتور و پۆشینی بەرگی بێگانە هەنگاوی یەکەمی سڕینەوەی ناسنامەیە.

ئەوان لایان نەنگی نییە عەگال لەسەربکەن کە قوفڵی پێیەکانی حوشترە ، ئەوان دەزانن پاراستنی کەلتور واتە پاراستنی ناسنامە ، بەڵام ئێمە پێمان شەرمە بەو جلە کوردیە جوانانەوە بێینە سەر شاشە کە زۆر لە بێگانەکان پێی سەرسامن !

چۆن داوای دەوڵەت بکەین کاتێک ناسنامە و کەلتوری خۆمان فرێداوە ؟

لە کەناڵی ئاسمانی کە ملیۆنان دۆلاری تێدا خەرج دەکرێ ئێستاش ڕۆژانە چەندین هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی تری تێدا بەدی دەکرێ.

سەیر ئەوەیە گوێ لە قسەی کەسیش ناگرن چونکە من خۆم ئیمەیلم ناردوە بۆ هەندێک دەزگا و باسی کەموکوریەکانم کردوە، بەلام نە وەڵام و نە گۆرانکاری و نە هیچ شتێک ڕویدا.

خەلکێک ئەمرۆ دەهێنرێتە پێشەوە و دەکرێت بە ئەستێرە کە تەنها روخساری جوانە یان قسەی خۆشە، جوانیش بێگومان هەموی مکیاژ و نەشتەرگەری و فرت و فێڵە، بێ ئەوەی یەک تۆسقال شارەزایی هەبێ لە هیچ بوارێک .

پێوەرەکانی جوانیش وا شێوێندروان باوڕبکەن کاتێک میدیاکان دەبینم لەبەر ناشرینی روخساری بوکەڵەکان ناتوانم بینەری بەرنامەکان بم، هەرچەندە بەرنامەی وایان نیە مرۆڤ فێری شت بکا .

ئێمە هێندەماڵوێرانین هەربەوەشەوە نەوەستاین کە خۆمان میدیاکانمان وێرانکرد، هاتین کۆمەڵێک سەماکار وبەندبێژمان هاوردە کرد لە ولاتانی تر، ئێستا وڵاتەکەمان پڕبوە لە بەناو هونەرمەند و میدیاکاری ولاتانی دەوروبەر و گۆرانیبێژ و سەماکار لە کاتێکدا خۆمان بە دەست بێکاری دەناڵێنین بەڵام هەزاران نەخوێندەوار و قۆڵبڕ بەناوی هونەر و کارکردن و بەهانەی جیا جیا هاتون و سامانی ئەم وڵاتە دەبەن ، ئەوانە جگەلەوەی زیانی زۆر لە ئابوریمان دەدەن زیانی زۆر گەورەترمان پێ دەگەیەنن وەک بلاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر و لەشفرۆشی کە بە ئاشکرا لەم دواییانە زیادی کردوە و سەرچاوەکانیشی زۆر ئاشکران.

ئەمرۆ خەلکێک خەریکی نواندنن بابەتی وا دەکەنە کاری هونەری کە من ٢٥ ساڵ بەر لە ئێسا گوێبیستی بوم، لە کاتێکدا سینەما و شانۆی جیهان جاری وا هەیە بە یەک کورتە فلیمی ٥ خولەکی کارێکی وا دەکەن ویژدانی هەمو مرۆڤایەتی دەجولێنن.

میدیا کاری ئەوەیە شتی نوێ بە خەلک ئاشنا بکات و خەلک فێری شتی جوان بکات ، نەک قسەی سواوی ٢٥ ساڵ بەر لە ئەمرۆ بکاتە بەرهەم و ناوی بنێ بەرهەمی هونەری .

میدیاکارانی جیهان ئەوەندە رۆشنبیرن مرۆڤی ئاسایی کاتێک قسەیان لەگەل دەکات نازانی چۆن وڵامیان بداتەوە و سەری سوردەمێنێ لە زیرەکیان.

من چونکە ساڵانێکی زۆر وەک وەرگێر کارم کردوە، چەند جارێک وەک وەرگێڕ لەگەڵ رۆژنامەنوسی ئەوروپی کارم کردوە، بڕوابکەن ئەوەندە بلیمەتن ، ئەوەندە دلسۆز و بوێرن لە کارەکانی خۆیان ، کاتێک ئەوان دەبینی تەواو بێ ئومێد دەبی لە رەوشی میدیا و ئایندەی نەوەکانمان.

ئەم سەرلێشێوانە لە هەمو بوارەکانی ژیان رەنگی داوەتەوە چونکە خەلک بڕیاری داوە کە عەقڵ بەکارنەهێنێ و لەجیاتی ئەو بە سۆز بیربکاتەوە بۆ نمونە خەلکێک هەن بە ناوی شێخ یا مەلا یا هەر ناوێکی تر بون بە دکتۆر بێ ئەوەی یەک تۆسقاڵ نە لە ئاین و نە لە زانستی پزیشکی بزانن .

تاوانی ئەوان نیە چونکە ئەم جۆرە خەلکە هەمو سەردەمێک هەبون و هەر دەشبن، خەلک تاوانبارە، چونکە ئەگەر کەس نەچێتە لایان و پپشت گوێ بخرێن بێگومان ناتوانن بەردەوام بن لە فر و فێڵ.

ئیبن خەلدون دەڵێ :

" ئەگەر ویستت بیروباوەڕێک برەو پێبدەی لەناو کۆمەڵگەیەکی نەزان، ئەوا بەرگێکی ئاینی بەبەردا بکە".[1]

هۆکاری ئەم سەرلێشێواویەش بە بۆچونی من یەکێک لەم ٢ ئەگەرەی خوارەویە:

ا- هەمومان نازانین بیربکەینەوە و کەسی خەمخۆرمان تێدا نیە ، گەورە و بچووک و بەرپرس و نابەرپرس هەرهەموی نەزانن و نوستون.

ب- دەزانین بەڵام وا چاکترە چونکە میللەتی نوستو سەرئێشەی کەمترە.

من بۆچونی دوەم بە ڕاست دەزانم چونکە ناشێ میللەتێک هەموی نەزان بن .

بەرپرسانی ئەم وڵاتە بە پلان یا لە ئەنجامی دوریيان لە خەلك، تەواو ئەو پلانە جێبەجێ دەکەن کە وڵات بەرەو وێرانبون دەبات.

رۆژهەڵات ناسێک دەڵێ :

ئەگەر ویستت شارستانیەتێک لەناو ببەی ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بکە:

١- تێکدانی خێزان:

بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەی ژنان وا لێبکە شەرم بکەن لە شەرەفی دایکایەتی و قایل نەبن پێی، بەمەش لە ماڵ دەچنە دەر و بە دوای کاردا دەگەرێن و لەم ناوەش پەروەردەی منداڵانیان وەک پێویست نابێ.

ئەمرۆ تەواو ئەم کارە دەکەین، ژنان دەچنە سەرکار و منداڵەکانیان بە دایەنگەکان دەسپێرن، خۆ ئەگەر دایەنگەکان باش بن ئاساییە، هەرچەندە هیچ کەس

---

[1] مقدمة ابن خلدون.

ئەوەندە دڵسۆز نیە بتوانێ ٢٠ منداڵ وەک منداڵی خۆی تەماشابکات و پەروەردەیەکی جوانیان بکات، ئەوەش لەبیر نەکەین کە پەروەردەکارانی دایەنگە مەرج نیە پەروەردەکار بن بە مانا دروستەکەی، لەم نێوەندەشدا منداڵەکانمان پەروەردەی دەستی خۆمان نابن و رەنگە دواجار لە دەستمان دەربچن.

٢- ڕوخاندنی پەروەردە:

بۆ ئەوەی پەروەردە لەناوببەی مامۆستا پشت گوێ بخە و بێ ڕێزی بکە، ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین تەواو پیادەکردنی ئەم خاڵەیە بە داخەوە.

مامۆستا لەم دەڤەرە هیچ ڕێزێکی نیە ، بەمەش مامۆستا بە کاری خۆی هەڵناستێ و منداڵیش نە زانست و نە پەروەردە بە دەست دێنێ ، لە ئەنجامدا نەوەیەک پەروەردە دەکەین نە زانستی پێیە و نە پەروەردەی دروست.

د.مصطفى محمود دەڵێ :

" گەورەترین دەسکەوتی وڵاتە دواکەوتوەکان ئەوەیە کە توانیان قەناعەت بە میللەتانی خۆیان بێنن کە پاڵاوتنی تیپی وڵاتەکەیان بۆ جامی جیهانی لە تۆپانێ دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە ، بەڵام تێکچونی پەروەردە و خرابیی کەرتی تەندروستی شتێکی ئاساییە"

کارەسات لەوێوە دەست پێ دەکات کە (پێیەکان بەنرختر بن لە عەقڵەکان).

ئەمەش زۆر بە ڕونی لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە دی دەکرێ، تاک لەم ناوچەیە لەسەر تۆپانێ شەڕ دەکا، ئامادەیە خەڵک بکوژێ ، من بە چاوی خۆم بینیومە لەسەر تۆپانێ گەنجێک برای خۆی دا بەرچەقۆ !

هەر ئەو میللەتەی کە لەسەر تۆپانێ ئامادەیە چیا لە بن بێنێ بەڵام لەسەر خرابیی باری ژیان و نەبونی سەرەتایی ترین مافەکانی ژیان ئامادەنیە دەنگ هەڵبڕێ و داوای مافی خۆی بکا.

سیستەمی پەروەردە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتی سەیر بەرهەم دێنێ.

ئەو قوتابیانەی بە پلەی یەکەم زیرەکن دەچنە کۆلێجی پزیشکی و ئەندازیاری .

ئەوانەی بە پلەی دووەم دێن دەچنە کۆلێژەکانی بەڕێوەبردن و ئابوری، بەمەش دەبن بە بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرایەتی پلە یەکەمەکان دەکەن.

ئەوانەی بە پلەی سێیەم دێن لە زیرەکی دەچنە بەشی سیاسەت و دەبنە سیاسەتمەدار وحوکمی ئەوانە دەکەن کە لە پلەی یەکەم و دووەمن .

ئەوانەی کە زیرەک نین و نمرەیان باش نیە دەچنە ریزی پۆلیس یا سوپا، بەمەش کۆنترۆلی سیاسەت دەکەن و بە ئارەزوی خۆیان خەلک دادەنێن و لایدەبەن و ئەگەر پێویست بو ئەوا دەشیانکوژن .

بەلآم ئەوەی زۆر سەیرە، نەخوێندەوارەکان ، ئەوانەی هەر ناچنە بەر خوێندن دەبن بە شێخ و دەمڕاستی خەلک و سەرۆکایەتی هەمو ئەوانەی پێشو دەکەن [1] .

ئەگەر ئەمرۆ سەرنج بدەین لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕست تەواو ئەو واقیعە تاڵە بەچاوی خۆمان دەبینین

ڕەنگە بڵێن نا سەرۆکەکان بڕوانامەیان هەیە و خوێندەوارن، بەلآم پرسیار ناکەن بڕوانامەکانیان لە کوێ بو؟ ئایا رۆژێک کەسێک ئەوانی لە قوتابخانە یان زانکۆ بینی؟

مارتن لوثەرکینگ دەڵێ:

" ژیانمان ئەوکاتە کۆتایی دێ کە بێدەنگ دەبین لەسەر بابەتە چارەنوس سازەکان"

ئێمە دەمێکە ژیانمان کۆتایی هاتوە ، خۆ مردن هەر ئەوە نیە لە ژێر خاک بین، هەزاران زیندو هەن کە لەژێر خاکن و ملیۆنان مردوش هەن کە رۆژانە دێن و دەچن لەناومان.

---

[1] بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەم قسانە هی (جین ماریۆت)ە ، کە لە سالانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٥ نوێنەری نوسینگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی بەریتانیا بوە لە ئەفریقیا و رۆژهەلاتی ناوەراست ، بەلام لە چەند سەرچاوەیەکی تر ئاماژە هەیە کە قسەکان هی ماریۆت نین.

٣- ناشرینکردنی پێشەواکان:

هەمیشە دەبینین لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکان زانا و بلیمەتەکان ناشرین دەکرێن و ناو و ناتۆرەی ناشرینیان بەدوا دەخرێ، ئەمەش بەرونی بە دی دەکرێ لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست، هەمو زانا و داهێنەرەکانی ئەم ناوچەیە ولاتانی خۆیان بە جێ دێڵن و بەرەو ئەوروپا کۆچ دەکەن ، لەوێ لە باشترین زانکۆ و سەنتەر و پێگە گرنگەکان خزمەت دەکەن و رێزی زۆریان لێ دەگیرێ لە کاتێکدا لە ولاتە وێرانەکانی خۆیان نەک هەر رێزیان ناگیرێ بەلکو زۆر جاریش هەرەشەی کوشتنیان لەسەرە و زۆرێکیش لەوانە بونەتە قوربانیی بیرکردنەوەی نادروستی کۆمەلگەکانیان.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە زانا و داناکانی لێرە یا دەبێ بێدەنگ دابنیشن و هیچ کاریگەریەکیان نەبێ، یا دەبێ قایل بن خزمەتی سیستەمێک بکەن کە بروایان پێی نیە، یا دەبێ ئەم ولاتە بەجێ بێلن، لەم نێوەندەشدا هەرزەرۆشنبیر و نوسەر و ئەکتەر و میدیاکاری نەزان دەبنە رابەر و پێشەوای خەلک و کۆمەلگە بەرەو دارمان دەبەن.

رەنگە زۆر جار بە خەیالمان دابێ کە بۆچی ئێمە وەک گەلان پێش ناکەوین؟ ئایا ئێمەش وەک ئەوان مرۆڤ نین ؟

بێگومان مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی چون یەکن لە تواناکانیان، جیاوازییەکان رێژەیین و زۆر نین ، مەسەلەی پێشکەوتنی میللەتێک و دواکەوتنی بەندە بە شێوازی بیرکردنەوەی تاک ، ئەگەر ژاپۆن یا کۆریا بە نمونە وەربگرین ئەوا کێشەکە رونتر دەبێت و ئاسانتر تێی دەگەین.

من ساڵانێکی زۆر لەگەڵ کۆریەکان کارم کردوە، هەم وەک وەرگێر ، هەم وەک کارمەند لە کۆمپانیای جیا جیا .

بەشێوەیەکی گشتی تاکی کۆری هیچ بلیمەتیەکی ئەوتۆی نیە کە ئێمە نەمانبێت، بە پێچەوانەوە تاکی ئاسایی کەمترین زانیاریی هەیە لەسەر جیهان و کەلتور و زمانی میللەتان و ئاین و ...هتد.

جیاوازیی ئێمە و ئەوان ڕەنگە تەنها ئەوەبێ کە ئێمە نازانین دروست بیربکەینەوە ، هەر ئەوەشە دەبێتە هۆکاری دروست بونی دیکتاتۆر و گەندەڵ چونکە میللەتی نوستو باشترین سەرمایەی دەسەڵاتە .

لای ئەوان کۆمەلێکی بچوک لە عەقلی کراوە و بلیمەت کۆمەلێکی زۆر گەورە بەرێوە دەبەن کە نە بلیمەت و نە هێندەش عاقلن، لە رۆژهەلاتی ناوەراست پێچەوانەیە، کۆمەلێک ، یا خێزانێکی گەندەڵ و دیکتاتۆر دەست دەگرن بەسەر دەسەڵات و هەزاران بلیمەت و ملیۆنان خەلکی ئاسایی بە دەستیانەوە دەناڵێنن .

هەمیشە میللەتانی دواکەوتوی وەک میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراست دیکتاتۆر و گەندەلیان تێدا پەیدا دەبێ ، چونکە خاکەکەی لەبارە بۆ چەکەرەکردنی تۆوی پیس، بە پێچەوانەوە لە ئەوروپا و ولاتانی تر گەندەلێ و دیکتاتۆرییەت سەرهەڵنادات چونکە میللەتەکانیان هۆشیارن .

پێشەوا ، رابەر، مۆدێل ، هەرناوێکی لێ دەنێی گرنگ نییە ، رۆڵی زۆر گرنگ دەبینێ لە گۆرانکاری لە هەمو بوارەکانی ژیان ، بەرەو چاکە یا خراپە ئەوەیان بابەتێکی ترە، بەڵام سەرکەوتن یا شکست بەندە بە رۆڵی رابەرەکان ، بۆ نمونە ئەگەر کۆمەڵێک مەڕ بهێنین و شێرێک بکەین بە ڕابەریان ئەوا هەمو مەڕەکان وەک شێر دەجەنگن ، بەڵام ئەگەر کۆمەڵێک شێر بهێنین و مەڕێک بکەینە ڕابەریان ، ئەوا هەمو وەک مەڕ دەجەنگن .

نمونە تاک لە کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست وەک ئەوەیە شێرێک لەگەل مێگەلە مەڕێک پەروەردەبکەیت،ڕاستە شێرە بەڵام مەحکومە بەوەی کە وەک مەڕ بژی .

گلەییش لە گورگ مەکە کاتێک خۆت بڕیارت داوە وەک مەڕ بژی .

گرنگە بڕیار بدەین چیتر وەک مەڕ نەژین.

" هەندێکمان خودا دەپەرستین و هەندێکیشمان پاگەزی پیرۆزکراو "

*　　*　　*

نۆیەم : کۆمەڵگەیەکی لە خزمەت نێر

هەر کەسێک سەرنجی بار و گوزەرانی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بدات دەبینێ کە رۆڵی ئافرەت تیایاندا زۆر لاوازە یا هەر نیە لە هەندێک شوێن ، کۆمەڵگەیەکە بە تەواوی لە خزمەتی نێر لەسەر حیسابی مافەکانی مێ .

ئەگەر سەرنجی مێژوش بدەین دەبینین ئەم دیاردەیە ریشەی مێژویی قوڵی هەیە.

عەرەب پێش هاتنی زیاتر ئیسلام بەشی زۆری دەوارنشین بون ، واتە کۆچەر، زۆرینەی کاریان بەخێوکردنی مەرو ماڵات بوە، بەشێکی زۆر کەم گوندنشین بون و کشتوکاڵیان دەکرد، بە دەگمەنیش عەرەب هەبوە پیشەگەر، پیشەگەری لای عەرەب شورەیی بوە ، ئێستاش لە هەندێ شوێن ئەگەر بیانەوێ کەسێتیی

کەسێک بشکێنن بە کوڕی پیشەگەر ناوی دەبەن ، بو نمونە کوڕی ئاسنگەر، یا کوڕی جۆلا .[1]

بێگومان کشتوکاڵ لە بیابان دەگمەنە، نیمچەدورگەی عەرەبیش زۆربەی بیابانە و گەورەترین دوەم بیابانە لە جیهان وەک ئاشکراشە ئاژەڵداری پێویستیی بە ئاو و لەوەڕگە هەیە، عەرەب بۆ ئەوەی ئاو و لەوەڕگەی باش دابین بکەن بۆ مانەوەیان هەمیشە لە کۆچکردندا بون ، وە زۆرجار لەسەر ئاو و لەوەڕگە لەگەل هۆزەکانی تر دەبو بە شەڕ تا وای لێهات ژیانیان بە تەواوی کەوتەسەر تاڵانکردنی هۆزەکانی تر ، ئەوەی (ئیبن خەلدون) و (عەلی وەردی) بخوێنێتەوە زۆر بە ڕونی ئەمە بە دی دەکات ، ئەگەر لە هۆنراوەکانی ئەو سەردەمەش وردبینەوە هەمان شت بە دی دەکەین .

هەموشمان دەزانین شەڕکردن پێویستیی بە پیاو هەیە ، هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین عەرەب ئەوکات و ئێستایشی لەگەلدابێ زۆر وەچە دەخەنەوە و لە تەمەنی زۆر منداڵ ئافرەت بە شو دەدەن و کوڕەکانیشیان زۆر زو ژن دەهێنن.

ئەوەی مەبەستمە لێرە باسی بکەم ڕۆڵی ئافرەتە، ئافرەت لای عەرەب مایەی نەنگی و شورەیی بوە چونکە ئەوان کاتێک بەسەر یەکتریان دادەدا و یەکتریان تاڵان دەکرد ئافرەتەکانیان بۆ خۆیان دەبرد، ئەوەش لای عەرەب سەرشۆڕییەکی گەورە بو ، جا بۆ ئەوەی لەم سەرشۆڕییە رزگاریان بێ هەر لەگەل لەدایکبونی منداڵ ئەگەر کچ بوایە ئەوا زیندەبەچاڵیان دەکرد.

بێگومان هەمویان نا بەڵام بەشی زۆریان ئەو کارەیان دەکرد، وەک خودا لە قورئان ئاماژەی پێکردوە:

- وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ يَتَوَارَىٰ مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ ۚ أَيُمْسِكُهُ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ ۗ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾ النحل

[1] دراسة في طبيعة المجتمع العراقي د. علي الوردي

" ئەگەر مژدەی بونی کچ بدرێت بە یەکێك لەو نەفامانە، ڕوی گرژو تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت . خۆی دەشارێتەوە لە خەڵکی ، ئایا بیهێڵێتەوە بە زەلیلی و بێ نرخی، یاخود زیندە بەچاڵی بکات! ئای کە چەندە خراپە ئەو بڕیارەی کە دەیدەن "

هەروەها دەفەرموێ:

- وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾ بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾ التکویر.

" کاتێك کچی زیندە بەچاڵکراو پرسیاری لێدەکرێت. بە چ گوناهێك کوژرا ؟ "

لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێبکەم ، ئەویش هۆکاری دابەزینی قورئانە بۆ عەرەب.

هەندێک دەڵێن چونکە سعودیە ناوەڕاستی جیهانە .

ئەم بۆچونە لاوازە بەڕای من چونکە پەیامی خوا لەوە بەهێزترە کە جوگرافیا سنورداری بکات.

هەندێک دەڵێن لەبەر ئەوەیە کە عەرەبی زمانێکی دەوڵەمەندە.

ئەم بۆچونەش زۆر لۆجیکی نیە چونکە ئامانج لە گەیاندنی پەیام بونی زمانێکە، زمانی دیکەش زۆربون ئەوکات ، وە زۆر لەو زمانانەش بایی ئەوە دەولەمەند بون کە مرۆڤ لێیان تێبگات.

هەندێکیش دەڵێن عەرەب لەو سەردەمە زۆر پێشکەتوبون لە بواری شیعر و ئەدەبیات ، خودای گەورەش ویستی شتێکی ئەوتۆیان بۆ دابەزێنێ کە ئەدیبانی عەرەب سەرسام بن پێی و نەتوانن شتێکی وەک ئەوە بنوسین.

لای ئەوان خودا و ئەدیب و شاعیرانی عەرەب لە یەک تای تەرازون ، بەڵام لە کۆتاییدا خودا سەرکەوت !

ئەوە بەڕاستی کەمکردنەوەی بایەخی قورئان و ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ، چونکە خودا بڕیار نییە زۆرانبازی لەگەڵ کۆمەڵێک ئەدیبی عەرەب بکات ، بەڵکو

دەیەوێ بەو قورئانە جیهان بگۆڕێ ، پاشان خۆ قورئان بەرهەمێکی ئەدەبی نییە تا بەم شێوەیە لێی بڕوانرێ .

هەندێکیش پێیاین وایە کە عەرەب باشترین میللەتن بۆیە خودا قورئانی بە زمانی ئەوان دابەزاند.

ئەم بۆچونە هەر زۆر دورە لە ڕاستی چونکە عەرەب هەر بە پێی قورئان خراپترین قەومن وەک خودا دەفەرموێ:

- الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٩٧﴾التوبة.

" عەرەب بێ باوەڕترین و دوڕوترین میللەتن ، هەر ئەوانیشن نزیکن لە شکاندنی ئەو سنورانەی کە خوا دیاری کردون ، خودا زانا و دانایە ".

هەندێک ، یا ڕونتر بڵێم زۆربەی ڕاڤەکاران و زاناکان دەڵێن گوایە خوا مەبەستی لە (الاعراب) عەرەبە کۆچەریەکانە . جا ئەگەر ئەو زانایانە شارەزای مێژوی عەرەب بن دەبێ بزانن کە عەرەب لە کاتی دابەزینی قورئان زۆربەیان کۆچەر بون.

پاشان خودا دەزانێ (البدو) واتە کۆچەر ، چونکە هەر لە قورئاندا وشەی (البدو) هەیە ، وەک لەم ئایەتە:

"وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ مِن بَعْدِ أَن نَّزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي ۚ إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاءُ ۚ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴿١٠٠﴾.یوسف.

" خودا چاکەی لەگەڵدا کردم ، کاتێك لە زیندان ڕزگاری کردم، ئەوەتا ئێوەی لە کۆچەری و بیابان نشینی هێنایەوەو (بەیەك شادی کردینەوە) دوای ئەوەی شەیتان نێوانی من و براکانمی تێکدا، بەڕاستی پەروەردگارم بەسۆزە بۆ هەرشتێك کە دەیەوێت بێگومان ئەو زاتە زانایە و دانایە "

هۆکاری دابەزینی قورئان بە زمانی عەرەبی هۆکاری زۆرن بەلام هیچیان ئەوە نین کە عەرەب لە میللەتی تر باشترن ، بۆ نمونە ئەگەر مامۆستایەک لە پۆلێک زۆر

گرنگیی بە قوتابییەک دا، مەرج نییە ئەو قوتابییە زۆر بلیمەت بێ، بە پێچەوانەوە بلیمەتەکان کەمتر پێویستییان بە یارمەتی و گرنگیدانە، ئەوە تەمبەڵەکانن کە زیاتر پێویستییان بە گرنگیدان و رونکردنەوەیە ، عەرەبیش لەو میللەتانەن کە لە سەردەمی دابەزینی قورئان دواکەوتوترین میللەت بون.

بەڕای من هۆکاری دابەزینی قورئان بە عەرەبی ئەم هۆکارانەی خوارەوەن:

١- عەرەب زۆر دڵرەق و بێ ویژدانن هەروەک خوا باسی کردوە،وابزانم دڵرەقی لەوە زیاتر نابێ بتوانی کچی خۆت بە زیندویی لە گۆربنێی! بێنە بەرچاوت ....

٢- عەرەب لەبەر ئەوەی دڵرەق بون زۆر بێ بەزەییانە تاڵانی هۆزەکانی یەکتریان کردبو بە پیشە و وازیان لە هەمو کارێک هێنابو ، هیچ رۆڵیان نەبو لە دروستکردنی شارستانیەت.

خودا خۆی دەزانێ چ نەتەوەیەک لە هەموان زیاتر پێویستیی بە پەیامبەر هەیە، وەک دەفەرموێ :

- اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ ۗ سَيُصِيبُ الَّذِينَ أَجْرَمُوا صَغَارٌ عِندَ اللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا كَانُوا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٤﴾ الانعام.

" خودا خۆی دەزانێ پەیامەکەی لە کوێ دادەنێ . ئەوانەی تاوانیان کرد بچوکییان بۆ خەلک دەردەکەوێ و توشی سزای سەخت دەبن بەهۆی فڕوفێڵەکانیان".

بۆ نمونە ئەگەر خودا پەیامبەری لە گریکی کۆن (یۆنان) بناردایە خەلکی دەیانگوت ، بێگومان ئەوانە خۆیان هەمو فەیلەسوفن ،ئەوە هیچ هونەرێکی تێدا نییە ، چونکە دیارە کە یۆنان مەلبەندی سەرهەلدانی زانستە گرنگەکانی وەک (فەلسەفە ، سەفسەتە ، لۆجیک) ە.

خودا ویستی بە هەموان بڵێ ، ئەوەتا من لە جەرگەی بیابانێکی بێ خێر و وشک و دور لە هەمو شارستانیەتێک و لەناو دواکەوتوترین نەتەوە کەسێک دەکەمە

پەیامبەر نە فەیلەسوفە و نە زانا و نە شاعیر، بەلکو منداڵە هەژارێکە وبە هەتیوی لەدایک بوە و بێ دایک و باوک گەورە بوە ، بەڵام دەبێ هەمو دنیا بگۆڕێ.

هەروەک بینیمان نیمچەدورگەی عەرەب لەگەڵ ئەوەی خراپترین مێژو و جوگرافیای هەبو ، لەماوەی کەمتر لە دو سەدە ئاینی بە هەمو دنیادا بڵاوکردەوە و بوە هۆی لەناوچونی دو گەورەترین ئیمپراتۆریەتی ئەوسەردەمە کە فارس و ڕۆم بون ، ئەوان نزیکی هەزار ساڵ دەبو ململانێیان بو و دەیان هەزار کەسیان کوشت لە پێناو فراوانکردنی دەسەلات و داگیرکاریی ولاتان.

مسولمانان لە بیابانێکی دورەدەست و بە پشتیوانی خەلکێکی سادە بەلام پشت ئەستور بە پەیامی خودا ، هاتن و ناوچەکەیان لە شەری هەرگیز لە بن نەهاتوی ئیمپراتۆریەتە زلهێزەکان رزگارکرد ، بەمەش چاکەیەکی گەورەیان کرد لەگەڵ مرۆڤایەتی و خەلکی ناوچەکە.

٣- عەرەب خاوەنی هیچ شارستانیەتێک نەبون ، وەک ئاشکرایە لەو سەردەمە، بەلکو زۆر پێشی ئەوانیش شارستانیەتی زۆر پێشکەوتو هەبون وەک شارستانیەتی گریک، ڕۆم، فارس،ئاشور...هتد.

٤- عەرەب لە روی روحانیەت و ئاینیشەوە زۆرلە دوای میللەتانی دوروبەری خۆیان بون ، بۆ نمونە لە گەلانی نزیک خۆیان ، فارسەکان زەردەشتی بون و رۆمەکانیش مەسیحی بون ،بەڵام عەرەب زۆر بە قوڵی بە ناو بتپەرستیدا رۆچوبون ، جگە لەوەی فارس و رۆم خاوەنی شارستانیەت بون بەلام عەرەب هەر خەریکی تالانکردن و بتپەرستی بون.

خوا ویستی عەرەبیش بکاتە خاوەنی شارستانیەت بەلکو ناوچەکە لە دەست تالانی و شەڕ و کوشتاریان رزگاری بێ.

ابن خلدون دەڵێ :

" هەر جێگایەک عەرەب بەسەریدا زاڵبون ئەو جێگایە وێران دەبێ"[1]

[1] مقدمة ابن خلدون

ڕەنگە بڵێن شارستانیەتەکانی تریش تالانیان کردوە و ولاتی یەکتریان داگیرکردوە ، بەڵێ زۆر ڕاستە بەڵام ئەوان لەبەر چەند هۆکارێک باشتر بون لە عەرەب :

یەکەم : نەتەوەکانی تر خاوەنی شارستانیەت بون و دەستیان هەبو لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بنیاتنان ، کە ئەمەش ئەرکی سەرشانی مرۆڤە.

دوەم : ئەو نەتەوانە هیچیان منداڵی خۆیان زیندەبەچاڵ نەکردوە.

ئەگەر ئەمرۆش سەرنجی وڵاتانی عەرەبی بدەین دەبینین ئێستاش هەمان بیرکردنەوەیان هەیە و نەگۆڕاون، بۆ نمونە ئەوکات کچیان زیندەبەچاڵ دەکرد بەڵام ئێستا کچ و ژنەکانیان هەر بە زیندویی مردون، هیچ مافێکیان نیە ، کاری ئافرەت لای ئەوان تەنها و تەنها خستنەوەی وەچە و خزمەتکردنی پیاوە.

بەلام سەرنجی مسوڵمانی ولاتانی تر بدە ، وەک مالیزیا و ئیندۆنیسیا و ...هتد

تەنانەت کار گەیشتە ڕادەیەک کە ژنێکی مسوڵمان بە ناوی **(حليمة يعقوب)**بۆتە سەرۆکی سەنگافورە .

وڵاتێک کە ڕێژەی دانیشتوانی مسولمان تێیدا کەمترە لە ١٥% ، و زۆرینەی بوزی و بێ باوەڕ و تاوی و مەسیحین ، کەچی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٧ ژنێکی مسوڵمان بو بە سەرۆکیان .

ئایا دەشێ ژنێکی بێ باوەڕ سبەی ببێتە سەرۆکی سعودیە؟ یا پاکستان؟

زۆرێک لە خەلکی هێندە کورت بین و نەزانن ناهێلن کچەکانی بخوێنن ، بەلام کاتێک خێزان یا کچەکانیان نەخۆش دەکەوێ بە دوای دکتۆری ئافرەتدا دەگەڕێن.

بە کەم سەیرکردنی ئافرەت لە کەلتوری عەرەب ریشەی مێژویی قوڵی هەیە پێش دابەزینی قورئان ، وەک ئامارەشمان پێدا کە قورئان بۆ ئەوە هات خوە ناشرینەکان نەهێلێت ، لە سەردەمی پەیامبەر(د.خ) بەڕونی دیارە کە خوە ناشرینەکان تا ڕادەیەکی زۆر بنەبڕکران، بەڵام بە داخەوە هەر لەدوای کۆچی ئەو وردە وردە ئەم خوە ناشرینانە گەڕانەوە بەڵام لە بەرگی نوێدا.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز چاکەکردنی لەگەڵ دایک و باوک لە دوای پەرستنی خۆی داناوە لە گەورەیی، وەک دەفەرموێ :

- وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ الاسراء

" پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاریداوە چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا، هەر کاتێك یەکێکیان یان هەردووکیان بە پیری کەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لە دەست مەکەو (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەکە، بەردەوامیش قسەو گفتو گۆت لەگەڵیاندا با چاك و جوان و بەجێ بێت. باڵی میهرەبانی خۆتیان بۆ ڕاخەو ملکەچ بە بۆیان، نزا بکەو بڵێ: پەروەردگارا ڕەحمیان پێ بکەو میهرەبان بە بۆیان، هەروەکو چۆن ئەوان ڕەحمیان بە من کرد و منیان پەروەردە کرد بە بچوکی "

ئەگەر سەرنج بدەین پەیامبەریش فەرمایشتی زۆری هەیە لەسەر گەورەیی ئافرەت، کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە فەرمایشتە جوانەکانی:

- جاء رجُلٌ إلى النَّبيِّ فقال: يا رسولَ اللهِ، مَن أحَقُّ النَّاسِ بحُسنِ صَحابَتي؟ قال: أُمُّكَ، قال: ثمَّ مَن؟ قال: أمُّكَ، قال: ثمَّ مَن؟ قال: أُمُّكَ، قال: ثمَّ مَن؟ قال: أبُوكَ، ثمَّ أدناكَ فأدناكَ" .

الراوي : أبو هريرة

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" پیاوێک پرسیاری لە پەیامبەر(د.خ) کرد دەربارەی چاکە لەگەڵ نزیکترین کەس ، پەیامبەر فەرموی دایکت، پیاوەکە وتی ئەی پاشان؟ فەرموی، دایکت

، پیاوەکە وتی ئەی پاشان؟ دیسان فەرموی، دایکت، پیاوەکە وتی ئەی پاشان؟، فەرموی باوکت، پاشان ئەوانی تر "

- قالَ رَجُلٌ للنبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ أُجَاهِدُ؟ قالَ: لكَ أبَوَانِ؟ قالَ: نَعَمْ، قالَ: فَفِيهِما فَجَاهِد.

الراوي : عبدالله بن عمرو

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" پیاوێک پرسیاری لە پەیامبەر(د.خ) کرد دەربارەی جەنگان لەپێناوی خودا، ئەویش وەڵامی دایەوە ئەگەر دایک و باوکت ماون، خزمەتی ئەوان بکە لە جەنگ لە پێناوی خودا باشترە"

پەیامبەر فەرمایشتی زۆرن لەسەر گەورەیی ئافرەت، بەڵام ئەوەی سەیرە زۆر وتە هەیە بە ناوی فەرمودە تێکەڵ بە ئاین کراوە بۆ کەمکردنەوەی رێزی ئافرەت، مەبەست گەڕاندنەوەی مرۆڤایەتیە بەرەو دواوە تا بگەڕێنەوە سەر نەریتی سەردەمی نەزانی، بەڵام دەزانن کە خەلک بروا ناکات بۆیە ناچارن بیخەنە پاڵ پەیامبەر چونکە دەزانن خەلک ناتوانێ بە فەرمودە بڵێ نەخێر.

بەڵام ئەگەر فەرمودەیەک پێچەوانەی فەرمانی خودا و پەیامبەر بو چۆن وەری بگرین ؟

بۆ نمونە ئەمەی خوارەوە:

- يا مَعْشَرَ النِّساءِ، تَصَدَّقْنَ وأَكْثِرْنَ الاسْتِغْفارَ، فإنِّي رَأَيْتُكُنَّ أكْثَرَ أهْلِ النَّارِ فَقالتِ امْرَأَةٌ منهنَّ جَزْلَةٌ: وما لنا يا رَسولَ اللهِ، أكْثَرُ أهْلِ النَّارِ؟ قالَ: تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ، وتَكْفُرْنَ العَشِيرَ، وما رَأَيْتُ مِن ناقِصاتِ عَقْلٍ ودِينٍ أغْلَبَ لِذِي لُبٍّ مِنْكُنَّ قالَتْ: يا رَسولَ اللهِ، وما نُقْصانُ العَقْلِ والدِّينِ؟ قالَ: أمَّا نُقْصانُ العَقْلِ: فَشَهادَةُ امْرَأَتَيْنِ تَعْدِلُ شَهادَةَ رَجُلٍ فَهذا نُقْصانُ العَقْلِ، وتَمْكُثُ اللَّيالِيَ ما تُصَلِّي، وتُفْطِرُ في رَمَضانَ فَهذا نُقْصانُ الدِّينِ.

الراوي : عبدالله بن عمر

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" ئەی ئافرەتان زۆر خێربکەن و داوای لێخۆشبون بکەن چونکە ئێوە زۆرترین خەلکی دۆزەخن، ئافرەتێک پرسی لەبەرچی؟ فەرموی چونکە زۆر نەفرەت دەکەن و جنێو دەدەن و کوفر دەکەن، وە عەقل و ئاینیشتان کەموکوڕی هەیە، ئافرەتەکە پرسی ئەمەیەن لەبەرچی، فەرموی کەموکوڕی عەقلتانە وایکردوە دو لە ئێوە بە یەک شایەت حیسابە ، کەموکوڕی ئاینیشتان ئەوەیە کە لەژاتی بێ نوێژی نوێژ ناکەن و رۆژو ناگرن "

ئەوەی سەرنج لەم وتانەی سەرەوە بدات زۆر بەڕونی تێدەگا کە پەیامبەرێک خوا بینێرێ هەرگیز ناشێ قسەی وا بکات، لەبەرچی؟

پیاوان زۆر زیاتر لە ئافرەتان شەڕدەکەن و جنێو دەدەن و کوشتاری هەمو دونیا پیاو دەیکەن و هەمیشە ئافرەتی بەستەزمان جەرگی دەسوتێ.

شایەتی دو ئافرەت بە یەک حیساب دەکرێ ! ئاخر هەر بازرگانانی ئاین هەر خۆیان خەریکی پینەو پەڕۆن بۆ ئەم خاڵە ، کە دەڵێن شایەتی لە کاروباری بازرگانی و کاری تر هی ئافرەت نیە نەوەک لە بیری بچێ بۆیە دو ئافرەت دانراوان، واتە ئافرەت عەقلی هیچ کەموکوڕی نیە.

ئێستا یا دەبێ ئافرەت کەموڕی نەبێ و ئەم فەرمودەیە هەڵە بێ، یا دەبێ ئێگەیشتنی ئێوە هەڵە بێ ، خودا لە مەسەلەی شایەتیەکە بە ڕونی دەفەرموێ (ئەگەر یەکێکیان لەیادی چو ئەوا ئەوی تر بیری دەخاتەوە)، واتە عەقلی ئافرەت هیچ کەموکوریەکی نیە.

مەسەلەی نوێژنەکردن و رۆژونەگرتن لەکاتی بێ نوێژی ، روخسەتێکە وخودای میهرەبان خۆی بە ئافرەتی داوە، چۆن دەکرێ پەیامبەرێک کە خوا ناردویەتی تانە لەم بڕیارە بدات؟

ئاخر ئەگەر پەیامبەر بڵێ ئافرەت ئاینی ناتەواوە واتە ئەو نوێژ و ڕۆژوەی پاشانیش دەیگرێتەوە قەبوڵ نیە چونکە لەدەستی چوە، لە کاتێکدا خودا خۆی ڕێگەی پێداوە.

کەسیش لاری لەوە نیە کە قسەی خودا گرنگترە لە قسەی پەیامبەر.

یان فەرمودەی :

- لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمُ امْرَأَةً .

" هەر نەتەوەیەک ئافرەت سەرۆکیان بێ هەرگیز خۆشبەخت نابن "

الراوي : أبو بكرة نفيع بن الحارث

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح الجامع

خلاصة حكم المحدث : صحيح

ئەم بابەتەم بە درێژی لە بەشی (بیرکردنەوەی تەسک) باسکردوە.

یان فەرمودەی:

- إذا قامَ أحَدُكُمْ يُصَلِّي، فإنَّه يَسْتُرُهُ إذا كانَ بيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ، فإذا لَمْ يَكُنْ بيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ، فإنَّه يَقْطَعُ صَلاتَهُ الحِمارُ، والْمَرْأَةُ، والْكَلْبُ الأسْوَدُ. قُلتُ: يا أبا ذَرٍّ، ما بالُ الكَلْبِ الأسْوَدِ مِنَ الكَلْبِ الأحْمَرِ مِنَ الكَلْبِ الأصْفَرِ؟ قالَ:يا ابْنَ أخِي، سَأَلْتُ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ كما سَأَلْتَنِي فقالَ:الكَلْبُ الأسْوَدُ شيطانٌ.

الراوي : أبو ذر الغفاري

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" ئەگەر یەکێک نوێژی دەکرد لە پیش خۆی شتێک دابنێ وەک بەربەست، ئەگەر پارچە دارێکیش بێ، ئەگەر هیچی دانەنا ئەوا نوێژی بەتاڵ دەبێتەوە کاتێک یەکێک لەمانە بەبەردەمیدا تێبپەڕن ، گوێدرێژ، ئافرەت ، سەگی ڕەش . پرسیم لەبەرچی سەگی ڕەش ؟ ئەی ڕەنگی تر ؟ ئەبوزەری غەفاری وتی، منیش هەمان پرسیارم کرد، پەیامبەر وەڵامی دایەوە و فەرموی کە سەگی ڕەش شەیتانە "

نازانم بۆچی دەبێ ئافرەت لە ریزی سەگی ڕەش (شەیتان) و گوێدرێژ دابنرێ کاتێک خودا و پەیامبەریش ئەوپەڕی رێزیان لە ئافرەت گرتوە ؟

پاشان سەگی بەستەزمان چ گوناهێکی هەیە کە خودا بە ڕەنگی ڕەش دروستی کردوە ؟ بۆ دەبێ ببێتە هاوەڵی شەیتان ؟

ئەم قسانەی سەرەوە تەواو دژی فەرمایشتی خودا و پەیامبەرن (د.خ) ، کەچی بە ناوی پەیامبەریشەوە کراون بەداخەوە .

یا ئەم فەرمودەی خوارەوە:

- كُنَّا نَسْتَمْتِعُ بالقَبْضَةِ مِنَ التَّمْرِ وَالدَّقِيقِ، الأيَّامَ علَى عَهْدِ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ، وَأَبِي بَكْرٍ، حتَّى نَهَى عنْه عُمَرُ، في شَأْنِ عَمْرِو بنِ حُرَيْثٍ.

الراوي : جابر بن عبدالله

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" ئێمە بە مشتێک خورما و ئارد موتعەمان دەکرد لەگەڵ ئافرەت لەسەردەمی پەیامبەر و ئیمامی ئەبوبەکر، تاوەکو ئیمامی عومەر قەدەغەی کرد بەهۆی عەمری کوڕی حورەیث " .

دیاره عەمری کوری حورەیث زۆر جار ئەم کارەی کردوە ، پێشوتریش کردویەتی بەڵام ئەم جارەیان ئافرەتەکە سکی پەیداکردوە، لەبەر ئەوە ئیمامی عومەر قەدەغەی کردوە.

بۆچونێک هەیە دەڵێ **" پەیامبەر پێش وەفاتی موتعەی قەدەغە کردوە "**

ئەم بۆچونە نابێ ڕاست بێ چونکە ئەگەر وابێ چۆن ئیمامی ئەبوبەکر ڕێی پێدا؟

ئێستا دو ڕیگەمان لەبەردەمە:

- یا دەبێ پەیامبەر بەڕاستی ڕێگەی بەم کارە دابێ.

بەڵام ئەگەر ڕێگەی پێدابێ چۆن ئیمامی عومەر دەتوانێ قەدەغەی بکات؟

- یا دەبێ ئەم فەرمودەی سەرەوە ڕاست نەبێ.

من گریمانەی دوەم بە ڕاست دەزانم، چونکە بە هەمو پێوەرەکان ناشێ پەیامبەر ڕێگە بدات پیاوان بەرامبەر چەنگێک خورما و ئارد ئەم بێ ڕێزییە بە ئافرەت بکەن ، چونکە ئەگەر وا بێ ئەوا لەشفرۆشیش ئاساییە، چونکە لەشفرۆشیش بە هەمان شێوە بە ڕەزامەندیی هەردولا دەکرێ و لە بەرامبەریشدا پارە بە ئافرەتەکە دەدرێ.

ئایا دەزانی چەند کارەساتی گەورە رویداوە بەهۆی ئەم فەرمودەیە ؟

ئایا دەزانی ئەم فەرمودەیە ڕەوایی داوە بە چەند جۆرێکی هاوسەرگیری کە لە دەرەوەی بازنەی دروستی هاوسەرگیرین؟

ئایا دەزانی لە خواروی عێراق و زۆر ناوچەی تریش چ جۆرە بازرگانییەک بە کچی هەژار و بێوەژنی بێجارە دەکرێ لەژێر ناوی ئاین و پیرۆزییەکان ؟

لە ژێر ناوی خودا و پەیامبەر و پیرۆزییەکان پیسترین و ناشرینترین بازرگانی دەکەن بە ئافرەتی بەستەزمان لە پێناو مەرامی گڵاوی خۆیان.

ئەگەر سەرنج بدەین، هەمو ئەوانەی رەخنە لە ئیسلام دەگرن لەسەر ئەو خاڵانە رەخنەیان هەیە کە ئێمە کەموکوڕیمان تیایاندا هەیە.

ئافرەت و بە کەم زانینی زۆرترین رەخنەی لەسەرە، بێ هۆکاریش نیە چونکە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بیرکردنەوەی خۆیان سپاردوە بە خەڵکی تر یا ڕونتر بڵێین هەر گروپ و کۆمەڵێک بریکارنامەی داوەتە شێخێک تا لەجیاتی ئەوان بیربکاتەوە و بڕیار بدات.

کار گەیشتۆتە ڕادەیەک لە میسر کە گەورەترین وڵاتی ئیسلامیە لە رۆژهەڵاتی ناوڕاست ، لە پرۆگرامەکانی خوێندنی ئەزهەر لە قۆناغی سێی ناوەندی لە کتێبی (الاقناع في حل الفاظ ابي شجاع) دەڵێ:

" دەکرێ گۆشتی مرۆڤ بخۆیت لە کاتی تەنگانە ، بەڵام نابێ بیکولێنی یا بیبرژێنی چونکە مرۆڤ رێزی لێ گیراوە ، وە دەتوانی کەسێک کە واز لە ئاین دێنی بیکوژی و گۆشتەکەی بخۆی ، هەروەها کەسێک نوێژ نەکات دەتوانی بیکوژی و پاشان گۆشتەکەی بخۆیت " .

پرۆگرامەکانی خوێندن لە سعودیە کارەساتی زۆر گەورەیان تێدایە بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی بە هاتنی شازادە **(محمد بن سەلمان)**، دەسکاری زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندن کران و گۆرانکاریی زۆر کران ، وەک رێگەدان بە ئافرەت کە ئۆتۆمبێل لێ بخوڕێ، بەلام هێشتا ئافرەت ناتوانێ دەنگ بدا، هێشتا ناتوانێ هیچ پۆستێک وەربگری لە دەوڵەت و لە هیچ کاروبارێک ڕای وەرناگیرێ.

فەرمودەی زۆر هەن کە بێ رێزی بە ئافرەت دەکەن و وەک کارەکەر و خزمەتکاری پیاو لێی دەڕوانن، یا کوشتنی لەسەر قسەیەک یا هەڵوێستێک، بۆ نمونە ئەم چیرۆکەی خوارەوە کە بە فەرمودەی دروست ئەژمار دەکرێ :

" أنَّ أعمى كانتْ له أمُّ ولدٍ تشتمُ النبيَّ صَلَّى اللَّهُ عليْهِ وعلى آلهِ وسلَّمَ وتقعُ فيه فيَنهاها فلا تَنتهي ويزجرُها فلا تنزجرُ . قال : فلمَّا كانتْ ذاتَ ليلةٍ ، جعلَتْ تقعُ في النبيِّ صَلَّى اللَّهُ عليْهِ وعلى آلهِ وسلَّمَ وتشتمُهُ أخذَ المِغولَ فوضعَهُ في بطنِها واتكأَ عليْها فقتلَها ، فوقعَ بين رجليْها طفلٌ فلطخَتْ ما هناكَ

بالدمِ . فلمَّا أصبحَ ذُكرَ ذلكَ لرسولِ اللهِ – صَلَّى اللهُ عليْهِ وعلى آلهِ وسلَّمَ - فجمعَ الناسَ فقال أنشدُ اللهَ رجلًا فعلَ ما فعلَ ، لِي عليهِ حقٌّ ، إلا قام . فقامَ الأعمى يَتخطى الناسَ ، وهو يتزلزلُ حتى قعدَ بينَ يديِ النبيِّ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ فقال : يا رسولَ اللهِ ! أنا صاحبُها ، كانَتْ تشتمُكَ وتقعُ فيكَ فأنْهاها فلا تَنتهي ، وأزجرُها فلا تنزجرُ ، ولِي منها ابنانِ مثلَ اللؤلؤتينِ ، وكانَتْ بِي رفيقةً ، فلمَّا كانتِ البارحةَ جعلَتْ تشتمُكَ وتقعُ فيكَ ، فأخذْتُ المِغولَ فوضعْتُهُ في بطنِها واتكأتُ عليْها حتى قتلتُها ، فقال النبيُّ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ : ألا اشهَدوا : أنَّ دمَها هدرٌ "

الراوي : عبدالله بن عباس

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح أبي داود

خلاصة حكم المحدث : صحيح

به كورتیەكەی دەڵێ **" پیاوێكی كوێر خێزانێكی هەبو(به جاریەش هاتوه)، دو منداڵیشی لێی هەبوه و زۆریشی خۆش ویستوه ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئافرەتەكە جار جارە قسەی به پەیامبەر گوتوه ، ئەویش هەڵساوه به كوشتنی داكی دو منداڵەكەی (له جێگایەكی تر دەڵێ سكیشی هەبوه ، سكەكەشی مردوه). پاشان ئەو پیاوە چۆتە خزمەت پەیامبەر و ئەویش پێی گوتوه دەستت خۆش بێ ئەم ئافرەتە خوێنی حەڵالە "**

ئەم دیاردە ترسناكە بێ هۆكار نییە ، بە بۆچونی من یەكێ لەم دو هۆكارەی خوارەوەی هەیە:

چونكە ئەگەر سەرنجی ژیانی پەیامبەر بدەین (د.خ) ئەوەندە میهرەبان بوە تەنانەت خەڵكی هاتون بیكوژن ئەو لێیان خۆش بوە، یا خەڵك هەبوە هەمو ژیانی دوژمنایەتیی ئیسلامی كردوە و بۆتە هۆی كوشتنی سەدان كەس ، كەچی ئەو داوای لێخۆشبونی بۆ كردوە.

چۆن ئەم كارە ناشرینانە و كارە جوانەكانی تر بە یەكەوە كۆدەكەنەوە لە یەك كەس ؟

- یا خەلکێکی درندە بەڕاستی ئەم کارانەیان کردوە، بەڵام بۆ ڕەوایی کارەکەیان بەرگێکی پیرۆزیان بەبەردا کردوە.

چونکە کوشتنی ئافرەت و منداڵی ناو سکی و بێ دایک خستنی دو مندال کارێکی وا ئاسان نییە و لێخۆشبون لێی سەختە، مەگەر کارەکە پیرۆزبکرێ ، چونکە خەلکی بە ئاین زۆر بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێن.

- یا کاری وا هەر ڕوی نەداوە بەڵام خەلکێک بە ناوی پەیامبەر ئەم قسانەیان کردوە تا ناشرینی بکەن.

ئایا ئافرەت خوارە و ڕاست نابێتەوە؟ ئەی بۆچیتانە ، بۆ داوای چوار دەکەن ئەگەر وا خراپ و خوارن ؟

- إنَّ المَرْأَةَ خُلِقَتْ مِن ضِلَعٍ لَنْ تَسْتَقِيمَ لكَ علَى طَرِيقَةٍ، فَإِنِ اسْتَمْتَعْتَ بهَا اسْتَمْتَعْتَ بهَا وَبِهَا عِوَجٌ، وإنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهَا، كَسَرْتَهَا وَكَسْرُهَا طَلَاقُهَا.

" ئافرەت لە پەراسویەکی خوارد دروست کراوە ، هەرگیز ڕاست نابێتەوە ، ئەگەر خۆشیت لێی وەرگرت بەم خوارییە ئەوا باشە ، ئەگەر ڕاستی بکەیەوە دەشکێ ، شکانیشی واتە تەڵاقدانی "

الراوي : أبو هريرة

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

ئافرەت نەنگی و شورەییە و نابێ بچێتە دەرەوە

- المرأةُ عورةٌ فإذا خرجتِ استشرفَها الشَّيطانُ.

الراوي : عبدالله بن مسعود

المحدث : الألباني

المصدر : صحيح الترمذي

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" ئافرەت عەورەتە ، واتە دەرکەوتنی شەرمە ، ئەگەر لەماڵ دەرکەوت ئەوا دەکەوێت دەستی شەیتان "

ئافرەت شوم و بەدبەختییە

- إنْ كانَ الشُّؤْمُ في شيءٍ فَفِي الفَرَسِ، والْمَسْكَنِ، والْمَرْأَةِ.

الراوي : عبدالله بن عمر

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث: صحيح

" ئەگەر شومی و بەدبەختی هەبێ لە سێ شتە ، ئەسپ ، خانو ، ئافرەت "

ئەگەر ئەم فەرمودە ڕاست بێ دەبێ هیچ پیاوێک بە درێژایی ژیانی لە شومی و بەدبەختی رزگاری نەبێ چونکە پیاو هەموکاتەکانی لە یەکێک لەوانە نزیکە ، ئەسپ نەبێ کە ئێستا بە دەگمەن دەبینرێ ، بەڵام خۆ پیاوی بەستەزمان زۆربەی کاتەکانی یا لە ماڵە ، یان لە ئافرەت نزیکە .

وەک دەشزانین لە ئاین شومی و بەدبەختی پێچەوانەی عەقیدەن ، واتە ئەم قسانە تەواو پێچەوانەی عەقیدەی دروستی مسوڵمانن.

قسەی دژ بە ئافرەت ، دژ بە زانست و ئەقڵ ، دژ بە قورئان ، دژ بە هەمو جوانییەکان بەرگێکی پیرۆزی بەسەردا دەکرێ و بە خەڵکی دەدرێت ، ئەوەی باوەڕیشی پێی نەبێ ئەوا تۆمەت و ناوی ناشرین زۆرن .

سەدان و بگرە هەزاران قسەی لەوانەش نەشیاو و ناشرینتر هەن بە ناوی فەرمودە لە کتێبە کۆنەکان.

ئایا تۆی مسوڵمان باوەڕدەکەی پەیامبەر ئەو قسانە بکات ؟

دوای ئەوەی چەند نمونەیەکمان رونکردەوە لەسەر بێ رێزی کردن بە ئافرەت ، ئێستا لامان سەیر نابێ کە دەبینین لە نێو کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئافرەت لەبەرچی وا بە کەم سەیر دەکرێ و رۆڵی بەرچاوی نیە لە ژیانی و بە تەواوی لەسەر شانۆی ژیان ونە.

ئێستا کۆمەلگە توشی گێژاوێک بوە کە بە ئاسانی ناتوانین لێی دەرچین. ئەویش لە ئەنجامی یەکتر قەبوڵ نەکردن و لەیەک تێنەگەیشتن و بەکارنەهێنانی لۆجیک .

داکۆکیکاران لە مافی ئافرەت هەمیشە گلەیی ئەوە دەکەن کە ئاین ماف بە ئافرەت نادات و ئاین هۆکاری داماوی ئافرەتە و جاروبار دەبینین هەندێک لە پیاوانی ئاینی هێرش دەکەنە سەر ئافرەتانی چالاکوان و رێکخراوەکانیان و بە نانەوەی پشێوی و هاندانی ئافرەتان و تێکدانی شیرازەی خێزان تاوانباریان دەکەن .

رێکخراوەکان و داکۆکیکاران لە مافەکانی ئافرەت داوای یەکسانی دەکەن لە نێوان پیاو و ئافرەت.چونکە ئەوان وا هەست دەکەن کە ئاین زوڵمی لێکردون و مافەکانی زەوت کردون.

لە بەرامبەریشدا زۆرێک لە پیاوانی ئاینی نەک هەر بەمە رازی نین، بەلکو ئافرەت هەر بە کەم عەقڵ دەزانن و قەبوڵیان نییە ئافرەت هیچ رۆلێکی گرنگ لە کۆمەلگە ببینێ.

لە راستیدا هەردو لا هەڵەن ، چونکە نە ئاین سەرچاوەی نەهامەتیەکانی ئافرەتە و نە ئافرەتیش کەم عەقڵە.

داوای ئافرەتان بۆ یەکسانی داوایەکی رەوا نیە چونکە ئافرەت و پیاو یەکسان نین ، وە زۆر جاریش یەکسانی باش نیە ، نەک هەر باش نییە بەڵکو تاوانە، بۆ نمونە ئەگەر ئافرەت لەگەل پیاو یەکسان بکەین دەبێ کرێکاری بە ئافرەت بکەین و پیاویش توشی منداڵ بەخێوکردن بکەین .

ئافرەت لە زۆر روەوە لە پیاو بە تواناترن ، بۆ نمونە لە فێربونی زمان ، لە پەروەردەکردنی منداڵ ، لە بەرێوەبردنی کاروباری تایبەت بە کۆمەڵگە و خێزان ،

له هەست و سۆز و له بەرگەگرتنی تورەیی و سەختیەكانی كار و له زۆر لایەنی دیكەش ئافرەتان بەهێزترن.

كەواته ئافرەتان زولم له خۆیان دەكەن ئەگەر داوای یەكسانی بكەن.

هەم ئافرەت و هەم پیاو هەردوك به تەنها كەمو كوریيان هەیه و هەردوك به یەكەوه ئینجا تەواون، واته تەواوكەری یەكترن.

پیاو و ئافرەت بەیەكەوه بچوكترین یەكەی كۆمەلگه پێك دێنن كه خێزانه ، به تەنها هەردولا كەموكوڕییان هەیه و تەواو نین.

پاشان پیاو و ئافرەت به جیاوازیەكانیانەوه جوانن ، ژیانیش بەم شێوەیه دروست بوه، جا ئەگەر پیاو لەگەل ئافرەت یەكسان بو چ پێویستیان به یەكتر هەیه ؟ ئەوكات نه خێزان دروست دەبێ و نه مرۆڤایەتی توانای بەردەوامبونی دەبێ.

له ڕاستیدا ئافرەت زۆر له پیاوان به تواناترن ، بەلام پێویسته تواناكانی خۆیان بدۆزنەوه .

ولیام گۆلدینگ[1] دەلێ:

" به بۆچونی من ئافرەت زۆر نەزانن ئەگەر وابزانن ئەوان لەگەل پیاو یەكسانن.

ئەوان هەمو كات زۆر له پیاو بەهێزتربون و هەرواش دەبن.

هەرشتێك به ئافرەت بدەیت ئەو باشترت پێ دەبەخشێ.

دلۆپه ئاوێكی پێ بده منداڵیكت پێ دەبەخشێ.

خانوێكی پێ بده ئەو ماڵێكی گەرمو گوڕت پێ دەبەخشێ.

سەوزه و میوەی پێ بده ، ژەمه نانێكی خۆشت پێشكەش دەكات.

زەردەخەنەیەكی بۆ بكه ، ئەو دڵی خۆیت پێشكەش دەكات.

[1] William Golding ، شاعیر و نوسەری ئینگلیز (١٩١١-١٩٩٣)،

ئافرەت هەر شتێکی پێبدەی ، گەورەتر و بەهێزتری لێ چاوەڕوان دەکرێ ، بۆ یە زۆر ئاگاداربە ، ئەگەر خراپەی لەگەل بکەی ئەوا قوڕت بەسەر "

ئەوەی گرنگە هەم پیاوان و هەم ئافرەتان بیزانن ئەمانەن:

١- ئافرەت و پیاو یەکسان نین و کەسیان لەوی تریان باشتر نین ، وە بە جیاوازیەکانەوە ژیان جوان دەبێ.

٢- هەمو ئەو بێ ڕێزیانەی بەرامبەر ئافرەت کراون یا دەکرێن دور و نزیک لە ئایندا نین بەڵکو کەلتوری ناشرینن بە هەڵە هاتونەتە نێو ئاین.

٣- ئافرەت لە زۆر بوار لە پیاو بەهێزترن و پیاویش لە زۆر بوار لە ئافرەت بەهێزترن ، بەلام کەسیان ناتوانێ دەسبەردای ئەوی تریان بێ.

٤- پیاوان دەبێ تێبگەن کە ئافرەت کەموکوڕیی عەقلیی نیە ، ئەگەر ئافرەت عەقلی تەواو نەبێ چۆن بلیمەتەکان لە بێ عەقڵەکان دروست دەبن ؟ گەر وابێ واتە ئێمە هەمومان لە ناتەواوێک بوین، بەمەش هەمومان ناتەواوین .

کارەسات ئەوەیە ئەوانەی ئافرەت بە کەم دەزانن لە هەموکەس زیاتر حەزیان لە ئافرەتە و هەمیشە دەڵێن خوا ٤ دانەی حەلال کردوە ، بە قسەی ئەوان ئافرەت لە پەراسویەکی خوار دروست کراوە و گلەیی لە خوارو خێچیی ئافرەت دەکەن، هەر ئەوانیشن لەسەر خواروخێچییەکانی ئافرەت خەریکە دنیا وێران دەکەن .

یەکێک لەو کارەساتانەی کە بەراستی بەسەر ئافرەت هاتوە لە جیهانی ئیسلامی فرەژنیە بەو شێوە ڕەهایەی کە دەبینرێ.

زۆربەی ئافرەتان ڕەخنەی ئەوەیان هەیە کە ئیسلام زولم لە ئافرەت دەکات لە مەسەلەی فرەژنی.

جارێ سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە فرەژنی چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراوە کاتێک سەرهەلدەدا لە ناو کۆمەلگە.

فرەژنی مەرجی هەیە، واتە بە ڕەهایی ڕێپێدراو نیە ، تەنها لە هەلومەرجی دیاریکراوی خۆی ڕەوایە.

با سەرنجی قورئان بدەین:

- وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً... ﴿٣﴾ النساء .

" ئەگەر ترسان کە دادپەروەری نەبێ لەگەڵ بێ باوکەکاندا ، دەتوانن ژن مارە بکەن دوو، یان سیان، یان چوار، خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەر بن (لەنێوان منداڵی خۆت و هی بێوەژنەکە)، تەنها یەک ژن بێنن "

لێرەدا هەندێک ڕونکردنەوەی پێویست هەیە کە بە داخەوە پیاوانی ئاینی نایکەن:

فرەژنی یەک جار باسکراوە و تەنها لە بابەتی هەتیوان باسکراوە، واتە مەرج ئەوەیە ئافرەتی بێوەژن بێنی کە هەتیوی هەبێ.

مەرجێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێ یەکسانی بکەی لە نێوان منداڵی خۆت و هەتیوەکان، ئەوانەی دەڵێن ئەو یەکسانیە واتە لە نێوان ژنەکان، بەڵام ئەمە ڕاست نییە چونکە خودا خۆی لە هەمان سورەت فەرمویەتی :

- وَلَن تَسْتَطِيعُوا أَن تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا " ﴿١٢٩﴾
النساء .

" هەرگیز ناتوانن لە نێوان هاوسەرەکانتاندا یەکسانی بکەن، ئەگەر زۆریش سور بن لەسەری، نەکەن ڕو لە یەکێکیان بکەن بە تەواوی ئەوی تر واز لێبهێنن وەک هەڵپەسێرراو، نە ئەوەیە مێردار بێت، نە ئەوەشە بێ مێرد بێت، ئەگەر ڕێک بکەون و خۆتان بپارێزن لە ستەم، ئەوا خودا لێخۆشبو و میهرەبانە "

ئێستا زۆر ڕونە کە یەکسانیەکە لە نێوان ژنەکان نییە بەلکو لە نێوان منداڵەکانی خۆت و هەتیوەکانە، چونکە لە بنەڕەتدا فرەژنی تەنها چارەسەری کێشەی هەتیوان و بێوەژنانە.

بە داخەوە زۆرێک لە خەڵکی بە ئارەزوی خۆیان ژن دەهێنن و ڕەوایی پێ دەدەن و بەناوی خودا و قورئان دەیکەن لە کاتێکدا قورئان هەرگیز بەم شێوەیە رێگەی نەداوە، بەڵکو زۆر بەڕونی دەفەرموێ (یەک ژن بهێنن) .

" لای خودا ئافرەت زۆر بەرێزە ، لای کاهینانیش بێ نرخ و مایەی شەرم ، تۆش ئازادی باوەڕ کامەیان دەکەیت "

* * *

دەیەم: بێ ویژدان و دیکتاتۆر

ڕەنگە لای زۆر کەس سەیر بێ کۆمەڵگەی مسولمان بە کۆمەڵگەیەکی بێ ویژدان یا دیکتاتۆر وێنابکرێ ، بەلام ئەوەی سەردانی چەند ولاتێکی نامسولمانی کردبێ زۆر بە رونی ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە بەڵێ ئێمە دیکتاتۆرین ، ڕەنگە بپرسی بۆ؟

ئێمە باڵندەکان لە قەفەس بەند دەکەین تا بخوێنن ،بۆئەوەی خۆمان ئاسودە بین ، بێ ئاگا لەوەی کە خوێندنی ئەوان گریان و ناڵەی جودابییە، بانگی ئازادییە ، سکالایە بۆ لای خودا لەدەست درندەیی مرۆڤ .

ئێمە بە خوێندنی باڵندەکان کە گریان و نالەی جودابیە دلخۆش دەبین ، لە کاتێکدا ئەگەر هەمان ئەو باڵندانە ئازاد بن رۆژانە دێنە ماڵەکانمان و ئاوازی جوانتر و خۆشتر دەخوێنن ، بەلام ئێمە هێندە خۆپەرستین دەبێ هەموشت هەر هی خۆمان بێ ، دیکتاتۆریەت لە خوێنماندایە ، هەر ئەو باڵندە و کۆترانەی ئێمە بەندیان دەکەین لە ولاتانی تر چونکە ئازادن و مەترسیی گرتن و بەندکردنیان لەسەر نییە ، خۆشترین ئاواز دەخوێنن و دێنە سەرشان و سەردەستی خەڵکی.

من چەند جارێک باڵندەم هەبوە بەڵام ئازادم کردون ، چونکە بەراستی بینینی ئەوان لە قەفەس ئازاری داوم .

کە بالندە لە قەفەس دەبینم خۆم دێتە بەرچاو لە زیندانییەکی تەنگ و تاریک.

وا نەزانی مرۆڤیش جیاوازە لە بالندە، ئێمەش بە هەمان شێوە ئەگەر بەند بین ناتوانین خۆمان بین ، ناتوانین قسەی دڵی خۆمان بکەین ، ناتوانین دروست بیربکەینەوە ، بەلام جیاوازیی ئێمە و باڵندەکان ئەوەیە کۆت و زنجیری ئێمە ماددی نین بەلکو مەعنەوین ، ئێمە کۆت و زنجیرەکانمان لە ناخماندان،لە هزرماندان ، تاوەکو ئەم کۆت و زنجیرانەش نەشکێنین دەبێ هەمیشە لە بازنەیەکی داخراو بسورێینەوە (بازنەیەک کە بەقەد قەفەسێکە).

مرۆڤ ئەگەر ئازاد نەبێ نەک هەر مێشکی باش کارناکات بەلکو جەستەشی بە چاکی کارناکات ،دەبێتە بونەوەرێکی بێ بەرهەمو ترسنۆک و نەزان و بارگرانی بەسەر کۆمەلگەی مرۆڤایەتی.

رەنگە باشترین نمونە بەراوردی نێوان هەردوِ وڵاتی کۆریای باکور و باشور بێ.

وەک ئاشکرایە هەردو کۆریا یەک ولات بون بەلام بەهۆی ناکۆکی و شەری ناوخۆوە دابەش بون ،کۆریای باشور پەنای بردە بەر ئەمریکا چونکە کۆریای باکور بەهێز بون ،لەئەنجامی پشتگیریکردنی ئەمریکا لەکۆریای باشور ،لە دوای سالی ١٩٥٠ بەرەو زۆر کۆریا بەرەو پێش دەروا .

کۆریای باشور چونکە ئازادە ئێستا خاوەنی هەزاران کارگەیە و هەموشتێک خۆی دروستی دەکا.

پازدەهەمین ولاتە لە روی دەولەمەندی و تەکنۆلۆجیا ، ئامێرەکانیان رکابەری باشترین ئامێرەکانی جیهانن ،ئۆتۆمبێلەکانیان بازاری جیهانیان داگیرکردوە و رکابەری باشترین براندەکانی جیهانن ، چەندین مانگی دەسکردیان هەیە.

لە بەرامبەردا کۆریای باکور چونکە ئازادییان نییە و سەرۆکەکەیان دکتاتۆرە ،یەکێکەلە هەژارترین و خراپترین ولاتانی جیهان ، سەدان هەزار کەس لەناو کامپ

و سەربازگە دەژین و رۆژانە هەزاران دەمرن لەبەر برسیەتی و نەخۆشی، هیچ تەکنۆلۆجیایەکیان نییە ،تەنانەت ئۆتۆمبێلی سەرۆکەکەشیان بە قاچاخ لە ولاتانی تر بۆی کراوە.

لەویٚ کەس ئینتەرنێتی نییە ، کەنالی تەلەفزیۆنی و سەتەلایت نییە تەنها چەند کەنالێکی سەر بە حکومەت هەیە ،خەلکی تەنانەت مۆبایلیشیان نییە ، کار گەیشتۆتە رادەیەک کە سەرتاشینیش دەبیٚ بە دلی سەرۆک بێت و ئەوەی لە مۆدیلەدیاریکراوەکان لابدات توندترین سزا دەدرێت.

لێکۆلینەوەکان ئاشکرایان کردوە کەخەلکی کۆریای باکور ،تەمەنیان کورتترە ، تەندروستییان خراپە ، بالاشیان کورتترە ، جگە لەوەی تەواو دابراون لەدونیا و زۆر نەزان و سادەن و بیرکردنەوەیان سنوردارە ،چونکە هەمویان بەندکراون.

مرۆڤ ئەگەر سنوری بۆ کێشرا هەرگیز ئاسودە ناژی ، چونکە هەموکات حەزدەکا ئەم سنورە بشکێنیٚ ، ئازادی گەورەترین دیارییە خوا بە مرۆڤی داوە ، ئەگەر ئازادی نەبیٚ ژیان نابیٚ .

بۆ نمونە کەسێک هەیە ٧٠ سالی تەمەنی تەنها لەگوندێک یا شارێک ژیاوە ،بەلام ئەگەر پێی بوترایە کە نابیٚ لەم گوندە یا لەم شارە دەربچی چۆن دەژیا ؟

هەمو ژیانی بەو ئاواتەوە دەژیا کە لەم سنورە بچیتەدەر تا هەست بە ئازادی بکا .

ئەوکات هەمو خەون و ئاواتەکانی دەبون بە دەرچون لە چوارچێوە تەسکەکەی خۆی و هەمو جیهانی دەرەوە لای جوانتر دەبو لەوەی خۆی.

لەراستیشدا ئەو بە ویستی خۆی ، خۆی بەند کردبو لە چوارچیوەیەکی تەسک بەلام ئاسودەش ژیا چونکە کەس سنوری بۆ نەکێشابو.

مرۆڤ و زۆربەی بونەوەران ، بونەوەری کۆمەلایەتین ، حەز بە تێکەلی و ئاوەدانی دەکەن ، بەرای تۆ لەبەرچی تاوانباران بە بەندکردن سزادراون؟

بەندکردن واتە دابرینی مرۆڤ لە کۆمەلگە و بێبەشکردنی لەو هەستە خۆشە کۆمەلایەتیەی کە لە ناو کۆمەلگە هەیە، بەندکردن تەسک کردنەوەی بازنەی

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە ، سەرنج بدە توندترین سزا ، بەندیخانەی تاکەکەسییە ، واتە دابڕینی مرۆڤ لە هەمو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، لێرەوە گرنگیی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەردەکەوێ ، بۆمان دەردەکەوەی کە چەند گرنگین بۆ یەکتر ، هەر بۆیەشە نابێ شتەکان هەمیشە بەلای خۆماندا کێش بکەین و دیکتاتۆرانە مامەلە بکەین چونکە مرۆڤەکانی دەوروبەریشمان وەک ئێمەن ، ئەوانیش حەزیان بە خۆشیی ژیان و ئاسودەییە .

ناکرێ شۆستەکان داگیربکەین و بیانکەین بە باخچەی تایبەت ، ناشێ و دیکتاتۆریەتە شۆستەی بەردەم دوکانەکانی خۆمان بگرین و رێگەی خەلک بگرین ، زۆر نەنگی و شورەییە لە ولاتی مسولمانان ئەمڕۆ شۆستە نییە داگیرنەکرابێ ، یا کراوەتە شوێنی فرۆشتنی شتومەک ، یا کراوەتە کۆگا ، یا شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل ، بە دەگمەن شوێن هەیە داگیرمان نەکردبێ .

ئێمە لە مامەلەکردن لەگەل شەقامەکانیشدا دیکتاتۆرین ، شەقامەکان بە هی خۆمان دەزانین و مافی خەلکی تر پێشێل دەکەین لەکاتی شۆفێریدا ، بێ ئاگاین لەوەی کە ئێمە بە خەلکەوە جوانین و بە تەنها ناتوانین ژیان بکەین .

بۆ ساتێک بێنە بەرچاوت کە هەمو دنیا مولکی تۆیە ، بەلام تەنهای لەسەر زەوی ، ئەو خەلکەی هەمیشە بێزاری لێیان هەموی نەماون ، ئێستا تەنهای لەسەر روی زەوی ، ساتێک خەیال بکە ، ئایا دەتوانی بە تەنها بژی؟

ئێمە زۆر گرنگین بۆ یەکتر ، هەمو ئەندامانی کۆمەلگە گرنگن ، بۆیە نابێ دیکتاتۆر بین و هەرخەریکی خۆمان بین.

ئێمە تەنانەت لە مامەلە کردن لەگەل خوداش دیکتاتۆرین ، خودا تەنها بە هی خۆمان دەزانین و هەموخەلکی تر بە کافر و گومرا .

ئەمرۆ زیاتر لە ملیۆنێک خودا هەیە لەسەر روی زەوی ، بەڵام نیگەران مەبە تەنها خوداکەی تۆ ڕاستە.

لەناو کۆمەلگەکانی رۆژهەلات ئەگەر کەسێک تاوانێک بکات تاهەتایە بەدناو دەبێ ،ئەگەر واز لەتاوانەکەش بهێنێ زۆرجار هەر بە چاوێکی کەم لێی دەڕوانرێ ،

بە شێوەیەکی وا لەکۆمەڵگە دایدەبڕن کەس ئامادە نییە تەنانەت لەگەڵ خوشک و براکانیشی دۆستایەتی یا خزمایەتی بکات چونکە خەڵکی هەر وێنە ناشرینەکەیان لەخەیاڵدایە ، بەڵام ئەگەر ڕیش بهێڵێتەوە و بچێتە حەج و سەردانی مزگەفت بکا ، ئەوا ئەگەری زۆری هەیە دوبارە قەبول بکرێتەوە .

ماڵوێرانی بۆ ئافرەتە ، ئەگەر توشی تاوانێک بێت و خەڵک پێی بزانن ، ئەگەری کوشتنی زۆر زۆرە، ئەگەر نەشکوژرێ ئەوا تا هەتایە نەفرەتی لێ دەکرێت و بە چاوێکی نزم لێی دەڕوانرێ ، هەرچەندە پەشیمانی پیشان بدات و تەنانەت ببێتە فریشتەش خەڵکی ئامادە نین وەک جاران قبوڵی بکەنەوە، ئافرەتی بەستەزمان ڕیشی نیە بیهێڵێتەوە تا خەڵک پێی بڵێن تۆبەکارە و بۆتە مرۆڤێکی باش ، ئەگەر بەرگی فریشتەش بپۆشێ ئەستەمە بتوانێ لەژێر باری قورسی ئەم هەڵەیە دەربچێ کە ڕەنگە زۆرجار ئەو تێیدا قوربانی بێت نەک تاوانبار.

ڕەنگە هەندێک قسەکانم بە زیادەڕەوی بزانن ، بەڵام با پرسیارێک لەخۆمان بکەین .

کاممان ئامادەین هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک بکەین کە پێشتر لەشفرۆش بوە بەڵام تۆبەی کردوە؟

گومانم نییە بە دەگمەن خەڵک هەیە بوێری ئەوەی هەبێ کاری وا بکات .

لە بەرامبەردا کام لەم گەنجە کوردانەی لە ئەوروپا ژیاون خۆپارێزن و لەگەڵ هیچ ئافرەتیک پەیوەندییان نەبوە؟

ئەی باشە بۆ کە دێنەوە و داوای کچ دەکەن خەڵکی بەبێ دودڵی کچیان پێشکەش دەکەن ، لەگەڵ ئەوەی زۆریشیان دەزانن کە تاکی ڕۆژهەڵاتیی برسی و تینو لە ئەوروپا چەند بە دوای ئافرەتەوەیە.

بێگومان من بە گشتی قسە دەکەم و لە ئەنجامی ئەزمون قسەدەکەم ، دڵنیام کوڕی چاک و پاکیش زۆرن.

بۆیە کاتێک دەڵێم ئافرەت قوربانییە ڕەنگە زیادەڕەویم نەکردبێ.

کاتێک باسی ڕیش یا دینداری دەکەم ، دڵنیابە کە ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بەرامبەر مسوڵمان، لێرە مەبەستم تەنها یەک شتە ، ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە پێوەری باشی و خراپی بە سەرو سیمایە .

خەڵکی زۆرجار بڕیار لەسەربنەمای سەروسیما و سۆز دەدات نەوەک ئەقڵ ، ئەمەش روکەشی و نەزانییە ، چونکە زۆرجار سەر و سیما ماڵی خەلک وێران دەکات.

چەندین خەلک هەبون زۆربەی کاتەکان لە مزگەفت بون و بە سەر و سیما پیاوی باش بون، بەڵام پاشان ماڵی سەدان کەسیان وێران کرد، لە بەرامبەریشدا خەلک هەبوە تەمەنێکی زۆر خەریکی دزی یا کاری خراپ بوە ، بەڵام دواپی وازی هێناوە و بۆتە نمونەی مرۆڤی پاک و بەسود.

گرنگترین شت ئەوەیە کە ئێمە فێرببین وێنەیەکی چەسپاو لە خەیاڵمان جێگیر نەکەین و لەسەر ئەم وێنەیە حوکم لەسەر شتەکان نەدەین ، بارودۆخەکان دەگۆڕێن و خەڵکیش هەمیشە لە گۆڕاندان ، چاکی ئەمرۆ رەنگە خراپی سبەی بێ ، پێچەوانەکەشی راستە.

لە کۆمەڵگەکانی تر ، بە تایبەت ئەوانەی فراوان بیردەکەنەوە ، خەڵکانێک هەن چەندین ساڵی تەمەنیان لە تاوان و دزی و زیندانی بەسەربردوە ، بەڵام کاتێک وازدێنن دەبن بە پێشەنگ و خەلک بە چاوی ڕێزەوە لییان دەڕوانن و خەلک هان دەدەن لەسەر کاری چاک و زۆرجار بەناوبانگ دەبن و دەبن بە ئەستێرە و خزمەتی زۆری مرۆڤایەتی دەکەن.

تاک لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەلات قوربانیی دەستی سیستەمێکی پەوەردەیی هەڵەیە کە هەر لە نێو خێزانەوە دەست پێدەکات ،باوک دیکتاتۆرە چونکە بەڕێوەبەرەکەی لەسەر کار دیکتاتۆرە ،دایک دیکتاتۆرە چونکە هاوسەرەکەی دیکتاتۆرە ،بۆیە ئەویش هەوڵدەدات دەسەڵاتی خۆی پیادە بکات بەسەر منداڵەکانی ،منداڵیش دیکتاتۆر دەبێ بەسەر خوشک و برا بچوکەکانی خۆی ،لە قوتابخانەش تۆوی دیکتاتۆری و خۆپەرستی دەچێنرێ لەجیاتی چاندنی تۆوی هاوکاری و خۆشەویستی و ڕێزگرتن ،مامۆستا و قوتابی لە جیاتی ڕێز و

خۆشەویستی ، ترس لە نێوانیان هەیە ، قوتابیانیش بەهەمان شێوە بەهێزەکان لاوازەکان دەچەوسێننەوە ، دەولەمەندەکان لەگەڵ هەژارەکان نابنە هاورێ .

پۆلی دوی سەرەتایی بوین ،ئەوکات نەریتێکی ساڵانە هەبو ،قوتابیەک هەڵدەبژێررا لە پۆل و دەبو بە پێشەنگ ،پێی دەوترا (قدوە - پێشەنگ)، پێشەنگ دەکرا بە چاودێری پۆل ،چاودێری پۆلیش وەک سیخوڕ بو ،دەبو ئاگاداری هەموشت بێ ،هەر قوتابییەک لاساربوایە دەبو ناوی بنوسرێ و سزا بدرێ ،لە بەدبەختیی من هەمو ساڵەکان (پۆلی ٢،٣،٤،٥ تا روخانی بەعس لە ١٩٩١) من دەبوم بە پێشەنگ و دەبو کۆمەڵێک کار بکەم کە حەزم پێیان نەدەکرد ، زۆرجار لەسەر نوسینی ناوی قوتابیانی لاسار یا قوتابیانی نەهاتو توشی شەڕ و گێچەڵ دەبوم ،دەبو یا درۆبکەم ، یا شەڕ.

بە هەڵبژاردنی پێشەنگ هەمو قوتابییانی تر هەستیان بەوە دەکرد کە ئەوان تەمبەڵ و خراپن ، چونکە تەنها ئەوەی باش بێ دەبێتە پێشەنگ ، هەر لە منداڵییەوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیامی ئەوە بە منداڵان دەدا کە ئێوە بێ کەڵکن.

ئەوان پێشەنگیان هەڵدەبژارد تاوەکو قوتابخانە بکەنە سەربازگە ، نەک پەروەردە پێش بخەن، هەڵبژاردنی پێشەنگ بۆ ئەوەیە قوتابیانی تر چاوی لێبکەن نەک بیکەنە دوژمنی قوتابییان بە هۆی سیخوری و چاودێریکردنی قوتابیانی تر. پەروەردەکارانی ئێمە هەمیشە قوتابیی زیرەکیان ستایش دەکرد و بە دار لە تەمبەڵەکانیان دەدا و دەیان قسە و جنێوی ناشرین و سوکایەتییان بە قوتابییان دەکرد .بەمەش دۆزەخێکیان دروست کردبو بۆ قوتابییان کە هیچکەس دڵی بە قوتابخانە خۆش نەبو تەنانەت زیرەکترین قوتابیەکانیش . هیچ رۆژێک نەمبینی قوتابییان بکرێنە گروپ و پێکەوە کاربکەن لەسەر شیکاریی بابەتەکان . قوتابخانە جێگەی ئەشکەنجەبو نەک پەروەردە و فێربون.

چەندین جار بەهۆی دەنگە دەنگ و یاریکردنمان مامۆستا دەهات بە دار هەر هەمو پۆلەکەی دارکاری دەکرد .

جا كە قوتابخانە هەر لەمنداڵییەوە بەو شێوەیە پەروەردەی نەوەكانی بكات چۆن نەوەكانی دوارۆژ دیكتاتۆر و دڵرەق و خۆپەرست دەرناچن؟

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ كە ئەو میللەتانەی كە ژێردەستن یا ماوەیەكی زۆر ژێردەستەبون چەند تایبەتمەندییەكیان تیادا دەردەكەوێ كە گرنگترینییان ئەمانەن:

١- بێباكی و گرنگی نەدان بە ژیان.

ئیبن خەلدون دەڵێ:

"ئەگەر میللەتێک ماوەیەکی زۆر پەروێزخرا و گوێی لێ نەگیرا،ئەوا وەک ئاژەڵی لێ دێت و هەمو خەمەكانی كورت دەبنەوە لە تێركردنی ورگ پاگەزەكانی "[1]

كاتێک مرۆڤ بۆماوەیەكی زۆر ژێردەستە و پەراوێزخراوبو ،وردە وردە لەشانۆی ژیان پاشەكشێ دەكات و قایل دەبێ بە ژیان كردن وەک ئاژەڵ، دەسبەرداری بەهاكانی وەک داهێنان و ئازادی و پێشكەوتن و مافی مرۆڤ دەبێ ، تاک دەكەوێتە حالەتێک پێی دەوترێ (Comfort zone)[2] ، ئەم حاڵەتە وەک ئالودەبونە بە مادده هۆشبەرەكان ، كاتێک مرۆڤ لەسەری ڕاهات و پاگەزەكانی تێربون ئەوا دەسبەرداری هەمو خەون و ئاواتەكانی دەبێت ، ئەگەر سەرنجی میللەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بدەین دەبینین ئەم دیاردەیە بەدی دەكەین چونكە هەمو میللەتانی ئەم ناوچەیە ژێردەستە بون لە قۆناغێكی مێژویی یا ئێستاش ژێردەستەن، عەرەب پێش هاتنی ئیسلام ئازاد بون،هەرچەندە دیاردەی داگیركاری و هەلكوتانەسەریەک لە نێوان هۆزەكانی نیمچەدورگەی عەرەب هەرلەكۆنەوە لەمێژوی عەرەب بەدی دەكرێ،بەلام ڕەنگە كاریگەریی ئەم جۆرەیان وەک هی داگیركاریی دەرەكی نەبێ،وەک دەشزانین هەمو ولاتانی عەرەب لەلایەن ولاتانی ڕۆژئاواوە داگیركراون، ئێمەی كوردیش بەداخەوە لەلایەن نەتەوەیەک داگیركراوین كە خۆیان ژێردەستەییان چەشتوە، واتە ئێمە ٢ جار

---

[1] مقدمة ابن خلدون.

[2] Comfort zone - منطقة الامان : بازنەی پشو، حالەتێكە لە تەمبەلی و ژیانكردن بە كەمترین هەول و كۆشش و ڕازیبون بە ژیانكردن وەک ئاژەل ، واتە تەنها زیندومانەوە و تێركردنی پاگەزەكان.

ژێردەستەین ،باسی داگیرکاریی فارس و تورکیش ناکەم کە هەریەکەیان لە قۆناغێکی مێژویی داگیریان کردوین،بێگومان فارس و تورکیش ژێردەستەییان چەشتبو بەرلەوەی داگیرمان بکەن، سەرەنجام ئێمەی کورد بوین بە قوربانیی کۆمەڵێك داگیرکاریی ناڕەوا و خوێناوی، کە بە داخەوەش هەموی لەژێر ناوی پیرۆز و دروشمی بریقەدار بون، دەرچون لە بازنەی پشو بە تایبەت لای خۆمان هەوڵ و ماندوبونی زۆری دەوێت.

٢- روخانی بنەماکانی ڕەوشت .

ئیبن خەلدون دەڵێ :

" میللەتە ژێردەستەکان ڕەوشتیان خراپ دەبێ".[١]

ئەگەر سەرنجی رەوشت بدەین لەمیللەتە ژێردەستەکان دەبینین مۆرکی تۆلەکردنەوە و بەرهەڵستیی پێوەیە،هەر میللەتێک ژێردەستە بێ رقی لە داگیرکەرەکەی خۆی دەبێتەوە و هەولدەدات زیانی پێ بگەیەنێ،وە لەبەرئەوەی دەسەلاتی دیکتاتۆر هەمودەزگاکان لە خزمەتی خۆی و لە دژی بەرژەوەندیی میللەت بەکاردێنێ ،میللەتی ژێردەست بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەو پەیامە وەردەگرێ لە دەسەلات کە هەمو دامودەزگا و یاسا و رێنماییەکان لەدژی میللەتن و یاخیبون لێیان ئازایەتیە.

وەک ئەوەی لە سەردەمی بەعسی روخاو خەلک هەبو زیانی بە دامودەزگاکان دەگەیاند و وایدەزانی بەعس بەو کارانە دەرۆخێ یا لانیکەم خەباتێکی کردوە دژی داگیرکەرێک. داگیرکەرانیش بە بەرنامە وا لە خەلک دەکەن کاردانەوەی خراپی هەبێت و بیر لە خرابەکاری بکاتەوە تا بیانویەک بە دەستەوە بدا بۆ زیاتر سەرکوتکردنی.

لە هەشتاکانی سەدەی رابردو زۆر جار گروپێک یا حزبێکی کوردی دەچون کارەبایان تێکدەدا و شارێکیان دەخستە تاریکی ،یا سەربازێکی داماو یا پۆلیسێکیان دەکوشت

---

[١] مقدمة ابن خلدون.

،ئەوان بەخەیالی خۆیان خەبات دەکەن ، سەرەنجام حکومەت کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوانی دەستگیردەکرد و زۆر جاریش هەندێکیانی لە سێدارە دەدا.

زۆر جار پابەندنەبون بە یاساکان و تێکدانی ژینگە و پیسکردنی ولاتیش دەچنە خانەی خەباتکردن دژی داگیرکەر و ستەمکار.

وەک بڵێێ حکومەت هانی خەڵک بدا بۆ کاری خراپ و خەڵکیش پلانەکە جێبەجێبکەن وایە ، بەم شێوەیەش پشێوی و نائارامی پەیدادەبێت و بەهاکان دەشکێنرێن و یاساکان پشتگوێ دەخرێن.یاساشکێنیش هیچکات سەرەنجامی باشی نابێت ، ئەگەر یاساکان باشیش نەبن ، ئەگەر حوکم دیکتاتۆریش بێ بەلام باشترە لەوەی یاسا نەبێ ،وابزانم هەموکاتیش دیکتاتۆریەت باشترە لە ئاژاوە ،چونکە لانیکەم لە دیکتاتۆریەت ئاسۆکان تۆزێک رونن ،بەلام لەئاژاوە هیچ ئاسۆیەک دیار نییە و کەسیش ئارامی بەخۆوە نابینێ.

٣- چاولێکەری و خۆبەکەمزانی .

ئیبن خەلدون دەڵێ :

" میللەتە ژێردەستەکان هەمیشە سەرسامن بە داگیرکەرەکانیان"[١] .

ئەگەر سەرنجی میدیاکان و سۆشیال میدیا و بەرنامە و پرۆگرامەکان بدەین دەبینین میللەتە ژێردەستەکان لاسایی داگیرکەرەکانیان دەکەنەوە ، هەرچەندە داگیرکەر لای میللەتی ژێردەستە بێزراوە بەلام لەنەستی مرۆڤی داگیرکراو هەمیشە ئەو هەستە هەیە کە داگیرکار لەوان بەهێزتر و هۆشیارترە بۆیە بەسەریاندا زاڵبون، لە راستیشدا وایە. لەگەل ئەوەشدا دەبینین کە میللەت هەن داگیرکراو بون و ولاتیان تەواو وێران بو ، بەڵام بە ماوەیەکی کەم توانییان ببن بە پێشەنگی زۆربەی ولاتانی جیهان و هەمو جیهان سەرسام بکەن بە داهێنانەکانیان،ئەگەر ئەلمانیا و ژاپۆن بە نمونە وەربگرین،دەبینین لە دوای تەواوبونی جەنگی جیهانیی دوەم لە سالی ١٩٤٥ ئەم ٢ ولاتە بە تەواوی وێران بون،ژاپۆن ٢ بۆمبی ئەتۆمیشی

---

[١] مقدمة ابن خلدون.

بەرکەوت ،بەلام ئیستا ئەلمانیا و ژاپۆن لە ریزی پێشەوەی باشترین و پێشکەوتوترین ولاتانی جیهانن لەڕوی تەکنۆلۆجیا و پەورەوردە و پیشەسازی ، بە تایبەت ئۆتۆمبێلەکانیان زۆربەی کات یەکەمن و زۆبەی سالەکان زۆرترین فرۆشی ئۆتۆمبیل لە جیهان هی ئەوانە.

نهێنیی پێشکەوتنی ئەوان سەخت نییە ،ئەوان وازیان هێنا لە شەڕ و ململانێ و خۆخەریک کردن بە شتی بێسود و خەریکی زانست بون.

" خودا بە ئازادی بەدیی هێناوین ، دیکتاتۆریەت پێچەوانەی یاسای خودایە ، گەر بە ناوی پیرۆزییەکانیشەوە بێ ئەوا دوجار تاوانە "

* * *

دوا قسە

دەڵێن باسکردنی کێشەکان ئاسانن ، بەڵام چارەسەرکردنیان سەختن ، ڕەنگە زۆر کەس هەبن هەست بە کێشەکان بکەن و ئاماژە بە ڕێگەچارەی جۆراوجۆر بکەن.

لای من باسکردنی کێشەکان بەبێ دەستنیشانکردنی چارەسەریی گونجاو بریتییە لە بۆلەبۆلی بێ مانا .

هەمومان بە جۆرێک لە جۆرەکان هەست بە کێشە و کەموکورییەکان دەکەین ، هەموشمان کەم تا زۆر بە مەزەندەی خۆمان ڕێگەچارەمان لایە ، تەنانەت شێت و منداڵیش ڕەنگە چارەسەریی ئالۆزترین کێشەیان لەلابێ ، بەڵام مەرج نییە هەموکاتێک ڕێگەچارەکان کاریگەر بن یا شایانی جێبەجێکردن بن .

یەکەم هەنگاوی چارەسەر بریتییە لە دانپێدانان ، چونکە ئەگەر دان بەوە دانەنێین کە کێشەمان هەیە چارەسەری چی بکەین؟

هەنگاوی دواتر کارکردنە لەسەر دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی کێشەکە نەک دەرهاویشتە و ئەنجامەکانی ، چونکە ئێمە لە ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکان نمونەی دکتۆرێکی نەزانین کە بەردەوام حەبی ژانەسەر بە نەخۆش دەدات ، بێ ئاگا لەوەی کە ژانەسەر لە زۆربەی حاڵەتەکان نەخۆشی نییە ، بەڵکو نیشانەی نەخۆشییە .

ئەگەر ڕیشەی نەخۆشی نەدۆزرێتەوە دەرمانی پێویستیش دەست نیشان ناکرێ ، ئەوەش لەبیرنەکەین دەرمانی هەڵە زیانی زۆرە و کێشەکان زیاتر دەکات.

کۆمەڵگەی ئێمەش بەهەمان شێوە لە چەندین لاوە خەریکە دەرمانی نیشانەی کۆمەڵێک نەخۆشی دەرخوارد دەدەن تا وای لێهاتوە چەندین نەخۆشی تری توش بوە کە چارەسەرکردنیان زۆر سەختە.

لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ، ئەگەر کاربەدەستان لە خەمی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە بن خەڵکی دڵسۆز و شارەزا زۆرن ، کێشەی ئێمە نەبونی خەڵکی باش و بلیمەت نییە ، کێشەکە کارنەکردنە لەسەر دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی کێشەکان .

لەسەر ئاستی تاکیش هەمومان پێویستە لە خەمی گۆڕانکاریدابین ، گۆڕانکاریش لە ناخەوە دەست پێدەکات ، واتە هەمو تاکێک پێویستە خۆی بگۆڕێ ، ئەگەر هەمومان یا زۆرینەمان توانیمان خۆمان بگۆڕین ئەوکات گۆڕانکاریی گەورە و ڕیشەیی ڕودەدات بێ ئەوەی هەوڵێکی ئەوتۆشی بۆ بدەین.

گۆڕانکاری و بەرەوپێشچون سەختە و روبەروبونەوەی سەختی دەوێ ، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . ئاشکراشە ئەگەر بە شۆرشی سپی و شەپۆلی هۆشیاری نەکرێ ئەوا ڕێگەچارەی دوەم ، واتە (شۆرشی ڕەش)[1] دێتەکایەوە و هەمومان تێیدا زەرەرمەند دەبین ، چونکە توندوتیژی تەنها توندوتیژی بەدوای خۆیدا دێنێ، شۆڕش و گۆڕانکاریش ڕێچکەی سروشتیی ژیانە و هەر ڕودەدات بەڵام زو و درەنگی هەیە.

[1] شۆڕشی چەکداری لای من شۆڕشێکی ڕەشە ، کاریگەرییەکانی خێران بەڵام دورمەودانین و هەنگاوەکانی دروست نین چونکە لەجیاتی هزر چەک ئاراستەی دەکات ، خاوەن چەکەکانیش هیچکات ئامادەنین گوێ لە خاوەن هزرەکان بگرن، سەرەنجام دەبێ شۆڕشێکی ڕەشتر بکرێ بۆ لابردنی شۆڕشە ڕەشەکەی پێشوکە بڕیار بو ڕزگارکەر و فریادرەس بێ.

هیوادارم بتوانین به شۆرشێکی سپی و جوان گۆڕانکاری بێنینەکایەوە و هەنگاوی یەکەم بنێین ، هەنگاوەکانی داهاتو خۆیان دێن ، گرنگترین هەنگاو هەنگاوی یەکەمە، چونکە دورترین و سەختترین ڕێگە هەر هەنگاوی یەکەمی سەختە.

* * *

سەرچاوەکان

سەرچاوە عەرەبیەکان

١- القران الكريم
٢- صحيح البخاری
٣- صحيح المسلم
٤- الكتاب المقدس
٥- سير اعلام النبلاء . الذهبی
٦- جامع الاصول . ابن الاثير
٧- موسوعة الاعلام . د.عزيزة فوال
٨- ديوان الاسلام . شمس الدين ابن الغزی
٩- الحكم والامثال فی الشعر العربی . احمد قبش
١٠- الاحلام بين العلم والعقيدة . د.علی الوردی
١١- لسان العرب . ابن منظور
١٢- تاج العروس . مرتضی الزبيدی
١٣- القاموس المحيط . فيروز ابادی
١٤- الطبقات . ابن سعد
١٥- سبل الهدی والرشاد . محمد الشامی
١٦- تفسير الجلالين
١٧- تفسير الميسر
١٨- الاغانی . ابوفرج الاصفهانی
١٩- الناسخ والمنسوخ . ابی بكر محمد الزهری
٢٠- المحلی بالاثار . ابن حزم
٢١- فتح الباری . ابن حجر العسقلانی
٢٢- مهزلة العقل البشری . د.علی الوردی
٢٣- الكامل فی التاريخ . ابن الاثير
٢٤- ميزان الاعتدال . الذهبی
٢٥- الامير . نيكولا ميكافيللی
٢٦- بدائع الفوائد. ابن القيم
٢٧- مقدمة ابن خلدون
٢٨- شذرات الذهب . ابن العماد
٢٩- الصواعق المرسلة . ابن القيم
٣٠- اغاثة اللهفان . ابن القيم
٣١- المنقذ من الظلال . الغزالی
٣٢- فيض الباری . الكشميری
٣٣- قصة الحضارة . ويل ديورانت
٣٤- جابر بن حيان . د.زكی نجيب
٣٥- مجموع الفتاوی . ابن تيمية
٣٦- الموسوعة الموجزة فی التاريخ... . مجموعة من المؤلفين
٣٧- درء تعارض العقل والنقل . ابن تيمية
٣٨- المذاهب والفرق فی الاسلام . د.صائب عبدالحميد
٣٩- ربيع الابرار . الزمخشری

٤٠- اسد الغابة في معرفة الصحابة . ابن الاثير
٤١- الصحبة والصحابة . حسن المالكي
٤٢- الملل والنحل . الشهرستاني
٤٣- تاريخ الخلفاء . السيوطي
٤٤- ثورة العقل . د.عبدالستار الراوي
٤٥- الجامع الصحيح للسنن والمسانيد . صهيب عبدالجبار
٤٦- الرحيق المختوم . صفي الدين المباركفوري
٤٧- تاريخ دمشق . ابن عساكر
٤٨- قصص الانبياء . عبدالوهاب النجار
٤٩- قصة الاشراف وابن سعود . د.علي الوردي
٥٠- الكبائر . الامام الذهبي
٥١- وعاظ السلاطين . د.علي الوردي
٥٢- دراسة في طبيعة المجتمع العراق . د.علي الوردي
٥٣- شرح سنن ابي داود . عبدالمحسن عباد
٥٤- اتحاف المهرة . ابن حجر
٥٥- قبل السقوط . فرج فودة
٥٦- لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث . د.علي الوردي
٥٧- العرب وجهة نظر يابانية . نوبواكي نوتوهارا
٥٨- ديوان الامام الشافعي . محمد عفيف الزعبي
٥٩- اغلاق عقل المسلم . روبرت رايلي
٦٠- المناقب المزيدية في أخبار الملوك الأسدية . ابو البقاء الحلي
٦١- جمهرة اشعار العرب . ابو زيد القرشي
٦٢- الاعلام . خيرالدين الزركلي
٦٣- وفيات الاعيان . ابن خلكان
٦٤- ختان الاناث بين المغلوط علميا والملتبس فقهيا. د.جمال أبو السرور، د. أحمد رجاء عبد الحميد رجب
٦٥- تفسير الطبري
٦٦-تفسير البغوي
٦٧- تفسير ابن كثير
٦٨- تفسير السعدي
٦٩- اتجاهات التفسير في القرن الرابع عشر . فهد الرومي
٧٠- التفسير بالرأي . د.فهد الوهبي
٧١- التفسير اللغوي للقرآن الكريم . مساعد الطيار
٧٢- الواضح في علوم القرآن . مصطفى ديب البغا
٧٣- محمد حسين الذهبي. التفسير والمفسرون
٧٤- محمد حسين الذهبي: الاسرائيليات في التفسير والحديث
٧٥- محمد الخضري:نور اليقين في سيرة سيد المرسلين
٧٦- ابوبكر جابر الجزائري : هذا الحبيب محمد رسول الله ﷺ يا محب
٧٧- د.اوريل بحرالدين .آفاق المعاجم العربية
٧٨- محمد الخطيب . الاديان في المجتمعات البدائية

سەرچاوە کوردیەکان
١ - کاروانی ژیانم . د.مصطفی زەلمی
٢ - دایە باوە کێ خراوە ؟ . د.علی شریعتی
٣- تەفسیری ئاسان

English references :
1- Sapiens by Yuval noah Hrari
2- Mindset by Dr.Carlos S.Dweck
3- Thinking fast and slow by Daniel kahneman
4- Live your dreams by Less brown
5- Start with why by Simon sinek
6- Ringtone by Yves L.Doz , Keeley Wilson
7- the magical number seven , plus or minus two by George A.Miller
8- Merraim Webster by Noah Webster
9- A study of history by Arnold Toynbee

ناوەرۆک

بەشی یەکەم ١
کاتژمێری مێژو ٥
خەونی پێشکەوتن ١٠
بنەماکانی پێشکەوتن ١٢
بیرکردنەوە ١٥
ئامرازەکانی بیرکردنەوە ٣٢
جۆرەکانی ئەقڵییەت ٣٢
بەشی دوەم/ شەڕی چەمکەکان ٥٩
بەشی سێیەم/ کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست........ ١٦٧
جۆرەکانی نەزانی ١٦٨
ئاین ١٧٧
گرنگیی ئاین ١١٨٠
ئایا چەند ئاینێکی جیاواز هەن.. ١٨٣
قۆناغەکانی پەیوەندیی خودا بە زەوی ١٩٥
ئامانجی ئاین ٢٠١
بەشی چوارەم/ ئاستەنگەکانی بیرکردنەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢٠٥
هەڵە تێگەیشتن لە ئاین ٢٠٩
پیرۆزکردنی پێشینان و خۆبچوک کردنەوە.. ٢٣٩
تێکەڵکردنی ئاین و کەلتور ٢٤٩
تەسک بیرکردنەوە و دابڕان ٢٦٥
بچوک کردنەوەی ئیسلام ٢٩٦
بایەخ نەدان بە کات ٣١١
بچوک کردنەوەی بەهای تاک ٣٢٠
خۆ هەڵخەڵەتاندن بە دروشمی " باشترین ئوممەت".. ٣٣١
بەشی پێنجەم/ جیاکەرەوەکانی کۆمەڵگەی چەقبەستو ٣٥٩
دابڕاو لە کاروانی مرۆڤایەتی ٣٦٠
تەمبەڵ و بێ بەرهەم ٣٦٩
ترسنۆک و بێ هەڵوێست ٣٨٤
بێباک و ڕوکەش ٣٨٨
شەرمن و دوڕو ٣٩٩
خەیاڵاوی و دەستەوەستان ٤٠٣

توندوتیژ و بێ ئارام ٤٠٧
پاگەزی و سەرلێشێواو.. ٤١٧
کۆمەڵگەیەکی لە خزمەت نێر ٤٣٤
بێ ویژدان و دیکتاتۆر ٤٥٥
دوا قسە.. ٤٦٥
سەرچاوەکان ٤٦٧
ناوەرۆک.. ٤٧٠